
تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

داستانی ژیانەوە


Abdullah OCALAN

گفتوگۆیەکە مامۆستا یالچین کوچووك

لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلانی

سەرکردەدا کردوویەتی

داستانی ژیانم

گفتوگۆیەکە ماموستا یاڵچین کوچوک
لەگەڵ عەبدوڵلا ئۆجەلانی
سەرکردەدا کردوویەتی

چاپی عەرەبی (١٩٩٤)
چاپی کوردی (١٩٩٦)

لە چاپکراوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)

پێشکەشە بە:

- گیانی شەهیدە نەمرەکانمان.

- خۆڕاگرانی سەر لوتکەی چیاکانی کوردستان.

- گەلە کۆڵنەدەرەکەمان.

- عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرکردەی نیشتیمانیمان.

دەستپێک

داستانی ژیانەوە (ئەژین) فراوانترین چاوپێکەوتنە تا ئێستا لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرکردەدا کرابێ کە سەرکردە وەڵامی تێکڕای پرسیارەکانی مامۆستای دکتۆر (یالچین کوچووك)ی تێدا داوەتەوە، ئەم پرسیارانە پەیوەندییان بە بابەتە بنچینەییەکانەوە هەیە. وەڵامەکانیش هەمەلایەنەن و لەگشت ڕوویەکەوە مانایەکی قووڵیان هەیە تا ڕاستیەکان بە شێوەیەکی یەکجار ڕاشکاو دەربخەن.

بە شێوازێکی ڕەوان باسی ئەوە دەکات چۆن مرۆڤی کورد سەرلەنوێ ژیایەوە پاش ئەوەی گەیشتە لێواری کۆتایی پێهاتن و، چۆن ئەوە هەنگاو بە هەنگاو بە کۆشش و سیاسەت بەدیهات. باسی ئافرەت و ئەدەب و هونەر و سینەما و مۆسیقا دەکات و گەلێك بابەتی دیکەش ڕۆشن دەکاتەوە. کاتێکیش چەند شێوەیەك بۆ سیاسەتی ئێستای جیهان و ڕژێمە دامەزراوەکان و بارودۆخیان دادەنێت، بەشێوەی کۆمەڵە ڕاستی‌یەکی داماڵراو دەستیان بۆ دەبات.

ئەم کتێبە وەڵامی ئەو هەموو پرسیارانە دەداتەوە کە دەوڵەتی فاشی تورکیا و لایەنگرانی وروژاندوویانن و بە جۆرێکی تەواو پێچەوانەی ڕاستی کردوویانن بە بابەتی جێی مشتومڕ، وەك: ئاپۆ کێیە؟ چۆن هاتە دنیاوە و چۆن گەشەی کرد و چی دەوێ؟ کتێبەکە وەڵامی سەرپاکی ئەم پرسیارانە دەداتەوە، بە شێوەیەك ئەو هەموو درۆ و قسە هەڵبەستراوانە بە درۆ دەخاتەوە کە دەزگا قین لەدڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاویان کردوونەوە و بە جەرگانە ئەم ڕاستیانە لەبەردەم ڕای گشتیدا ڕوون دەکاتەوە.

ئەوانەی کە بە بڵاوکراوە و قسەی ڕەسمی نەبێ تا ئێستا (PKK) و ئاپۆ ناناسن، یان ئەوانەی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی کاری ڕەسمی شتێکی کەمیان لە بارەوە دەزانن، گەلێك زانیاری لەم کتێبەدا دەبیننەوە کە وەڵامی ئەو کۆمەڵە پرسیارە دەداتەوە کە مێشکی ڕای گشتی‌یان جەنجاڵ کردووە.

کاتێك مامۆستا یالچین کوچووك پاش ئەم گفتوگۆیە بۆ تورکیا گەڕایەوە، دەوڵەتی فاشی گرتی و کەرەستەی گفتوگۆکەی زەوت کرد و کردی بە کەرەستەیەکی خاو بۆ دەزگا قین لەدڵەکانی ڕاگەیاندن و پروپاگەندەی خۆی، دوای ئەوەی کە چەند ڕستەیەکی لەو گێڕانەوە گشتی‌یە وەرگرت و بە شێوەیەکی دیکە دایڕشتەوە و هێندێك وشەی لێ‌هەڵگرت و لە ڕستەی دیکەدا بەکاری هێنان تا مانایەکی پێچەوانە و بەرەواژ بە دەستەوە بدەن. ئەم کتێبە تێکڕای ئەم لاف و گەزافانە بەدرۆ دەخاتەوە و وشە و ڕستە ڕاستەکان لەجێی خۆیاندا پیشان دەدات و، بگرە بەشێوەیەکی وا تەواو ئەو بابەتانە لێکدەداتەوە خوێنەران تێر دەکات.

ئایا ئەوەی کە لە خوێن تێر نابێ (PKK)یە یان دەوڵەتی تورکیایە؟! کێ لەدەست پێکردنی شەڕ و درێژەپێدانی بەرپرسە، سکرتێری گشتی (PKK) یان دەوڵەتی تورکیا و سەرکردەکانی؟ کێ داکۆکی لە بەهای مرۆڤانە دەکات و کێش دوژمنی مرۆڤایەتییە؟ گەلێك پرسیاری دیکەی لەم شێوەیە، کە کتێبەکە لەشێوەی راپۆرتێکدا بۆ گەلی کورد و گەلی تورك و تەنانەت بۆ سەرجەمی گەلانی جیهان رۆشنیان دەکاتەوە. کتێبەکە ئەو باڵادەستانەی رژێم ئاگادار دەکاتەوە کە هەردوو گەلی کورد و تورك هەڵدەسووڕێنن و هەموو جۆرە گوشار و توواندنەوەیەکیان دەرهەق دەکەن.

کتێبەکە قووڵترین شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی فەلسەفی لەسەر چەند بنچینەیەکی راستەقینەی کێشەی کوردستان دەخاتە بەرچاوی خوێنەران. هەروەها بە چەند ئەنجامێك دەگات و سەرەداوی گەلێك کێشەی گرنگ و شێوازی داهێنراو بۆ لێتێگەیشتنی بەدەستەوە دەدات.

تا ئەمڕۆ چی کراوە و چی بۆ قۆناخەکانی داهاتوو پێویستە و خەباتی تا ئێستا چ ئاکامێکی لێکەوتووەتەوە و ئەنجامەکانی پاشەڕۆژ چی دەبن؟ وەڵامی ئەم هەموو پرسیارانە گرنگە و (داستانی ڤەژین) بە تێروتەسەلی وەڵامیان دەداتەوە و یارمەتی لێتێگەیشتنی گەلێك مەسەلەی نارۆشن دەدات و خاڵە نادیارەکان روون دەکاتەوە.

دوادواییەکانی ١٩٩٤

بەشی یەکەم

بەشی یەکەم

سیاسەت بەلای منەوە هونەری وەدەسهێنانی جوانییە.

یالچین کوچووك: سەربارى ئەم هەراوهۆریا و شەڕوشۆڕە، وا دیارە تەندروستیت باشە و جوانخاستری. ئەمەش مانای وایە ئێوە دڵئاسودەن.. ئەوەی ڕاستی بێ بینیم ئێوە چۆن بویستری وەمان.

سەرۆکایەتی پارتی: سوپاستان دەکەم کە بۆ ئێرە هاتوون. ئێمە بە هاتنتان بەختیارین و ئەمەش لوتف نواندێکی ئێوەیە. ئەو جوانی و متمانەیەش کە دەیانبینن شتێکی شەخسی نین، بەڵکو لە ڕاستی گەلەکەمانەوە هەڵقوڵاون، چونکە گەلەکەمان لەم بارودۆخەدا دەژی و متمانەشی لەم ساڵانەدا لە هەرکاتێکی ڕابردوو زیاترە و خەریکە جوان دەبێ.

ی.ك: منیش دەبینم کاروبارەکانتان بە شێوەیەکی باش هەڵدەسوورێن.

س.پ: کەچی وەك ئەوە نین کەوا خۆمان دەمانەوێ، بەڵام هیوا لە هەرکاتێکی ڕابردوو پتر گەورە دەبێ و بەرەو بەدیهاتن دەڕوات.

ی.ك: کاتێك دەڵێم سەرەڕای ئەوەی کە ڕێگاتان سەخت و درێژە، ئایا لە ناخی خۆتاندا وا هەست ناکەن وەك بڵێی بە هەورازێکدا هەڵکشاون و گەیشتوونە ژ-وسەری؟

س.پ: بەڵێ دەڵێی بە هەورازی چیای «ئاگری»دا هەڵکشاوم.

ی.ك: سەرکەوتوون، وانی‌یە؟

س.پ: بەڵێ. بێ‌گومان سەرکەوتووم.

ی.ك: ئەوە شتێکی شایستەی بایەخێکی زۆرە. هەر لە یەکەم ساتەوە هەستم بەمە کردبو.

س.پ: ئەم توانایەم هەیە. من جاروبار بە هەستم سیاسەت دەگێرم و ئەم هەستەشم دەڵێت: بە شاخدا هەڵگەڕانت سەرکەوتووە.

ی.ك: باشە بە هەست و نەستتان لە سیاسەت گێڕاندا، ئایا هەست دەکەن ئێوە بە شێوەیەکی تەواو لەگەڵ ئەو خەباتەدا کە دەیکەن گونجاون؟

س.پ: لە ڕاستیدا من سیاسەتێکی جیاواز ڕادەپەڕێنم و پێبەندی مەودا مەبدەئیەکانیم و دەسوڕێمەوە بە چوار دەوریدا و ئەمجا دێمەوە سەر پرنسیپەکە. هەر لە ڕێگای پراکتیکی سیاسەت کردنیشمەوە بۆدەرکەوتووە وەك هەستی بۆن کردن یان سەرەداو بە دەستەوەگرتن وەهایە... ئەوە هونەری هەست کردنە. شێوازێکی دەست نیشانکراوم دیاری کردووە و، لەسەری دەڕۆم.

ی.ك: سەرۆكی ئازیزم، لە بارەی ئەو مەسەلانەشەوە پرسیارتان لێدەكەم. بەڵام حەزدەكەم لابكەمەوە سەر لایەنی شەخسی چونكە هەمووان پەرۆشی ناسینی ئەو لایەنانەن. خۆ خەبات و شەڕوشۆڕ بەردەوامن. هاوینی ڕابردوو لە سەروبەندی بەشداربوونمدا لە فیستڤالی جیهانیدا لە بوخن گوتم: لە (حەمران) چەندین جۆگەی ئاویان كردەوە. ئیتر گشت شوێنێك سەوز دەبن. ئەمە جوانە، بەڵام (PKK) و بەتایبەتیش سەرۆك ئاپۆ سەری مرۆڤی كورد دەكاتە باخی گوڵ. ئایا ئەو قسەیەی منتان بیستووە؟

س.پ: بەڵێ، ئەم ڕستەیەتان مانای گەورەی تێدایە. هەروەهاش ئێوە نووسیبووتان ئاپۆی برام وەك بلدۆزەر دەچێتە نێو مێشكی كوردەوە و باخی وای تێدا بنیات دەنێ كە هەزاران گوڵی كراوەی لە نێودابن.

ی.ك: چۆن هەست بەوە دەكەن؟

س.پ: سیاسەت بەلای منەوە هونەری وەدەسهێنانی جوانییە. منیش لە ڕێگای جوانیدا، واتە لە پێناوی جوانكردنی مرۆڤدا سیاسەت دەگێڕم.

ی.ك: باشە ئاپۆی برام، كە جاری پێشوو لە (بیقاع)دا چاوم پێتان كەوت گوتتان: مامۆستا... بڕوام بە هاتنتان بۆ ئێرە نەدەكرد، منیش چەندەها جار ئەمەم دووپات كردەوە، چونكە ئەوە شتێكی بێوێنە بوو. ئەگەر بۆ منداڵیتان و بۆ ڕابردووتان بگەڕێینەوە، ئایا واتان چاوەڕوان دەكرد تا ئەم ڕادەیە بە مرۆڤی كوردەوە سەرقاڵ ببن؟ یان ئاخۆ یەكێكی دیكە وای لێ كردی بیر لەوە بكەیەوە؟

س.پ: ئەمڕۆ بۆ ئەوەی بابەتەكە بە شێوەیەكی باشتر وەربگری، هێندێك یادگاری قۆناغی منداڵیت بە هەموو ئومێد و بەسەرهاتەكانیەوە بۆ دەگێڕمەوە، چونكە وایدەبینم بە هەرجۆرێك بووە بەسوود بێ.

ی.ك: بێگومان، من باوەڕم بەوە هەیە. ئایا دەتوانن بیر لەوە بكەنەوە؟ واتە لەمڕۆوە دەست پێبكەی و بڕوانیتە دواوە و بڵێی: مامۆستام دەڕوانێتە منداڵی و باوكم و دایكم و ئەوانی دیكە و، ئەوەی وا دەیكەم لێمی چاوەڕوان دەكات. ئایا وایە؟ ئایا كەسی وا لە ئارادا هەبوو ئەم كارەت لێچاوەڕوان بكات؟

س.پ: بەڵێ، هێندێك چاوەڕوانكردن لە ئارادابوون. هەوڵیش دەدەم باسی چەند نموونەیەك بكەم كە وەك سەرەداو وەهان و پڕسوودیان دەبینم، چونكە (ئاپۆ) و (PKK) بوونەتە دوو بابەتی گرنگ و بوونەتە كەرەستە و بابەت بۆ گەلێك كتێب و ڕای گشتیش. گەلانمان ئارەزوو دەكەن ئەوە بزانن. هەستیش دەكەم من لەم بابەتەدا قەرزاریانم. من كێم و دەبمە چی و خەوش و كەموكوڕیم چین و لایەنە باشەكانی كەسایەتیم كامانەن؟ پێویستە هەمووان بیزانن. جەخت دەكەم كە من وا هەست بە خۆم ناكەم گەورە یا مەزنم. ئەوی ڕاست بێ لەو ناوچەیە كە تێیدا بووم واتە گوندەكەم گەلێك كەس لە خەڵكانی ئەو دێیە كە هێشتا زیندوون لە بارەمەوە دەیانگوت من ئەوەم «كە پەتی خۆی پچڕاندووە». ئەمەش مانای وایە دەتوانی لە سیستەم و پێوەندیە باوەكان دوور بكەویتەوە و چەردەیەك ڕاستیش لەو قسانەیاندا

هەبوو. هەروەها زۆربەیان دەیانگوت: «تکامان لە خوا ئەوەیە کوری ئێمە وەك کوری ئەوان لێنەکات». مەبەستیان خێزانەکەم بوو.

ی.ك: ئەو کاتە تەمەنتان چەند بوو؟

س.پ: ساڵانی منداڵیم بوون و لە حەوت ساڵانم تێنەپەڕاندبوو. ئەوسا دەیانگوت: «لە خوا دەپاڕێینەوە منداڵی هیچ کەسێك وەك منداڵی ئەوان لێنەکات، چونکە ئەوە ژیانیان وێران دەکات». ئەمەش پڕ ئێش بوو. ئەو وەختە هۆگری هاوڕێکانم بووم. بەڵام خێزانی منداڵەکان هەوڵیان دەدا منداڵەکانیان دووربخەنەوە و لێمیان بشارنەوە و پێیان دەگووتم: تۆ سەری خۆت بە فەتارە دەدەی و خەریکی ئیشی بێ‌مانای، بۆیە واز لە منداڵەکانمان بێنە.

ی.ك: ئایا مەبەستت ئەوەیە تۆ ئەو کاتە منداڵەکانت هان دەدا؟ ئاخۆ لەو کاتەوە دەستت بە سەرکردایەتی کرد؟

س.پ: دەتوانم بۆتانی لێك بدەمەوە کە ئەم مەسەلەیە تاوکردن یا خولیایەکی ئاشکرا بوو مەیلم بەلایەوە هەبوو. خولیای منداڵ خڕکردنەوە لەلای من بە شێوەیەکی باوەڕ پێنەکراو بەهێز بوو. تا ئێستاش بیرمە ڕاوی هێندێك چۆلەکەم دەکرد و بە منداڵەکانم دەگوت: باخەڵم پڕە. وەرن دەرخواردتانی بدەم. ئیتر منداڵان لە دەورم خڕ دەبوونەوە و بۆ چیام دەبردن. ئەوەش کە بە هەریەکەیانم دەدا لە ڕانی چۆلەکەیەك یا باڵێك تێنەدەپەڕی. دیارە ئەمە شتێکی زۆر خۆشە. واتە من توانیم منداڵان لە دوای خۆم کۆبکەمەوە و بیانبەم بۆ شاخ. تا ئێستاش ئەوەم لە یادە. هەروەها زۆرباش لەگەڵ کچە چکۆلەکاندا لێك حاڵی دەبووین. هەرگیز فەرامۆشم نەدەکردن. هێشتا نموونەیەکم لە بیرە هەڤاڵ حەمزە بۆی دەگێڕامەوە، دەیگوت: پێش ئەوەی بۆ ئێرە بێم بنوکەکەمانم بینی پێی گووتم«پاش بەسەرچوونی حەوت ڕۆژ بەسەر گواستنەوەمدا، عەبدوڵلا - مەبەستی ئاپۆ بوو - سەری لێدایین و قسەی بۆ کردم و گوتی: وەرە با ئەو یاریە تەواو بکەین کە ڕۆژانی منداڵی دەمانکرد». کارێکی سەرسوڕهێنەرە، ئەو هێشتا باسی ئەو بیرەوەریانە دەکات. ئەمەش خستمیە سەر کەلکەلە و ئەوەی وا دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە: من تا ئێستاش بە برادەرانی منداڵی‌یەوە گرێ دراوم.

هەر لەسەر ئەم بابەتە، بێڵە با باسی چەند بیرەوەریەکی خۆمت لەگەڵ باوکمدا بۆ بکەم. باوکم کابرایەکی داماو و خاوەن کەسایەتی‌یەکی شێوێندراو بوو. لەوانەیە بێ‌هێزترین پیاوی دێ بوو بێ. هەژار بوو، لە گوزەرانیدا پشتی بە هەوڵوکۆششی خۆی دەبەست. بە کورتی بە هەزار حاڵ ژیانی خۆمانمان دابین دەکرد. دووعایەکی هەبوو لە کاتی تووڕەییدا دووپاتی دەکردەوە و دەیگوت: « خوا نان بکات بە کەروێشك و ئێوەش بکات بە تانجی ».واتە بەدوای نانەکە بکەون و بیگرنەدەست. مەبەستی ئەوە بوو نان پەیداکردن کارێکی یەکجار دژوارە. ئەگەر لەتە نانێك بکەوتبایە سەر زەوی، ڕاستەوخۆ هەڵیدەگرتەوە. ئەوە دەڵێم تا تەماع و بەتەنگەوەهاتنی لە ڕادەبەدەری دەربخەم و منیش پێبەندی ئەو

پرنسیپانەم. دەشیگوت: «ڕۆژێکیان میوانێك لایدایەماڵێکی ئەرمەنی. بوکی ئەرمەنیەکە بە پەلە جگەرەی میوانەکەی بە چەرخ داگیرساند. ئەوە بووە هۆی تەلاق درانی. جا کە کابرای میوان لە خانە خوێی پرسی بۆچی ژنەکەی تەلاق داوە؟ ئامارەی بۆ مقەلیەکەی پەنای خۆی کرد و گوتی: ئەوە ئاگرە، ژنە دەیتوانی جگەرەکە بەو ئاگرە دابگیرسێنێ. بەلام کە چەرخەکەی بەکارهێنا دەست بلاوی کرد». ئەمە نموونەیەکی ئاشکرایە لەسەر چۆنیەتی سەرمایە دروست بوون لەلای ئەرمەن.

ی.ك: خۆی باسی ئەوەی دەکرد؟

س.پ: هەمیشە باسی ئەوەی دەکرد. وە کابرایەکی شەرمن بوو، ترووسکەیەکی هیوای لە تێکۆشاندا نەدەبینی.

ی.ك: خۆ بەدەستەوەدەر بوو.

س.پ: هەر بە جارێك خۆبەدەستەوەدەر بوو، هیچ هیوایەکی بە سەرکەوتن نەبوو. کابرایەکی دەست بەستەی ئەو دنیا بوو. سەرباری ئەوەی من حەزم بە چوونە قوتابخانە دەکرد و سیاسەتم نەدەزانی. بەلام لە سالانی سەرەتای تەمەنمدا هەردەم لە ژێر دار فستقدا دادەنیشتین. بە تەواوی نازانم ئەوەی کە لە نێوانماندا ڕووی دەدا، مشتومڕ بوو یا ڕێنوێنی بوو بۆ من. پیرمە جارێکیان بە ڕوونی گوتی: «هێمای دەرووکردنەوە: وا بە تەختی تەویلی عەبدوللاوە. بۆ هەر کوێیەك بڕوات دەرگای دەخرێتە سەر پشت».

ی.ك: زۆر دەگمەنە، بەلام چۆن هەستی بەوە کردبوو؟ ئایا ئەو هێزەی کە ئەمڕۆ کۆتانکردووەتەوە بەرپەرچدانەوەی بێهێزی باوکتان نییە؟

س.پ: بەلێ، پێموایە پێوەندی بەوەوە هەیە، واتە ناچاری ئالوگۆڕکردن لەوپەڕی بێهێزییەوە بۆ هێز. لام وایە من لە منداڵییەوە ئەوە کاری تێ کردم.

ی.ك: بێهێزی باوکتانتان بینی، بۆیە هەستتان بە پێویستی پێکەوەنانی هێز کرد.

س.پ: باوکم تا ئەوڕادەیە بێهێز بوو کە ئەگەر تووشی دەستدرێژی ببوایە، یەکەم کارێك بیکردایە ئەوە بوو تا لوتکەی چیا ڕای دەکرد و لەوێ پڕ بەدەم هاواری دەکرد.

ی.ك: ئەم هاوارە چۆن بوو؟

س.پ: هێندێك لەو جنێوانەی هەلدەبژارد کە بەدلی بوون و ڕووە و گوند دەیپرشتن. بەلام خەلکی گوند پێدەکەنین. جنێودان گەورەترین کار بوو کە دەیتوانی بیکات.

ی.ك: ئەمە باشە! گوندنشینان پێیان وابوو شێتە، یا شتێکی لەم چەشنەیە.

س.پ: پێدەچێ پێیان وابوو بێ. ڕووی تێدەکردم و دەیگوت: « هەستە، تۆش جنێو بدە». بەلام دانی پێدادەنێم کە من تەنانەت لەو ڕۆژانەی منداڵیشدا شێوازی جنێوم بە ڕاست نەدەزانی و زۆر تەریق دەبوومەوە و جنێودانم پێ کارێکی گران

بوو. چوونە ترۆپکی چیاو جنێودانم بە شێوازێکی خراپ دەبینی، بۆم قووت نەدەچوون. بە کورتی هەرگیز ئەوەم نەدەکرد. لەبەر ئەوەش کە ئەوەم نەدەکرد، شان و شکۆم بەوەوە لەکەدار دەبوو.

ی.ك: بۆچی شان و شکۆتان لەکەدار دەبوو؟

س.پ: چونکە من ئەوەم نەدەکرد کە باوکم دەیکرد.

ی.ك: گوتەیەکی بڵاو هەیە دەڵێت: «ئەو پیاوەی جنێو نەدات، ناتوانێ ژن بهێنێ».

س.پ: بەڵێ، ئەوە کارێکە لە ژنهێنان دەچێ. دەشمەوێ باسی ڕەفتاری دایکم بکەم سەبارەت بەم بابەتە.

ی.ك: ئایا دایکتان ئافرەتێکی بەهێز بوو؟

س.پ: بێ‌ئەملاوئەولا، وابوو. ئەو ماڵەوەی هەڵدەسووڕاند و ملی لە بەردەم پیاودا دانەدەنەواند و باوکمی سەرکوت دەکرد و دەیخستە ژێر باڵی خۆی. دیارە ئەوەش چەند هۆیەکی هەبوون.

ی.ك: ئەمە مانای وایە ئێوە سەرکوت کردن و بێ‌هێزیشتان بینی و ئاواش ئەم ڕێگایەتان هەڵبژارد.

س.پ: من کابرایەکم ئەلف و بێی سیاسەت هەم لە باوکێکی بێ‌دەسەڵات و دایکێکەوە کە هەوڵی دەدا بە هێزبێ و هەم لەو هاوسەنگی هێزەی کە لە نێوانیاندا پەیدابووبوو و لە کەلك وەرگرتن لە بۆشایی دەرەنجامی ئەم ململانێیەوە فێربووم.

ی.ك: لە ڕاستیدا من ئەوەم پێ‌سەیر نییە، چونکە من لە کۆنگرەی(HEP)دا لە تەنیشت دایکتەوە دانیشتم. ئافرەتێکی تەواوبوو و لەو ناوەندەدا هەستی بە نامۆیی نەدەکرد.

س.پ: دایکم نەخوێندەوارە و خوێندن و نووسین نازانێ، بەڵام دەزانێ بە غەریبی و فیزەوە بژی. ئەمە قەناعەتی منە.

ی.ك: ئەمە کارێکی ئاساییە.

س.پ: مەبدەئێکی هەیە بەسەرمیدا سەپاند و تا ئێستاش لە بیرمە. جارێکیان لە کێشمەکێشێکدا لەگەڵ منداڵانی گونددا سەرم شکا. بە گریان هاتمە ماڵەوە و لای دایکم شکاتم کرد و گوتم: لێیاندام، بێ‌گومان بەم گریانە داوای پارێزگاریم لە دایکم دەکرد و وام چاوەڕێ دەکرد داکۆکیم لێ‌بکات. بەڵام دایکم لەبری ئەوەی کە بمپارێزێ و داکۆکیم لێ‌بکات پێی گوتم: «یا دەچی تۆڵەی خۆت دەستێنیتەوە، یا جارێکی دیکە پێ‌نانییتە نێو ئەم ماڵە». ئەمەی گوت و دووری خستمەوە. ئەم هەڵوێستەی دایکم مەبدەئی و مایەی تەنگەتاوکردن بوو. پاشتر ئەم پرنسیپە کاری تێ‌کردم و لە هەموو کاروبارێکدا جێ‌بەجێم‌دەکرد. واتە من سەرەتا بە هێرش دەستم پێ‌دەکرد. توانیم سەری زۆر منداڵ بشکێنم.

ی.ك: ئایا سەرتان زۆر شوێنەواری شکاوی پێوەیە؟

س.پ: لام وایە سەرم چەندین جار شکاوە.

ی.ك: ئەوەی ڕاستی بێ من ئەم خەسڵەتەم لە دایكتاندا بینی. لە كۆنگرەكەدا كە گەلێك خەڵك و تێردراوانی پەرلەمان لەوێ بوون، خاتوو (لەیلازانا) لێی‌نیزیك بووەوە و دەستەكانی ماچ كرد. لە وەزعێكدا بوو وەك بڵێی سەدان ساڵە ئەوە دەكات و هەرگیز هەستی بە وەرزی نەكرد.

س.پ: ئەمە شیاوە، دەمەوێ بڵێم ئەو زۆری بۆ هێنام تا ئەو كارە بكەم و پێی گوتم: «لە باتی ئەوەی بە گریانەوە بێیتەوە، بچۆ تۆڵەی خۆت بستێنەوە و تەنانەت ئەگەر ئەوە ببێتە هۆی مردنیشت!». بەوە پاڵی پێوەنام كێشەكێش بكەم.

ی.ك: ئایا دایكتان گەلەكەی خۆش دەویست؟

س.پ: زۆر نا.

ی.ك: ئایا گیانی تێكۆشانی هەبوو؟

س.پ: بەڵێ، زۆر خەباتگێڕ و لاساریش بوو. لە ڕاستیدا زیاتر لە باوكم بەرگری لە ماڵەكەمان دەكرد. بەڵام حەزی لە كێشەكێش دەكرد. ئەگەر یەكێك مریشكەكەی بێزار بكردبایە، ئەوەی دەكردە هۆیەك بۆ كێشەكێش.

ی.ك: ئایا لەگەڵ باوكتاندا زۆر دەمەقرێ دەكرد؟

س.پ: هەموو ڕۆژێك. زۆر حەزی لە دەمەقرە دەكرد. دەمەوێ ڕووداوێك لەسەر باوكم باس بكەم: ئەم كابرا داماوە كە دەهاتەوە ماڵ و داوای لەتە نانێكی دەكرد، دایكم لەتە نانەكەی دەهێنا و چەند قسەیەكی بە بلمەبلم تێ‌دەگرت، ئەویش هەر ئەوەندەی دەكرد ناوڕی لێ‌دەدامەوە و دەیگوت: «كوڕم عەبدوڵلا ئەم ژنە جارێكی دیكە دەستی پێ‌كردەوە هانێ تۆ بیخۆ، من ناتوانم بیخۆم».

ئەمەی دەگوت و فڕێی دەدایە سەر ئەرز. واتە وەزعەكە بەم شێوەیە پڕكێشە بوو و بریتی بوو لە ململانێیەكی هەمیشەیی. دایكم خواردنی دەدایێ، بەڵام بە قسە زۆری بۆ دەهێنا. باوكیشم ئەو خواردنەی تووڕ دەدایە سەر ئەرز. ڕۆژانە ئەم دەمەقرەیەیان هەبوو.

ی.ك: ئەمە زۆر باشە، چونكە كەسایەتی ئێوەی دروست كرد.

س.پ: شەو و ڕۆژ بە بەرچاومەوە بگرە و بەردەیان بوو. منیش بەرهەمی ناوەندێكی بەكجار ناكۆكم. ڕۆژانەش دەمەقرەی لەگەڵ دەرودراوسێ و لەگەڵ باوكم و لەگەڵ مندا هەبوو.

ی.ك: باشە، وا بووە تەنگەتاو بووبن و چووبنە شاخ و لەوێ بە تەنیا مابنەوە؟

س.پ: واباسی ئەوە دەكەم ڕەنگە پەیوەند بوونم بە شاخ لەوەوە هەڵقوڵابێ. سەرەداسەریم بۆ شاخ لەو كاتەوە گەشەی كرد. پێم‌وایە هەست كردنم بە بێزاری لەو ناوەندە ناكۆكە پاڵی پێوەنام بۆ شاخ. ئەو یادگاری دیكەش كە هێشتا بە زەینمەوە ماوەتەوە ئەوەیە كە من ڕقم لەم سیستەمە بوو.

ی.ك: كام سیستەم؟

س.پ: سیستەمی ئەم كێشەكێشە و ئەو شێوازی جنێوەی كە باوكم پەنای بۆ دەبرد و دەمەبۆڵەی دایكم و قڕەقری لەگەڵ دراوسێكاندا و كێشەكێشی من لەگەڵ

خەڵکی گونددا کە دایکم لە زوویەکەوە بەسەرمیدا سەپاند و گەلێك مەسەلەی دیکەش. دەتوانم بڵێم من لە تەمەنێکی منداڵییەوە کەوتمە دوورکەوتنەوە لەم ناوەندە. هەموو ئەم مەسەلانە سیستەمێکی ترسناك بوو خێزان دایسەپاندبوو. لەبەر ئەم هۆیە دەستم کرد بە گومان کردن لە بەهاکانی لای خێزان. ئەمەش زۆر گرنگە. ئەگەر هەستم بەو گومانانە سەبارەت بە بەهاکانی خێزان نەکردبایە، ئەوا ئەو دابونەریتە خێزانیانە هەر کاریان تێدەکردم و ئەوساش ڕەنگبوو بەر لەوەی بگەمە تەمەنی (١٠) یا (١٥) ساڵی تاوانێك یا خوێنڕێژییەکم بکردبایە، یان لەوانەبوو لە کێشمەکێشێکی نێو خێزاندا سەرم تێدا بچووایە. بەم پێیە دووچاری گوشاری توند دەبووم و پێیان دەگووتم: « تۆ بیر لە شەرەفی خێزانەکەت ناکەیتەوە و دەستت لێدەوەشێنرێ و وەڵام نادەیتەوە»، «ناکرێت بەو جۆرە کوڕە عاسییە قایل ببین». هەمیشە هانیان دەدام ململانێ بکەم و دەیانگوت: « ئێمە دوژمنمان هەیە. کە گەورەبووی شەرەفی خۆت دەکڕیتەوە و بەرپەرچیان دەدەیتەوە». ئەمەش سەرچاوەی دڵەڕاوکەیەکی بەردەوام بوو لەلایان، چونکە وایان لە قەڵەم دابووم تۆڵە دەستێنمەوە. لە دڵی خۆمدا دەمگوت چی بکەم. دەکەوتمە داوی کێشمەکێشی وا ترسناکەوە سەرمی تێدا دەشکا و تووشی برینداری دەبووم. بەرد پێداکێشانم لە بیرە. لە دڵی خۆمدا دەمگوت من هێشتاکە چکۆلەم، چۆن خۆ بخەمە داوی ململانێی گەورە گەورەوە.

ی.ك: بەڵام ئاخۆی برام ئایا گومان کردن لە خێزانەکەت هۆی پشت گەڕانی تۆ بوو بە دوای سۆشیالیزمدا یا دەرگایەك بوو لە دەرگاکانی؟

س.پ: نازانم. من باسی یادگاری منداڵی دەکەم. ئەم بیرەوەریانە تا ئێستا لە مێشکمدا زیندوون. جا لەبەر ئەوەی کە براگەورەی خێزانەکە بووم ئەوە هانیدان تەنگەتاوم بکەن تا وردەوردە ببمە جەنگاوەر و بەرگریکەری بەهاو شەرەفی خێزان. لە کاتێکدا خەیاڵی منداڵانم لەبار نەبوو ئەوە دەربیبات. من پەیبەندی ژیان بووم و بە ئاواتی چەند کارێکی جیاوازەوە بووم. خەیاڵم فراوان بوو و نەمدەویست لە ژێر باری ئەو نەریتانەدا بخنکێم. هەر لەو نوختە نیگایەشەوە دەیانگوت: «ئەمە خاوەنی شەرەفێکی گەورە نییە». ئەوە حوکمی ئەوان بوو بەسەر مندا.

ی.ك: ئەوە چی دەگەیەنێ؟ ئەگەر بەکەیك خەیاڵی هەبووایە و بیری لێبکردبایەوە، ئایا دەبووە مرۆڤێکی کەم شەرەف؟

س.پ: ئەگەر بە توندی و بە پێی چەمکی گوند بۆ شەرەف پەیبەستی دابونەریتی خێزان نەبوویتایە. دەیانگوت: «ئەوە پشتی خۆی پچڕاندووە». گوتەی دیکەش هەبوون ئەم مانایەیان جەخت دەکردەوە، وەك «بە تەنێ بە چیادا هەڵگەڕا» و «پشتی خۆی پچڕاند» و «بەتەنێ مایەوە» و «دووره پەرێز بوو» یا «هەڵگەڕایەوە» تەنانەت تەنکیشم دەیگوت: «وەك جووە وایە» و گەلێك خەسڵەتی دیکەی لەم چەشنەش.

ی.ك: ئایا ئەمە مانای وایە: یا دەبیتە پێغەمبەر و تۆ سڵاوی لێدەکەی، یان پەت پچڕێنی خۆی و دەبێ پشت گوێی بخەی؟

س.پ: به کورتی دەتوانی بلێی من لەو سیستەمە هەڵگەڕابوومەوە. لەوش گرنگتر ئەوەیە هێندێك قسە و قەڵۆك هەبوون جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە من زۆر کێشەی گەورەم لەو ڕەفتارانەوە بۆ خۆم خولقاندووە، چونکە ناکرێت منداڵێك بە بێ‌پشت بەستن بە خێزان گەشە بکات، لە کاتێکدا من خێزانم ڕووبەڕووی خۆم دانا. بەڵام ئەم دەست نیشانکردنە باشم بووە هۆی ئەوەی کە من ڕێگای ڕوو بە گۆڕەپانی ئازادی بگرمە بەر. ئەوە سەرەتا بوو و ئەم لایەنەش زۆر گرنگە، چونکە کەشی تاقەت پڕووکێنی نێو خێزان و کاریگەری نەریتی دەرەبەگانە ڕەنگ پێ‌دەداتەوە. بەم پێیە من لەو بارودۆخە هەڵگەڕامەوە. ئەوە دژایەتی دەرەبەگایەتی دەگەیاند و بواری لە بەردەم ئازادیدا دەکردەوە. من تا ئێستا زۆر پێبەندی ئەوەم و دواتر هەر ئەوە لە کەسایەتیمدا بنچینەست و بەرجەستە بوو. کێشەی بێ‌هێزی‌یەکی لە ڕادەبەدەر و سووربوونێکی زۆر و سەپاندنی چەند کارێکی چەوت لە ئارادابوون و منداڵێکیش بە گومانێکی قووڵەوە دەستی بۆ ئەوە دەبرد و کەمێك هیوای لە چیادا دەبینی.

من لە پێناوی کورددا تێناکۆشم لەبەر ئەوەی کە تەنیا کوردم بەڵکو ئەم خەباتە دەکەم لەبەر ئەوەی سۆشیالیستیم.

پێم وایە کتێبێك هەیە ئەحمەد قەهرەمان نووسیویەتی، باسی منی تێدا کردووە و گوتوویەتی یەکەم هەڵگەڕانەوەی ئاپۆیە و لای لە بیرەوەریەکی ڕاستەقینە کردووەتەوە کە من تا ئێستا لەبیرمە و ئەمەیە: لەنێو ڕەزدا کێشەکێشێك کەوتە نێوان من و برا بچووکەکەم. هەڵس و کەوتیم بەدڵ نەبوو، بۆیە ڕقم لێ‌بوو. کەوتمە شوێنی و بەرد بارانم کرد تا گەیشتینە ئەو جێگایەی کە گوندنشینان ئاسایی دانوولەیان لەسەر هەڵدەخست. ئەوە بوو هەڵگەڕایە سەر سەری تاوێرێك. براکەم پەنای بردە بەر ماڵەوە تا باوکم لێ‌مان بدات کە ئەویش بێ‌دوودڵی ڕاوی نام و بە جنێو دایگرتمەوە. ئەوە پاڵی پێوەنام ڕووە و گوند لە دەستی هەڵبێم. ئەو کێشمەکێشە درێژەی کێشا تا خەڵکی دێ بۆ تەماشاکردن گردبوونەوە. لە جەنگەی ئەوەدا تووشی ماندوویی و شەکەتی هاتم و یەکجار توورە بووم و کەوڵمە دۆخێکەوە کەس بەحاڵم نەبێ. ئاوا پەنام بردە بەر ئەو شێوازی کێشمەکێشەی کە پڕ بە پێستی من بوو. هەر بە کارتێکردنی ئەو تووڕەیی‌یەش چوومە ماڵ. جانتایەکی شاردراوەی باوکمی لێ‌بوو بە دزییەوە پارەکانی تێدا دادەنا. جانتاکەم برد و (١٠) لیرەم لێ‌دەرهێنا.

ی.ك: (١٠) لیره، ئەو ڕۆژانە پارەیەکی زۆر بووا!

س.پ: بە پێی پارەی ئەو ڕۆژگارە دەیگەیاندمە (نزیب) و بگرە (٥) لیرەشی لێ زیاد بوو. مەبەستم ئەوەیە دەمتوانی بگەمە (نزیب) و(٥) لیرەشم پێ دەمایەوە. هەر کە پارەکەم پچری، لە گوند هاتمەدەر. یەکەمجار بوو منداڵێك بە تاقی تەنیا لە گەرمای مرۆسووتێنی ڕۆژدا بێتە دەرێ و گوند بەجێ بهێڵێ. بێ گومان ئەمە پێویستی بە لەخۆڕادیتنێکی زۆر هەبوو. لام وابێ من لە تەمەنی (١٠) یا (١٢) ساڵاندا بووم، بەتایبەتی کە منداڵی ئەو ڕۆژانە پەرەسەندنی پێوە دیار نەبوو. لایەنی بایەخداری ئەم مەسەلەیە ئەوە بوو منداڵێك هەستێ و تا شار بڕوات. ئەوە زاتێکی زۆری گەرەك بوو. ئەوی ڕاستی بێ ئەوە هەڵگەڕانەوەیەك دەگەیەنێ و نیشانەی تووڕەیی‌یەکی بێ ئەندازە و زاتکردنی هەڵگەڕانەوە و مەزنایەتی‌یە. بەم پێ‌یە هەر کاتێك سێ هەنگاوم بنابایە، ئاوڕم لە دواوە دەدایەوە و دەمڕوانی‌یە گوند و لە دڵی خۆمدا دەمگوت «جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە بۆ لات». ئەمە گرنگە یەکەم گردم تێ دەپەڕاند و دەهاتمەوە و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: «زاتی ئەوم کرد لێت داببڕێم. جارێکی دیکە نایەمەوە بۆ لات». تووڕەیی‌یەکی لە ڕادەبەدەر دایدەگرتم. بیرمە لە ژێر دارێکدا دانیشتم و جارێکی دیکە ئاوڕم لە گوند دایەوە. جوێ بوونەوە هەستی دەبزواندم و ژێروژووری دەکرد. من پێبەندی گوند بووم و بڕیاری یەکجارەکیمدا لێی جوێ ببمەوە. ئەمجا چوومە دێیەکی دیکەی دراوسێمان. بەڵام بەو پەڕی زەحمەتەوە ڕێم دەکرد. تێپەڕبوون بەو دێیەدا لە ڕووی گرانی‌یەوە لە سەرکەوتنە سەر چیای بلند دەچێ. دێم تێپەڕاند، چونکە ئۆتۆمبێل لە دێیەکەی دیکەدا ـ لە دێی «قەرەمەزرا» ـ بوو. ئەو دێیەم تێپەڕاند و گەیشتمە «قەرەمەزرا». حەز دەکەم لەم بوارەدا ئەوە بڵێم کەمن منداڵێکی زۆر پەشۆکاو بووم.

ی.ك: کەواتە ئاوابوو؟

س.پ: بێ گومان، کە لە دووری (٤٠) مەترەوە بەلای خەڵکدا ڕەت دەبووم، شەرمم دەکرد.

ی.ك: پەشۆکاو و شەرمن بووی!

س.پ: پەشۆکاو و شەرمن، چۆنت دەوێ وا ناوی بنێ. بەم حاڵە گەیشتمە گوندی دووەم. ناوچەکەمان (خالفەتی) بوو و ئۆتۆمبێلی پۆستە لەوێوە بۆ ئەو گوندە دەهات. لە ژێر دارەکەدا دانیشتم چاوەڕێی ئۆتۆمبێلم دەکرد. ئەوە بوو ئۆتۆمبێلەکە هات و لە قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا سواربووم، واتە سەرکەوتنم بە دەست هێنا. پێم وایە (٥ر٢) لیرەم دا و گەیاندمیە (بیرەجك) کە بە پردەکەی ناسیمەوە و لەسەرەتای پردەکەدا دابەزیم و لەوێوە چووم بۆ «نزیب». خوشکە گەورەکەم لەوێ دادەنیشت. ئاوا کارەکەم بە سەرکەوتوویی تەواو بوو. ڕۆژی دووەمی گوند بەجێ هێشتنم دەستم کرد بە درەوی گەنم لە دەشتی «باراق». دوو ڕۆژ ئەوەم کرد و ڕۆژی دوایی دەستم هەڵشاوسا. کرێی کرێکار ڕۆژی (٥) لیرە بوو. کرێ‌یەکەم دەست کەوت کە (١٠) لیرە بوو، هەرچی خواردنی نیوە ڕۆژە و

شێویشمان بوو ماست بوو. بەوە یەکەم ڕۆژانی ڕەنج کێشانی خۆمم لەو دێیەدا بەسەربرد. بە (١٠) لیرەوە ڕۆیشتم و (١٠) لیرەشم پەیدا کرد. بە ووردی بیرم نایێت دوای ئەوە چی ڕوویدا. ئەوەی مەبەستمە ئەوە هەڵگەڕانەوەیەکی گرنگی دژی دەسەلاتێکی بالاتر بوو کە خۆی لە باڵ بەسەرداکێشانی باوکدا دەنواند و، ئەمەش پارە دەست خستن و هەوڵدان بۆ نان پەیدا کردنی بەرانبەر دەوەستایەوە.

ی.ك: کەینێ بە تەواوی جوێ بوونەوە؟ ئایا لە قۆناخی ئامادەییدا بوو؟

س.پ: ئەمە دوورکەوتنەوەیەکی تەواوەتی نەبوو. بەڵام ئەو دێیەی کە بۆی چووم سەعاتە ڕێیەك لە دێیەکەمانەوە دوور بوو و دێیەکی کۆنی ئەرمەنی بوو. چوون بۆ ئەو دێیە و گەڕانەوە لێی جۆرە جوێ بوونەوەیەك بوو. ئیتر ناکۆکی کورد و تورك بەرەبەرە دەکەوتە ڕوو. ناکۆکی ئەرمەنیش لەگۆڕێدا بوو، چونکە کلێسەی ئەو گوندە ئەرمەنیەیان کردبوو بە مزگەوت. هێندێك برادەری ئەرمەنی لەوێ بوون. دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە کە باوکم پێوەندییەکی دۆستایەتی چاکی لەگەڵ هێندێك ئەرمەنیدا هەبوو. ئەو دێیە «جبین» هەر چەند کەسێکی کەمی ئەرمەنی تێدا بوو. جا بەم بۆنەیەوە ئەو لاف و گەزافەی فاشی‌یە تورکەکان کە من بە بنەچە ئەرمەنیم ڕاست نی‌یە.

ئەمە یەکەمجارە ئەم خاڵە گرنگەی تێدا ڕوون دەکەمەوە. هەروەها زۆربەی برادەرانی باوکم ئەرمەنی بوون، دووکانیان هەبوو. نازانم هێشتا لە ژیاندا ماون یان نا. لە ناوەندی دێی «جبین»دا کابرایەکی «ئیحسان» ناوی ئەرمەنی هەبوو، شتومەکمان لای ئەو دەکڕی. دۆستایەتی‌یەکی گەرموگوڕ پێکەوەی دەبەستین. بەو تەرزە کۆنە تێم نەدەڕوانین کە گوایە: «کافرو ناموسلمان»ن، بەڵکو بە تەرزێکی تازە بەو پێیەی کە خەڵکانێکی زەحمەتکێش و خاوەن پیشەن. بەم شێوەیە تێیان گەیشتووم.

ی.ك: ئەم شێوە خۆشەویستییەی باوکت بۆ ئەرمەن وەزعێکی زۆر گرنگە. وانی‌یە؟

س.پ: باوکم برادەری هێندێك ئەرمەنی دراوسێ دێمان بوو. ئێمەش لەسەر دەستی ئەو پەروەردە بووین. لەبەر ئەم هۆیە ئەم یادگارەم لەلا مایەوە.

ی.ك: مەبەستت خۆشەویستی مرۆڤی گەلێکی دیکەیە، بە بێ‌ئەوەی جیاوازی‌یان لە نێواندا بکەی. ئەمە هەستێکی جوانە.

س.پ: لێرەدا دەمەوێ ئەمە ڕوون بکەمەوە: ئەو تورکانەی کە لەو ناوچانەدان لە هی ناوچەکانی دیکەی تورکیا جیاوازن. ئیترە بە ناو یەکدا چوونێکی زۆری تێدایە. سەبارەت بە من بنەچە و ڕەگوڕیشە گرنگ نین. بەڵام نەنکم (لە دایکمەوە) تورك بوو. بەڵێ خەڵکی دێی (ئەراك) بوو کە دێیەکی تورك نشینە. نەنکم هی ئەوێیە و خزمەکانی تا ئێستاش لەوێ دادەنیشن. مەبەستم ئەوەیە هی وا هەیە دەڵێت ئاپۆ بە بنەچە ئەرمەنی‌یە. تۆش قوت مەبەرەوە و مەڵێ «تورکە». ئەمە گرنگ نی‌یە. بەڵام دایکم لەلایەنی دایکەوە خەڵکی دێیەکی تورکی‌یە. نەنکم کە

جاران به تورکی قسەی دەکرد، پاشان فێری زمانی کوردی بوو. بارودۆخی باو ئەمەیە. دەمەوێ بە ڕوونی بیلێم: ئێمە شانازی بەم پێوەندیانەوە ناکەین و بە کەم و کورتیشیان دانانێین بۆ خۆمان، چونکە من لە ڕێگای کورددا تێناکۆشم هەر لەبەر ئەوەی کە کوردم، بەڵکو ئەم خەباتە دەکەم لەبەر ئەوەی سۆشیالیستیم. بەو پێیەی کەمن دەیبینم پێویستە لەسەر هەر کەسێکی سۆشیالیستی لە پێشەنگی کێشەی زۆرلێکراواندا بێ.

ی.ك: بەڵام ئەوەی کە دایکتان لەلایەکەوە سەر بە نەتەوەی تورکە، دڵی تورکە شۆڤێنیەکان خۆش دەکات. هەرچی تورکەکانی دیکەشن جیاوازی ناکەن.

س.پ: ئەو بارودۆخەی کە باسم کرد بەلای ئێمەوە هیچ گیروگرفتێك پێك ناهێنێ.

ی.ك: دەتوانین بڵێین نە باشە و نە خراپ.

س.پ: شتێکە نە مایەی شانازی پێوە کردنە نە شەرمیش.

ی.ك: من تورکم چونکە بە تورکی لە دایك بووم. بەڵام کوردم زۆر خۆش دەوێ. ئەگەر بە کوردی لە دایك ببوومایە دەبووم بە کورد. ئەوساش تورکم خۆش دەویست. بەڵام ئێستا کورد و تورکم خۆش دەوێ. ئەم زانیاریانە تورکەکان سەرسام دەکات. هەرچی بەرهەڵستە کوردەکانیشتانن ئەوا زیاتر سەرسام دەبن.

س.پ: نەخێر، پێویستە وا حاڵی نەبین، چونکە دایکم هەر هێجگار بوو بوو بە کورد.

ی.ك: باوابێ، ئەمە شتێکی گرنگ نییە. ئەمە بۆ ئێوە دەگەڕێتەوە و جوێکەرەوەیەکی ئەم ناوچەیەیە.

س.پ: ئەرمەن و تورك و کورد هەتا عەرەبیش لە ناوچەکەماندا بە شێوەیەکی فراوان تێکهەڵکێشی یەکدی بوون. بۆیە ئەم جۆرە مەسەلانەمان پێ سەیر نین، هەیانە کچی ئەرمەنی هێناوە و منداڵیان هەیە و، منداڵەکانیان کورد یا تورکن. هەیە کچی عەرەبی هێناوە و بووە بە ژنە کورد و هەشیانە کچی تورکی هێناوە و بووە بە ژنە کورد. ئەم داب‌ونەریتەمان لەلا هەیە و زۆر ئاساییە.

ی.ك: لە ڕاستیدا دەرس خوێندنتان لە دێیەکی کۆنی ئەرمەنی و ئاخاوتنی نەنکتان بە زمانی تورکی، ئەمانە هەر دەبنە مایەی دەوڵەمەندی و نابێ بە شێوەیەکی دیکە لێكبدرێنەوە. بە پێی قەناعەتی خۆم ئەم بارودۆخە بۆ ئەوەی کە دەیکەن بەجێیە، باشە ئاپۆی برام دەتوانین بگەینە مامۆستاکانتان؟

بەدرێژایی پێنج ساڵ و بەبێ ئەوەی باران و بەفر پەکمان بخەن، ڕۆژانە سەعاتێك بۆ ڕۆیشتن و سەعاتێکیش بۆ هاتنەوە بەڕێوەبووین. ئەمە بە تەنیا وامان لێ‌دەکات فێری دان بەخۆداگرتن و بەهای زانست ببین.

س.پ: بێ‌گومان، بۆ نموونە مامۆستایەکم لە قۆناخی سەرەتاییدا هەبوو. پێم وایە هێشتا ماوە و ناوی (محەمەد مەیدان تاش)ە و خەڵکی ناوچەی «جورم»ە. مادامێکی ناویمان برد سڵاوی منی پێ‌بگەیەنن.

ی.ك: ئەوە چەند جوانە.

س.پ: بەڵێ لە پۆلی یەکەم و دووەمی قۆناخی سەرەتاییدا مامۆستا بوو و، منیش قوتابی‌یەکی خۆشەویست بووم لەلای.

ی.ك: ئەمە لە ئۆرفە؟

س.پ: بەڵێ لە ئۆرفەو قەزای (خالفەتی) و دێی (جبین). ئەم جبینە دێیەکی کۆنی ئەرمەنی‌یە. ئەم دێیە لە سەروبەندی یەکەم شەڕی جیهانیدا و کاتێك ئەرمەنەکانیان دوورخستەوە، کرا بە دێیەکی تورکی. پێنج ساڵم تێدا خوێند و بەپێ دەچووم و دەهاتمەوە. بە درێژایی پێنج ساڵ و بە بێ‌ئەوەی باران و بەفر پەکمان بخەن ڕۆژانە سەعاتێك بۆ ڕۆیشتن و سەعاتێکیش بۆ هاتنەوە ڕێمان دەکرد. هەر ئەمە بە تەنیا وامان لێ‌دەکات فێری دان بەخۆداگرتن و بەهای زانست ببین. مامۆستاکەم دەیبردمەماڵەوەیان و دەیناردم ماست و هێلکەی بۆ بکڕم. ئەو خولیای مامۆستایەتی لە دەروونمدا چاند. من خۆشم دەویست و ئەویش خۆشی دەویستم. تا ئێستا ڕووداوێکم لەگەڵ مامۆستای زمانی تورکیمدا لەبیرە، بۆتانی دەگێڕمەوە. مامۆستاکەم سەرەتا فێری کردم چۆن ناوی خۆم بنووسم. دیارە ووشەکانم هەر بە تەماشا کردن هەڵدەبژارد. جا کە پیتەکانم بە پێی ڕیزبەندی پیتەکانی ئەلف و بێ ڕادەگواستە، هەستم بەقورسی دەکرد. لەبەر ئەمە هێندێك وشەی کوردیم تێکەڵی پیتەکان دەکرد.

ی.ك: ئایا مامۆستاکەت هەرگیز کوردی نەدەزانی؟

س.پ: نەخێر، نەیدەزانی، منیش تورکیم نەدەزانی.

ی.ك: ئەمە زۆر باشە.

س.پ: بەکورتی بەم شێوەیە دەستم بە خوێندن کرد. کە چەند وشەیەکیش فێربووم، پێم وایە سەرنجی مامۆستاکەمم ڕاکێشا و بەختیار بوو. ئەوە لە جموجوڵەکانی تێ‌گەیشتم. لەوە دەچوو دڵشاد بێ، چونکە کوڕە کوردەکەی ئەم ڕێبازەی گرتەبەر، یا لەبەر ئەوەی بینیمی بەسەر دژواریەکاندا زاڵ بووم.

ی.ك: ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە لە پۆلدا لەگەڵتدا بوون چەند بوو؟ دەوری پەنجا دەبوون؟

س.پ: زۆر بوون، مەبەستم ئەوەیە من تەنانەت لەو قۆناخەشدا چالاکی‌یەکی بێ‌ئەندازەم هەبوو و بەرزترین نمرەم لە مامۆستاکانم وەردەگرت، هەر لە پۆلی یەکەوە تا دوا پۆل کە قوتابخانەم تێدا بەجێهێشت. مامۆستاکان چەپڕەو و ڕاسترەویان تێدا هەبوو. هەمووشیان بێ‌وێنە ڕێزیان لێ‌دەنام. من ئەوە بۆ خۆهەلکێشان نالێم. تا ئێستاش لە بیرمن، لەوانە «ئایدین یالچین» کە هێشتا ماوەو ئەویش مامۆستام بوو و پاشتر لە کۆلێژی زانستە سیاسیەکانیشدا دەرسی پێ‌دەگوتم و نمرەی تەواوی دەدامێ. ڕاستڕەوەکان دووم دەکەوتن و ئەوەم لەیادە. ئەوەی کەوای لە ڕاستڕەوەکان دەکرد وریابینەوە و سۆراخم بکەن هەلۆیستەکانم بوو. ئەوەی مەبەستمە، زۆر هۆگری مامۆستاکانم بووم و ڕێزلێنانی گشتیانم هەبوو. مامۆستایەکمان بە پلەی مەیجور هەبوو، مامۆستای ئەدەب بوو لە کۆلێژی جەنگ و یەکجار دلبەندم بوو و دەیناسیم. لەدوا قۆناخدا بە قوتابیەکانی دەگوت: «بابەتی ئەو باسەی کە عەبدوللا نوسیویەتی ناومەتە گیرفانم و دەیبەم بۆ کۆلێژ و لەگەل مامۆستایانی زانکۆدا مشتومڕی لەسەر دەکەم».

نەمدەزانی چیم نووسیوە، پێم وانی‌یە بابەتێکی بە پێز بووبێ. بەلام کابرا باش هەلیدەسەنگاند. ئەوەی مەبەستمە من نرخی مامۆستاکانم دەزانی. پێویستە مرۆڤ ڕێزی مامۆستاکانی بگرێ، جا ڕاسترەو بن یان چەپڕەو. ڕێزگرتن ئەرکە. دەیانزانی من سەرقالی هێندێك کاروباری دیکەم و سەرەڕای ئەوەش خۆشیان دەویستم. گەلێك ڕەفتار و هەلۆیستی سەیرم لێ‌دەردەکەوت. هەموو ئەوانە بانگەوازی شۆڕشگێری بوون. ئاخر کورد یا هەر مرۆڤێك ئەگەر ویستی ڕابپەڕێت چی ناکات؟ من بەرخۆدانێکی زۆرم هەیە. وەختێك ئەوە دەلێم ئەمە مانای وایە من پەرەم بە سیستەمێك داوە و پێوەندیەکی بەتینم بە سیستەمەوە پێشانداوە، ئەگەر پێچەوانەی ئەوە بووایە، تاقە ڕۆژێك دەرمان نەدەبرد. ئێمە بە شێوەیەکی لە پسان نەهاتوو گرێدراوی مرۆڤین. خۆشەویستی و ڕێز لای ئێمە جێی‌سەرسوڕمانن.

ی.ك: قۆناخی ئامادەییتان لە کوێ خوێند؟

س.پ: لە «نزیب» خوێندم.

ی.ك: ئایا قوتابخانەیەکی ناوخۆیی بوو؟

س.پ: نەخێر، لای خزمەکانم نیشتەجێ‌بووبووم. بەگەلێك دژواری گەورەدا تێپەڕ دەبووم. ئەو نەنکەی کە باسیم بۆ کردن مانای خەباتی لە پێناوی ژیاندا دەزانی. لەبەر ئەوە چاودێری دەکردم و بەتەنگمەوە دەهات وەك بلێی لەلەیە.

ی.ك: ئایا زۆر بەتەنگ خوێندنەوە دەهات؟

س.پ: نەخێر.

ی.ك: تا ئێستاش خوێندن و دەرس گوتنەوەتان زۆر خۆش دەوێ و ماندوویی و نارەحەتی لەپێناوی نەك هەر پێ‌خوێندنی مرۆڤەکانتاندا بەلکو بۆ هەرکەسێك بێتە ڕێگاتان نازانن. بەکورتی تۆ لەم بابەتەدا مامۆستای گەلەکەتانی. باشە ئەم ئارەزووە لە کوێوە دێت؟

هێندەی قوتابی‌یەکی چالاك بووم،
هەمان کات لاوێکی بەمشوور بووم بۆ ئاین و نوێژەکانم.

س.پ: هەر لەلایەنی قوتابخانەوە نا، لەلایەنی ئاینیشەوە هەروا بووم. دووعا ئاینیەکانم بەزۆری لەبەر بوون. باش لەبیرمە تا سوورەتی (٣٣)م لەبەرکرد. مادامێکی باسی ئاین دەکەین، بێلە با باسی ڕای مەلای گوندت سەبارەت بە کەسایەتی خۆم بۆ بکەم.

ی.ك: باشە، تۆ دەچوویتە دێی ئەرمەنی بۆ خوێندن، چۆن دەچویتە لای مەلا؟

س.پ: پێم وایە ئەوە لەو هەمان ساڵانەدا بوو کە تێیاندا دەچوومە قوتابخانەی سەرەتایی. نوێژەکانیشم دەکرد. کەس لە دێ ڕێی چوونەلای مەلای لێ‌قەدەغە نەدەکردم، چونکە دەچوومە مزگەوت.

ی.ك: باشە، بەڵام کێ پێی دەخوێندی؟ دایکت؟

س.پ: نەخێر، خۆم بەتەنێ دووعام لەبەر دەکرد، چەند کتێبێکی دووعام لەبەر دەستدا بوون.

ی.ك: ئایا بە ئەلف و بێی لاتینی بوون؟

س.پ: بەڵێ بە ئەلف و بێی لاتینی بوون. ئەو کتێبانەشم دەخوێندەوە کە پێوەندی‌یان بە داستانەکانی «عەلی» ی سەردارمانەوە ـ خوای لێ ڕازی بێ ـ هەبوو. لەوبارەیەوە بیرەوەریەکم هەیە. مەلایەکی عەلی ناو لە دێدا هەبوو، لە داستانەکانی «عەلی»ی سەردارماندا پسپۆڕ بوو. باوکم شەوانی درێژی زستان دەیبردم بۆ ئەوێ. منیش ئەو ئارەزووەم هەبوو ئامادەی ئەم جۆرە کۆڕ و مەجلیسانە ببم. لەوێ گوێم لە داستانەکانی «غازی بەتاڵ» و «عەلی»ی سەردارمان دەگرت. شێوازێکی بەتامی لە خوێندنەوەی ئەم داستانانەدا هەبوو و دەستی دەجووڵاند و دەیگوت: «عەلی وا شمشێرەکەی هەڵکێشا و وا وەشاندی و وا دەرگای خەیبەری کردەوە و بەو شێوەیە پردێکی دروست کرد و واش بەسەر نەمروودا زاڵ بوو». بەم شێوە کاریگەرە ئەم داستانانەی دەگێڕایەوە.

ی.ك: ئایا لە مزگەوت دەیخوێندنەوە؟

س.پ: نەخێر، شەوانی درێژی زستان لە کۆڕ و مەجلیسەکاندا بە چەند ڕۆژێك دەیخوێندەوە. ئەو خوێندنەوانە زۆر کاریان تێ‌دەکردم و خەیاڵێکی «عەلی»ی سەردارمانیان لەلا خوڵقاندم کە لە کادێری سەرکردە دەچوو.

ی.ك: واتە پاڵەوانێك بوو.

س.پ: بێ‌گومان پاڵەوان بوو، غازی بەتاڵ و خەیاڵەکەشی هەروا بوون.

ی.ك: لە هەژارانەوە نیزیك و لە بەرانبەری زۆرداراندا بوو. ئاوا هەڵیدەسەنگێنن، وانی‌یە؟

س.پ: با بڵێین «عەلی» سەردارمان ڕووبەڕووی زۆرداری و زۆرداران کەسێکی دەروو کەرەوەی وڵاتان بوو و شمشێرەکەی لەپێناوی گەلدا ڕادەوەشاند. ئەوە

یاریدەی نەشونماکردنی ئارەزووەمیدا و ئەم ئارەزووە لەلام دەستی پێ‌کرد.

ی.ك: ئایا دایکتان زۆری بۆ نەدەهێنان فێری سوورەتەکانی قورئان ببن؟

س.پ: نەخێر، دایکم ئەوەی نەدەزانی، من بەویستی خۆم دەستم بەخوێندن کرد. سەبارەت بە بایەخدانیشم بە ئاین و قوتابخانە، ئەوە بە هاندانی خودی خۆم بوو. چی بۆ خوێندن پێویست بوو کردم. هێندەی قوتابی‌یەکی باش بووم، هەمان کات مشووری ئاین و نوێژەکانمم دەخوارد. مەلای دێ بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵیسەنگاند بووم: «عەبدوڵلا ئەگەر بەم خێراییە بڕۆی، دەفڕی». مەلای دێ هێشتا ماوەو دەتوانن ئەوەی لێ‌بپرسن. ئەو بوو هێز و ئارەزووی تێدا بینیم و زانی چۆن لەلام دروست دەبن.

ی.ك: ئایا مەبەستی ئەوە بوو دەبیتە فریشتە؟

س.پ: بێ‌گومان زۆر، مەبەستی ئەوەبوو من دەبمە پیاوچاکێك یا فریشتەیەك. ئەمە ڕاستگۆیی و ئارەزوو و پێبەندبوون دەردەبڕێ. بەم پێیە هەڵیدەسەنگاندم. لێرەدا گرنگ ئەوەیە هەڵسەنگاندنەکانی لەگەڵ هی مامۆستاکانمدا هاوجووت بوون. من باسی بیرەوەریەکانی ئەم دواییەم ناکەم، بەڵکو باسی بیرەوەریەکانی منداڵیم دەکەم. ئەو گۆڕانکاریانەش کە پاشتر ڕوویاندا سەرەداوەکانی لێرەدا بە نهێنی شاردرانەوە. وەك پێشتر گوتم گرنگترینیان بێ‌هێزی لە ڕادەبەدەر و ئەوپەڕی هەژاری کە منی منداڵی تێدا دەژیام و لەلایەکی دیکەوە ئەو نانەی کە پەیدا دەکرا و ئەو هەوڵەش کە بۆی دەدرا، هەموو ئەمانە بەلای منەوە چەند کێشەیەکی گەورە بوون.

منیش مەترسی داب‌ونەریتم دەبینی و نەمدەویست بە ئاسانی لە ژێر باری گرانیدا بخنکێم. هێندێك خەیاڵم هەبوون، بەڵام بەدیهێنانیان گران بوو بەڵکو مەحاڵیش بوون، لاموایە هەر ئەم خەیاڵە بوو دەیخستمە سەر ڕێی نوێژ و قوتابخانە. ئەم نوێژ و قوتابخانەیە وایان لێ‌دەکردم هەست بکەم باشترین ڕێگان بۆ بەدیهێنانی خەیاڵم و بۆ هەڵگەڕانەوە لە داب‌ونەریتەکان و ئەزموون و شارەزایی‌یان پێ‌دەبەخشیم. لە هەموو ئەوانەشدا دەستەپاچەییم دەبینی. گەلێك دژواری گەورەم دەبینی، بەڵام ملم دانەدەنەواند. بەکورتی قۆناخی منداڵیم یەکجار ناکۆك و پڕخەفەت بوو.

ی.ك: باشە، ئەو کاتە بەپێی خەیاڵی ساوات دەتویست بچیتە چ قوتابخانەیەك؟

س.پ: دەمویست بێ‌ئەملاوئەولا بچمە قوتابخانەی سەربازی. پێش ئەوەش بە خۆمم دەگوت دەبێ بچمە زانکۆی (الازهر) تا زانستی ئاینی وەربگرم. ئەو خولیایەم هەبوو. کە ئەوە بەشێوەیەکی ئاسایی بەدی نەهات، زانیم ناتوانم بەرەو پێش بڕۆم و خەونەکانم تەفروتوونا بوون، بۆیە دەستم لێ‌هەڵگرتن. دیارە ئارەزووی یەکەمم درێژەدان بوو بە خوێندن لە قوتابخانە ئاینیەکاندا. دوای ئەوە کەڵکەڵەی قوتابخانە سەربازیەکان کەوتە سەرم.

ی.ك: لێرەدا دەتوانین بڵێین ئێوە هەر لە منداڵی‌یەوە خولیای گۆڕینی ڕژێمتان

هەبوو سا یا بە ئاین یا بە ئامرازی سەربازی.

مستەفا کەمال هەموو شتێکی بەهۆی دەوڵەتەوە دەکرد، بەڵام من هەموو شتێك بەهۆی گەلەوە دەکەم

س.پ: بەڵێ، ئەمە بە ڕوونی دەبینرا. لەم بابەتەشدا بیرەوەریەکتان بۆ دەگێڕمەوە: هێشتا لە قوتابخانەی سەرەتایی بووم و ئێمە خەریك بوو دوایمان پێدەهێنا. هاوڕێیەکم لەگەڵ خۆمدا هێنابوو و لەسەر دار دانیشتبووین و باسی نەخشەی یەکەم کودەتام بۆ دەکرد و پێم دەگوت: «دەتکەم بە سەرکردەی هێزەکانی وشکانی و خۆشم سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی بەدەستەوە دەگرم و هەردوو یەکدەگرین بۆ سەرکردایەتی کردنی کودەتاکە».

ی.ك: ئەمە لە قۆناخی سەرەتاییدا بوو؟

س.پ: بێ‌گومان، لە قۆناخی سەرەتاییدا خەیالی وام دەکرد. ئەمە بیرێکی شێتانە بوو، بەڵام لە ئارادابوو. من ئێستاکە بیر لەوە دەکەمەوە کە چۆن ئەو شێوازە شێتگیرانەم لەو تەمەنەدا بەخەیاڵدا هاتوون بۆ گۆڕینی ڕژێم. ناشزانم ئەو خەیالانەم لەکوێوە بۆ دەهاتن. تا ئێستاش ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم...

ی.ك: ئەوە لەچ سالێکدا بوو؟ سالانی شەست بوو؟

س.پ: بەڵێ زۆر ڕێی تێدەچێ. لەوانەیە ئەم بیرانە بەکاریگەری کودەتای ٢٧ ی ئایاری ١٩٦٠ بووبن، چونکە من ئەو کودەتایەم لە بیرە.

ی.ك: پێم وایە ئەوە کاریگەری هەبووە. باشە ئاپۆی برام سەرنجی شتێکی دیکەت داوە. با کوردستان بخەینە لاوە، لە تورکیا کە فەرمانبەران لە بەڕێوەبەرەکەیان نابەدڵ دەبن بە چاوپۆشین لەوەی کە(PKK) و ئاپۆیان خۆش بوێ یان نا، دەڵێن دەتوانین چی بکەین، ئایا بچینە لای ئاپۆ دەردە دڵی لەلا بکەین؟ وا دەڵێن. ئەوەی مەبەستمە ئاپۆ و(PKK) بوونەتە بابەتێکی جێی مشتومڕ بەڕادەیەك چوونەتە نێو باس و خواسی ڕۆژانە.

س.پ: تا ئێستا من ناڵێم « من شتێکم بە گەل داوە ». بەڵام گەل دەزانێ من شتێکی دەدەمێ. بە ئاسانیش چاوڕوانی ئەوە دەکات. ئەوان هەوڵدەدەن هەر لە ئێستاوە ئەو شتانە ببەن کە خەویان پێوە دەبینن. ئەوەتا دەڵێن «ئاپۆ فلان شت دەدا » و ئەمە پاداشتی ئاپۆیە و ئێوەش لەم مەسەلەیە بە ئاگان، چونکە لە ڕۆژنامەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو مووچەیەی کە دراوە بە گوندپارێزان(*)، مووچەیەکە ئەندازیار و کەسانی دیکەش وەری ناگرن، ئەوان چەك و پاداشتی زۆریان دەدەنێ، لەپاڵ مووچە و پاداشتی ئەو فەرمانبەرانەدا کە لە کوردستان کاردەکەن. بەڵام کە بارودۆخەکە دەگاتە ئەم ڕادەیە، ئەم فەرمانبەرە هەڵدەستێ و بە

(*)دەوڵەتی تورکیا بە جاشەکانی باکوری کوردستان دەڵێت گوندپارێزان

بەڕێوەبەرەکەی دەڵێت سکاڵای خۆم ببەمە لای ئاپۆ؟ ئەمە کارێکی زۆر ئاساییە، چونکە گەل دەبینێ ئەو حاڵەی کە دەوڵەت پێی گەیشتووە ـ واتە حاڵی بێچارەسەری ـ لە(PKK) و ئاپۆ بەدەر هیچ هێزێکی دیکە لەبەردەم هێزی دەوڵەتدانین چارەسەری بکەن. هەموویان ئەمە دەبینن.

ی.ك: باسی مەسەلەیەکی دیکەت بۆ دەکەم. لەناوەندی کاری ژنەکەمدا چەند بەڕێوەبەرێکی گشتی هەن. ڕۆژێکیان دانیشتبووین، یەکێکیان گوتی: وەك چۆن پەندەکە دەڵێت: «هەموو ڕێیەك دەچێتەوە سەر ڕۆما»، ئێستاش هەموو باس و خواسێك بە(PKK) و ئاپۆ کۆتایی‌یان دێت. ئەو کاتە ژنەکەم گوتی ئەوە چی دەڵێی، ئەگەر ئەتاتورك بەلای تورکانەوە شتێك بگەیەنێ، ئەوا ئاپۆش بەلای کوردانەوە هەمان شت دەگەیەنێ. چی لەسەر ئەم بیرکردنەوەیە دەڵێی؟

س.پ: ئەم قسەیە محەممەد عەلی بیراندیش گوتوویەتی.

ی.ك: ئەمە خۆم ڕێکم نەخستووە، ژنەکەم گوتوویەتی.

س.پ: وەزعی ئێستام کەمێك جیاوازە. من لەوانەم کە باش لە مستەفا کەمال حاڵی‌بوون. ئەو دەسەڵاتەی کە هەمە و ئەو قۆناخە سیاسی‌یەش کە پێیدا ڕەت دەبم هێزی شیکردنەوەی سەرکردایەتیم پێ‌دەبەخشن. جا کاتێك تێدەکۆشم لەژیانی مستەفا کەمال حاڵی ببم، دەتوانم هەڵسەنگاندنێکی باش بکەم و بزانم مستەفا کەمال سەبارەت بە نیشتمانێك کە تێی‌گەیشتووم چی دەگەیەنێ. ناشڵێم لە هێندێك حاڵدا هیچ لێکچوونێك لە نێوان شێوازی هەردوو کماندا نی‌یە.

ی.ك: بۆ نموونە، بە ڕاشکاوی دەڵێم من دەتبینم لەو زیاتر باوەڕت هەیە.

س.پ: مستەفا کەمال هەموو شتێکی بەهۆی دەوڵەتەوە دەکرد، بەڵام من هەموو شتێك بەهۆی گەلەوە دەکەم. لەم حاڵەدا جیاوازی‌یەکی گەورە لەنێوانماندا هەیە. خۆ مستەفاکەمال هەموو هێزی خۆی لە دەسەڵاتی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانییەوە وەردەگرت. هەرچی منم تەواو پێچەوانەی ئەوەم، پشت بەگەلێکی هەژاری کەم ڕێکخراوەوە دەبەستم و هەوڵدەدەم لە ڕێگای ئەوەوە هەموو شتێك بەدی بێنم. ئەم گەلەش حاڵی حازر پێ‌دەنێتە نێو دۆخێکی دژ بە دەوڵەت و پشت ئەستوور بە توانای خۆی ئامراز و هێزی هەن. بەڵام مستەفاکەمال لەو دەوڵەتەدا نوقم بوو بوو کە هەموو شتێکی بۆ کرد و کوێی ویست لەوێی دانا و دەوڵەتی پەرست. سەرەنجام ئەو دەوڵەتەی وا مستەفاکەمال دایمەزراند، بوو بە دەوڵەتێکی پێبەندکراو. مانای وایە تۆ ئەگەر دەوڵەت بپەرستی و ببیە کابرایەکی سەرپەرگری دەوڵەت، ئەوە هیچ سەروساختێکی لەگەڵ سەربەخۆییدا نی‌یە، تەنانەت ڕەنگە دژی ئەوەش بێ. پیاوی یەکجار سەرپەرگری دەوڵەت هەموو شتێك لە دەوڵەتدا دەبینێتەوە، واتە دەبێ بە دەرگەوان و ئەمەش دەکێشێتەوە بۆ پێبەند بوون و نموونەی ئەمەش دەوڵەتی تورکیایە. مانای وایە بەر لە هەموو شتێك گەل لە ڕووی مەعنەوی و زەینی‌یەوە لەسەر سەربەخۆیی ڕابهێنی و بیکەیە گەلێکی جەنگاوەر و خەباتگێڕ. بەم مانایە گەلەکەمان لە ڕووی ئایدۆلۆژی و مەعنەوی‌یەوە لە گەلی

تورکی تێپەڕاندووە و بووە بە گەلێکی جەنگاوەر. ئێمە ئێستاکە ئەم خاڵە تاوتوێ دەکەین و هەوڵەکانمان لەم ڕێگایەدا چڕ دەکەینەوە. هەروەها لای بەهای شۆڕشگێڕی و بەهای مەعنەویش هەڵوێستە دەکەین و بەکردەوە بەجێیان دەهێنین.

ی.ك: مستەفا کەمال کە نوێنەرایەتی «دەوڵەت» دەکات لەسەر ڕێکخستنێکی حازر بەدەست دانیشتووە،

س.پ: بێئەملاوئەولا وەهایە، چونکە مستەفا کەمال شەڕی ڕزگاری بە سوپا و حوکمدارانی ویلایەتەکانەوە دەست پێکرد. بەڵام من قەرزار بووم.

ی.ك: ئێوە لە سفرەوە دەستتان پێکرد.

س . پ : نەخێر، وەك گوتم قەرزار بووم، چونکە خاڵی سەرەتا لەخوار سفریشەوەیە. کە دەستم بەم کارە کرد، نە یەك گوللە و نە هەڤاڵێکیشم هەبوو. ڕەنگە باش بووبێ کە خاڵی سەرەتا بەم شێوەیە بێ. ئەگەر لەگەڵ مستەفا کەمالدا بەراوردیان بکەین دەبینین پشتی بە دەوڵەت بەستووە و نیشتمانپەروەریەکەشی زۆر پشتی بە دەوڵەت بەستووە. لە کاتێکدا لای من وا کەوتووەتەوە: من بە گەل پشت ئەستوورم و هێز و هەیبەتم لەگەڵەوە هەڵدەهێنجم. پێویستە باش ئەوە بەراورد بکرێت.

ی.ك: باشە، بەڵام نیشتمانپەروەری مستەفا کەمال چۆن دەبینن؟ قسەیەك هەیە بە زمانی (مستەفا کەمال)ەوە کراوە دەڵێت: «کورد بە تورکی لە دایك بووە».

س.پ: بەڵێ تێدەگەم، ڕەنگە گەورەبوونی وەك وردەبۆرژوایەك خستبێتیە خانەی ئەم بارودۆخەوە. ئەوە بوو ساڵی ١٩١٧ وەختێك لە دیاربەکر و سیلوان بوو، جلی کوردی لەبەر دەکرد و لە کچانی کورد نیزیك دەبوەوە. بەسەرهاتێکی ئەو هەیە لەسەر خواستنی کچی پیاو ماقوولێك. لێرەوە ئەم دۆخەی خوارەوە بەئەنجام دەهێنین: ئەو کاتە مەترسی ئەوە لە گۆڕێدابوو سەرتاسەری تورکیا دووچاری داگیر کردن ببێ. ئەگەر هەموو تورکیا لەدەست بچووبایە، مستەفاکەمال دەبووە مەلیك یا موڵکدارێکی کورد. تا ئێستاش چەند وێنەیەکی ئەو لەوێ هەن دەستی چەند مەلایەك و سەرۆك خێڵێکیان تێدا ماچ دەکات. لەوێ چەندەها کۆبوونەوە و کۆنگرەی لە سیواس و ئەرزەرۆم سازدا. سەرباری ئەو نامە و بانگەواز و ڕاگەیاندنانەی کە ئاراستەی پێشەوایان و پیاو ماقووڵانی کوردی کردن و تێیاندا دەڵێت: «با ئێمەی کورد و تورك پێکەوە دژی دوژمنی هاوبەش بکەوینەخۆ». ڕاگەیاندنی گشتی «ئەماسیا»ش هەیە.

گرنگ ئەوەیە مستەفا کەمال ئەم نەریتە مێژووییە و ئەم ئارەزووەی هەیە بۆ ڕزگارکردنی ڕاستی تورك و ڕێبەری کردن و ڕێنوێنی کردنی. ئەمەش نەریتێکی یەکجار ترسناکە. جارێکی دیکەش بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە و سوور بووە لەسەر هاوپەیمانەتی کردن لەوێ. لەوەدا لەو سوڵتان سەلجووقە دەچێ کە سووربوو لەسەر گەیشتنە دەرگاکانی بەغدا و، لە سوڵتان سەلیم یاوزیش دەچێ کە ویستی بگاتە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ و گەلەکەی تێدا جێنشین بکات. ئەمەش بەڵگەی

دەستبەستەیی و سەرنەکەوتنە و لایەنێکی گرنگیشە. ئەم نەریتە سێ کەرەت لە مێژووی تورکدا دووپات دەبێتەوە و نێوانی هەر دوو کەرەتێکیش نیزیکەی (٥٠٠) ساڵە. لە هەر سێ کەرەتەکاندا پشت بە کورد دەبەستن و بەو رێککەوتن و پەیمانانەی کە لەگەڵ پێشەوایانی کورددا مۆریان دەکەن دەگەنە رێگا چارەیەك بۆ کێشەکانیان و کردنەوەی گرێ کوێرەکانیان تا مەترسیەکەیان لەسەر لادەچێ و بە پشت ئەستوور بوون بە کورد رێگایەك بۆ دەرچوون لە مەینەتی‌یان دەدۆزنەوە. لە سەردەمی مستەفاکەمالدا ئەمە روویدا. هەموو بەڵگەنامەکان هەن و لەبەر دەستتدان و ئەمە مەسەلەیەکی ئاشکرایە و نکوولی لێناکرێت.

ی .ك : دەمەوێ باسی ئەم لایەنەش بکەم: مستەفاکەمال هەمیشە بیری لە دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ کچانی پیاوماقوولان و دەوڵەمەندان و چینی باڵادا دەکردەوە.

س .پ : بەڵێ، ئەو لایەنە هەر بە ناتەواوی مایەوە، بۆیە پەرم کردەوە. ئەو وا تەماشای دەوڵەتی دەکرد وەك بڵێی هەموو شتێکە. لەبەر ئەمە بایەخی بەو چینانە دەدا کە دەوڵەت پشتی پێدەبەستن و هێزی خۆی لێ‌هەڵدەهێنجان و پێوەندیەکانی لەو چینانەدا چڕ دەکردەوە. خۆ نیشتمانپەروەریەکەی نیشتمانپەروەری چینە باڵادەستەکان بوو لە دەرەبەگەکان و کۆمپرادۆرەکان. واتە نیشتمانپەروەریەکەی نیشتمانپەروەری گەل نەبوو. بەڵام ئەگەر بڵێی چۆن بە ئاسانی بە بارودۆخێکی وا گەیشت، راستیەکەی دەوڵەت لە قۆناخی سەرەتاییەوە ـ ئەو قوتابخانانەش کە لە سلانیك بوون هی دەوڵەت بوون ـ تا دەگات بە کۆلێژی سەربازی جەنگ خستیە ژێر باڵی خۆی. ئەو لە هەموو شتێکدا قەرزاری دەوڵەت بوو. منیش ئارەزووم بوو بچمە کۆلێژی سەربازی. لەوانەیە لەم خاڵەدا لێك بچین. بەڵام من ئەو دەرفەتەم بۆ نەرەخسا، چونکە ئەو خولیا کوردیانەی کە لە زوویەکەوە دەستیان پێ‌کرد لەلام تێ‌یانگەیاندم هیچ ئومێدێکم لە چوونە نێو سووپادا نی‌یە. جا لەبەر ئەوەش کە گەلی کورد بێ‌هێز بوو، ئەوە وەك کەسێك زۆر نارەحەتی کردبووم. لەم رووەوە میللەتی کورد کۆسپێکی گەورە بوو لەبەردەممدا و رێی نەدەدام پێش بکەوم، چونکە بەو پێیە دادگایی‌یان دەکردم، هەر لە یەکەم هەنگاوی گەورەبوونمەوە ئەم هەست و دڵەڕاوکەیەم هەبوو، واتە خولیای سەرکەوتنم لەلا هەیە. بەڵام مەسەلەی کورد تەگەرەی تێ‌دەخست. سەبارەت بە چوونە کۆلێژی سەربازی، کورد بوونم کۆسپی بنچینەیی بوو. من ئەوەشم زانی و بەرهەنگاری بوومەوە. کە هەوڵیشمدا، سەیرم کرد دەرگاکانم لە روودا داخراون. ئەوسا زانیم دووبەرەکی نێوان گەلان و چینەکان شتێکی حاشاهەڵنەگرە. ئەگەر سەرنج بدەن ئەمە کێشەیەکی گرنگە. هەر لە منداڵی‌یەوە خولیای سەرکەوتن لە دروست بوونمدا هەیە و خەیاڵ دەورێکی گرنگ دەبینێ. کورد بوونم تەگەرەی خستە نێو هەموو ئەوانە و وای لێ‌کردم لە تەمەنێکی کەمەوە ببمە کەسێکی نەتەوەیی و بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی بژیم. ئەمەش کارێکی گەورەی کردە سەر کەسایەتیم، هیچ نەبێ وەك کاریگەری ئاین.

ی.ك: لەلایەکی دیکەوە، مستەفاکەمال تا پێش شۆڕشی شێخ سەعید بە شێوەیەکی شێلگیرانە هەستی نەتەوەیی تورکی نەبوو. کە لەوێ ئیشی کرد ئەمجا ئەم هەستانە لەلای دەستیان پێکرد.
س.پ: لەوانەیە وابێ، بەڵام من ویستم بەراورد لەنێوان گەورەبوونی مستەفا کەمال و هی خۆمدا بکەم و خاڵەکانی لێکچوون دەربخەم.
ی.ك: ئەو قسەیەتان: «ئەو بە دەوڵەت دەستی پێکرد... منیش بەگەل دەستم پێکرد» قسەیەکی شایەنی بایەخ پێدانە.
س.پ: بێئەملاوئەولا وەهایە.

لە منداڵیمدا تەنانەت کاتێکیش کە ململانێم لەگەڵ ماردا دەکرد، پلانی باشم بۆ ئەوە دادەڕشت.

ی.ك: خاڵی دووەمیش کە تۆمارم کرد قسەکەتانە «لەبەر ئەوەی ڕێگایەکی دیکەم بۆ ڕزگارکردنی گەلی کوردستان و سەرخستنی نەدۆزییەوە، بۆیە ڕوومکردە سۆشیالیزم».
س.پ: ئەو سەرەداوە سۆشیالیستیانەتان بۆ ڕوون دەکەمەوە کە لە منداڵیمدا لێرە و لەوێ کۆمکردنەوە. دەبوو خۆتان لە گێڕانەوەی قسەکانمدا دەریان بهێنن. من بە تەبیعەت شەیدای گەلەکۆمەکردنم، بە تایبەتی گەلەکۆمەی بێسەرموت. کاتێك لەنێو تاقمی منداڵاندا نەبوومایە، هەستم بەوەڕزی دەکرد. هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە چۆن منداڵان لە نێو چوار دیواری بۆگەندا بهێنمە دەرێ. گەورەترین ئارەزووی ڕۆژانەم ئەوەبوو منداڵێك لەگەڵ خۆمدا ببەم و ڕوو بکەینە چیا بە بیانووی مار کوشتن یا چۆلەکە گرتن یان گەیشتنە هێلانەی هەڵۆ، بە تایبەتی کە من دڵبەندی هێلانەی هەڵۆ بووم. ململانێ کردن لەگەڵ ماردا بەلای منەوە مایەی سەرسامی بوو و لەوەدا بەتاوبانگ بووم. هەر ماریان بدیبایە، بانگیان دەکردم.
ی.ك: چ جۆرە مارێك؟ ڕەش مار؟
س.پ: نەخێر، هەموو جۆرە مارێك هەبوون. تەنانەت لە منداڵیشمدا کە ململانێی مارم دەکرد، باش پلانم بۆ دادەنا.
ی.ك: ئەمە مانای وایە تۆ هەتا لەو کاتەیشدا فێر بووی چۆن ململانێی دوژمنی خراپ و ناپاك بکەی.
س.پ: بەڵێ، مار ناپاك و فێڵاوییە.
ی.ك: دوایی دێینەوە سەر ئەوە. بەڵام من دەمەوێ باسی بەراوردێك بکەم، ئەویش ئەوەیە من کاتێك بەراوردم لە نێوان مستەفاکەمال و عەبدوڵلا ئۆجەلاندا دەکرد، دەمبینین لە مستەفاکەمال و گەلێك سەرکردەی دیکە بەجەرگترن.
س.پ: هەڵە نیت؟

ی.ك: نەخێر، نموونەکانیشم ئەمانەن: کە لە لەندەن بووم و ئەو نامەیەم خوێندەوە کە بە بۆنەی «نەورۆز»ەوە ناردبووتان، ئێوە لە قورسترین کاتدا بە بێگانان دەڵێن «PKK مارکسی-لینینی‌یە». لە هەموو گفتوگۆیەکیشتاندا باسی سۆشیالیزم دەکەن، سەرباری هەبوونی چەندەها خێڵ لە واقیعی کوردەواریدا. هەروەها هەڵوێستتان لە سەروبەندی کۆنفرانسی بەندیخاناندا، بۆیە من ئەم هەڵوێستانەتان زۆر بە بەجەرگانە دەبینم.

س.پ: نەخێر، من ناڵێم ئازام یا دوودڵ، ترسنۆکم یان نا، ئەوی ڕاستی بێ من مرۆڤێکی یەکجار بە ئابڕووم و ئێستاش وام، بەڵام ئەمە بەجەرگی‌یەکی بێ‌ئەندازەشی تێدایە و تا حاڵی جازر لێی تێنەگەیشتووم. مرۆڤێك وێنا ناکەم هەمان کات ترس و بەجەرگیشی هەبن. لای من ئەم دوانە هەن و تێکهەڕیون. باسی ململانێی منداڵی خۆمم لەگەڵ ماردا بۆ کردن. من لەبەر ئەوەی زۆر لە مار دەترسام، زۆریش ململانێم دەکرد. زۆر لە خێزانەکەم دەترسام و زۆریش کێشمەکێشم لەگەڵدا دەکرد. واتە من مرۆڤێکم بەترس و گومانێکی قووڵەوە دەژیم. ئەم بارودۆخە لەگەڵ ئاین و ترس لەخوا و دۆزەخدا دووپات دەبێتەوە. سەرباری ترسم لە خوا، بەزاتێکی گەورەوە ڕوو دەکەمە ماتریالیزمی مێژوویی و دیالەکتیك. ئەمەش یەکجار تێکهەڕیوە و هێشتاکە وەهام.

نموونەش منداڵیمە. وەختێك بەو عەقلیەتەوە بیرم لە کودەتا دەکردەوە و هەمان کاتی ڕووم دەکردە ڕێکخستنی سادەی نێو منداڵان. جا لەبەرئەوەی مرۆڤ نازانێ ئاوا دەژی یان پێوەندی وای لەگەڵ دنیادا بۆ پەیدا دەبێ کە بەم شێوەیە بە خەیاڵدا نایێت، بۆیە دەیانگوت: «ئەم کورە ڕێگای خۆی ون کردووە». بەڵام ئەم کارە دواتر کەڵکی پێ‌بەخشیم.

من پێبەستی گوورانی گەلی کوردم
کە لە گوورانی من دەچێ لە منداڵیدا.

ی.ك: ئایا بە ئارامی دەخەوی؟

س.پ: خەو لای من وەزیفەیە. هەموو شتێك لە ژیانمدا وەك وەزیفە بەسەرمدا سەپێندراون. گوزەرانیش بەلای منەوە وەکو وەزیفە وایە.

ی.ك: ئێوە ژیانتان خۆش دەوێ، وانی‌یە؟

س.پ: من ئێستا لە تەمەنی (٤٤) ساڵیمدام، بەڵام هێشتاکە بە سەرگەرمی منداڵێکی تەمەن حەوت یا دە ساڵانەوە دەژیم.

ی.ك: زۆر جوانە.

س.پ: منیش بێئەملاوئەولا وەهام. ئومێد و سەرگەرمی ئەو تەمەنە هێزی ئەژنۆمن.
ی.ك: ئەمە ئەوە دەگەیەنێ تۆ هەستونەستی منداڵانت هەیە. ئەمەش هەستێکی زۆر جوانە.
س.پ: من قبوولی ناکەم بە شێوەیەکی دیکە گەورە ببم. بۆتان هەیە چۆنتان دەوێ وا هەڵیبسەنگێنن. من بەدرێژایی ڕۆژگار شەڕ دەکەم. دیارە ئەوە گەلێك هۆی هەن. تەمەن گەورەیی لە تێگەیشتنی مندا ڕەتکراوەیە. لەلایەکی دیکەوە گەلێك هەیە هێشتا لە قۆناخی منداڵیدایە. گەورەییم توندوتۆڵ گرێدراوی گەورەیی ئەم گەلەیە. حەزدەکەم بڵێم سەبارەت بەم بابەتە سەرسەختییەکی کەم وێنەم هەیە. کە لام لە کێشەی کورد و پێوەندی بە سۆشیالیزمەوە کردەوە، گوتم: «دەبێ ئەو دوو کێشەیە لەگەڵمدا بژیینەوە و تووشی بەزین نەبن. بەڵکو دەبێ لەگەڵمدا پەرەبستێنن». من لەم مەسەلەیەدا زۆر سەرسەختم. کورد لەگەڵمدا گەورە دەبێ.
ی.ك: ئەوە چەند جوانە، منیش لە کتێبەکەمدا نووسیومە: «هەڵگەڕانەوەی کورد بە میرێك دەستی پێکرد ناوی بەدرخان بوو و پاشتر چووە ژێر فەرمانی منداڵێکی هەژاری کورد و ئێستاش بە ڕێبەری زەحمەتکێشانی کورد ڕێدەکات و گەورە دەبێ».
س.پ: کورد بوونی من لەهی بەدرخانیەکان یا بارزانیەکان ناچێ و جیاوازییەکی گەورەش هەیە. لە ڕاستیدا ئەوەی من کاتێك سەری هەڵدا کە کوردبوون دوایی پێهات. ئەمەش حاڵێکی زۆر گرنگە. سەبارەت بە من هەلومەرجی ئێو خێزانم نیشانەی ئەوە بوو کە کوردبوون کۆتایی پێهاتووە. من ئەم کۆتایی پێهاتنە دەبینم. لەو حاڵەوە، واتە حاڵی کۆتایی پێهاتنی گەلی کورد، دەست پێدەکەم. ئەمەش ڕاستییەکی ڕۆشنە.
من بە یەکێکی ئەو «کرمانج»انە دادەنرێم کە «مارکیت»ی نووسەری هۆڵەندی باسی کردوون و گەیشتووەتە حاڵێکی ڕاستەقینە و ڕوون، وەختێك لە بارەی «کرمانج»ەوە گوتوویەتی: کرمانج ئەو کوردانەن کە پێوەندی هۆزایەتییان لە بەریەکهەڵوەشاوە و هەمان کات هۆیەکانی بەهێزی خۆیانیان لە دەست داوە. باوەڕم وایە دەتوانین بڵێین ئەوەی وا ئەم قسەیە مەبەستیەتی ئەو کوردانەن کە لە پێوەندی خێلەکی قوتار بوون و ڕوویانکردووەتە قۆناخی هەولدان و زۆربەیان دێنشینی هەژارن تەنانەت لە ئاستی خێزانیشدا. بەم پێیە کورد بوونی من پشت بەم جۆرە پێناسینە دەبەستێ.
ی.ك: ئەمە مانای وایە ئێوە کورد و نەتەوایەتی و گەوهەری زەحمەتکێشتان بەدەستەوەگرت و لەو حاڵەوە کە تێیدا وەستابوو بەرێتان خست.
س.پ: بە کورتی کێشەی من کێشەی ئەو کەرتە بوو کە باسم کرد و، لە کورد بوونی نە بەدرخانیەکان و بارزانیەکان و نە هی تاڵەبانی ناچێ. واتە کورد بوونی خەڵکانی خوداماڵیون لە پێوەندی خێلەکی.
ی.ك: واتە کورد بوونی بیرۆکراتییە کوردەکان نییە کە پاشماوەی

عوسمانی‌یه‌کانه.

س.پ: بێ‌گومان نا. من هەر لەسەرەتاوە لەگەڵیاندا ناکۆکم. پێویستە جۆری کورد بوونی من باش تێ‌بگەن. من ئەم کوردبوونە ڕێکدەخەم و دەیخەمە پێشی پێشەوە. پێم وایە دەبێ بە شێوەیەکی باشتر گەشە بەم شیکردنەوەیە بدەین.

ی.ك: دیارە پێویستە زۆر بیر لەو قسانەی تۆ بکرێتەوە.

س.پ: تێڕوانینی ئەم نووسەرە هۆڵەندیە لە جێی خۆیدایە. ئەو بوو باسی هەوڵی بەرخۆدانی کرد لە ناوچەی «بۆتان»دا ساڵی ١٩٧٥ و لەم بارەیەوە گوتی: «ڕەنگە ئەوانە لە پاشەڕۆژدا ببنە بلیسە». بە کردەوەش ئەوە لە بۆتان بەدی هات و ئێمە یەکەم بلیسەمان تێدا هەڵگیرساند.

ی.ك: پاشان بوو بە زانای ئەنثرۆپۆلۆجیا.

س.پ: مەسەلەکەمان بریتی‌یە لە چەشنێکی تازە و پێوەندی بە ئاغا و شێخ و ئەو توێژانەوە نی‌یە کە گرێدراوی دەوڵەتن. لە کاتێکدا ئەو کەرتەی کە لێوەی کەوتوومەوە دەروویەکی بۆ من دۆزیبیەوە. دەمەوێ بڵێم: لە ڕاستیدا کرمانج بێ‌هێزترین کەرتن و لە هەموو کوردێك زیاتر قابیلی لێکهەڵوەشاندنن و بە ئاغا و شێخ و دەوڵەتەوە نەبەستراونەتەوە. کرمانج کەرتێکە لە زەلکاودایە و دووچاری گەلێك دژواری دەبێ. هەرچی گوند و خێزانەکەشمن لە بەشەکانی دیکەی ئەم کەرتە زیاتر لێکهەڵدەوەشێن و لە لێوازی بڕانەوەدان. بەگشتی من سەر بەو کۆمەڵە خێڵەکیە هەڵوەشاوەیەم کە ناوی خێڵی «بەرازی»یە. بەرازیەکان لە ناوچەکانی «سروج و بوز ئوفە و دەوروبەریاندا» دەژین. ئەوانە لە قۆناخێکدا خەسڵەتی خێڵەکی خۆیان بە تەواوی لە دەست دەدەن. ئێمەش لەو پەڕی ئەوانەوەین. واتە ئێمە لەوان پتر دوابڕاوین. هەتا هۆزەکەشمان بڵاوەی لێ‌کرد و هەر باوکمی لێ‌ماوەتەوە. بێ‌دەسەڵاتی باوکم لەم دۆخەوە سەرچاوە دەگرێ. تەنانەت خزمەکانیشی بایەخی پێ‌نادەن و نرخی بۆ دانانێن. تووشی ئازاربوو بەدەستیانەوە. واتە لە حاڵی نەبووانداییە و بڕاوەتەوە. کوردبوون لەم خاڵەدا کۆتایی پێ‌دێت.

من لەم خاڵەوە دەست پێ‌دەکەم کە کوردبوونی تێدا دەبڕێتەوە. هەوڵیش دەدەم لەم بێ‌هێزی و بێ‌کەڵکی‌یەوە ڕابوەستم و بژێنمەوە. لەبەر ئەم هۆیە هەردەم ئەمە بۆ هەڤاڵانم دووپات دەکەمەوە: «ئێوە مانای هێز و مانای بێ‌هێزی نازانن». ئەم قسەیە دەکەم چونکە وەزعی هەموویان زۆر لە هی من جیاوازترە و زۆربەیان بەناز و ئارامی و بێ‌ناکۆکی دەژیان و لە ژیانیان دڵنیا بوون. لە کاتێکدا من تەواو پێچەوانەی ئەوە بووم.

ی.ك: ئاپۆی برام ئایا غەریزەی خۆپاراستنتان هەیە؟ ئایا ئەو غەریزەیەتان لەلا بەرزە؟ ئایا چەمکی واتان لەلا گەڵاڵە بووە؟

س.پ: من وای دەبینم خۆپاراستن لە هۆشیاری و هەوڵدانداییە.

ی.ك: بۆ نموونە، دەرچوونی ناخافڵتان لە نیشتمان ڕووداوێکی گەورە بوو، وانی‌یە؟

س.پ: پەڕینەوە بۆ ئەولای نیشتمان بڕیارێك بوو بۆ قۆناخێکی کورت خایەن. قۆناخی بڕیاردانیش لای من پشت بە هەست و پێشبینی و خافڵگیری دەبەستێ، بەڵام لە نەخشەدانانێکی گشتیش خالی نییە. نەخشەدانانی گشتی کۆسپی بەردەم بڕیاردانی کت و پڕ نییە. بۆیە وای دەبینم پێویستە ئەم بابەتە شیبکەنەوە.

ئەگەر منداڵ لە خەیاڵەکانی خیانەت نەکات، کە گەورە بوو خراپ نابێ.

ی.ك: دەبێتە ئاوێنەی منداڵیتان.

س.پ: ڕاستە.

ی.ك: بۆ زۆر کەس شایستەی بایەخ پێدانە. گومانم لەوە نییە سەبارەت بە بڕیاریش هەروا دەبێ.

س.پ: پێم وایە ئەم ڕوونکردنەوەیەی خوارەوە لە جێی خۆیدایە: «ئەگەر منداڵ ناپاکی لە خەیاڵەکانی نەکات، لە گەورەییدا خراپ نابێ». واتە ئەگەر منداڵێکزانی چۆن ڕێزی خەیاڵەکانی دەگرێ، ئەوا دەبێتە باشترین مرۆڤ. ئەگەر منداڵێکیش لە قۆناخی منداڵیدا بەرهەڵستی خەونەکانی نەکات، ئەوا بەرێگای ئاشتی و هەقدا دەڕوات. من منداڵێکم لە تەمەنی (٤٤) ساڵیدام. کە ئەمە دەڵێم، مەبەستم ئەوەیە من گەورە بووم و ڕێزی خەیاڵ و ئومێدەکانم دەگرم و خیانەتیان لێناکەم.

ی.ك: هێشتا لایەنگری بێدەسەلاتن.

س.پ: هەر ئەوە نا، هەست و نەستێکی وام نییە هەست بکەم گەورە بووم و بوومەتە لاو و دەبێ ژن بهێنم و تێکەڵی منداڵان ببم و ببمە باوك. لێم مەگرە من مەبەستم ئەوە نییە. ڕەنگە ببیە باوك و بەمە غەرڕاییت لەلا پەیدا ببێ. بەڵام من تەنگەتاو دەبم. هەروەها تکاشم وایە باوکان لێم نەگرن، چونکە من هێشتا منداڵێکی (٤٤) ساڵانم. جا وەك چۆن لە منداڵیمدا برادەرایەتیم دەکرد و هەستم بە سەرگەرمی دەکرد، ئێستاش وام. شوێنێك لە بیرکردنەوە و ژیانمدا نییە کە مرۆڤی بە شێوەیەکی ساختە تێدا بکرێت بە مێ یان نێر و لە ژیانی شەخسیمدا بواری ئەوە نادەم. بە باوەڕی من ژنخوازی شتێکی خراپ نییە، بەڵام چۆنیەتی گەشەکردنی ئەم ژن و ژنخوازییە دەرفەتێك بۆ شەڕی من پێکدەهێنێ. ئەو ڕێگایەش کە دەچێتەوە سەر ئەم بابەتە پێویستی بە شەڕ و کۆششێکی زۆر و گرنگ هەیە. ئەگەر ژن بابەتی باس بێ، ئەوا ناتوانین بەدەر لە ژیان وەری بگرین. وشەی «ژن»یش لە کوردیدا ژین دەگەیەنێ، هەمان کات ئافرەتیش دەگەیەنێ. ئەمە هەڵسەنگاندنێکی باشە، بەڵام بە چ بارێکدا وەرچەرخا؟ ژیان لای ئێمە

ژەهری کوشندە و درك و برین و کوتراوی و ویرانە و، سەرچاوەی ئەو پەتایەیە کە هەموو کەم شەرمفێك دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی. ئافرەتیش گەورەترین هاندەرە بۆ ئەوە یا بەم شێوەیە بەکار دەهێنرێت. هەموو ئامانجم ئەوەیە ئەو ژیانە بەشێوەیەك بگۆڕم گوزەرانی تێدا هەبێ.

ی.ك: بەڵام مرۆڤ دەتوانێ ببێ بە باوك، وا نی‌یە؟

س.پ: ئەوەیان کێشە نی‌یە، بەڵام ناتوانم خیانەت لە منداڵیم بکەم.

ی.ك: ئایا منداڵت خۆش دەوێ؟

س.پ: خۆشەویستی منداڵ بخەرە لاوە. من خۆم هێشتا منداڵم و گەورە نیم. ئایا ئەوەم لێ‌دەپرسرێت. وای دەبینم کە گەورەکان وا خۆ دەردەخەن بچووکەکانیان خۆش دەوێ، سووکایەتی بەرانبەر بە خودی بچوکەکان دەکەن، چونکە ئەوەی وا دەکات پێدەچێ وەك بڵێی زۆر گەورە بووبێ و لە منداڵ خۆشویستندا بەجەرگی‌یەکی لە ڕادەبەدەر پێشان دەدات. دنیای منداڵان بە بێ‌گومان دنیایەکی زۆر جوانە، ئازادی و دۆستایەتیشی تێداهەن و زۆرداری‌یەکی بێ‌ئەندازەش لە ئارادانی‌یە.

ی.ك: باشە، ئایا هەڤاڵانی پارتیشتان هەست بەوە دەکەن؟

س.پ: ها ئەوەتا دنیای منداڵیم و دنیای دۆستایەتیمم بۆ گواستنەوە.

ی.ك: جاری پێشوو گەلێك خەفەتم بۆ شەهیدبوونی «حەمزە» خوارد. کە دەمبینین لەپەنا یەکترەوەن، حەمزە هەستی بە ئۆقرەگرتنێکی زۆر دەکرد. تۆش لەپەنایدا هەستت بەئۆقرە بوون دەکرد.

س.پ: بۆ من هاوڕێی منداڵی بوو. لەم باسەدا دەمەوێ ئەم ڕاستی‌یەی خوارەوەتان بۆ ڕابگوازم: حەمزە ـ مەبەستم «حەسەن بیندال»ە ـ بە نەمری لە یادەوەریماندا دەمێنێتەوە. حەسەن بیندال منداڵی خێزانێکی گوند بوو کە دۆستی خێزانەکەمان نەبوو. کێشەکێش و دژایەتی‌یەکی زۆر لەنێوان هەردوو خێزاندا هەبوو. بەپێی نەریت و لەباتی ئەوەی ببمە برادەری حەسەن بیندال، دەبوو دوژمنایەتی و ململانێی لەتەکدا بکەم. من هێشتا ئەوەم لە بیرە وەك بڵێی ئەمڕۆیە. هاوتەمەن بووین، پاڵێوراو بوو ببێتە هاوڕێم. گەورەترین کێشەش کە ئەوسا بەرەو ڕووم دەبوەوە ئەوە بوو کە بە حەمزە گەیشتم، کێشەکێش یا برادەرایەتی لەگەڵدا بکەم؟ پێم وایە حەوت ساڵان بووین. ئەمەش کێشەی سەرەکی هەردووکمان بوو، برادەرایەتی بکەین؟ ئەگەر ئەوە بکەم، واتە ڕووبەڕووی خێزان ڕاوەستاوم و ڕەنگە لە ماڵ دەرم بکەن. هەمان بارودۆخ خێزانەکەی ئەو دەگرێتەوە. بەڵام من بەربەرەکانێی هەموو شتێکم کرد و یەکەم ڕێکخراوی نهێنیم لەگەڵ «حەسەن بیندال»دا دامەزراند.

ی.ك: ئاوا؟

س.پ: بێ‌گومان، ئەوە یەکەم پێوەندی نهێنیم بوو لەگەڵیدا. واتە پێوەندی‌یەکی نایاسایی و یەکەم ڕێکخستنی سیاسی لە دنیدا، چونکە ئەوە دژی حوکمدارە

ڕەسمیەکانی گوند بوو و ئەمە ڕێکخستنێکی نهێنی دژ بەوان بوو. ئەنکم کە ئەمەی بیست پەلاماری دام، چونکە ئەوە ڕێکخستنێکی نهێنی دژ بە سیستەمی خێزان بوو. لەو ڕۆژەوە برادەرایەتی خۆمانمان هەلگرت و هێنامانە ئێرە. گرنگ ئەوە بوو لە یەکەم چەمکی یەکێتییەوە دژ بە ناکۆکیەکانی گوند سەرچاوەی گرت. ئەم یەکێتییە دواتر بۆ یەکێتی گەل بەکێشم دەکات. تۆیەك کە هێشتا منداڵێکی حەوت ساڵانی و چارەسەری ناکۆکیەکانی نێو گەل دەکەی لە دیدا، ئەوە کارێکی ئاسان نییە و پێچەوانەی سیستەمی بنچینەیی خێزانە، بە تایبەتی ئەگەر پێداگری، ئەوە دەکێشێتەوە بۆ یەکێتی گەل. ئەوە بە قەناعەتی خۆم ئامرازێکی گرنگ بوو بۆ تێکۆشان و هەتاسەر پێبەندی بووم. ئەویش هەروا مایەوە و هەلوێستەکەی لەبەرچاو گرت . بەم پێیە پێوەندی نێوانمان پڕ بەها بوو. پاشان ئەم پرنسیپەم بەسەر گەلدا جێبەجێ کرد. دەتوانم بلێم من یەکێتی خوازێکی گەورەم و یەکێتی خوازیەکەشم بەم شێوەیە دەستی پێ کرد.

چوونە پاڵ گەریلا لە لایەنی ئافرەتەوە پێوەندی بە بەشداری یاری کردنیانەوە هەیە لە منداڵیدا.

ی.ك: باشە ئاپۆی برام، لە منداڵیتدا هەوڵت دەدا خۆشەویست بی؟ لێرەدا بێلە با شتێك بلێم. تۆ ئێستا سەرکردەیەکی زۆر خۆشەویستی. کەم سەرکردایەتی هەبووە پێش جلەوی دەسەلات بە دەستەوەگرتن ئەم جۆرە خۆشەویستیەی بە نسیب بووبێ.

س.پ: با ئەوە بکەینە دەروازەیەك بۆ بابەتی خۆشەویستی. لە بابەتی زانستیشدا چەند لایەنێکتان ڕووناك کردەوە. شتێکتان گوت لەم سیانەیە دەچوو: «مەعریفەت و خاوەن ئیرادە بوون و جوانی خۆش ویستن».

ی.ك: ئەمە سێ خەسلەتی مرۆڤن و هیچ خەسلەتێکی دیکەی لێ بەدی ناکەین. مرۆڤ هەوڵ بۆ مەعریفەت دەدات و بڕیار دەدات. ئەمە مانای وایە خاوەن ئیرادەیە. مرۆڤ گیاندارێکە خۆشەویستی دەکات. ئێمەش ئەم سێ مەسەلانە گەورە دەکەین تا خۆمان بکەین بە ئامراز بۆیان.

س.پ: باسی بابەتی مەعریفەتم بۆ کردن. من لە ئاین و قوتابخانە و ژینگەدا زۆر بەشوێن مەعریفەتدا دەگەڕێم. وەك دەبینن هێزی ئیرادەم لەلا زۆر مەزنە. من بەرانبەر بە ئیرادەی سەیری خۆم ڕاوەستام و ڕەفتاری بە شێوە هەلگەڕانەوەم دەرهەق بە مەسەلەکان دیمەنێکی ئیرادەیە. بیرکردنەوە لە بابەتی خۆشەویستی دەمێنێتەوە. وەك باسم کرد لای دایکم کەمێك بەدووایدا گەڕام. ڕەنگە بەرهەمی ئەو باروودۆخە تێکەڵوپێکەلە بێ. لەبەر ئەوەی من زۆر بەدیم نەکرد. بەرانبەر بەو

خۆشەویستیەی کە بەدووایدا دەگەڕام. دەبوو بچمە ئەو قالبەوە کە ئەو بۆ منی دەویست. جا لەبەر ئەوەی ئەوەم نەکرد خۆشەویستی داواکراوم بۆ بەدی نەهات. بەڵام ئەو خۆشەویستیەی کە دەمویست ـ واتە دۆستایەتی ـ لای من گەورە بوو. سەبارەت بە کچە چکۆلەکانی هاوڕێشم هەروا بوو.

ی.ك: باشە کە گەیشتیتە زانکۆ، بەخێرایی دڵخوازیت دەکرد.

س.پ: با ئێستا باسی عەشق و ژنهێنان لە کۆمەڵگای کوردیدا بکەین بزانین چۆنن. جا بۆ ئەوەی کەمێك ئەوەت بۆ ڕوون بکەمەوە، دەتوانم باسی بیرەوەریەکی خۆمت بۆ بکەم. کاتێك ویستیان خوشکە گەورەکەم بە شوو بدەن، کەس و کاری زاوا لە دێیەکی دوو یا سێ ڕۆژەڕێ بە پێ دوور لە ئێمەوە هاتن و بردیان بۆ کابرایەك نەیدەناسی و چەند فەردە گەنم و بڕێك پارەیان داینێ. «حەوا»ی خوشکم لەگەڵیاندا ڕۆیشت و لەو ڕۆژەوە پەیم بەوەبرد کە «ئەم ماستە موویەکی تێدایە». ئەگەر تەرزێکی شۆڕشگێڕانە هەبووایە، دەکرا «حەوا» ببێتە ئافرەتێکی زۆر باش. بەڵام ڕۆیشت و چەند منداڵێکی خستەوە. پێویست بوو خوشکەکەی دیکەم ڕزگار بکەم. بێ گومان گفتی ئەوەم داینێ. پاش ئەوەی لە نیشتمان هاتمە دەر، نازانم چی لێ‌بەسەرهات. لەوە دەچێ ئەویش ڕۆیشتبێ و نەیتوانیبێ خۆی ڕزگار بکات. واتە فرۆشرا. ئەوان ئێستاکە لە جاران پاشکەوتووترن. ئامانجی ئەم قسانەم ئەمەیە. مەسەلەکان هەروا ئاسان نین. من لە منداڵیمەوە شەڕ لە پێناوی ئازادیدا دەکەم. هەبوونی ئافرەتیش لە ڕیزەکانی ئەم شەڕەدا مانایەکی گەورەی هەیە.

ئەگەر هاتینەوە سەر باسی ئافرەت، ناتوانم لەگەڵ ئافرەتی خزمەتکاردا شۆڕش بکەم. هەروەها لەگەڵ نە وردەبۆرژوا فێلبازەکان و نە ئافرەتی سەربۆزیشدا ناکرێت. شۆڕش لەگەڵ ئافرەتی بەشان و شکۆدا دەکرێت. ئەمەش لایەنێکی زۆر گرنگە، کێشەکە ئێستا دیاریکردنی ئەوەیە کە کێ ئافرەتی بەشان و شکۆیە و چۆن پێی‌دەگەین؟ شۆڕش بۆ جوانی و باشی و ڕێکییە. چۆن دەتوانم ئەوانە لە شۆڕشدا قبووڵ بکەم کە بوون بە بەڵا بەسەر گەلەوە؟ وەك ئەوانەی کە هەلمەتی ئازادییان نییە. چی لەوە بکەم کە ناتوانێ پێ‌بەپێی شەڕی ئازادی بڕوات.

من بە دڵی منداڵانەمەوە لەو هەلومەرجە نالەبارەدا چوومە نێو شەڕی نائاساییەوە و توانیم لە واقیع دەرباز ببم و شەڕم لە پێناوی ئەوەدا کرد. وە ووتم گوێ بە مەسەلەی من مەدەن. بۆ ئەوە کارم کردووە کە لە ڕاستی ولاتپاریزی و ڕاستی ئافرەت و گەل دوورنەکەومەوە و، وە لە ڕاستی سۆشیالیستیش نێزیك بوومەوە، بەڵکو پێوەندیم پێوە کردووە و سوور بووم لەسەر ئەوەی کە لێی جوێ نەبمەوە. هەوڵێکی لە ڕادەبەدەرم لە پێناوی ئەوەدا دا تا بەم ڕۆژەمان گەیشتین. ئێستاکە با بەدووی شیکردنەوەی خۆماندا بۆ قۆناغی منداڵی بچین تا تێی نەپەڕێنین. لەبەر ئەوەی من باوەڕم وایە ئێمە تا ئەمڕۆ بەشوێن هاوسانیدا عەوداڵین. بابەتی خۆشەویستی هەر لە منداڵیمەوە هەبوو. دەمگوت پێویستە کچان بێنە نێو ئەم

گەمەیەمانەوە. بە قەناعەتی من ئەمە پرنسیپێکی گرنگە، چونکە چوونەپاڵ گەریلا لەلایەن ئافرەتەوە لە دواییدا پێوەندی بە بەشداریکردنیانەوە لە گەمەدا هەیە. گەلێك گەمەی جۆراوجۆر بۆ منداڵان هەن. پێداگریم لەسەر ئەوە دەکرد کە کەس ڕێ لە بەشداری‌یان نەگرێ. هەروەها ڕێ لە بەشداری منداڵی ئەو خێزانانە نەگرێ کە هاوڕێکانم خۆشیان نەدەویستن. سووربوونم لەسەر بەشداریان ڕادەی ئەو خۆشەویستیە دەردەخات کە پاشتر گەشە دەکات. ئەمە وەك سەرەداوی کەسایەتی من وایە. من پێبەندی ئەم بابەتەم و سوورم لەسەری. منداڵێکی بەم شێوەیە نی‌یە. ئەگەر خێزان بە یەکێکیانی بگوتبایە: برادەرایەتی فلان کەس مەکە، ملی دەدا. بەلام من ملم نەدەدا و لە دڵی خۆمدا دەمگوت بە پێچەوانەی قسەکانیانەوە دەجوڵێمەوە. هەتا کە دەشبوون بە بووك، دوویان دەکەوتم و پێمدەگوتن: دەبێ یاریەکەمان بەردەوام بێ. دیارە لەسەر بنچینەی پرنسیپەکانی دۆستایەتی کە پێوەندی هەڤالانەی بەدوودا دەهات. ئێستا پرنسیپی هەڤالایەتیم لەلا زۆر گەورەیە و منیش ئەوەم لەسەر چەند بنچینەیەکی بەهێز و پتەو بنیات ناوە، چونکە من لەخۆم پتر نرخیان دەدەمێ و ژیانمیان بە قوربان دەکەم و پرنسیپە باوەکە ناهێڵم.

ی.ك: لەوە دەچێ هەڤالانتان لەم ماوەیەی دواییدا هەست بەمە بکەن. ئایا ئەمە ڕاستە؟ من هەستم بەوە کرد. واتە جیاوازی نێوان ئێستا و سێ ساڵ لەمەوبەرم بینی و ئەوان زیاتر خۆشیان دەوێی و زیاتر متمانەت پێدەکەن.

س.پ: دەڵێم من بە یەك وشە خۆشەویستیم خوڵقاند. من لە ڕێگای بابەتی خۆشەویستیدا شەڕێکی گەورە دەکەم.

ی.ك: بەلام ئاپۆی برام من دەمەوێ بڵێم بە تێپەڕینی ڕۆژگار ئەم پەرەسەندنەم بینی. ئایا لەم ماوەیەی دواییدا ئەمە ڕووی لەزیادی کرد؟

س.پ: بەڵێ ئێستاکە گوڵی کرد.

ی.ك: مەبەستم ئەوەیە گوڵەکان پشکووتن.

س.پ: دەتوانم بڵێم ئەو قۆناخەی کە(PKK) لەم ساڵانەی دواییدا لە ئاستی ناوخۆ و لە چوارچێوەی کوردستاندا پێی‌گەیشت قۆناخی گەشەکردنە. ئەمە خۆشەویستی دەگەیەنێ و پێوەندی بە بیست ساڵ خەباتەوە هەیە. ئێمە بیست ساڵە دروست دەبین و پەرە دەستێنین. چواردەمین ساڵرۆژی ڕاگەیاندنی حیزبمان بە سەردا تێپەڕی. بە گوتەیەکی دیکە کردمانە تەرزێك بۆ ژیان و گەورەترین بڕیار و پرۆسە و ڕێکخستنمان خوڵقاند و سەلماندمان شەڕ تاکە ڕێگاچارەی ژیانە. توانیشمان سنوورێك بۆ دڕندەیی ئەو دوژمنە دابنێین کە شەڕێکی بێ‌سەروبەر دەکات. جارێکی دیکە بە ژیان و بووژانەوە دەستمان پێ‌کرد. من ئەوە وا دەشووبهێنم وەك بڵێی کەوتووینە نێو دانەکانی تیمساحەوە کە دادڕ دادڕی کردین و ویستی قووتمان بدات. بەلام توانیمان بمێنینەوە و جارێکی دیکە هەناسە بدەینەوە. دووبارە نیشانەکانی ژیانمان پێوە دەرکەوتنەوە. وەزعی ئێمە لە هی ئەو ژنە دەچێ کە مێردە چەپەڵەکەی پەنجا جار لێی دەدا. خەریك بوو لەم وەزعە

قوتارببین و توانیمان بلێین: «له ماڵەوه هەڵدێم و دەچمه سەر ڕێگای ئازادی».
دواجار کۆنگرەی سێ لایەنە بەستراو وەڵامی من ئەمە بوو: وەزعی ئێمە لە هی ئەو ئافرەتە داوێن پیسە دەچێت کە دەکەوێتە چنگی سێ خراپەکارەوە و هەڵدێت و دەڵێت هەوڵ دەدەم شەرەفم بپارێزم. ئەمانە کاروبارێکی سادەنین. توانیمان مانای ژیان فێری ئەوانە بکەین کە بە ژیانی نێو گەور ڕاهاتوون و بەلای خۆیانەوە بەژیانێکی جوانی دەبینن و پێی ڕازین. با بزانن ژیان دەبێ چۆن بێ. لەم ڕووەوە گەلێك دەسکەوتی گرنگمان بەدی هێنا. وەختێکیش دەڵێم(PKK) گوڵی کرد و گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی بە هەزار ڕەنگ کرانەوە و مرۆڤی کورد دەرمانی دەردی خۆی لە بۆنی ئەم گوڵانەدا دۆزییەوە، من ئەم قسەیە بە خۆڕایی ناکەم. ساڵی ١٩٩٢ بەدیهێنانی ئەوە و سەلماندنی قسەکەم بوو.

گەلێك شت هەن دەبێ لە بارەی ساڵی (١٩٩٢)ەوە بگوترێن. یەکەمیان ساڵی ١٩٩٢ ساڵی شەڕی سەرسوڕهێن بوو. ئەو ساڵە بوو کە شەڕی تێدا بە باری ئاسۆیی و ئەستوونی گەشەی کرد و گەیشتنە چەند ئاستێکی پێشکەوتوو، بووە هۆی یەکێتی نیشتمان و، گەل بەشێوەیەکی سەرتاسەری هاتە پاڵ شۆڕش و ئێمەش شایەتی ئەوەبن. ئەو ساڵەیە کە گەریلای تێدا تەقییەوە. هاتنە پاڵ شۆڕش لە ساڵانی پێشوو زیاتر بوو. ڕەنگە ساڵی داهاتووش ئەمە ببێ. ئەگەر ڕێژەی بوون بە گەریلا لە ساڵی ١٩٩١ دا یەك بووبێ، ئەوا لەگەڵ کۆتایی ١٩٩٢ بوو بە سێ، واتە سێ هێندەی ساڵی پێشوو.

ئەم پەرەسەندنە سەرهەڵدانەکانیش دەگرێتەوە. لە کاتێکدا سەرهەڵدان لە ناوچەکانی جزیرە و نوسەیبین و شەرناخ کە هێڵ و شوێنی ئاسایی خۆی بوون، تەقییەوە و گەیشتە هێلی (ئامەد) و بە توندی و سەرتاسەری ڕوو بە باکور لێیان ڕەت بوو و ئەم هێڵە تەنییەوە تا هێلێکی لە باشوریشدا پێکهێنا و ئیرادە و خەباتی گەلی لە ئاستی گشتی نیشتماندا یەکخست.

جەماوەر تەنانەت لە میترۆپۆلە تورکیەکانیشدا بە چڕوپڕی چوونە پاڵ سەرهەڵدانەکان. هەرچی ئەوروپاشە جەماوەرمان لەوێ خۆپیشاندان و ڕێپێوانی گەورە گەورەی کرد و ساڵی ١٩٩٢ بوو بە ساڵی سەرهەڵدان و ژمارەی بەشداربووانی هێندێکیان گەیشتە (٦٠) هەزار و چەندین ڕێپێوان کران دەوری (٢٠ـ ٣٠) هەزار ڕۆڵەیەکی گەل بەشداریان تێداکردن. بەڵام لە شارە گەورەکانی تورکیادا وەك ئەدەنە و ئەستەمبوڵ و ئەزمیر گەلێك ڕێپێوان کران و پتر لە(١٠) هەزار کەس چوونەپاڵ هەریەکەیان، سەرباری ئەوەی کە دێنشینەکان خۆپیشاندانی بەرفراوانیان کرد و پشتگری مادی و مەعنەوییان خستە بەردەست. ئەمە تا ئێستاش درێژەی هەیە.

هەوڵیاندا لە ڕووی یاساییەوە هێندێك لێكهەڵبڕان لە بنیاتی(HEP)دا بقەومێنن و حیزبی کوردی ساختە دابمەزرێنن، بە تایبەتی ئەوانەی وا نۆکەرانی باشور پالپشتیان دەکەن. بەڵام ئەم ئارەزووەیان بەهۆی هۆشیاری گەلەوە بەدی

نەهات، چونکە ئەوانە هیچ بنکەیەکیان نییەو هەموو هەوڵەکانیان ـ کە لە بنەڕەتدا بە مردوویی لە دایك بوون ـ سەریان نەگرت.
چەند گەلەکۆمەیەکی بەربلاوی ڕاگەیاندن کرا و چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی دیموکراتیش دانران کە بڵاوبوونەوە و سەرکەوتنێکی بەرچاویان بەدەست هێنا. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر، ئەو پلانانە سەریان نەگرت کە حکوومەتی «دیمریل ـ ئینەنۆ» ساڵی ١٩٩٢ ڕەنگی بۆ ڕشتن و ئامانجیان لەنێو بردنمان و نەهێشتنمان بوو بە یەك شاڵاو، سەرەڕای ئەوەی کە گشت شێوەیەکی شەڕی تایبەتی خستەکار. پێویستە بیرمان نەچێ کە حکوومەتی (دیمیرل ـ ئینەنۆ) بوو لە ناوەوە و دەرەوەدا پشتگیرییەکی زۆری پێگەیشت و هەموو شتێکی پەرەپێدا و خستیە ژێر دەستی شەڕی تایبەتەوە. دەتوانین بڵێین ئەوە حکوومەتی شەڕە. ئەوەتی ئەم حکوومەتە دامەزراوە جۆر و قەوارەی ئەو هێرشانەمان دەزانی کە دووچارمان دەبوون.
بەهیوا بوون ئەنجامی خێرا بە دەست بێنن و بۆ ئەوەش دوابن تەکنیکی نوێیان بەکارهێنا و هەردوو حیزبی(DYP) و(SHP)ش یەکیانگرت کە بەناوی تەبایی نەتەوەییەوە نوێنەرایەتی ڕاست و چەپی دەوڵەتی تورکیا دەکەن. هەروەها حیزبە بەرهەڵستەکان هەر لەسەرەتای ساڵەوە ڕایانگەیاند ئەوان هەنگاوی سیاسی خۆیان لەگەڵ حکوومەت دەنێن و ئەم سیاسەتەش بە ڕیفۆرمی نیشتمانی یان تەبایی نەتەوەیی ناودێر کرا. شاڵاوێکی دیپلۆماتی گەورەشیان دەست پێکرد و ئەوە بوو دیمیرل دەست بەجێ چوو بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و پاڵپشتی ئەویی مسۆگەر کرد، پاش ئەوەی پێشتر پاڵپشتی ئینگلیز و فەرەنسیەکان و ئەڵمانەکانی بۆ خۆی زامن کرد بوو. هەر ئەوەیان لەسەر مایەوە هێندێك دەرووی دیکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دابخەن. بۆیە ڕوویان کردە ئێران و سوریا تا(PKK) سوودیان لێوەرنەگرێ و هەموو قورسایی و هێزی خۆیانیان خستە سەر ئەم دوو دەوڵەتە.
بەهاری ساڵی ١٩٩٢ سەریان لە سوریادا و پاشان بۆ ئێران چوون و هەوڵیاندا ڕێی بەکارهێنانی ئەو دوو گۆرەپانەمان لێبگرن و لەگەڵ هێزە بەکرێگیراوەکانی باشووریشدا هاودەنگ بوون و ئەمەش لایەنێکی گرنگە. بەمە جوغزی دابڕانی نێوان باکور و باشووریان بەدی هێنا یان ئامانجیان ئەوە بوو. دوا شەڕی باشووریش بەڵگەی ئەو پلانە بەربڵاوە بوو کە پێی هەستان.
ئەو شەڕە تایبەتە ئۆزال بۆی بەجێهێشتن و حکوومەتی (دیمیرل ـ ئینەنۆ)ش لەسەری ڕۆیشت. پاش پێداچوونەوەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شەڕی تایبەت و کۆنتەرگەریلاوە و بە فرمانی ئەوان و بە هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتیانەی کە هەیانبوو بە هێنانە ناوەوەی کەسانی تازە، بەتایبەتی کە ناتەواوییەك لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا ڕوویداو وای لێهات لایەنگری لە حکوومەت دەکرد و بەوە دەستی لە بەرهەڵستی خۆی هەڵگرت و کەوتە پاڵپشت کردنی دەوڵەت. ئەوەی وا فەرمانی ئەوەی ... بەڕێوەبەرایەتی شەڕی تایبەت بوو ک

هەولیدا بیسەلمێنێ هیچ ناکۆکییەك لە سەرەوەدا نییە و وای لێهات دیمیرل و ئۆزال لە بەردەم خەلکدا دەست لە نێو دەستی یەکدیدا دەرویشتن.

ی.ك: دیمریل دەیگوت: دنیا ژێرەوژوور ببێ ناچم بۆ «جان قایا» و نامەوێ چارەی ئۆزال ببینم. بەلام دوای ئەوە و لە کۆبوونەوەی دیاربەکردا لە بەردەم کوردەکاندا دەست لە دەستدا دەرکەوتن و بۆ رۆژنامەنووسان خەنینەوە.

س.پ: ئەو خەندەیە ساختە بوو. ئەگەر بابەتەکە(PKK) بێ، دەبینین ناکۆکییەکانی نێوانیان دەخرێتە لاوە و یەکدەگرن و راست دەبێ بەچەپ و بگرە لێنیشی رەت دەبێ و چەپیش لە راست تێدەپەرێنێ و ئاوا یەکدەگرن. هەموو ئەوانەش بە مەنتیقی شەری تایبەت دەجولێنەوە و بەبێ پەلپ گرتن رێنوێنییەکانی بە جێدەهێنن. تەنانەت حالی حازر تێدەکۆشن هاوپەیمانەتی تازە بکەن، وەك یەکێتی کۆمارە تورکییەکان و رێککەوتنی بالکان. هەروەها لە خۆرهەلاتی ناوەراستیشدا ئەوە لەگەل هێزە تەقلیدیەکاندا دەکەن کە کوردستانیان دابەش کردووە. ئەوان وای دەبینن کە ئەم جۆرە هاوپەیمانەتیانە زۆر پێویستن. ئامانجی هەموو ئەوانە خەفەکردنی ئاگری ناوەوەیە.

دیپلۆماسی بەوپەری سنوورەکانیەوە جێبەجێدەکرێت و تەنازوولی یەك لە دوای یەك پێشکەش دەکەن بۆ سەرخستنی کاری دیپلۆماسیان و بە ئەلەمانیا دەلێن ئەمە ببە. ئەگەر ئینگلیزیش تەنگەتاو ببێ، دەلێن ئەوەش بۆ ئێوە و ئەگەر فەرەنسەش دەم هەلبهێنێتەوە هەروای پێدەلێن. واتە ئەوانە تەنازوولی بەرودوا پێشکەش دەکەن بۆ رازیکردنی هەمووان. هەرچی ئەمەریکاشە، ئەوان بە توندی پێوەی بەستراون. هەمان سیاسەتیشیان لەگەل ئێراندا پێرەوکرد و پێیانگوت ئەمەش بۆ تۆ. سەبارەت بە سوریاش گوتیان: ئەگەر ئەوە بکەی کە ئێمە دەمانەوێ، چیت بوێ دەتدەینێ. هەولیش دەدەن مەبەستەکانیان لە ژێر پەردەی شوێنی جیوپۆلەتیکی گرنگی تورکیا و زیادبوونی دەوریدا تێپەر بکەن و ئەگەر پێویستیشی کرد دەلێن: ئەمە دوورگەی ئارامییە و لە جێگایەکی دیکەشدا دەلێن بەهێزترین دەولەتە لە خۆرهەلاتی ناوەراستدا.

بێگومان ئێمە بەهێزێکی گەورە و بەرخۆدانێکی نەخشە بۆ کێشراوەوە بەرەنگاری خۆ ئامادەکردنی هەمەلایەنەی دەولەتی تورکیا و گەرانی بە دوای پالپشتدا و پلان دانانی بۆ هێرشکردنە سەرمان بووینەوە و سەرەنجام بە ئاسانی و بە بێئەوەی هیچ لە خێرایی پەرەسەندنمان لە دەست بدەین رابردوومان تێپەراند. وەك بینیشتان هەولماندا سالی ١٩٩٢ ببەینەوە کە ببوە سالی دەسکەوتی گەورە، چونکە کوردستان لە مێژوویدا تووشی ئەم چەشنە گەلەکۆمە گەورەیە نەبووە لەلایەن شەری تایبەتەوە و لەم چەشنە شەرە شۆرشگێرانەیەشی لە دژی نەکردووە. سەرەتا کۆماری تورکیا لەم سالەدا گەیشتە دوا سنووری تەکتیکەکانی و هەموو هێزێکی تا سەر لە پێناوی شەری تایبەتدا بەکارهێنا. بەلام نەگەیشتە

سەرکەوتنی یەکجارەکی. چی دەڵێین با بیڵێین. گەورەترین دۆڕا و لەم شەڕەدا خۆیانن. وەك دەبینین ئەم شێوە دەسکەوتەی(PKK) لەم ساڵانەدا نیشانەی ئەوەیە کە سەرکەوتنی یەکجارەکی بە نسیبی حیزب دەبێ. ئەو ڕاستی‌یەی(PKK) کە بەم جۆرە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ، ئەوە دەگەیەنێ بووەتە سەرچاوەی سەربەخۆیی نیشتمانی و ئازادیی کۆمەلایەتی. ئەو بەرخۆدانانەی کە دژی گشت جۆرە زەبروزەنگ و ئەشکەنجەدانێك هەن، بوونەتە نەریتێکی ڕۆژانە و شەڕیش لە هەموو بەرەکاندا بە سەرکەوتن گەیاندنی(PKK)یە. لەم گۆشەنیگایەوە چواردەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی(PKK) و پێنانە ساڵی پازدەمینی بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو هەوڵانەی وا دراون بە فیڕۆ نەچوون. تین و توانەکانی سەرکەوتنیش کە لەم دوایییەدا وێرای هەموو کۆسپەکان دەرکەوتن نیشانەی ئەوەن کە(PKK) دەتوانێ زۆر بەئاسانی بە سەرکەوتن بگات. مانای وایە(PKK) لەم ساڵەدا گەشەی کرد. بێ‌گومان هەموو ئەمانە پێوەندی‌یان بە خۆشەویستی‌یەکی گەورەوە هەیە و ئێستاکە مەحکوومم پێی. واشی دەبینم کە هەر شتێکی دیکەی جگە لەم خۆشەویستی‌یە زۆر سادەیە و شایانی بایەخ‌پێدان نی‌یە.

ی.ك: ئایا دەکرێت ژیان بە بێ خۆشەویستی بێت؟

س.پ: من نارەزایی دژی هەموو ئەو پێوەندیانە دەردەبڕم کە لەم مەسەلەیەدا پەرە دەستێنن.

ی.ك: خەڵکی دووڕوون، ئایا هەڵوێستتان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ؟

س.پ: نارەزایی دژی هەموویان دەردەبڕم، چونکە بە ئاین و خێزانەوە نەبەستراونەوە. ئەمە بەسترانەوە نی‌یە و من پەلپ لە هەموویان دەگرم. بەو پێیە من بۆ هەموویان داخراوم و وا هەست بەخۆ دەکەم لە بڕگەیەکی گەورەی زەماندام و دوتیام لە «خۆشەویستی» دادەخەم. بە واتایەکی دیکە بەرەو گۆشەگیری و دوورەپەرێزی دەکشێمەوە.

ی.ك: خۆت دادەخەی چونکە دوورە پەرێز نیت، بەڵکو دوورە پەرێزی لەناختدایە.

س.پ: بیرەوەرییەکی خۆشمت بۆ دەگێڕمەوە، مادامێکی باسی خۆشەویستی دەکەین. دەیڵێم تا لەڕەوتی باسەکەدا بێ. دایکم تاوانباری دەکردم و دەیگوت: ئەگەر ئەم عەقلیەتەت هەبێ، کەسێکت دەست ناکەوێ کچەکەیت بداتێ. ئێستا وا تێدەگەم هەڵسەنگاندنەکەی ڕاست بووە. مەسەلەی ئەوەش کە کەس کچی خۆیم ناداتێ تا ئێستا بیرکردنەوەمی جەنجاڵ کردووە. ئایا ئەم ژنە لەبەرئەوەی کە ژنە ئەم قسەیەی کردووە، یا لە ڕاستی خێزانەوە؟ باوابێ. ڕستەی «پیاوێك ئەمە عەقلی بێ و کەس کچی خۆی ناداتێ». ڕستەیەکی سەیرە من بەدووی کچێکدا ناگەڕێم و باوەڕم وایە ئێستاکە کردنی کارێکی وەها ڕەفتارێکی بێ‌جێیە. دەنا کچ دۆزینەوە چی دەگەیەنێ؟ من لەو کاتەوە فێز و گەورەییم ئەمە قبووڵ ناکەن، چونکە مەترسیەکانی ئەوەم دەست نیشان کرد و تەنگەتاو بووم و زۆرم بە دەستیەوە چێشت. بە دوای کچدا گەڕان کارێکی پڕخەوشە و پێویستە شەرمی لێ‌بکەین.

لەبەر ئەمە جارێکی دیکەش لەناخمدا بەسەر خۆمدا داخرامەوە و تەریق بوومەوە و بەم پێیە بوومە کابرایەکی خۆپارێز.

ی.ك: مەبەستت لە خۆپارێز چییە؟

س.پ: ئەوەیە کە مرۆڤ بەسەر خۆیدا دابخرێت و لەگەڵ خێزان و لە ژنهێناندا کراوە نەبێ و تەنانەت لە ئەدیویشدا پیر لەوە ناکاتەوە. هەمیشە لە دڵی خۆمدا دەمگوت دەبێ ڕێگایەك یا دەرووبەکی دیکە هەبێ بۆ گەیشتن بە کچان، نەك ڕێگای ڕێ و ڕەسم و دابونەریت. ساڵانێك بوو لە دڵی خۆمدا تەخشەم بۆ ئەوە دەکێشاو هەوڵم دەدا ئەم بەخشەیە زیندوو بکەمەوە. سەرەنجام وەك دەبینن ئێستا کچان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنن لەسەر پێی خۆیان ڕادەوەستن.

ی.ك: ئەمە چی دەگەیەنێ؟

س.پ: هەزارانیان لە ڕیزەکانی گەریلادان. چۆن ئەمە چیدەگەیەنێ؟ ئەم مەسەلەیە بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا پەرەدەستێنێ. بەڵام ئەمە چۆن پەرەی سەند؟ کچی کورد نەیدەتوانی لە دەرەوەی دەرگای ماڵەکەی دوو هەنگاو بنێ. ئێستاش هەزارانیان گیانفیدان! ئەمە چیدەگەیەنێ؟ لە کوردستان شتەکان خۆیان ڕاناچلەکێن، بەتایبەتی خێزان و مەسەلەی شەرەف و ئەم جۆرە بەهایانە. ئەمانە هەرگیز ڕاناچلەکێن.

ی.ك: بەڵێ، با هێلێك بەژێر ئەوەیشدا بێنین. من چی دەنووسن دەیخوێنمەوە. من بەوە بەختیارم. باوەڕ مەکەن هیچ پەرەسەندنێك لە خۆوە ببێ.

س.پ: لە باسی ئافرەتدا هەرگیز باوەڕ ناکەم.

ی.ك: هەر لە باسی ئافرەتدا نا... بەڵام باوەڕ مەکە هیچ شتێك لە خۆوە ڕووبدات.

س.پ: بێگومان... هەرگیز شتێکی سەپێنراو قبووڵ ناکەم.

ی.ك: جا سەبارەت بە ئافرەت بێ یان پیاو.. قبووڵی ناکەن . وانییە؟

س.پ: بەڵێ، من لەو مەسەلانە خانە بە گومان دەبم کە وەك گریمانە بەردەست دەخرێن. لە ساڵانی خوێندندا سەبارەت بە ئافرەت زۆر دوورە پەرێز و خۆپارێز بووم و بەخۆمیدا ڕانەدەپەرموو دوو قسە بکەم. دادوبێدادم بوو بە دەست گەلێك دژواری گەورەوە. هەمووان هێندێك پێوەندییان هەبوو. بەڵام من ڕوومکردبووە دوورە پەرێزی.

ی.ك: لە ئەنقەرە بوون؟

س.پ: بەڵێ، ئەوەم لە یادە. لە نێزیك مزگەوتی «ماڵ تەپە» بووم. جاروبار بۆ نوێژ دەچوومە مزگەوت. حەزدەکەم بڵێم دوورە پەرێزیم لەو ماوەیەدا قووڵ بوومەوە و هیوام کزدەبوو. کە گەیشتینە ساڵانی حەفتا، یەکەم ڕێپێوانی سۆشیالیستەکان ڕایانکێشام و وام لێدەهات بایەخم پێدەدا.

خەڵکی گوند دەیانگوت «مێروولەیەك ناپلیشێنێتەوە».
کە مێروولەیەکم دەبینی پێمم بەرزدەکردەوە تا پانی نەکەمەوە.

ی.ك: مامۆستاکانت لە قۆناخی دواناوەندیدا چۆن تێیان دەڕوانیت؟

س.پ: بۆم باسکردن. لێرەشدا ئەو مامۆستایەمانم بیردەکەوێتەوە کە لە کۆلێژی جەنگ دەرسی دەگوتەوە، چونکە بەلای منەوە بە ڕاستی سەرچاوەی متمانە بوو و پێویستە لەسەرم هەمیشە لە بیرمدا بیهێڵمەوە. ناوی «فاروق جاغلیان» و مەیجۆر بوو لەو کۆلێژە دەرسی ئەدەبی دەگوتەوە. ئەوانەی وا لەو قۆناخەدا ـ واتە سالانی(١٩٦٦ـ١٩٦٩) ـ لە کۆلێژی جەنگ خوێندوویانە. باش دەیناسن. دەهاتە قوتابخانەکەمان و لەبابەتی ئەدەبیدا دەرسی پێدەگوتین. بە جۆرێکی سەرسوڕهێنەر بایەخی پێدەدام. کە لێشم دەپرسن چ شوێنێکی لەلای من هەبوو، دەڵێم لەو سالە قورسانەی ئەنقەرەدا سەرچاوەی متمانەیەکی زۆر بوو. کەسێکی سەرسەخت و دۆست و سۆفی و پێچەوانەی هەمووان بوو. گەلێکی پێ بەخشیم و فێرکردم. پێی دەگوتم: تۆ زۆر بڕوات بەخۆت هەیە. تۆ مرۆڤێکی زۆر گەورەی تا ئێستاش پێم سەیرە کە بۆچی ڕەفتاری بەم شێوەیە بووا تا ئێستاش نازانم. بە هاوڕێکانمی دەگوت: قوتابیان، وا من ئەو باسەم بۆ کۆلێژی جەنگ برد کە عەبدوڵلا نووسیویەتی و لەوێ بۆ مامۆستاکانم خوێندەوە..وە هەڵدەستین بە شیکردنەوەی. کە بە دوو ڕستە لەسەر ئەوە هەڵمدایێ، گوتی بوەستن منیش لەسەر ئەم دوو ڕستەیە قسە دەکەم. ئیتر کەوتە لێکدانەوەی قسەکەم. لە قسەکانیدا شێلگیر بوو. هەرکاتێك بیدیبام بەرەو ڕووم دەهات و بە لوتفەوە دەیگوت: «هیچ گیروگرفتێکت هەیە بە دەستیەوە بناڵێنی»، یان دەیگوت «بڕوا بەخۆت بکە» ئاوا ئەو باروودۆخەی کە تێیدا دەژیام و کاریگەری تێزیك بوونەوەی لێم، تێپەڕاندنی ئەو سالانەی بۆ ئاسان کردم.

ی.ك: ئایا مامۆستای دیکەت هەبوون؟

س.پ: بەڵێ، مامۆستایەکی دیکە هەبوو. زمانی فەرەنسی پێدەخوێندین. ئەویش خۆشی دەویستم. ناوی عەدنان بەیرەقدار زادە و خەڵکی ئەرزەرۆم بوو. ئەگەر هێشتا لە ژیاندا بێ، بێگومان منی بیردەکەوێتەوە.

ی.ك: فارووق مرد؟

س.پ: بەڵێ بە شێرپەنجە مرد. خەفەتم بۆ کۆچی دوایی ئەو خوارد. من باسی ئەم مامۆستایە دەکەم، چونکە ئەوسا نەمدەتوانی نە خۆشەویستی بکەم و نە کارێك بکەم خۆشەویست ببم. ئەو کاتە ئەم مامۆستایەم بە قوتابیەکانی دەگوت: من ئەوەم خۆش ناوێ کە عەبدوڵلای خۆش ناوێ. ئەم بڕیارەی ڕوون و ئاشکرا بوو. من ئێستا دەرك بەوە دەکەم کە سەبارەت بە بابەتی خۆشەویستی لە چ ناکۆکییەکی گەورەدا بووم. من نەمدەتوانی نە خۆشەویستی بکەم و نە کارێکی وا تا خۆشەویست بم. گرەوێکی گەورەی کرد. ناتوانم هەڵسەنگاندنەکەی لە بیر بکەم.

جا کاتێك مامۆستاکەم بەم شێوەیە دەدوێت. گومانی تێدا نی‌یە کە هێندێك ڕاستی دیوە. سەرباری ئەوەی کە ڕووداوێکی خۆشەویستیش هەیە پشت بەم ڕاستیانە دەبەستێ.

ی.ك: کاکە ئاپۆ ئایا بە وریایی‌یەوە لەگەڵ هاوڕێکانتدا دەجولاێتەوە؟ ئایا گاڵتەت لەتەك دەکردن؟

س.پ: ئەوی ڕاستی بێ من مرۆڤێکی سەرسەخت و شێلگیرم. گاڵتەیان لەگەڵدا دەکردم. بەڵام هەموویان نا، چونکە من شێلگیر بووم و حەزم بە ڕێکوپێکی دەکردو پلەوپایەیەکی جوێکراوەشم هەبوو. لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا دەیانخستمە شوێنی سەرکردە. من لە تەمەنی حەوت ساڵانمەوە تا ئێستاش ئەو وەزعەم هێشتووەتەوە. من کابرایەکی بێ‌هەوا و یەکجار دادپەروەرم و ڕێز لە هەوڵ و کۆشش دەنێم. مانای وایە من زۆر داڵ بەخۆداگرم و دان بەخۆداگرتنیشم وەك یەکێك وایە بتوانێ بە دەرزی بیرێك لێ‌بدات. بە باشی کارەکانم رادەپەرێنم و قەناعەت بە هەموو شتێك دەکەم و باش سنوورەکانی خۆم دەناسمەوە و خودی خۆم هەڵدەسوورێنم و دەتوانم بە کاروبار و ڕەفتارەکانمدا بچمەوە.

ی.ك: ئەم لایەنەی کەسایەتیتان پێی نەزانراوە. وەختێك لە تورکیا و وڵاتانی بیانیدا باسی ئەم لایەنەی کەسایەتی تۆ دەکەم، کەس باوەڕم پێ‌ناکات. چونکە بە چاوی ئەو کابرایەوە تێئەدەڕوانن کە بە یەکجار سەد کەس دەکوژێ.

س.پ: ئەم جۆرە تێڕوانینە ناکرێت هەرگیز ڕاست بێ، بە تایبەتی لەم حاڵەدا. خەڵکی گوندەکەم هێشتا ماون، پێیان دەگوتم مێروولەیەکی پێ‌پان ناکرێتەوە، کە مێروولەیەکم دەبینی پێم هەڵدەگرت. تا ئێستاش وام. لەوانەیە بڵێن ئەمە چۆن دەبێ کە ئێوە شەڕێك هەڵدەسوڕێنن. ئایا ئەمە لەگەڵ قسەکانتاندا جووت دێتەوە؟ نەخێر هیچ ناکۆکی‌یەك لە گۆڕێدا نی‌یە. دەتوانن لە هەموو هەڤاڵان بپرسن. هەتا لە شیکردنەوەکانیشمدا سەدان جار دووپاتم کردووەتەوە و گوتوومە: حیسابێکی قورسم لەگەڵ ئەو کەسەدا دەبێ کە دەبێتە هۆی ڕژانی یەك دڵۆپە خوێن لە جێی گونجاوی خۆیدا نەبێ. بەڵام ئێستا چی پێویست بکات لە پێناوی گەلێکدا دەیکەین. بەر پێ‌یە ئێمە وا تەماشای شەڕ دەکەین شاجوانی گەردوونە و ئێمە ئەوپەڕی عاشقی جوانی شەڕین، لە کاتێکدا هەمووان بانگەواز بۆ ئاشتی و تەنیا ئاشتی دەکەن. دەشزانن شەڕ مانای ئاگرە. هەرچی‌یەك توور بدەیتە نێو ئاگر دەسووتێنێت. بەڵام سەرەڕای ئەوە «خوامان» خوای شەڕە. بە ڕاشکاوی پێت دەڵێم مرۆڤێکت لە دنیادا دەست ناکەوێ هێندەی من لە شەڕ بترسێ. من لە شەڕ و چەکی ئاگردار و ئامێری بڕندە و برینداركەر دوور دەکەومەوە. پێم دەڵێنی لە هەموو ئەمانە دوور دەکەویتەوە و هەمان کات تیۆری و چالاکیەکانی شەڕ پەرە پێ‌دەدەی، ئەوە چۆن لێك دەدەیەوە؟ ڕوونکردنەوەی ئەوە ئەمەیە: ئەم کارە لە پێناوی مندا نی‌یە. ئەگەر لە پێناوی مندا بووایە، من دوا کەسی ئەم دنیایە دەبووم حەز بە شەڕکردن بکات. بەڵام ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندی بە گەلێکەوە دەبێ و مەبەستیشم

تەنیا گەلی کورد نییە، ئەوە لە دنیادا کەس نییە وەك من حەز لە شەڕوشۆڕ بکات و سەوداسەری بێ. ڕەنگە ئەمە بەلای ئێوەوە ناکۆکی بێ. چۆن دەبێ یەکێك تا ئەم رادەیە ڕقی لەشەڕ بێ، ببێتە شەرکەرێکی جەربەزە و تیۆری شەڕ پەرە پێبدات و بەجەرگانە راست جێبەجێی بکات و لە نەبوونەوە تین و توان بخولقێنێ. ئەمە پیشەو کاری منە. ئەمە وا دەگەیەنێ کە ئێوە دان بە وەدا دەنێن کە شەڕێك هەیە. دوژمنیش هەر وای ناوناوە. ئەمسال شەڕ بە بەرچاوی دنیاوە کراوە هەمرو

تەکنیکێکی پەرەسەندووی تێدا خرایە گەڕ. ئەمە پێوەندی منە بەم شەڕەوە. دەبێ ئاوا بمناسن. دوژمن باوەڕی نەدەکرد شەڕێکی وەها دەکات و تا ئێستا ئەم مەسەلەیەی لەلا جێی مشتومڕە. وە باوەڕی نەدەکرد کە گەلەکەمان هەستێت بە کوشتنی ئەو ژمارە زۆرەی سەربازان. نەك ئەمە بە تەنێ بەڵکو بە تیژ ڕوانینە چاوی یەك سەربازیش. وە هیچ باوەڕ و قەناعەتیکی بەوە نەبوو،بەڵام ڕاستییە ڕۆشنەکە ئەوەیە کە دوژمن هەوڵی هەڵاتن و خۆشاردنەوە دەدات، ئێستا لە بارێکی پڕ ترس و بیمی بێئەندازەدا دەژی و سەدان پاسگە و سەربازخانەی خۆی ناهێڵێ.

بێگومان هەموو ئەمانە پێوەندییان بە منەوە هەیە. کاتێك باسی ژیانی گەلێك دەکرێت، من باش دەزانم چۆن بەم ژیانە دەگەم. چی لەژیانێك بکەم کە بووە بە ژەهر و تووشی بۆگەن کردن هاتووە؟ ژیان بەلای منەوە دەکاتە سەرکەوتن، سەرکەوتن لە هەموو شتێکدا. سەرکەوتنیش بە مانا ڕەهاکەی بە ئازادییەوە گرێدراوە. ئەوەی وا ئازادی خۆی لەدەست بدات ناتوانێ سەربکەوێ. ئەوەش کە سەرنەکەوێ ناتوانێ بژی. ئەمە یاسای ژیانە لە کوردستان. من ئەوە لە پێناوی یەك مرۆڤدا نالێم، چونکە من تەنانەت بۆ ڕووەکێکی بچووکیش مانای ژیان دەزانم. دەتوانم پێتان بڵێم من خۆ لەوە لادەدەم پێ بە گیایەکی دیمەن جواندا بنێم و زۆر بە وریاییەوە هەنگاو دەنێم.

ي.ك: من باوەڕت پێدەکەم. من دڵنیاشم ئەوانەی کە دەتبینن و لە نێزیکەوە دەتناسن بڕوات پێدەکەن.

س.پ: من زۆر حەز لە سەوزایی دەکەم. واتە من لەوانەم کە پشتگیری دەکەن. باسی زۆرانبازی خۆمم لەگەڵ ماردا بۆ کردن. ئەم شەڕەم لەگەڵ ماراندا سەخت بوو بەڵام من لە هەمان کاتدا بایەخم بە گیاندارە بێوەیەکان دەداو دەمپاراستن.

ی.ك: مارت بەچی دەکوشت، بە بەرد؟

س.پ: بەڵێ، دواتر تفەنگێکی ڕاوم پەیدا کرد. بەڵام لە بنەڕەتەوە بە بەرد زۆرانبازیم لەگەڵدا دەکردن. دەمەوێ ئەم خاڵەش ڕوون بکەمەوە: من لە هەموو مرۆڤێکی دنیا زیاتر لە کوشتن یا مردن دەترسم. هێشتا وێنەی یەکەم ڕووداوی مردنم لەدێدا لە بیرە. ئەو گۆڕستانانەش تا ئێستا لەبەر چاومدان. دەمگوت: دەبێ کاروبارەکان وا هەڵنەسووڕێن. مردن کێشەیەك بوو دڵەڕاوکەی هەمیشەیی تووش دەکردم. لە لایەکی دیکەوە دەڵێم پێویستە بەم شێوەیە نەبێ. ئەمە ناکۆکیم بوو لەگەڵ مەسەلەی مردندا. هەرچی مەسەلەی کوشتنیشە بەلای منەوە گری کوێرە بوو

و تا ئیستاش وایە ڕاستیەکەی من زۆر لە مردن و کوشتن دەترسم. کە جەندرمە دەهاتنە گوند و کە گوێم لە یەك یان دوو گوللە دەبوو هەڵدەهاتم و ئەم شوێن و ئەو شوێن خۆمم دەشاردەوە، باش ئەوەم لەیادە نەمدەتوانی بچمە دەرێ و تەماشایان بکەم. لەبەر ئەوە نا کە زۆر ترسنۆك بووم، بەڵکو وام دەبینی ئەم هەڵگرتن و بەکارهێنانەی چەك دژی مرۆڤ مەسەلەیەکی ترسناکە و مایەی بەجەرگییە.

ی.ك: ئایا بە خەیاڵتاندا دەهات لە دواییدا سوپا پێکەوە بنێن؟

س.پ: کەمێك لەمەوبەر باسی ئەوەم بۆ کردن کە چۆن ئەو مرۆڤەی وا زۆر لە کوشتن دەترسێ دەبێتە بەرپرسی زۆربەی ڕووداوەکانی کوشتن. وەك بلێی ئەمە ناکۆکییەکی گەورەی تێدایە و پێویستی بە لێکدانەوەیە. ژیانی لەمەو دوام دەبێتە هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە. یەکێکی بێدەسەڵاتی زۆر لە مردن و کوشتن ترسا و چۆن دەبێ بە یەکێك بەربەرەکانێی مردن بکات و ببێتە هۆی مردن یا کوژرانی زۆر کەس؟ وەڵامم بۆ ئەوە ئەمەیە: ئێمە کە ژیان هەڵدەسەنگێنین، مردن و کوشتن دەبنە کارێك کە هەر دەبێ ببێ. من تا ئیستاش وای دانانێم لە ژیاندام، چونکە من سەرۆکی ئەم وەزیفەیەم، ئەو مرۆڤەش سەرۆکی وەزیفەی خۆی بێ ناتوانێ ژیانێکی کۆمەڵایەتی ئاسایی بگوزەرێنێ. بۆیە من تا ئیستا نازیم. من لە منداڵیمەوە تا ئیستا مرۆڤێکی فەرمانبەرم و سەرۆکی ئەم وەزیفەیەم و بۆ ژیانیش بەرەنگاری گەلێك هەڕەشە بوومەتەوە. ئەم هەڕەشەیە لە ئاستی نیشتمانی و جیهانیەتیدا گەورەیە و چەند دوورایییەکی نێو دەوڵەتی هەن. من لەم ساتەدا ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و ئەڵەمانیا و کۆلۆنیالیزم لە تورکیا و نۆکەرە کوردەکانیان بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر ژیان دادەنێم. باڵا دەستی پیاو بەسەر ئافرەتدا و تەگەرە تێخستنی خەیاڵ و ئاواتی چکۆلەکان لەلایەن گەورەکانەوە هەڕەشەکردنن لە ژیان. ئەگەر سەرنجتان دابێ هەموو ئەم هەڕەشە و گوڕەشانە یەکدەگرن و زۆرم بۆ دێنن تا پەنا ببەمە بەر هێز و بیکەم بە ئامرازێك و پاڵم پێوە دەنێن بۆ تیۆری هێز. مرۆڤی لە هێز ترساو بەم گوشارە دەبێتە مرۆڤێکی هێز خوڵقێن. هۆی پشت ئەوەش هەڕەشەی خنکاندنی ژیانە. من ئیستا لە تەمەنی چل و چوار ساڵیدام و بێشەرەفە گەورەکان و هیچ و پووچەکان و زۆردارەکان و دزەکان و چەپەڵەکان و سەرمەستەکان کۆسپێکی گەورە بۆ ژیان پێکدەهێنن. ژیان بەلای منەوە خۆشەویستییەکی گەورەیە و من ئاوێزانی ژیانم و عاشقیم و زۆر قینم لە مردنە. بێگومان من لەبەردەم ئەم هەموو هەڕەشانەدا لە ژیان ناتوانم پەنابردنە بەر هێز فەرامۆش بکەم.

ی.ك: ئەمە وەڵامی پرسیاری پێشوومە. واتە ئەوەیان کە پێوەندی بە خۆپاراستنەوە هەیە بەڵام لە ڕوونکردنەوەکەتاندا دوورایییەکی دیکە دەرکەوت، ئەویش ئەوەیە کە ئێوە ئەمەریکا و ئەڵەمانیا و کۆلۆنیالیزمی تورکی و باڵادەستی پیاو بە مەترسی دەبینن. وانییە؟

س.پ: بێگومان. باڵادەستی پیاویشی دەخەمەسەر، چونکە ئەوانیش

ئیمپریالین. باوەڕم وایە هەریەکێك لە کچان و ژنانمان دەتوانێ بڵێت: «ئەم پارچەیە بۆ ئێمە». بە چاکەی ئافرەتەوە هێشتا هێندێك بنەمای نیشتمانی و کۆمەڵایەتیمان لەسەر پێی خۆیان ماون. هەرچی پیاوە وەك دەزانین دەبێتە بەکرێگیراو و لە نیشتمان نامۆ دەبێ و ڕۆژی چل جار سەری لە بەردەم دوژمندا دادەنەوێنێ. لەبەر ئەوەی پیاو وێنەی شێواوە و ناتوانێ بەها نیشتمانیەکان بنوێنێ. لەبەر ئەمە ئافرەت پارچەیەکە لە ڕاستی کورد. پێویستە بەو پێیە دایبنێین، چونکە مەسەلەیەکی گرنگە. بەڵام شوێنی ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەکەوێتە پاش گازەردەوە و چۆن دەستی بۆ ببەی وای لێدێت. ئەمە چۆن لەگەڵ مرۆڤایەتیدا جووت دێتەوە؟ لە مێژوو و نیشتمان و ڕۆشنبیری دووری دەخەینەوە و پاشان پێی دەڵێین: «تۆ گیان و سامانمی». ئەمجا چەند پێمان بکرێت تەنگی پێهەڵدەچنین. ئەم ڕەفتارە بۆنی کەم ئەدەبی لێدێت و خراپترین جۆری گوشارە. هەتا پێوەندیە جنسی‌یە ئازادەکانیش نرخ و بایەخیان چی‌یە؟ ئاوێزان بوون و پێوەبەسترانی شێوەیەکی کۆیلایەتی و نامۆیی‌یە و مەبدەئێکی ئاژەڵانەیە. لای ئێمە دەگاتە مەبدەئی کۆلۆنیالیزم. لەبەر ئەم هۆیە من زاڵی پیاو بەم شێوەیە دەبینم و بەتوندی بەرانبەر بەم زاڵی‌یە ڕادەوەستم.

ی.ك: هەموو ئەوانە بە مەترسی دادەنێن. واتە تێکۆشانتان دوورایییەکی ئینتەرناسیۆنالی هەیە، چونکە ئەم هەڕەشەیە تەنها دژ بە گەلی کورد نی‌یە.

س.پ: من مرۆڤێکی نەتەوەپەرست نیم و ئەمەش تەواو ئاشکرایە. ئەگەر قەرەی خەباتی گەلی کورد کەوتبم و تا ئەم ڕادەیە پێبەندی بووبم، لەبەر ئەوەیە لە گەلانی جیهان زیاتر دووچاری سەرکوتکردن هاتووە. منیش زۆر گرێدراوی خەباتی سەرکوتکراوانم، لەبەر ئەوە نا کە کوردم بەڵکو لەبەر ئەوەی کە کورد سەرکوتکراوە. منیش نیشتمان پەروەر و ڕزگاریخوازم. بە ڕاشکاوی دەیڵێم من ئەو مرۆڤە نیم کە لە ڕێگای نەتەوایەتیدا ژیانی دەخاتە مەترسی‌یەوە و ژیانیشم لەو پێناوەدا ناکەم بە قوربانی.

ی.ك: ئەوەی ڕاستی بێ سەرکردەکان لە تورکیا سەرسام دەبن کە ئەم قسەیە دەبیستن.

س.پ: بەلای منەوە گرنگ نی‌یە، نامەوێ ئەوانە بناسم و ناشمەوێ لێیان تێبگەم.

ی.ك: بەڵام تۆ ناچاری بۆ ئەو کارە کە دەیکەی بی‌یانناسی. تۆ شەو و ڕۆژ بیر لەمە دەکەیەوە.

که کۆسپەکان بە ڕووی ژیاندا گەورە دەبن،
داکۆکی کردن لە ژیان ئەمەکە بۆ شەرەف

س.پ: بە قەناعەتی من ژیانیان بێڕەوشتی‌یەکی لە ڕادەبەدەرە. کە ئەمەریکاییەك بۆ یەکەم جار چاوی پێم کەوت، لێی پرسیم: چۆن «بۆش» هەڵدەسەنگێنن. بە یەك قسە گوتم: «بێ ڕەوشتە».

ی.ك: وەڵامەکەتان بێوێنە بووە.

س.پ: بەڵێ زۆریان بوونە سەرۆکی دەوڵەت و ئەوەو ئەوەو .... هەموشیان بێ ڕەوشتن. ئەگەر جۆرە پێوەندی‌یەکیان بە ڕەوشتەوە هەبووایە، مەسەلەکانیان بە شێوەیەکی مرۆدۆستانە وەردەگرت.

ی.ك: بەڵام ڕژێمەکەیان وایان لێدەکات بێڕەوشت بن، وا نی‌یە؟

س.پ: لەوانەیە، نامەوێ بچمە نێو ئەم باسە. ڕاستیەکەی من یەکجار بە ژیانەوە بەستراوم. دیارە کە کۆسپەکان بە ڕووی ژیاندا گەورە دەبن، داکۆکی لێ‌کردنی ئەمەکە بۆ شەرەف. بەڵام سەبارەت بە مەسەلەی کورد پێشتر گوتم: کورد مەحکومە بەوەی کە نەژی و لە ژیان هەڵکەندراوە. کورد ئەوەیە کە لە زیندانەکانی دنیادایە و لە گشت جوانی و خۆشەویستی‌یەك بێبەشە. سەرنج بدەن نەبڕدراوە، بەڵکو ڕیشەکێش‌کراوە. من باسی ڕیشەکێش‌کردن دەکەم. دواجار لە خودی خۆی ڕیشەکێش‌کراو لە هەست و سۆز بەشبڕاو بوو. بە کورتی لەو مرۆڤە دەچێ کە هەردوو دەست و پێی بڕدراونەتەوە، یان بونەوەرێکی لەم جۆرەیە. لە هەموو شتێك ڕیشەکێش‌کراوە کە پێوەندی بە مرۆڤایەتیەوە هەبێ. بەڵام بە ڕواڵەت هێشتا لە مرۆڤ دەچێ. کورد ئەمەیە. دەتوانم پەرە بەم چەمکە بدەم. هەرچی چۆنێك گفتم بدەنێ و بیخەنە بەردەستم، من چەمکی خۆمم بۆ مرۆڤایەتی هەیە، دەقەکەی ئەوەیە: لایەنگری کردنی مرۆڤی بەهێز مەسەلەیەکی نائەخلاقی‌یە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە پرنسیپی من ئەخلاقی و مرۆدۆستانەیە و نوێنەرانی میللیگەری سەرەتایی کوردیش دوژمنی خوێنە خۆی منن و لە تورك دوژمنکارترن. لەبەرایی ئەوانەدا کە پشتگیری‌یان کردم «کەمال پیرو حەقی قەرار» دێن. ڕەگ و ڕیشەی ئەوانە لە تورکیاوەیە و کورد نین. هەمیشە دەڵێم: ئەوانە لە هەموو خەڵکێك زیاتر و لوتکەی پێوەبەستران بوون. ئەمە بەڵگەیە بۆ لایەنی مرۆدۆستانەم.

من ئارەزووی ژیانێکی ڕوون و لێك حاڵی بوو لەگەڵ ڕاستی تورکیدا دەکەم. هەر لە سەرەتاشەوە بە کاری شۆڕشگێرانەمان لە ڕووی فیکری و گیانی‌یەوە ئەوەمان سەلماند و کارێکمان کرد شایستەی ئەم مەبەستە بێ. بەم پێیە وا لە تورك دەکەین سەرلەنوێ بۆ ڕاستی خۆیان بگەڕێنەوە. ئێمە ئەو بزافەین کە بانگهێشتنی ئەوە دەکات. ئێمە گرێدراوی یادی ئەو هەڤاڵانەمانین کە ڕەگ و ڕیشەیان لە تورکیاوەیە. لە کاتێکدا ئێمەیان بە هێزی چارەسەر دەبینی و باوەڕیان وابوو

ئامانجەکانیان بەدی دێنین. لەبەر ئەوە لە پاڵپشت و کۆمەك کردنماندا درێغیان نەکرد.
واتە(PKK) هەم ماناو شێوەی ئەو تورکە دیاری دەکات کە دەمانەوێ ببێتە براو دۆست و تەنانەت هەڤاڵیشمان و هەم ناسنامەشی دیاری دەکات. حیزب دەرفەتێکی پێداوە و لەم بارەیەوە بانگەوازێکی ئاراستە کردووە و گەلێك پاڵپشتیمان بەردەست خستووە کە هێشتا لەم چوارچێوەیەدا بەردەوامە. ئێمە ئەگەر کار لە سەرلەبەری دنیاش بکەین. من هەر وەك مرۆڤێکی بێ‌فیز دەمێنمەوە کە بەتەنگ ئەوەوەیە لەسەر ئەم بنچینەیە لەگەڵ هەموو خەڵکدا بجووڵێتەوە. بەڵام ئەو تورکەی کە دووچاری گرێی خۆ بە گەورەزانین بووە. ئەگەر توانی ئەم گرێیە تێبپەڕێنێ و کەمێك لە پێوانەی مرۆدۆستانە نێزیك بووەوە و وەك ئەو مرۆڤە ڕەفتاری کرد کە بیر لە ئازادی و هاوسانی دەکاتەوە و قسەی وای بە دەمدا نایێت بۆنی زاڵبوون و کۆیلایەتی لێوە بێ و تەنگمان پێ‌هەڵناچنێ، ئەوسا دەبینێ ئێمە پشتیوانێکی بەهاداری ئەوین و دەتوانێ پەرەسەندنێکی فراوان بەدی بێنێ و ئێمە لە خزمەتی ئەوەداین. ئەم قسانە بۆ یادی هەڤاڵ «کەمال و حەقی» دەکەم کە بەلای ئێمەوە بەهایەکی گەورە دەنوێنن و ئێمەش پێبەستەی بیرەوەرییانین و کار بۆ ئەم بیرەوەرییە دەکەین.
ر.ی.ك: دۆستایەتیتان لەگەڵ کەمال پیر چۆن دەستی پێ‌کرد؟
س.پ: نیو سەعاتێك گوێم بۆ بگرە. بە گشتی باسی گەلێك مەسەلەم کرد. تا شەهید بوونی پێوەندی پێمانەوە هەبوو. ئەو یەکەم شەڕکەر و سەرکردەی سەربازیمان بوو و لە ژێر ئەشکەنجەدا بوو بە ئێسقانێکی ڕەشداگەڕاو. ئایا لەشیتان دیوە؟ مەیجۆر «ئەسعەد ئۆقتای» بە «کەمال»ی دەگوت: کەمال واز لە مردن بێنە. ئێمە دەتوانین ژیان بە بەرتدا بکەینەوە. کەچی کەمال وەڵامی دەدایەوە: مردنی ئێستای من گەورەترین زەبرە بۆ ئێوە و ئەوەش بەدی دێنم، دەرفەتی ئەوەتان نادەمێ بمگێڕنەوە بۆ ژیان. ئەوەی وا دەمەوێ بیڵێم چالاکی و قوربانیدانێکی گەورەیە. ئەو هەتا هەتایە پێمانەوە بەسترابوو.
ی.ك: بەڵێ، باسی ئەوەیان کرد. ئەمە مانای وایە ئێوە کەسایەتیتان وەك خۆیەتی و لەگەڵ هی ئەودا هاوشێوەیە.
س.پ: کەمال بەڕاستی وای دەبینی کە ڕزگاری گەلی تورك بە ڕزگاری گەلی کورددا تێدەپەڕێت. بەڵێنی ئەو لەسەر ئەم بنچینەیە بوو و تا سەر پێملی ئەم بەڵێنە بوو. با نموونەیەکت لەسەر ئەوە بدەمێ: لە کاتی بەرخۆدانیدا لە بەندیخانە دەڵێت: «دوژمن گەمە بە ژیانمان دەکات تا حیزب بە دۆڕاوی بێنەدەر. ئێمەش کارێك دەکەین دوژمن بە مردنی ئێمە بیدۆڕێنێ». ئەمە بەڵگەی بەسترانەوەی ئەوە بە بەڵێنەکەیەوە.
ی.ك: بە ڕاستی وا بوو. شەهیدبوونی ئەمەك بوو بۆ بەڵێنی خۆی و ئەوە کارێکی شایانی هەموو ڕێزێکە. باشە ئاپۆی برام ژیان و خۆشەویستی چۆن پێناسە دەکەن؟

ژیانم پوختەی پوژانەوەی کوردە

س.پ: بۆ ئەوەی دەست بە باسی خۆشەویستی بکەین، دەبێ یەکەم جار ژیان بدەین بە ناسین. لە ڕاستیدا ژیان هەر بە تەواوی بە ڕووی کورددا دانەخراوە، بەڵکو تەواو بە ڕووی تورکیشیدا داخراوە. مەبەستم ئەوەیە گەلی تورك دەژی، بەڵام لە پێناوی چیدا دەژی؟ ئەمە شتێکی نەزانراوە.

ی.ك: بەڵکو بە تێپەڕینی ڕۆژگار دەبێ بە ڕانەمەڕ.

س.پ: ئەوەش ڕوون دەکەمەوە. بەلای منەوە ئەوە گرنگە مرۆڤ بتوانێ کەمێك شەرەفی خۆی بپارێزێ. لە داب‌ونەریتی کوردەواریشدا مانای شەرەف جیاوازە. لای کورد، شەرەفدار کەسێکی بە خێزان و ژن و کیڵگە و مریشك و سەگەکەیەوە بەستراوە. من لە بنەڕەتەوە پەلپم لەم چەمکە هەیە و پێناسەیەکی پێچەوانەی چەمکی شەرەفم هەیە. چەمکەکەی لای من خۆدامالینە لەم مەسەلانە و بەرپەرچ دانەوەیانە. ئەو تاکە ڕێگایەیە کە دەکێشێتەوە بۆ ژیان و بگرە سەرەتای ژیانیشە. هەرچی کێشەی خۆشەویستیشە، وای دەبینم من خودی خۆشەویستیم هەڵسەنگاند و کارەکەیم ڕێکخست. یان بە واتایەکی دیکە: من بووم سەرقاڵی جێبەجێکردنی بووم. ڕەنگە سەرەتا هۆشیار نەبوو بم. بەڵام ئەوە هەڵسەنگاندنێکی تەواوی بابەتی خۆشەویستی و ژیان بووە. گوتم پێویستە ئەو خەڵکانە کە تەواو لە ژیان و خۆشەویستی ڕیشەکێش‌کراون، بۆ ژیانێکی جوان و تازە و بۆ خۆشەویستی‌یەکی بە شەرەفانە ڕێنوێنی بکرێن. بە کێش‌کردنیان بۆ ئەو ژیانە گەورەترین شەرەفە. ئێمە ئەو هێزەمان پیشاندا.

ی.ك: بەڵێ، مرۆڤی کورد وردە وردە دەستی کردووە بە ژیانەوە و ئێستا گۆرانی «سەرۆك ئاپۆ» دەڵێت. جاران کە شەرابیان دەخواردەوە سەرخۆش دەبوون. بەڵام ئێستا کە ئەو گۆرانیە دەڵێنەوە هۆش و عەقڵیان لە دەست دەدەن!

س.پ: ئەوەی ڕاستی بێ ئەوە دیمەنێکی ژیان و شادمانی‌یەتی. ئێستا مرۆڤی کوردیش دەیەوێ خۆی خۆش بوێ. ئەو کە منی خۆش دەوێ، دەست بە خۆشەویستنی خۆی دەکات.

ی.ك: بە ڕای من پەرەسەندنی مرۆڤایەتی خۆش ویستنی بەرانبەر و نکوولی لە خۆکردن دەخوازێ. من بە ڕاستی لەم بابەتەدا هاودەنگتان نیم و پشتگیری ئەو قسەیەتان ناکەم: «مرۆڤی کورد خۆشی دەوێی، چونکە خۆی خۆش دەوێ». ڕەنگە هەڤاڵە کوردەکەی زۆر خۆش بوێ، بەڵام تۆ تێکڕای گەلت خۆشدەوێ.

س.پ: دیارە تۆ باسی گیانی هەرەوەزی دەکەی. ئەگەر ئاگاتان لێ‌بوو بێ حاڵی حازر ئەم خۆشەویستیە لە کۆمەڵگادا بەدی دێت. ئەمە وا دەگەیەنێ کە گەل دەیەوێ خۆی بە ڕاستی خۆیەوە شەتەك بدات. هەر یەکێکیش بەشی خۆی دەبات.

ی.ك: ڕاستە مرۆڤ و کۆمەڵگای کوردی خۆی لە ئاپۆ و(PKK)دا بینی‌یەوە و متمانەی بە خۆی پەیداکردەوە. هەموو ئەمانە ڕاستن. قسەیەکیشم هەیە: «ئەو

مرۆڤەی کە متمانە بەخۆی نەکات، ناتوانێ خۆشەویستی بکات».
س.پ: گەلی کورد لە رادەبەدەر متمانەی بە خۆی لە دەست دابوو. تێکۆشان هێندێك متمانەی بۆ گێڕایەوە. جا کە کەمێك متمانەی بە خۆوە دی دەستی بە خۆشەویستی کرد. ئەمە ڕاستە.
ی.ك: بڕوا بە خۆکردن لە دڵەوە هەڵدەقوڵێت و بەجەرگی و هێز دەبەخشێ.
س.پ: بێ گومان، متمانە بە خۆ پەیداکردن بەجەرگی و ئیرادە و شەڕ و کاری تێدایە. هەموو ئەوانەمان بە گەل بەخشی. دەکرێت گەیشتنی کورد بەم بارودۆخە لە ژیانی مندا کورت بکرێتەوە. لەبەرئەوەی ژیانم پوختەی ژیانەوەی کوردە. واتە من هەموو شتێکم ڕێکخست و لە ڕێگای ئەوەدا شەڕێکی فەلسەفی و ئاینی و سیاسیم لەگەڵ خودی خۆمدا کرد و ئەو خاڵەش کە بە ئەنجامم هێنا ئەمەیە: «پێویستە بەم شێوەیە ژیانت خۆش بوێ». ئێستاکە گەل دەڵێت: «ئیتر بەسە، تۆ لە پێناوی ئەم ژیانەدا ئەوەی پێت کرا بە زیادەوە بەخشیت». ئەم دۆخە جێی بایەخمە، چونکە سەرەتا تەنیا بووم و چواردە ساڵیشە لە نیشتمانەوە دوورم و تێکەڵی کەسانێکی زۆر نەبووم. وێڕای ئەوە ئەوەی بۆ من هەڵکەوتووە بۆ هیچ سەرکردەیەکی دیکە هەڵنەکەوتووە، وەك یەکێتی گەل و ئەو خۆشەویستیەی کە باوەڕناکرێت وابێ.
ی.ك: باشە ئاپۆی برام چواردە ساڵە تۆ لە نیشتمانەوە دووری، ئەی چۆن دەگەیتە ڕاستی کورد؟
س.پ: ئەم دۆخە بە ڕێگای ئاسایی ـ ئایدیۆلۆژی و سیاسی ـ بەدی نایێت. لەم بارەیەوە تەنانەت ئەگەر نەگەیشتبێتە ئەو ئاستەیش کە دەمەوێ. بەڵام پەرەسەندن هەر هەیە. بەدیهێنانی ئەوە پێوەندیەکی توندوتۆڵی بەخاوەن پرنسیپ بوونی مرۆڤەوە هەیە. کەمێك لەمەوبەر بە کورتی باسی قۆناخی منداڵیم بۆ کردن و گوتم: من ئەو شۆڕەسوارە شەڕکەرەیان بووم کە هیواکانی خۆیانیان پێوە بەند کردبوو. گوتیشم: من شەڕکەری (٤٤) ساڵەی ئەوانم. مانای وایە من ئەو جەنگاوەرەی گەلی کوردم کە هێشتا لە قۆناخی منداڵیدایە. ئەمەیش وام لێدەکات ناپاکی دەرهەق بە خەیاڵ و ئاوات و ئارەزووەکانیان نەکەم. من خیانەتم لەوانە نەکردووە. ئێستا کە ئەم هەموو نیشانەش دەکەم بە بێئەوەی بییانناسم، ئەوە وا دەگەیەنێ کە من لە ژیان دوورنیم. من چاودێر و توێژەرەوەی گەورەی ئەوانم و یاسایان بۆ دادەنێم. ئەم هەموو مەسەلانەم لە ناخمدا بە سەرکەوتن گەیاندووە و هەر ئەوە ماوە پێشکەشیان بکەم. پێشکەش کردنەکەیش تەنیا مەسەلەیەکی تەکنیکی‌یە، گەل دەست بەجێ نامەی دەگاتە دەست. باوەڕم وایە دەبێ ئەم بابەتە باشتر لێی بکۆڵدرێتەوە. مەبەستم ئەوەیە کەس ناتوانێ ڕێ لە گەیشتنم بە گەل و کۆششم لەم پێناوەدا بگرێ، نە دەوڵەت و نە سەرلەبەری دنیاو نە ئەو ئاکامانەیش کە لەهەرەس هێنانی سۆشیالیزمی بنیاتنراو کەوتنەوە. واتە سەرباری ئەم هەموو کۆسپانە سەرکەوتنی بێوێنە بۆ گەلەکەم بەدی هات. ئەم سەرکەوتنەش هی

گەلێکە لە ئاگایی و ژیانەوەیدا گەیشتە خاڵی کۆتایی.

ی.ك: لەوانەیە ئەمە خاڵێکی جیاوازی یاسای پەرەسەندنی یەکسان بێ. ئەوەتا لە کاتێکدا کە هەموو شتێك هەرەس دێنێ، گەلێك کە وا کەس چاوەڕێی هیچی لێناکات ڕادەپەڕێ و بە سەرکردایەتی(PKK) تەلەمبازێکی گرنگ بەدی دێنێ.

س.پ: بەڵێ دەکرێت خۆ کوردستان لاوازترین خاڵە بۆ ئیمپریالیزم. ئیسلام لە بیابانی عەرەبدا سەریهەڵدا کە مرۆڤایەتی لە خاڵی بڕانەوەدا بوو. شۆڕشی فەرەنسەش لە ناوەندی تاکرەوییەکی بۆگەندا سەری هەڵدا. هەرچی کوردستانیشە هێندەی ئەوەی کە لاواز بوو، مرۆڤایەتی تێیدا گەیشتبووە خاڵی بڕانەوە و ئەم ڕووداوەی لێوە پەیدا بوو. دەتوانین زیاتر ئەوە لێك بدەینەوە. بەڵام دەمەوێ بڵێم بەرزبوونەوەیەك لە خۆشەویستیدا هەیە. «چەتین ئەمەج»ی ڕۆژنامە نووس هەیە، زیرەکە و لە ئێوە دەچێ. لە نووسینەکانی ئەم دواییەیدا گوتارێکی بۆ هەڵسەنگاندنی من تەرخان کردووە. پێم وایە ئەوە هەفتەیەك پێش کۆچی دوایی ئەو بوو. ڕۆژنامەی (حوریەت) بەهۆی ئە و گوتارەوە هاتە ئێرە و پێی گوتم: گوتارێکی لەسەر نووسیوی. ئایا نایخەیتە نێو لیستەی دوژمنەکانت. پێم گوتن ئەم کابرایە زیرەکانە هەڵسەنگاندووم و من ڕێزی ڕایەکەی دەگرم. یەکێك لە ڕستەکانی کە هێڵی بەژێردا هێنابوو دەڵێت: خۆشەویستی بە ڕێگای ڕاست چی دەگەیەنێ؟ لەسەری دەڕوا و دەڵێت: شێوەی ئەو ڕێگایە چییە کە دەچێتەوە سەر خۆشەویستی لەسەر بنچینەیەکی تازە؟ ئاپۆ باسی ئەوەش دەکات. ئەمە وا دەگەیەنێ کە عەقڵی ئەم کابرایە ڕێگای ڕوو بە خۆشەویستی بە خۆتاگری. ڕاستیەکەی ئەو کابرایە توێژەرەوەیەك بوو و من ڕێزی ئەم لایەنەم گرت. لە کاتێکدا ڕۆژنامەی حوریەت بە پێچەوانەوە ئەوەی لێك دابووەوە. ئەوەی ڕاستی بێ من وای دەبینم کە گوتارەکەی زۆر بەنرخە. لە ڕۆژنامەنووسەکانی دیکەش «ئۆرسن ئۆیمەن» هەیە هێندێك گوتار دەنووسێ. جگە لەوە نامەوێ باسی ڕۆژنامەکانی «باب عالی» بکەم، چونکە زۆربەیان بەشێوازی قەشە کۆنەکان و ئامۆژگاریە کلێسەییەکانیان دەنووسن و بەو پێیە کرێی خۆیان وەردەگرن.

یەکەم مانگرتنمان، لە کۆلێژی زانستە سیاسیەکاندا بە بۆنەی کوشتاری (قزلدەرە)وە بوو.

ی.ك: باشە ئاپۆی برام با بۆ قۆناخی زانکۆ بچین، ئایا لە کۆلێژی زانستە سیاسیەکان دەتخوێند؟

س.پ: بەڵێ، ساڵێك لە دیاربەکر مامەوە و لە ڕووپێوان ئیشم دەکرد. دوای ئەوە ساڵێك لە ئەستەمبوڵ مامەوە. لەدوا دواییەکانی ساڵی ١٩٧١ دا چووم بۆ ئەنقەرە. لەوێ «ماهر و دەنیز»ی جووتە پاڵەوانی بەرخۆدان کە لە بەندیخانە هەڵاتبوون و

هێشتا نەگیرابوون، شەڕیان دەکرد. چالاکیەکانیان هێشتا هەر بە بەرچاوەوەن. شەهید بوونیان لە ٣٠ ی ئاداردا زۆر کاری تێ‌کردین. پاڵەوان بوون، متمانەی ئێمەیان بە دەست هێنابوو. پاکتاوکردنی ئەو پاڵەوانانە وای لێ‌کردم سەر لە نوێ بارودۆخەکە شەن و کەو بکەم. ڕەنگە بەختم یار بووبێ چونکە نرخێکی زۆرم پێدەدان و زیاتر لە جاران بایەخم بەو بزاڤانە دەدا. ئەوان بوون چالاکی خۆیانیان ڕێکخست و ئەنجامدا و بەوە قۆناخێکی گرنگی تێکۆشانیان دوایی پێ‌هێنا. چەند لایەنگرێکی ئاسایی‌یان لە کۆلێژی زانستە سیاسیەکاندا هەبوو. لە کۆتایی ١٩٧١ و سەرەتای ١٩٧٢ دا قسەکانی «ماهر» و هەڤاڵانیم بیستبوو بەر لەوەی ببنە کەسانێکی نایابــایی. جەربەزەیی‌یانم بینی و دیمن بە مەبدەئەوە بەستراون. نواندنی ڕاستیم لە لابینین. ئەوسا لە دڵی خۆمدا گوتم: «پێویستە واز لەوانە نەهێنین».

ی.ك: لە کوێوە بە دووی قسەکانی «ماهر»دا چوون؟

س.پ: لە ساڵۆنێکی زانکۆی تەکنیکی ئەستەمبوڵدا، ئەو کۆنفراسە یەکجار بەناوبانگ بوو. پێم وایە کۆبوونەوەیەك بوو بۆ خۆ جوێ‌کردنەوە لە ساڵی ١٩٧٠ دا. سێ یا چوار کەسی دیکە هاتنە پاڵ کۆبوونەوەکە، ئەوانیش «یووسف کوبەلی، ڕەمەزان ئاکتولکا، کازم ئۆزدۆغان» بوون. ئەوانە دەستیان بە پێکهێنانی «THKP-C» (حیزبی شیوعیی میللی تورکیا- بەرە) کرد و لە بەرێز «میهری بەللی» هەڵبڕان. لام وایە لێکهەڵبڕانێکی پەلە بوو و دەرچوونێکی یەکجار بەجەرگانەش بوو لە چەمکی چالاکی‌یەکاندا. لە کۆنفراسەکەدا باسی نیشتمانپەروەری کوردیان کرد. سەرەنجام چەندین شت لە زەینمدا مانەوە. لەوێوە بۆ ئەنقەرە چووم و بوومە لایەنگری ئەم حیزبە کە دایانمەزراند. یەکەم مانگرتنمان لە کۆلێژی زانستە سیاسیەکاندا بە بۆنەی کوشتاری قزلدەرەوە کرد. لە ٣٠ ی ئاداردا شەهیدکران و ئێمەش لە(١)ی نیساندا دەستمان بە مانگرتن کرد. لە (٧)ی نیساندا لەلایەن ئیدارەی کۆلێژ و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشەوە بۆ لێکۆڵینەوە بانگ کراین و گیراین. کە لە بەندیخانە بووم «دەنیز»و هاوڕێکانی لە سێدارەدران. هەرچی ڕێکخستنە چەپڕەوەکانی دیکەش بوون لە ئەنجامی کیوماڵ کردنەوە تووشی پاکتاوکردن بوون و زۆر کەسیان گرت و زۆربەیان سەر بە «TIP» و «THKP-C» بوون و هێنایانن بۆ ئەو بەندیخانەیەی کە ئێمەی لێ‌بووین. بە کورتی هەموویان هاتن و لەوێ بەزینیانم بینی. ئەو ئەنجامەش کە بە دەستم هێنا ئەوە بوو: دەبێ بە شێوەیەکی زۆر ڕادیکاڵانە تر ڕووبکەینە مەسەلەکە و بە دوواداچوون و بەردەوامی ڕێکخستن دابین بکەین، کە دوو کارن دەبێت بکرێن.

ی.ك: ئەمە وا دەگەیەنێ تۆ ئەو بێ‌هێزیە دەبینی کە لەلای خێزان بینیت.

س.پ: بێ‌ئەملاوئەولا وەهایە. پاڵەوانان دەکوژرێن و ڕێکخستنەکان درووێنە دەکرێن. ئەگەر ئاگاتان لێ‌بوو بێ من شوێنێکم بۆ ناپاکی پاڵەوانان لەلا نی‌یە. ئەو پیاوانە بە هۆی مەبدەئیانەوە کوژران. دەبوو هێندێك کەس درێژە بەم مەبدەئانە

بدەن. ئەو قسەیەم دەکرد و ئەمە پاڵی پێوەنام ڕێکخستنێك دابمەزرێنم. باوەڕم هەیە کە دەبێ یادی پاڵەوانانی بەرخۆدان لە ساڵی ١٩٧١ دا بپارێزرێت و ئیش بۆ بەردەوام بوونی بکەین و نەیکەین بە پارووپەکی ئاسان بۆ دوژمن. بە شەهید بوونیان بۆ جاری دووەم بێهێزی و خوێن و پاڵەوانەتیم بینی و تەماشای دەوروبەری خۆمم کرد و هەڤاڵە ژیرەکانم نەبینی و ئارەزووی یەکگرتنم لەگەڵ چەند ناوەندێکی دیکەدا کرد. بەڵام سەیرم کرد دوورڕوون، بە خێرایی لێت دەتەکنەوە.

ناونووس کرانم لە کۆلێژی زانستە سیاسیەکاندا هەشت ساڵ درێژەی کێشا و ساڵانی یەکەم لە یادی ئەو پاڵەوانانەی بەرخۆدان و هەوڵی تۆڵەسەندنەوەیاندا بەسەرچوون، پاش ئەو حەوت مانگەی کە لە پشت شیشی زیندانەوە بەسەرم بردن گوتم: «هیچ شتێك بە بێ ڕێکخستنێکی دروست و هەمیشەیی ناکرێت».

دابڕانێکی ڕاستەقینەم لەم مەسەلەیەدا بینی. بەسەرهاتی کورد کەموکوڕیەکی تێدا هەبوو. گوتم: «ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت، ناتوانین بە یەك پێ بڕۆین». سۆشیالیزمی شۆڤێنی بەردەوام تەگەرەی دەخستە ئەو کارە. من خەریکی ئامادەکردنی ئەم پێ و ئەو باسکە بووم. لە دەست پێکردنی ساڵی (١٩٧٢)ەوە بەم بڕیارە گەیشتم: من لە پێناوی شۆڕشدا هەم. بەڵام دەبێ باسکی کوردی ئامادە بکەم و بنیاتی بنێم و بیخەمە کار و بیکەمە بەشێکی ئەم شۆڕشە. دیارە بە بێئەوەی پێوەندیم بە هەڤاڵانی تورکەوە بپچڕێنم هەر لەو قۆناغەدا چاوم بە «کەمال پیر» کەوت و پێوەندیمان دەستی پێکرد و ئاحافتنێکی یەکجار کاریگەرم گوت. ئەم قسانە زۆر کاری تێ‌کردن و بەس بوون بۆ ئەوەی کە خۆیمان پێوە گرێ‌بدات.

ی.ك: کە لە بەندیخانە دەرچوون بێ جێ‌وڕێ مانەوە؟

س.پ: بەڵێ. دەچوومە ماڵی برادەران و ماڵم نەبوو. دەتوانم بڵێم من لە ساڵی ١٩٧٢ بە دواوە بە کردەوە سەرکردایەتی شۆڕشگێرەکانم دەکرد. ڕەنگە ئەمە ڕوون نەبووبێ بەڵام ئێستا پاش تێپەڕینی بیست ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوەدا۔ واتە ئێمە لە بیرەوەری بیستەمیدا دەژین ـ ئەوە پتر ڕوون بۆتەوە.

ئەو کاتە گەلێك توێژی بەرفراوانمان لە ئەنقەرە و ئەستەمبوڵ ڕێکخست و توانیمان گیانی شۆڕشگێری بۆ ئەستەمبوڵ بگوازینەوە و ئەو مانگرتنە بگەیەنینە هەموو تورکیا کە ١٢ ی ئادار لە کۆلێژی زانستە سیاسیەکان دەستمان پێ‌کرد. ئەمە وەك قۆناغێکی تازە وا بوو. چاودێرێکی باش بووم، لەبەر ئەوەی لایەنگرێکی باشی چەپی تورکیش بووم چ خزمەتێك خرایە سەرشانم کردم و کەوتمە بەشینەوەی بلاوکراوە. هەتا گەیاندمە گوندەکەشم. ئەوە هەرگیز نارەحەتی نەکردم و هەستم بە دڵپیسی نە دەکرد. دیارە چەند هەڤاڵێکی دیکەشم لەگەڵدا بوون.

ی.ك: کەسی وا هەیە لەگەڵتدا خەباتی کردبێ و هێشتا مابێ؟ سش

س.پ: لەم مەسەلەیەدا هەڤالی «دۆغان»م بیردەکەویتەوە کە هەڤالی بەندیخانەم بوو. کوری «لیمان فرتنا»یە و پێم واشە «لیمان» لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤدا ئیش دەکات.

ی.ك: لام وابێ ئێستا لەوێ نییە. وەك بزانم لە هەڵبژاردنەکانی دواییدا لەوێ نەبوو.

س.پ: کورەکەی لە قوتابخانە و بەندیخانەشدا هەڤالم بوو و سەر بە ڕێکخراوی رزگاری «KURTULUS» بوو، من ئەم مەسەلەیە دەگێرمەوە چونکە خالێکی شایانی بایەخ پێدانی تێدایە. بیرتانە کە «ئاغور مومجو» گوتی: ئاپۆ پازدە ساڵ لە بەندیخانە دەمایەوە. بۆچی بەریاندا؟ ئەوەی لە گوتارێکیدا نووسی. من لێرەدا دەمەوێ ئەم مەسەلەیە کەمێك ڕوون بکەمەوە. باوکی «دۆغان» ئەفسەر بوو. ئەوەیش کە لە دادگا بوو بە شایەت بە سەرمانەوە کەسێکی فاشی بوو، پێم وایە باوکی «دۆغان» ئەو کاتە ئەندامی دادگای سەربازی بوو و نازانم ئاخۆ توانیبێتی کاربکاتە سەر دادگا یان نا، ئەو حوکمەی کە «باقی توغ» بۆی داوا کردین حەوت ساڵ بوو. بەڵام ناکرێت بە یەك شایەت حوکم دەربکرێت، ئەگەر دادگا ئەوەی کرد ئەوە هەڵاوارادنە جا بۆ ئەوەی «باقی توغ» بتوانێ ئەم حوکمە دەربکات پێویستی بە شایەتێکی دیکە هەبوو و لەیەك شایەت بەدەریش لە بەردەستیدا نەبوو. وای ئارەزوو دەکرد، بەڵام نەیتوانی. قوتابی و لاو بووین هێشتا خالی کوردی بە تەوێلمانەوە نەبوو.

ی.ك: ئەو داواکاری گشتی بوو و دەیتوانی داوا بکات. دادگاش دەیتوانی ئەوە جێبەجێ نەکات. کێشەکەتان گەیشتە ناوەڕاستی ساڵی ۱۹۷۲ و حەوت مانگ لە بەندیخانەدا مانەوە. ئەوە بەس بوو بۆ بەرەڵلا کردنتان.

س.پ: بە کورتی وازیان لێهێناین و بەریاندایین. ئەو ئەزموونە فێری کردم و وامڵێهات باش سنووری خۆم بناسمەوە. هەروەها ڕژێمی سەربازیشم ناسی و پەیم بەوە برد کە ئەم کارە بە جۆش و خرۆشی گەنجانە ناکرێت. لە دڵی خۆمدا گوتم: پێویستە شێلگیر بی و تەگبیری حالی خۆت بکەی تا جارێکی دیکە نەچیتەوە بەندیخانە و باش دەورت بگرن. پێویستە ئەوە فێر ببی و بە باسکی کوردی دەست بە کار بکەی. هەموو ئەمانە لە بەندیخانە فێر بووم.

ی.ك: بۆچی ئاوا بیرت کردەوە؟

س.پ: ئەگەر باسکی کوردی دروست نەبێ هیچ ڕووداوێکی تورکی لە ئارادا نابێ. کەمال پیر پاشتر لە لێکۆڵینەوەدا ئەوەی بە ئاشکرا گوت: «ئەگەر شۆرش لە کوردستان گەشە نەکات، تورکیا شۆرشی تێدا نابێ». هەڤالان لە چوارچێوەی ئەم تێزەدا هاتنە پالمان. ئەمە وا دەگەیەنێ کە شۆرش توانی لە ڕێگای ئێمەوە گەشە بکات.

ی.ك: منیش لە منداڵیمەوە دەمگوت: «کوردستان گۆرەپانی دروست کردنی

شۆڕشگێڕه تورکه‌کانه».

س.پ: بەڵێ شۆڕشی کوردستان وا لە خۆی دەکات لەم گۆشەیەوە هەستی پێبکرێت. چەپی تورکی ئەوەی لە بەرچاو نە دەگرت و لە بەردەم شۆڕشی ڕاستەقینەدا داخراو بوو و نیازی نەبوو کوردستان بخاتە پاڵ شۆڕش. گوتەکانی سۆشیالیزمیان لە هەزار جێوە کۆدەکردەوە تا بڵێن: «ناکرێت ڕێکخستنێکی دیکە لە گۆڕێدا بێ». بۆچی شۆڕشێکی دیکە ناکرێت؟ هەوڵیان دەدا ئەم تیۆریانەیان بسەلمێنن. هەرچی ئێمەیش بووین کە لە کوردستانی بنکەی وزەی زۆر و زەبەند و شاراوەی شۆڕشەوە هاتبووین دەمانگوت: «دەبێ گۆڕەپانەکەمان ببێتە سەرچاوەی شۆڕشێکی گەرم». لەم خاڵەوە دابەش بوون و لێك دوورکەوتنەوە دەستی پێکرد. بە واتایەکی دیکە لە سۆشیالیزمی شۆڤێنی دابڕاین.

ی.ك: لە تیزەکەتاندا شەریکە بەشی‌یەك لە نێوان دوو شۆڕشدا هەیە. دەشڵێن تورکیا شۆڕشی تێدا ناکرێت بە بێ‌سەرکەوتنی شۆڕش لە کوردستان.

س.پ: بێ‌گومان «حەقی و کەمال»م لەگەڵدا بوون تا ساڵی ١٩٧٦ لە نێو شانە و ڕێکخستنەکانی چەپی تورکیدا پێکەوە بووین. لەبەر ئەم هۆیە ئیدارەی موخابەرات سەری لێ‌شێوابوو و تا چوار ساڵ نەیدەزانی سەر بە چەپی تورکیم یا چەپی کوردی، بە بێ‌ئەوەی هەواڵی ڕاستیان پێ‌بگات.

ی.ك: کەسی وا هەیە تا ئێستا نەتوانێ ئەمە هەڵبسەنگێنێ؟ خۆتا ساڵی ١٩٩٢ یش هێندێکیان دەپرسن کوردە یاتورکە یا مارکسی و لە هەڵسەنگاندندا دژواری بەدی دەکەن هەیە تا ئێستاش نازانێ؟

س.پ: بەڵێ، هی وا هەن تا ئێستاش نامناسن و دوو دڵن لەوەی کە داخۆ ئاپۆ کوردە یا تورکە و ئایا کوردستانی دەوێ یا شۆڕشێکی لە تورکیادا دەوێ و ئایا ئاپۆ سۆشیالیستی‌یە یان نەتەوەپەرست و ئایا ئاپۆ مارکسی - لینینی‌یە یان بیرێکی دیکەی هەیە.... گەلێك پرسیاری لەم چەشنەش. لەم مەسەلەیەدا نە ئەمەریکا و نە تەنانەت تورکیا و ئێران و ئەوانی دیکەش هێشتا نەیانتوانیوە ئەوە دەست نیشان بکەن.

ی.ك: ناو بەناو وەك لە ڕۆژنامەکانی تورکیادا دەیخوێنمەوە ئەوانیش تا ئێستا ناتوانن ئەوە دیاری بکەن.

س.پ: بەڵێ، ناتوانن ئەم هەڵسەنگاندنانە بکەن. من هیچ شتێك سەبارەت بەم مەسەلەیە ناشارمەوە و ئاشکرا و بە بێ کەم و زیاد باسی هەموو ڕاستی‌یەکی پێوەند بە خۆمتان بۆ دەکەم. من لەو بارەیەوە زۆرکراوم و ئەم هەڵوێستەیش مەبدەئی‌یە. دەبێ ڕاستیەکان بێ‌کەم و زیاد بن. کەس نی‌یە وەك من بتوانێ بێ‌کەم و زیاد ڕاستی بڵاوبکاتەوە.

ئەگەر زەمان و زەمین لەبار بوونایە ڕاستیەکانم زیاتر وەکو خۆیان بۆ شی‌دەکردیتەوە.

ی.ك: ئێوە هێندەی بەس بکات قسە دەکەن. من لە کاری حیزبیتاندا ئەوە بەدی

دەکەم، لە بەیاننامەکانی ئەم دواییەتاندا لەسەر گشت شتێك قسە لەگەڵ هەمووان‌دا دەکەن. ئەمە شێوازێکی سوکراتیانەیە. ئێمە گوتمان لە زانکۆی ئازاددا شێوازی سوکراتی هەبێ، بەڵام لێرەشدا هەمان شێواز بە ڕێوەدەبەن.

س.پ: من پیرۆزبایتان لێ‌دەکەم چونکە لە زانکۆدا هەر لە بنچینەوە شێوازی سوکراتیتان هەڵبژارد. ئەمە شتێکی زۆر باشە و تەرزی ژیانمە. سوکرات لەو یەکەمین کەسانە بوو کە ئەکادیمیای فەلسەفەیان دامەزراند. جا ئێمەش بۆ یادی یەکەم دامەزرێنەر ئەکادیمیایەکی هاکەزاییمان ڕێکخست، بەڵام پەرەی‌سەند. بەم پێیە پیرۆزبایی ئەم کارەتان لێ‌دەکەم.

ی.ك: کارێکی گەورەیە و گەلێك کەس پێشوازی‌یان لێ‌کرد. ئێستا با گفتوگۆکەمان تەواو بکەین. بەڵێ دەتناسن. بەڵام ناتوانن هەڵتبسەنگێنن.

س.پ: هۆی ئەوەش ئەوەیە: ئەوان بە چەند قاڵبێکی دەست نیشانکراو ڕاهاتوون و لە مرۆڤایەتییەوە دوورن. بەڵام من بە تەواوی مرۆڤم. پێویستە ئەمە لە مرۆڤایەتیمدا ببینن: تێڕوانینێکی خاوەن یەك دووراییم نی‌یە. وەك نەتەوە و ئاین و نەژاد و مەزەب. لە دنیادا نەیارێکم نی‌یە تەنانەت لە نێو دوژمنەکانیشمدا بتوانێ پیاوانە شەڕ بکات. ئیتر بۆچی بەچەوتی هەڵمدەسەنگێنن؟ هەیانە دەڵێت: نیشتمانپەروەرێکی گەورەیە و هەیانە دەڵێت: سەربازیە و هەیانە دەڵێت: ئایندارە و هەشیانە دەڵێت: ئیمپریالی‌یە و هێندێکیشیان دەڵێن: نەیتوانیوە خۆ لە تێڕوانینی تەسکی چینایەتی دەرباز بکات. بەو پێ‌یە ئەوانە ناتوانن دەست بەرداری قاڵبەکانیان ببن و لە تێڕوانینی تەسکی خۆیانەوە دەست پێ‌دەکەن و دەڵێن ئاپۆ وایە و وایە. من هیچ یەکێك لەوانە نیم و نابم. بۆچی خۆم لە خەسڵەتە بنچینەییەکانی مرۆڤ دوور بخەمەوە؟ بەڵام خۆم ناکەم بە ئامێرێك بۆ ئەو خەڵکانەی کە شێوەیان تێکچووە. من نکوڵی لە مرۆڤایەتی و ڕاستی ئاین و هەموو ڕاستی‌یە کۆمەڵایەتیەکان ناکەم. بەڵام لە بەردەم ئەم مەسەلانەدا کە بوونەتە کارێکی کۆنەپەرستانە و بەڵا بەسەر مرۆڤایەتیەوە یا بوونەتە شێوە نەهامەتی و بارێك بەسەر شانی کۆمەڵگاوە، سەر دانانەوێنم. ئێستا ڕەنگە بڵێی: تۆ یەك کەسی، پێویستە بەم چەشنە قسە نەکەی. چ پێویست بەوە دەکات. ئەوسا دەڵێم من مرۆڤم و لەبەر ئەوەیش کە مرۆڤم پێویستە ئەمە بکەم.

ی.ك: نەخێر واناڵێم؟

س.پ: لەوانەیە هی وا هەبێ وا بڵێت. مەبەستم ئەم قسەیەیە: «ئەم ئاپۆیە کێ‌یە تا لە مرۆڤایەتی بدوێت و بە ناویەوە جموجۆڵ بکات». بەڵام من مادامێکی مرۆڤم، ئیتر بۆچی بە ناوی مرۆڤایەتی‌یەوە نەکەومە جووڵە. وانی‌یە؟

ی.ك: زۆر وایە. ئەمە هەقی خۆتانە.

من جەنگاوەری ڕێگای جوانی و جەربەزەییم

س.پ: هەڵسەنگاندنێکی دیکەتان لەسەر خۆم بەرچاو دەخەم: هەموو ڕێزێکم بۆ ئەو خەسلەتە مرۆدۆستانەن کە یەکەمجار سەریان هەڵدا و تەواو دڵبەستەیانم. بەلای منەوە ئەو دۆستایەتیەی کە لە داستانی «گلگامێش»دا هاتووە لەهەر ڕێکەوتنێکی گەورە یان دۆستایەتیەکی ئەمڕۆمان باشترە. چونکە ئاسایی و دۆستانەیە. پێوەندیەکانی مرۆڤی سەرەتایی زۆر کێشم دەکەن. لەوانەیە ئەوانە لە ڕووی زمان و سیستەمی سیاسیەوە پەرەسەندوو نەبووبن. بەلام هەمیشە دڵبەندی پەیدابوونی یەکەمین هێڵی ئەوان بووم. لە دڵی خۆمدا واهەست دەکەم کە من لە تەمەندا هاوشانی ئەوانم و ڕەنگە هێندێکتان ئەمە وا هەڵبسەنگێنێ کە کۆنەپەرستانەیە و بڵێت: تۆ بەدوای هێڵ و پرنسیپێکدا دەگەڕێی هی پێش پێنج یا دە هەزار ساڵە. لەوانەیە وا هەڵبسەنگێنن کە زۆر پاشکەوتووم و مرۆڤێکم بەرەو دواوە دێمەوە. بەلام بە قەناعەتی خۆم ئەو خەسلەتانەی کە لەلای مرۆڤی سەرەتایی هەبوون پاکترو بێگەرد ترن.

ی.ك: زۆر جوانە، ئەمە تەواو هاوجووتی سروشتە. واتە تۆ منداڵێکی لە تەمەنی پێنج یا دە هەزار ساڵەدای.

س.پ: بێلە مرۆڤ وەك خولقێندراوێك هەڵبسەنگێنین. منداڵ بۆچی خراپ دەبێ؟ خەسلەتە سەرەتاییەکانی منداڵ بێگەرد و مرۆدۆستانە و بێوەین و هاوسانی دەزانێ. ئەمانە هەموو خەسلەتی باشن. باوەڕم وایە مرۆڤ تا گەورە ببێ، لەم خەسلەتانە دوور دەکەوێتەوە. پێم وایە هەڵوێست دیاریکردن بەرانبەر بە مرۆڤایەتی کۆن بە هەڵوێستێکی شۆڕشگێرانە دەژمێردرێت. جا لەم گۆشەیەوە ئەوان دەیانەوێ بە پێی بۆچوونە کۆن و کلاسیکیەکانیان هەڵبسەنگێنن کە بوونەتە قالبی جێگیر و ووشك هەلاتوون و بوون بە ئێسقان. با بۆچوون و ئاین و نەتەوەی خۆیان هی خۆیان بێ و با سەرمایەداری بۆ ئەوان بێ و با سۆشیالیزمی بنیاتنراویش بۆ ئەوان بێ.

ی.ك: لێرەوە تابلۆیەکی جوان دەردەکەوێ. لە هەموو لایەکتانەوە ناکۆکی دەکەوێتە ڕوو. تۆ ڕێزی ئاین دەگری و هێندێك سوورەتی قورئانت لەبەرەو لە کوردستان و تورکیادا بەڕێبەری(PKK) گەورەترین خەبات دژی جادووگەری دەکەی.

س.پ: ڕاستە من جاروبار سەرهەڵدانی(PKK) و سەرهەڵدانی ئیسلام پێك دەگرم. لێرەدا هێندێك لە چەپڕەوە ڕووکەشەکان دەڵێن: ئەو خۆی بە پێغەمبەر دەزانێ. ڕاستیەکەی پێویست بەوە ناکات خۆ بەوە بزانم. لەم ڕۆژگارەدا زانست هەموو شتێکە و لێکچوون شایەنی بایەخ پێدانە و لە ڕاستیدا نەبوونی لە بیاباندا کەسایەتی بەهێز دەخولقێنێ. دەرکەوتنی سەردارمان محمد (د.خ) وەك تەقینەوەی گڕکان وایە لە بیاباندا. گێج زینندە بەچاڵ کردن کارێکی چەپەڵە و بڕوای

پێناکرێت. ئەمجا هی وا هەیە ڕەخنە دەگرێ و دەڵێت: محمد (د.خ) ئەوەندە ژن و ئەوەندە کەنیزەکی هەبوو. بەڵام من بەچاوێکی دیکە دەڕوانمە ئەوە. دەبینم ئەم مەسەلەشیان بە شێوەیەکی چەوت هەڵسەنگاندووە. ڕاستە ژنهێنان هەیە بۆ مەبەستی سیاسی. بەڵام ئەگەر بە پێی ئەو قۆناخە وەزعی ژنهێنانت لەگەڵ هی جاراندا بەراورد کرد. ئەوا دەبینی کێشەی ئافرەت سەرکەوتنی تێدایە. ئەمەش هەنگاوێکی باشە. ڕوانینە ئەم مەسەلەیەش بە چاوی تەواوەتی‌یەوە ڕاست نی‌یە. پشتگوێخستنی دەوری محمد (د.خ) وەك شۆڕشگێڕێکی گەورە لەو هەلومەرجە مێژوویی‌یەدا و تێنەگەیشتنی، ڕاست نی‌یە. وەك گوتم لەو بێهێزی‌یە لە ڕادەبەدەرە وردبینەوە کە لە بیاباندا هەبوو. ئەمجا سەرهەڵدانی ئەو هێزەش . دەبینن لێکچوونی لەگەڵ سەرهەڵدانی(PKK)دا هەیە. لەم لایەنەوە مانەوە بەستراوە بە خەسڵەتی باشی پێغەمبەرانەوە و ڕووداوێکی گرنگ بۆ من پێكدەهێنێ. ئاخاوتن وەك پێغەمبەران و قسە بۆ خەڵك کردن بەشێوازی پێغەمبەران چەند مەسەلەیەکی ـ بەلای منەوە ـ گرنگن. ئیتر بۆچی ئەوە خراپ دەبێ؟ لێكدانەوەم لەم بابەتەدا جیاوازە. هەیە شیکردنەوەی منی لەسەر ئاین «هەڵوێستی شۆڕشگێڕ بەرانبەر کێشەی ئاین» بە شێوەیەکی چەوت هەڵسەنگاندووە، ئەگەر چی چەندین سەرەداوی زۆر گرنگی تێدایە. بە ڕای من ئەو خەڵکە زۆرەی کە بە ئاینەوە خۆ دەنوێنن، لە گەوهەریەوە دوورن و بە تەواوی محەمەدی سەردارمان (د.خ) ناناسن و فریان بەسەرەوە نی‌یە و ناوی شێخی فلان تەریقەت یا فلان حیزب یا حیزبی خوا «حزب الله» لە خۆیان دەنێن. ئەوانە ساختەن و دووڕوون. ئەگەر خاوەنە ڕاستەقینەکانی ئاین دەربکەون، ملی هەموویان دەپەڕێنن چونکە داگیرکەر و مشەخۆر و نەزان و فێڵباز و تا سەر ئێسقان پێبەستەی دەوڵەتان و ڕژێمە سیاسی‌یە دامەزراوەکان و دۆلار و موخابەراتن. ئەوانە زۆر خراپەکارن و ئەوەی کە دەیکەن ئیسلامەتی نی‌یە، بەڵکو پیس و پۆخڵی‌یە. ئەو ڕوخسارە ڕاستەقینەیەیان دەخەینە ڕوو کە لەپشت دەمامکە ئیسلامیەکانەوە لە گەلی دەشارنەوە. ئەوسا گەل بەوپەڕی توورەیی‌یەوە دوایان دەکەون و تا دەچنە نێو دۆزەخ ، من لەوە دڵنیام.

ی.ك: ئەوەی کە دەیڵێن زۆر ڕاستە و من پێی ڕازیم. باوەڕم وایە ئەوان بە چەوتی هەڵتدەسەنگێنن.

س.پ: ئەوان بە چەوتی دەمناسن. من دەست بەرداری مرۆڤایەتی نابم. نەك ئەوە بەڵکو دەست بەرداری منداڵی مرۆڤایەتی نابم بەهۆی دابەش کرانیانەوە بۆ چەندین گەل و ئاین. من لەو خەڵکە نیم کە گەورە بوون و لەوانەش نیم کە خۆ بە گەورە دەزانن. بەڵام سەرباری ئەمانە خۆم بە بچووك نابینم، واتە بە بچووکی ناگرم و داماونیم. نابێ هەر بڵێین خەباتی مرۆڤایەتی و بەسەریدا تێپەڕ ببین.

ی.ك: قسەکانتان وای دەردەخەن کە ئێوە خەباتی خۆتان بە خەبات لە پێناوی سەرتاسەری مرۆڤایەتیدا دادەنێن.

س.پ: بەڵێ ئەمە ڕاستە. بەڵکو دەتوانم ئەوە بەم قسەیەمان بکەمە قسەیەکی گشتی: زۆرانبازی مرۆڤایەتی دژی ئەو ئیمپریالیزمەیە کە هەوڵی سەپاندنی

مەرجەکانی خۆی دەدا بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیدا و بە شێوەیەکی پڕ سووکایەتی خۆ بەسەر کەرامەتی مرۆڤانەدا دەسەپێنێ و مرۆڤایەتی لە هەلومەرجی ژیانی ئاسایی بێبەش دەکات. ڕاستی زۆرانبازیەکە ئەمەیە. شۆڕشیش ئەو شەڕەیە کە مرۆڤایەتی دەیکات لە پێناوی گەڕانەوەدا بۆ هەلومەرجی ژیانی ئاسایی و بەربەرەکانی کردنی ئەو ئیمپریالیزمەی کە هەوڵی سەپاندنی مەرج و مەترسیەکانی دەدات. ئیمپریالیزم ڕووی زەوی و ئاسمانی دەگرێ، بە توانایی ناوخۆ و دەرەوەی گەلانیشەوە. مادامێکی مرۆڤم، چۆن چاو پۆشی لەم هەموو مەسەلانە دەکەم؟ خەباتم بۆ گەیشتنە بە ژیانی ئاسایی مرۆڤ.

ی.ك: ئایا خەباتتان تا ڕزگاربوونی سەرلەبەری مرۆڤایەتی درێژەی دەبێ؟

س.پ: ئەم خاڵە زۆر گرنگ نیە. ئەگەر نوانیم دڵنیا بژیم، ئەوە بەسمە. بەڵام من بێڕەوشت نابم و بەناوی مرۆڤایەتیەوە نەکەومە جووڵە تا وێرانی بکەم. گشت کار و جووڵانەوەیەکم لە چوارچێوەی ڕزگاریی نیشتمانی و سۆشیالیزم و مەرجە بنچینەییەکانی ژیانی مرۆڤدایە و بۆ بنیاتنانی پێوەندی و ژیانی ئاساییە و بۆ بەدیهێنانی هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتییە. من پێبەندی هەموو ئەوانەم کە باسم دیکە مەرجەکانی خۆی دەسەپێنێ. من دژی هەموو ئەم دیمەنانەم و دژی ئەو مرۆڤەشم کە لەم ڕژێمانە دێتە دەرێ. لە کۆنەوە تا ئێستا ئەو چەشنە مرۆڤانەشم خۆش ناوێ. بگرە ئەم ڕژێمانە چی دەربهاوێژن من دەیانبوغزێنم. ئەمە ناکۆکیەکانی منن کە گشتی و جیهانین. ڕەنگە زۆر زیرەك نەبم و ڕەنگیشە پاشکەوتووبم. بەڵام من باوەڕم بە خەباتی خۆم هەیە. ئەم خەباتە مەستییەکی بێ ئەندازەم دەداتێ.

ی.ك: شتێکی باشە هەموو مرۆڤێکت خۆش نەوێ.

س.پ: دیارە خۆشم ناوێ. من مرۆڤێکم بە ئاسانی خۆشم ناوێ. ئێستا تەمەنم چل و چوار ساڵە و هێشتا بەدوای ئەو کادیرەدا دەگەڕێم کە زۆر خۆشم دەوێ و دەست نیشانی دەکەم تا ببێتە باشترین هەڤاڵم. گەلێك خەڵکم لە دەور و پشتدان. من لە هەموویان بە قینم. ئەگەر هیوا نەبووایە هیچیانم لەلای خۆم نەدەهێشتەوە.

ی.ك: من ئێستاکە دەتبینم خۆشەویستی و تووڕەییت لە یەك کاتدا یەکخستووە.

س.پ: بێگومان. تووڕەیی بەرپەرچدانەوەی کۆسپەکانی بەردەم خۆشەویستییە. خۆشەویستی ڕووداوێکی گەورەیە. ئەگەر کۆسپێکی لە بەردەمدا بێ، ئەوسا تووڕەیی دەبێتە بەرپەرچدانەوەی ئەم کۆسپە. ئایا تێگەیشتن لەمە گرانە؟ پێم وایە ئەمە ڕوون و ئاشکرایە. تووڕەیی بە تەنیا کارێکی ئاژاوەگێڕانە و فاشیانەیە. بەڵام ئەگەر بۆ بە دەستەوەگرتنی خۆشەویستی گەورەبێ، خەباتێکی شۆڕشگێڕانەیە و خودی زەبروزەنگی شۆڕشگێڕانەشە.

پێیانگوتم: «تۆ بەشوێن مرۆڤی سۆیەرماندا وێڵی» نازانم ئاخۆ بە شوێن

مرۆڤی سۆپەرمان یا هی ئاساییدا وێلم. هەتا هێندێکیان گوتیان تۆ بەشوێن ئەو مرۆڤەدا وێلی کە بەخەیالی «نیتشە»دا هاتووە. هەرچی چۆنێك بێ. من هەموو ئەوانەم نەخوێندووەتەوە. بەڵام ناتوانم مرۆڤی سووك و هیچ‌وپووچ قبووڵ بکەم. من لە هەموو شتێکی مرۆڤ ورد دەبمەوە. ئەگەر مرۆڤێك هاتە لام لە تەوقی سەریەوە تا قولەپێی لێی‌ورد دەبمەوە. ئەو لایەنانەی کە وای لێ‌دەکەن خۆشەویست بێ، بەلای منەوە گرنگن. هەرچی لایەنەکانی دیکەیە پێوەندیم پێیانەوە نی‌یە.

ی.ك: ئەمە وا دەگەیەنێ کە تۆ دەتەوێ مرۆڤی جوان ببینی.

س.پ: بێ‌گومان. من لە خەباتێکی بەردەوامدام بۆ ئەم مەبەستە. من وەك دەبینن ئەو مرۆڤە بە شەڕ دەخولقێنم. من شەڕکەرم لە پێناوی جوانیدا. بە ڕاشکاوی دەیڵێم ئەوانەی وا دەیانەوێ لە دەورم بمێننەوە دەبێ لە نێو ئەم چوارچێوەیەدابن. ڕەنگە بڵێی ئەوانە بۆ خودی خۆیان نازێن و عاشقی خودی خۆیان نین. من دەڵێم ئەگەر پێیان قبووڵە ببنە جەنگاوەری ڕێگای بەها بنچینەییەکانی مرۆڤایەتی دەتوانن لەلام بمێننەوە. دەنا با بڕۆن و با لەو شوێنە بژین کە پڕ بە پێستی خۆیانە. من جەنگاوەری ڕێگای مەزنی و جوانیم و بە کردەوە لە ڕووی تیۆری‌یەوە مامۆستای ئەم مەسەلەیەم. ئەوەی کە دەڵێت «من بۆ ئەوانەم» با بفەرموێ.

ی.ك: ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو لە مەڵبەندی گشتی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ بووین. ئەویش بە بۆنەی هەفتەی مافی مرۆڤەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا قسەم کردو گوتم: «کێشەی گەلان کێشەی برایەتی‌یە». قسەیەکم کرد لە هی ئێوە دەچێ و ئەمەیە: «کوردەکان لە سەرکەوتنندان و تورکەکانیش هەمیشە سەرکوت دەکرێن. یەکیان بڵندە و ئەوەی دیکەیش لە خوارەوەیە. ئیتر برایەتی چۆن دەبێ».

سۆشیالیزم هونەری نزیك بوونەوەیە لە ڕێکی و باشی و جوانی و، پاراستن و پەرەپێدانی خەسڵەتە باشەکانی مرۆڤ.

س.پ: سۆشیالیزم هەڵەیەکی تێدایە. ئەویش بیرکردنەوەیە لەوەی کە سۆشیالیزم یەکسانە بە چەوساوەکان. ئەمە چەمکێکی هەڵەیە. پێویستە لەسەر سۆشیالیزم لە سەرکوتکردن و گەندەڵ بوون دوور بکەوێتەوە و شەڕ بکات بۆ سەرخستنی ئەوەی کە دژی ئەو دوو شتەیە. دەنا بەدەردی سۆشیالیزمی بنیات نراو دەچێ، چونکە سۆشیالیزمی بە چەمکە باوەکەی دیکە لێك دایەوە. وەك ئەوەی بڵێن: «هەژار بووین، بەڵام ئێستا گەدەمان پڕ بوو. ئەمەیە سۆشیالیزم».

نەخێر ئەمە سۆشیالیزم نی‌یە. ئەمە لێکدانەوەیەکی هەڵەیە و وابەشێوەیەکی فراوانتر لێکی دەدەمەوە. ئەوەی وا دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە: تێگەیشتنی من لە سۆشیالیزم تەواو پێچەوانەیە. سۆشیالیزم واتە هونەری نێزیکبوونەوە لە هەموو جۆرە ڕێکی و باشی و جوانی و پاراستن و پەرەپێدانێکی خەسڵەتە باشەکانی

مرۆڤ. بە تێگەیشتنی من ئەمە چەمکی زانستی سۆشیالیزمە. من دژی هەموو شتێکی خراپم . خراپیش بەلای منەوە چەمکێکی پێچەوانەی هەیە. من لە تێڕوانینمدا هەموو شتێك لێك جوێ دەکەمەوە و ناکۆکیەکان دەبینم و دەڵێم: ئەم شێوەیە خراپە و پێویستە ئاوابێ و هەموو توانا و هێزێکم دەخەمە کار تا ڕاست و چەوت هەڵبسەنگێنم. ئەمە خەرج کردنی هەوڵ و وزەی زیاتر دەگەیەنێ. حەزدەکەم ڕوونی بکەمەوە کە خەلکانێك هەن هەولێکی زۆریش دەدەن و منیش بە سەریاندا هەڵناکشێم. بەلام لەو ڕێگایەدا کە لەسەری دەڕۆم هەولێکی لە ڕادەبەدەر و دەگمەن دەدەم.

ی.ك: لەوانەیە هێزی خۆتانتان لە کردەوەی خۆتانەوە بە دەست هێنابێ. بەلام ئەوان وا تێمدەڕوانن وەك بلێی لە تایبەتمەندی ئێوەدا پسپۆڕ بم. بۆیە لە تورکیا و لە هەندەران زۆرم لەسەر تۆ لێدەپرسن. منیش پێیان دەڵێم: «عەبدوللا ئۆجەلان بەیانی و ئێواران بیر لەوە دەکاتەوە کە سەرۆکی ئەمەریکا و سەرۆکی دەستەی ئەرکانی تورکیا بیری لێدەکەنەوە. چونکە ئەمە ئیشیەتی».

س.پ: ئەوانە بەلای منەوە خەلکانێکی بستە بالان.

ی.ك: ئێوە ناچارن بیر لەو سیاسەتانە بکەنەوە کە ئەوانە لە بەرەنگار بوونەوەتاندا ڕەنگیان بۆ دەڕێژن.

س.پ: من لە نێوان خۆم و خودی خۆمدا درێژ بیردەکەمەوە و دەڵێم: ئەگەر نوێنەرێکی ئەمەریکام بەرانبەر بە خۆم بینی چۆن لەگەڵیدا دەست بەقسە بکەم. دیارە پێی دەڵێم: «شەرم لە سیاسەتەکانتان ناکەن. ئێوە ئەم ئەندازە سووکایەتیە دەسەپێنن. ئایا ئەمەیە مەزنایەتی؟». کاری دیپلۆماتیم لەگەڵیاندا وا دەبێ. جا ڕەنگە هی وا هەبێ مل شۆڕبکات و بپارێتەوە و بەم شێوازە باسی هەق و ماف بکات و سوالی سۆز و بەزەییان لێبکات. بەلام ئەگەر من بم دەڵێم: «ئەی هیچ و پووچ تۆ لافی گەورەیی لێدەدەی. ئایا کردەوەکانت لەگەڵ مرۆڤایەتیدا جووت دێنەوە؟» ئەمە سیاسەت و پێوەندیم دەبێ. من ئەم قسەیە دەکەم، چونکە نامەوێ بە هەلە هەلبسەنگێنن و وایان لێبکات هەلە بکەن و وام پێشان بدەن کە من گەورەم و ئەوان بچووك. ناتەواوی لە خۆیان و هەڵسەنگاندنەکەیاندایە. من دەست بەرداری بەهاو پێوانە بنچینەییەکانی مرۆڤایەتی نابم. ئەمە ئەوانەی دوورووپشتیشم دەگرێتەوە. من نیم پالیان پێوە دەنێم بۆ ئەم وەزعە هەلەیە. بە پێچەوانەی ئەوەوە من هەوڵ دەدەم بە هەموو توانایییەکمەوە ئەوان و دوژمنیش بۆ ڕێگای ڕاست بەکێش بکەم. ئەوەی پێداگری لەسەر هەلەی خۆی بکات، نامێنێ. ئەمە توانامە لە ڕێکخستندا و هێزمە لە نێو گەلدا. بۆ ئەوە شەڕ دەکەم خەلك بۆ بەهای مرۆڤانە ڕابکێشم. بەلام دوژمن بە پێچەوانەی ئەوەوە دەڕوات. من دەڵێم: کورد هەیە. ئەو دەڵێت نییە. من دەڵێم: دەبێ کورد هێندێك ئازادی بەدەست بێنێ و ئەو دەڵێت: پێویست بەوە ناکات. ئەوسا پێی دەڵێم: تۆی هەلەی گەورە دەکەیت و ئەوەی کە هەلەی گەورە بکات نامێنێ. ئەمە سەبارەت بە ڕێکخستنیش ڕاستە. ئەوەی وا

پێرەوی تەکتیك و ڕێکخستنی ڕاست ناکات، چی‌دەکات و چۆن لە بەردەممدا ڕادەوەستێ. با بەجێمان بێڵێ. واتە من بە شێوەیەکی زۆر جیاواز مرۆڤ هەڵدەسەنگێنم.

ی.ك: پێت گوتم: ستالین تێکیشکاند و تێکیشکاند، لەبری خۆی هێندێك خیانەتکاری دانا کە من ئەوە ناکەم.

س.پ: بێ‌گومان ستالین کوڕێکی دێهاتی بوو. ئەگەر بچینەوە سەر ژیانی و ببینین فەرمانبەرێکی سادە بوو لای لینین کاری دەکرد، ئەوسا دەتوانین ئەو قسەیە بکەین کە لەسەر ئەو کردمان. خۆ فەرمانبەری لینین هەر پێی دەکرێ فەرمان ڕابپەڕێنێ و ڕێنوێنی جێ‌بەجێ بکات.

سۆشیالیزم بە فەرمان دانامەزرێت و یەك ڕەوت یا خاوەنی یەك ئاست نی‌یە. ئەگەر بڕوانینە ستالین و وێرای ئەوەی کە هێندێك لایەنی باشی تێدایە. دەبینین لەوەوە دوورە لە سۆشیالیزمی تەواوەتی حاڵی بووبێ و بە ڕوونی ئەرکەکانی ئەنجام دابێ. ئەو بەپێی تین و توانی خۆی و بە تەواوی فەرمانەکانی بە جێ‌دەهێنا. بەڵام ئەمە بۆ سۆشیالیزم بەس نی‌یە. توانی ڕێگای سۆشیالیزم پاك بکاتەوە و هیچی پێویستی لە ڕێگادا دانەنا، چونکە شارەزایی لەوەدا نەبوو. ئەو هێزی خوڵقاندنی مرۆڤی نەبوو. تێڕوانینی من ئەمەیە: ئەو بوو هەستا بە ڕووخاندنی. ئەو کەسانەیش کە هێنانیە بەری مەیدان لە هی پێشوویان خراپتر بوون، چونکە ناتوانێ دروستیان بکات. ئایا دەزانن ڕێ و شوێنی ئێمە بۆ ئەوە چین؟ ڕێ و شوێنی ئێمە لەو وەڵامدانەوەیە دەردەکەوێت کە بەرپەرچدانەوەی کێشەکانی سۆشیالیزمە، من ئەم شارەزایییەی خۆم بە تایبەتی لە نێو (PKK)دا جێ‌بەجێ دەکەم و هەڵدەستم بە ڕێکخستنی خەڵکانی دیکە، تەنانەت ئەگەر دژی خۆشم بێت. ئەوەی وا جێ‌بەجێ‌ی دەکەم تەواو پێچەوانەی ئەوەیە کە ستالین دەیکرد. حیزبیەکان بە ڕادەیەکی باوەڕ پێ‌نەکراو ڕای خۆیان دەردەبڕن. من هانی ئەوەیان دەدەم. لەبەر ئەمە تێدەکۆشن بەم چەمکە بژین و ئەمەیش کارێکی ڕاستە.

ی.ك: ئەوە کارێکی باشە، چونکە تۆ ئەگەر بتەوێ کارێکی گەورە دابمەزرێنی پێویستت بە کادێری داهێنەر هەیە.

س.پ: بەڵێ ئەمەش داواکاری‌یەکی دیموکراسی‌یە. هەر دەبێ ئەوانە ڕادەیەك ڕاستی‌یان تێدابێ، تەنانەت ئەگەر من یەکەم کەسیش بم مرخم لێ‌خۆش کرابێ، ئەمە زۆر گرنگە. بە ئەندازەی بایەخی ڕاستی ئەوان، ڕاستی منیش گرنگە. من لەم حاڵەدا پەنا نابەمە بەر سەرکوتکردن و پێشێلکاری وەك ڕێگایەك بۆ چارەسەر، ستالین لەم حاڵەدا وانەبوو. لە باتی من بوایە پێنج یا دە جار ئەم بزووتنەوەیەی پاکتاو دەکرد. دەبوو هەزار جار حوکمی لە سێدارەدان بدەم. بەڵام کە دەچمە سەر جێ‌بەجێکردن، ناچاردەبم بی‌یانخەمە بان سەرم. ئەمە دۆخێکی مایەی بایەخ پێدانە و وەك خەسڵەتێکی سیاسی من پەرەدەستێنێ. ئەوەی ڕاستی بێ من ئەوە هەتا بەسەر دوژمنیشدا جێ‌بەجێ‌دەکەم و لایەنە باشەکانیشی دەهێڵمەوە. نە خولیای سووتاندن

و ڕووخاندنم هەیە و نە هیچ خولیایەك لەوانە کە «جەنگیز خان» هەیبوون و نە شێوازەکانیشی. هێندە بەسە ئەو کەسە لایەنێکی باشی بە ڕادەی یەك لە هەزاردا هەبێ، تا پێبەندی بم و هەوڵی گەورەکردنی بدەم. ئەوە وەزعی منە کە تێدەکۆشم پەرەی پێبدەم. ڕاستیەکەی من زۆر لێیان تووڕە دەبم. هەردەم دەڵێم ئەو هەوڵ و کۆششەی کە ئەم مەسەلانە دەیبەن و ئەو دژواریانەش کە دەیخولقێنن لە هی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرەی شەڕی بێپەردەی دوژمن زیاترن. بەڵام من هەرگیز لە بیری ناکەم کە ئەوە داخوازیەکی سۆشیالیزمە. ئەو هۆیەش بوو کە کێشایەوە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سۆشیالیزمی بنیات نراودا.

ی.ك: واتە ئێوە لە منداڵیتاندا حەزتان لە گەمە دەکرد و وەك گوتتان منداڵانتان بۆ گەمە دەبرد. ئایا ئەمڕۆکە ئەو گەمە پڕ داهێنانەتان دووپات دەکەنەوە؟

س.پ: بێگومان، چونکە پێوەندیەکی توندوتۆڵ لە نێوان سیاسەت و گەمەدا هەیە. گەمەکانیش بەر لە سیاسەت دەست پێدەکەن و دوای ئەویش کۆتاییان پێدێت. وەك دەشزانن سیاسەت بە گەمە دەست پێدەکات، بەڵام گەلێك گەمەی گەورەی لێدەکەونەوە.

ی.ك: باشە ئاپۆی برام ئایا هەڵپەڕکێی کوردی دەزانن و بەشداری تێدا دەکەن؟

س.پ: نەخێر، ئەو هەڵپەڕکێیانە لای من بە شێوەیەکی جیاواز بەردەوام دەبن. هەڵپەڕکێ لای من سیاسەت دەگەیەنێ و سیاسەتیش جوانترین هەڵپەڕکێیە. واتا ئەو هەڵپەڕکێیەی وا دەیکەم ئەوەیانە کە ئەنجام بە دەست دەهێنێ، بۆیە جوانترینیانە. هەڵپەڕکێی ئاگرە کە کەس ناتوانێ بیکات. یەکێکی ئەڵەمانیایی لەو بارەیەوە دەڵێت هەڵپەڕکێی مردنە و هەڵپەڕکێی مردنیش هەڵپەڕکێی ئاگرە. ئەوەی وا بڕوای بە خۆی هەیە با بێتە پێش و هەڵپەڕێت. من بایەخ بە هەڵپەڕکێکانی دیکەش دەدەم. بەڵام هەڵپەڕکێکەی من ئێستاکە لەوە پڕ داهێنان و گەورەترە کە ماوەی هەڵپەڕکێی دیکە بدەن. ئێمە شەیدای ئەم هەڵپەڕکێیە پڕ ڕێزەین و درێژە بە سەرگەرمیەکەی دەدەین. ئەوە دەرمانی گەلێك خەم و نەخۆشییە. سەبارەت بە من ئاواتم ئەوەیە کەس باوەڕ نەکات کە ئەم گۆڕانکاریانە لە خۆوە ڕوویاندا. بەڵکو دەرئەنجامی چەند پیلانێکی قووڵن. بە داخەوە گەلێك کەسی(PKK) لەوە تێناگەن و زۆر لەو حیزبیانەش باوەڕیان وایە ئەوان بە پێی خۆیان سەر چیا دەکەون.

ی.ك: نەخێر، من دەزانم ئێوە باوەڕتان بەوە نییە هیچ شتێك لە خۆوە ببێ. لە کتێبێکتاندا دەڵێن: ویستم سەرکردایەتی بە کۆمەڵ بەکاربێنم. جا کە نەمتوانی پەنام بردە بەر ئەوەی کە خۆم پڕی بکەمەوە. ئایا دەتوانن ئەوە ڕوون بکەنەوە؟

س.پ: بێگومان، هەموو بارەکەیان خستە سەرشانم، لە کاتێکدا بە ئاواتەوە بووم دیوانێکی بە کۆمەڵ لە ئارادابێ هێزێکی گەورەی مشتومڕی هەبێ و قسە لەسەر بابەتە گەورەکان بکات و زیرەکی هەبێ و بڕیاری ڕاست و دروست دەربکات و خاوەن ئەزموون بێ و دەسەڵاتی دەربڕدنی بەرپرسی هەبێ. بەڵام کە

ناچاریان کردووم بە تاقی تەنیا ئەم کارانە بکەم، ئەوە تێکشاندنی منە. یەکێکی ئەڵەمانیایی ڕۆژێکیان چاودێری کردم و گوتی: چۆن بە درێژایی ئەم ساڵانە شێوازی تاکەکەس دەردەبەی؟ ئەگەر من بوومایە نیو سەعاتم دەرنەدەبرد. جا کە پێمگوت: من بیست ساڵە ئەمە حاڵمە و ئاوا بەجێیان هێشتم، کابرا زۆر سەرسام بوو. ئەمە شێوازی منە کە لە گفتوگۆکردنی یەکێك بۆ خودی خۆی دەچێ.

ی.ك: بەڵام لەدوا شیکردنەوەتاندا دەبینم مشتومڕەکان بەرەبەرە لە گفتوگۆی خۆیی دوور دەکەونەوە.

س.پ: ئێمە لەبری گفتوگۆی شەخسی و بۆ بەرپەرچدانەوەی، پاش بیست ساڵ گفتوگۆی دوو قۆلیمان پەرەپێدا و بینیم گفتوگۆی دووقۆلی دەرمانە. بۆیە ئێستا ئیش بۆ ئەوە دەکەین بگەینە (گفتوگۆی بە کۆمەڵ)ی زیاتر پەرەسەندوو، وەك ئەوەی گفتوگۆی سێ قۆلی و چوارقۆلی هەبن.

دیارە ئارەزووی ئەم پەرە پێدانە دەکەین. شێوازی سوکرات هەنگاوێکە، لە کاتێکدا دەمەوێ بگەینە «ئۆرکێسترا» حاڵی حازر شێوازی گفتوگۆی بە کۆمەڵ باشە و بەردەوام باش پەرەدەستێنێ و لەوانەیە بگاتە چەند هەنگاوێکی پێشکەوتوو.

«١٩٧٤ ـ ١٩٧٥» دوو ساڵ بوون خۆمم تێیاندا بە شۆڕشی تورکیا بەخشی.

ی.ك: ئایا دەتوانین لا لە پاش ساڵانی ١٩٧٤ـ١٩٧٥ بکەینەوە؟

س.پ: بەڵێ، ١٩٧٤ـ١٩٧٥ دوو ساڵ بوون خۆمم تێیاندا بە شۆڕشی تورکیا بەخشی. لەو ساڵانەدا کۆمەڵەی «ADYOD» دامەزرا و من بەرپرسی بووم. هاوبەشیشمان لە سەرهەڵدانی «دیڤ یۆل» و پاشتر «دیڤ سۆل»دا هەبوو. لە دەست پێکردنی پێکهێنانی ڕێکخستنە سەرەتاییەکانیدا وەك بەرپرسێکی پایەبەرز کارم کرد و ئیشی ئەو تاقمەی خۆمم خستەخانەی پلە دووەوە کە کارم تێیدا دەکرد، لە کاتێکدا تاقمەکەم بەهاری ساڵی ١٩٧٣ بەدوا پێکهاتبوو. نەورۆزی ١٩٧٣ بەناوی ئەم تاقمەوە قسەم کرد و بەو پێیە کە کوردستان دژی کۆلۆنیالیزمە و کە ئەمە بەسەرهاتی ئاوبەستی «جوبوك»ە، بەڵام نەمتوانی بۆ ماوەی دوو ساڵ ئاستی تاقمەکەمان بەرز بکەمەوە و بەردەوام بایەخمان بە کێشەکانی لاوانی تورکیا دەدا. پاشتر کۆمەڵەی «ADYOD» داخرا و «دیڤ یۆل» و «دیڤ سۆل» دەرکەوتن.

ی.ك: کەسی چەپی تورکی هەیە بیرت بکەوێتەوە، لەوانەی ئەو قۆناخە کە ماون؟

س.پ: بەشێکی زۆر لە کادیرانی «دیڤ یۆل DEV-YOL» لەوێ بوون «دیڤ سۆل DEV-SOL»یش تاقمێکی لە ئەستەموڵ هەبوو. بێگومان کاریگەریمان لەو

گۆڕانکاریەدا هەبوو. پاش داخرانی «ADYOD» کۆمەڵەکەی خۆمانمان دامەزراند. وەك سەرنج دەدەی پۆلیس تا ساڵی ١٩٧٦ هیچی لەسەر ئەم کۆمەڵە نەدەزانی و دەیپرسی ئاخۆ ئاپۆ سەر بە«THKP-C» یان سەر بە کۆمەڵێکی کوردی. ئەم مەسەلەیەیان بەلاوە ڕوون نەبوو. بە کردەوەیش ئاوابووین. هەر لەو قۆناخەدا «DDKD»یش دامەزرا. جا لەبەرئەوەی من لە «DDKD»دا چوومە نێو ئەزموونێکەوە، بایەخم بەوەی دووەمیان نەدا. من باوەڕم وابوو ئامرازێکی بە کەڵك نابێ بۆ خەباتمان و هەر کۆمەڵە بێهێزەکەی خۆمانم پاراست و بە کردەوەیش پاڵمان بە «ADYOD»ەوە نا بۆ پێشەوە. وەك گوتم ئەمیان ساڵی ١٩٧٥ داخرا. پاش ئەوە هەوڵماندا لە جاران پتر بایەخ بە کۆمەڵەکەمان بدەین و لە سەروبەندی زستانی ١٩٧٥-١٩٧٦ دا مانیفیستۆی یەکەمان ئامادەکرد لە ڕێی هەڤاڵ «محەمەد خەیری دورموش»ەوە، ئەوە هەڵسەنگاندنێکی گرنگ بوو. دەکرێت دانەیەکیت دەست بکەوێ. ئەوە لەڕووی ڕەنگ پێدانەوەی ئاستی ئەو بیرەی کە ئەوکاتە هەبوو شتێکی گرنگ بوو. بەڵام یەکەم چالاکی جەماوەری بە کردەوە لەو قۆناخەدا لە ئایاری ١٩٧٦دا و لە بەڕێکردنی تەرمی «فەوزی ئەرسەلان سۆی»دا بوو کە خەڵکی «سروج» و سەر بە ڕێکخراوی «ڕزگاری میللی» بوو و فاشیەکان کوشتیان چونکە کورد بوو. بە تەنیا خۆمان تەرمەکەیمان بۆ «سروج» برد و لە ناوەندی ئاپۆرەی جەماوەردا ناشتمان. ئەوە بوو هێندێك گرتن ڕوویدا. بەلای ئێمەوە خۆپێشاندانێکی سیاسی شێلگیرانە و گەورە بوو. هێندێك هەڤاڵمان لە نێو گیراوەکاندا بوون. پاش ئەوە ویستمان ئیش و کاری تاقمەکەمان بۆ کوردستان بگوازینەوە. بەو پێیە ڕووم کردە کوردستان لە مانگەکانی (نیسان و ئایار)ی ساڵی ١٩٧٧ و ئەم گەشتەش دوو مانگی خایاند و ناوچەکانی قارس و ئاگری و دێرسیم و بینگۆل و دیاربەکر و عێنتابی گرتەوە و لەو شوێنانەدا چەندین کۆبوونەوە ڕێکخران کە هەر یەکەیان بە پەنجا تا شەست کەسی بە خۆوە گرت. لە ١٥ ی ئایاردا ئەم کۆبوونەوانەمان دوایی پێهێنا و ئەگەرێکی زۆرمان بۆ ئەوە دانا کە دەزگای ئیستخباراتی تورکیا «MIT» چاودێری کردووین و بەدوومان دەکەوێت. سەرئەنجام هەڤاڵ «حەقی قەرار» لە «عێنتاب» شەهید کرا و ئەوسا دەرکمان بەوە کرد کە ئەوان بڕیاری لە سێدارەدانی ئێمەیان داوە. لە ٣ ی حوزەیران و لەگەڵ کودەتای «نامق کەمال ئەرسون»دا «بیلوت»ی بەکرێگیراو فەرمانبەری چاودێریکردنی چالاکیەکانمان بوو، چونکە ڕۆژانە بە دوامان دەکەوت. کە هەڤاڵ حەقی شەهید بوو، زانیم مەترسی بڕانەوەمان لە ئارادایە و گوتم ئێستا دەوری منە، لە ٣ ی حوزەیراندا، واتە لە سەروەختی کودەتاکەی «نامق کەمال ئەرسون» و لە ئەنجامی چاودێری «بیلوت»ەوە ئەو ماڵە لەلایەن ئەندامەکانی شەڕی تایبەتەوە تووشی هێرش بوو کە «مستەفا قەرەسوو» و هەڤاڵان تێیدا نیشتەجێ بوو بوون. هەموویان گیران و پێم وابێ دوو یا سێ پارچە چەکیان لابوو. ئەمجا «کەمال پیر»یان گرت کە بەڕێوە بوو بۆ ئەو ماڵە. منیش بە تەمابووم بەیانی

زوو بچمە ئەو ماڵە، بەڵام نەچووم و چووم سەر لە هێندێك برادەر بدەم لە «توزلوجایر» تا بپرسم ئاخۆ هیچی تازە هەیە.پێش ئەوەی بڕۆم چەند کەسێکم نارد چاودێری ماڵەکە بکەن. ئەوانەی وا ناردبوومن هاتنەوە و گوتیان ماڵەکە دەوردراوە و هەر بە ڕێکەوت لە گرتن قوتار بووین. ئەگەر ئەوکاتە بگیرامایە، لە بەندیخانە دەرنەدەچووم، چونکە «بیلوت» لەو چەکانە دڵنیا بوو و سزاکەم نیزیکەی (٣٠) ساڵ زیندانی دەبوو.

بۆ یادی نەمری هەڤاڵ حەقی، بەرنامەی حیزبمان نووسی.

ی.ك: ئایا خەڵکێکی زۆر لە ساڵی ١٩٧٧ دا دەهاتنە پاڵتان؟

س.پ: چوونمان بۆ کوردستان و ئەو گەشتە بەچەرگانەیەی کە کردم زۆر گرنگ بوو، چونکە تۆوەکە لە هەموو شوێنێکدا بڵاوبووەوە و متمانەمان بەوە هەبوو. ئەوسا لە دڵی خۆمدا گوتم: «ئەگەر پاش ئێستا مردین گرنگ نی‌یە، چونکە ئەم تۆوانە نەشونما دەکەن». لەبەرئەوەی من هەمیشە چاوەڕانی مردنم دەکرد و تەنانەت زۆریش لێمەوە نیزیك بوو. نەمدەتوانی پیاڵەیەك چا بخۆمەوە، چونکە دەمزانی تیرۆر و شێوازی هیچ و پووچی دەوڵەت چۆنن. بەم شێوەیە پێمان نایە ساڵی ١٩٧٧ کە ساڵێکی شلۆق و پڕ ئازار بوو. ئایا ئەم کۆمەڵەیە دەمێنێتەوە یان ناو ئاخۆ دەتوانێ باز بۆ پلەیەکی بەرزتر بدات یان نا؟ هەموو خەمێکمان ئەمە بوو.

دوای شەهیدبوونی هەڤاڵ حەقی و بۆ نەمر ڕاگرتنی یادەکەی هەوڵی نووسینی بەرنامەی حیزبماندا، چونکە ئەمە باشترین وەڵام بوو دەکرا بۆ شەهیدبوونی بیدەینەوە. هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ پێشەوە. بەرنامەی حیزب تا ئێستا ماوە و نازانم داخۆ وەك بەڵگەنامەیەك بۆ(PKK) قبووڵ دەکرێت یان نا. تیرۆانینەکانی ئەو بەرنامەیە تەواو باش و واقیع بینانەن. پاش ئەوە هەوڵماندا لە ١٩٧٧ـ١٩٧٨ بەرنامەکە ببەخشینەوە. قۆناخی «ئایا دەتوانین ببینە حیزب یان وەك کۆمەڵێکی خاوەن ئایدیۆلۆژی دەمێنینەوە» و قۆناخی بڕیاردان بوو. دوای ئەوەی کە گەلێك دژواری گەورەمان تووش هات، بڕیارماندا ناوی حیزبی ئەم کۆمەڵە ڕابگەیەنین، سەرباری ئەوەی کە دەمانزانی لەوانەیە ئەوە لاوازو بێ‌کاریگەری بێ. بەڵام گوتمان با لانی کەم ناوی حیزب لە مێژوودا بە نەمری بهێڵینەوە و ئەمەش شتێکی باش بوو.

ی.ك: ئەو کاتە هەڵوێستتان چۆن بوو؟ ئایا لەگەڵ ئەوەدا بوون حیزب بنیادبنرێت یان کۆمەڵەکەتان بمێنێتەوە؟

س.پ: من بووم دەستم بە هەموو مشتومڕێك دەکرد و ئامادەکاریم ئەنجام دەدا و لێی دەدوام.

ی.ك: هێندێکیان پێیان گوتم، چەند پێشنیارێك لەساڵی ١٩٧٥ـ١٩٧٦ هەبوون بۆ دامەزراندنی حیزب. بەڵام سەرۆك ئاپۆ ئەوەی بە زوو زانی. ئایا وەزعێکی وا لە

گۆڕیندابوو؟

س.پ: نەخێر هەڤاڵی وا بەهێز نەبوون. گەلێك بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە لەسەر بنیاتنانی حیزبی کوردی پەرەیان دەسەند، بەڵام هەموویان لەم بیرەوە دوور بوون.

ی.ك: باشە، جگە لە(PKK) پێشنیارێك هەبوو بە ناوی دیکەوە. یان چەند ناوێکی جێگرەوە هەبوون؟

س.پ: بیرۆکەی بنیاتنانی کومەڵەیەك بەناوی یەکێتی لاوانی شۆڕشگێڕی نیشتمانی کوردستان «KYDGB»وە هەبوو. ئەوسا گوتمان ئەمە هەر بەکەڵکی لاوان دێت. بیریشمان لە نمۆونەیەکی لینینی کردەوە و گووتمان با ناوی «یەکێتی تێکۆشان لە پێناوی ڕزگارکردنی کار»دا بێت. بەڵام تەماشامان کرد ئەوەش لەگەڵ ئامانجەکانماندا تەواو جووت نایەتەوە بۆیە بڕیارماندا ناوێکی تایبەت بە خۆمان جێبکەینەوە. وەك زانراویشە لە مانگی یازدەی ساڵی ١٩٧٨ دا یەکەم کۆبوونەوەمان بەم ناوەوە کردو لەو کۆبوونەوە گەورەیە دەچوو کە «حیزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ڕووسیا» ساڵی ١٨٩٨ کردی. لەوە دەچوو ئێمە لە کوردستان پێڕەوی هەمان شێواز و تەرزمان کردبێ. باوەڕم وایە پێویستە هێندێك لەو خاڵانە ڕوون بکرێنەوە کە هێشتا بوونەتە مایەی هێندێك قسە و قسەلۆك لای ڕۆژنامەنووسان، وەك «ئۆغرو مومجۆ» کە دەپرسێ ڕەگەزنامەکەی چی‌یەو کێ خەزووریەتی.

وەك ڕێسایەکی بنچینەیی بە ئاسانی زێدەڕەوی لە هیچ پێوەندی‌یەکدا ناکەم و ناشبمە هۆی پچڕانی هیچ پێوەندی‌یەك.

ی.ك: خاتوو «کەسیرە» خانم لە کوێ دەیخوێند. ئەویش لە نێو تاقمەکەتاندا بوو؟

س.پ: لە کۆلێژی «چاپ و بڵاوکردنەوە» بوو، تێدەکۆشاین ڕایبکێشینە نێو تاقمەکەمان. سەر بە خێزانێکی لایەنگری «CHP» بوو. ئەم خێزانە ساڵی ١٩٢٥ بە دوا ملکەچی کەمالیزم بوو. واتە لە خێزانێك بوو دەوری سەرکردایەتی لە ڕۆشنبیری کۆماریدا گێڕا. ئەوەمان دەزانی و لایەنە خراپەکانیشمان دەزانی. بەڵام وێڕای ئەوە هەوڵی بە کێش کردنیمان دەدا بۆ تاقمەکەمان.

ی.ك: کچ یا ئافرەتی دیکە جگە لەو لە نێو تاقمەکەدا هەبوون؟

س.پ: هێندێك هەبوون. بەڵام ئەو بوو نوێنەرایەتی ئافرەتانی دەکرد و بایەخی بە تاقمەکەمان دەدا. بەڵام سەرەڕای ئەوە خۆپارێز بوو و هەڵوێستەکانی لە هی ئێمە جیاواز بوون. هەرچی هەڵوێستی منیش بوون سۆزیان تێکەڵ بوو بوو. لایەنی مرۆڤانەم چەندە گشتی و بایەخدار بووبێ بە کۆمەڵگا و بەزانستەوە بەستراو بووبێ، ئارەزووی پێبەندبوونیش لەلای من بەتین بوو. سەبارەت بە من

دەبێ هەموو شتێك بە کەمێك عەشق و پێبەندبوونەوە بەڕێوەبچێ. من تا ئێستاش وەهام. ئەم مەسەلەیە لەلای من جێگیرە. ئەگەر ئافرەت هاتە نێو هەر مەسەلەیەکەوە، دەبێ چەند پێت دەکرێت لێی نیزیك ببیتەوە و دەبێ نیزیکبوونەوەکەشت بۆ ئامانجێکی سیاسی بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ بدەی سوود لەو توانایيانە وەربگری کە لای دەست دەکەون. تەنانەت ئەگەر پێوەندیەکانت لە ئاستێ بە قوربانکردنی سۆزیشدا بن، دەبێ لێك نزیکبوونەوەکە بێسنوور بێ. واتە بە کورتی ئەگەر چەند بناخەیەکی سیاسی لە ئارادابن، ئەوسا گرنگ نییە لە خێزانێکی بەکرێگیراو بێ یان نا. دەبێ کۆسپ نەخەیتە ڕێی ئەم پەیوەندییە.
ئەو کاتە ئاوام دەگوت جا لەبەر ئەوەی کە من بەرپرسی ئەو تاقمە بووم، ئەم هەڵوێستەم پاڵپشتی بوو، بەم هەڵوێستە هەوڵمان دەدا ئەو کەمتەرخەمیە نەهێڵین کە لێی دەردەکەوت و وای لێبکەین هەست بە هێزی خۆی بکات. بەڵام پێم وابێ هەڵوێستی بە شێوەیەکی دیکە بوو. من نامەوێ درێژە بەم بەسەرهاتە بدەم. بەڵام ئەم ڕەفتارە هەڵوێستی بەجەرگانەی من بوو. ئەوە بوو توانیم بەجەرگانە و بە شێوەیەك کە نە چاوەڕوانم دەکرد و نە پاشتر توانیم لێکی بدەمەوە، لە دەرگای ئەو خێزانەمدا. منی ڕارای زۆر متمانە بە خۆ نەکردوو لە دەرگای ئەم خێزانە دەدەم، ئەمە هەڵوێستێکی یەکجار بەجەرگانەیە، چونکە لە خێزانێك بوو زۆر ئیشی بۆ بەرژەوەندی کۆماری تورکیا و دژی هەڵگەڕانەوەی کوردی کردبوو و بەم خەسڵەتانە ناسرابوو هەرچی منم ڕزگاریخوازێکی سەرپەڕگر بووم لە سەرکردایەتی بزووتنەوەکەدا. بیر لەم مەسەلەیە بکەنەوە. ئەوە ناکۆکییەکی زۆر سەیرە. لەوەش سەیرتر بانگهێشت کردنی خۆمە بۆ ئەم ناکۆکیە. بەڵام ئەگەر لێت پرسیم بۆچی ئەوەت کرد، دەڵێم: «سیاسەت هونەری هەست کردنە» و هۆیەکانیشی ئەمانەن:
یەکەم - کچێك بوو نیشانەی ژیر بوونی پێوە دیار بوو. دووەم - پێبەستەی دابونەریتی «CHP» بوو و دەکرا لە ڕووی سیاسییەوە کەڵکی لێوەربگرین.
سێیەم - ئەگەر توانیمان کاری تێبکەین وای لێبکەین نۆکەرایەتی تێبپەڕێنێ، پەرەسەندنێك بۆ بەرژەوەندی حیزب یا بزووتنەوەکە تۆمار دەکەین، ڕاکێشانی نۆکەرانی کورد باشتر و لەبارترە بۆ کوردستان لە بری لێدانیان. چوارەم - ئەگەر توانیمان بە شەخسی ڕای بکێشین، ئەوا ڕاکێشانێکی بە واتا دەبێت بۆ ئێمە.
پێنجەم - ئەگەر وا ڕێکەوت گومانی لێکرا، هەر دەتوانین سوودی لێوەربگرین.
ئەم پێنج خاڵە نهێنی بوون و کەس پێیانی نەدەزانی. پێڕەوی هەر خاڵێکی بکردبایە، ئێمە دەست بەرداری نەدەبووین.
من هەموو ئەمانە بە ڕاشکاوی دەڵێم. بەڵام ئەوسا لە شێوەی هەستدا بوون. بۆ نموونە ئەو کەسەی کە ناوی «بیلوت»مان لێنابوو خەڵکی «ئاگری» و ناوی «نەجاتی قایا» و کوردێکی بێوێنە ڕێکخراو بوو، واتە «بیلوت»ێکی باش بوو. بەجەرگ بوو و لەڕووی بنیاتی فیزیاییەوە بەهێز و جیاوازبوو، چونکە فرۆکەوان بوو.

ی.ك: ئایا لە هێلی ئاسمانی تورکیا بوو؟

س.پ: نەخێر، لە هێزی ئاسمانی تورکیا بوو. ئەفسەر بوو، هاتە لام و پێی گوتم ئەوان لەبەر ئەوەی کە کوردە لە وەزیفە دەریانکردووە. لە ڕاستیدا دەرنەکرابوو. بەڵکو ڕاسپێردرابوو خۆی تێکهەڵکێشی ڕیزەکانمان بکات. ئەوەبوو بە نمرەیەکی بەرزەوە چووە کۆلێژی زانستە سیاسیەکان و بەپارە خۆی ناونووس کرد و لەوساتەوە بووین بە برادەر. مەسەلەی بەکرێگرتنی خانوویەکی لەلا کردینەوە تا من و کەسیرە تێیدا دابنیشین و بمانخاتە بەر چاودێری خۆی. دەیگوت: «زێرتان بۆ دەکڕم و خانوویەکتان بۆ بەکری دەگرم». ئاوا خزمەتی خۆی بەردەست خست. بە کورتی ئەم «بیلوت»ە هەمووان دەیناسن. ساڵی (١٩٧٧)یش ساڵێکی پڕ لە هەڵبەز و دابەز و پیلانگێڕان بوو و دەوڵەت دەستی وەردەدایە هەموو کاروبارێك.

ی.ك: ئەو کاتە خانوویەکت لەگەڵ کەسیرەدا بەکری گرت؟

س.پ: نەخێر، خانوویەکی سەربەخۆمان نەبوو دوور لە هەڤاڵان تێیدا بژین. بەڵام چەندەها خانوومان هەبوو، لەوێ چاومان بە یەکدی دەکەوت. بیلوت خانوویەکی بەکرێگرتبوو و دەیشچووینە ئەوێ. تەنانەت ڕۆژی ١٩٧٧/١/١ کۆبوونەوەیەکی گرنگمان لە خانوەکەی بیلوت کرد. ئەوە یەکەم کۆبوونەوەی هەمەلایەنە و شێلگیری ئێمە بوو. هیچ پەڕەیەکی نووسراومان لەبەر دەستدا نەبوو و دەمی زۆرپاکە کرابووەوە تا بتوانین ئەو دوو یا سێ پەڕە نووسراوەی تێ‌فڕێ بدەین ئەگەر پۆلیس خافڵگیری کردین.

ی.ك: ژمارەتان چەند بوو؟

س.پ: دەوری ١٠ یا ١٥ هەڤاڵ بووین. بیلوت خواردنەکەمانی سازدەکرد و هەمیشە ڕستەی «ئەم خوێدانە بۆچی‌یە؟ باڵندە ئاوا پێ‌دەگات و بەهۆی ئەم خوێدانەوە خوێی پێوە دەکرێت و ئەمجا دەخورێت» دەگوتەوە. ئەوەی ڕاستی بێ لەم قسەیەدا مەبەستی ئێمە بوو و وازی لێ‌نەدەهێنام. پێم وایە ئەم وەزیفەیەی پێ‌سپێردرابوو. لێرەدا پشتم بە هەستی خۆم بەست و پێوەندیەکانم ڕەت نەکردەوە. ئەگەر دەنگم لێ‌ببڕیبایە، ئەوە گومانی دەوروژاند. بەڵام پاشتر دەستی کەوتە ڕوو.

ی.ك: دەستی کەوتە ڕوو؟

س.پ: بەڵێ. لە سەروبەندی کودەتای «نامق کەمال ئەرسون»دا ویستی پاکتاومان بکات. تا دوازدەی شەو لە کۆڵمان نەبوەوە. ئەو دووزمانی لەسەر کردین. بەڵام سەرباری ئەوە دەستمان لێ‌هەڵنەگرت و گوتمان با ئەم «بیلوت»ە بهێڵینەوە.

جا وەختێك «ئۆغرو مومجو» دەڵێت: ئاپۆ لە نووسینێکیدا گوتوویەتی پێویستە بیپارێزین وەك چۆن چاومان دەپارێزین، ڕاست دەکات. ڕەنگە دارشتەیەکی جیاوازی هەبووبێ، بەڵام بەو مانایە بوو. بەم پێیە پێوەندیمان لەگەڵ کەسیرەدا لەم ساڵەدا چڕوپڕ بوو. من لەم پێوەندیانەدا شێلگیر بووم و تەواو نەمدەزانی ئاخۆ ئەوە ئاکامی ئامانجی سیاسی‌یە یان هەر خۆی کارێکی سۆزاوی

بوو. بەڵام ئەوە دەزانم کە دەبوو ئەم پێوەندیانە بێ‌پێچ وپەنا چڕبکرێنەوە. ئەمە ڕوویدا. لەوانەیە من هەوڵم دابێت. خۆ لەو تەنگانەیە قوتار بکەم کە لەو قۆناخەدا بە دەستیەوە دەمناڵاند. پێوەندیم بە «بیلوت»ەوە بەشێکی ئەم تەنگانەیە بوو، بەتایبەتی قۆناخەکە قۆناخی بەرەی نەتەوەیی بوو کە جڵەوی حوکمی بەدەستەوە گرت. بارودۆخەکە ناسك و مەترسیش گەورە بوو. «حەقی» شەهید بوو بوو و «قەرەسوو»و هەڤاڵان لە بەندیخانە بوون و ئەوانەی کە مابووشنەوە خەریك بوو نەمێنن. هەوڵم دەدا خۆ لەم هەموو تەنگانەیە دەرباز بکەم و لەوەدا ڕێگایەکم دۆزیبیەوە.

ی.ك: واتە ئێوە بیرتان لەوە دەکردەوە بەرگێکی دیکە بە بەرخۆتاندا بکەن، وانی‌یە؟

س.پ: هەتا ئەگەر ئەوە ڕوونیش نەبووبێ، بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن. «ئۆغور مومجو» لەم مەسەلەیەدا دەڵێت: «ئایا ئیستخباراتی تورکی(MIT) بوو کارێکی کرد ئاپۆ بژی و پشتیوانی لێ‌کرد؟». نەخێر، پێموایە ئەو خۆی حەزی کرد بەو شێوەیە لێکی بداتەوە. خۆ مەسەلەکان بەم چەشنە سادە نین، چونکە ئیستخباراتی تورکی هەوڵی دەدا چاودێریم بکات. تا ئێستاش ناتوانم بڵێم کەسیرەی هەڤاڵمان نۆکەر بوو. ئەوەی وا بەدڵنیاییەوە لەسەر ئەو دەیزانم ئەوەیە خێزانەکەی دەچوە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی. باوکی پێوەندی بەوانەوە هەبوو. لەوانەیە وایان زانیبێ کە من بەم ڕێگایە لە ژێر دەستیانداـم، وەك بڵێی بڵێن: «مادامێکی ئەم کابرایە پێبەستەی ئەم جۆرە پێوەندیەیە، کەواتە لە ژێر دەستماندایە. با درێژە بەم پێوەندیە بدەین». ڕەنگە ئەو خێزانە ئاوا بەم پێوەندیە قایل بووبێ و ئەمەش ڕێی تێدەچوو. من بە پێی بیرکردنەوەی ئەوان لە ژێر دەستیاندا بووم، مادام پێوەندیم لەگەڵیدا بەردەوام بوو. لەلایەکی دیکەوە «بیلوت»یش خستبوومیە ژێر دەستی خۆی. ئەم دوو فاکتەرە لە ژیاندا هێشتمیانەوە.

ساڵی ١٩٧٨ و بە دیاریکراوی یەکەم ڕۆژی مانگی یەکەم کە ئەجەوید سەرۆوەزیران بوو. ئەو ڕۆژە بڕیارێکی دەرکرد. پێم وایە دوژمنکاری ئەجەوید پێوەندی بەم مەسەلەیەوە هەیە. بڕیارەکە دەڵێت: «پێویستە کۆنترا کەس نەکوژن، بەڵکو دەبێ تەنیا زانیاری کۆبکەنەوە». ئەم بڕیارە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا جێ‌بەجێ کرا. ئێمەی خستە بەر چاودێرییەکی توند، چونکە فەرمانی تەقە لێکردن لە ئارادا نەبوو. هەوڵیان دەدا بڕیارێکی تازە دابڕێژن گرتنیش بگرێتەوە. ئاوا بیریان دەکردەوە. گرتنی هەڤاڵانیش لەم هەلومەرجەدا کرا. ئەگەر بیانتوانیبایە بمگرن، لانی کەم حوکمی (٣٠) ساڵیان دەدام. هەر بە ڕێکەوت نەچوومە ئەو ماڵە و پێیان نەکرا بمگرن. پاشتر ئابلۆوقەش درێژەی کێشا. هەرچی مەسەلەی ژنهێنانیشە، باوەڕیان وابوو منیان خستووەتە ژێر دەستی خۆیان. ساڵی ١٩٧٨ ئاوا تێپەری. ئەوان پێیان وابوو من لە دەستیاندام و تەواو ژێر

دەستەیان کردووم و کەی ویستیان دەستگیرم دەکەن. هەڤاڵێکی «دۆغان» ناومان کە ساڵی ١٩٧٩ کاتێك لە دەرەوەی نیشتمان بووم گیرا، کاتی لێپێچانەوە یەکێکی میت پێی گوتبوو: «ئاپۆ لە نێو چنگ و لە لەپی دەستماندا بوو، چۆن لە دەستمان دەرچوو». بە دەم و چاوی خۆیدا دەکێشا. ئەم هەڤاڵەمان هێشتا لە زیندانیە و پێی گوتم: سەرۆك.. کابرای ئیستخبارات شێتگیر بوو.

هەرچی بەسەرهاتی دەرچوونیشمە، ئەوان پێیان وابوو من لە نێو ئابلۆوقەیاندام و لە ژێر دەستیاندام، بەڵام من ئەوە بە کەمی ئامرازیانەوە دەبەستمەوە. کە هاتمە دەرێ کەس بە بڕیارەکەمی نەدەزانی. یەك یا دوو هەڤاڵ ناراستەوخۆ دەیانزانی، چونکە من ئاگادارم کردنەوە کە ئێمە «لەوانەیە هێندێك ڕێ و شوێن بۆ چوونەدەرەوە دابنێین». بەڵام من کەسم لە ڕۆژی چوونە دەرەوەکە ئاگادارنەکردەوە و تەنانەت «کەسیرە»ش نەیدەزانی. ئەوێ بۆ ماوەی سێ مانگ بۆشایی تێکەوت. هەرچی «بیلوت»یش بوو، ئاگادارم کردبووە و کە من لە زستانی(١٩٧٨)دا لە ئەنقەرە دەبم و پاشان تێیدا دەگیرسێمەوە و ڕۆژنامەیەك دەردەکەین و لەوێوە درێژە بە چالاکیەکانمان دەدەین. قەناعەتی بەوە هەبوو و بەوپێیە ڕاپۆرتەکانی بەرزدەکردەوە. واتە کە من لە نیشتمان چوومە دەرێ، کەس نەیدەزانی نیازی دەرچوونم هەیە یا نەیدەتوانی چاوەڕوانی دەرچوونم بکات، چونکە نموونەیەکی هاوشێوەی ئەم کارەیان لەلا نەبوو. شۆڕشگێڕانی تورك دەرنەچوونە دەرێ تا ساڵی ١٩٨١. بەڵام من لە کۆتایی حوزەیرانی (١٩٧٩)دا هاتمەدەرێ و تەنانەت میتیش وای دانەنابوو ئەو کاتە دەردەچم. هەرچی ئێمەش بووین تا دواسات ئەم چەشنە بڕیارەمان نەبوو. سەروبەری بڕیارەکە تەنیا بە دوو ڕۆژ درا، بە بێئەوەی کەس پێی بزانێ. ئیتر چۆن هەواڵەکە بە میت(MIT) دەگات؟ سەرچاوەکانی ڕاپۆرتی ئاسایی خۆیانیان بەرزدەکردەوە و دەیانگوت هەموو شتێك بە دڵی خۆمانە.

ی.ك: باشە، ئێوە بڕیارەکەتان بە «بیلوت» ڕانەگەیاند. ئەمە وا دەگەیەنێ ئێوە بڕوای پێناکەن؟

س.پ: بۆ شەش مانگ یا هەتا ساڵێکیش بوو بە ئەنقەست دەمخەڵەتاند. واتە لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٧٧ بەدوواوە زانیاری هەڵەم بە بیلوت دەدا و بەلاڕێدا دەمبرد. ئەگەر بیلوت بیزانیبایە ئێمە دەستیمان بۆ کەوتووەتە ڕوو، ئەوا ڕاپۆرتی خۆی بۆ بەرزدەکردنەوە و دەیگوت: «ئەوان خەڵەتاندمیان». بەڵام ئێمە بە تەواوی پەردەمان لە ڕوو هەڵماڵیبوو. ڕاپۆرتەکانی «بیلوت»یش ڕۆیشتن. لام وایە پێی وابوو ئاپۆ ژنی هێناوە و لە دیاربەکرە و لە ماوەیەکی کورتدا بۆ ئەنقەرە دێتەوە. میتیش چاوەڕێی ئەوەی دەکرد. لە کۆتایی ١٩٧٨ و سەرەتای ١٩٧٩ دا ئەوەی وا لە منیان چاوەڕوان دەکرد چوونە دەرەوەی نیشتمان نەبوو، بەڵکو گەڕانەوە بۆ ئەنقەرە بوو. بە پێی ئەوەش تەگبیری خۆیانیان کرد. منیش سەرم لە ماردیندا و پاشان ڕوومکردە ئۆرفە. ئەوسا گەلەکۆمەی گرتن لە «العزیز» دەستی پێکردبوو. «شاهین دوونمز» گیرابوو و ئیعترافی کردبوو و بە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی

گوتبوو: ئاپۆ لە ئورفەیە یا ماردین. دەتوانین بچین دەستگیری بکەین. بەڵام بەڕێوەبەری ئاسایش لەبەر ئەوەی مەسەلەکە لە دەسەڵاتی ئەو بەدەر بوو ڕوویکردە دەوروپشتی «العزیز». جا بۆ ئەوەش کە بگاتە ئورفە یا ماردین، دەبوو ئەنقەرە لە بارودۆخەکە ئاگادار بکاتەوە. ئەنقەرە لە دواداوایییەکانی ١٩٧٩دا دەیتوانی بڕیاری چالاکی کردن لە دژمان بدات، ئەویش پاش گۆڕانکاریەکانی «سیۆمرەك». بەڵام پێش ئەوە هیچ بڕیارێك لە ئارادا نەبوو بۆ دەستگیر کردنم.

ی.ك: ئەو کاتە دیمیریل سەرۆکی حکوومەت بوو؟

س.پ: نەخێر، ئەجەوید سەرۆکی حکوومەت بوو و گەلەکۆمەی گرتنی «العزیز»یش بەس نەبوو بۆ دەرکردنی فەرمانی گرتنم، چونکە بەڵگەکان زۆر بێهێز بوون. هەرچی «شاهین»یش بوو دەیگوت: یا بڕۆین و بە دەستی خۆمان بیگرین. زۆر سوودمان لە گرتنەکانی «العزیز» وەرگرت، چونکە زوو وریای کردینەوە و وای لێکردین بە خێرایی بڕیاری خۆمان بدەین. ئەمە ئەو تاکە سوودە مێژووییە بوو کە لە شاهین کەوتەوە. ئەم گرتنانە و ئیعترافەکانی شاهین پاڵیان پێوە نام بڕیاری چوونە دەرەوە بدەم. ئەگەر نەگیرابایە یا لە بری ئیعتراف کردن و گرتنی هەڤاڵان دەستی لەگەڵ ئەنقەرەدا تێکەڵ بکردبایە، ڕێی تێدەچوو بمگرن.

ی.ك: سەرۆکی گەورەم دوو پرسیارم هەن: یەکەم ئەوەیە ئایا خاتوو کەسیرە لە ئیدارەی باڵای حیزبدا بوو؟ دووەمیش: چۆن بەمە ڕازی بوو و پاشتر هاتە دەرەوە. وانییە؟

س.پ: من بڕیاری ڕۆیشتنی خۆمم پێنەگوتبوو.

ی.ك: بەڵام دوایی هاتە ئێرە بۆ لاتان.

س.پ: دیارە هەر دێت. لە چوارچێوەی پێوەندی ڕێکخستندا هات. ئەوە هیچ مەبەستێکی تێدا نییە. بە پێی ڕێ و شوێنی ڕێکخستن کەسم لەم بڕیارە ئاگادار نەکردەوە. ئەوە بڕیارێکی نهێنی و ئاسایی بوو. ئەوان پاش چوونە دەرەوەم زانییان و، پاش ئەوەی هەمووان لە ڕێگای ئەو هەڤاڵانەوە کە پێوەندییان پێمەوە هەبوو زانییان، ئەویش زانی.

ی.ك: دوای ئەوەی کە هات، پێی نەگوتی بۆچی ئاگادارت نەکردوومەوە. ئایا بڕوام پێناکەی و ئەوەشی نەکردە مەسەلەی لە خۆگۆڕانێکی شەخسی؟

س.پ: لە بنەڕەتدا کەشێکی بێبڕوایی لە ئارادا بوو. ئەو هەوڵی دەدا تێمان بگات. پێم وایە بیری دەکردەوە و دەیپرسی ئاخۆ لەبەر سۆز یان بۆ ئامانجی سیاسی پێوەندی لەگەڵدا دامەزراندووم. ئەگەر هۆیەکان لە ڕووی سۆزەوە بوونایە. هەوڵی دەدا ئەم سۆزە تاقی بکاتەوە. بەڵام ئەگەر پێوەندیەکە بۆ ئامانجی سیاسی بووایە، ئەو دەیگوت: «من سەرکردەم»، چونکە ئەم کابرایە لادێییەکی سادەیە و من کچی خێزانێکی سەرکردەم. ئیتر ناکۆکی لەم جۆرە دەستی پێدەکرد.

ی.ك: بەڵام ئەمە زۆری خایاند.

س.پ: بێ‌گومان زۆر بوو. ئەو شەڕەی کە ئێمە دژی ئەو دەمانکرد لە شێوەی ململانێ‌یەکی نێوان دوو سەرکردایەتیدا بوو، یەکیان لە خێزانێکی کوردی زەحمەتکێش و نەدار کەوتبووەوە و ئەوەی دیکەشیان لە خێزانێکی نۆکەر کە هێزی خۆی لە چوارچێوەی پێوەندیەکانیدا بە کۆماری تورکیا «T.C»وە وەردەگرت و یەکێکی ئەم خێزانەی بەسەر سەرکردایەتی ئەم بزووتنەوەیەدا سەپاند.

ی.ك: ئایا خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی کردنی هەبوو؟

س.پ: بێ‌گومان. کەسایەتی بەهێز و ئارادەیەك زیرەك بوو. ئەگەر بیویستبایە دەیتوانی یەکجار سوودمان پێ‌بگەیەنێ. بەڵام پێی باشتر بوو بەپێی چینی کۆمەڵایەتی و دۆخی خێزان خۆی هەڵبسەنگێنێ. جا تەواو نایشزانم ئاخۆ هیچ ڕێنوێنی‌یەکی دەوڵەتی تورکیا لە ئارادا بوو یان نا. بەڵام بەهرەکانی خۆی لەسەر بنچینەیەکی باش نەدەخستە گەڕ.

ی.ك: باشە، ئایا ناکۆکی لەم حاڵەدا پەیدابوو؟

س.پ: نەخێر، پێشتریش هەبوو. نموونەیەکت لەسەر ئەوە دەدەمێ. بۆ ئەم نموونەیە گەلێك بەڵگە هەن. ماڵێکمان لە دیاربەکر هەبوو. کە کەمال پیر لە ساڵی (١٩٧٨)دا هاتە ئەوێ و دۆخی پێوەندیمانی زانی بە «جەمیل بایەق»ی گوت: وەرە با ئەم ژنە بکوژین. ئێمە پێمان قبووڵ ناکرێت هەڤاڵەکەمان بەم شێوەیە سووکایەتی پێ‌بکرێت. هەڤاڵانیش پاشتر گوتیان با وازی لێ‌بهێنین، لەوانەیە مەسەلەی وا هەبن ئێمە پێیان نەزانین و ئەم هەڤاڵەمان خۆی لە ئەستۆیان بگرێ. ئاوا وازیان لێ‌هێنا واتە هەڤاڵان لەساڵی ١٩٧٨ بە دواوە دەیانزانی لە چ دۆخێکدایە. کەمێك لەمەوبەر هێندێك هەڤاڵی ئێرە گوتیان: ئەوە خەفەتباری کردین کە تۆ پێوەندی وا دادەمەزێنی. دەچووین دەمانکوشت، بەڵام پاشتر وازمان لێ‌هێنا. لە «دیزسیم»یش دەیانگوت: ئەم خێزانە دژی میللەتی کوردە، چۆن چووی ئەم چەشنە پێوەندیەت لەگەڵدا دامەزراند. ئەمە ناکۆکی‌یەکی زۆری تێدا بوو و بووە هۆی گومان لە دەوروپشتم و ئەو گومانەش ساڵانێکی درێژ بەردەوام بوون. بەڵام پەرەسەندنی پێوەندیەکان سەبارەت بە «کەسیرە» بەو هەڵوێستەیەوە بەند بوو کە دەڵێت: «بەو ئەندازەیەی کە دەیخەمە نێو دەستم، لە کوردستان هێز پەیدادەکەم». ئەم مەسەلەیەی بە مللیمەتر حسێب دەکرد و نێزیکبوونەوەی خۆی بەم حسێبە دیاری دەکرد. واتە لەم مەسەلەیەدا پێوەندی مێینەیی خۆی وەك ئامرازێکی سیاسی بەکار دەهێنا.

ی.ك: ئایا متمانەی بە پاشەڕۆژی(PKK) هەبوو؟

س.پ: بە تەنیا پاشەڕۆژ نا. بۆم باسکردن زۆر زیرەك بوو لە سەرکردایەتی تێ‌دەگەیشت و دەیزانی سەرکردایەتی کردنی چینەکان چی‌یە. لەوێ کوردستانی لە دەست دەرچوو و دەیتوانی بە هۆی مێنەوە بە دەستیەوە بگرێ یا کە منی گرت دەیتوانی پێوەندی تایبەتی خۆی بە شێوەیەکی باشتر لە ئێمە بخاتەکار. ئێمە لەم مەسەلەیەدا سۆزاوی بووین. لە کاتێکدا ئەو واقیع بین بوو و لە ئیش و کاریدا

پشتی بە سۆز نە دەبەست و هەوڵی دەدا بە زیرەکی خۆی ڕێگا خۆش بکات. بەرانبەر بە من ئاوا بوو و ژیانی ڕۆژانەشم بەم شێوەیە بوو.

ی.ك: کەی ئەم زانیاریانەتان کەوتە لا، پاشتر یان هەر لە سەرەتاوە هەتانبوو؟

س.پ: بێ گومان ئارەزووی دەکرد ڕایبکێشمە ڕیزی سەرکردایەتیەکەم. خۆ سۆشیالیزم لە ڕووی ئایدۆلۆژی یەوە ڕوون و ئاشکرایە ئەو ڕێبازی ڕزگاری نیشتمانی یەش کە پشت ئەستورین پێی هەر ڕوونە. دەبوو بە هەر شێوەیەك بووە وەزعی خۆی تێبپەڕێنێ. ئەوە وای پێویست دەکرد خێزانەکەی ڕەت بکاتەوە. ئەوە تاکە ڕێگای لێخۆشبوونی بوو. ئەمەش ڕێگای لە بەردەم بەرپەرچدانەوەی لایەکەی دیکەدا دەکردەوە. لە باتی ئەوەی چینەکەم ڕەت بکەمەوە، دەچمە نێو ئەم بزاڤە بۆ خزمەتی چینەکەم. لە باتی ئەوەش شوێنکەوتەی ئەم چەشنە سەرکردایەتیە بم، دەتوانم وا لەم سەرکردایەتیە بکەم شوێنم بکەوێ. بیری لەم بوارەدا قەتیس بوو بوو. من لە جێگایەکدا نیم بتوانم مەودای پێوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەم هەڵوێستانە بە دەوڵەتی تورکیاوە ڕوون بکەمەوە.

ئەم ناکۆکیە لە سەرەتای دامەزراندنی پێوەندی نێوانمانەوە سەری هەڵدا و ئەمەش کێشایەوە بۆ پەیدابوونی ناکۆکی گەورەتر لە دواییدا. جا لەکاتێکدا بە ڕاستی و ڕێکی و بنەڕەتی ئیشم بۆ ڕاکێشانی دەکرد، ئەو کەوتبووە بەستنەوەی من بەخۆیەوە. ئەم دۆخە دەبووە هۆی بێزاری یەکی زۆر بۆ من، چونکە ئەم پێوەندیە ژەهراوی بوو. بیرەوەریەکی دیکەتان بۆ باس دەکەم. ئایا پیاو لەماڵ هەڵدێت؟ من لەماڵ هەڵاتم.

ی.ك: لە دیاربەکر هەڵاتی؟

س.پ: بەڵێ.

ی.ك: ئەمە وا دەگەیەنێ کە بێزاری هەر لە سەرەتاوە هەبووە؟

س.پ: زۆریش بوو.

ی.ك: سەرەڕای ئەوە ماوەی (١٠) ساڵ درێژەتان بەم پێوەندیە دا؟

س.پ: پاش ئەوە دڵەڕاوکە و گومانی سیاسی دەستیان پێ کرد. بەڵام هەر گومانی سیاسی نا، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەوە تەگەرەی خستە ڕێی ڕاکێشانی یەك هەڤاڵ و بووە هۆی هەوڵدانێکی بێوچان لەم ڕێگایەدا.

ی.ك: ئەمە مانای وایە ئێوە بە خێرایی جوێ نەبوونەوە؟

س.پ: من وەك ڕێ و شوێنێکی بنچینەیی بە ئاسانی زیندەرەوی لە هیچ پێوەندیەکدا ناکەم و نابمە هۆی پچڕانی هیچ پێوەندیەك. مێژووی (PKK) پڕە لە هەزاران نموونە لەسەر ئەم مەسەلەیە. من لە دۆخێکدام ئەم پێوەندیانە پەرە پێدەدەم. ئەگەر ئەم پێوەندیانە نەبوونایە (PKK) ساڵانی ١٩٧٧ـ١٩٧٨ ئەو قەیرانانەی تێنەدەپەڕاند. زۆر ڕۆشنە کە پێوەندیەکان چوونە ژێر باڵی میت (MIT) و چاودێری تەواوی ئەو. کەواتە ئەم تاقمە چاودێری دەکرا. میت ئاوا بیری دەکردەوە و منیش کە ئەم پێوەندیەم بەکار هێنا کارێکی کرد (PKK) لە ساڵانی

۱۹۷۷-۱۹۷۸ ڕەت ببێ. واتە ئێمە بەوە گەیشتین (PKK) ڕابگەیەنین و پاش ئەوەش گەلەکۆمەی گرتن لە «العزیز» دەستی پێکرد و ئەوە پاڵی پێوەناین بڕیاری چوونە دەرەوە بدەین. دەرچوونمان بۆ دەرەوەی نیشتمان بەم شێوەیە بەدی هات.

ی.ك: من تێدەگەم چی دەڵێن. بەڵام کەڵکی هەموو ئەمانە چی‌یە. من دەبینم ئێوە ئەو کاتە دوودڵ بوون، چونکە شارەزاییتان وەك هی ئێستا نەبوو.

س.پ: پێشتر پێمگوتن من ئەوەم کرد تا هەستم و هێندێك سەرەدا و بەدەستەوە بگرم.

ی.ك: بەڵام لە ۱۹۷۸ دا عەبدوڵڵا ئۆجەلانی ئێستا نەبوون و هەستتان تا ئەم ڕادەیە بە تین نەبوو و ڕوانینتان وەك حاڵی حازر ڕوون نەبوو و بە سۆزی خۆتان بیرتان لە پێوەندیتان بە کەسیرەوە دەکردەوە.

س.پ: دەتوانم بڵێم سۆز وای لێکردین نرخێکی گران بدەین.

ی.ك: بەڵێ من دەمەوێ بزانم «ئۆغرو مۆمجو» دەیویست چی بە ئەنجام بهێنێ.

س.پ: ئارەزووی دەکرد ئەمە بە ئەنجام بهێنێ: ببێتە هۆی خولقاندنی نیشانەی پرسیار لە عەقڵی خەڵکدا لە بارەی ئاپۆوە، بەو مانایەی کە داخۆ ئاپۆ مرۆڤێکی جێی گومانە؟ بەوە خزمەتی دەوڵەتی تورکیای دەکرد. بەڵام «جنید ئارجا یورك» لە ڕۆژنامەی «حوریەت»دا باسێکی هەبوو تێیدا دەیگوت: ئیستیخباراتی دەوڵەت هەڵەیەکی مێژوویی گەورەی کرد. درێژی مارەکە لە بستێك زیاتر نەبوو و چەکمەی سەربازێکمان بەس بوو پانی بکاتەوە، بەڵام ئەم هەڵەیە کێشایەوە بۆ نەهامەتی‌یەکی گەورە بە بان سەرمانەوە. ئەم باسەی لە ڕەوتی شیکردنەوەکەیدا بوو بۆ ۱۲ی ئەیلوول و مەبەستی ساڵی ۱۹۷۸ بوو.

ی.ك: ئەمە لەلایەکەوە ڕاستە و مەسەلەی «ئۆغر مومجو»یش زۆر گرنگ نی‌یە. ئەوەی وا لەم هەموو قسانەدا بە دەستم هێنا ئەمەیە: مادامێکی بیلوت زانیاری چەوت بۆ ئیستیخبارات (MIT) دەگوازێتەوە و دەڵێت من چاودێری‌یان دەکەم، تا جموجۆڵەکانی باشتر دەربکەون و میتیش بەم شێوە بیردەکاتەوە و ئێوەش لە ۱۹۷۹ بەدوا سا یا بەهەستی خۆتان یان لەبەر هۆی دیکە وڵات بەجێدەهێڵن. ئەمە بەڵگەیە کە ئێوە نۆکەری میت (MIT) نین و ئەو نەیتوانیوە هەڵتان بسووڕێنێ یا کۆنترۆڵتان بکات.

س.پ: بێگومان ناسەلمێندرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە. ئەجەوید سەرۆمەزیران و «CHP» دەسەڵاتدار بوو و ئەو خێزانەش پێبەستەی ئەوان بوو و بەو پێیە ئێمەش پێیانەوە بەسترابووین. واتە ئێمە لە ژێر دەستیاندا بووین و پێویستی بە هیچ کردەوەیەکی توندوتیژ نەدەکرد. ساڵی ۱۹۷۸ ئاوا بە بێ نەهامەتی و ڕووداو تێپەڕی. هێندێك ڕێکخراوی تورکی هەبوون لە ئێمە زیاتر پەلاماریان دەدا. تاقمەکەمان هێشتا دەستی بە بەکارهێنانی چەکی ئاگردار نەکردبوو. بۆیە ئەگەر ڕژێم حیزبمان یا تاقمەکەمانی دەستگیر بکردبایە، هیچ بەهانەیەکی بە دەستەوە

نەدەبوو تا بە ڕاشکاوی حوکم بدات. تەنانەت حیزب نە بەرنامەیەکی هەبوو و نە بەڵگەنامەی زۆر تایبەتە شایەت. هەتا ئەگەر بیشیانبزدینایە بۆ دادگا بەریان دەداین. بە کورتی هیچ بەڵگەنامەیەکی وا لە گۆڕێدا نەبوو(PKK)ی پێتاوانبار بکرێت، چونکە مشووری خۆمانمان خواردبوو و ئەوە کەمێك ڕزگاری دەکردین. وێڕای ئەوە کە میت متمانەی بە چاودێری ئەو و میکانیزمەکەی کرد.

ی.ك: بەڵێ. ئەم جۆرە بارودۆخە بە سەر حیزبی «بولشەوی»شدا تێپەڕی. ئیستیخباراتیش ماوەیەك خستبوونیە ژێر دەستی خۆی. بەڵام شەڕەکە بە شێوەیەکی بنچینەیی لەگەڵ «ناردونیك»دا بوو.

س.پ: وەك مالینوفسکی وابوو کە لەگەڵ «لینین»دا کاری دەکرد. واتە کێ بیتوانیبایە، بەکاری دەهێنا.

ی.ك: بێ گومان. دۆخی وا ڕوودەدات. ئێوە یەکەم و دوا ڕێکخستن نین کە میت چاودێری دەکات. تەنانەت هێندێك ڕێکخستن پەل دەهاوێژێت ئەمجا میت دەستگیری دەکات، چونکە کۆنترۆڵ و چاودێری دەکات. ئەگەر ڕێکخستنەکان گەورە نەبن. هیچ کێشەیەك لە ئارادا نابێ.

س.پ: ئەوی ڕاستی بێ ڕێکخستنەکەی ئێمەش ئەو ڕێکخستنە گەورەیە نەبوو کە مایەی سەرنجڕاکێشان بێ. ئەمەش لایەنێکی گرنگە. جا کە(PKK) گەورە بوو دەستیان کرد بە گوتنی ئەم قسەیە: «بۆچی ئەوسا نەیانگرت؟». بەڵام حیزب تا ئەو وەختە مەترسی‌یەکی گەورە نەبوو. هەتا منیش وام وێنا نەدەکرد کە تا ئەم ڕادەیە دەبێتە مەترسی بەسەر دەوڵەتەوە و ئەمدەزانی حیزب بەم شێوە فراوانە پەرەدەستێنێ. جا دوژمن چۆن ئەوەی دەزانی؟ ئەگەر ئەوەی نەبینیبێ چۆن تەگبیری حاڵی خۆی کردووە؟

ی.ك: لە ڕاستیدا مرۆڤ بیری بۆ ئەوە ناچێ (PKK) بە چ خێراییەك پەرەی سەندووە. ساڵی ۱۹۸۸ چووم بۆ لەندەن. لەوێ هەر سێ کەس هەبوون لایەنگری ئێوە بوون. جا کە ساڵی ۱۹۹۲ چووم سەیرم کرد هەموو کورد بوونەتە(PKK).(PKK) بە خێراییەکی لە ڕادەبەدەر پەرە دەستێنێ. پێم وایە پێویستە باسی ئەوەش بکەین. ئەم پەرەسەندنە کێشەیەکی گرنگە. چۆن دەتوانن لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە فێریان بکەن؟ چۆنیش مەشقیان پێدەکەن؟ هەموو ئەمانە شتێکی سەیرن.

س.پ: ئەمە کێشە نی‌یە. بەڵام ئەو پێوەندیانەی کە باسم کردن لە قۆناخێکدا بۆ ئێمە بوون بە هۆی دڵەڕاوکە و گیروگرفت و گومان و زریان و وەك گوتم توانیمان لێیان ڕەت ببین.

ی.ك: وەك کەسێك حەز لە دۆستایەتی دەکەن و بە دوویدا دەگەڕێن، ئایا پاش کۆتایی ئەم هەموو پێوەندیانە بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەگەر ئەم پێوەندیانە نەبوونایە باشتر بوو؟ یان سەرباری هەموو ئەوانە باش بوو؟

س.پ: ئەمە ئەزموونێکی گەورە بوو بۆ من و گەلێك ڕاستی لە بارەی ژیانەوە فێربووم. من متمانە بەشتێك ناکەم ڕژێم بیدات، چونکە تێکتدەشکێنێ. ئەگەر

ڕژێم ژنێکی پێدای ئەوە بۆ تۆ نی‌یە. ئەگەر پیاوێکیشی پێدای ئەویش هەر بۆ تۆ نی‌یە. تۆ ناچاری هەموو بەهایەکی خۆت بە دەستی خۆت دروست بکەی.

ی.ك: ئەوسا بابێینە سەر خۆشەویستی. ئەو ئافرەتەت خۆش دەوێ کە خۆت دروستی دەکەی؟

س.پ: قورسە. باسی ئەمەشم کرد. کێشەی عەشق و سیاسەت لەم خاڵەدا دەردەکەون. ئەو دەمە پەنا دەبەینە بەر یاساکانی کۆمەڵگا. چوومە نێو ئەزموونێکەوە. دایکم پێی دەگووتم: «تۆ بەم عەقڵەتەوە سەرناکەوی». لەوانەیە لە دڵی خۆمدا گوتبێتم «بۆچی تاقی نەکەمەوە». دابونەریتم لە بەرچاو گرت. ئەمە مایەی وروژان بوو، چونکە من بەرهەڵستی دابونەریتم دەکرد و کەمێك بایەخم پێدەدا. دیارە گەلێك شت هەن بۆ خۆمیان دەهێڵمەوە. ئەمە بوو ناکۆکی نایەوە. من وام چاوەڕوان نە دەکرد ئەم جۆرە ئەزموونە سەربگرێ. ڕەنگە منیش کوشتەی ئەزموونی عەشق و سۆز و ژنهێنان بووبم. من بۆ ئەم جۆرە پێوەندیە ساز و تەیار نەبووم. پێوەندی بنچینەیی لێرەوە پەرەدەستێنێ، وەك ئەو کەسەی کە خۆی هەڵدایە نێو ئاگر و ئەمجا هەوڵی خۆڕزگارکردن دەدات. بێگومان خەباتێکی سەخت بوو کردمان. ئەو دەرس و پەندانەی کە لەم پێوەندیەوە فێریان بووم و ئازارم پێوەچێشت لە هەر شتێك گەورەتر بوو لەوانەی کە لە قوتابخانە و بنگەکانی پێخوێندن فێریان بووم. لە ئەنجامی ئەم پێوەندیەوە فێربووم بە شێوەیەکی بێ‌ئەملاوئەولا کەڵك لە هیچ پەیوەندیەك لەگەڵ ڕژێمدا وەرناگیرێت. ئەگەر ئافرەتیش بووایە، ئەوە هەرگیز نەدەکرا. تەنانەت ئەگەر بەم چەشنە پێوەندیەش لەگەڵ ڕژێمدا ڕازی ببومایە، ئەوا ئاکامی زۆر زیانبەخش دەبوون. ڕژێم شتێکت دەداتێ و لەبری ئەوە هەزاران شتت لێ‌دەبات. کۆنەپەرستی ڕژێم بەسە بۆ بڕانەوەت. لەم بارەدا دەبێ زۆر وریا بین و خۆبپارێزین و لە ترسی شیرەکە فوو بە ماستەکەدا بکەین. من باش ئەم کارە فێر بووم. پێوەندیەکی سۆزاوی بوو منی گەیاندە دووڕیانی هەڵبژاردنی یا سۆز یان کوردستان لە شێوەی «یا من یان کوردستان» و «یا من یا حیزب» و «یا من یا هەموو هەڤاڵان»دا.

ی.ك: دیارە ئەمە زۆر سەرەتاییە، ئەمە هەڵوێستێکی کۆنەپەرستانەیە، وانی‌یە؟

س.پ: ئەمە چوارچێوەی پەرەسەندنی پێوەندی کوردی‌یە و سەروساختی لەگەڵ کۆلۆنیالیزم و دەرەبەگایەتی و خێڵەکایەتی و چینایەتیدا هەیە. ئەو کاتە کەسێرە ئەم ڕستەیەی خوارەوەی دەردەپەڕاند: «خەڵکانێك هەن پاشا دروست دەکەن». مەبەستی ئەوە بوو تۆ خۆت بە پاشا دادەنێی. بەڵام هەن پاشا دروست دەکەن. مەبەستی لەوە خۆی بوو.

ی.ك: هیچ بەرپەرچدانەوەیەکی ئەم هەڵوێستەتان هەبوو؟

س.پ: لە جەرگەی شەڕێکی دەروونی گەرمدا بووین، واتە ئەو بە کۆلۆنیالیزم و ئەرستۆکراتی‌یەوە شەتەك درابوو و ئەو پێوەندیە کەمالی‌یانەی کە وەریگرتبوون لەلای بنجبەست بوو بوون. لە کاتێکدا پێوەندیە میللی‌یەکانی یەکجار کزبوون و

لە ئاستی لایەنگری میللی «CHP»دا بوون و چەپرەویەکەی بە ئەندازەی چەپرەوی ئەو حیزبە بوو. پێبەند بوونم بەو پێوەندی‌یە و ڕادەی گونجانی لەگەڵ ڕزگاری میللیدا بەلای منەوە جێی گومان بوون.

ی.ك: ئایا مەبەستت ئەوەیە ئەو نموونەی مێژوویی «دێرسیم»ی دەنواند؟

س.پ: بەڵێ بە جۆرە شەیدایی‌یەك دادەنرا بۆ گەیشتن بە دێرسیم و دامەزراندنی پێوەندی تازە و پێکەوە بەستنی سوننەگەرایی باشورو غەلەوی بوونی باکور، ڕاکێشانەوەی سەرلەنوێی بەکرێگیراوێك و هێنانیە پاڵ گەل. کۆششەکانم بۆ ئەم هەموو مەسەلانە بوون و هەموو ئەوانەم بە نیازپاکی‌یەوە دەکرد، بە ڕواڵەت باش بوو. ئەگەر باش بووایە بەوە زۆر شادمان دەبووم. بەڵام ڕاستیەکان تەواو پێچەوانەی ئەوە بوون.

من، ئەو ئافرەتەی کە نەتوانێ چوارچێوەی کۆمەڵگای ملکەچی دەسەڵاتی پیاو بشکێنێ ولەو بوارەدا تێنەکۆشێ؛ بە کۆیلە هەڵیدەسەنگێنم.

ی.ك: باشە، پێوەندیتان بە «کەسیرە»وە چۆن دوایی پێهات؟

س.پ: پێوەندیەکانم لە چوارچێوەی یاساکانی تێکۆشاندا بە شێوەیەکی پڕ بە پێستی ئەم یاسانە ناپچڕێنم. من لەسەر بنچینەیەکی سیاسی دەست بە هەر پێوەندی‌یەك دەکەم و هەرواش لەسەری دەڕۆم. هەوڵمدا ژیانی هاوجووتی سیاسەت و حیزب بێ و نەرم و نیان و کولنەدەر بووم، بەڵام ئەو بەدان بە خۆداگرتن و لاساری‌یەکی زۆرەوە شێوازی خۆی داسەپاند. بێگومان من شەڕکەر و زەحمەتکێشێکی ڕەسەنی ئەم ڕێکخستنەم. هەرچی ئەوە هەوڵێکی کەمی‌دا و کارێکی نەکرد حیزب خەڵك ڕابکێشێ و هیچی لەسەر یاساکانی سەرکردایەتی نەدەزانی و باش دەیزانی کە دەرەبەگەکان کۆمەڵگای کوردی‌یان بەڕێوە دەبرد. بۆیە تێدەکۆشا خۆی دابسەپێنێ. دواجار هەوڵیدا پەنا بباتە بەر شێوازی پیلانگێران. کە پێمان نایە سالی (١٩٨٦)ەوە هەوڵیدا خەسڵەتە مێینەکانی خۆی بە شێوەیەکی زۆر خراپ بخاتەکار تا بەسەرمدا زاڵ ببێ و لە ڕێگای خۆگرێدانیەوە بە من ئامانجەکانی بەدی بهێنێ، وەك ئەوەی بڵێت: «ئەگەر ژیانێکی ئاساییت دەوێ، پێویستە گوێ ڕایەڵم بی». بێگومان من پێبەستەی ئامانجە سیاسیەکان و ڕاستی سەرکردایەتیم و پێم ناکرێت ئەم چەشنە زەوتکاری‌یە قبووڵ بکەم. ئەمە وای کرد ئەم ناکۆکی‌یە بگاتە چلەپۆپە. شێوازی منیش شەڕکردنە بە چەکی حیزب و، ئەویش خۆی بە چەکی ژن پڕچەك کرد و، هەوڵی‌دا دەوروبەری خۆی ڕێك بخات و لە کێشەی ئافرەتدا بمخاتە هەڵوێستێکی شلۆقەوە. بۆیە هەڕەشەم لێ‌کرد و گوتم: «ئەگەر لە مەسەلەی ئافرەتدا توخنم بکەوی، ئەمە بۆ تۆ شتێکی زۆر قورس

دەبێ». هەڵسەنگاندنی من ئەمە بوو. نموونەیەکی ژیانی «گاندی»م دایێ و بۆ لێکدایەوە کەمن دەتوانم دەست لەشێوەی پێوەندی نێوان ژن و پیاو هەڵبگرم و تا دواپلە خۆم و هەست و نەستم کۆنترۆڵ دەکەم. بەڵام شێوازی تۆ کە هەڕەشە و گوڕەشە و گفتی درۆزنەیە بە کەڵکی پێوەندی کۆمەڵایەتی مرۆدۆستانە نایێت و ئەمەش بۆ تۆ زۆر ترسناکە. ئەمە دوا قسەی من بوو بۆ ئەو لەم چوارچێوەیەدا. ئەویش بە شوێن هەڵیکدا دەگەڕا تا بگاتە ئەنجامەکانی ئەم پێوەندیە. ئەوە بوو بە کچە ڕێکخراوەکانی نێو ڕیزەکانی حیزب بەرەنگاری بوومەوە. ئەم پێوەندیانە ـ بە پێی تێگەیشتنی ئەو ـ مەترسیەکی گەورە بوون و هەوڵیدا بێیانکات بە کیشە. ئەوسا زۆری هەڵوێستە لەسەر مەسەلەی ئازادی ئافرەت کرد. جا وەك چۆن ئافرەت خۆی هەڵدەسەنگێنێ، دەبوو منیش بە پێی بیرکردنەوە و پرنسیپی خۆم ئافرەت هەڵسەنگێنم. ئەو هەڵسەنگاندنەم بە شێوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنە کرد. بە پێی ئەو ئەنجامانە ڕوومکردە شیکردنەوەی پێوەند بە بارودۆخی ئافرەت.

ی.ك: ئەمە زۆر جوانە. گشت پەرەسەندنێك لە ژیاندا بۆ ئێوە چاوگەیەکی فێربوون و فێرکردن پێکدەهێنێ.

س.پ: بەڵێ، ئەگەر ئافرەتێك تا ئەم ڕادەیە تەنگەتاوم بکات، پێویستە لەسەرم ڕاستی ئافرەت بزانم. جا بە پێی ئەم چەمکە «کەسیرە» بە مامۆستای گەورەم دەژمێردرێت، بەڵام بە ڕێگایەکی پێچەوانە.

ی.ك: لەوە دەچێ بەرهەڵستەکانت ببنە مامۆستا بۆ تۆ.

س.پ: بەرهەڵستان لانی کەم هێندەی مامۆستاکانی دیکە مامۆستان و دوژمنم باشترین مامۆستامە. ئاوا دەڵێن.

ی.ك: کە لە قۆناخی خوێندن و فێربووندا دەبن، چی دەکەن؟ ئایا هێندێك شت دەخوێننەوە و چاودێریان دەکەن؟ یان پەنا دەبەنە بەر مشتومڕ؟

س.پ: ئەوەی کە دەیکەم هەر خوێندنەوە نییە، بەڵکو دەکەومە چڕکردنەوەی بیرەکانم. مرۆڤ باشتر فێری ڕەفتارەکان دەبێ، بە تایبەتی ئەگەر مەسەلەکە ژیان بخاتە بەرانبەر مەترسیەکی گەورە. ئەم قۆناخە مرۆڤ بە باشی فێردەکات.

ی.ك: کتێبەکەتانم لە بابەت کێشەی ئافرەتەوە خوێندەوە. گەلێك زانیاری مێژوویی هەن پێوەندیان بە ئافرەتەوە هەیە.

س.پ: بێ گومان. کەڵکم لە «ئەنگلس» بینی و کتێبەکەی «بنەڕەتی خێزانی و دەوڵەت و موڵکداری تایبەت» زۆر سوودی پێ گەیاندم بەڵام من ئەزموونی ڕاستەقینەی ژیانم یەکەم سەرچاوەم بوو. من وەك پیاوێك خەباتێکی گەورە دژی باڵادەستی پیاو دەکەم. بە باوەڕی من دۆخی ئێستای پیاو قبووڵ ناکرێت. ئەو بارودۆخانەش کە حاڵی حازر ڕووبەڕووی ئافرەت دەبنەوە لەلایەن پیاوەوە و باڵادەستی پیاو پێویستە ببێتە هۆی هەڵگەڕانەوەیەکی فراوان لە نێو چوارچێوەی کۆمەڵگادا و ئەمەش بەلای منەوە پرنسیپە. من ئەو ئافرەتە هەڵدەسەنگێنم کە نەیتوانیوە چوارچێوەی کۆمەڵگای ملکەچی کۆنترۆڵی پیاو ببڕێ، یان لەو

ڕێگایەدا نە جەنگاوە وەك ئەوەیە کە کۆیلە بێ. بەو پێیە هیچ پێوەندی‌یەکی نە بە خۆشەویستی و نە بە دۆستایەتیەوە نامێنێ. لەم چوارچێوەیەدا ئەو پیاوە نابینم کە شایستەی ئەوەبێ خۆشەویستی بکات یان خۆشەویست بێ. ئەمە پرنسیپی فەلسەفەکەمە. هەروەها زۆردارم خۆش ناوێ و من ئێستاکە خەریکم گوشار دەخەمە سەر کچان و پیاوان و تۆش خۆت ئەوەت بینیوە. ئەوەتا بە کچان دەڵێین: «چۆن ڕێ بە پیاوێکی شێوە دڕندە دەدەی لەسەرت دابنیشێ و چۆن پێت هەڵدەگیرێ؟ ئەو تا ئەم ڕادەیە ئایەخ و توند و تیژ و سەرکوتکەر و سووکە. چۆن قایل دەبی ئەم پێوەندیە مەزن و پیرۆزە بخرێتە ژێرپێ و تووشی سووکایەتی ببێ. چۆن بەم چەشنە بارودۆخە دەڵێی بەڵێ». عەقلم تا ئێستاش ئەوە وەرناگرێ کچێك بەوە ڕازی بێ چەندە لادێیی یا شارستانی و خوێندەوار یا نەخوێندەوار بێ. بەم پێوەندیە سەرکوت بکرێت و هەستی پێ‌نەکات؟ لەوانەیە هەست بکات، بەڵام نازانێ چی بکات. تەنانەت ئەگەر پەلپیشی‌گرت، سەرناکەوێ و بێ‌چارە دەمێنێتەوە. من لە منداڵیمەوە خەون دەبینم و بیر لەوە دەکەمەوە ڕێ و شوێنێك بۆ ئەم کێشەیە دابنێم. پیاوەکان دەهاتنە شوێنی کۆبوونەوە و سمێلی هەموویان بابڕ بوو. تۆ دەزانی سمێلی بابڕ دیاردەیەکی پیاوەتی‌یە. ئەوسا بە خۆمم دەگوت: «ئەوان چی‌یان کردووە تا سمێلیان بابڕ بکەن؟». لەبەرئەوەی پاشکۆی ناوچەوانی هەمویان کردەوەی بەتاڵە و بارودۆخیان بۆ هیچ کارێك یاریدەدەر نی‌یە، بۆیە تەنیا سمێلیان بادەدەن. لەو کاتەیشەوە کاردانەوەیەکم دژی سمێڵ بادان لەلا پەیدا بوو و وام لێ‌هاتووە دلبەستەی پیاو نیم.

ئێستاکە هێندێك ئافرەت هەن بەرهەڵستی ئەم جۆرە پیاوانە دەکەن. بەڵام من زیاتر ڕقم لە دیمەنەکانی پیاوەتی هەڵدەستێ. مەبەستم ئەوەیە خۆم دەخەمە شوێنی ئافرەت و لە دڵی خۆمدا دەڵێم: «ئەوانە چۆن دەتوانن لەگەڵ ئەم جۆرە پیاوانەدا بژین». من بە ڕاشکاوی ئەوە زۆر بە خراپ دەبینم. ژیانم بە بەرچاوی تەماشاکەرانەوەیە و خۆم بە شتێکی ئایەخ لەکەدار ناکەم و ئیش بۆ ئەوە دەکەم پاکی خۆم بپارێزم. من بایەخ بە کیژە تازەکان دەدەم. ئێوەش دەزانن ئەوان بە هەزاران دێنەلامان و خەباتیش هێشتا بەردەوامە و، پیاوان ملکەچی ڕێکوپێکین بەڵام هێشتا پەسندکراو نین. ئێمە پێیان دەڵێین: دەبێ بە هەر شێوەیەك بووە وەزعی خۆتان ڕاست بکەنەوە. ئێستا پیاو لە پاڵ ئافرەتدا لە ڕیزەکانی سوپای گەریلادایە. کەس ناتوانێ خراپە دەرهەق بەوی دیکە بکات و ناتوانن پێوەندی لەم چەشنە دابمەزرێنن و هەر دەستدرێژی‌یەکیش بوار لە بەردەم کێشەی گەورەدا دەکاتەوە، چونکە ئێمە بەرپرسین بۆ بنیاتنان و سەرخستنی تەرزێکی تازە لەم پێوەندیانە. ئێمە زۆر ناچاری ئەوەین.

ی.ك : باوەڕم وایە ئەم قۆناخە زۆر باشە. چەند شتێکم لەسەر هێندێك جێ‌بەجێکردنی ڕاستەقینە لە بابەت ئەم مەسەلەیەوە خوێندووەتەوە. ئایا ئەمە ڕاستە؟

س.پ: لەم جێبەجێکردنانەدا بنچینەکانی پێوەندی جنسی ناکەین بە پاڵپشت، چونکە بەکارهێنانی ئەم پێوەندیانە بە شێوەیەکی ئاژاوەگێرانە دەبێتە هۆی ناپاکی کردن لە ئەرکەکان و جێبەجێکردنیش بەم بنچینانە دەکرێت. واتە ئەم جێبەجێکردنانە بەهۆی ئەو ناپاکیەوە کران کە خرایە ئەستۆیان. دەشبینین پێوەندی جنسی هۆی پەیدابوونی ئەم چەشنە ناپاکی‌یە بوو و وەك ئامرازێك بۆی خرایە گەڕ.

بەهای ئازادی لە شۆڕشێکدا پێبەستەی ئازادی ئافرەتە لەو شۆڕشەدا و ئاستی ئازادی کۆمەڵگایەکیش پێبەستەی ئاستی ئازادی ئافرەتە لەو کۆمەڵگایەدا.

ی.ك: ئایا جێبەجێکردنی لەو شێوەیە هەن کرابن؟

س.پ: زۆرنا. ئەوە بوو توانیمان چەمکە تازەکە پەرە پێبدەین. ئاراستەیەکی باشی گەورە و چڕوپڕ لە ڕێکخستنی پێوەندیەکاندا لەسەر بنچینەی تازە هەیە. وەختێك باسی ڕاستی کوردی دەکەین، ئێمە هەوڵدەدەین خێزان و ئافرەتی کورد بە فراوانی شیبکەینەوە و دەشبێ بیر لە هێندێك بنچینەی دروست بۆ ئەم پێوەندیە ئاساییە بکەینەوە. یەکەم بنچینە ئەوەیە تا دوا پلە نیشتمانی بێ، دووەم: نیشتمان و ئازادی گەل هاوسەری بن. سێیەم: لەگەڵ ڕێبازی پێشەنگی حیزبیدا هاوجووت بێ. چوارەم: بە تەواوترین شێوە و بە پێی ئەو سێ بنچینانەی پێشوو ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ. ئەمجا پاش ئەوە دەتوانین چەمکێك بۆ پێوەندی پیاو و ژن دابنێین. دەبێ سەلماندنی ئەوە هەر بەقسە نەبێ، بەڵکو بە شەڕ و هەر لەو ڕێگایەوە بێ. ئەم پرنسیپانە سەرجەمیان یەکجار گرنگن.

ی.ك: ئاپۆی برام ئایا دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە تێی بگەین: «مرۆڤ دەبێ یەکەم جار خۆی بەرزبکاتەوە، ئەمجا دوای ئەوە مافی بیرکردنەوە لەم جۆرە پێوەندیە بەدەست بهێنێ»؟

س.پ: زۆر وایە. تەنانەت کۆمەڵگا سەرەتاییەکانیش کە دەیانویست ژن بۆ کوڕێکیان بهێنن، داوایان لێدەکرد ئاژەڵێکی دڕندە ڕاوبکات و دەیانگوت: بۆ دارستان بچۆ و فلان ئاژەڵ یا فلان دوژمن بکوژە تا مافی ژنهێنانت بدرێتێ، من ئێستاکە ئەم پرنسیپە بە سەرخۆمدا جێبەجێدەکەم. ئەگەر ژنهێنان مافێك بێ لە مافەکان، دەبێ ئەم مافە پشت بە قەوالەیەکی مێژوویی ببەستێ. منداڵان لە کوردستان گیروگرفتن، نە مالیان هەیە و نە کار. بۆیە ژنهێنان لە کوردستاندا و لەم هەلومەرجەدا کارێکی خراپ و دزێوە. لە تورکیا سێ یەکێکی خێزانەکان یا نێزیك بەوە ناچارن خۆیان بفرۆشن. ئێوەش ئەوە دەزانن. ئەمە ناتەواوی‌یەکی گەورە لە ڕەوشتدا پێکدەهێنێ.

ی.ك: مخابن ئەمە ڕاستە. ئەوەتا داوێن پیسی بڵاوبووەتەوە.

س.پ: ئەمە شتێکی زۆر ترسناکە و دۆخێکی مرۆڤ تۆقێنە. بەسترانەوەمان بە پرنسیپی مرۆدۆستانەوە وامان لێ‌دەکات ئەوە ببینین. ژن بهێنە، پاشان ژنەکەت یا کچەکەت بۆ فرۆشتن بخەرە بەری مەیدان. ئەمە ڕووداوێکی سامناکە و سووکایەتی پێکردنێکی بەردەوامی ژیانیشە. بەڵام ئەمە بە بەرچاوی هەمووانەوە دەقەومێ، ئەگەر هی وا هەبێ ئەوەی پێ‌قبوول بێ، بە لای منەوە تەواو ڕەتکراوەیە. ئەگەر کارەکە پێویست بکات من دەتوانم لە ڕووی مرۆڤایەتی و ژیاندا ڕابوەستم تا ئەم سووکایەتیە قەدەغە بکەم. ئەمە پرنسیپی منە. پێوەندیمان لە مەسەلەی ژنهێناندا نێوانێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شەڕدا هەیە. جا کاتێك دەتوانم کچێك بخەمەپاڵ ڕیزەکانی حیزبمان، ئەوە پێوەندی‌یەکی توندوتۆڵی بە شەڕەکەمانەوە هەیە. ئەوەی وا دڵمان خۆش دەکات و پلە و پایەمان بەرزدەکاتەوە ئەم شەڕەیە کە دەیکەین. ئەو کچانە بەجەرگی لە شەڕەوە وەردەگرن و دینەلامان. ئەمە باشە. پێویستە ئەوە لەسەر بنچینەیەکی ڕێك و ڕاست هەڵبسەنگێنین. پیاوان و کیژان لەبەر ئەم هۆیە دینە پاڵمان. دەبێ ئەوە وەربگیرێت. چارەسەرەکە ئالێزەشدا پەنهانە، ئەویش شەڕ و ڕزگاری نیشتمان و ئازادی گەل و بنیاتێکی حیزبی ڕاست و دروستە.

هەموو ئەوانە پێوەندی‌یەکی لە پچڕان نەهاتوویان بەیەکەوە هەیە و چەمك و یاسان. ئەوەی وا بەتەمایە بگاتە ئەم پێوەندیانە، دەبێ نیشتمانپەروەرێکی ڕاستەقینە و جەنگاوەرێکی میللیی باش و حیزبی‌یەکی ڕاست و دروست بێ. پێیان دەڵێم: «پێویستە خۆتان بسەلمێنن و دوای ئەوە دەبینە یەکەم کەسانێك کە چەپڵەتان بۆ لێ‌دەدەن». ئەمە یاسای عەشقە لای ئێمە. سەربکەون تا چەپڵەتان بۆ لێبدەین. ئەگەر کیژ و پیاو لەم مەسەلەیەدا خۆیانیان سەلماند، گەورەترین ڕێزیان لێ‌دەنێین. ئێمە دەمانەوێ ئەم مەسەلانە بەم ڕاستەڕێیەدا ڕێ‌بکەن و ئەمە ئەو پرنسیپەیە کە بەدەستمانەوەیە.

لەم پرنسیپەش زیاتر، ئێمە لە کاری ڕاستەقینەدا جێ‌بەجێی دەکەین. حاڵی حازر پێشبڕکی‌یەکی ڕوون و ئاشکرا لەم بارەیەوە لە گۆڕێدایە. با هەریەکێك بتوانێ بە پێی بە شەڕەوە بەسترانی ڕێزی ئەوی دیکە بگرێ. ئەمە ڕێگا لە بەردەم کچاندا تەخت دەکات تا بێنە نێو ئەم شەڕە گەورەیەوە، هەر بە شێوازی دەرەبەگانە نا بەڵکو بە هاتنە پاڵ شەڕ و پەرەپێدانی ئەم شەڕە بۆ خۆسەپاندنیان.

ی.ك: ئەمە زۆر جوانە. ئەمە کارێك دەکات عەشق و شەڕ پێکەوە پەرەبستێنن.

س.پ: وەختێ باسی واقیعی کوردستان دەکەین، ئەگەر شەڕ و(PKK) نەبوونایە کچی کورد بە شووکردن نەبووایە نەیدەتوانی لەماڵی خۆی بێتە دەرێ. پێم وایە شووکردن لە واقیعی ئێستادا و لەنێو چوارچێوەی ڕژێمدا دوایی بە هەر جەربەزەیی و ئازایەتی‌یەك دەهێنێ کە ڕەنگە هەبن. لەپاڵ ئەوەدا من کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان ناژمێرم، بەڵکو بابەتەکە هەر لە ئاستی خۆشەویستیدا وەردەگرم. ئەگەر ئەو کەسە لە نیشتمان و ئازادی گەل دابڕابێ و

بەرهەڵستی ئەم چەمکانە بێ، ئەوا خۆشەویستی دەکوژێ. منیش لە ئەنجامی نێوەنێودان یا پێبەندبوون بە لایەکەوە لام لەم بابەتانە نەکردووەتەوە. ڕووداوی خۆشەویستی بابەتێکە خراوەتە بەردەم زانست و مەعریفەت. «خۆشەویستی دۆخێکی دەروونی جیایە». من بە چاوێکی زانستیانەوە تێی دەڕوانم. پرنسیپە میکانیکیەکان ناتوانن لێکی بدەنەوە. سەرباری ئەوەی کە شەڕ مرۆڤ وا لێدەکات بە ڕواڵەت جوان بێ.

ی.ك: من هیچ گومانێکم لەو ڕووەوە نییە. هیچ شتێك نییە لە شەڕ زیاتر مرۆڤ جوان بکات. باوای دابنێین ئەوان ئیشیان بەم پرنسیپە جوانانە کرد و بە تەواوترین شێوە چی داواکرابوو کردیان و ئەمجا عاشقی یەکدی بوون. ئایا ئەمە لەشەڕی ڕاستەقینەشدا جێبەجێ دەکرێت؟

س.پ: دەزانن هەر پێوەندییەك چەند قۆناخێکی هەیە و با بڵێین ئەم قۆناخە قۆناخی گوڵکردنە. واتە ئەم قۆناخە پێوەندیەکان تا ڕادەیەك هەڵدەگرێ. وشەی گوڵکردن لە زمانی تورکیدا ماناکەی خراپە بەڵام لە ڕاستیدا وشەیەکی جوانە، وە مانای قۆناخی نزیك بوونەوە و ناسکردن دەگەیەنێت. لەوانەیە پێم بڵێن چۆن ئەمە دەبێتە پرنسیپ. بە قەناعەتی من ئەو قۆناخەی کە کوردستان لە ڕزگاربووندا پێی گەیشتووە ئەم خەسڵەتەی لە پێوەندیەکاندا گەرەکە و پێویستە بە پێی ئەو قۆناخە بینرخێنین. پێم وایە بەهای ئازادی لە شۆڕشێکدا پێبەستەی بەهای ئازادی ئافرەتە لەو شۆڕشەدا و، ئاستی ئازادیش لەلای کۆمەڵگایەك پێبەستەی ئاستی ئازادی ئافرەتە لەو کۆمەڵگایەدا. دەتوانین ئەوە کەمێك بکەینە شتێکی گشتی. خۆ ئاستی ئازادی لەلای هەر بزووتنەوەیەك یا هەر حیزبێك یان هەر کەسێك پێبەستەی ئاستی پێوەندییەتی بە ئافرەتەوە. ئەو پێوەندیە ئازادەی کە لەنێوان ئەو و ئافرەتدا دادەمەزرێت ئاستی ئازادی لای ئەو حیزبە دیاری دەکات. ئەمە ئاستی ئازادی لەلای گەل ڕوون دەکاتەوە و ئەوەش بە گشتی ئاستی ئازادی لەلای ئەو کۆمەڵگایە ڕوون دەکاتەوە. بەو پێیە پەرە پێدانی پێوەندی ئازاد لەگەڵ ئافرەتدا، ئاستی ئازادی لەلای(PKK) دەردەخات و، لەوەوە مەودای ئەو هاوسانییە بنچینەییە دەرك پێدەکەین کە هەیە. ئەگەر ئافرەت هەستی بەوە کرد ئازادە، ئەوە ئاستی ئازادی لای(PKK) دەخاتەڕوو.

ی.ك: ئەگەر پیاو و ژن بە تەنێ مانەوە و پیاو توانی دەست بەرداری هەڵەی کەڵەکەبوونی ساڵان و قورسایی ئایدیۆلۆژی ببێ و خۆی بە هاوشانی ئافرەت دابنێ، ئەمە بە پەرجۆیەکی گەورە لە قەڵەم دەدرێت.

س.پ: بێ گومان پەرجۆیە. منیش مرۆڤم و ئارەزووی گەورە گەورەم هەن و بە ڕاشکاوی پێتان دەڵێم: ئەگەر ئەم بارودۆخە بابەتی توێژینەوە بێ، ئەوا من گەیشتوومە تەمەنی چل و چوار ساڵیم و سەرەڕای ئەوە هەست بەوە دەکەم کە من ناچارم لەهەر کەڵە فەیلەسووفێك زیاتر پەرە بە بیرێکی تازە بدەم. ئەگەر مرۆڤ پێبەندی ئارەزووەکان بوو و بووە شوێنکەوتەیان، ئەوا لە سیاسەتدا دەدۆڕێنێ و

تێکدەشکێ. ئەگەر وازیشی لە سۆزەکانی خۆی هێنا هەر تێکدەشکێ. ئاوا ئێمە لە ناکۆکییەکداین لێدەرچوونی گرانە. حەزدەکەم بڵێم خەسڵەتی دەسەڵات و دڵبەندی و هێزی جوانی لەلای من لە ئاستێکی پێشکەوتوودان. من لەم مەسەلەیەدا نابمە کابرایەکی ساختە و خۆم لەکەدار ناکەم. پیاوان و کیژان ڕەنگە بتوانن ئەوە بکەن، بەڵام من ئەم مەسەلەیەم پێقووت ناچێ و زەبری خۆمیان پێدەگەیەنم و، سەرنجی مەودای بایەخی پێوەندی ئازاد و جوانیش دەدەن.

ی.ك: زۆر کەڵکمان لەم چاوپێکەوتنە وەرگرت. ئەو بایەخە گەورەیەی ئێوەم بە خۆشەویستی مرۆڤ پێنەدەزانی. ڕاستیەکەی ئەم چاوپێکەوتنە لە هی پێشوومان باشتر و بەرهەمتر و پڕ شادی بوو.

س.پ: خۆ خەریك کردن بە مرۆڤەوە بە لای منەوە کارێکی هونەرییە. من بە شێوەیەکی هەمەلایەنە لا لە ڕووداو دەکەمەوە و شیکردنەوەیەکی ورد دەکەم بە جۆرێك کە لەڕووی خەیاڵ و زانست و شێوە عەمەلیەکانەوە بە خەیاڵی هیچ پیاو و هیچ ژنێکدا نایێت. هەوڵەکانم پەرەسەندنێکی گەورەیان تێدایە و هیوابڕاو نیم. پێش کەمێك گوتتان: «لەوانەیە نائومێد بووبن». ڕەنگە ئەوە ڕوو بدات، بەڵام هێشتا هیواکانم هێشتوونەوە و پێدەچێ ئافرەتێك نەبێ هیواکانم بەدی بهێنێ. بەڵام ئەمە هەرگیز گرنگ نییە.

ی.ك: ئەگەر میرێك بوویتایە لە میرە کۆنەکانی کورد، لەوانەبوو شازادەی خێڵێکی دیکە پەیدابکەی.

س.پ: نەخێر. توانایەکی زۆر لە هەموو ڕوویەکی شەخسییەوە لە ئارادان بۆ بەجێهێنانی ئارەزووەکانم. بەڵام بە هەموویان ڕازی نابم، چونکە بۆ خۆمم ناوێن. من لە ئاستێکدام دەتوانم بچمە نێو هەر شێوە ژیانێکەوە دڵبەستەی بم و ئەوەم بە توانای شەخسیم بەدی هێناوە. بەڵام من چەند چەمك و پرنسیپ و بنکەیەکم هەن پێبەستەیانم و ناتوانم بە بێ ئەوان بمێنمەوە.

ی.ك: من لێتان تێدەگەم. خۆشەویستی ئارەزووە و پێکەوە پەرەسەندنیان واتە کارەباوی بوون.

س.پ: بگرە لەوەش زیاتر. ڕووداوی خۆشەویستی هونەرە و خۆشویستن هونەرە. دەبێ بابەتی خۆشەویستی بایەخ بە هونەر بدات. بابەتی خۆشەویستی بابەتێکی هونەرییە و دەبێ خاوەنەکەی ئەکتەر بێ. لە تورکیا ناوی هونەرمەندیان بۆ مانایەکی خراپ ئاڵوگۆڕ پێکردووە. پێم وایە شۆڕشگێر باشترین ئەکتەرە. وەك دەزانن وشەی هونەرمەند لە هونەرەوە هاتووە، واتە ئەکتەر هونەرمەندە. دەبێ مرۆڤ هونەرمەند بێ تا بتوانێ لە ڕووداوی خۆشەویستی حاڵی ببێ. ئایا دەتوانین تا چ ڕادەیەك کەسێکمان خۆش بوێ پێوەندی بە هونەرەوە نییە؟ بێگومان من ئەکتەرەکانی «یشیل جام»م خۆش ناوێن و تکام وایە بە چەوتی لێم تێنەگەن. من بە چاوێکی زانستانەوە دەڕوانمە «یشیل جام» و تێدەکۆشم لە ئەکتەرەکانی تێبگەم و بەهۆی ئەم تێڕوانینەوە بێیانگەمێ. لەوەش گرنگتر

خیانەت لە جوانی نەکەین و دەست بەرداری نەبین و زەوتی نەکەین. بەڵکو ئەوپەڕی ڕێزی بگرین و هێز و توانای سیاسیمان لە ڕێگای خراپدا نەخەینە کار. ئەم پرنسیپانە زۆر گرنگن. هێندێکمان جوانی بە ڕێگایەکی زۆر خراپ بەکاردەهێنن و تێکیدەشکێنن. سەرەنجام دەمەوێ بگەمە ئەم خاڵەی دوایی کە ئەمەیە: ئەگەر پیاو توانی لە چوارچێوەی پاراستنی ڕێزی خۆیدا خۆی بە سەر ئەو ئافرەتەدا بسەپێنێ کە ئەویش هەر لەم چوارچێوەیەدا خۆی دەسەپێنێ، ئەوا شایانی چەپڵەی ئێمەیە و پێویستە لە سەرمان پیرۆزبایی ئازادی تەواوەتی خۆیانیان لێبکەین.

ی.ك: قسەکەتان ڕاستە و من هاودەنگتانم. باشە سەرۆکم: ئایا بیر لەڕێ و شوێنەکانی ناوخۆ دەکەنەوە؟ ئایا ڕێ و شوێنی وا هەیە؟ بڕوانن من وشەی ژنهێنانم خۆش ناوێ، بەڵام وشەیەکی دیکە لە زمانەکەماندا هەیە. ئایا ڕێ و شوێنی ژیانی هاوبەش چییە؟ واتە ئایا لە ناوەوەدا بەڕێوەبردنێکی توندوتیژ هەیە؟ لێك جوێ بوونەوەش لە دواییدا چۆن دەبێ؟ ئایا ئێوە و حیزب بیرتان لەم مەسەلەیە کردووەتەوە؟

س.پ: دەتوانم زیاتر لە بیروراکانی حیزب، باسی بیروراکانی خۆم بکەم. با بڵێین سیستەمی ماڵ نەك سیستەمی ژنهێنان.

ی.ك: بەڵام من دەڵێم پێکەوە ژیان، چونکە نامەوێ بڵێم مێرد و ژن.

س.پ: بەڵێ، زاراوەیەکی خراپە. بە داخەوە پەندێکی تورکی لەم بارەیەوە هەیە دەڵێت: «ئەگەر ژن منداڵی لە سکدا بوو، دار لە پشتی کەم مەکەرەوە». من قێز لەم قسەیە دەکەمەوە. قسەیەکی زۆر خراپە.

ی.ك: بەڵێ هەموو قسە و شتێکمان لێوان لێوی شۆفێنیزمی پیاون.

س.پ: ڕەنگە باڵادەستی ببێ، بەڵام تا ئەم ڕادەیە نا «دار بەسەر پشتیەوە و منداڵ لە سکیدا». ئەوە گەورەترین سووکایەتیە، وشەی ژنهێنان و ژنیش هەروەها. هێزی دەرکەوتن و هێزی کار و کادر و پێشکەوتن لە خەیاڵمدا ـ گرنگ نییە بەدی هاتبێ یان نا ـ لە پێوەندیەکانمدا هەن. ئەگەر کەسێك پێی نایە نێو ئەم پێوەندیە، دەبێ دەستەبەری هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورە بکات. ئەگەر لە کۆمەڵگا چووە دەرێ و کۆمەڵگای خستە دۆخی بێهێزییەوە، ئەوا پێوەندی ژنهێنان لەم خاڵەدا زۆر خراپە. من ڕێزی ئەو ژن و ژنخوازیانە دەگرم کە کراون و نامەوێ بە چەوتی لێم حاڵی ببن. بەڵام کە ئافرەت ناز بفرۆشێت لەبەرئەوەی کە خانمە و پیاویش نازبکات لەبەرئەوەی کە سەر گەورەیە، من وای دەبینم ئەم بارودۆخە بە خۆڕایی لە دەستدانی مرۆڤایەتی و بگرە داخورانی بەهای مرۆڤایەتییە. دەبێ ئافرەت چاو نەترس و زیرەك بێ و ئیرادەیەکی بەهێزی هەبێ و بتوانێ حوکم بدات. دەبێ ئەم خاسیەتانە هەموویانی تێدا کۆببنەوە. ناشێت مرۆڤ بە بێئیرادە خۆشەویست بێ. بەڵکو پێویستە لەسەری باڵادەست بێ. بەڵام خراپە دەرهەق بەخۆی و دەوروبەری نەکات و پێوەندیەکانی هەڵبسوورێنێ و بە سەریاندا زاڵ بێ.

ناشبێ شێوەگۆڕاو و خراپەکاربێ. دیارە ئیرادە بەشێکە لە هەموو ئەمانە و بەمە بە کردەوە دەبێتە بەشێك لە ژیانێکی مایەی دڵبەستەیی. من بێز لەو ئافرەتە دەکەمەوە کە شەرم دەکات و لە بەردەم پیاودا خۆ کۆدەکاتەوە. ڕەنگە پیاوەکان بە شێوەیەکی زۆر چەوت ئافرەتێکی لەم تەرزە هەڵبسەنگێنن. بەڵام ڕای من ئەوەیە: دەبێ ئافرەت ئەو سیفەتانەی هەبن تا پیاو نەتوانێ بە سەریدا زاڵ بێ و بۆ هەموو شتێکی خراپ بەکاری بێنێ و وەك پارە و سامانی خۆی مامەڵەی لە تەکدا بکات. لە بری ئەوە دەتوانێ کۆششی خۆی بخاتە پاڵ هی ئەو و ببێتە خاوەنی ئەم شەرەفە. چوونە پاڵ یەك یان ژنهێنانێك ئەم سیفەتانەی تێدا هەبن شەرەفێکی گەورە و ژیانە و یاسای ژیانیشە. ڕەوایی ژنهێنانیش ئاوا دابین دەبێ و دەبێتە مایەی شانازی. دەبێ پیاو بە کردەوەی خۆی نەك بە پارە و وەزیفەکەی و بە جەربەزەیی و دان بەخۆداگرتن، شایستەی ئەم ژنهێنانە بێ. بۆیە دەبێ ئەم سیفەتانەی هەبێ. ئەم مەسەلانە بەلای منەوە جیهانین و هەر بۆ کوردستان نین.

ی.ك: باشە، بەڵام شێوەی ئەم ژنهێنانە چۆن دەبێ؟ واتە ئایا دەستی یەکدی دەگرن و ناوی خۆیان بەپێتی گەورە تۆمار دەکەن بۆ دەربڕینی عەشقە گەورەکەیان و ڕاگەیاندنی هاوجووت بوونیان یا هەر شتێکی دیکە؟

ئافرەت لەوە گەورەترە کە بە دەستەپاچەیی بژی یان لەجێی ڕووەکی ڕازاندنەوە دابنرێت.

س.پ: بەم هەموو شێوانە نابێت، نەك ئەوە تەنانەت ئەم ژنهێنانە، نە سەرەتا و نە کۆتایی دەبێ.

ی.ك: دەمەوێ ئەمەتان لێبپرسم.

س.پ: بە هەڤاڵانم گوت: «هێندێکتان بە بێئەوەی بزانێ ژنی هێناوە و هێندێکی دیکەتان بە بێئەوەی بزانێ ژنی تەڵاق داوە». جۆرە ژنهێنانێك لەنێو (PKK)دا بەدی هاتووە و ئەوان پێی نازانن. لەوانەیە سبەی بە شێوەکەی بزانن، ئەوی ڕاستی بێ ئێمە جۆرە ژنهێنانێکمان هێنایە گۆڕێ... وانییە؟ بەڵام شێوە و ڕواڵەتی گرنگ نین بۆ نموونە من گوتم: «من ژنم نەهێناوە، بەڵکو ئازادی ئافرەتم هێناوە». بە باوەڕی من دەبێ مرۆڤ لە ناخەوە پێبەستەی خۆشەویستی و شێلگیری و پێکەوە گرێ دران بێ. دەنا پەل گرتنی کچێك و دەرکەوتن یا خۆدەرخستن لە بەردەم خەڵکدا بە کارێکی ڕووکەشانەی دەبینم و بچووك دێتە بەرچاوم.

ی.ك: ئەمە ڕاستە. ڕواڵەت و شێوەی بێگەوهەر ژیانێکی خاوەن دوو ڕوویییە.

س.پ: تا ئەو پەڕی خاوەن دوو ڕوویییە. ڕەنگە لە ناوەوە وێرانە و بۆگەن بێ. هەر دەستگرتن بەس نییە، بەڵکو دەکرێت ئەم پێوەندییە قووڵ بکرێتەوە. زۆر

لەوانەی کە پێیان وایە ژنیان هەیە، دەیانبینم ژنیان نەهێناوە. ئەگەر باسی ژنهێنانی ڕاستەقینە دەکەن، دەبێ لەو چوارچێوەیەدا کە نەخشەیم کێشا بۆی بگەڕێن. ئەو ڕووداوەی کە هیچ و پووچی و هەموو جۆرە دوورکەوتنەوە و قێز لێکردنەوەیەك پەردەپۆش دەکات، ژنهێنان نییە بەڵکو «دوو ڕوویی‌یە».

ی.ك: ئەگەر ئافرەت بەم جۆرە شووکردنە قایل بوو، ئەوە ئافرەتێکە بۆ فرۆشتن، چونکە دەچێتە نێو پێوەندی بازرگانی‌یەوە.

س.پ: بەڵێ. بە زۆرداری بەکاردەهێنرێ. لەبەر ئەوە سووکایەتی‌یەکی گەورەیە بۆ پیاو. چۆن بۆم هەیە ڕێز لەو پەیوەندیە بگرم؟ ئەگەر بمتوانیبایە هەموو چەشنێکی ئەم هاوجووتی‌یەم بە یەك ڕۆژ هەڵدەوەشاندەوە. بۆیە لە ژنهێنان دوورکەوتمەوە و تا ئێستاش دووردەکەومەوە. گەورەترین ئەشکەنجە بەلای منەوە ژنهێنانە. ئەگەر بە زنجیریش بمبەستنەوە، ناتوانن ئەم چەشنە ژنهێنانەم بە سەردا بسەپێنن. ئەوەبوو باسی ئارەزووەکانی خۆمم بۆ کردن. دەمەوێ سەرلەبەری مێیەتی بە چەمکی ئێمەوە گرێ بدرێن و من گرێیان دەدەم و بەسترانەوەی ئافرەت بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن پەرە پێدەدەم. بێگومان زۆر ڕێزی ئەو بەسترانەوەیە دەگرم کە بە تەواوی ئیرادەی خۆی بێ تا پەرەپێدان شیاوی بەدیهاتن بێ. من بەم کارە تۆڵە لەو کۆمەڵگایە دەستێنمەوە کە ئەم پێوەندیەی بە قوڕدا برد. ئەمە بەرپەرچدانەوەمە. من ئێستا لە دۆخی هێرش بردندام، چونکە مرۆڤایەتی و جوانی لە نیشتمانەکەمدا یەخەگیری قڕتێخستن و سەرکوتکردن بوون. من گێل نیم تا خۆم سەرقاڵی خواردن و ئافرەت بکەم، ئەوانە تێنوێتیم ناشکێنن. چارەنووسی گەلێك و کێشەی ڕزگارکردنی لە گۆڕێدان، چۆن دەتوانم نوقمی هیچ و پووچی و دەستەپاچەیی ببم؟ نەخێر ئێمە جوانی گەورە دروست دەکەین. ئەمە گەوهەری هونەرە و پێوەندی جەربەزەیی دەخوڵقێنن. ئەمە ئەو شتەیە کە تێر و تەسەلم دەکات. من بانگی هەموو خەڵك دەکەم بۆ ئەم سەما و گەمەیە. با بزانین کێ سەرنجی کێ ڕادەکێشێ.

ی.ك: هەر کاتێك سەر لە لەندەن و ستراسبۆرگ دەدەم. ئاسایی سەر لە برایانی کوردیشم دەدەم. لە نەوروزی ئەمساڵدا لە ستراسبۆرگ قسەم کرد و ڕووی قسەم کردە ئافرەتان: «سوپاسی بزووتنەوەکەتان بکەن، چونکە پیاوەکانتان دڵبەندی ئێوە نەدەبوون و بەدووی کچی بیانیدا ڕایاندەکرد. بەڵام (PKK) ئەوەی هەرەس پێهێنا و ئافرەتی ئازاد کرد» ئەوە بوو هەمووان ڕاوەستان و کەوتنە چەپڵە لێدان.

س.پ: بەڵێ، ئافرەتان پەرەسەندنێکی گەورە لەوەدا بەدیدەکەن. دەتوانم وا لە پیاوان بکەم ئافرەت بپەرستن.

ی.ك: پیاویش هەست بە کوردبوونی خۆی دەکات. پاش ئەوە دەڵێت من مرۆڤم و کە ئەوەش دەڵێت دەست بە خۆشەویستی ئافرەت دەکات.

س.پ: بێگومان، من دەڵێم ئافرەت بەلای پیاوەوە نیشتمان و خودی ژیانە. من لە ڕێگای شەڕی گەورە و حیزبایەتی و ڕێکخستنەوە دەیخەمە نێو ئەم بارودۆخەوە.

ئافرەتیش دەزانێ کە ئەمە ڕێگای بردنەوەیە، بۆیە ناچار دەبێ بێتە نێو شەڕ.

ئەگەر تین و توانی گەورەی من نەبووایە، ئەوە بەدی نەدەهات.

ی.ك: بەڵام ئاپۆی برام ئەو هەستە ئاینیانەی کە لە منداڵیدا هەتانبوو، لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دیکە زیاتر نابن؟ مەبەستم ئەوەیە ئێوە ئەو هەستانەتان هەبوو. من دەبینم ئێوە ئافرەت بۆ ئاسمان بەرز دەکەنەوە.

س.پ: مەزنکردنی ئافرەتی داماو کارێکی زۆر جوانە. من لەم مەسەلەیەدا نامەوێ ببمە ئامراز بە دەستی ئەو پیاوەوەی کە چەندەها چەرخی دوورە، هەڵوێستەکانی خۆی بەسەر ئافرەتدا سەپاندووە.

ی.ك: ئەو چەمکە ڕاستە. بەڵام تۆ ئافرەت پیرۆز دەکەی.

س.پ: نەخێر پیرۆزی ناکەم، بەڵکو وای لێدەکەم ئیش بکات. خۆ هەموو خانمەکان وەك گیانفیدایییەکان کاردەکەن.

ی.ك: کار گرنگ نییە.

س.پ: لەوانەیە وابێ. بەڵام من کۆنترۆڵی پیاو و هێندێك خلتەی بیروراکانی دەبینم. ئەمڕۆ زۆریان لە پایەی ئافرەت هێنایە خوارێ و وایان لێکرد لە ڕووەکی ڕازاندنەوە بچێ. وای دەبینم ئەوە قابیلی ئافرەت نییە. کوا ئەو قسەیە کە دەڵێت: «ئافرەت بەشێکە لە پیاو». بە ڕای من ئەگەر ئافرەت توانی خۆی بدۆزێتەوە، ئەوسا دەبێتە بەشێك لە پیاو. ڕەنگە پێم بڵێی تۆ بۆ ئافرەت زۆر سەرپەڕگری. نەخێر. من ئافرەت بە شێوەیەکی واقیع بینانە هەڵدەسەنگێنم وا کە ئافرەت جێ و ڕێی ڕاستەقینەی خۆی لە کۆمەڵگادا بدۆزێتەوە. هێندێکیان دەربڕینی کۆمەڵگای بەهەشت یا کۆمەڵگای ئاشتی یا کۆمەڵگای هاوسانی بەکاردەهێنن. لەوانەشە ئازادی لەو کۆمەڵگایەدا ڕێگری نەبێ. بەڵام بابەتی ماهییەتی ئافرەت مەسەلەیەکی یەکجار گرنگە. من هێشتا بە شوێن ئەوەدا وێلم و هێندێك متمانەم دەوێ و خەیاڵ پڵاو نیم. من شەڕ دژی دەستەپاچەیی ئافرەت دەکەم و ئەوە کارم تێدەکات. پێویستە باوەڕم بە گەوهەری کێشەکە هەبێ.

بەم قسانەمان دەگەینە ئەم ئەنجامەی خوارەوە: تێبینی پێوەندی نێوان خەیاڵی منداڵی و سیاسەت دەکەین، هەروەها پێوەندی نێوان کەسێك کە خۆی و ڕێگای ڕوو بە ناسینی گەل دەداتە ناسین و شەڕی کەسێکیش کە گەل بەربەرەکانێی دەکات. هەموو ئەمانە دەبینین ڕوون و ئاشکرا پێکەوە گرێ دراون. هەروەها پێوەندیە جۆراوجۆر و ئاساییەکانی سەرکردایەتی جیاواز دەردەچن. پێوەندی هێزیش بە بێهێزییەوە کە هەوڵی ئامادەکردنیماندا. بەمە بابەتەکە تەواو دەبێ.

دەربڕینێکم بە کارهێناوە تێیدا لە سەر گەلی کورد گوتوومە: «گەلێکە بووە بە ژن». ئاو بە تاویش دەربڕینێکی دیکە بەکار دێنم، ئەویش ئەوەیە: «گەلێکە بووە بە منداڵ». ئەوە لە بارەی خۆشمەوە دەڵێم. واتە من خۆم دەخەمە جێی منداڵ و ئافرەت تا بتوانم ئەنجامەکان بە دەست بهێنم. لەبەر ئەمە ئافرەت و منداڵ شتی خراپ نین. هەوڵ دەدەم سەر لەنوێ و بە ڕێگایەکی ڕاست پێناسەیان بکەم و

نیشتمان و کەسایەتی‌یان بە خەباتێکی ئاست بەرز بپارێزم. لەوانەیە بڵێن ئەم جۆرە قسانە دان پێدانانێکی ڕاشکاوانەیە. بە ڕای من پێویستە لەسەر هەموو شۆڕشگێڕێکی بە تایبەت سۆشیالیست پێبەستەی پرنسیپی کرانەوە بێ. ڕەنگە من هێندێك زاراوەم بە شێوەیەکی سەرپەرگرانە یا لەشوێنێکی ناشیاودا بەکارهێنابێ. بەڵام گەوهەرەکەیان پێوەندی بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و هەڵە و ڕاست و باشی و خراپیەکانیەوە هەیە. دەبێ هەموو شتێك داماڵراو بێ تا بە ڕوونی لێی تێبگەین. زانست بانگەواز بۆ ئەمە دەکات و جێبەجێکردنی ئەم مەسەلانەش سوودێکی زۆری هەیە و ئێمەش پێشەنگی ئەوە پێکدەهێنین.

ی.ك: ئەوەی ڕاستی بێ لەوەدا کە دەیخوێنمەوە هەست بەوە دەکەم. بەڵام دووبارە بیستنەوەی شتێکی زۆر جوانە.

س.پ: هێندێکیان لە بارەی ئەم بابەتەوە دەڵێن: خەڵك زۆر مشتومڕ لەگەڵ ئاپۆدا دەکەن. منیش لەم مشتومڕەدا نە هەست بە شانازی دەکەم و نە داخی بۆ دەخۆم. مشتومڕی ئاپۆ مشتومڕی مرۆڤایەتی‌یە و ئاپۆ بەسەرهاتی گەلێکە لە «ڕووی کۆمەڵایەتی و چینایەتی»یەوە گەیشتووەتە خاڵی کۆتایی و جارێکی دیکە ژیاوەتەوە. لەوانەیە هێندێك خەڵك گلەییم لێ‌بکەن و بمبینن سادەم و هێندێکیشیان بمبینن جوانم. من وازیان لێ‌دێنم بە بارێکدا دایبشکێنن. بەڵام دەبێ بە دروستی هەڵسەنگاندن بکەین. من شەڕکەرێکی ئەم قۆناخەم و هێندێك هێز وەردەگرم. ئەم هێزەم لە نەبوونەوە دەست کەوت. ئەگەر بیهێننە بەرچاوتان چۆن دەستم خستووە، دەزانن من بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن و دادپەروەرانە و لەجێی‌خۆیدا بەکاری دەهێنم.

ی.ك: من دەتانناسم و خۆشم دەوێن و دەزانم و بگرە دڵنیاشم ئێوە ئەم هێزە بە شێوەیەکی خراپ بەکارناهێنن.

س.پ: بێ‌گومان. من بۆ بەرژەوەندی زۆرلێکراو و جوانی و کۆشش و جەربەزەیی بەکاری دێنم و دژی هەر یەکێك شەڕ دەکەم لە بەردەم ئەم بەهایانەدا ڕابوەستێ و نامەوێ هیچ کەسێك بە چەوتی لێم تێبگات. من کراوەم، بە برادەرەکەم و دوژمنەکەشم بمناسن وەك خۆم باسی خۆمم کردووە و ڕەنگە بشمکوژن. هەروەك باسی ئەزەلی‌یەتیشم کردووە. ئەگەر یەکێکیان بیروڕام بخوێنێتەوە و هەوڵی تێگەیشتنم بدات، دەبێتە هاوڕێم بۆ هەزار ساڵ. من لە ئێستاوە برادەرایەتیم لەسەر ئەم بنچینەیە بنیات دەنێم. ئەوانەی وا پاڵەوانانە شەهید دەکرێن، هاوڕێمن، بۆ هەزار ساڵ پیاوان و ژنان بوونە پاڵەوانی مەزنی بەرخۆدان. ئەوانە بەشێکن لە من و منیش ئەو نوێنەرەیانم کە تا ئێستا لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە. گومانی تێدا نی‌یە کە دوای من شەرەفمەندێك دێتە دەرێ، ئەگەر دەرکەوت باش دەبێ و پێویستە بێتەدەر. جا مردن لە نێو ئەم چوارچێوەیەدا لە هەر کوێوە دێت با بێت. گرنگ نی‌یە، چونکە ئەمە سەرکەوتنە و سەرکەوتنی ئێمەش هی مرۆڤایەتی‌یە.

ی.ك: بە باوەڕی من خراپیت تووش نابێت. ئەگەر ئەوەش ڕوویدا، ئەوا ئەو ئاگرە کە(PKK) کردیەوە ناکوژێتەوە و بەردەوام دەبێ.

س.پ: بەڵێ، ئەم سەرکەوتنەتان بیر نەچێ و ڕێزی بگرن. با گەلی تورك و لاوان و کچانی شایستەی ئەم سەرکەوتنەش بن. ئەوسا مردن لە کوێوە دێت با بێت، بە لامانەوە گرنگ نی‌یە. داوایەکی دیکەشم هەیە. ئەم ڕاستی‌یە باش وەربگرن. هێندێك سەرکەوتنی باش هەن بۆ ئێوەن. لە ڕاستیدا جوانی و برایەتی و چونە پاڵ یەکتر و ژیانی گەورەش لە ئارادان. بۆچی خۆتانی لێ‌بەدووردەگرن. تەماشامان بکەن. من بووم خۆمم بەم شێوەیە خستە ڕوو، چۆن دەبمە دوژمنی یەکێکتان و چۆن ژیانی یەکێکتان ئاسان ناکەم و واتان لێ‌ناکەم پڕاوپڕی جوانی بن و چۆن ناتانکەمە ئارەزوو و لێشاوێکی بە تەوژمی خۆشەویستی؟ هەموو ئەمانە جوانن و بانگەوازیان بۆ دەکەین. لە هەر کاتێکی ڕابردوو زیاتر تێیم بگەن. هەستمان پێ‌بکەن تا مرۆڤایەتی بۆ چەند پلەیەکی بالآتر بەرزبکەینەوە.

ی.ك: بەڵێ زۆر جوان و ناسکە.

بەشی دووەم

بەشی دووەم

ئەوەی باوەڕی وابێت کە شۆڕشەکەمان شۆڕشێکی سیاسی پەتی‌یە یان ئامانجی ئەوەیە بە ڕێگای سەربازی بگاتە دەسەڵات،ئەوە مەودای تێڕوانینی تەسکی خۆی دەردەبڕێ.

ی.ك: سەرۆکی ئازیزم، درێژە بە باس و خواسەکەمان دەدەین پاش ئەوەی باسی منداڵیتان و باوکتان و بێ‌دەسەڵاتی‌یەکەی و سەرچاوەی هێزتان و دایکە چەتوونەکەتان و خەم و خەفەت و کۆچکردنتان لە گوند و چەوساندنەوەی گەلی کورد و سەرکەوتن و باڵابوون و کەسایەتی مرۆڤمان کرد و لامان لە مەسەلەی ئافرەت و چەوسانەوەی زیاتر لە کەسانی دیکە کردەوە، بەو پێ‌یەی کە بابەتێکە مێشکتانی خەریك کردووە. تا گەیشتینە ئەو خاڵەی کوردستانتان تێدا بە رزگاری ئافرەتی کوردەوە گرێ‌دا و بگرە رزگاری مرۆڤایەتیشتان بە هی ئافرەتەوە گرێدا. ئێستا کە دەست بە باسی ئەو هێزانە دەکەین کە پێتان وایە دەتوانێ مرۆڤی نوێ بخوڵقێنێ جا ئیتر کورد بێ یا تورك و پیاو بێ یا ژن. ئەو هێزانە چین؟

دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە کە من بە دووداچوویەکی باشی چالاکیەکانتانم و چی بنووسن دەیخوێنمەوەو چی ڕابگەیەنن گوێی لێ‌دەگرم. بۆیە پرسیارێکی دیکەتان لێ‌دەکەم کە لەوەتی ئەو نامەیەتانم خوێندووەتەوە کەوا بە بۆنەی(١٥)ی ئابەوە ئاراستەتان کردبوو، ئارەزوومە بیکەم. بە باوەڕی من وەختێك قسەتان بۆ ئەندامانی حیزب کرد و گوتتان: «شەڕ و سەرکەوتن بەلای منەوە هێندەی پێ‌نانی ئێوە بۆ نێو ئەم قۆناخە، گرنگ نین ». مەبەستتان ئەوەیە: «چوونمان بۆ نێو جەرگەی ئەم شەڕە لە هەموو شتێك گرنگترە». من ئەوە لەم گوزارەیە تێگەیشتم کە سەرۆك ئاپۆ وا دەڕوانێتە شەڕ کە ئامرازێکە لە ئامرازەکانی گۆڕینی مرۆڤ. ئایا ئەمە تێڕوانینی ئێوەیە؟ دیارە لە کوێوە بتانەوێ دەتوانن وەڵام بدەنەوە. لە سەروبەندی ئەو کۆبوونەوانەدا کە ئەم هاوینە لە ئەوروپادا کردمن زاراوەیەکی تازەم خستە بەرچاو ئەویش «شۆڕشی ڕۆشنبیری ئاپۆچێتی» بوو ـ پاش ئاگاداریم لەو کارە کە دەیکەن ـ ئەوە چۆن دەبینن؟ میکانیزمەکەی چی‌یە و هێزەکانی چین؟ لە گوتارێکی دیکەیشدا نووسیومە: «گرێ کوێرەی ناسنامەی سۆشیالیستی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK» ئایا ئەمە هێزەکانیەتی؟ ئەگەر وایە، ئەم ناسنامە سۆشیالیستی‌یە چی‌یە؟ ئەو جوگرافیایە کامەیە کە بیردەکەنەوە ئەو سۆشیالیزمەی لەسەر جێ‌بەجێ بکەن؟ حەز دەکەم گفتوگۆکەمان بەم بابەتە دەست پێ‌بکات. با لەوێوە بێینە سەر پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) با لە دروست بوون و تێڕوانینی بۆ کێشەکانی ئەمڕۆ بتوێژینەوە و

بزانین دەکرێت تا چ رادەیەك بە پێشڕەوی بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی دیکە دابنرێت و هەڵوێستی بەرانبەر بە حیزبە شۆڕشگێڕەکان و گیروگرفتەکانیان و تیرۆرانینی بۆ «حزب اللە» و عیلمانیەت و بۆ ئاین چی‌یە؟ ئەو خاڵە بنچینەییەی کە پێم خۆشە دەستی پێ‌بکەم ئەمەیە: ئێمە لە باسەکەماندا لامان لە خێزانەکەتان و لەدایکبوونتان و بالاکردنی مرۆڤی کورد و ئافرەتی کورد کردەوە، ئایا ئەو کارکرد و هێزانە کامانەن کە تەکان بەم بالاکردنە دەدەن؟ بە کورتی دووپاتی دەکەمەوە: یەکێك لەم کارکردانە کە بەپێی تێگەیشتنی من لێکتان دایەوە ئەوەیە ئێوە وا ناڕوانننە ئەم شەڕە کە بە تەنیا ئامرازی رزگار کردنی کوردستان بێ، بەڵکو لەبەرئەوەی کە مرۆڤی کورد کاتێك ئەم شەڕە دەکات دەگۆڕێت. ئاوا حاڵی بووم.

س.پ: ئەوەی کە پێی‌وایە شۆڕشەکەمان شۆڕشێکی سیاسی پەتی‌یە یان ئامانجی ئەوەیە بە ئامرازە سەربازیەکان بە دەسەڵات بگات، دەریدەبڕێ کە تا چ رادەیەك تیرۆانینی تەسکە و لە تێگەیشتنی ئێمەوە دوورە. ئەوی راستی بێ ئامانجی ئێمە مرۆڤایەتی و یەکپارچەیی‌یە و ئەوانە بە بنچینەی شۆڕشەکەمان وەردەگرین. دەتوانم جارێکی دیکە لە خۆمەوە دەست پێ‌بکەم تا بە شیکردنەوەی مرۆدۆستانە بکەم. بارودۆخی مرۆڤانە بە شێوەیەکە زەحمەتە قبووڵ بکرێت. بە تەنیا لەبەرئەوە نا کە کەوتووەتە بەر هەڵسوڕاندنی ئیمپریالیانەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی کە رۆشنبیری چینە کار هەڵسووڕینەکان بە درێژایی مێژوو و ئەو ئاکامانەی کە بۆ سەر تەرزی ژیان لێی کەوتنەوە، ئەوانەن دەبنە هۆی کاردانەوەم.

ی.ك: کەستان بەدڵ نی‌یە، نە کورد و نە تورك و هەتا ئەوروپاییش وانی‌یە؟

س.پ: بەڵێ، من مەبەستم بارودۆخی سەرلەبەری مرۆڤایەتی‌یە. ئەم بارودۆخە دەمارگرژ و تووڕەم دەکات و بە مەترسیشی دەزانم. بەڵگەکانیش زۆرن، زۆرداری مێژوویی و رژێمە خوێناویەکان و ئەو زیانەی کە لە سروشت دەکەوێ گۆی زەوی وا لێ‌دەکات بە کەڵکی ژیان نەیێت. ئەم هەموو کارکردانە ناهێڵن تامی حەوانەوە بکەم. هەروەها من وای دەبینم مەترسی چەکی ئەتۆمی کە وەك شمشێرەکەی دیمۆکلیتس هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات شوورەیی و سووکایەتی‌یە بۆ مرۆڤایەتی و بەدترین جۆری دەبەنگی‌یە. گوناحی لەوە گەورەتر نی‌یە کە سیاسەتێکی ئاوا پێڕەو بکرێت و لە سایەیدا پەرەبستێنێ. من ناتوانم ئەمە قبووڵ بکەم و دەبینم ژیان لەم جۆرە دنیایەدا نائاساییە. ناشێت بە ئارامی بژیم و سروشتیش بەم شێوە بێ‌پەردەیە دووچاری تێکدان بێ. سەرباری ئەوە تەماشاکردنی مرۆڤ بەو پێیەی کە رانەمەڕ یان دەنکە لەمن تیرۆانینێکی ناپەسند و گرانە.

ی.ك: واتە تۆ مەبەستت رامالینە لە لایەکەوە و تووڕدانیەتی بۆ لایەکەی دیکە؟

س.پ: مرۆڤایەتی داخورانێکی بێ‌ئەندازە بەرۆکی گرتووە. بەها بالاکان تووشی لە نێوچوون دەبن و توێژێکی کەمینە باڵ بە سەر زۆرینەی مرۆڤایەتیدا

دەکیشێ و خێروبێرەکانی بە تالان دەبات. من ئەم بارودۆخە بە تەشەنەکردنی شێرپەنجە ناودەبەم، چونکە کۆمەڵگا دەبێتە کۆمەڵگایەکی بەرخۆر و ئەوەیش شێرپەنجە دەگەیەنێ. ئەو لایە هەرچی چۆنێك بێ کە لێوەی دەڕوانین، ئەم ڕێڕەوە ئەگەر بەردەوام بێ دەکێشێتەوە بۆ تەفروتوونا بوونی مرۆڤ و نەمانی ڕەگەزی مرۆڤ. دیارە من باسی ڕۆژی حەشر و قیامەت ناکەم. بەڵام وەك چاودێرێکی زیتەڵە وای دەبینم کە مرۆڤایەتی بە دەرد و نەخۆشی مرۆڤانە دەبڕێتەوە نەك لە ئەنجامی پەتایەکی سروشتی یا نا تەواوی‌یەکەوە لە کۆمەڵەی خۆردا.

ی.ك: مەبەستت ئەوەیە کۆمەڵگای بەرخۆر، سەری ڕەگەزی مرۆڤ دەخوات.

س.پ: کۆتایی لە ئەنجامی نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکانەوە دەبێ. ئەمە چەمکی فەلسەفی منە. ئەوەتا شێرپەنجەی ژینگە بە بەرچاومانەوە دیارە و کۆمەڵگای بەرخۆر ئەستێرەکەمانی کردووەتە زبڵدان. زێدەڕەوی لە پێوەندیە جنسیەکاندا دەرگای لەسەر پەیدابوونی کارەساتێك کردەوە بە «ئایدز» ناودەبرێت. ئەگەر زیادبوونی دانیشتوان بەم خێراییە درێژە بکێشێ، گۆی زەوی دادەپۆشێ و دەیکاتە شوێنێکی بێ‌کەڵك بۆ ژیان. بایەخدەران بە کاروباری مرۆڤایەتی ناتوانن بە خۆشی بخەون. ئەم هەموو کارەساتانە بەر دەرگایان پێ‌گرتووین. ڕەنگە پێم بڵێی: «لەباتی ئەو چوکڵەی لە چاوتدایە دەری بهێنی، هەوڵدەدەی ڕێپۆق لە چاوی کەسانی دیکە دەربکەی». بەڵام مرۆڤایەتی بە لای منەوە یەکێتی‌یەکی تەواوکراوە. ئەگەر ئەوەمان لە دەستدا گوێ بە گیروگرفتەکانی مرۆڤایەتی بدەین، شێلگیرانە بایەخ بە گەلەکەمان نادەین. ئەگەر هەوڵیش بدەین، بۆمان ناچێتەسەر مرۆڤی تازە بخولقێنین.

ی.ك: کە باسی منداڵیتانمان کرد، باسی ئەوەتان کرد کە خەڵکی گوندەکەتان پێ‌یاندەگوتی: «عەبدوڵڵای کوڕمان پەتی خۆی پچڕاندووە». ئێستا ئەگەر گوێ‌یان لێت بێ، دەڵێن: «ئاپۆ وەك خۆیەتی، ئێستا بیر لە ڕزگاری مرۆڤایەتی دەکاتەوە! وامان لێ‌چاوەڕێ دەکرد خۆی ڕزگار بکات، بەڵام وازی لەوە هێنا و ڕووی‌کردە کوردان. تەنانەت ئێستا بە تەمای ڕزگارکردنی مرۆڤایەتیشە».

س.پ: ئەگەر بێینەوە سەر مێژووی ئاینەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆمان دەردەکەوێ کە پەیامی پێغەمبەران هەر لە سەرهەڵدانیانەوە ڕووی دەمیان لە مرۆڤایەتی بووە. وەکو دەڵێن: ژمارەی ئەو پێغەمبەرانەی کە بۆ مرۆڤایەتی نێردراون دەگاتە ١٢٤ هەزار پێغەمبەر. بۆیە ئەگەر کەسێك پاش قۆناخی ئەو پێغەمبەرانە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەربکەوێ و دوو قسە دەربارەی چارەنووسی مرۆڤایەتی بکات، پێویستە کەس پەست نەبێ چونکە مێژوومان زۆر دەوڵەمەندە.

ی.ك: لەڕاستیدا زۆرم پێ‌سەیرە ئەگەر یەکێك دوای بیستنی ئەم گفتوگۆیەمان بە ڕەگەزپەرستی تاوانبارت بکات، چونکە پێم وایە کێشەکە ئەمەیە: لەکاتێکدا چەندین گوشار دەخرێتە سەر مرۆڤایەتی، مرۆڤێك لە کوردستان پەیدادەبێ تا سەرلەنوێ کورد دروست بکاتەوە. ئەم هەموو کاروبارانەش کە دەیانبینم بەڵگەی

ئەوەن کە ئەم ڕزگاربوونە لێرەوە دەست پێدەکات. واتە لەم ناوچەیەوە کە لانکەی مرۆڤایەتی بووە. ئێوە باوەڕتان بەمە هەیە. وانییە؟

س.پ: بێ گومان. ئەم ناوچەیە لانکەی مرۆڤایەتییە. وەختێك کەوتینە خەباتکردن ئاماژەمان بۆ ئەم لایەنە کرد. ئێمە لە لانکەی مرۆڤایەتیدا سەرمان هەڵدا و مرۆڤایەتیش لەم لانکەیەدا یەکەمین خەسڵەتەکانی خۆی بە دەست هێنا.

ی.ك: ناوچەی میزۆپۆتامیا «نێوان دوو ڕووبار ـ دیجلە و فورات».

س.پ: کەنارەکانیان و دەشتەکانیان.

ی.ك: دەشتەکانی نێوان ڕووباری سوور و ڕووباری سەوز.

س.پ: نازانم بەڵام ئەو ناوچەیە کە مێژوو بێئەملاوئەولا بە لانکەی مرۆڤایەتی زانیوە «میزۆپۆتامیا»یە. خەسڵەتە بنچینەییەکان لەوەوە بە دەست هێنراون. ئەمە وادەگەیەنێ کاتێك جۆری مرۆڤ بوو بە شێوەی کۆمەڵگایەك، خەسڵەتە بنچینەییەکانی خۆی لەم ناوچەیەدا خستە ڕوو. مێژووش دەیسەلمێنێ کە ڕۆشنبیری سیاسی و سەربازی و مافناسی و ئابووری لەم ناوچەیەوە بەجیهاندا بڵاوبوونەوە. قەناعەتێکی دیکەم هەیە: ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ وەك جۆر تووشی گەندەڵ بوون نەهاتووە و ئەو خەسڵەتانەی کە هەر لە سەرەتاوە پەیدای کردوون هێشتا پاکژ و ئاسایین و دووچاری پیس بوون نەبوون.

ی.ك: خەسڵەتی بێگەرد.

س.پ: خەسڵەتی بێگەرد لێرە «لەم ناوچەیەدا» دەبینین.

ی.ك: لێرە و دوای ئەوە (حیسییەکان).

س.پ: نەخێر. حیسییەکان دواتر دەرکەوتن. شارستانیەتی میسری و هیندی پێش ئەوان دێن. من ئەم خەسڵەتە ڕەسەن و بێگەردانە دەکەم بە نموونەی باڵای خۆم و چاویان لێدەکەم. پێم گرانە کە بڵێم: مرۆڤی ئەمڕۆ زیاتر شارستانی و خێرا و پێشکەوتووە، تەنانەت دەتوانم بڵێم: کۆنەپەرستی و پاشکەوتوویی بە سەر ئەو خەسڵەتە مرۆڤایەتیانەدا سەپێندراون کە لە قۆناخەکانی پێشوودا هەبوون، وەك بڵێی ئەوان نموونە باڵاکان سەرتاسەر قڕتێدەخەن. بە دووری نازانم ئەمە پیلانێکی خۆرئاوا بێ.

ی.ك: بەشێوەیەکی ڕوونتر: مستەفا کەمال «خۆرئاوایی بوون»ی پیرۆز ڕادەگرت.(لینین)یش دەیگوت من خۆرئاواییم، ئەی ئێوە چی دەڵێن؟ ئایا دەڵێن من خۆرهەڵاتیم؟ من وای تێگەیشتووم.

س.پ: من ناڵێم هەر خۆرهەڵاتیم. بەڵکو دەڵێم: من سەرچاوەی مرۆڤم و خۆرهەڵاتیم، چونکە مرۆڤایەتی لە خۆرهەڵاتدا خۆی دۆزییەوە. مەسەلەی خۆرئاوایش سەرلەبەری هێرشە بۆ سەر بەهای مرۆدۆستانە. خۆرئاواش وەك دەستەی ئەرکانی ئەم هێرشە وایە، بە تایبەتی پاش سەرهەڵدانی سەرمایەداری، واتە دڕندایەتی و داگیرکردنی مرۆڤایەتی. نموونەی ئەوە شارستانیەتی ڕۆمانییە کە لە ئەنجامی ئەو لەشکرکێشییەوە کەوا لە باکورەوە تووشی هات، هەرەسی هێنا. خۆ

(ڕۆما) مەڵبەندی شارستانەتی ئەو کاتە بوو و لەشکرکێشی دیوی باکور ئەم شارستانەتیەی لە نێو برد.
ئەگەر ئەم نموونەیە گشتی بکەینەوە دەبینین دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی لە بەها و نموونەی باڵا و شارستانەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست و شۆڕشی پیشەسازی‌یەوە تا بە قۆناخی ئیمپریالیزم دەگات کە هەوڵدەدات وەك سیستەمێکی جیهانی خۆی بە سەر مرۆڤایەتیدا بسەپێنێ بە دەست دڕندایەتی خۆرئاواوە دووچاری وێرانکاری دەبن. ئەو تەرزەی کە ئەمڕۆ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بەرجەستە دەبێ لە دڕندایەتی و پەلامار بردنیە سەر ئەم بەهایانە ئەڵمانیای هیتلەری تێدەپەڕێنێ.
ی.ك: منیش دەمەوێ شتێك بۆ خوێنەران و گوێگران سەربار بکەم، ئەویش ئەوەیە کە مارکسیزم ستایشی لایەنە پێشکەوتووخوازەکانی سەرمایەداری دەکات. مەبەستم ئەوەیە مارکسیەکان لە جیهاندا باسی لایەنە پێشکەوتخوازەکانی سەرمایەداری دەکەن و بە ڕادەیەك بە شان و باڵی ئەم لایەنانەدا هەڵدەدەن کە وات لێدەکات پێت وابێ سەرمایەداری سیستەمێکی تەواوە، کەم‌وکوڕی نی‌یە و دەکرێت لە هەموو لایەکەوە چاوی لێبکرێت. هەتا «مانیفێستی کۆمۆنیست»یش ئەم خاڵەی تێدایە. لەو دەرسانەمدا کە دەیانڵێمەوە هەمیشە دەڵێم: کەسم نەدیوە لە مانیفێستۆ زیاتر ستایشی سەرمایەداری کردبێ!
س.پ: ئەمە ڕاستە. وەك بڵێی سەرمایەداری دوا قۆناخە لەوانەیە مرۆڤایەتی بیگاتێ. وێڕای ئەوەی کە مارکسیەکان و لینینیەکان ڕەخنە لە سەرمایەداری دەگرن، بەڵام هەر لە نێو ئەم چوارچێوەیەدا دەمێننەوە. لەبەرئەوە ناچاردەبن لە جموجوڵەکانیاندا ملکەچی یاساکانی سەرمایەداری بن. بە یەكگەیشتنەوەی سۆشیالیزمی بنیات نراو لەگەڵ سەرمایەداریدا دواجار وا لێكدەدرێتەوە کە کەم و کورتی‌یەکی مارکسیزمە، چونکە زیندەڕۆیی لە دەرخستنی لایەنە باشەکانی سەرمایەداریدا کردووە و مەترسی و شوێنەوارەکانی گەندەڵی سەرمایەداری پێشان نەداوە.
ی.ك: من زۆرم پێخۆشە کە گوێتان لێبگرم. ئەو پرسیارانەی کە دەیانکەم بۆ خوێندەواران و بە دووداچووانە. بە پێی لێکدانەوەی من سەرهەڵدانی پارتی کرێکارانی کوردستان(«PKK») ـ وەك لە هێندێك ئەدەبیاتتاندا هاتووە وەك بارێکی ڕەت کردنەوە و خۆدامالین هاتە ئاراوە، واتە ڕەتکردنەوەی چەپی تورك و خۆدامالین لە چەپی کورد. دوایی دێینە سەر ئەم باسانە. ئایا بەم قسەیەتان ئەوە دەردەبڕن کە لە ڕوانگەی چەمکی شارستانەتیەوە خۆتان لە شارستانەتی سەرمایەداری خۆرئاوا داماڵیوە؟
س.پ: زەحمەتە بەبێ بە قووڵ ناسینی سەرمایەداری لە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) و کێشەکانی ئەمڕۆ تێبگەین. ئاشکرایە ناسینی سەرمایەداری، ناسینی بارودۆخی گشتی مرۆڤایەتی پێدەوێ. پێم وایە سەرمایەداری باڵاترین پلەی مرۆڤایەتی نی‌یە، بگرە لێڵ کردنی زەین و بیری

مرۆڤایەتیشە. سەرمایەداری هێندێك دەوڵەمەندی خستە سەر ژیانی مرۆڤایەتی، بەڵام سیستەمێکی خاوەن چەند خەسڵەتێکی وێرانکاری گەورەیە.

ی.ك: هاوبەشی پەرەپێدانی تاکڕەوی دەکات.

س.پ: هەر فووکردنێ بە گیانی تاکڕەویدا دوژمنایەتی‌یەکی گەورەی بەهای کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی تێدایە. بە پێچەوانەی ئەوەوە، سۆشیالیزم لە رووی تاکڕەویدا رادەوەستێ. ئەگەر سۆشیالیزم دژی داخورانی کۆمەڵگا رابوەستێ کە لە تاکڕەوی‌یەوە پەیدابووە، ئەم هۆیە بەسە بۆ ئەوەی کە هەمووان سۆشیالیستی بین، چونکە ئەوە بەس نی‌یە تەنیا شەریکەبەشی هەوڵ و کۆشش بین بەڵکو دەبێ پێکەوە داکۆکی لە کۆمەڵگا بکەین و خەسڵەتی مرۆدۆستانە بناسینەوە کە لە دەرکەوتنی یەکەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌یەوە تا دوا کۆمەڵگای سەرمایەداری نەگۆڕاوە. لێرەوە من وای دەبینم کە سەرمایەداری لەلایەکەوە گشت بنچینە و پایە کۆمەڵایەتیەکان تێکدەدات و وێران دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە فوو بە گیانی تاکڕەویدا دەکات و هانی دەدات. لە کاتێکدا تێگەیشتنی تاکڕەوی کۆمەڵگای بە تەواوی قووتداوە. لە کۆندا بەگ یا ئەو کەسەی کە کۆمەڵێك کۆیلەی هەبووایە، بە سەر مرۆڤایەتی‌یەوە مشەخۆر بوو. هەرچی ئێستایە سەرمایەداری ئەم مشەخۆری‌یەی دژی تویژێکی بەرینی کۆمەڵگا تەشەنە پێداوە. هەتا وای لێهاتووە وەك ئەمڕۆ دەیبینین کۆمەڵگاکان ناتوانن دەرببەن.

ئەو ماوەیەم بەلاوە گرنگ نی‌یە کە ئەم شەڕە دەیخایەنێ، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ماهی‌یەتی ئەم شەڕە چی‌یە.

ی.ك: من ئەوەی کە دەینووسن دەیخوێنمەوە. ئەو خاڵەی وا حەزدەکەم لای لێبکەمەوە ئەمەیە: ئێمە لە کوردەوە دەست پێدەکەین و ئینجا روو لە مرۆڤایەتی دەکەین. لەم ناوچەیەوە دەچینە دەرێ کە لانکەی شارستانی‌یەتە. لە باس و خواس و نووسینەکانی پێشووتاندا ئەوەم پێ‌سەیر بوو لە پەستا رەخنەتان دەگرت «ئەو کەرەستە خاوەی کە لە دەستتاندایە' مرۆڤە». ئەمە راستە. هەمیشە رەخنەت لە کورد دەگرت و ئەمەش کارێکی باشە. ئەو قسەیەتانم لە یادە: «تۆ ئەی گەریلای کورد پێشبڕکێ بۆ مردن دەکەی، بەڵام بۆچی لە رێگای پەرەسەندندا سستی دەنوێنی؟». تەنانەت ئەم قسەیەت کردووە بە شێوازێك بۆ قسە لەسەر کردنی لەگەڵ هەر کەسێکدا لە گەڵتدا دابنیشێ. ئەمە وادەگەیەنێ ئێوە بیر لە هەڵکشان دەکەنەوە. ئەو کەرەستە خاوەش کە لە بەردەستتاندایە بریتی‌یە لە: ئەو کوردەی کە داد و بێدادیەتی بە دەست سەرمایەداری و مۆنۆپۆڵەکان لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەوە گوشاری هۆزایەتی و کۆلۆنیالیزم و ئەمانە وایان لێکردووە کەسایەتی و ئیرادەی نەبێ و ئێوەش ئێستا هەوڵدەدەن دەستی ئەم کوردە بگرن و هەڵیبکێشن. ئەو هێز و کارکردانە کامانەن کە جگە لە شێوازی سوکراتیانە پێیان پشت ئەستوورن؟

ئاخۆ ئەم مرۆڤە لە سەروبەندی ئەو شەڕەدا کە لەئیرادەی ئێوە بەدەر ڕوودەدات دەبێتە مرۆڤێکی پەرەسەندووی هاوکار کە بتوانێ بەرپرسی دەربچێت؟ ئەو سۆشیالیزمەی کە باسی دەکەن چۆن کاریگەری لەسەر دەبێ و ئەوە لە چ ناوچەیەکی جوگرافیایی دەبێ؟

س.پ: زۆر ڕوونە. ئێمە پاڵ بە مرۆڤێکەوە دەنێین بۆ شەڕ کە لە خود و ڕاستی خۆی دوور کەوتووەتەوە و لە واقیعی خۆی نامۆ بووە. ئەمجا وای لێدەکەین کە شەڕی ئەم نامۆییە بکات کە بە هێز و بە کردەوە بە سەریدا سەپێندراوە. ئێمە کەمێك هێزی ئیرادەمان لەلا خولقاندووە. کێشەکە لەوەدا حەشاردرابوو کە وای لێبکەین هەست بەو نامۆییە بکات کەوا کۆمەڵگای کوردی بە دەستیەوە دەناڵێنێ. لەوەدەچێ توانیبێتی لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ و بچێتە شەڕەوە. پاڵنان بە کوردەوە بۆ شەڕکردنی چارەنووسە ئاوەژووەکەی قۆناخێکی شۆڕشگێڕی مەزنە. ئەوەی وا ڕوودەدات ئەوەیە: پاش بە گەرمی شەڕکردنی بەختی ڕەشی خۆی دەناسێ و هەنگاو بە هەنگاو نامۆیی خۆی تێدەپەڕێنێ. ئەو ماوەیەم بەلاوە گرنگ نییە کە ئەم شەڕە پێیدەچێ، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ماهیەتی ئەم شەڕە چییە. هەروەها دوورایی سیاسی ئەم شەڕە بە ئەندازەی گەوهەر بۆ پەیداکردنی گرنگ نییە. ئەمە گرنگترین ئامانجە. واتە ئەوەی کە گەل بگاتە ڕاستی و خودی خۆی و نەبینە گەلێك تەنیا لە شەڕدا سەرکەوتبێ، بەڵکو ببینە گەلێك بزانێ چۆن شەڕ بکات.

ی.ك: مەبەستان لەمە ئەوەیە شەڕ تا هەتا هەتایە بەردەوام دەبێ؟

س.پ: شەڕ بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوام دەبێ. ئەگەر دڵتان دابێتە هەڵوێستەکانم، من هەردەم باسی هەڵسەنگاندنێکی ڕیشەیی مرۆڤانە دەکەم. ئەگەر مرۆڤ لە سایەی ئەو یاسایانەدا بژی کە بۆ خۆی داناون، ئەوا شەڕ بەو پێیە کە دەیبینم درێژە دەکێشێ. ئەوسا ڕەنگە ئەم خەباتە جاروبار سەربازی بێ و جاروباریش لەبەرەی سیاسیدا بێ، لە پاڵ بەرەی ڕۆشنبیری و ڕوحیشدا و لە شێوەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە و لە قۆناخێکەوە بۆ یەکێکی دیکە بگوازرێتەوە تا ئەو خولقێندراوە جوانە «مرۆڤ» دەبێتە بەشێك لە کۆمەڵگای بێوەی. ئەو دەمە شەڕ دەبێتە جوانترین شەڕ و ژیانیش جوانترین ژیان.

ی.ك: ئایا دەتوانین وا بڕوانینە کارەکانتان کە شۆڕشێکی ڕۆشنبیرین بە کورد دەست پێدەکات و لەنێو گەلانی دەوروبەردا دەتەنێتەوە؟

س.پ: قاڵبێکی دەست نیشانکراو و تەرزێکی تایبەتیان لە جێبەجێکردندا بۆ چەمکی شۆڕشی ڕۆشنبیری داناوە. لە کاتێکدا ڕاستی ئەوەیە کە ڕۆشنبیری واتە دروست بوونی مرۆڤ و کەڵەکەبوونی چالاکی مرۆڤانە بە درێژایی هەبوونی، ئێمە بەهۆی ئەم ڕوشنبیریەوە لێك حاڵی دەبین. ئەم ڕۆشنبیریە چەند کۆڵەکەیەکی هەن، هەوڵ دەدەین جارێکی دیکە بە دەستیان بێنین. چەند کارکردنێکیش هەن ئەم ڕۆشنبیریە تێك دەدەن. پێویستە لەسەرمان شەڕ دژی ئەم کارکردانە ڕابگەیەنین. هەر لەم چەمکەوە، پڕ بایەخترین لایەنی خەباتمان ڕۆشنبیرییە واتە شەڕ لە

پێناوی ڕۆشنبیریدایە بە مانا بەرتەسك و فراوانەکەی.

ی.ك: دەڵێی بیرۆکەیەکتان بۆ تازەکردنەوەی مرۆڤایەتی لە ڕێگای شەڕەوە هەیە؟

س.پ: شەڕ تاکە ڕێگایە بۆ بە ئەنجام گەیشتن. بۆچی؟ چونکە گەورەترین و گرنگترین شۆڕش بە ڕێگای شەڕ سەرکەوتووە. خۆ شۆڕشی ئیسلامی شۆڕشی شەڕوشۆڕ بووە و دروشمەکەی «شمشێرو جیهاد» بووە و لە (١٤٠٠) ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستا هێشتا بەردەوامە. چەند خاسیەتێکی هاوچەشن لە شۆڕشی فەرەنسەیشدا هەن. هەرچی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە، سەرباری ئەوەی کە ئێمە قەبەی دەکەین، کەچی بە بەکارهێنانی هێزێکی کەمتر سەرکەوت.

ی.ك: بەڵێ خوێنێکی کەم ڕژا.

س.پ: ئەگەر شۆڕشی کوردستان ویستی قووڵ ببێتەوە مۆرکێکی مرۆدۆستانەتر وەربگرێ و خاسیەتی مرۆدۆستانە بە دەست بهێنێ، پێویستە بچێتە جەرگەی شەڕێکی تێکچەڕیو و سەرتاسەری و تێکگیراوەوە و ئیش بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانی بکات و ئارەزووی بڵاوبوونەوەی هەبێ. ئەم جۆرە شۆڕشە ڕاناگیرێت و بەردەوامی ئەم شۆڕشانە پشت بە خاسیەتەکانی گەلان و جوگرافیا و سوود وەرگرتن لەلایەنە باشەکانی ئەم خاسیەتانە دەبەستێ تا سیستەمی تایبەتی خۆی دادەمەزرێنێ. لێرە دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە نابێ نکووڵی لە هەموو شتێکی مرۆدۆستانە بکەین. گەلێك خاسیەت و ئاستی شارستانەتی گەلان هەن کە دەچنە نێو ئەم سیستەمە و لەگەڵ سیستەمدا یەکتر تەواو دەکەن و دەبێتە دەسکەوتێکی ئەو و لەوانەیە بایەخێکی زۆریان بۆ ئەم سیستەمە هەبێ.

ی.ك: ئاپۆی ئازیزم پرسیارێکی دیکەم هەیە. ئێوە بەجەرگییەکی گەورەتان هەیە و یەك یا دوو بەڵگە لەسەر ئەوە هەن. وەختێك ئامادەی ئاهەنگەکانی نەورۆز دەبووم لە لەندەن، ئەو نامەیەتان گەیشت کە بەم بۆنەیەوە خوێندرایەوە. ئەوەی تێیدا گوتتان: «تاکە حیزبێك کە لە جیهاندا ماوە و پرنسیپەکانی مارکسیزم ـ لینینیزم هەڵدەگرێ پارتی کرێکارانی کوردستان PKKیە». ئێوە بەوپەڕی دڵێرییەوە وا دەڵێن. بەڵام نموونەی دووەم پشت بە ڕاستی کورد دەبەستێ. پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK) ساڵی چواردەیەمی خۆی تەواو کردووە و هێشتا لێدانی دڵی بە دەست ئێوەوەیە. ئەمە بوار بۆ هێندێك مشتومڕ دەکاتەوە. تەنانەت هێندێك سۆشیالیستی کورد پەلپ لەم کارە دەگرن. ئێوە باسی گەوهەر و ناسنامەی سۆشیالیستی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن. ئەم هەموو مەسەلانە ـ بە قەناعەتی من ـ بەخۆدا ڕاپەرموونێکی زۆریان پێدەوێ. هەرچی ئەو شەڕەیشە کە دەیکەن، مەسەلەیەکی دیکەیە و باسیمان کرد و دەیکەین. بە قەناعەتی من هەڵوێستی هەرە بەجەرگانەتان وەك سیاسییەکی شۆڕشگێڕ و قورسترین ئیش و کارتان لە کاتی کۆنفرانسی بەندیخانانەدا بوو. ئایا کەسانێك لە دەرەوە هەبوون لایەنگری لەو مەسەلە ناوخۆییانە بکەن کە لە نێو بەندیخانەدا دەرکەوتن؟ ئەو کێشەیەش هیچ دووراییەکی فەلسەفی هەیە؟ چیش پاڵی پێوەنان بەم شێوە

توندوتیژه ڕەخنه لەو شۆڕشگێڕه کوردانه بگرن، به تایبەتی که ئەوان ماوەیەکی درێژخایەن له بەندیخانەدا مانەوه و بەرخۆدانیان کرد و دەریانبرد و بگره جاری وا هەبوو له لێواری مردن دەگەڕانەوه؟ به باوەڕی من ڕەخنه گرتنتان لەوه بەجەرگی‌یەکی له ڕادەبەدەری تێدایه و کارێکی باشه. ئەگەر له شوێنی ئێوه بوومایه نەمدەتوانی ئەوه بکەم. دووراییه فەلسەفی‌یەکانی ئەم کارەتان چین و ئایا ئەمه له چوارچێوەی شۆڕشێکی ڕۆشنبیریدا بوو؟ چیشتان کرد؟ من و تۆش لەو بەندیخانانەدا ماینەوه و هەر یەکێك لەو زیندانیانه به چاوی پاڵەوانانەوه دەیڕوانی‌یه خۆی، به تایبەتی که ئەوان له قۆناخی ۱۲ی ئەیلوول به دواوه ۱۰ تا ۱۲ ساڵیان بەسەربرد؟ ئەو هۆیانه چی‌بوون که داوای ئەم شێوه بەزاندنەی ئەوانی دەکرد؟

س.پ: ڕازی نەبووم ئەو هەڤاڵانه پاش بەرخۆدانی پاڵەوانانەیان وەك پیاوی گرگن له ناوەندی حیزبدا بکەونه ڕوو. به قووڵی بیرم لەم مەسەلەیه کردووەتەوه و سەرنجم‌داوه که داخوڕانێك هەیه. من باسی قەواره و بەهای ئەو بەرخۆدانانه ناکەم. ئێمه ڕێزی هەموویان دەگرین و له پێشەوەیاندا بەرخۆدانی ۱٤ی تەمووز که هۆی مەزنی ئێمه و شانازی مرۆڤایەتی بوو. کاتێك دیمن لەم مانایانه دوورکەوتوونەوه، دەبوو بوار لەبەردەم ڕەخنەدا بکرێتەوه. من وام چاوەڕوان نه دەکرد ئەم چەشنه بەرخۆدانه مەزنه ببێته بالاترین جۆری لیبرالیزم، به تایبەتی که دەکەوێته ناوچەیەکەوه له نێو چوارچێوەی دەسرۆیی ئێمەدایه. ئەمه بارودۆخێکه که ناتوانم قبووڵی بکەم. پێمگوتن: ئەگەر ئەمه نابینن، واته ئێوه بەرخۆدانی خۆتان نانرخێنن. تاکه چالاکی‌یەکی به کردەوه له مێژووی کۆماری تورکیادا نی‌یه ئەوه بسەلمێنێ که مرۆڤ له بەندیخانەدابەرانبەر بەو کردارانەی کەوا دەیخەنه حاڵی نەبوون دەستەوەستان ڕابوەستێ، هێندێك پاڵەوانی بەرخۆدان نەبن که به هەموو ڕێزێکەوه باسیان دەکەین، وەك دکتۆر «حیکمەت» کەتا دوا هەناسەی به تاقی تەنیا بوو، بەڵام بەختی ڕەش بوو و نەیتوانی ببێته هێزێکی سیاسی. «نازم حیکمەت»یش تەنیا بوو و وەك دوژمنێکی گەلەکەی پێشانیاندا. ئەوه پاڵی پێوه نا له ئامێزی ئافرەتێکی ڕووسیایدا به شوێن خۆشەویستیدا بگەڕێت. لەمه زیاتر نی‌یه. بەڵام ئەوانه «هەڤاڵەکانمان» خاوەنی بەرخۆدانێکی درێژ خایەن و دەگمەنن له بەندیخانەدا.

ئەوانه بەرخۆدانی مەزنن و بوونەته بەشێك لەژیانیان. بەڵام تەنیا و دوور له سیاسەت مانەوه. واته بوونه کەسانێکی بەزیو.

ی.ك: بەڵێ، من دەبینم چەپڕەوەکانی تورك به کەسایەتی‌یەکی دووفاقەوه له بەندیخانه دەرچوون. لایەنی یەکەمی یەکجار پاڵەوانانەیه و، هەرچی لایەنەکەی دیکەیشیەتی یەکجار بێ‌هێزه.

س.پ: بەوه بەمەی خوارەوه دەگەین: حوکمدراوانی ۱۲ی ئادار و ۱۲ی ئەیلوول به چەند خەسڵەتێکی کۆنەپەرستانەوه له بەندیخانه دەرهاتن و پێستی خۆیانیان گۆڕی. ئەمه ڕۆشنه. ئەو ڕێکخراوانه چی‌دەکەن که ئەم بەرخۆدانه دەنوێنن؟ ئایا

ڕێکخستنەکانیان هیچ بەهایەکیان نییە تا بچنەوە لایان؟ ئەگەر بەرخۆدانتان کردبێ و دوو ڕستەتان درکاندبێ و پاڵتان بەو خەڵکەوە نابێ بۆ ئاگر و شەڕ و وازتان لێهێنابن دووچاری جۆرەها ئەشکەنجەدان ببن، ئایا تا ئەم ڕادەیە بە ئاسانی باسی ئەو خەڵکانە دەکرێت تا بە سەریاندا تێپەڕ ببن؟ تا ئەوانە بێدەنگ بن و دەستبەرداری هەموو شتێك ببن، لە کاتێکدا بەر لە بەردرانیان کەرامەتیان لێداماڵرا. ئەو خەڵکانە چۆن دەتوانن پاش دەرچوونیان لە بەندیخانە وەك کەسانێکی ئاسایی لە نێو گەلدا بژین؟ چۆن بەم جۆرە ژیانەش قایل دەبن؟ ئەم لایەنە زۆر گرنگە. هەرچی تاقمەکەی ئێمەش بوو، هەڵوێستیان پێشکەوتوو بوو و ئەم چەشنە کۆتاییەش پەسند نەبوو. هەرکە لە بەندیخانە دەرچوون، پێشبڕکێیان بوو بۆ ڕیزەکان و تێکۆشان. بەڵام سەرباری ئەوەش هێ واهان لە نێودا دەرکەوت بە دروشمی مافی مرۆڤەوە کە ئیمپریالیزم بۆ دەستەمۆکردنی مرۆڤ و ڕاکێشانی بۆ نێو جوغزی دەسترۆیی خۆی ڕازاندوویەتیەوە «مافی زیندانیان»ی پێشێل کرد کە ئەمەش گەشە بە خولیابوونی ئەنانییەتەوە دەدات لە دەروونەکاندا و ئەوەش بووە هۆی گەندەڵ بوونی. سەرۆکی دەوڵەتی تورکیا پشت ئەستوور بەمە و سەرباری ڕێ پێنەدانی دەستوور بە زۆری کۆمەڵەی ئەوروپا ئەم سیاسەتەی بەسەر بەندیخانەکاندا جێبەجێکرد تا بەوە دەنگدانەوە و ئارەزوویەك لەلای هێندێك ناوەند پەیدابکات و ئەمە زانرا بێ یان نا بوو بە واقیع. هەر لەم قۆناخەدا هێندێك بەهای بنچینەیی شێوازی بەرخۆدانی(PKK) دەستیان بە داخوران کرد و ئەوەش لە بەرخۆدانی چەکداریدا ڕەنگیدایەوە. جا هەر بۆ تەراوکردنی، داخوران لە بەرخۆدانی سیاسی و ڕۆشنبیریشدا دەستی پێکرد. بەلای منەوە ئەم داخورانەی بەرخۆدان ئەوە دەگەیەنێ کە دنیا وێران کراوە و قیامەت هەڵساوە. گەلێك خۆڕاگر و شەهید لە بەرخۆدانی بەندیخانەکاندا هەن. لە هەر گۆشەیەکەوە بڕوانین، ئەم بارودۆخە قبووڵ ناکرێت، تەنانەت ئەگەر دەوڵەت سەرەڕای بەرهەڵستی دەستوور دەرگا لەسەر بەردەست خستنی هێندێك تەنازول و قەرەبوویش بکاتەوە. دەبوو ئێمە بە توندی و ڕێکخراوی لە بەردەم ئەم چەمکانەدا ڕابوەستین و هەر وایشمان کرد.

ی.ك: سەرۆکم ئایا مەبەستتان ئەوەیە، ئەوان لە بەندیخانەکاندا گەوهەری کادیران لە بەرخۆدانی ڕاستەقینە خاڵی دەکەنەوە و هیواکانیان بە چەند مانایەکی پەتی وەك مافی مرۆڤەوە گرێ دەدەن. مەبەستتان ئەمەیە؟

س.پ: ئەمە زۆر ئاساییە. قەناعەت پێکردنی ئەوانەی کە بە ڕەمزی بەرخۆدان دادەنرێن بە شتی بچوکی وەك خواردن و خواردنەوە و دەست بەردارکردنیان لە بەرخۆدان و هەزار جار دوورکەوتنەوەیان، خیانەتە بۆ خۆیان.

ی.ك: چۆن بەم خێراییە تێبینی ئەم مەسەلەیەتان کرد؟

س.پ: بۆچی لەوە تێناگەم. من ڕاستی مرۆڤ هەر بە ڕوانینە چاوەکانی بۆ یەك دەقە دەزانم. بەڵام ئەوانە یەك چرکە بەس بوو بۆ ناسینیان. ئەوەی کە بکەوێتە بەر چاودێری من، ناتوانێ هیچم لێبشارێتەوە.

ی.ك: باشە. بەڵام ئەنجامەکان چی بوون؟

س.پ: ئەنجامەکان بەلای منەوە بایەخێکی زۆریان نی‌یە، بەڵام باش و سەرکەوتوو بوون. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر تێکۆشانە. لێرەدا پرنسیپەکە مەسەلەی بە دوواداگەڕانە و هەر ئەویش شەڕ دەکات. ژیانی هیچ و پووچانە پەسند نی‌یە و شایانی نە شەهیدان و نە کەسانی خاوەن بەرخۆدانە. ئەگەر بتەوێ ڕێزی خۆت بگری، پێویستە ڕێزی کەسایەتیە خۆگرەکەت بگری. لەوانەیە تووشی برسێتی ببی و بێ‌پارە بمێنیتەوە و ڕەنگە کەسیش گوێت پێنەدات. بەڵام وێرای ئەوە پێویستە خۆت سووك نەکەی و خۆ نەدەیتە دەست ئافرەتێك و نەبیتە ئامرازێك بە دەستی ڕژێمەوە، بەڵکو دەبێ کەرامەتی خۆت بپارێزی چونکە لێ‌یان دای و سووکایەتی‌یان پێ‌کردی و تۆش خۆگریت کرد و مەزن بووی و پێویستە مەزنایەتی بپارێزی. ئەمە چەمکی کۆنفرانسی بەندیخانەیە و توانیمان لە ڕێگایەوە پارێزگاری کەرامەتی بەرخۆدان و پاڵەوانانی بەرخۆدان بکەین و ئەمەش زۆر گرنگە. وەك گوتم لایەنی مەبدەئی زۆر گرنگە.

هەڵوێستی سەرسەختانەم بەرانبەر بە ڕەفتاری هەڤاڵانی بەندیخانە وا ناگەیەنێ کە من باروودۆخیان فەرامۆش دەکەم و، لەوەوە سەرچاوە ناگرێ کە من هەوڵدەدەم گوێڕایەڵی و ڕێزگرتنی خۆمیان بەسەردا بسەپێنم یان من لەم ڕووەوە نیگەرانم. بەڵکو لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەوڵەت پیلانێکی پەنامەکی چەپەڵی ئامادە دەکرد. لەوانەبوو لە کاتی سەرگرتنی ئەو کۆمەڵکوژی‌یە ڕەزاگرانەدا لە ئەنجامەکانی خۆیشی تێ‌بپەڕێنێ. ئەوان زانیبێتیان یان نا هەڵوێستێکی ڕیفۆرمیستانەیان دیاری کرد و بوونە ئامرازی ئەم پیلانە. واتە لە بەر یەكهەڵوەشان و باروودۆخێك لە ئارادا بوو لە پیلانی ئیمپریالیانە دەچوو کە چی پێ‌خۆش بێ ئەوە بۆ گەلان دەکات و ئەمجا بە بەهانەی داکۆکی کردنیەوە لە مافی مرۆڤ دەیخاتە بەرچاودێری خۆی. من تا ئەو ڕادەیە دەبەنگ نیم ئەم کارە قبووڵ بکەم. واتە من مەبەستم ئەوانەیە کە داوای پاراستنی مافی مرۆڤ دەکەن و هەر خۆشیان ئەم مافانە پێشێل دەکەن. دوژمن تا دوا هەناسە ئەوانە سەرکوت دەکات. پاشان هەوڵ دەدات بە هێندێك ڕەفتاری نەرم و نیان بە خۆیان بگرێ و ڕایانبکێشێتە نێو باوەشی خۆی. کێ بەوە هەڵدەخەڵەتێ؟ ڕژێم تێدەکۆشێ بە دابین کردنی هێندێك هەلومەرجی حەوانەوە ئەوانە بکڕێ. ئەو شۆڕشگێڕە لە کوێ‌یە کە ئەوە قبووڵ دەکات؟ ئەگەر هەموو ئەمانە قبووڵ بکەین ژیانێکی پڕ سووکایەتی دەژین. وانی‌یە؟ ئەوانەی کە لە تورکیا بەوەیان نەزانی، بوون بە ئامراز بە دەستی ڕژێمەوە و خۆیانیان هاویشتە باوەشی و ئەمەش کێشەکەیانە. بەڵام من خۆم لەکەدار ناکەم، چونکە ئەم بەرخۆدانانە ناوی هەڤاڵان «مەزڵووم و کەمال و خەیری» و ناوی منیشیان بەکار هێنا. ئەوانە ڕاسپێری‌یەکیان لەلام هەیە و ناتوانم ناویان پیس بکەم. لێرەدا ژمارە و ناو گرنگ نین، بەڵکو ئەنجام گرنگە. ئەوانە کەڵەمێری مەزنی بەرخۆدانن. پێویستە بەرەهایی ڕێز لە بیرەوەری‌یان بنێین.

بەڵام تاقمەکەتان لە تورکیا هەموو ئەمانەیان خستەلاوە. من تێیان دەگەم و دەبێ ئەوانیش لە ڕادەی هەڵوەشانی کەسایەتییان و بوونیان بە فاشی شارستانی تێبگەن. هێندێك شت هەن قووت نادرێن. ئەگەر یەکێك زللەیەکی پێداکێشای، تۆ بۆ چل ساڵ ئەوەت لەبیر ناچێتەوە. لە کاتێکدا ئەوانە کێشەکەیان یەك زللە نییە، بەڵکو لێشاوێك ئەشکەنجەدان و سووکایەتی پێکردن و هەوڵی لەنێوبردنیانە. دەبێ باش دەرك بەمە بکەن. من ڕۆژانە بەو هەڤاڵانە دەڵێم: من لە ژیانمدا یەك کەرەت بە ئەفسەرێك و چوار سەربازەوە بۆ ماوەی نیو دەقە ئەشکەنجەیان دام. پەندم لەوە وەرگرت و جارێکی دیکە نەچوومەوە بەندیخانە و خۆمم نەخستە ئەو بارودۆخەوە. گوتم: هەتا ئەگەر ئەوە وای پێویست کرد ڕێکخراوێك بنیات بنێم، ئەوا بنیاتی دەنێم. ئەگەر کارەکەم وای پێویست کرد خۆ سازبکەم و زەمینە بۆ ئەم پرۆسەیە خۆش بکەم، ئەوا دەیکەم. ئەگەر ڕووخاندنی بەندیخانەیشی بەسەریاندا پێویست بوو، ئەوە دەبێ بیڕووخێنم. ئەمە ئەو بەڵێنەیە کە بە خۆمم داوە.

ی.ك: لای ئێمەش دەڵێن: «جارێکی دیکە لەوێوە ڕەت نابم». بەڵام خەبات بەجێدەهێڵن.

س.پ: ئەمە سووکایەتییە بۆ مرۆڤایەتی. تۆ دووچاری هەموو شێوە سووکایەتی و ئەشکەنجەدانێك دەبی و پاشان ڕازی دەبی لە سایەی ئەو ڕژێمەدا بژیت! پێویستە لەوانە بپرسین: «ئێوە چ جۆرە مرۆڤێکن!». ئێوە پرسیاری هێزەکانتان لێکردم. پێدەچێ حەز بکەن جۆری ئەو مرۆڤە بناسن کە ئێش بۆ خوڵقاندنی دەکەین. ڕەخنە گەورەکانمان هەموویان لە پێناوی ئەم مەبەستەدا بوون و هەر قسە نەبوون. کردەوەکانیشمان ڕەخنەگرتنن. جارێکیان گوتم: «ئێوە ڕەخنەی تیۆری پەرە پێدەدەن و منیش بە سەر واقیعدا جێبەجێیدەکەم و بەشێوەیەکی سەیر قووڵی دەکەمەوە».

ئەم هەموو هەوڵانە لە پێناوی دۆزینەوەی ڕابردووی ون یا خوڵقاندنی تازەی داواکراون. باوەڕم وایە کە ئێمە بۆمان چووەسەر هێندێك شتی داواکراو بدۆزینەوە. دەتوانن ڕواڵەتی کورد بە شێوە دیاری بکەن، بەڵام گەوهەرەکەی سۆشیالیستییە. من پەلەپ لەوە دەگرم تاکە کەسێك خۆی مەزن بکات و ئەم مەزن کردنەش لە کۆمەڵگاکەیدا ڕەنگ پێبداتەوە. ئێمە نکوولی لە تاکە کەس ناکەین، بەڵام بە پێی هەم ئەو دەورە باشە کە لە کۆمەڵگادا دەیگێڕێت و هەم ڕادەی بەسترانەوەی بەم دەورەوە هەڵیدەسەنگێنین. دەبێ وریای ئەو کەسانە بین کە دەورێکی تێکدەرانە لە چواردەوری خۆیاندا دەبینن. ئەوەبوو داواکارانی پاراستنی ژینگە لە ئەورووپا دەرکەوتن و دەڵێن پێویستە ڕێك بخەین و وا و وا بکەین بۆ پاراستنی ژینگە. بەڵام دەم لە بەرپرسی یەکەمی ئەم تێکدانە کە ئیمپریالیزمە هەڵناهێننەوە. سەرباری ئەم قسە و قسەڵۆکانەیان لە سایەی ئەو ڕژێمانەدا دەژین و دووڕوون. ژینگە پارێزان خۆیان دەخەڵەتێنن. ئەوان پیس بوون و زیانەکانی

دەبینن.

ئەو ڕژێمە پشت گوێ دەخەن کە ئەم تێکدانە دەکات. هەروەها ڕادەی لەبەر یەکهەڵوەشانی ئەخلاقی تاکەکەس دەبینن و، هیچ ڕێ و شوێنێك بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردە نا لەبارە دانانێن و لافی ئەوە لێدەدەن کە مرۆدۆستن. ئەمە سیاسەتێکی دووڕووانەیە. ئاڕاستەیەکیش بۆ زیدەخۆری لە ئاستی ولاتاندا هەیە، وەك کۆمەڵگای ئەڵەمانی کە زیدەخۆرە و «هیتلەر» ویستی بۆ ئەم مەبەستە پەل بهاوێژێ. باروودۆخەکە لە یەکەم شەڕی جیهانیدا وا بوو. ئینگلیز و فەڕەنسەییەکانیش بەم پێیەن. ئەوانە گەلانی بچووك قووت دەدەن و لافی شارستانی بوون و جوانی لێدەدەن ... هتد. دەبێ ئەو دەورە تێکدەرانەیە بناسینەوە کە ئەم دەوڵەتانە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا گێڕایان و ئەوە بەرچاو بخەین. دەکرێت بە شێوەیەکی زانستی لەوانە بکۆڵدرێتەوە و ورد بکرێنەوە و ئەو دەورەی کە هەرلایەك بینیویەتی بناسرێتەوە. مەبەستم ئەوەیە دەوری ئەڵەمانەکان و ئینگلیز و دەوری ئەمەریکایی و ڕووسەکان چی بوو؟ با دەوری هەریەکەیان ببینین. بۆچی لەسەر ئەم بنچینەیە وردیان نەکەینەوە؟

ی.ك: من دیمە پاڵتان. بەلام زانست ئەوە نییە کە ئێوە باسی دەکەن. واتە زانستی ئەمڕۆ ڕێ بە ئەنجامدانی ئەم جۆرە توێژینەوەیە نادات، چونکە ئەو دووڕووانە ـ واتە ئەڵەمانیاییەکان ـ مرۆڤایەتی و گەلانیان بە پێی «زانست» خۆش دەوێ. وەك گوتتان ئەوانە بەهۆی زیدەخۆرییانەوە لە قووتدانی گەلانی بچووکدا بەم قۆناخە گەیشتن. ئەمە لە زانستی ئەمڕۆدا نییە. بەلام ئەگەر دەتانەوێ زانستێکی تازە دابمەزرێنن، ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیە.

س.پ: ڕاستە. تۆ مەبەستت ئەوەیە زانست لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا لە خزمەتی ئیمپریالیزم و مۆنۆپۆلەکاندایە.

ی.ك: بێگومان. من پێیدادەگرم لەسەر ئەمە. زانست لەم ناوچەیەدا سەرلەنوێ لە دایك دەبێ.

س.پ: زانست دیاردەیەکی کۆمەلایەتی و مێژووییە. زانستی ئەمڕۆ لە نێو دەستی درندەکاندایە و بە شێوەیەکی زۆر خراپ بەکاری دەهێنن. دەبێ زانست لە دەستیان دەربهێنرێت. من و تۆ بۆ یەکەم جارە باسی ڕزگارکردنی زانست دەکەین.

ی.ك: من دیمە پاڵتان. ئەوەندەی ژیان لەم ناوچەیەدا دەبووژێتەوە، زانست دەگەڕێتەوە لای.

س.پ: لەبەرئەمە داکۆکی لە زانست و سەربەخۆیی دەکەم. واتە ئێمە تەنیا داوای سەربەخۆیی نیشتمانی و ئازادی کۆمەلایەتی ناکەین، بەڵکو داوای سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژی و زانستیش دەکەین. لێتان ناشارمەوە، ئەورووپا بەرپەرچم دەداتەوە و پێم تەنگەتاوە، چونکە من لەبەردەم بالادەستییان و خۆگرێدانم پێیانەوە داخراوم. ئەمە دەوڵەتانی کۆلۆنیالیش دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی من لەبەردەم سیاسەتە بنچینەییەکانیاندا داخراوم. هەڵوێستم بەرامبەریان بەم پێیەیە:

«ئەگەر تەنیا بمێنمەوە و هەرچەندە تووشی هەلومەرجێکی سەخت بېم، هەر بە کەرامەتی سەربەخۆییمەوە گرێدراو دەبم».

ئەمە سوێندی منە بۆ ئەوان. من مەزنی و حەوانەوە و کەرامەتم لەوەدا دەبینم کە خۆم لە خۆبەگەورەزانینیان بپارێزم هەر وەك مرۆڤێکی سەرەتایی بمێنمەوە. ڕەنگە هێندێك دژواری لە ئارادا بن. لەوانەیە ببمە نیوە شێت. بەڵام من کەرامەتم لەم مەسەلەیەدا دەبینم.

ی.ك: ڕاستە. ئەگەر لەگەڵیاندا یەك نەکەوی، بە پێی تێگەیشتنی ئەوان دەبی بە شێت. ئاراسمۆس گوزارەیەکی جوانی هەیە تێیدا دەڵێت: «پێم باشترە لە باتی یەككەوتن لەگەڵیاندا بە یاساکانی خۆمەوە شێت ببم». ئەگەر گوێیان لەم باس و خواسانەمان ببێ، پێیان سەیرە، لە کاتێکدا چەند بەهایەکی جیهانی لێرەوە دەژیێنەوە.

س.پ: لێرەدا دێینە سەر پرسیارەکەتان کە لەو کەسایەتیەی تێدادەپرسن کەوا هەوڵدەدەین بیخەینەڕوو و ئەو بنچینە فەلسەفەییانەش کە پشتیان پێدەبەستین. ئەوەمان لە حاڵی واقیعی کوردستانەوە ڕوون کردەوە و چەند هێڵێکمان بۆ لێكجوێ کردنەوە دانا. ئێمە کوردستان بەو ناوچەیە لە قەڵەم دەدەین کە مرۆڤایەتی لە هەر ناوچەیەکی دیکە زیاتر بەهای مرۆدۆستانەیی تێدا لە دەست داوە. لە بارەی ئەم ناوچەیەوە دەڵێین لانکەی مرۆڤایەتی‌یە. لام وایە ئەو ناوچەیەی کە مرۆڤایەتی زیاتر بەها باڵاکانی خۆی تێدا لە دەست دەدا، هەمان ناوچەیە کە لەوانەیە مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی ترسناك بەها باڵاکانی تێدا بە دەست بهێنێتەوە. واتە برینی دەستەپاچەیی چەندە قووڵ بێ، پاڵەوانەتی بێوێنە دەبێ. ئێمە ئێستاکە لە ژێرڕاوە تا ئەوپەڕ دەست پێدەکەین. ژێرڕا کوردستانە و سەرکەوتن لەوێوە دەست پێدەکات. ئەگەر سەرکەوتنیش ڕوو لەوپەڕ بێ ئەمەیان شتێکی مەزنە.

ی.ك: بەڵێ، هەر ئەوە نا کە کوردستان ژێرڕایە، بەڵکو دەست پێکردنی ئەم سەرکەوتنە لە قۆناخی هەرەس هێنانی سۆشیالیزمی بنیات نراودا بایەخێکی گەورە بە سەرکەوتنی شۆڕشی کوردستان دەبەخشێ کە ئومێدی ئەوانە دەژیێنێتەوە کەوا گۆڕانی بۆ سۆشیالیزمی ڕاستەقینە دەڵێن. ئەمە لایەنێکی زۆر گرنگە، لەبەر ئەوە نا کە مرۆڤی کورد گەلێك تووشی سەرکوتکردن هاتووە، بەڵکو هەمان کات لەبەر ئەوە کە مرۆڤایەتی دوو شۆڕشی مەزنی بە خۆوە دیوە. یەکەمیان شۆڕشی فەڕەنسەیە کە تێکشکا و دووەمیش شۆڕشی ئۆکتۆبەرە. هێندێکیان شۆڕشی کوردستان بە شتێکی بچووك دەبینن. بەڵام ئەو سەرکەوتنەی کە لە کوردستاندا بەدی هات هاوزەمانی هەرەس هێنانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو. وانی‌یە؟

س.پ: لەوە حاڵی دەبم. گرنگ نی‌یە ئەوە بە نیازی خراپ یان باش هەڵبسەنگێندرێت. ئەوەتا کوردستان ئەو گۆڕەپانەیە کە مرۆڤایەتی پتر لە هەر گۆڕەپانێکی دیکە بەهاکانی خۆی تێدا لە دەست داوە. مەبەستم ئەوەیە ئێمە ناتوانین باسی ڕیفۆرمێکی دیاری کراو یا نیوە چارەسەر یا ئارایشتدانێکی سادە

یا پینەکردنی بارودۆخی کوردستان بکەین. ئەمە ڕۆشنە. نموونەیەکی دیکەت دەدەمێ. ئەگەر بیناکە لە بناغەوە لەرزۆك بێ، تۆ پێت ناکرێ لە نهۆمی سێیەم یا چوارەمەوە دەست بە چاککردن بکەی، چونکە بارەکە کەلەکە بووە و نموونە و نەخشەیەکی خراپیش هەیە. جا پاش لابردنی بارەکە، پێویستیمان بە بەرد و خشتی تازە و هەم بە نەخشە کێشانێکی تازە دەبێ تا بیناکە تەواو ببێ.

ی.ك: ئەمجا ڕێم بدە بڵێم: «بەرنامەی ئۆتۆنۆمی بۆ ڕۆشنبیری کوردی» کە باسیان کرد ڕەتکراوەیە، هەر لەبەرهۆی عەمەلی یا سیاسی نا، بەڵکو لەبەر هۆی فەلسەفیش. واتە ئێوە لە بنچینەوە پەلپی لێدەگرن و هۆی فەلسەفی دەخەنەڕوو چونکە ئەوە ناکرێت...

س.پ: ئەگەر دەوڵەت سەربەخۆییشمان بداتێ، هەر لە بەجێهێنانی ئامانجەکانمەوە دوورە. ئێمە گرێی «دەوڵەتی کوردی» یا «ئۆتۆنۆمی بۆ ڕۆشنبیریی کوردی» یا چارەسەری لەم چەشنەمان نییە.

ی.ك: سەرۆکم من ئەمە تێدەگەم. بەڵام ئەو خاڵە کە لێیدەدوێم ئەمەیە: «بیناکە هەر لە بناغەوە تووشی لەبەر یەکهەڵوەشان بووە». من ئەمەش بە ئەنجام دێنم: مادامێکی ئێوە ئاوا بیردەکەنەوە، کەواتە پەلپ گرتنتان لە سەربەخۆیی ڕۆشنبیری لەبەر هۆی سیاسی و عەمەلی نییە بەڵکو بە تێگەیشتنی فەلسەفییە، چونکە ناکرێت شتێکی لە بناخەوە گەندەڵ بوو بە ئۆتۆنۆمی چاك بکرێت، یان بە چاکردنی لایەك لەلایەکانی. ئایا مەبەستتان ئەمەیە؟

س.پ: ئێمە مەسەلەکە بە سادەیی شیناکەینەوە. وەك سەرنج دەدەن ئێمە باسی ڕزگاری تەواوی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگا دەکەین. بەڵام دوورایییەکانی ئەوە بە دەوڵەت و ڕۆشنبیریشەوە زۆر گرنگ نین. من بە زۆر دروشم لە خشتەنابرێم، وەك «خۆزگە خاوەنی دەوڵەت بووینایە»و «دەوڵەت هەموو شتێکە لە ژیانماندا» کە خەڵکانی دیکە دەیانڵێن و دەیانپەرستن، چونکە ئەم بیرکردنەوەیە لە بیرکردنەوەی خێڵەکی کۆن دەچێ. دەوڵەتێکت هەیە، هەستە سەرتی پێدابکێشە. من بەخیلی بەوان نابەم و ئەو شتانە بە مەزن نازانم کە بەرچاویان دەخەن و خۆم گیرۆدەی ئەم جۆرە شتانە ناکەم. من چەند بەهایەکم هەن لە دەوڵەت باڵاترن و من بە دوای پێکهاتەی لە دەوڵەت جوانتردا دەگەڕێم. ئەم دەوڵەتە چییە کە لێیدەدوێن؟ ساپیتەی ئاستێکی کۆمەڵایەتی دەست نیشانکراوە و دووبارە بوونەوەی پێوەندیە ناوەکییەکانە. خۆ کۆمەڵگا گەندەڵ بووە و دەوڵەتیش هەزار ئەوەندەی ئەو گەندەڵ بووە. کۆمەڵگا ناتوانێ هەناسە بدات و دەوڵەتیش لە لێواری نوقم بووندابێ. هیچ شتێك نییە مایەی شانازی بێ. دەوڵەتێکی بەم شێوەیە شایانی سووکایەتی پێکردنە و هیچ لایەنێکی تێدا نییە پێویست بە گەورەکردن بکات. وەك ئەوەی بڵێین ئەو هەموو شتێکە لە ژیانماندا و ....هتد.

خۆزگە مرۆڤی تورك لەم ڕووەوە لە بارودۆخی خۆی تێدەگەیشت، با کەمیش بێ. دەوڵەتی تورکیا وەك دەرزەکەر دەڕوانێتە دەستان و چاونەزێری دەکات.

جاریکیان به چەپ و جاریکیان به ڕاستی دەفرۆشێ. مرۆڤی تورك تا ئەو ڕادەیە داماوە کە هەموو ئەوانە نابینێ. ئێمە بە دوای دەوڵەتێکی لەم چەشنەدا ڕاناکەین. جا چۆن باسی سەربەخۆیی ڕۆشنبیری کورد دەکەین؟ کوا ڕۆشنبیری کورد و چۆنە؟ پێم وایە هەتا ئەوانەش کە ئەم قسەیە دەکەن لێی تێناگەن و لە مانای ڕۆشنبیری حاڵی نابن و لام وانی‌یە لە هێز و خەباتی سیاسی تێبگەن. وەك سەرنج دەدەن من لە مەسەلە ڕیشەیی‌یەکان دەدوێم. دیارە لایەنی فەلسەفەییش هەیە. هەرچی لایەنی عەمەلی‌یە زۆر قووڵە. من مرۆڤێکی عەمەلیم. لەبەرئەوەی عەمەلیشم ئەو کێشانەی کە دەستیان بۆ دەبەم تێکپەڕیون. هەموو ئەم سیفەتانە لە مرۆڤی کورددا بەرجەستە دەبن. ئەگەر ئەوە لە مرۆڤی تورکدا تاقی بکەمەوە، لەوانەیە زیاتر هەڵوێستە بکەم. بەڵام ئەمە شتێکی تایبەت بە تورکەکانە. دەتوانم هەمان کار لەگەڵ ئەڵەمانەکاندا بکەم. ئەگەر بچوومایە بۆ ئەوێ و ماوەیەکی کورت لە نێویاندا بژیامایە، دەمتوانی بیانجوولێنم. جێبەجێکردنی ئەم هەڵسانگاندنە بەسەر هەلومەرجی ئەڵەمانیادا زەحمەت نی‌یە. بەڵام ئێستاکە ناوەندی کوردی زیاتر لەبارە بۆ ئەوە و پێویستی پێیە. گەل لێرە لە خەڵکانی دیکە سۆزمەند ترە، بۆیە دەتوانێ سەرنجڕاکێشترین شێوەی خەبات ئەنجام بدات چونکە زیاتر دووچاری زۆرداری و دەستدرێژی بووە. لەبەرئەوە دەبێ لێرەوە ئەرکەکانمان ڕابپەڕێنین، چونکە ئەوە پتر سەرگەرمیمان پێدەبەخشێ.

بابەتی خۆشەویستی بەلای منەوە هۆی شەڕە و ئامانجی شەڕیش خۆشەویستی‌یە.

ی.ك: بەڵێ ئەوە ڕەنگ دەداتەوە، ڕاستی مرۆڤ لە دوو مەیداندا دەکەوێتە ڕوو: مەیدانی خۆشەویستی و مەیدانی شەڕ. من زۆر بایەخ بە شەڕ نادەم، چونکە نرخی بنیاتنانی مرۆڤایەتی لە شەڕدا مردنە. ئەگەر هەڤاڵە برینداره‌کەت بە شان هەڵگرت، تۆیش دەمری. ئەوە لە شتی دیکە ناچێ. گۆڕانکاری گەورەی مرۆڤ لە شەڕدا ڕوودەدات. ئەمەم لە قسەکەتدا بینی. باسی خۆشەویستیشمان کرد.

س.پ: هێشتا لە دوو بابەتی بنچینەییدا لە نیشان پێکانەوە دووری. بەلای منەوە بابەتی خۆشەویستی هۆی شەڕە و ئامانجی شەڕیش خۆشەویستی‌یە.

ی.ك: جوانە. لەو بارەیاندا ناچنە بەهەشت، چونکە بەهەشت شەڕی تێدا نی‌یە. خۆشەویستی و شەڕتان بەلاوە وەك یەك وایە.

س.پ: ڕاستە. بەڵام وەك یەکێك هەڵسەنگێنن کە خۆشەویستی دەستی لێوەشاندبێ.

ی.ك: نەخێر.

س.پ: من بە ڕەواڵەت مرۆڤێکی سۆزمەندم و لە خەڵکان کەمتر شەڕدەکەم و کەمتریش خۆشەویستیم هەیە. من لەمێژە شاراوەکان دەدوێم.

ی.ك: بەڵام لەوە دەچێ تۆ مرۆڤێكی تینووی خۆشەویستی بی.
س.پ: من زیاتر لەوەی كە تینووی خۆشەویستیم، من بەرگریكەری مەزن و تێكۆشەری نمونەیی ئەوم. لەوانەیە خۆشەویست یا خۆشەویستی لە چەمكی ئێستایدا گەورەترین سووكایەتی بێ، چونكە خۆشەویستی تا ڕادەیەكی زۆر لە مانای ڕاستەقینەی خۆی لایداوە. ئەویش لەبەر ئەوەی هێرش و هەڕەشەی ڕەزاقورسەكان كاریان تێكردووە و پێی‌ناوەتە بارودۆخێكەوە ناتوانێ خۆی بناسێنێ و داكۆكی لە خۆی بكات. من تێدەكۆشم بۆ ڕاستكردنەوەی ئەم مەسەلەیە، كادیرێك و شەڕكەرێكیش بم و هیچ پەرۆشی‌یەكم بۆ گەیشتن بە خۆشەویستی نی‌یە. من لەم بابەتەدا سنووری خۆم دەزانم و باش كەسایەتیم هەڵدەسووڕێنم. من لەم شەڕەدا بە زۆری كادیرم و هێندێكیان ئەوە نابینن. خۆزگە جوانی ئەو ژیانەتان بدیبایە كە ئامانجمان دروستكردنیەتی. ئەوسا لەو مرۆڤە حاڵی دەبوون كە لە ڕێگای ئەم بزووتنەوەیە دەستی بەم شەڕە كردووە و ئەمەش ئەو هۆیە بنچینەیییەیە كە شەڕ بەم شێوەیە لە پێناویدا پەرەی سەندووە. دەروو كەرەوەكانی جوانی بنچینەن و من لە هەموو كارێكدا كە دەیكەم بە شوێن چڵەپۆپەی جوانیدا دەگەڕێم.
ی.ك: بێ‌گومان. بابەتەكە پێوەندی بە شێلگیری‌یەوە هەیە و كێشەی بایەخ بە خۆدانە، ئەو مرۆڤەی كە دەڵێت: «من پەمووم بە جوانی دەچنی» و «دەغڵم بە جوانی دروێنە دەكرد» و «گەڵام بە جوانی كۆدەكردەوە»، من دەڵێم مرۆڤێكی شێلگیرە و لە منداڵی‌یەوە بایەخی بەخۆی داوە. بایەخ بەخۆدانی مرۆڤ شتێكی گرنگە. كە دەچنە جێگایەك و مرۆڤ لە یەكەم چاوپێكەوتنەوە پەسندتان دەكات، ئەوە شتێكی ئەوپەڕی گرنگە. جا لەم توختە نیگایەوە، كارێكی ئاسانە مرۆڤ عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەك سەركردەیەك قبووڵ بكات. لە دیدارەكەی پێشوودا هەوڵمدا ئەوە بخەمەڕوو. وەختێك منداڵ بووی، منداڵانی دەوروپشتت پەردەیان لەسەر ئەم هەستانە لادەدا؟ لایەنی دووەمیش ئەمەیە: ئایا هاوڕێكانت لە زانكۆ ڕاستەوخۆ قبووڵیان دەكردی؟ لە كاتێكدا زەحمەتە ئەو كەسانەی كە تەمەنیان لێك‌نێزیكە سەركردایەتی یەكتر قبووڵ بكەن.
س.پ: بێ‌گومان پەسندكراو بووم. «موعەمەر ئاكسۆی»ی مامۆستامان كە مامۆستای دەرسی دەستوور بوو لە دەرسێكیدا گوتی: «یەك گەل لە توركیادا هەیە، نیشتمانەكەی یەكپارچەیە جوێ ناكرێتەوە». ئەو كاتە وا وەڵامم دایەوە: «نەخێر توركیا لە دوو نەتەوە پێكدێت و نیشتمانیش دوو نیشتمانە». ئەم هەڵوێستەم چەپڵەیەكی توندی بە نسیب بوو. ئەمە لە كاتێكدا كە هەموو قوتابیانی پۆلەكە كوڕانی گەورە ئەفسەران و پارێزگاران و بیرۆكراتەكان بوون و خۆشیان دەویستم و تا ئێستاش زۆریان ماون. مەسەلەكە بریتی بوو لە دركاندنی قسەیەكی جوان.
ی.ك: جاروبار لووتم دەبێ بە لووتی ئەو قوتابیانەوە كە هاوقۆناخی خوێندنت

بوون و هێندێکیان لەگەڵ ئێمەدا لە زانکۆ وەك مامۆستا ئیش دەکەن و جاروبار باست دەکەین. یەکێك هەیە...

س.پ: بەڵێ، برادەری نیزیکی من بوو. ئەگەر پاشگەز نەبووبێتەوە باشە.

ی.ك: پێوەندیمان باشە.

س.پ: خراپ نییە، ئێستا بزووتنەوەکەمان هەمان کات بزووتنەوەی لە یەکدانی جوانییە. ئەگەر ئەم هەموو مەسەلانە لەگەڵ یەکدیدا کۆبکەیتەوە، ئەو دەمە دەبینی کە من هەر شۆڕشگێڕێکی سیاسی نیم. ئەگەر لە هەر کوێیەکەوە بتەوێ تێم‌بڕوانی، ئەوسا دەبینی پێبەندی مرۆڤی جوانم و ئەم مرۆڤەش پێوەندی بە کردەوە و کورد و جوگرافیاوە هەیە و پاشەڕۆژ لەم بابەتەدا قووڵ دەبمەوە.

ی.ك: من ئێستاکە هەست بە بەختیاری لایەکی دیکە دەکەم، لەبەرئەوەی کە ساڵانی ١٩٨٧ـ١٩٨٨ بەدواوە پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK» و عەبدوڵڵا ئۆجەلان و بایەخیانم ناسی و بەو پێیە هێندێك هەڵوێست و هەنگاوی داواکراوم دیاری کرد. بەڵام من تا ئێستا ناسنامە و کەسایەتییەکتان تێدا دەبینم کە چوارچێوەی سیاسی تێدەپەڕێنن.

س.پ: بە دڵنیاییەوە. سیاسەت بێ‌ئەندازە هاتووەتە نێو ژیانم و دوورایی سیاسیشم لەلا زۆر چڕوپڕە. وەك لەم ئاخاوتنەمدا دەرمخست، ژیانم زۆر لەوە تێدەپەڕێنێ.

ی.ك: بەڵێ سەرکردەی ئازیزم. ئایا باسی جوگرافیا و میزوپۆتامیا و دەوروبەری بکەین، یان ڕاستەوخۆ بێینە سەر پارتی کرێکارانی کوردستان؟ میراتی ئەو شارستانەتیە سەبارەت بە ئێمە چی بوو؟ بارەکە پێش (١٥ یا ١٠) هەزارساڵ لە ئێستا چی بوو؟ ئایا لەوێوە دەست پێ‌بکەین و وەك مرۆڤی ئەو ناوچەیە بیربکەینەوە؟ لە ئاخاوتنەکەتدا باسی ئەوەت کرد کە تۆ لە کۆنە گوندێکی ئەرمەنی خوێندت. ئایا لە میزۆپۆتامیاوە بڕوانینە ئەو ناوچەیە؟ یان بڕوانینە ئێران و تورك و کورد؟ یان درێژە بە باسی پارتی کرێکارانی کوردستان بدەین؟ چونکە ئەم هەموو خاڵانە لە بەرنامەکەمدان. ئایا لە «PKK»وە دەست پێ بکەین؟

س.پ: هەموو ئەو خاڵانە کە باست کردن پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK) دەردەبڕن و، حەز دەکەم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە.ئەگەر گوتمان: «بەرنامەی سیاسی و سیاسەتی ڕێکخستنی ئاوایە و چالاکیەکانی و پێکهاتنی حیزبی ئاوایە»، ئەو قسەیە لەم چوارچێوەیەدا ناسینێکی بەرتەسکی حیزب دەردەبڕێ و قبوولی ناکەم بەم شێوەیە لە حیزب بدوێین. بە کورتی(PKK) جوگرافیا و مێژووی مرۆڤایەتییە و شوێنەواری مێژوویی و شوان و تروپکی چیاو ئەستێرەی ئاسمانە. مەبەستم(PKK) ژیانێکی یەکپارچە دەنوێنێ. ئێستا هەمووان دەزانن کە پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK) دەستی کردووە بە تێپەڕاندنی ئەوەی کە حیزبێکی سیاسی یا تەنانەت بزووتنەوەیەکی ڕزگاری نیشمانی بێ. لەبەر ئەم هۆیە ناتوانن

بە ئاسانی پێناسەی پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK) بکەن. سەبارەت بەم بابەتە گەلێك نیشانەی پرسیار و تێکەڵ و پێکەڵ کردن لە عەقلی هەمواندا هەن. هەتا بێگانان و هاونیشتمانانی تورکیاش عەقلیان شێوێندراوە. کاتێك باسی میزۆپۆتامیاو کوردستان دەکەین، گەلێك بەهای مرۆدۆستانەمان بیردەکەونەوە. ڕەوتی مرۆڤایەتی لە میزۆپۆتامیا بەلای منەوە شتێکی زۆر پیرۆزە. جیا کە هێندێك بەڵگەم بینی، بایەخێکی گەورەم بەوەدا، وەك هەستی هەڤالبەندی لە داستانی «گلگامێش»دا و ڕووداوی کەشتی نووح «خوا لێی ڕازی بێ»و شوێنەوارەکانی نەمروود و دۆڵی فورات. هەموو ئەمانە زۆر گرنگن.

ی.ك: بۆ نموونە، زێدی لە دایك بوونتان سەر بە ویلایەتی «ئوورفە»یە.

س.پ: بەڵێ، شوێنەوارەکانی ئیبراهیم خەلیل لە ئوورفەن و زۆرگرنگن. ئاوی دیاربەکر و قەڵای «خۆشاب» لە وان و کلێسەی «ئەقدامار»یش گرنگن. هەر کاتێك کلێسەی ئەرمەنەکان دەبینم، مەزنی ئەو خەڵکانەم بیردەکەوێتەوە. شوێنەواری دیکە هەن بە کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە. پێم دەکرێت زۆر نموونە لە سەر ئەوە بدەم. بە قەناعەتی من باڵندەکانی کوردستانیش بەش بە خۆیان ڕۆشنبیری‌یەکی جیاکراوەن. تا ئێستاش وێنەی ئەو گژوگیایانەم لە خەیاڵمدا پاراستووە. کێلگەکانمان بەروبوومێکی زۆروزەبەندی وەك هی ئەورووپا بە دەستەوە نادەن، بەڵام من تا ڕادەی پەرستن گرێدراویانم. ژیانم لە گژوگیای ئەو کێڵگانەدا بەدی‌کرد و هێشتا عاشقیم و وەك چۆن ناوی خۆم دەزانم ئاواش دەزانم هەریەکەیان لە کوێ دەڕوێن. گرێدران بە سروشت و مێژووەوە زۆر گرنگە. بە پێی باوەڕی من مرۆڤایەتی پشت ئەستوور بە بەروبوومی سروشت کە پاشتر ناسی پەرەی سەند. من هەموو ئەمانە وا دەبینم کۆمەڵە هێڵێکی مرۆڤایەتی بن و بێ پێچ‌وپەنا لە یەك چوارچێوەدا بن.

ڕۆشنبیری چەندەها گەل لەم ناوچەیەدایە. ئەوە وەڕزم دەکات، کە ڕۆشنبیری ئەم هەموو گەلانە بە هی یەك گەل دابنێین. تورکان دێن و وەك دەستبڕ تاڵانی دەکەن و دەڵێن: «ئەمە بۆ ئێمەیە». عەرەب دێت و پێ‌بەپێ دەڵێن: «ئەمە بۆ ئێمەیە». ئەمە تێڕوانینێکی نەتەوەیی بەرتەسکە. بۆیە پێویستە لە ڕووی چەمکی نەتەوەیی بەرتەسکی ئەم ناوچەیەدا ڕابوەستین و بە کەمی بگرین. دەبێ پێیان بگوترێت: «ئەوە چی دەکەن» ئەم جۆرە تەنگەتاوکردنانە هەتا لە سەردەمی پێغەمبەریشدا نەبوون. دەکرێت ڕەخنە ئاراستەی هێندێك لەو قۆناخانە بکرێت کە ئاینە ئاسمانیەکان پێیاندا ڕەت بوون. بەڵام سەرەڕای ئەوە دەبێ گشت ئاینەکان پیرۆز ڕابگیرێن و ڕێزیان لێ‌بگیرێت. ئەم تێڕوانینە نەتەوەییە و ئەم خۆرئاوایی بوونە لە پای چی؟ بە بچووك گرتنی بەها مێژووییەکان و زەوتکردنیان، لە ڕێگای نۆکەران و خزمەتکارانی خۆرئاواوە نەبێ ناکرێت. هەموو ئەمانە لەگەڵ چەمکەکانمدا جووت نایێنەوە. با بڕوانینە ئێران کە لافی ئیسلامی سەرپەرگر لێدەدات. لە ڕاستیدا و بەڕای من جۆرێکە لە نەتەوەپەرستی و ئەمڕۆ دەیەوێ بە

دیمەنی بۆرژوازی نەتەوەییەوە خۆ دەربخات و بۆ ئەوە رووپۆشی ئیسلامی بەکاردەهێنن. هەموو ئەمانە فریان بە سەر خەسلەتەکانی نە شۆرشی ئیسلامی و نە دەرکەوتنی شۆرشگێرانەوە نییە. لەبەر ئەم هۆیە پشت بە نەتەوەپەرستی دەبەستن. عەرەب هەر ئەوەندە لە پرنسیپە ئیسلامیەکان تێدەگەن کە لەگەڵ نەتەوەپەرستیەکەیاندا دەگونجێ. هەرچی تورکیشە، ئەوە ئیسلام ئاینێکی نەتەوەیی تورکی پەتییە.

ی.ك: ئاپۆی برام من پێم وایە چەمکی کەمالیزم بۆ مێژوو و نەتەوایەتی کە تورکان لەبەر رۆشنایدا پەروەردە بوون و تارادەیەکیش کاری کردووەتە سەر کورد، بووەتە کۆسپێك لە رووی ناسینی گەلانی ناوچەکەدا کە کێشاویەتیەوە بۆ گەلێك ناتەواوی و هەڵەی زل زل. کەمترین شتێك کە لەبارەی ئێرانەوە بیزانین - بە باوەری من - ئەوەیە کە ئێران دوو خەسلەتی هەن: یەکەم - شارستانێتییە و. دووەم - دەولەتێکی پەلهاوێژە و پتر لە تورکیا سەرمایەدارییە. سەرباری ئەوە تورکان متمانەیان بە خۆیان نییە، بەلام ئێران زیاد لە پێویست متمانەی بە خۆی هەیە. تورکان لەم دواییەدا کەوتنە بایەخدان بەم خاڵە، پاش ئەوەی پشت گوێیان خستبوو. رۆشنبیرانی کوردیش رۆشنبیری تورکی کاری تێکردوون. هەرچی ئێرانە بستەبالا بووە. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ بە بچووك تەماشای بکەین. چونکە لە ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە رۆشنبیرییەکی گەورە و ئیمپریالی هەیە. وەك گوتتان ئەو ئیسلام وەك ئامرازێکی پەلهاوێشتن دەخاتەکار، لە کاتێکدا ئیسلام تاکو ئێستا لە تورکیاشدا هێشتا ئامرازێکی پەلهاویشتنە. کە سۆڤێت هەرەسی هێنا، تورکیا ویستی لە سایەی ئیسلامدا روو بە ئاسیای ناوەراست پەل بهاوێژێ. بەلام ئێران شارەزاییەکی زیاتری لەو ناوچەیەدا هەبوو و گەیشتە «تاجیکستان - کازاخستان - ئازەربایجان - ئەفغانستان» و هەتا گەیشتە ئێرەش. ئەوانەی وا لە کوردستان ناوی «حزب الله»یان بە سەر خۆیاندا بریوە هەر ئامرازێکی پەلهاویشتنی ئێرانن لەو ناوەدا.

س.پ: بەلێ..حالیم. ئەوانە هەر لە سەرەتاوە ئیسلامیان وەك ئایدیۆلۆژییەك بۆ پەلهاویشتنی ئیمپریالی خۆیان بە دەستەوە گرت. تورکان هەزار ساڵە بە ناوی ئایدۆلۆژی ئیسلامەوە درێژە بە داگشانی خۆیان دەدەن. ئێرانیەکان و عەرەبیش ئیسلامیان بەکارهێنا.

ی.ك: ئەمە سەبارەت بە ئێران رۆشنە. لە پێش زاینەوە هێزێکی ئیمپریالی بووە. ئێمە کە بە ئایدیۆلۆژی کەمالیزم پەروەردەبووین، هەمیشە لەبەردەم خۆرئاوادا خۆمانمان بە بستەبالا هاتووەتە بەرچاو.

س.پ: تۆ ناچارم دەکەی بلێم: تورکەکان بوونە نەتەوە، بەلام ئاسۆیان زۆر تەنگەبەر بوو و لە شۆڤێنیزمی خێلەکی دەچێ. کەمالیزمیش چوارچێوەکەی لەوە تەنگەبەرترە. بێناوەرۆکە و هیچ دوورابیەکی میللی نییە و تێگەیشتنی لە نەتەوە بە ئاستەم لە شۆڤێنیزمی خێلەکی تێدەپەرێنێ. هەر لەم دەستپێکەوە چۆن دەتوانێ

بەم شۆڤێنیزمە و بەم بنیاتەوە کە لە خۆی بەدەر کەسی دی نابینێ، لە ئێران و ئەوروپا تێ‌ بگات.

ی.ك: منیش مەبەستم ئەمە بوو. ئێران هێزێکی پەلهاوێژە لەم ناوچەیەدا. پێویستە وریای ئەوە بین.

ئەگەر میللەتێکی تورك هەبێ ڕزگار بکرێت، ئەوە دەتوانێ ڕزگار بێت و پێش بکەوێت بە مەرجێك لە کەمالیزم ڕزگار بکرێت.

س.پ: تورکیاو ئێران دوو دەوڵەتی پەلهاوێژن. دەبێ هەموو مرۆڤێك بە چاوپۆشین لە نیشتمان و گرێدرانی نەتەوەیی خۆی بەرهەڵستی کاری پەلهاوێشتن بکات و بزانێ چۆن بەرانبەر بەوە بەرخۆدان دەکات. ئەمە قەناعەتی منە. بەڵام بیری نەتەوەپەرستی تورکی بەرتەسك مرۆڤی تورکی بە شێوەیەکی جەرگبڕ سەرگەردان کرد و لە نەزانی‌یەکی بەربلاودا بە جێی‌هێشت و سەرقاڵی کۆمەڵێك مەسەلەی بێ‌بایەخی کرد. لە ئەنجامی ئەمەدا چووە نێو شەڕ و شۆڕێکەوە کە بەلایەوە گرنگ نین و بەوە مەرگ و نەهامەتی بە سەرخۆیدا هێنا. ئەمە لە بیرتەسکی توێژە حوکمدارەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. حوکمداری تورك بە شێوەیەکی بێ‌وێنە گەلەکەی خۆی سەرکوت کردووە و مێژووی تورکیش لەم ڕووەوە یەکجار بەد و چەواشەکراوە.

ی.ك: دوا نموونەت لە سەر ئەمە دەدەمێ. گەیشتووینەتە پلەیەك ئەو کۆمارە تورکی‌یانەی کە لە سۆڤێت هەڵبڕاون، وەختێك پێ‌یاندەڵێین ئێمە ڕزگارتان دەکەین باوەڕمان پێ‌ناکەن. بەهۆی ئەوەوە هەرگیز تورکیایان خۆش ناوێ.

س.پ: وێنەی بلاوی تورك ڕور درێوە. بۆیە کەس تورکی خۆش ناوێ، تەنانەت ئەو کۆمارانەش تورکیایان پێ‌قبوول نی‌یە.

ی.ك: کۆنگرەی کۆمارە تورکیەکان لە ئەنقەرە کرا. گوتیان لە ئاستی ناوچەکەدا چلەپۆپە بوو. بەڵام ئامادەبووەکان گوتیان نا.... گوتیان بازاڕێکی هاوبەش و واو وا.... بەڵام کەس پێی ڕازی نەبوو، ئەو کابرا سەرەتاییە نەبێ کە «شیبی»ی پێ دەڵێن.

س.پ: ئێمە لێرە باش لە کەمالیزم تێ‌دەگەین. هێندێك ناکۆکی لە کۆمەڵگای تورکیدا پەرەیان سەندووە. ئەوی ڕاستی بێ ناکۆکی‌یەك لە نێوان لوتکە و بنکە و نێوان کۆمەڵگا و سیاسەت و ڕاستی سوپا و نەتەوەدا هەیە. چەند ناکۆکی‌یەکی شێلگیر هەن پەرەدەستێنن. پێویستە مرۆڤ دەست بخاتە سەر ویژدانی خۆی و هەوڵبدات بە ڕاستی لەم ناکۆکیانە حاڵی ببێ. پێویستە بە وردی لە ڕووی کەسایەتی‌یەوە لە کەمال بکۆڵدرێتەوە و، ئەگەر چی دەوری سەرکردایەتی لە پێناوی بنیاتنانی دەوڵەتدا ببینی. بەڵام بە پێی قەناعەتی من. لە بری

سەرکردایەتی کردن کۆنترۆڵ و زەوتکاری کرد. لەم لایەنەوە هەوڵەکانی کازم قەرەبەکر لە هی ئەو گەورەترن، وێڕای ئەوەی کە دەور و کۆششەکانی ڕەئووف ئۆربای و عەلی فوئاد جەبسۆی کەم نەبوون، بەڵام ئەوانە کەوتنە حاڵی نەبوون. ئەم کابرایە وەك لاساییکەرەوەیەك هات و ئەوانەی بەکارهێنا و هەوڵەکانیانی زەوت کرد و خۆی کرد بە پیاوی یەکەم و ڕۆیشت. ئەمە هەڵسەنگاندنێکی ڕاستە. ئەم شێوە قەبە و گەورەکردنەی کەمالیزم ناچێتە قوڕگی خزمەتکردنی نەتەوەی تورکەوە. من ئەوە ناڵێم هەر بۆ ئەوەی کەمالیزم بە بچووك بگرم و ڕیسوای بکەم، بەڵکو بۆ ئەوەی بۆتانی ڕوون بکەمەوە کە ئێوە بە کەمالیزم بوون بە بستەبالا. ئەوەی لە ئارادایە تورك لە ڕێگای کەمالیزمەوە خۆی دەکات بە بستەبالا. مرۆڤێکی لەم شێوەیە تا ئەم قەوارەیە قەبە دەبێ و پاشان باسی مەزنی مرۆڤی تورك دەکات! ئەمە ناکۆکیەکی گەورەیە. بە زاتێکی تەواوەوە ئەم ناکۆکیە وەلابنێن، مرۆڤی تورك هیچی لێبەسەر نایێت. ئەگەر سیللەتێکی تورك هەبێ ڕزگار بکرێت، ئەوە دەتوانێ ڕزگار بێت و پێش بکەوێت بە مەرجێك لە کەمالیزم ڕزگار بکرێت. سەبارەت بەم بابەتە ڕووی ئاخافتنم دەکەمە پیاوانی زانست و نوسەران و نێوەندە ڕۆشنبیری و پێیان دەڵێم «ئێوە کەسایەتی مرۆڤی تورکتان بستەبالا کرد بەرامبەر بە قەبەکردنی کەمال».

ی.ك: کە گەیاندیانە پلەی خوا، خۆیان بوون بە کۆیلە.

س.پ: بەڵێ کردتانە خوا و بوون بە کۆیلە. لە دیموکراسی و توانایییە شاراوەکان دوورکەوتنەوە. لەبەر ئەم هۆیە نەتانتوانی تەنانەت چینێکی سەرمایەداریش پێکبهێنن.

ی.ك: بە پێی تێگەیشتنی من و وەك ئەو نموونەیەمان لەسەر ئێران، چاویلکەی وایان خستووەتە سەر چاوی خەڵك، ڕوانین دەشارێتەوە و چاو لێکدەنێت و دنیا تاریك دادێنێ. واتە دنیات بە شێوەیەکی شێوێندراو پێشان دەدات.

س.پ: وەك گوتەکەی ئەتاتورك: «یەك تورك دنیا دەهێنێ». کەس دەسەڵاتی بە سەر بە چێهێنانی ئەم قسەیەدا ناشکێ. بەڵێ دەکرێت ئەم گوتەیە بۆ بەرزکردنەوەی وەرەی تورك بڵێی و دەتوانی بە پێی هەمان تەرز بڵێی «من چەندە بەختیارم چونکە تورکم». بەڵام بڕوانە ئێمە، من هەڵوێستێکم بەرانبەر بە کورد هەیە و ڕێزی گەلی کورد دەگرم و پێوەی گرێ دراوم. ئەمە لە ڕێگای کردەوەوە سەلمێندراوە. وێڕای ئەوە گەورەترین تۆمەت و ڕەخنەی ئاراستە دەکەم و هێشتاش ئەوە دەکەم و دەڵێم: پەسندکردنی ئەم ژیانە سووکایەتییەکی گەورەیە و لێتان حەرامە بخۆن و بخۆنەوە و ژیانتان پڕاوپڕی بە کەمگرتن و هیچ و پووچییە. ئەو گەلەش کە بە هەموو ئەمانە قایل دەبێ شایانی نەفرەتە. هیچ شتێك نییە شایانی شانازی پێوە کردن بێ. ئێستاکەش با بڕوانینە گوتەکەی مستەفا کەمال. تورکان لە بارودۆخێکی قورس و پڕسووکایەتیدان. سەرباری ئەوە دەڵێت: «من چەند بەختیارم...واو وا». وەرەتان چەند بەم قسەیە بەرزدەبێتەوە و تا چ ڕادەیەك دەتوانن

دەست بە شەڕێکی ڕزگاریخواز بکەن؟ وەك لەواقیعدا دەبینن نەیانتوانیوە خۆ لە هیچ شتێك قوتار بکەن. ئێوە دەچنە ئەمەریکا و لێیدەپاڕێنەوە و دەچنە ئەوروپا و ئەنادۆڵ دەفرۆشن و هەوڵێکی بێپسانەوە دەدەن و بەناوی سیاسەتەوە تەنازولی ترسناك پێشکەش دەکەن، ئایا ئەمەیە ڕزگاربوون؟ ئایا ئەمە تورکان مەزنتر و مەزنتر دەکات؟

ی.ك: تێڕوانینی «PKK» بۆ میللەتی تورك لە هی بزاڤەکانی دیکەی ڕزگاری نیشتمانی و هەتا بزاڤە کوردیەکانی دیکەش جیاوازە. ئەوەی ڕاستی بێ ئەو بزاڤانە هیچ دەورێکیان نەماوە. ئەمە خاڵێکە ئێوە لەوان جوێ دەکاتەوە و زۆر گرنگە. لای «کەمال پاشا» زێدەڕۆیییەکی زۆر بە میللەتی تورکەوە دەکرێت. ئەگەر وەکو زێدەڕۆییش قبووڵی نەکەین، ڕازی بوونە بە واقیعی دامەزراو و ئەو هانی خەڵکی نەداوە بۆ گۆڕینی ئەم واقیعە. خاڵێك هەیە لای «PKK» تێبینیم کردووە و لە دادگاکان و کۆڕەکاندا گوتوومەتەوە: «عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرکردەی(PKK) دەیەوێ کورد بگۆڕێ و بەرزیان بکاتەوە. لەبەر ئەم هۆیە یەخەگیری ڕەخنە لێگرتنێکی توند دەبێ». ئەمە ئەو خاڵەیە کە لە کەسانی دی جوێتان دەکاتەوە و هەمیشە مایەی شانازی پێوەکردنە.

س.پ: ئەمە شێوازی بنچینەییمە و ناتوانم پەرەی پێبدەم یا بیگۆڕم. بەڵام دەبێ ڕەخنەی تورکی بە ڕێگایەکی ڕاست بێ. دەبێ ڕەخنەتان لە کەمال پاشا گەورەتر بێ. ئەمە نکووڵی کردن لە کەمال یا تورکان ناگەیەنێ. ئەگەر تورك ویستی هەناسە بدات و واقیع بێن بێ، پێویستە ڕەخنەی توندی لێبگیرێت. باسی ئێرانتان کرد، بەڵام هەر لە ئێراندا نا بەڵکو ئەگەر مرۆڤ ویستی قەرەی مرۆڤایەتی بکەوێ ئەوە ئەم قسەیە ڕاستە. با تێڕوانینی کەمال بۆ کورد وەربگرین. ئاخۆ «وەك کەر یا ئەسپ یا حوشتر یا مەڕ» لا لە کورد دەکاتەوە؟ ئەمە ڕوون نییە، چونکە جۆری ئەو کۆلۆنیالیزمەی دیاری نەکردووە کە بەسەر کورددا جێبەجێی دەکات و دەبێ ئەمە هەر بە شۆڤێنیزمی ترسناك لێکبدەینەوە. تەنانەت نەیدەزانی چۆن کاروباری کورد هەڵبسووڕێنێ و بەڕێوە ببات. جڵەوی بۆ سوپایەکی دڕندە شل کرد تا سەرجەم شێوازەکانی شەڕی تایبەت بە ڕێگای «بکوژە و سەرببڕە» و بە بێحسێب بە جێبهێنێ. هەموو ئەمانە تورکەکان بە کوێ دەگەیەنن؟

«حزب الله» لافی ئیسلام لێدەدات، بەڵام هێزێکی هیچ و پوچی پشت هەموو تاوانێکی گەورە و چەپەڵە.

ی.ك: گەیشتینە قۆناخێك ئەگەر هەر سەرۆك دەوڵەتێك تێیدا گوتی: «کورد لە تورکیا هەن» چەپڵەیەکی توندی بە نسیب بوو و کورد و تورکیش چەپڵەیان بۆ لێدا. مانای وایە پێش ئەوە گەورەترین تاوان لە ئارادا بووە و لەبەرئەمە چەپڵە

٥

لێدەدەن. ئەم سەرۆکە هیچ ناکات مایەی شانازی پێوەکردن بێ، بەڵکو هەر ڕاستی‌یەکی پێ‌قبووڵە کە بە زۆر زەوت کرابوو. ئێمە کاتێك چەپڵە لێدەدەین دەڵێین: «باشە و بۆ پێشەوە و ئەمە کرانەوەیەکی گەورەیە» وا نی‌یە؟ توورگووت ئۆزاڵ نموونەیەکی ئەوە بوو.

س.پ: ئەوە بارودۆخێکە تەریقی و شەرم دەخوازێ. هەتا سوڵتانەکانی عوسمانیش لەم لایەنەوە لە سەرۆکەکانی کۆمار زیاتر وەزعێکی پڕ ڕێزیان هەبوو. خۆ سوڵتانەکان بە سوڵتان عەبدولحەمیدیشەوە وەك ئەوانە شاڵاویان نەبردە سەر زمان و ڕۆشنبیری و ژیانی کوردەواری. کەچی پاشاکان و سەرۆکەکانی کۆمار کوشتاریان دەرهەق بە ئێمە کرد. پێم وانی‌یە گەلێك هەبێ ئەوەندەی کە گەلی کورد تووشی هاتووە، کوشتار و قەتل‌وعامی دەرهەق کرابێ و دووچاری ڕیشەکێش کردن بووبێ. نموونەی تورك لە تاوانەکانیدا لە هیتلەریش تێ‌دەپەڕێنێ. جا لەبەرئەوەی کە جوولەکە کاریگەر بوون لە جیهاندا توانی‌یان ناوی هیتلەر بزڕێنن. بەڵام ئەمە بۆ ئەرمەنەکان وا نەکەوتەوە، بۆیە نەیانتوانی بکەونە باسی تاڵاو چێشتنیان بە دەست تورکانەوە. هەروەها لە گۆڕەپانی نێو دەوڵەتیدا قسەکەرێك بە ناوی کوردەوە نەبوو، لەبەرئەمە نەیانتوانی دەردەدڵی خۆیان بکەن. بۆیە من دنیا هەڵدەستێنم و دایناینشێنمەوە. باوەڕم وایە ئەم چەشنە تاوانە لە مێژوودا نەکراوە. ئەوان تێکدانی سەربازی و سیاسی‌یان پێ‌بەس نی‌یە، بەڵکو دەستی تێکدانیان دەگاتە خاسیەتە بنچینەییەکانی مرۆڤ. چ فەلسەفە و چ ئاینێك ئەمەی پێ‌قبووڵە؟ لە کاتێکدا دەبینین«ڕەفاه» و «حزب الله» و موسڵمانان تێکڕایان پێ‌یان قبووڵە. حزب الله لافی ئیسلام لێدەدات، بەڵام هێزێکی هیچ و پووچی پشت هەموو تاوانێکی چەپەڵە. ڕەفاه ترسناکترین هێزی گڵاوە. هەر چی حیزبە بۆرژوازیەکانی دیکە و فەیلەسووفان و مامۆستایانی زانکۆ و حاجی‌یانیشن یەکێکیان لێ‌پەیدانابێ بڵێت: «تۆ گەمە بە بەها بنچینەیی و مرۆڤایەتیەکان دەکەی و سەرپێچی ڕێنوێنیەکانی ١٢٤هەزار پێغەمبەر دەکەی. کوا ئیمان و ویژدانت؟ وە تۆ دژی فەلسەفەی ڕۆژئاوا کاردەکەیت، ئەی کوا مرۆڤایەتیت».

ی.ك: باشە سەرکردەی ئازیزم. با کەمێك باسی فەلسەفە بکەین. وانی‌یە؟ لام وایە کەمال پاشا لە هەڤاڵان و دەست و پێوەندەکانی زیاتر پاشکەوتوو بوو و، لە ساڵی (١٩٢٠)دا و لەبەر چەند هۆیەکی جۆراوجۆر کردیان بە سەرۆك. پاش ئەوە - واتە لە ساڵی(١٩٢٥-١٩٢٦) بەدواوە تا دەگات بە ساڵی ١٩٣٠ - بنچینە سەرپێی‌یەکانی کەمالیزمی بە شێوەیەکی کاتی دانا و کەوتە خۆ بۆ کۆکردنەوە و سڕینەوەی میللەتی کورد. لایەنی سەرنجڕاکێش ئەوەیە: توانی لای کورد خۆیشی میللەتی کورد پەردەپۆش بکات.

پێم وایە کەمالیزم پێوەندی‌یەکی جیاکراوەی بە «ئەرەبیسك»ەوە هەبوو. مەبەستم لە «ئەرەبیسك» ئەوەیە هەموو شتێك لە جیهانی عەرەبدا بە ڕووکەشی و قووڵ نەبوونەوە و ڕۆنەچوون بۆ بنج و بناوان جوێ دەکرێنەوە. کەمالیزم ئایدیۆلۆژی

«ئەرەبیسك»ە بە مانا فەلسەفی‌یەكەی. دەتوانین لە بارەی ڕووداوەكانی ئێستاوە بڵێین: «لیكترازانێكی مێژوویی»ن، چونكە كۆتایی دەوڵەتی كەمالی كە تووشی چەندین ڕاچەنینی گەورە بووە لەسەر دەستی میللەتی كورد دەبێ. من وەختێك دەڕوانمە پارتی كرێكارانی كوردستان بە سەركردایەتی ئێوە، ئەم خەسڵەتانە دەبینم. وەك ڕوونتان كردەوە سەركەوتن و دەرەوشانەوەی كورد خەریكە بڵاودەبنەوە. ئەگەر بڵاوبوونەوە، ئەوا ئاڵای مرۆڤایەتی بەرز دەكەنەوە. ئەمە لە لایەكەوە، بەڵام لە لایەكی دیكەوە ئەوە وەك سەرەتای ڕووكردنە مرۆڤی ناوچەكە وا دەبێ. لە گۆشە نیگای توركەوە پارتی كرێكارانی كوردستان (PKK) یەكەم هەڕەشەی بنچینەیی و شێلگیر بۆ قەوارەی حەفتا ساڵەی دەوڵەتی توركیا دەنوێنێ. ئایا لەسەر ئەم بارودۆخە بڵێین «لیكترازانێكی مێژوویی»یە؟

س.پ: دەتوانین بڵێین سزای ئەو گوناح و تاوانانەیە كە دەوڵەتی توركیا دژی كورد و گەلانی دیكە و هەتا گەلەكەی خۆیشی كردوونی.

ی.ك: ئێستاكە ئەم سزایە بە دەستی كورد جێبەجێ دەكرێت.

س.پ: هەوڵماندا ئەمە سزای گوناحە گەورەكان بێ، بەڵام بەس نی‌یە. خۆ كەمالیزم بە كردەوە جۆرێكە لە «ئەرەبیسك» و گڵاو و مەكرۆ و ڕووكەشی‌یە. گەمەیەكی تەكتیكی‌یە بۆ دەست بە سەر داگرتن و كۆنترۆڵ كردن. خاڵێكی دیكە هەیە دەمەوێ ڕوونی بكەمەوە، ئەویش ئەوەیە كە ئیمپریالیزم، كەمالیزم و هاوپیرەكانی بە گونجاوترین ئامراز دەزانێ بۆ بالكێشانی دەسەڵاتی. گەلێك نووسەریش لە كاتی هەڵسەنگاندیاندا بەم شێوەیە دەیبینن. كەمالیزم وەك ڕژێمێك بە جیهاندا بڵاودەبێتەوە چونكە زۆر سوود بە ئیمپریالیزم دەگەیەنێ و دەزگایەكی لە باری نۆكەرایەتی‌یە.

ی.ك: واتە خۆ ڕەتكردنەوە و سیاسەتی باوی خاوەن دووڕوو؟

س.پ: بە دڵنیاییەوە. ڕژێمی كەمالی بنچینە مێژوویيەكانی كۆمەڵگای خۆی دەشێوێنێ و ڕەتیان دەكاتەوە و دەرگا لە بەردەم خۆرئاوادا دەخاتە سەرپشت و دەچێتە نێو چەند پیلانێكی خیانەتكارانە و سەرپێیی دژ بەم گەلە. ئەمە چەك داماڵینی ئەم گەلە دەگەیەنێ لە بەرانبەر ئیمپریالیزمدا. هیچ ڕژێمێك لە جیهاندا نی‌یە گەلەكەی چەك كردبێ وەك ڕژێمی كەمالی كردوویەتی. ئەمە ئەو پشتیوانیە گەورەیە لێكدەداتەوە كە ئیمپریالیزم پێشكەشی كەمالیزمی دەكات. دەنا بۆچی هەموو ڕژێمەكان بە ڕژێمە پاشماوەكانی هەرەس هێنانی سۆشیالیزمی بنیات نراویشەوە پشتیوانی ڕژێمی كەمالی (١٢)ی ئەیلوولی كرد بۆ بەرەنگاربوونەوەمان؟ چونكە ئەو ڕژێمەیە كە بە تەواوی گەلەكەی چەك دەكات و لەبەر چاوی كاڵی خۆی پشتیوانی‌یان نەكردووە. لەبەرئەوەی ئەم تەرزە ڕژێمە تەرزی چەك كردنی گەلانە. بۆیە كەمالیزم ئەو ناوەیە كە دەتوانین لە باشترین نۆكەری ئەڵقە لە گوێی بنێین كەوا داواكاری‌یەكانی ئیمپریالیزم بە تەواوی جێبەجێ دەكات. كاتێك كەمالیزم شی‌دەكەینەوە، پێویستە وا لای لێنەكەینەوە كە

رووداوێکی هەڵاوێردەی ناوچەیی‌یە تەنیا تورکان پێبەندی بوون. ئەم جۆرە ڕژێمە لە جیهاندا بڵاوبووەتەوە و لەم ڕۆژماندا کۆڵەکە بنچینەییەکانی سیستەمی ئیمپریالی پێکدەهێنێ.

ی.ك: باشە. لەو کتێبەمدا کە بە ناونیشانی «چەند تێزێك لەسەر ڕوشنبیران»ەوە دامناوە، لە داب‌ونەریتی خۆرئاوا و ئەو نۆکەرایەتی‌یەی کە تورکان دەیکەن دوواوم. گوتوومە تورك ڕەگوریشەی نی‌یە. لەم پێودانگەوە دەتوانین بڵێین: ڕژێمە هاوشێوەکانی کەمالیزم سەرپاکیان ڕەگوریشەیان نی‌یە.

س.پ: ئەو ڕژێمەی کە باسی‌دەکەم هەر ئەوەندە بەس نی‌یە بڵێین بێ ڕەگوریشەیە. چونکە تەرزێکە ڕەگوریشەی خەڵکانی دی هەڵدەکێشێ. ئەوە بوو لە خۆرهەڵاتدا کەوتە ڕیشەکێشکردنی ڕوشنبیری ئەنادۆڵ. ئەگەر ئەم ڕۆشنبیریە بە ڕۆشنبیری‌یەکی جیهانی دابنێین، بەوە ئەم ڕژێمە شادەماری مێژووی بڕیوە. ئەم کارە لە ئیمپریالیزم بەدەر، کەس کەڵکی لێوەرناگرێ. بۆ نموونە ئینگلیزەکان بە شێوەیەکی سەیر پاڵپشتی ئەم ڕژێمە دەکەن. چەند ڕۆژێك لەمەوبەر یۆنانی‌یەك لە پەرلەمانی ئەورووپادا رووی دەمی کردە یەکێك لەو ئینگلیزانەی کە بە سیفەتی سەرۆك و قسەکەر بە ناوی ئەنجوومەنی ئەورووپاوە لەوێ بوو و گوتی: «کورد لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیادا ڕیشەکێش کراوە و تا ئێستاش ڕیشەکێش دەکرێت». درێژەی پێدا «کاکی وەزیر چی دەڵێی؟». کابرای ئینگلیز لەم قسەیە زیاتر دەروویەکی نەدۆزیەوە: «بەڵێ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) حیزبێکی تیرۆرکارە. شتێکی دیکە هەیە بیڵێی؟!». کابرا داکۆکی لە کەمالیزم کرد و مافی تەنانەت ڕەخنەیەکی سادەیشی بەو نەدا. ئەمە جێی‌تێگەیشتنە. خۆرئاوا بەرانبەر بەم خزمەتە پارچە ئێسکێك فڕێ دەداتە بەردەمی. سەرەنجام ئەو ڕاستیانەی کە کەمێك لەمەوبەر باسمان کردن دەکەونەروو و بە شێوەیەکی بێ‌تەمومژ ڕوون دەبنەوە. دیارە هەموو ئەوانەی کە گوتمان پێوەندی‌یان بە ڕاستی مێژوویی و ئەو بەها مرۆڤایەتیانەوە نی‌یە کە لای گەلانی تورك زمان هەن.

ی.ك: ئەوسا دەتوانین بڵێین: کۆماری تورکیا لە ساڵانی بیستدا دامەزرا. ئەو بەربەرەکانێ‌یانە کامانە بوون کە بەرەو ڕووی بوونەوە. لافی ئەوە لێدەدەن کە ساڵی ١٩٤٥ بەرەو ڕووی بەربەرەکانیی یەکێتی سۆڤێت بووەوە. بەڵام بە پێی ئەو کتێبانە کە هەمن و خوێندوومنەوە، ئەوە گەمەیەك بوو لە بنەڕەتدا بۆ پاڵ پێوەنانی ڕژێم بوو بۆ نێو باوەشی ئەمەریکا. هەروەها ئەو کودەتایەی کە لە ٢٧ی ئایاری (١٩٦٠)دا ئەوسا وەك خۆتازەکردنەوەی کەمالیزم وەها بوو. لە ساڵانی حەفتادا حیزبی ڕزگاری میللی تورکیا «THKP» وزەیەکی چەکدار بوو. بەڵام نەخشەی بۆ دەستگرتن بە سەر دەسەڵاتدا نە دەکێشا یا مەبەستی ڕژێم بە دەستەوە گرتن نەبوو. حیزبی ناوبراو دان بەم ڕاستی‌یەدا دەنێ. واتە هیچ بەربەرەکانێ‌یەکی شێلگیری ڕژێم لە گۆڕێدا نەبوو. کەواتە ئەم حیزبە بۆ چی بوو؟ بە تێپەڕاندنی ئەو هەموو ڕووداو و گۆڕانکاریانە و بە باوەڕی من ئێستاکە پارتی کرێکارانی

کوردستان «PKK»مان هەیە، بوونی ڕژێم هەر لە کوردستانی کۆلۆنیدا ناهەژێنێ، بەڵکو وەك سەرۆکی ئەرکانی دانی پێدانا ئەم حیزبە لە ئەزمیر و قۆنیە و بۆرسە و ئەستەمبوڵ دەنگدانەوەی دەبێ. ئەوان لەوە دەترسن، چونکە دوایی بە سیاسەتەکانیان دێنێ. پێم وایە پێشکەوتووخوازەکان لە تورکیا ئەمە نابینن. وانی‌یە؟

دەوڵەت و داروودەستەکانی لە تورکیا ئادگار و جوێکەرەوەکانی گەلی تورکیان ون کرد.

س.پ: گومانی تێدا نی‌یە کە بینینی سەرۆکی دەستەی ئەرکان لە هەر کاتێکی رابردوو پتر ڕاستی ڕەنگ پێ‌دەداتەوە و، پێم وانی‌یە تورکیا تێروانینێکی پێشکەوتووخواز یا چەپڕەوی تێدابێ. من ئەم کەرتە وا هەڵدەسەنگێنم کە هەرە داخراوترین و کۆنە پارێزترینە و هەڵوێستی ئەوانیش هەڵوێستی ڕاستڕەوەکانی سەلماند.

ی.ك: کاتێك دەڵێن داخراو من کەمالیزمم بیردەکەوێتەوە و کاتێك دەڵێن: «چەپی داخراو» وا حاڵی دەبم کە ئەوان هێشتا کەمالین.

س.پ: بەڵێ زۆر داخراو و بێ‌شێوە و خاوەن ڕایەکی خۆگونجێنن. جا لەبەر ئەوەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK» بناخەکانی دەوڵەتی تورکیا دەخاتە لەرزە، کاریگەری هەر لە خۆرهەڵاتدا ڕەنگ ناداتەوە، بەڵکو بۆ خۆرئاوایش درێژدەبێتەوە. ئەوان هەر لە کوردی ئەوێ نەترساون، بەڵکو لەوەش ترساون کە گەلی تورکیش بکەوێتە بەرخۆدان لە دژیان. ئەگەر گەلی تورکیا بوو بە پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەو دەمە دنیا دەگۆڕێت.

ی.ك: دەڵێن کاتێك گەلی تورك دەبێ بە پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK». ئایا مەبەستتان ئەوەیە کە گەلی تورك دەبێ بە شۆڕشگێر؟

س.پ: بێ‌گومان. من مەبەستم ئەوە نی‌یە ببنە ئەندام لە «PKK»دا، بەڵکو بوون بە تەرزی پارتی کرێکارانی کوردستان و بە شێوەیەکی تورکی. ئەوسا دنیا ئاڵوگۆڕ دەکات. لەوانەیە گەلی تورك چەندین توانایی هەبن و بتوانێ بە ڕێکخستنی حیزبی خۆی بکات لە شێوەی پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK»دا. ئەگەر گەلی کورد توانی‌بێتی بەم قۆناخە بگات، سەرباری لە بەر یەك‌هەڵوەشان و شوێنە ون بوونی بە ڕادەیەك کە پێی‌نەگوترێت گەل، ئەوا گەلی تورك دەتوانێ زیاتر لەوە بکات، چونکە هێشتا هێندێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی ماون و کێشەکەیشی لەوەدا پەنهانە کە کەسانی باڵ کێشاو بە سەر دەوڵەتی تورکیادا گەلیان لە ڕێگای خۆی لاداوە. ئەگەر گەلی تورك پێی‌نایە قۆناخی چەك هەڵگرتن یا قۆناخێك تێیدا بتوانێ لەو باڵادەستانە بپێچێتەوە لەسەر ئەو گوناحانەی کە کردوویانە، لەوانەیە شۆڕشێکی گەورە لەوێوە دەست پێ‌بکات و ئەو

دەمە گەلێك گۆڕانكاری گەورە ڕوو دەدەن. من لەوە تێدەگەم كە ئەم گەلە خەڵكانێكی نییە بە ناویەوە قسەبكەن. هەروەها تێدەگەم كە قسەكەری خراپ و دیماگۆگیش هەن. دەوڵەتی توركیا و دارودەستەكانی ئادگار و جۆیكەرەوەكانی گەلی توركیان لە دەستدا.
ی.ك: جوێ بوونەوە لە دەوڵەت نەریتێكە پێشكەوتووخوازەكان و چینی ڕۆشنبیران لە توركیا نییانە و زەحمەتە ئەوە ببێ.
س.پ: ئێوە جۆرێك لە یەكپارچەیی میللەت و دەوڵەتتان هەیە. یەكپارچەیی دەوڵەتی نەتەوەیی و سوپا زۆر بەهێزە. بەڵام ئێمە نە باسی میللەت و نە باسی سوپا دەكەین و دەڵێین: ئێمە بە تەنیا گەلێكمان هەیە. بەڵام ئێوە بە پێچەوانەی ئەوەوەن. جا لەم گۆشەیەوە ناكرێت بیر لە ڕۆشنبیرێكی بێ دەوڵەت و سوپا بكرێتەوە.
ی.ك: با بگەینە خاڵێكی دەست نیشانكراو. لە توركیا بە شوێن حیزبێكی تازەدا دەگەڕێن. من لەو بەڵگەنامانەدا كە لە «ئۆزگور خەڵق» و ڕۆژنامەكانی دیكەدا بڵاودەبنەوە، شت لەم بارەیەوە دەخوێنمەوە. ئەو بەڵگەنامانە خاڵێكیان تێدابوو پێوەندییان بەم گفتوگۆیەمانەوە هەیە. من بە زۆر بووم بە مێژوونووس و دەبینم و دەنووسم توركیای ئەمڕۆ و پێش ئەویش حوكمی عوسمانی كەموكوڕییەكی تێدابوو. ئەم كەموكوڕییەش لە نەبوونی جوڵانەوەی میللی دیموكراتی شێلگیردا خۆ دەنوێنێ. خۆ كورد لە سەروبەندی دەوڵەتی عوسمانیدا چەندەها جوڵانەوەی ڕزگاری وەك جووڵانەوەی «بەدرخانییەكان»یان هەبوو سەرەڕای خەسڵەتە ئاینییەكانی. مەبەستم ئەوەیە گەل با كەمیش بێ بەخۆكەوت و پەنای بردە بەر چەك بۆ بەرەنگاری ڕژێم. بەڵام توركیا شتێكی لەم چەشنەی تێدانەبوو. جا ئێمە لەبەر نەبوونی ئەم جووڵانەوانە، نموونەكانی «ناز‌م حیكمەت و بەدرەدین» قەبەدەكەین. بەڵێ ئەوانە بەرهەڵستكاری ڕژێم بوون، بەڵام شایستەی ئەم هەموو گەورەكردن و پێداهەڵدانە نین.
س.پ: هێڵەكانی مێژووتان ڕۆشنن. خۆزگە دەتانتوانی بە شێوەیەكی ڕاست هەڵیبسەنگێنن. لە كاتێكدا پێویستە وریای ئەوە بین كە توركمان چینێكی نەفرەت لێكراو بوو و دووركەوتنەوەی بە سەردا برا. دەبێ ئەو «توركمان»انە لەسەر بنچینەیەكی چینایەتی شیبكرێنەوە، هەر لەو كاتەوەی كە لە پشتی باپیرە ئۆغووزەكانیان كەوتنەوە و لە ئاسیای ناوەڕاست هاتنەدەرێ و وەك داگیركەر گەیشتنە باڵكان و بەو ناوچانەدا وەربوون. لە ئەنجامی ئەوەوە، ئەو بنەچە توركەی كە خۆ لە توركماندا دەنوێنێ نەفرەتی لێدەكرێت. پێویستە سەرنجی ئەمە بدەین. هەرچی ڕووداوی دووەمە، بەرەو دەوڵەت ڕۆیشتنی توركە كە كۆزمۆپۆلیتیكانە بوو و دەبێ تێبینی ئەم ڕاستیە بكەین.
ی.ك: من باوەڕم وایە كە كۆماری توركیا نوێنەرایەتی دەوڵەتی توركیا ناكات.
س.پ: پێویستە لەوانە بترسن كە توندڕەوانە بانگهێشتن بۆ میللەتی تورك

دەکەن. ئەگەر بە شوێن بن و بنەچەی ئەوانەدا بگەڕێن، بۆتان دەردەکەوێ تورك نین. سەدان بەڵگەم لەسەر ئەمە لەلایە. ئەگەر سۆراخی بنەچەی ئەو کەسە بکەن کە دەڵێت: من نەتەوە پەرستێکی سەرپەرگری تورکم، بۆتان ساخ دەبێتەوە کە سەر بە گەلێکی دیکەی غەیرە تورکە. بڕواننە «زیا کوکالپ»، کەمالی‌یە و خاوەنی ئایدیۆلۆژی‌یەکی نەتەوەیی تورکی‌یە و خەڵکی «سالۆنیك»ە. ئینەنۆش بە بنەچە لە گەندەڵەکانی کوردە. بەم پێیە دەبینین سەرجەمیان بەم شێوەیە لە کەسانی گەندەڵی گەلانی دیکەن. بنەچەی زۆر لەوانەی کە حاڵی حازر نوێنەرایەتی میللەتی تورك دەکەن، دەچێتەوە سەر بالکان و قۆقاز. تورکانی ئەنادۆڵیش دوا کۆمەڵن لەوانە. پێویستە ئەم ڕاستیە ببینین. مەبەستم ئەوەیە نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری سیفەتی کۆزمۆپۆلیتییان هەیە. ئەگەر لەوانە وردبینەوە کە بانگەواز بۆ دەوڵەت دەکەن و بە زۆری وشەی نەتەوە دەردەپەڕێنن. دەبینین بە پێی پێویست نیشتمان پەروەر نین.

ی.ك: ئەوانەی وا کۆمەڵەی «ئیتحاد و تەرەقی»یان بۆ لاوانی تورك «جان تورك» دامەزراند دووانیان کورد بوون و سێیەمیان چەرکەسی و چوارەمیان عەرەب بوو.

س.پ: ئەمە ڕاستە. واتە دەبێ هێندێك هێڵ لە مێژووی تورکدا وردبکرێنەوە. کەمالیش لە بنەڕەتدا ئایەخی هەموو ئەوانە و دووڕەگێکی بنەچە نە ناسراو بوو. بە کورتی دەمەوێ بڵێم ئێمە دەتوانین وەك چۆن کۆمەڵگای کوردی هەڵدەسەنگێنین، ئاواش کۆمەڵگای تورکی شی‌بکەینەوە. ئێوە ئەوەتان گەرەکە و لەم ڕێگایەدا کۆششی پڕ بەهاتان هەیە، بەڵام پێویستی بەوە هەیە بخرێتە نێو چوارچێوەیەکی سیاسی‌یەوە. واتە وەك باستان کرد لە شێوەی حیزبێکی شۆڕشگێڕی تورکیدا بێت. ئێمەش لەم لایەنەوە کۆششمان هەیە و دەمانەوێ گەلی تورك ناسنامە و تەرزێکی لە بەرخۆدان هەبن. بە تەنیا تاقیکردنەوە و شیکردنەوەی ئەم بابەتە بەس نین. کەواتە ئەو تەرزە تورکی‌یە کامەیە کە هەوڵدەدەین بەدی بێنین؟ تورکی شایستەی مانەوە کامەیە و وەك دەیبینن خەسڵەتە بنچینەییەکانی کامەن؟ ماهی‌یەتی پێوەندیشی بە شەڕەوە چی‌یە؟

ی.ك: من وای دەبینم مەیدانی گەورەی شەڕ هەیە، لەبەرئەوەی ناسنامەی تورکی وردە وردە ون دەبێ. تۆ ژیانی پڕ لە ناکۆکی خۆتم بۆ دەگێڕیتەوە و منیش وەك کەسێك کە لە کۆڕەکاندا زۆر قسە دەکات، دەبینم ئێمە لە حاڵێکداین میللەتی کوردی تێدا سەردەکەوێ و گەلی کورد بەرەبەرە ناسنامەی خۆی بە دەست دێنێ. هەرچی تورکیشە ناسنامەی خۆی لە دەست دەداو لە چاولێکەری زیاتر هیچ شتێکی تورکی نامێنێ. خۆ کەمال پاشا لاسایی فەرەنسەییەکانی کردەوە و حوکمدارانی ئێستاش چاو لە هەموو شتێکی ئەمەریکایی دەکەن. تەنانەت خەڵکە ئاساییەکەش هەموو شتێکیان تێدا لاسایی کردنەوەیە «ئافرەتان، شایی، گریان». ناسنامەی تورکی ڕووی لە ون بوون کردووە و زەمینە بۆ بڵاوبوونەوەی داوێن

پیسی خۆش بووە. زۆربەی ئەوانەی کە باج بە دەولەت دەدەن ئافرەتی قەحپەخانەکانن. کەسانی وەك «وەهبی قووچ و سابانچی» سەرباری ئەوەی کە گەورەترین دەولەمەندی تورکیان هیچ نرخێکیان نەماوە. ئەندامی کۆنترا لەم رۆژەماندا نرخێکی گرانبەهای هەیە. بڕوانن ئەمە ناکۆکییەکی گەورەیە. من ئێستا وام لێهاتووە شەرم لەوە دەکەم کە خەلکی تورکیام. ئێوە دەم لە «برایەتی» دەژەنن، کورد زۆر بالادەکات و تورکیش بە قوڕدا دەچێ. ئیدی باسی چ برایەتییەك بکەین!.

س.پ: دیارە ناکرێت. برایەتی تەنیا لەسەر بنچینەی ئازادی دەکرێت. لەوانەیە لە شوێنی یەکتربڕینی هێلەکانی سەرکەوتنی ئازادیدا بەدی بێت.

لە بەریەك هەلوەشانی دەولەتی تورکیا لە خۆرهەلاتدا(*) بەختی زیندوو مانەوەی لە خۆرئاوادا پێلەدەست دەدات.

ی.ك: من ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیە دەبینم: ئەو راگەیاندنەتان کە لە رۆژنامەی «ئۆزگوور گوندەم»دا بلاوبووەوە بنچینەیی و زۆر گرنگە. پێویستە تورکان سۆراخی چارەسەرێك بکەن. دەولەت رووبەرووی کێشەیەکی گەورە بووەتەوە کە خۆی لە پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK»دا دەنوێنێ. ئەم حیزبە دەستی ناوەتە بینی دەولەت. قسەیەکی گرنگتان لەو ئاخاوتنەدا هەبوو لە دەفتەرەکەمدا تۆمارم کردووە. تێیدا دەلێن: «شۆڕشی کوردستان لە لایەك و شۆڕشی تورکیا لە لا یەکی دیکە». ئەگەر هەلەیەك لە قسەکەمدا هەیە، تکام وایە ڕاستی بکەنەوە. ئایا راست لە بابەتەکە حالی بووم؟ ئەمە وا دەگەیەنێ کە کودەتای ئەیلوول هات و شۆڕشی تورکیا دۆڕاندی. لە هەمان کاتدا ڕژێمی سۆڤیێتی هەرەسی هێنا. ئەوسا دەسەلاتدارانی تورکیا هەستیان کرد ئەوان تا ڕادەی خوایەتی بێئەملاوئەولا بەهێزترینن و هەموو شتێکیان پێدەکرێت و توانیویانە ئەو شۆڕشگێڕانە لە نێوبەن کە لێیان دەترسان و رێکخستنە چەپڕەوەکانیان پەرش و بلاوکردەوە و خستیانە نێو بەندیخانە. هەر ڕاست لەم کاتەدا پارتی کرێکارانی کوردستان بە بەرچاویانەوە قوت بووەوە. ئەم حیزبە لە رووی مێژوویی و لە رووی تورکییەوە گرنگە. من وای دەبینم ئەوان مەست بووبوون، چونکە بە سەر شۆڕشگێڕەکانیاندا زال بوون و ئەو پەیمانەش ئەوان تێیدا ئەندامن بە سەر سۆڤیێتدا زال بوو. بەو پێیە لە دەرەوە لە کۆمۆنیزم و لە ناوەوش لە شۆڕشی تورکیا ڕزگار بوون، لە ناوەندی شادی دەولەمەندانی تورکدا بەم دەسکەوتە تا پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK» هات و بنچینەکانی دەولەتی تورکیای هەژاند. سەرەتا ناوی ئەو

(*) لێرەدا مەبەست لە رۆژهەلات باکوری کوردستانە و لە رۆژئاواش تورکیایە

حیزبەیان نەدەبرد و دەیانگوت: ڕێکخستنی جوداخواز یا هەر شتێکی دیکەی لەم چەشنە لە بری ئەوەی کە بڵێین «PKK». بەرەبەرە فێری گوتنی ناوی ئەم حیزبە بوون. ئێستاش قسەکەرانی زمانحاڵی دەوڵەت بە شێوەیەکی ڕەسمی ناوی «PKK» دەڵێن. سەرباری ئەوەی پێشکەوتووخوازانی تورك ئەمە بەدی ناکەن و هێشتا تێڕوانینیان بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK» دەقاودەق کەمالیانەیە و بە گاڵتە جاڕییەوە دەڵێن: «بزووتنەوەی کورد چی سەوز دەکات؟». لێرەدا دەمەوێ ئەم پرسیارە بکەم: ئایا شۆڕشی کوردستان هەمان کات بە شۆڕشێکی تورکیایی دادەنێن؟ ئەمە بەو مانایە دەڵێن کە من لێی تێدەگەم، یان مەبەستتان پێ شتێکی دیکەیە؟ تکاکارم بفەرموون ئەم خاڵە ڕوون بکەنەوە.

س.پ: ئەو دەوڵەتەی تورکیا کە لە خۆرهەڵات شکستی هێنا، لە خۆرئاواش هەر بەزی. لەبەر یەكهەڵوەشانی دەوڵەتی تورکیا لە خۆرهەڵاتدا، بەختی زیندوومانەوەی لە خۆرئاوادا پێلەدەست دەدات. بابەتی باسەکە دوو گەلی زۆر تێکەپەڕیون و ملیۆنەها پێوەندی ڕۆژانەیان هەیە و شۆڕشی «PKK»ش لە خۆرهەڵاتدا بە خێراییەکی زۆر لە خۆرئاوادا ڕەنگ دەداتەوە. ئێمە بەم مانایە ئەوەمان مەبەستە. بە هەمان شێوە دەکرێت چەندین چەمکی هاوشێوە بە دەست بێنین کە بە سەر سەرتاسەری ناوچەکەدا جێبەجێ دەبن. جا لەبەرئەوەی هەموو دەوڵەتێك کوردستان بە موڵکی خۆی لە قەڵەم دەدات و شۆڕشی کوردستانیش کە موڵکیانە دەبێتە شۆڕشی ئەوان، بۆیە من دەڵێم: «پێبەندبوونیان بە کوردستان بەختەوەرم دەکات». با تا شۆڕش دەستی لێیان گیر دەبێ، ئەوان پێبەندی بن.

ی.ك: زۆر جوانە! با پێبەندی بن تا شۆڕش بنچینەکانیشیان دەهەژێنێ.

س.پ: هەموو حسێبکارییەکی بە کۆمەڵیان لەم مەسەلەیەدا تووشی نائومێدی دەبێ و هەڵوێستیان دژ بەم گوتەیەی خۆیان دەردەچێ: «نامانەوێ پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK) ببێ بە موڵکی ئێمە». پێش ئەوە دەیانگوت: «جودا خواز» و چەند پێیان بکرابایە فەرامۆشیان دەکرد. پاش ئەوە دەڵێن: «PKK» بۆ هەموومانە. من لەم گۆشەنیگایەوە وای دەبینم کە پێبەندبوونیان بە کوردستان شتێکی خراپ نییە. با کوردستان بە موڵکی خۆیان دابنێن. ئەوسا شۆڕشی کوردستانیش بە موڵکی خۆیان دادەنێن و بەوە شۆڕش دەخەنە نێو گەل و نیشتمانەکەیان. ئەمە پەرەسەندنێکی باشە. کوردستان بەم چەمکە لە دۆخێکی ئینتەرناسیۆنالی چڕوپڕدا دەژی. من لەمەدا مەبەستم تەنیا ئەو دەوڵەتانە نییە کە کوردستانیان کردووە بە کۆلۆنی، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئەڵمانییەکان لە تورك پتر پێبەندی کوردستانن و ئەمەریکاییەکان و ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکانیش لانی کەم هێندەی تورکیا کوردستان بە هی خۆیان دادەنێن. ئەمە چی دەگەیەنێ؟ سوپاسیان دەکەین کە بایەخمان پێدەدەن، بەڵام با خۆیان بۆ شۆڕشی کوردستان و کاریگەرییەکانی ئامادەبکەن و با کێشەکانی دیکەیشی قبووڵ بکەن. لەم گۆشەیەوە زاراوەیەك هەیە مامۆستا ئیسماعیل بێشکچی گوتوویەتی، لە کاتێکدا لە بارەی

کوردستانەوە دەڵێت: «کوردستان کۆلۆنی‌یەکی نێودەوڵەتی‌یە» بە هەمان شێوە «شۆڕشەکەمان دەبێ بە شۆڕشێکی نێو دەوڵەتی». مادامێکی کوردستان کۆلۆنی‌یەکی نێودەوڵەتی‌یە و مادامێکی تا ئەم ڕادەیە گوێی خۆیانیان لە مرۆڤەکانی خەواندووە و خاکەکەی لە سەدداسەد (١٠٠%) بە موڵکی خۆیان دادەنێن، ئەو دەمە شۆڕشی کوردستانیش شۆڕشیانە و دەبێتە موڵکی سەرلەبەری مرۆڤایەتی.

ی.ك: مەبەستتان ئەوەیە «با باش دەستمان پێوەبگرن و بۆ کوێ دەچن با لە گەڵیاندا بڕۆین» و وا دەڵێن؟

س.پ: مادامێکی ئەم نیشتمانە تا ئەم ڕادەیە بە موڵکی خۆیان حسێب دەکەن، پێویستە لەسەریان ئەو شۆڕشە کە دەکرێت بە موڵك و شۆڕشی خۆشیان بزانن، ئێمە لەمەدا هەست بە هیچ بێزاری‌یەك ناکەین.

ی.ك: بەڵێ دارشتەیەکی تازەیە. با جارێکی دیکە بێینەوە سەر تورکیا. ئەو دژواریانەی کە بەرەو ڕووی ڕژێمی تورکیا دەبنەوە و ئەو مەترسیەش کە چواردەوری گرتوون چۆن دەیبینن؟

س.پ: ئەو مەترسیانەی کە بەرەو ڕووی ڕژێمی تورکیا بوونەتەوە زۆر ڕامدەکێشن. تورکیا هەوڵدەدات درێژە بە پووش بە سەر کردنی مەسەلەکان بدات و ئەو تین‌وتوانەی نی‌یە ناکۆکیەکانی خۆی سەربخات. ئەو ئەگەر ئەم ناکۆکیانە سەربخات، گڕاڵکی شۆڕش ئاگر دەدات. تورگووت ئۆزال لەم بارەیەوە تێدەکۆشێ هێندێك دەست پێشخەری بکات، بەڵام ترسنۆك و دوودڵە و ئەو کەسایەتیەی نی‌یە.

ی.ك: باشە. ئایا دەتوانین وا بڕوانینە ناکۆکی نێوان ئۆزال و مەسعود یەڵماز کە ناکۆکی نێوان ئەڵمانیا و ئەمەریکایە.

س.پ: بەڵێ. دەتوانین توخنی ئەو هێڵانە بکەوین. دیارە ئەڵمانیایی بوونی مەسعود یەڵماز و ئەمەریکایی بوونی تورگوت ئۆزال ڕوون و ئاشکران. زەحمەت نی‌یە ئەوە بە ئەنجام بهێنین کە ناکۆکی‌یان لە ناکۆکی نێوان ئەڵمانیا و ئەمەریکاوە سەرچاوە دەگرێ.

ی.ك: باشە سەرکردەی ئازیزم. ئەگەر حیزبی «ڕەفاه» و دڵخوازی کردنی لەگەڵ ئەڵمانیادا بخەینە پاڵ ئەم پەردە شانۆیە، ئەنجامەکانی ئەم پێوەندیە چ کارێك دەکەنە سەر ناوچەکە و ئەو ڕاستیانە چین کە پێوەندی‌یان بە ئەڵمانیاوە هەیە؟

س.پ: ئەوپەڕی ڕۆشنن. ئەڵمانیا دەیەوێ سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدمان بیر بهێنێتەوە و حیزبی «ڕەفاه»یش دەیەوێ نموونەیەك لە نموونەکانی سوڵتان عەبدولحەمید پەرە پێبدات. هاوپەیمانەتی ئەڵمانەکان و سوڵتان عەبدولحەمید یەکجار ڕۆشنە. ئەڵمانیا پەلهاویشتنێکی زۆر وردی بە جیهانی ئیسلامیدا هەیە و لەگەڵ هێندێك دەوڵەتی وەك ئێران و دەوڵەتانی عەرەبیدا لەم سیاسەتەیدا بەردەوامە و پێوەندی بە هێندێك دەوڵەتی ئیسلامی دیکەوە پەرە پێ‌دەدات. ئەگەر لێکۆڵینێك

بوونەوەی تورکیا و ئەڵەمانیا لەبەرچاو بگرین، دەردەکەوێ حیزبی «ڕەفاه» داینەمۆی ئایدیۆلۆژی ئەم پێوەندیەیە و حەزدەکات ببێتە یەکەم کارکرد بۆی. خوێندنی ئەربەکان لە ئەڵەمانیا و پێوەندیە ڕاستەوخۆکانی هاندەری ئەمەن. لەم دەستپێکیەوە، ئەڵەمانیایی بوونی حیزبی «ڕەفاه» لە قۆناخی عەبدولحەمید کەمتر نی‌یە، بگرە پێوەندیەکانی ئێستا زۆر پەرەسەندوترن و بە شێوەیەکی سەرپەڕگرانە گەشە دەکات. ئەڵەمانیا دایەنی ئەم جۆرە ئیسلامەیە و ناکرێت بڵێین بە بێ هۆ پێبەندی «جەمالەدین قەبلان» و هاوچەشنەکانیەتی. ئەو زۆربەیان دەجوڵێنێ. زۆر ڕێی تێدەچێ ئەڵەمانیا پاش قۆناخی حیزبی نیشتمانی دایك بیر لە تەرزێکی لە شێوەی حیزبی ڕەفاه بکاتەوە. ئەگەر بیر لە چۆنیەتی پشتیوانی لێکردن و پەرەپێدانی تەرزی حیزبی نیشتمانی دایك «ANAP» لەلایەن ئەمەریکاوە بکەینەوە، دەتوانین لەگەڵ پشتیوانی ئەڵەمانیاو پاڵپشتکردنیدا لە حیزبی ڕەفاه «RP» بەراوردی بکەین. مەبەستەکە هەریەکە، ئەویش تازەکردنەوەی ڕژێمی تورکیایە بە پێی بەرژەوەندی هەر یەکەیان و زیاتر پاڵ پێوەنانیەتی بەرەو جوغزی دەسترۆیی‌یان. ئەگەر مەسعود نەبێ. ئەربەکان دێت. مەسعود یەڵماز لانی کەم بەرواڵەت لیبرالی و شارستانی‌یە. هەرچی ئەربەکانە ئیسلامی ڕەنگە و ئەڵەمانیا پشتیوانی‌یان لێدەکات. ئەم لایەنە گرنگە. لام وایە ئەڵەمانیا کۆششی لەم چەشنەی هەیە.

ی.ك: لە ڕۆژنامەکاندا دەبینین «یالچین دۆغان و ئالتان ئۆیمەن» قەڵەم بە دەستی ئەڵەمانیان لە ڕۆژنامەنووسیدا.

س.پ: هەر ئەوان، نا. پێویستە گوێی خۆمان لە گەشت و گەڕانە چەپەڵەکانی ئەربەکان نەخەوێنین، مەبەستم ئەوەیە لەوانەیە تورکەکان لە ڕێگای ئەڵەمانەکانەوە بیر لە پەلهاوێشتن بکەنەوە. پێدەچێ بەشێکیان بیر لە پەلهاویشتن لە ڕێگای ئەمەریکاییەکان و ئینگلیزەکانەوە بکەنەوە. لەوانەشە دەمەقرە و ناکۆکی لە نێوانیاندا پەیدابێ.

ی.ك: باشە، ئایا ئەڵەمانیا خۆی لە «حزب الله» بە دوور دەگرێ؟

س.پ: پێویستە بە شێوەیەکی جیاواز «حزب الله» هەڵبسەنگێنین. تەوژمی ئیسلامی بە گشتی لە دەستی تورکاندایە. دەکرێت ئێران و عەرەبیش بخرێنە پاڵ ئەوانەی کە ئیسلام هەڵدەسوڕێنن. تورك ئیسلام وەکو ئامرازێك بۆ پەلهاویشتن دەخاتەکار. هەرچی ئێرانە بە مەزەبی شیعەگەرایی وەڵامی دایەوە و ئەو مەزەبەی بە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانیەوە گرێدا. واتە ئەوان ئیسلامیان کردە ئینتەرناسیۆنالی و بە تێپەڕینی ڕۆژگاریش دەیکەن بە تەوژمێکی ئیمپریالی. عەرەبیش مەزەبی سونی‌گەرایی‌یان پەرەپێدا و لە پێناوی پەلهاویشتنی خۆیاندا خستیانە گەڕ. بەڵام تورکەکان ئیسلامیان بە گشتی بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان و لەڕێگای سەقامگیرکردنی بنچینەکانی ڕژێمی دەوڵەتەکانیاندا خستەگەڕ. واتە لە ناوەوە و دەرەوەدا وەك چەکێکی بنچینەیی بەکاریان هێنا. دەنا ئەگەر ئیسلام نەبێ

چۆن دەتوانین بیر لە هاتنە ناوەوەی تورك بۆ بالکان و ئەنادۆڵ بکەینەوە؟ ئیسلامی تورك بە داگیرکردن و تواندنەوەی گەلان و پەلهاویشتن جوێ دەکرێتەوە. ئەمە لە هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە ڕۆشن و بەردەوامە. ئەگەر باسی پێوەندی کوردمان بە ئیسلامەوە کرد. ناکرێت هەمان ڕێوشوێنی بەردەست خراو جێبەجێ بکرێن. کورد قوربانی ئیسلامی عەجەم و تورك و عەرەب بووە. چونکە هەر یەکەیان ئیسلامی بۆ قووتدانی ئەو بەکارهێناوە و ئیسلامێکی کوردی لە دایك نەبوو و ئیسلام بە ڕەنگێکی نەتەوەیی کوردی نە نەخشێندرا. هێندێك ڕێبازی سۆفیەتی و هێندێك مەزەبیش هەبوون. بەڵام هیچ کارێکیان نەکردە سەر مەسەلەی نەتەوایەتی. خۆ سەعید نەورەسی و شێخ سەعید ڕێبازی ئاینی سۆفیەتی جۆراوجۆری خۆیانیان هەبوو. ڕێبازی نەقشبەندیش هەروەها. بەڵام هیچ یەکێك لەم مەزەبانە نەگەیشتە دوورایی نەتەوایەتی، چونکە هەموویان وەك کرێگرتەی ئیمپریالیزمی ئیسلامی وابوون. ئیدریسی بەدلیسی پیرەوی ڕێبازی نەقشبەندی دەکرد و نۆکەرێکی «یاووز» بوو. دواجار بارزانیەکانیش نەقشبەندین و گەورەترین بنەماڵەی بەکرێگیراون.

دەوڵەتی تورکیا لە قۆناخی (١٢)ی ئەیلوولدا گەلێك یارمەتی گەورە گەورەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێشکەشی کەسانی خاوەن ڕێبازی سۆفیەتی کرد. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە لە کوردستاندا ئایدیۆلۆژی کەمالی قبووڵ نەکرا. بە تایبەتی بە هۆی بەرز هەڵکشانی پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK»وە. بۆیە بۆشاییەکی دەروونی گەورە پەیدا بوو. ئەوان تێبینی ئەم بۆشاییەیان کرد و ویستیان بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە ڕێگای پڕۆپاگەندە کردنەوە بۆ ڕێبازە سۆفیەتیەکان پڕی بکەنەوە. «عەبدولقادر ئاقسۆ»ی وەزیری ناوخۆ نەقشبەندیە و ڕێبازی نەقشبەندیش بە باشی ڕێکخراوە. لەبەر ئەوە باربووی ئەم ڕێبازەیان کرد و بۆ پێشەوە پاڵیان پێوەنا. هەزاران و بگرە دەیان هەزار کەسیان بەم شێوەیە بۆ ئەم ڕێبازانە ڕاکێشا. ئەمە لەو شێوازە کۆنە دەچێ کە عوسمانیەکان بەکاریان دەهێنا، وەختێك پاش کوشتارەکان دەستیان بە سەر منداڵی دیان (مسیحی)ەکاندا دەگرت و دەیانبردنە قوتابخانەی سوپای ئینکیشاری و دەیانکردنە ئامرازی ملکەچ بۆ خزمەت کردنی میللەتی تورك. بەو پێیە ئەوان منداڵانی کوردیش بەکاردەهێنن و دەیانخەنە خزمەتی دەوڵەت. قەرەکەوتنی ئەم ڕێبازانە هەنگاوی یەکەمی ڕوو بەخۆ تەرخانکردن بۆ خزمەتی دەوڵەت پێکدەهێنێ واتە ئەوە خولێکی ئامادەکردنی کادرانە. قوتابخانەکانی پێشنوێژ و خوتبەخوێن هەن کە پێشتریش هەبوون. ڕێبازە سۆفیەتیەکانیش لەسەر ئەم بنچینەیە بنیات نراون. سەرەڕای هەموو ئەوانە «حزب الله»یان دامەزراند. ئەم حیزبە بنکەیەکی لە لای قوتابخانەکانی پێشنوێژ و خوتبەخوێن و لای کەسانی خاوەن ڕێبازی سۆفیەتی هەیە. لە لایەکی دیکەوە، کاریگەری و پەرەسەندنی شۆڕشی ئێرانیش لە ئارادابوون، لە کاتێکدا شۆڕشی ئێران پێویستی بە (حزب الله) بوو بۆ

فراوانکردنی چوارچێوەی دەسڕۆیی خۆی لە نێو کوردستاندا. زۆر ڕێی تێدەچێ ئیستخباراتی تورکیا دژەی کردبێتە نێو ئەم جوڵانەوەیە بۆ هەڵسوڕانی چالاکی‌یەکانی. کادێرانی ئەم حیزبە بە نیوەیی لە نێوان ئێران و تورکیادا دابەش بوون، هەتا لە نێو خۆشیاندا لەسەر هێندێك کاروبار لێكحالی دەبن و بە گوشاری ئێران یەکگرتوو بوون. قوتابخانەکانی پێش‌نوێژ و خوتبەخوێن و کەسانی خاوەن ڕێبازی سۆفیگەری بە ناوی (حزب الله)وە یەکیان گرتووە بۆ بەرەنگای(PKK) و کردوویانە بە نیشانەیەکی چالاکیەکانیان. بەڵام ئێران لە کاری ئەم ئیستخباراتی تورکیایە بە ئاگاهات و هەوڵی سەپاندنی دەسڕۆیی خۆیدا. بەم پێیە (حزب الله)ی ئێرانی و (حزب الله)ی تورکی لە ڕووبەڕووبوونەوەی «PKK»دا یەکیان گرت،چونکە «PKK» دەوری کەمالیزمی لە کوردستاندا خستە پەراوێزەوە، واتە ئەو دووانە ئامانجیان «PKK» بوو، لەبەر ئەوەی «PKK» دژی بەرژەوەندی هەردوو وڵات بوو. باوەڕم وایە ئامانجی دیداری بێ‌پسانەوەی نێوان بەرپرسانی ئێرانی و ئۆزاڵ و دواجار سەردانی دیمیریل بۆ لای ئەوان زیاد کردنی هاوئاهەنگی نێوانیان بوو بۆ ئەم مەبەستە. لە کاتێکدا لە گفتوگۆکانیاندا دەیانگووت: («PKK» وا کۆمۆنیستە و وا کوردە...وا زیان بە بەرژەوەندی هەردووکمان دەگەیەنێ. بە ئازادی ڕەفتار بکەن، ئێمەش وا دەکەین. با هەردوو حیزبیشمان پێکەوە ئیش بکەن). ئەوان لەسەر ئەم مەسەلەیە لەگەڵ یەکدیدا ڕێکدەکەوتن.

دووەم ـ گەلێك ناوەندی بەکرێگیراو هەن بە توندی دژی بوونی «PKK»ن و کەرتێکی گەورە پێكدەهێنن کە بەرژەوەندیەکانی بە سەرکەوتنی«PKK» زیانیان پێ‌گەیشتووە و هەوڵدەدات سیفەتێکی ڕێکخراوەیی بە ناوی (حزب الله)وە بە دەست بێنێ بۆ دوژمنایەتی کردنی ڕاستەوخۆی «PKK»، لەوانەیە بەم شێوەیە بنکەیەکی کۆمەڵایەتی تارادەیەك بەهێز بە دەست بێنن. وە ئێمە دەزانین کە ئەم کەرتە زیان پێ‌گەیشتوانە پاڵپشتی لەم حیزبە دەکەن، وە ئەمە بەڵگەی یەکێتی نۆکەرایەتی دێرینە و پەلهاوێژی تورکی ئیسلامی‌یە لەگەڵ پەلهاویشتنی ئێرانی ئیسلامیدا کە دەست دەخەنە نێو دەستی یەکدی تا بکەونەڕوو. ئەو مەترسی‌یەی کە خۆ لە (حزب الله)دا دەنوێنێ لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە نۆکەران و هەواڵگەیێن و هێزی نیوە سەربازی پێکهاتووە. دەتوانین بڵێین: ئەم ڕێکخستنە نوێنەرایەتی فاشیزم دەکات. تەنانەت دەتوانین بڵێین ڕێکخستنێکە لە ڕاوکەرانی کەللەسەر پێکهاتووە.

ڕەنگە هێندێك موسڵمانی داوێن پاك کە لە خشتەبراون لە نێو ئەوانەدا بن، بەڵام ئەوانە هەڵاواردەن. ئایدیۆلۆژی و ڕێکخستنی (حزب الله) لەو چوارچێوەیەدان کە باسم کرد.

ی.ك: ئایا مەبەستت ئەوەیە (حزب الله) هاوچەشنی حیزبی بزووتنەوەی نەتەوایەتی «MHP»ی ساڵانی حەفتایە؟

س.پ: بەڵێ، شێوەیەکی کوردستانی بە خۆوە گرتووە کە شێوەیەکی

ئیسلامی‌یە بە سەر کوردستاندا سەپێندراوە. ئەوە حیزبی بزووتنەوەی نەتەوایەتی تورکە بە هێندێك دەستکاری ئیسلامی و شۆڕشی ئێرانەوە شێوەیەکی تازەی وەرگرتووە.

ی.ك: بەم پێیە ئەو مەسەلانەی کە باستان کردن چەند مانایەکی ڕەوانی پێدەبەخشن، «MHP» ئیسلامی تورکی دەنوێنێ و ئەمەش وا ڕەنگی بۆ ڕێژراوە ببێتە ئیسلامی کوردی و چەند لقێکی ئاسایشی تێدا هەن.

دەیانەوێ بەهۆی ڕێبازی سۆفیگەری «ئۆزال» و ئاینی «ئیفرین»ەوە پەل بهاوێژن و دوورابیەکی تازە بە میللەتی تورك ببەخشن.

س.پ: چەند لقێکی ئاسایشی تورکی بە ئاشکرا تێدا هەن. لەوانەیە ئێران و تورکیا و هەتا سعودیەش پشتیوانی بکەن. بەمە بووەتە گردبوونەوەی گەلێك لایەنی ئیسلامی کە لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی هاوبەش یەکیان گرتووە و «MHP»ش ـ واتە حیزبی بزووتنەوەی نەتەوایەتی تورك ـ هێزی سیاسی نێو ئەو گردبوونەوەیە دەنوێنێ. تەنانەت بنگەی گوندپارێزانیش پشت بە چەند ڕیشەیەکی حیزبی بزووتنەوەی نەتەوایەتی تورك «MHP» دەبەستێ.

ی.ك: هەمان قەناعەتم هەیە.

س.پ: ئێستا با بە شێوەیەکی فراوانتر ئەم بابەتە ڕۆشن بکەینەوە. لە کاتێکدا شۆڕشەکەمان گەیشتووەتە قۆناخی بەرخۆدان، «حزب الله» کتوپڕ لەبەردەمماندا قوت بووەتەوە. ئەم پێکهاتەیە چی‌یە کە هەوڵدەدەن بە دەمامکی «حزب الله»وە بەسەرمانیدا زاڵ بکەن و ڕاستی‌یە مێژووییەکانی چین؟ لاکردنەوەمان لەم بابەتە لە ڕووی مێژووییەوە هاوبەشی باشتر تێگەیشتنی بابەتی «حزب الله» دەکات، بە تایبەتی کە ئەمڕۆکە بارودۆخەکە زۆر تێکچڕژاوە. ئەوان تێدەکۆشن پاش هەرەس هێنانی سۆشیالیزمی بنیات نراو چەند زەبرێکی کوشندە بە بیری شۆڕشگێڕی کۆمۆنیستی بگەیەنن. هەروەها ئێمەش ئەمڕۆ سۆراخی ئەوە دەکەین کە ئەزموونی ڕووسیا تا چ مەودایەك کۆمۆنیستی بوو و کەی دەستی بە دوورکەتنەوە لە بیری کۆمۆنیستی کرد و بوو بە ئیمپریالی و خەسڵەتە ئیمپریالیەکانی کامانەن؟ هەموو ئەم مەسەلانە جێی مشتومڕن. کاریگەریەکانی سۆشیالیزمی بنیات نراو بێ‌ئەندازە شوێنە ون بوون. لە کاتێکدا ئەو تێکدانانەی کە حیزبی شیوعی تورکیا کردنی مەترسی خۆی پێ لەدەستدا و ڕەوایی خەبات لە بەردەم سۆشیالیزمی شۆڤێنیدا کەوتەڕوو. ئەم خەباتە بە کردەوە دەستی پێکرد. بۆیە هەر مەترسی‌یەك کە لەم کەناڵانەوە هاتووە لە گۆڕێدا نەماوە، چونکە بە باشی ئەم ئەزموونەیان ئەنجامدا و بە سەرکەوتنیان گەیاند.

ئەم مەسەلەیە میللیگەری سەرەتاییش دەگریتەوە. ئەو شێوانەی کە سەپاندیانن هاوشێوەی «پارتی دیموکراتی کوردستان KDP» بوون و پشتیان بە میللیگەری سەرەتایی بەست و لەگەڵ دەزگای ئیستخباراتی تورکیا «MIT»دا یەکیانگرت و لە نێو خۆیاندا بوونە تێکەڵەیەك. هەولیشیاندا لە شێوەی کۆمەڵە و ڕێکخراوی کوردی لە چەشنی «DDKD، KUK، ÖY،...تد»دا بیسەپێنن تا میللیگەری سەرەتایی جێبکەنەوە. ئەوان ئێستا تێدەکۆشن ئەم شێوانە لە کوردستاندا لە ڕێگای تاڵەبانی و بارزانییەوە بسەپێنن. ئەم بیرە گەلێك لق و پۆپی لێدەرکەوتن. بەڵام هێزی بنچینەیی هەر خۆ لە تاڵەبانی و بارزانیدا دەنوێنێ. بەڵام شۆڕشی کوردستان توانی لای گەل پەردە لە ڕووی میللیگەری سەرەتایی هەڵبماڵێ و ئەوە بیست ساڵە خەباتێکی سەخت لە دژی دەکات.

ی.ك: مەبەستت ئەوەیە بارزانی و تاڵەبانی بنچینەن.

س.پ: بەڵێ. تەنانەت حیزبی ڕێگای ئازادی «Ö.Y»یش کە بە خۆی دەڵێت سۆشیالیستی پێیان پشت ئەستوورە و پاڵپشتی دەکەن. داگیرکەر هەوڵیدا لە ڕێگای ڕێکخراوی هاوچەشنی وەك «KDP، ئاڵارزگاری ALA RIZGARI، رزگاری RIZGARI، کاوە KAWA، KUK،....هتد»وە کاریگەری خۆی زیاد بکات، ڕیشەی ئەو ڕێکخراوانە دەچێتەوە سەر هێزی خێلەکی و هۆزایەتی و پێوەندی شاراوەیان بە نەتەوایەتی تورکەوە هەیە، بە تایبەتی لە ڕێی ئیستخباراتی تورکیا «MIT»وە. ئەوانە سەرجەم ئامانجیان خنکاندنی نیشتمانپەروەری شۆڕشگێڕانەیە و تەگەرە خستنە بەر پەرەپێدانی بوو. پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK» خەباتێکی بێپسانەوەی دژی ئەوانە کرد. جا لەبەرئەوەی کە ئەوانە لە بنیاتی خۆیاندا پشتیان بە توێژی خێلەکی و ئاغا دەبەست و بەشی هەرەزۆری گەلیش زەحمەتکێش بوو، ئەوە یارمەتی داین لە ڕێگای ئەو خەباتەوە کە لە ساڵانی حەفتاوە تێیهەڵچووین لە بەردەم گەلدا پەردە لەسەر ڕاستییان لابدەین.

بە کورتی، چووینە مەیدانی دوو خەباتەوە و توانیمان نەتەوایەتی تورك ومیللیگەری سەرەتایی کوردی لای گەلی کوردستان ئاوزڕاو و ئاوەڕووت بکەین. لە کاتێکدا «PKK» توانی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی خۆی بە سەر خەباتدا بسەپێنێ کە وای لێکرد بە پێی ئەو خەباتە ئایدیۆلۆژیەی کە کردی هێڵێکی سیاسی بەهێز بگرێتەبەر. لەم دەستپێکەوە، هەر لە ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە پێی نایە قۆناخی ئامادەکردنی گەریلا. کاتێکیش پێمان نایە ئەم قۆناخە و ڕوومانکردە ئامادەکاری سەربازی، ئەو تەوژمانەی بەرهەڵستییان دەکردین وەك سۆشیالیزمی شۆڤێنی و میللیگەری سەرەتایی و شێوە نەتەوایەتیەکانی دیکە بێدەنگ بوون. قەڵەمبازی (١٥)ی ئابیش وەك سەرکەوتنی ڕێڕەوی ئایدیۆلۆژی سیاسیمان بە سەر ئەواندا هاتە پێش. بێگومان ئەم قەڵەمبازە بەرهەمی زۆر کردەوکۆشی دیکە بوو. هەروەها لە توانامانا نییە بیر لەوە بکەینەوە کە دەکرا هیچ سەرکەوتنێك بە بێ قەڵەمبازی(١٥)ی ئاب بەدی بێنێ. بەم پێیە خەباتی ڕزگاریخوازمان کە گەیشتە

سالی ١٩٩٢ نموونەیەکی بێوێنە بوو بۆ سۆشیالیزمی تازەخولقێن و توانی هەموو هێزە نەیارەکان ببەزێنێ.
کاتێك بۆرجوازی نەتەوەیی تورکی هەموو هێزەکانی خۆی لە دەستدا، هەستی کرد پێویستی بە ئامرازی تازەیە تا بۆ هێرشکردنە سەرمان بەکاری بێنێ. بەڵام نەتەوایەتی تورکی کە لە فاشیزمی دڕندەی ١٢ی ئەیلوولدا خۆی نواند، هەڵی پێکهێنان و خولقاندنی هێزی دژ بە ئێمەی وەك جاران لەبار برد. بۆیە بۆرژوازی نەتەوەیی پەنای بردە بەر سەپاندنی شەڕی تایبەت بەسەرماندا و بەوە ئەم شەڕەی کردە بەرەنگاری‌یەکی سەربازی بێپەردە لە نێوان ڕژێمی فاشی (١٢)ی ئەیلوول و گەلی کوردستاندا و کارێکی کرد فاشیزمی ١٢ی ئەیلوول هەست بکات شەڕە تایبەتەکەی بەس نی‌یە و ئامرازی ئایدیۆلۆژی و سیاسی دیکەی پێ‌دەوێ. جا لەبەر ئەوەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان ڕێگای لە تەوژمەکانی میللی‌گەری سەرەتایی گرت. پەنای بردە بەر تەوژمەکانی سۆشیالیزمی شۆڤێنی بە دەمامکی سۆشیالیزمەوە. بەڵام هێندەی نەخایاند بۆی دەرکەوت ئەمەش لە کارکەوتووە و بۆ ڕاوەستان لە ڕووی «PKK»دا بەس نی‌یە. بەم شێوەیە سەیری کرد تێکرای چەکە کۆنەکان وایان لێهاتووە بۆ لە ڕوودا ڕاوەستانی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان لە کەلك کەوتوون.
کەواتە چی بە دەستەوە ماون؟ جارێکی دیکەش چەکی کۆن. دەوری ئەو چەکە هاتە پێشەوە کە هەزار ساڵە بەکاردێت، و سوودی لە بنیاتی پاشکەوتووی کۆمەڵگای کوردی وەرگرت. ئەم بنیاتە دابەش بوو بوو بۆ چەند مەزەب و ڕێبازێکی سۆفێتی، ئەوەش فاشیزمی تورکیای هاندا جارێکی دیکە پەنابباتەوە بەر چەکی ئاین. ئایینداری ئێفرین و پێبەندبوونی ئۆزاڵ بە ڕێبازی سۆفێتی بە خۆڕایی نەبوون. ئەوە بوو بینی‌یان ئەوان دەتوانن بەم ئامرازە دوورایییەکی تازە بە فراوانکردنی چوارچێوەی نەتەوایەتی تورك ببەخشن. ئەمە پەنابردنە بەر کۆنە چەکی ئایدیۆلۆژیای دەگەیاند. سەرەنجام تەماشا دەکەین ڕژێمی (١٢)ی ئەیلوول بە شێوەیەکی نائاسایی پەنای بردە بەر ڕێبازی سۆفێتی و کەوتە دابینکردنی پشتیوانی مادی بۆی، بە تایبەتی ئەو یارمەتیانەی کە لە سعودیەوە بە سەریدا هەڵڕژان. دەستیان کرد بە مووچەدان بە گەلێك پیاوی ئاینی و شارەکانی کوردستان وەك «باتمان، دیاربەکر، ئوورفە، سیلوان» بوونە لانەی ڕێبازی سۆفێتی. ئەو منداڵانەیان برد کە تەمەنیان لە (٧) ساڵان تێنەپەڕینێ و بیروباوەڕی دۆگمایی‌یان پێلەبەر کردن تا لە ڕاستی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی‌یان دووریان بخەنەوە و لەم ڕێگایەدا چی پێویست بوو کردیان، وەك چۆن عوسمانیەکان لە قوتابخانەکانی ئینکیشاریدا دەیانکرد. لە کاتێکدا ئەم شێوازەیان بە سەر منداڵە دیانەکاندا جێبەجێ کرد تا بی‌یانکەن بە تورکی موسڵمان. بگرە ئەم کردەوەیان لە هی سەروبەندی ئینکیشاری عوسمانی‌یان تێپەڕکرد. ئەتاتورکیش ئەم شێوازەی بە شێوەیەکی دڕندانە لە دێرسیم جێبەجێکرد بۆ بە

تورك کردنیان. ئەو منداڵانە کە پاش کوشتاری دێرسیم کۆیانکردنەوە بوونە نەتەوەپەرستی تورکی لە تورك خۆی توندڕەوتر و هێندێکیان بوون بە وەزیر و جەنەڕاڵی نەتەوەپەرست و سەرپەرگری تورك و تا ئێستاش بەشێکیان ماون. ئەمانە دەرەنجامی شێوازی چرووپری تواندنەوەن کە لە قوتابخانەکانیاندا بە جێدەهێنرا. ئەو هەولانەی کە لە ڕێبازی سۆفیێتیدا دەدرێن لەپێناوی هێنانەدەرێی وەچەیەکە لە خیانەتکاران و نۆکەران.

ی.ك: مەبەستت ئەوەیە ئەوەی وا دەیکەن لە ڕێگای ئایندا نییە.

س.پ: بێگومان، نەتەوەپەرستی سەرپەرگری تورك پێی ناکرێ بە بێ تێکەڵی ئاین بوون زەمینەیەکی دیکە بۆ خۆی بدۆزێتەوە. تاکە ڕێگا پەنابردنە بەر ڕێبازی سۆفیێتیێیە بە دەمامکی ئاینەوە. لە کاتێکدا ئەوی ڕاستی بێ ئەوە سیاسەتی سەرپەرگرانەی بە تورك کردنە. لەبەرئەوەی «PKK» نەیهێشت ئەوەی وا لە دێرسیم جێبەجێیان کرد بیکەن، پەنایان بردە بەر تێکەڵ کردنی ئاین بە نەتەوە پەرستی تورك.

ئێستا گەلێك پێکهاتەی ئاینی تازە دەرکەوتووە و ڕۆژنامە و گۆڤار دەر[illegible]کەن. ناوەکانیان گرنگ نین چونکە ڕێکخستنێکی سەرپەرگریان هەیە خۆی لە «حزب اللە»دا دەنوێنێ. مادامێکی ئیسلام لە ڕووی تیۆرییەوە نەتەوە و نەژادی تێدا نییە، با ئەم پرسیارە لەم تۆڕەی تاوان بکەین: ئێوە بە چ زمان و ڕۆشنبیرییەك پەلامارمان دەدەن؟ پارەکانتان لە کوێوە دێن؟ کێش ژیانتان ڕێکدەخات؟ ئەو چوارچێوە نەتەوەییە چییە کە لە نێویدا ئیش دەکەن؟ ئەمجا پاش هەموو ئەوانە دێن ودەڵێن نەژادپەرستیمان نییە. خۆ ئەم کردەوانەتان کە دەیانکەن گەورەترین نەژادپەرستی دەنوێنن. تەنانەت ئەم نەژادپەرستییە لەو جۆرەیان ترسناکترە کە هیتلەر بانگهێشتنی بۆ دەکرد. ڕووسەکانیش لە قۆناخێکدا نەژاد پەرستییەکی ڕووڕەشانەیان هەبوو، ئەوەش دەسەلمێنین کە (حزب اللە)ش هەڵدەستێت بە پەیڕەوکردنی نەژادپەرستییەکی ڕووڕەشانە و ئێمەش ڕووی ڕاستەقینەیان ئاشکرا دەکەین، ئەمانە تێکرایان چەند ڕێکخستنێکی نەژادپەرستی تورکین و هیچی دی، وشەی (کورد)یان لە دەمەوە دەرناچێ و ئەگەر باسی کوردیان لەلا بکەی، ئەوا دەڵێن: ئەمە نەژادپەرستییە. ئەوانە نەتەوەپەرستی سەرپەرگری تورکن. تەنانەت هەندێك لە ڕۆشنبیرە کەمالییەکانی وەکو (ئالهان سلجوق)یش هەبوونی کورد ڕەت ناکەنەوە، کەچی ئەوانە ڕەتی دەکەنەوە.

بەو شێوەیە پێویستە ئێمە بەوانە نەڵێین کە ئەوانە موسلمانی ڕێبازە سۆفیگەرەکانن، بەڵکو لە جیاتی ئەوە دەڵێین کە ئەوانە دەمامکی ئیسلامیان لە ڕووناوە و خاوەن ڕوو و دڵ و کاری ڕەشن و نوێنەرایەتی شۆفێنیزمی تورکی توند ڕەو دەکەن. با لە نەقشبەندییەکان و سلێمانییەکان و نوورچییەکان بپرسین: سەرچاوەی باربووکردنتان چییە؟ ئەگەر سەرچاوەکە تورکی یا عەرەبی یا فارسی بێ، بۆچی ئەم پارانەتان دەدەنێ؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە دادپەروەرییان خۆش

دەوێ؟ ئەوەتا کارەساتی بەردەوام هەن و نیشتمانێك بووەتە داروپەردوو و کوشتاری بە کۆمەڵ دەرهەق بە گەل و زمان و ئاین و رۆشنبیری و گشت بەهایەکی مرۆدۆستانەی دەکرێن. بۆچی یارمەتی ئەم گەلە نادرێت؟ بۆچی پارەکان بەم گەلە نادرێن؟ بەڵکو دەدرێن بەوانە کە نکوولی لەم گەلە و خیانەت لە نیشتمانیان دەکەن. ئەم شتانە لە واقیعدا دەکرێن. رژێمی فاشی(١٢)ی ئەیلوول بە سەرکردایەتی ئۆزال و ئێفرین توانی هێندێك سەرکەوتن لەم ڕووەوە بە دەست بێنێ. ئەم سیاسەتەیان تەنیا لەگەڵ سوننیدا پێڕەو نەکرد، بەڵکو لەگەڵ عەلەویەکانیشدا. ئەوە بوو هێندێك شێخی ساختەی تیرە عەلەویان خستەڕوو و چەند کۆمەڵەیەکی ساختەیان لە ناوەوە و لە دەرەوە پێکهێنا. بەڵام ئەو لایەنەی کە لە پشت ئەم کردەوانەوە ڕادەوەستێ هەریەك لایەنە.

ئامانجی هەموو ئەمانە ڕێکخستنی عەلەویەکانە لە باکور و سوننییەکانیش لە باشور، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی خەباتی رزگاری کوردستان. چەند وەزارەتێکی پسپۆریشیان بۆ ئەم مەبەستە دامەزراند. خۆ «عەبدولقادر ئاقسۆ»ی وەزیری ناوخۆ نەقشبەندییەکی سەرپەرگرە لەسەردەمی ئۆزالدا هات. بۆ چەوساندنەوەی چینە زەحمەتکێشەکانی عەلەویەکانیش «محەمەد موغولتا»یان هێنا کە عەلەوییەکی بە بنەچە خەلکی دێرسیمە و لە حکوومەتدا کردیان بە وەزیر. واتە وای لێهاتووە چینی باڵای دەسەڵاتدار بووەتە تۆڕێك، بەرژەوەندی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.

ئەگەر عەلەویگەرایی گەوهەرێکی شۆرشگێری هەبێ، ئەوە ئێمەین نوێنەرایەتی دەکەین. ئەگەر ئیسلامیش گەوهەرێکی شۆرشگێری هەبێ، ئێمە باشترین کەسانێکین نوێنەرایەتی دەکەین. لە کاتێکدا ڕێبازێکی سۆفیگەری ئاینزایەك نییە بتوانێ دوو وشە لەسەر کورد بڵێت، چونکە کوردیان لە مەینەتی خۆیدا بە جێهێشتووە. ئەمە ئەو پرنسیپەمانە کە هەر لە سەرەتاوە بانگەوازمان بۆ دەکرد. ئەمەش ئەو بنچینەیەیە کە لە بەرەنگاربوونەوەی ساختەکاراندا لەسەری ڕاوەستاین. هەموو ئەوانەی کەسەر بە سەرجەمی ئاینزاکان و ڕێبازە سۆفیتیەکان بوون و پێبەستی ڕژێم نەبوون، ڕوویانکردە ئێمە و هاتنە پاڵمان و لەم ڕێگایەدا دووچاری هیچ دژوارییەك نەبوون.

جا هەر ئەوەندەی کوردستان لە ساڵانی نەوەدەوە بەهۆی سەرهەڵدانەکان و پەرەسەندنی چالاکیەکانی گەریلاوە بووە گۆرەپانی دەسرۆیی پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK»، کە ئەم ئالوگۆڕەیان بینی تووشی ترس و بیم بوون، لە کاتێکدا سەدان ساڵ بوو ئەم گەلەیان هەڵدەخەڵەتاند و بە ناوی ئاینزا و سوڵتان و کۆمار و ڕێبازی سۆفیگەرییەوە گەلێك دەسکەوتی گەورەیان بە دەست هێنا. ئێستاش باسی پێکهاتەیەك دەکەن ژمارەی ئەندامانی دەگاتە سەدهەزار.

ی.ك: سەدهەزار ئەندام.

س.پ: بەڵێ. هێندێك شێخی نەقشبەندی هاتنە ئێرە و گوتیان: ئەو پارانەی کە

لە ئەندامەکان کۆیان دەکەنەوە دەگاتە ملیارەها و پێنج یا دە نوێنەریان لە پەرلەماندا هەیە و چەند وەزیرێکیشیان هەیە. واتە ئەوانە شەریکەبەشی ڕەسمی دەوڵەتن. جا کە ڕوومان تێکردن، تۆقین و ترس و بیم بەرۆکی گرتن، لە ترسی ئەوەی نەبادا ئەم هەبوو دەستکەوتانەیان لە دەست دەربچێ. لە لایەکی دیکەوە، ئەمڕۆ عەلەویگەرایی پێی‌ناوەتە ئەورووپا و چەند ناوەندێکی دیکەش. دەوڵەتی تورکیا بەهۆی پەیدابوونی هێندێك هەڵوێستی دژ بە بەرژەوەندی چەند شێخ و پیاوێکی ئاینی عەلەوی‌یەوە ئەم مەسەلەیەی لە ڕێگای نۆکەرانیەوە گەیاندە ئەورووپا تا گەوهەری عەلەویگەرایی بشێوێنێ و بیخاتە بەر خزمەتی خۆی. گەلێك ڕێبازی سۆفێتی دیکەش لە هەموو ناوچە و ویلایەتێکدا هەن، بە ڕادەیەك ـ وەك گوتمان ـ مۆرکی گەلەکەمان دەگۆڕن. ئەوان هەتا وازیان لە منداڵانیش نەهێنا و کوێریان کردن و کردیاننە سەرپەرگری وا کە دژی ڕاستی خۆیان ڕادەوەستن.

بەڵام شۆڕشی ئێران توانی پاش ساڵی ١٩٨٠ کەڵك لە هێندێك خەسڵەتی ئیسلامی وەربگرێ دژی باڵادەستی بێگانە و نوێنەرایەتی سەرکوتکراوان و زۆر لێکراوانی گرتە ئەستۆی خۆی و شۆڕشەکەی لەسەر ئەم بنچینەیە سەرخست. ئەم شۆڕشە کاری کردە سەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و تورکیاش، بە تایبەتی کە پێوەندیەکانی لەگەڵ تورکیادا تا ساڵی ١٩٩٠ و وردتر بڵێین لەگەڵ خودی ئۆزاڵدا پڕ ناکۆکی بوو. تەنانەت ئەوانەی وا بە ڕەسمی لە ئێرانەوە دەهاتن ڕازی نەدەبوون سەر لە گۆڕی ئەتاتورك و گلکۆی مەولانا بدەن. تورکیا بەم ڕەفتارانە قایل بوو و خۆی تەسلیم کرد. ئەو کاتێك ئەم تەنازولانەی دەکرد، بیری لەوە دەکردەوە شتێك بەرانبەر بەوە وەربگرێ لە کوردستان. هەروەها وایان تێ‌گەیاند کە بزووتنەوەی ڕزگاری کوردستان هەڕەشەیەکی هاوبەشە بۆ سەر هەموویان و دژی شۆڕشی ئیسلامی و نەتەوایەتی تورکی و کەمالی‌یە و ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە پەرەبسەنێت مەترسیەکانی بۆ ئێرانیش زۆر دەبن. تورکیا ئێستاکە هەوڵدەدات بەم شێوازە ئەم مەترسی‌یە لە سوریا و عێراق بگەیەنێ.

«حزب الله» پێوەندی بە پۆلیسخانە و مەڵبەندی ڕێبازە سۆفیگەرەکانی ناوخۆ و ئیدارەی ڕەوشی ئاوارتەوە هەیە.

ئەو ئاغا و شێخ و سەرخێلانەی کە جاران نوێنەرایەتی کرێگرتەیی‌یان دەکرد و زیان بە بەرژەوەندەکانیان گەیشت و نیشانەی دوورەپەرێزی‌یان پێوەدەرکەوت، ئەم هەموو پێوەندی و ناکۆکیانە بە تایبەتی لە کوردستاندا وای لێ‌کردن ببنە نیشانی داکراو بۆ کۆماری تورکیا، بە تایبەتی کە ئەوان پێویستی‌یان بە هەر پاڵپشتێك هەبوو بۆ خۆیان. بۆیە لە دەوری ڕێبازە سۆفێتیەکان خڕبوونەوە و بەوە دەوڵەتی تورکیا کە سەدان ساڵە ئەم چەکە ـ واتە چەکی ئاین ـ بەکاردەهێنێ، کاری

تیٚ‌کردن بە ڕادەیەك ئەو نۆکەرانە کەوتنە ئەوەی بە سوریا بڵێن ئێمە نوێنەرایەتی عرووبەمان کردووە. هەموو ڕۆژێك هەواڵی تازەمان بۆ دێت، ئەوانە دەڵێن: «PKK» داوای چەك و یارمەتی مادیمان لێدەکات و ئێمەش نایدەینێ. ڕاستەوخۆ درێژەی پیٚدەدەن: ئەم حیزبە فری بەسەر ئاینەوە نی‌یە. بەم پێیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەروساختیان لەگەڵ «حزب الله»دا ساخ دەبێتەوەو ئەوانە ئەم قسەیە دەکەنە بیانو بۆ نزیك بوونەوە لە (حزب الله). بەم شێوەیەش ئەوە دەردەبڕن چۆن بەرژەوەندی‌یەکانیان دەپارێزن. شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیش سەرباری ئەوەی کە سنوودار بوو؛ بەڵام بەوە جوێ کرایەوە کە شەقلێکی دژ بە ئیمپریالیزمی هەیە و چەند لایەنێکی باش و خراپی هەن. کەچی وێرای ئەوانە، ئێران بە شێوەیەکی گونجاو ئیسلام لەگەڵ داب‌ونەریتی نەتەوایەتی خۆیدا دەخاتە گەڕ و ئیسلام دەکاتە ئامرازێك بۆ پەرەسەندنی خۆی و گوێ بە پەرەسەندنی میللەتانی دیکە و لەسەروویانەوە میللەتی کورد نادات، چونکە زۆربەی کورد سوننی مەزەبن و ئەوەش وایان لێدەکات ببنە کۆسپ لە بەردەم ئێرانیەکاندا.

میللەتی تورکیش تێدەکۆشێ سوود لەم ناکۆکیە ببینێ تا دژی (PKK) بەکاری بێنێ. تا ئێستا بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نی‌یە ڕادەی کەڵك وەرگرتن لەوە پێشان بدات. بەڵام ئەوەی وا بۆمان ڕوون بووەتەوە ئەوەیە کە «حزب الله» پێ‌یەکی لای ئێرانیەکان داکوتاوە. ئەگەر گوتمان تەنیا پشت بە ئێران دەبەستێ، ئەمە ڕاست نی‌یە. ئەو ڕاستیانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا کەوتنە دەستمان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە «حزب الله» پێوەندی بە پۆلیسخانە و مەڵبەندی ڕێبازە سۆفیتیەکانی ناوخۆ و ئیدارەی ڕەوشی ئاوارتەوە هەیە. واتە پێوەندیان بە بنکەکانی کۆلۆنیالیزمی تورکی و بە تایبەتی دەزگای ئیستخباراتی تورکیا «MIT»ەوە ڕاستەوخۆیە. لەوانەیە ئێران ویستبێتی لە پێناوی پەلهاویشتنی ئایدیۆلۆژی خۆیدا بەکاریان بێنێ. بەڵام ئەم مەسەلەیە تەواو ڕۆشن نی‌یە، چونکە دەبێ لەم ڕووەوە تەواو دڵنیا بین. ئەگەر چی پێوەندی «حزب الله» بە نۆکەرانی ناوخۆوە شتێکی نەگۆڕە لەلامان.

پێناسینی ڕاستەقینەی «حزب الله» بەم جۆرەی خوارەوەیە: ئەم حیزبە نوێنەرایەتی کرێگرتەیی بۆ ئەو چینە حوکم بە دەستانە دەکات کە نکوولی لە بوونی مێژوویی گەلی کورد دەکەن. نۆکەرێکی ئیسلامی ڕەنگە، خزمەتی بەرژەوەندی نۆکەرایەتی کوردی دەکات و دەمامکی نەتەوەپەرستی فاشی تورکە کە بۆی نەچووەسەر سۆشیالیزمی شۆڤێنی بخاتەکار و دەستی بۆ ئەم حیزبە درێژ کرد تا بە سوود وەرگرتن لە ئاینزا و ڕێبازی سۆفیتی وەك ئامرازێکی ئایدیۆلۆژی بەکاری بێنێ و ڕێکی بخات و بۆ بەرەنگاری «PKK» پڕ چەکی بکات و لەگەڵ کۆنە نۆکەرەکانیدا یەکیان بخات. ئەوە بۆ ئەوەی بچێتە جێی ئەو چینە کۆمەڵایەتیەی کە لە کوردستان پشتی پێی ئەستوور بوو. لەوانەیە ئێرانیش ویستبێتی ئەم حیزبە بۆ هەمان مەبەست بەکار بێنێ. هەرچی نۆکەرانی

کوردیشن، ئەوانە لەو کەسانە پێکدێن کە زەرمەرمەنی دەستی «PKK» بوون و وای دەبینن کە«PKK» دوژمنی چینەکەیانە. ئەوانە خزمەتی میللەتی سەردەست دەکەن و لە خاوەنەکانی پتر لافی تورك بوون لێدەدەن.واتە ئەوانە خیانەتکاری میللەتی کوردن و بەئومێدن بەم پێوەندی‌یە بەرژەوەندیەکانیان بپارێزن و لەرێگای ئیدارەی حوکـ ـی عورفی‌یەوە خزمەتی دوژمن دەکەن و ئەویش پێ‌بەپێ رێکیان دەخات و دەیانکات بە ئامرازی شەری تایبەتی وەك کۆنترا.

بێ‌گومان خەلکانێکی بەراستی خاوەن باوەر لە نێو «حزب الله»دا هەن بە پێی باوەری خۆیان بانگهێشتن بۆ ئیسلام دەکەن. ئەوانە لە خشتە براون، چونکە بە راستی باوەر بە شۆرشی ئیسلامی دەکەن. بێ‌گومان خەلکانێکی کۆمۆنیستی راستەقینە لە نێو حیزبی کۆمۆنیستی تورکیا «T.K.P»شدا هەن. بۆ نموونە «حیکمەت کەفەلجەملی» کە ئەندامێکی ئەم حیزبە بوو و لە سالآنی سی‌یەوە لەسەر کوردستانی دەنووسی. بەلآم ئەمە هەلآواردەیە و مۆری سۆشیالیزمی شۆڤێنی لە حیزبی کۆمۆنیستی تورکیا ناکاتەوە. ئەمە مانای وایە، هەبوونی هێندێك موسلمانی راستەقینە لە نێو «حزب الله»دا مۆری نۆکەرایەتی ئەو حیزبە بۆ ئیدارەی شەری تایبەت لێ‌ناکاتەوە.

ئێستا هێندێك ئەندامی حزب الله دەلێن: بۆچی تا ئەم رادەیە زولمـمان لێ‌دەکەن؟ ئایا شایانی ئەوەین ببینە بابەتی ئەم جۆرە هەلسەنگاندنە چەوتە؟ جا لەبەرئەوەی کە ئەوان لە راستی‌یە بابەتی‌یەکانەوە دوورن، پێیان دەلێم ئێوە خەلکانێکی خەیالْ پلاون، بیرکردنەوە و هەلسەنگاندن لای ئێوە لارێیان گرتووە، چونکە بارودۆخی تایبەتی خۆتان بە سەر هەمووانداا دەسەپێنن. پێویستە لەسەرمان پێشیان بلێین: ئایا مێژووی ئاینەکان دەزانن؟ ئایا پێوەندی ئاین بە نیشتمانپەروەری‌یەوە دەزانن؟ دەزانن چۆن ئاین دژی میللەتی کورد بەکاردێت؟ راستی ئاینزا و رێبازە سۆفیتیەکان چی‌یە؟ پێوەندیشیان بە رژێمی تورکیاوە چی‌یە؟ ئایا گەوهەری شۆرشی ئیسلامی دەزانن؟ ئەگەر وەلآمی ئەم هەموو پرسیارانەتان دایەوە ـ دیارە موسلمانە راستەقینەکان وەلآمیان راست دەبێ ـ ئەوسا تێ‌دەگەن چۆن وەك ئامێر بەکارتان دێنن.

ی.ك: بەلێ ئاپۆی برام.

س.پ: پێویستە بیرمان نەچێ کە هەموو ئەوانەی وا ئەم ماوەیەی دوایی کاری خافلکوژی‌یان کرد و لە پشتەوە تەقەیان کرد، مندالآنێکن تەمەنی گشتیان لە نێوان ١٥ـ٢٠ سالیدایە و تووشی مێشك شۆرین هاتوون و بەلێنی بەهەشتیان پێ‌دراوە و دۆلار خراوەتە گیرفانیان. هەتا لەو چوارچێوەیەشدا کە باسمان کرد. ئەم مندالە کە تەمەنی لە ١٥ـ٢٠ سالْ تێپەرناکات چۆن و لە کوێ ئەم هەموو ئیسلامە فێربوو؟ ئەم مندالە بێکارە و هەژارە و جل و بەرگی نی‌یە. کوردستان بێکاری‌یەکی ترسناکی تێدایە، تەنانەت دەولەت خۆشی گوتوویەتی: ئێمە دەرفەتی کار بۆ ١٥ هەزار کەس دابین دەکەین. ئەمە ئەو کارەیە کە دەولەت گفتی

پێ‌داون. واته ئەم بێکار و کەسە خۆگونجێنانەی لێ‌بردن و چۆنیەتی لێدان و خافلکوژی و کەمێك لە ئاین و ئیسلامی پێ‌فێرکردن و پێی گوتن: «ئەگەر لێتدا ئەوا تۆ موجاهیدی. ئەگەر مردیشی شەهیدی. بەهەشت چاوەڕێت دەکات». پێشی‌گوتن: «پارە لەم دنیایەدا چاوەڕێتە». کابرا دەبینێ ئەگەر مرد یا زیندوو مایەوە شوێنی باشە. پۆلیسی تورکیاش پارێزگاری دەکات و چەکی پێ‌دەدات، لە کاتێکدا پێشتر نرخی پەڕە سیغارێکی لە گیرفاندا نەبوو. بەڵام ئێستا پارە و چەك و یارمەتی و پارێزگاری پۆلیس هەن و هەموو ئەمانە لە خزمەتیدان، ئایا رادەوەستێ؟

ی.ك: راناوەستێ.

س.پ: بێ‌گومان دوودڵ نابێ «بگرە و بڕۆ لە فلان بدە». کە ئەمە دەبیستێ، دەڕوات و دەست دەوەشێنێ، ئەمە ڕوودەدات. زۆر نیشتمانپەروەر بەم شێوازە و بە دەمامکی ئیسلامەوە خافلکوژ کراون.

جاران پەلامارەکان بە کاریگەری سۆشیالیزمی شوڤێنی پشتیان بە چەند بنچینەیەکی ئایدیۆلۆژی دەبەست. جاروباریش ململانێ دەبوو بە زەبروزەنگ. وەختێك بڕیارماندا بە توندوتیژی بەرپەرچیان بدەینەوە، بوار لە بەردەم مشتومڕێکی فراواندا ئاوالە بوو. هەمان شت لەگەڵ ڕێکخستنی «KUK»دا ڕوویدا کە میللی‌گەری سەرەتایی دەنواند و هەمان وەڵاممان دانەوە. هەرچی ئەو شێوازە تازەیەشە کە خۆی لە ڕێبازی سۆفیێتی و ئاینزادا دەنوێنێ، ئەوە ئەوانە لە مێژبوو لە ڕووی ئایدیۆلۆژی‌یەوە خۆیانیان ساز و تەیار دەکرد. بەڵام ئێستا پەنایان بردووەتە بەر چەك و پێدەچێ لەوەدا هەر بەردەوام بن. بۆیە پێویستە لەسەرمان بە باشی تێ‌بگەین ئەم کردەوانە چین. پێویستی‌یەکی زۆرمان بە هۆشیاری‌یەکی ڕیشەیی هەیە. ئەوە تەڵەیەکی گەورە و گەورەترین گەمەیە منداڵانێك دەگرێتەوە تەمەنیان لە ۷ ساڵ تێ‌ناپەڕێنێ و تووشی مێشك شۆرین دەبن. دەزگای ئیستخباراتی تورکیا «MIT» و ئەو پیاوە ئاینیانەی کە لەلای ئیدارەی شەڕی تایبەت کاردەکەن لە لوتکەی ئەم ئیشەن و چوار مشقی لێ‌ی دانیشتون و هەوڵ دەدەن ئەو لاو و منداڵانە بە شێوازی فەلسەفەیی قەناعەت پێ‌بکەن. دەمڕاستەکانی سوڵتانە عوسمانیەکان پیاوی ئاینی وەك ئەوان نەبوون؟ حاڵی حازر پیاوی ئاینی وا هەن وەك دەمڕاست ئیش بۆ کۆماری تورکیا دەکەن. بۆ نموونە «عەدنان خۆجە» چۆن پەیدابوو؟ هەروەها لەم ماوەیەی دواییدا نیشانیان لە ڕۆڵەی دەوڵەمەندان گرتەوە و چەندین پیاوی نەقشبەندی باش مەشق پێکراو و تا رادەی مردن پێبەستەی هەم بەرژەوەندی‌یەکانیان و هەم دەوڵەت بە پێی ئەم بەرژەوەندییانە هاتنە بەری مەیدان.

زۆر ڕۆشنه کەوا ئیدارەی شەڕی تایبەت ئەندامەکانی «حزب الله» دەکڕێ و پێیان دەڵێت: ئەگەر گیرای، دەتوانم قوتارت بکەم!

دەتوانین بڵێین بنکەکەی لە لاوانی هەڵخەڵەتێنراو پێك دێت، بەڵام لوتکە پیاوانی ئاینی هەڵخەڵەتێن و ساختە و سەرۆکانی ڕێبازە سۆفیتیەکانی لێیە کە سەرپاکیان لە پێناوی بنیاتنانی تۆڕێکی دوژمنکاری ئایدیۆلۆژیدا یەکیان گرتووە تا بیکەنە بزووتنەوەیەکی چەکدار. ڕەنگە ئەوانە هێزیان سنووردار بێ و کاریگەرییەکی وا زۆریان نەبێ، بەڵام پێشینەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی‌یان هەیە. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئەو پشتیوانی‌یەیە کە ئیدارەی شەڕی تایبەت لێیان دەکات و پێیان دەڵێت: «دەست بوەشێنە، پاریزگاریت دەکەم». شتی سەلمێندراو ئەوەیە ئەوانە بە ڕۆژی ڕووناك لە «سیلوان و باتمان و دیاربەکر» دەست لە دەستی پۆلیسی تورکیدا ڕێ دەکەن. زۆر ڕوونە کە ئیدارەی شەڕی تایبەت ئەندامەکانی «حزب الله» دەکڕێ و پێیان دەڵێت: «ئەگەر گیرای دەتوانم بتشارمەوە». تۆ دەتوانی لە هەلومەرجی بێکاری بڵاوی کوردستاندا گەلێك کەس پەیدابکەی ئەم کارەیان پێقبوول بێ. ئەو بنچینەیە کە جووڵانەوەی فاشی تازەکورە پێی‌پشت ئەستوورە، بەکارهێنانی ناوی بیژەی مەزنایەتی‌یە لە کردەوە گڵاوەکانیدا. ئەوان ناوی «حزب الله» بەکاردێنن چونکە گەل ڕێزی «بیژەی مەزنایەتی» دەگرن. نەریتێکی لای باب و باپیریان بەکارهێنانی ناوی جوان و وشەی ڕازاوەیە بۆ چەند مەبەستێکی پڕوپوچ. ئەمە ڕێگای خەڵەتانی خەڵکانی دیکەیە.

ئەم هێزانە فڕیان بە سەر ئیسلامی ڕاستەقینەوە نی‌یە. خۆ «حزب الله» هیچ پێوەندی‌یەکی بە خوای گەورەوە نی‌یە و ئەمە چاوبەستێکی ئایدیۆلۆژی‌یە هەوڵدەدەن لە پشتیەوە گەلەکەیان بخەڵەتێنن. ئاخۆ دەبێ بارودۆخی ڕاستەقینەی مێژوویان چۆن بێ؟ لە ڕاستیشدا داوای چی‌دەکەن؟ زۆرمان لێپرسین و هیچ وەڵامێکمان دەستگیر نەبوو. ئەوانەی وا تاوان دەکەن، بەرژەوەندیان لەگەڵ دەوڵەتدا هەیە و بەرژەوەندیەکانیان خواو باوەڕیانە.

دەشتوانین بڵێین: گشت چینە خیانەتکارەکان لە کوردستان، بە خیانەتی شەخسی و ئەوانەشەوە کە چەپی کوردی بەکاردێنن، لەم سەدەیەی دوایدا بنکەیەکی بنچینەیی‌یان بۆ گەمەکانی میللەتی سەردەست پێکهێناوە. ئەو کاتەی کە میللەتی سەردەست لە بەرەکانی شەڕ بە سوپاکەی خۆی شەڕی کرد، ئەو خیانەتکار و جاشانەی کە ئامرازی ئیدارەی شەڕی تایبەتن لە پشتەوە دەستیان لە هێزە ڕزگاریخوازەکان دەوەشاند. هەروەها حیزبە سیاسیەکانی سەر بە ڕژێم وەك «SHP ،DYP» و دەرزەنێکی دیکە لە حیزبی هاوشێوەی ئەم جووتە حیزبە، گەلێك لەو کەسانە وان لە نێو ڕیزەکانیاندا کە قایل بوون وەك خزمەتکاری ڕژێم ئیش بکەن و بۆیان دەرکەوت بەرژەوەندی شەخسی‌یان بە چوونە پاڵ ئەم جۆرە حیزبانە

بەدی دێت. بۆیە ئەوانە لە تاوانی حیزبەکانیاندا دژی گەلی کورد شەریکە بەشن. کەسانێکی دیکە هەن لە نێو سوپای دەوڵەتی تورکیادان و شەڕی گەلەکەیان دەکەن. ئەوانەش خیانەتکارن. بنکەی گوندپارێزان و چەندین هێزی فاشی ئاشکراش هەن. ئەو هێزە تایبەتانەش هەن کە لە بنەڕەتدا هێزی فاشین. هێزەکانی کۆماندۆش هەن کە هێزی تایبەتن لە نێو سوپادا. هێزەکانی دەست تێوەردانی خێراش هەن. هەموو ئەوانە کە ناومان بردن لە بەرەی شەڕی ئاشکرادا شەڕ دەکەن. کەواتە ئایا پێویست دەکات چەندەها هێزی نهێنیش هەبن لە هێرشیاندا بۆ سەر گەلی کورد، ئیسلام بەکاربهێنن و بەسەر دەست و نەستی ئاینییەوە مشەخۆر بن تا وەك دەمامکێك بۆ کردەوەی تاوانکارانەیان بەکاری بێنن؟ ئەو پرسیارەی کە لە خۆیانی دەکەن ئەوەیە: «ئەگەر ئەم شێوازەمان بەکارهێنا و پشتمان بە لایەنی ئاینی بەست وەك پێشتریش کردوومانە، ئایا دەتوانین لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا بە ئامانجەکانمان بگەین؟ وەڵامیان بۆ ئەم پرسیارە بنیاتنانی (حزب الله) بوو، چونکە هێندێك تاوان کردن بە دەستی ئەوانە دەکێشێتەوە بۆ چەواشەکردنی بیرکردنەوەی گەل و ئەمانیش بێ کەم و زیاد ئەمەیان گەرەکە. ئیدی ئایا (حزب الله)ی نێو باوەشی پۆلیس،بۆ حوکم بە دەستەوەگرتن تێدەکۆشێ؟ نەخێر پیادەیەکی بچووکە بە دەستی ڕژێمەوە، پیادەیەکە لە پیادەکانی شۆڕشی چەواشە، ئێمە لەوانە دەپرسین: ئایا لە سایەی پارێزگاری پۆلیسدا بەهەشت دادەمەزرێنن؟ ئایا (حزب الله) بە یارمەتی پۆلیسی کەمالی و هێزە تایبەتەکان و بە پارێزگاری ئەوان ئامانجەکانی بەدی دەهێنێ و دنیا دەبێ بە بەهەشت؟ ئەمە چ ڕژێمێکە کە پۆلیس خزمەتی دەکات؟ زۆر ڕۆشنە ئەوانە لە خزمەتی زایۆنیزمدان.

ئەوانەی وا لافی ئاینداری ئیسلامی لێدەدەن بە خۆیان دەڵێن: ئێمە دژی زایۆنیزمین. ئەوی ڕاستی بێ ئەم سیستەمە بەرقەرارە لە ئیسلام زیاتر نوێنەرایەتی زایۆنیزم دەکات. «هێرتزۆگ»ی سەرۆکی دەوڵەتی ئیسرائیل گوتوویەتی: «ئێوە چی لە دژی کورد دەکەن ئێمە قروقەپی لێدەکەین و ڕازی دەبین، بە مەرجێك ئێوەش بێدەنگ بن و ڕازی بن بەوەی کە بە فەلەستینیەکان و عەرەبی دەکەین!». بەڵێ ئایا هێرتزۆگ ئەم شێوە بەڵێنەی لەسەر کورد بە تورك نەداوە؟ ئایا ئەمە وا ناگەیەنێ کە تورك فەرمانبەرداری هێرتزۆگە؟ ئایا ئێوە پیادە نین بە دەستی شۆڤینیزمی تورکییەوە و فەرمانبەرداری پۆلیسی تورك نین؟ بە هەمان مانا: ئایا خزمەتی ئیمپریالیزم ناکەن؟

تەواو ئاشکرایە کە «حزب الله» هێندەی خزمەتکردنی کەمالیزمی تورك خزمەتی زایۆنیزم دەکات. ئەوان لافی ئەوە لێدەدەن کە بەرهەڵستی ئایدیۆلۆژی ڕەسمین، کەچی لە سایەی ئەودا شەڕدەکەن. ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەوان خزمەتکاری ئەم ڕژێمەن؟ ئایا تا ئەم ساتە خوێنتان لە لووتی زایۆنییەك یا کەمالییەك هێنا؟ ئەگەر ئەو لایەنەی کە باربووی ڕژێمی تورکیا و کەمالیزم دەکات زایۆنیزم بێ، ئەمە وا دەگەیەنێ کە ئەو لایەنەی وا باربووتان دەکات

ئەویش هەر زایۆنیزمە، ئێوە بە چەندین ڕێگای ناڕاستەوخۆ نۆکەری زایۆنیزمن. ئێمە مەبەستمان لەو ئەندامە ڕاستەقینانەی «حزب الله» نی یە کە ڕوویانکردووەتە خواو لە خشتەبراون. بەڵام پێویستە لەسەرمان بە ڕاشکاوی بۆیان روون بکەینەوە کە (حزب الله) پیادەیەکی ناڕاستەخۆیە بە دەستی زایۆنیزمەوە. ئەمە ڕاستی یەکی بێ پێچ وپەنایە لای ئێمە و، (حزب الله)ش هیچ دوژمنایەتی یەکی ڕاستەقینەی نە زایۆنیزم و نە ئیمپریالیزم و نە کەمالیزمی نی یە. دوژمنی ڕاستەقینەیان ئەو بزووتنەوەیەیە کە پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK» ڕێبەرایەتی دەکات. ئەمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕۆشنە کە دەیان شەهیدی تێدا دەدەین. بەم مانایە بەرگری ڕاستەقینە لە ئیسلام «PKK»یە و دوژمنانی گەلانی ئیسلامیش ناسراون و کە بریتی یە لە ئیمپریالیزم و داروودەستەکانی لە زایۆنیزم و کەمالیزم. ئەوە(PKK)یە کە بێ بەزەییانە شەڕێکی لێرە و لەوێ دژی ئەوانە دەکات. ئایا (حزب الله) هیچ شەڕێکی لەم چەشنەی شەڕی ئێمەی کردووە؟ بابێنە لامان و پێمان بڵێن شەڕ دەکەین. ئێمە تەواو ئامادەین چەکەکانی خۆمانیان بدەینێ.

بانگەوازێکمان ئاڕاستەکردن و پێمانگوتن: وەرن با بۆ بەرەنگاری ئیمپریالیزم و کەمالیزم و زایۆنیزم یەکبگرین و پێکەوە شەڕیان بکەین. لە بری ئەوەی کە نیشتمانپەروەرە بێتاوانەکان بکوژن، چەندین دەستەوتاقمی ئیمپریالیەکان و زایۆنیەکان هەن پەلاماریان بدەن. مادامێکی - بەپێی لاف و گەزافی خۆتان - دوژمنایەتی ئیمپریالیزم دەکەن، ئیدی بۆچی دەڵێن «PKK» کافرە و تاکە مەترسی «PKK»یە. پێوەندی ئەم دروشمانە بە دژایەتی کردنی ئیمپریالیزمەوە چی یە؟ مادامێکی ڕاستیەکان تا ئەم ڕادەیە بێپەردەن، بۆچی هەوڵدەدەن ڕووی خۆر بە بێژنگ بگرن؟

ئەوی ڕاستی بێ هیچ پێویست ناکات ئەم بابەتە بەم هەموو دوورودرێژی یە لێکبدەینەوە. بەڵام ئێمە ویستمان بارودۆخی ئەو مندالانە پێشان بدەین و بزانین ئەو بالادەستانە چۆن هەڵیان دەسوورێنن، لەبەرئەوەی بوونەتە هۆی شێواندنی مێشکی خەڵکی، بۆیە خواستمان ڕەوشیان دیاری بکەین بۆ جەماوەر. لەبەرئەوەی ئەوانە کە میللەتی تورك دروستی کردوون ساختەن و کاری چەپەڵی زل زل دەکەن. دەبوو شی بکرێنەوە و ڕووناکی بخرێتە سەر لایەنە شاراوەکانی پێکهاتنیان. بێ گومان ئەو «ڕووڕەشانە» لە بەردەم گەلدا دەستیان دەکەوێتە ڕوو و گەل چەکیان دەکات و ناویان دەزڕێنێ. ئەمە لە ئێستاوە لە چەند جێگایەکدا ڕووی داوە کە باوەڕیان وابووە قەڵای خۆیانە. کاتێك دەکەونە چنگی جەماوەر، سەرکوتیان دەکات. پاش تێپەڕینی چەند ڕۆژێك و زیاتر کەوتنە ڕوویان. نە هێلانەیەك دەدۆزنەوە حەشاریان بدات و نە جێگایەك خۆیانی تێداوەشێرن.

جارێکی دیکە بەوانە دەڵێین کە دڵسۆزانە پێیان وایە ئەوەی وا دەیکەن لەبەرخاتری خوایە: دادپەروەری ئەو شۆڕش و ئیسلامە کامەیە کە دەمیان تێ دەژەنن؟ ئەمە باش دەزانن. هەروەها شۆڕشی ئێران چی یە؟ ئیمامی عەلی «خوا لێی ڕازی بێ» کێ یە؟ ئەمەش باش دەزانن. زانینی ئەم مەسەلانە هەر بە قسە نابێ،

بەڵکو بە کردەوە دەبێ. بەتیۆریی هەموو ئەمانە دەڵێن، لە کاتێکدا بە کردەوە چەك و پارەتان لە پۆلیسی تورك و باوکە ئاغاکانتانەوە پێدەگات تا پاش ئەوە ـ بەقسەی خۆتان ـ «جیهاد دژی کافران !» بکەن. تا ئەم ڕادەیە خۆتان مەخەڵەتێنن. ئەمە ڕێگایەکی زۆر ترسناکە بۆ ئێوە. باش بیربکەنەوە. هیچ ئامرازێکی داکۆکی کردنتان بە دەستەوە نی‌یە. ئێوە ناتوانن تەنانەت بەدوو وشەش داکۆکی لە خۆتان بکەن. ئەگەر درێژە بەم کردەوە گڵاوانەتان بدەن، مێژوو وا باستان دەکات کە ئێوە نەفرەتی‌ترین کەسانێکن هاتوونە بوون. بۆیە پێویستە لەسەر ئەوانەی کە پاش ئەم کردەوە گڵاوانە دەستیان پیس نەبووە، بێنەوە سەر ڕێی‌ڕاست و داوای لێبوردن لە خوا و گەلەکەیان بکەن و هەوڵ بدەن کاروکردەوەکانیان چاك بکەن. لێرەدا دەمەوێ بانگەوازێك ئاڕاستەی ئەوانە بکەم کە تێدەکۆشن ناوی ئێران بەکاربهێنن. هێشتا هێندێك لایەنی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم لە شۆڕشی ئێراندا هەن. بە ئێرانیەکانیشمان گوت: بەشداری کارێك مەکەن کە لەگەڵ ئەو شتانەدا کەوا بانگەوازیان بۆ دەکەن جووت نایەتەوە و... دوژمنایەتیمان دەکەن... هەوڵ بدەن لە نیزیکترین دەرفەتدا ئەم دۆخە دوایی پێبهێنن... وریا بن تا نەبنە نێچیری باروودۆخێکی لەم چەشنە. چاوتان بکەنەوە ئەگەر بە ڕاستی دەتانەوێ خەبات دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کەمالیزم بکەن، لە ژێر ئەو ئاڵابەدا جێی خۆتان بگرن کە پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK» بەرزی کردووەتەوە و لە نێو ئەو ڕیزانەشدا کە جیهاد و خەبات دەکەن. تەنیا بەم کارەتان شێلگیری خۆتان دەسەلمێنن. گەلێك لاو هەن لە خشتە براون، ئەوانیش لەسەریانە چاو بکەنەوە و تێبگەن کە ئەوان باشترین خەڵکانێك دەکوژن. با دەست لەم تاوانانە بکێشنەوە و بزانن بەوە لێیان خۆش دەبین بێنەپاڵ هەڤاڵانیان لە شۆڕشدا و داوای لێبوردنیان لێبکەن. ئەگەر بە ڕاستی دەیانەوێ ببنە کەسانێکی سوودبەخش، بابێنە سەر ئەم ڕێگایە.

ئەرکی ئێمە ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێ بە ڕاستی ئەوانە هەڵبسەنگێنین و ناویان بزرێنین و لای کۆمەڵگا ئاوەڕووتیان بکەین. ئەگەر سوور بوون لەسەر چەك هەڵگرتن دژ بە گەل، ئەوا ئێمەش بێبەزەییانە بەرەو ڕوویان دەبینەوە و سەرکوتیان دەکەین و پەنادەبینە پێکهێنانی تیپی تایبەتی خافڵکوژکردن و لەکۆڵ بوون لەوێ دایاندەنێین و عەقڵی پیلانگێری ئەوان بە نیشانە دەنێینەوە. هەروەها داوا لە گەلەکەمان دەکەین چاوکراوە و وریا و تاسەر پێملی ڕێنوێنیەکان بن، چونکە ئەوانە بە دزی‌یەوە ئیش دەکەن و هیچ و پووچانە مرۆڤی بێتاوان و بێچەکمان دەکوژن. واتە ئێمە بەرەنگاری ئەوانە دەبینەوە کە بێتاوانان بە شێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو و ڕێکخراو دەکوژن.

ئەمە ڕاستی (حزب اللـه)یە کە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی پیرۆزی گەلەکەمان دروستیان کردووە. پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK»ش پێبەستەی هەم دابونەریتەکانی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و هەم

گەوهەری ئیسلامی شۆڕشگێڕ و پرنسیپی دادپەروەری و هاوسانی‌یە، زیاد لە هەر ڕێبازێکی سۆفیێتی و هەر ئایینزا و ڕێکخستنێکی دیکە. جوولانەوەیەکە لە ئاستی سەرکردایەتیدا بەرانبەر بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کەمالیزم بەرخۆدان دەکات، ئەگەر چی گوزارەی ئیسلامیش بەکارناهێنێ. ئەمە گەوهەری ئێمەیە. جوولانەوەکەمان لە ناخەوە ڕێزی ئاین دەگرێ و بە شێوەیەکی دیموکراتیانە لا لە تێکڕای ئاین و ئاینزاکان دەکاتەوە و بایەخ بەو لایەنە و خاسیەتە باشانە دەدات کە زۆر خزمەتی لایەنە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان و بەها مێژووییەکان دەکەن و پەرەیان پێ‌دەدەن.

پێویستە هاوسانی گەلان و ئینتەرناسیۆنالیزم لە دەلاقەی ڕێنوێنیەکانی سەرجەمی ئەو ئاینانەوە ببینن کە گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست باوەڕی پێیان هەیە. ئەگەر پێمان کرا ئەم لایەنە باشانە بە ڕاستی هەڵبسەنگێنین، ئەوا دەتوانین بەبێ پەنابردنەبەر شۆڤێنیزم یا فاشیزم خزمەتی گەلان بکەین و تەبایی‌یان بەدی بێنین. ئێمە بایەخێکی زۆر بەم لایەنانە دەدەین. ئەگەر ئەمە ڕاستی ئێمە بێ و حیزبمان لە پێناوی ئەم ڕاستیانەدا شەڕ بکات، پێویست ناکات خەباتمان بە شێوەیەکی دیکە لێكبدرێتەوە. ئێمە تەنیا شەڕی کەمایەتی داگیرکەری تورك دەکەین، لەگەڵ شەڕی زایۆنیزم و ئیمپریالیزمدا کە لەپشتیەوە ڕادەوەستن. بۆیە هەر لێکدانەوەیەکی چەوتی خەباتمان، خزمەتی ئەوان دەکات. ئەگەر هەر لایەنێکی دیکەش پەلاماری «PKK» بدات بەبێ ئەوەی بیناسێ یان بە کۆسپی بەردەم خۆی بزانێ، ئەوە ئەم لایەنە بەم هەڵوێستەی لایەنگری ئەوان دەکات.

ئێمە لەلای خۆمانەوە چی لە ئەستۆماندا بێ بەجێی‌دێنین و هەڵوێستمان بەم شێوازە ڕوونە شی‌دەکەینەوە و بەکردەوە و سیاسەتیش ئەوە دەکەین. بۆیە داوا لەو کەس و ناوەندانە دەکەین کە بوونەتە لایەکی ئەم قەیرانە، بە ڕاستی نەك هەر بە قسە ئەرکی سەرشانیان ڕابپەڕێنن. ئەگەر باوەڕیان بە پرنسیپەکانی ئیسلام هەیە سەبارەت بە ئازادی و هاوسانی و لە نیاز و کردەوەکانیاندا ڕاستگۆن، دەبێ کارێك بکەن ئەوە بسەلمێنن. ئێمە بە قسە و بە کردەوە هەڵوێستی خۆمانمان بۆ جیهان سەلماندووە. ئێستاش نۆرەی ئەوانە. ئەگەر نەیانکرد و پێداگر بوون لەسەر شەڕکردنمان ئەوا ئێمە تا هێزمان تێدابێ سەرکوتیان دەکەین.

ئێمە بەرەنگاری ئەو ڕێکخستن و هێرش و سیاسەتانە دەبینەوە کە دەوڵەتی تورکیا بۆ ئابلووقە سەپاندن بە سەر شۆڕشی ڕزگاری کوردستاندا پەرەی پێ‌داون.

ی.ك: باشە ئاپۆی ئازیزم. گفتوگۆکەمان دەگاتە خاڵێکی سەرنجڕاکێش. دەوڵەتی تورکیا بە شوێن چەند چارەسەرێکی جۆراوجۆردا گەڕاوە بۆ لە ڕوودا ڕاوەستانی سەرکەوتنی پارتی کرێکارانی کوردستان و، حیزبە کوردیەکان و گوندپارێزان و ئەو چەپڕەوە کوردانەی کە لە نێو کۆنە سیاسیەکانەوە هاتوون و

دواجار بزووتنەوەی بارزانی و تاڵەبانی لە باشووردا خستووەتەکار. دەوڵەتی تورکیا هەموو ئەوانەی خستووەتە کار. تائێستاش بۆ ئەم ئامانجە یاریدەیان دەدات. دواجار (حزب الله)ش بەکاردێنێ. ئێوە دەڵێن «سەرکوتیان دەکەین»، ئایا کۆتایی چی دەبێ؟

س.پ: ئەم بابەتەم بە دووردرێژی ڕوون کردووەتەوە. ئێمە بەرەنگاری ئەو ڕێکخستن و هێرش و سیاسەتانە دەبینەوە کە دەوڵەتی تورکیا بۆ ئابلووقە سەپاندن بەسەر شۆڕشی ڕزگاری کوردستاندا پەرەی پێداون. ئەم هەوڵانەش بە تایبەتی لەگەڵ هاتنی ئیدارەی ڕەوشی ئاوارتەدا پەرەیان سەند، چونکە زەحمەت نییە لەوە تێبگەین کە دامەزراندنی ڕێکخستنی (گوند پارێزان) هەوڵێکە بۆ زیندووکردنەوەی هێزە حەمیدیەکان، هەرچی کێشەی ڕێبازە سوفیگەرییەکانیشە، لە جۆری ڕێکخستنی «گوند پارێزان» نییە، بەڵکو ئامانجی پڕکردنەوەی بۆشایی ئایدیۆلۆژی نێو کەمالیزمە بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی کۆمۆنیزم و پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK». ئەم ئاراستەیەش بۆ ئەم مەبەستە پەرەی پێدرا. جا کەشەری کەنداو دەستی پێکرد، دەوڵەتی تورکیا دەستی بۆ بارزانی و تاڵەبانی درێژکرد تا بۆ بەرەنگاربوونەوەمان بەکاریان بێنێ. ئەم شێوازە لە کۆنەوە هەبووە، بەڵام هەوڵیاندا بۆ پێشەوەی ببەن بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلە ڕەخساوە. هەروەها دەوڵەتی تورکیا هەوڵیدا حیزبێکی کوردی ساختە بنیات بنێ تا بێتە درێژکراوەی خۆی و لە هەمان کاتدا درێژکراوەی تاڵەبانی یا بارزانی. ئەم مەسەلەیە لە ناوەندەکانی ئیستخباراتی تورکیا «MIT»دا زۆر مشتومڕی لەسەر کرا، بەڵام سیاسەتی ڕاست و ڕەوانی پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK» نەیهێشت ببێ. ترسان ئەم حیزبە وەك حیزبی کاری میللی «HEP»ی لێبێ و خزمەتی شۆڕش بکات لە بری دوژمنایەتی کردنی. ئەم حیزبانە وەك کەلەبەرێك وان دەوڵەت هەناسەی ئایدیۆلۆژی لێوە دەدات. ئەوان ئێستاکە هەوڵدەدەن پەرە بە (حزب الله) بدەن و بەرەو پێشەوەی ببەن بە پێی سەرنەگرتنی ئەزموونەکانی پێشوویان کە تێکۆشان گوندپارێزان و ڕێبازە سۆفیگەرییەکان و میللیگەری سەرەتایی بارزانی و تاڵەبانی پێبخەنە کار. ئەزموونێکی هاوچەشنیش هەبوو، لە کاتێکدا دەوڵەتی تورکیا ویستی چەپی تورکیش بخاتە کار بەوەی کە هێندێك دەوری بداتێ. نایشارمەوە لەم بابەتەدا وەك جاران کەمێك دوو دڵیم هەیە.

ی.ك: دەکرێت بە کەمی ئەم لایەنەمان بۆ باس بکەن؟

س.پ: من باسی هێندێك حسێبکاری و گرەو دەکەم کە شۆڕشگێڕان و ڕیفۆرمیستانی چەپی تورك لەسەر بەرەنگاربوونەوەی(PKK) دەیانکردن. من ناڵێم ئێمە بەڵگەیەکی بێئەملائەولامان لەسەر ئەم حسێبکاریانە پێیە. بەڵام بە پێی ئەو ئاکامە سیاسیانەی کە دەرکەوتن گومانمان زۆرن.

ی.ك: لەمپەری (حزب الله) لە کوردستان و لەمپەری تاڵەبانی و بارزانی لە باشووری کوردستان، بەڵام لە تورکیا ـ واتە بەرەی خۆرئاوا ـ یەکێك یا دووان لە چەپی تورك هەیە.

س.پ: دەتوانم وەك نموونەیەك بۆ گفتوگۆكەمان باسی مەسەلەی ڕێگای شۆڕش «DEV-YOL»ت بۆ بكەم. هێندێكیان دەڵێن: «DEV-YOL» تووشی ڤایرۆسی ترۆتسكی بووە. بۆیە پەرەناستێنێ. هێندێكیشیان دەڵێن: زۆرلێكراو و سەركوتكراوە و ناتوانێ سەری خۆی بەرزبكاتەوە. بەڵام وەك دەبینن ئەمە ڕاستی نییە.

تاكە هۆش بە ڕای ئێمە ئەوەیە كە «DEV-YOL» وردەبورژوا لە ناو پێكهاتەكەیدایە ئەگەر خەباتی «DEV-YOL» شانبەشانی خەباتی «PKK» پەرەی سەند، ئەوسا شۆڕشێكی سەرتاسەری بەرپا دەبێ و ڕژێمی توركیا ژێرەوژوور دەبێ، لەبەرئەوە حەزناكەن خەبات سەربخەن. پێویستە بەم شێوەیە لەوە حاڵی ببین. ئەوان حەز بە هەرەس هێنانی دەوڵەتەكەیان ناكەن و لەو كارانە پەشیمان بوونەوە كە پێشتر كردیانن و كشانەوە و لە جێی خۆیان دانیشتن. بۆیە پەرەسەندنی شۆڕشی توركیا گرێدراوە بە سەركەوتنی «PKK»وە، خۆ «DEV-YOL» یا حزبی (ڕێگای شۆڕش) حیزبێكی میللی بووە، بێدەنگی یەكجارەكی بەرخۆدانی شۆڕشگێڕانەی و پێنانیە سەر ڕێگای ساختەی سەرلێشێوێن و ئەم شێوە جەماوەر خەڵەتاندنەی، چەند كارێكی جێی بیركردنەوەن و دەبێ لەمە تێبگەین.

ی.ك: مەسەلەی «DEV-YOL» جێی مشتومڕە و هەمووان قسەی لەسەر دەكەن.

س.پ: ئەوانە مستومڕی ساختەن. من بە تایبەتی بانگی شۆڕشگێڕە دڵسۆزەكان دەكەم و دەڵێم: ئەم مشتومڕدیان ساختەیە و «DEV-YOL» كەبەر دووچاری ئەشكەنجەدان بوون یا لەبەر بێتوانایی خەباتی خۆی ڕانەگرتووە. نەخێر، بینینی بەرخۆدانی هەڵكشاوی «PKK» هەڵوێستی دەوڵەت شڵەق دەكات و ئەوانیش ئەوەیان پێخۆش نییە و نایانەوێ خەباتیان ببێتە پشتیوانی خەباتی «PKK»، بەڵكو حەزدەكەن هێزی دەوڵەتی توركیا ڕوو لە زیادی بكات. بۆیە لە كارەكانی پێشوویان پەشیمان بوونەوە و لە ماڵی خۆیان دانیشتن و دەستیان لە خەبات هەڵگرت. واتە ئەوان ئامانجیان دەست گرتن نییە بەسەر دەوڵەتدا بە شۆڕش. ترسی بنچینەییان لە سەركەوتنی شۆڕشەوە بە ڕێبەری «PKK» سەرچاوە دەگرێ. من وای دەبینم كە ئەم ڕوونكردنەوەیە زۆر گرنگە و پێویستە پەرەی پێبدرێت.

ی.ك: سەركردەی ئازیزم، بە ڕای من ئەگەر گوتتان بە تەنیا «DEV-YOL»، ئەوە زوڵمی لێدەكەن، چونكە هەموو چەپڕەوەكان نایانەوێ هیچ بكەن و ئێستا بۆ ئەوە كەوتوونەتە مشتومڕ كردن.

س.پ: ئەمە ڕاستە. بەشێكی زۆریان بە خەیاڵی ئەو ترسەوە دەژین كە سەركەوتنی «PKK» دەیخاتە دڵیانەوە و هەڵوێستیان بەرانبەر بە دەوڵەتی خۆیان لەو قەوزانە دەچێت كە ئاویان لێدەبڕێ. بۆیە پاشەكشەیان كرد و لە ماڵی خۆیان دانیشتن . ئەوان دەوڵەتی خۆیان ناترسێنن. بەڵكو «PKK» دەترسێنن. ئەم

تێبینییە زۆر گرنگە. ئەوان بە پێی ئەم چەمکە ئارەزووی شۆڕش ناکەن، لەبەرئەوە نا کە ناتوانن بەڵکو لەبەرئەوەی کە دەترسن شۆڕشەکەیان بە کردەوە خزمەتی پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK» و خزمەتی گەلانی دیکە بکات. ئەوە بوو دەست بەرداری بوون. ئەوانە دەچنە نێو چوارچێوەی چەمکی سۆشیالیزمی شۆڤینییەوە.

ی.ك: دەمەوێ لە ڕوانگەی دەوڵەت و هەڵوێستییەوە قسەبکەم. کاتێك زانکۆی ئازادمان دامەزراند و کەوتینە سۆراخی جێگایەك بۆ تێداگوتنەوەی وانەی کردنەوەی زانکۆ، لە جێگادۆزینەوەدا گەلێك دژواریمان تووش هات. بەو بەهانەیەوە کە ئیسماعیل بێشکچی دێت و پڕۆپاگەندە بۆ میللەتی کورد دەکات و گوتەکەی دێتە سەر چەند مانا و چەمکێك کە بانگهێشتن بۆ دۆستایەتی لەگەڵ «PKK»دا دەکەن. جا هەر لەم گومانەوە جێگایەکیان نەداینێ. ئەمە لە کاتێکدا کە شتی وا ڕووی نەدا. دەوڵەتی تورکیا بەرانبەر بەوە ڕێیدا لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری (ئەتاتورك) کۆڕێکی پرسە بۆ خاتوو (بەهیجە) بکرێت لە یادی کۆچی دواییدا و هەروەها کۆڕێکی پرسەش بۆ (عەبدوڵلا باشتورك) بکرێت لە هەمان مەڵبەند. دەوڵەت کاتێك هیچ ناکەی توانایەکی گەورەت دەداتێ، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە قەرەتان ناکەون وەك مامۆستایانی زانکۆ و هونەرمەندانی شانۆ و هونەرمەندانی دەوڵەت کە لە کۆڕی پرسەی خاتوو بەهیجەدا قسەیان کرد.

س.پ: بێگومان، ڕۆشنبیرانی تورك و چەپی تورك لە نێو خۆیاندا پێکهاتوون هیچ کارێك نەکەن زیان بە دەوڵەتەکەیان بگەیەنێ. دەوڵەتیش پێ بەپێ لەسەرئەوە پاداشتیان دەداتێ، لە کاتێکدا زۆر لەوانە بوونە خاوەن کار و وایان لێهات پارەیەکی زۆر و زەبەندیان هەبێ، ئەوانە شۆڕشیان ناوێ. بەڵام هەر ئەوەیان لێداواکراوە ناوی شۆڕش لەکەدار نەکەن و گەمە بە ناوی مەزنی وەك (شۆڕش و چەپ و سۆشیالیزم)یش نەکەن، چونکە ئەوە دەکەن و دەیانەوێ بەم کارەشیان چەندەها قەیران و کۆسپ لە بەردەم گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەدا بخوڵقێنن.

ڕەنگە ئەم بارودۆخە بێیانگەیەنێتە ڕادەی نۆکەرایەتی کردن. ئەوان دەیانەوێ بەوە دەرگاکان لەسەر ئەو گۆڕانکاریە تازانەدا دابخەن کە لەوانەیە ڕووبدەن. ئەوانن لافی ئەوە لێدەدەن کە لەم مەسەلەیەدا پسپۆڕن و لەبەرئەوە دەوڵەت داوایان لێدەکات ببنە کۆسپ لەبەردەم گۆڕانکاری تازەی چاوەڕوانکراوداو لەسەر ئەوە پاداشتیان دەداتێ.

ی.ك: باشە. ئایا دەتوانم پشت ئەستوور بە قسەکانتان ئەم ئەنجامانە بە دەست بێنم؟ ئەوە لە قسەکانتان حاڵی بووم کە پەیدا بوونی «PKK» ئەو چەپەڕەوانەی گێڕایەوە نێو باوەشی دەوڵەتی تورکیا کە لە ساڵانی شەستدا لێی جوێبوونەوە. ئەمە کێشەیەکی تێکهەڕیوە، «PKK» گەیشتووەتە قۆناخێك سنووری کوردستانی بەزاندووە و وای لێهاتووە کاردەکاتە سەر هەڵوێست و ڕژێمی دەوڵەتی تورکیا لە ناوەوەی تورکیادا و هەڕەشەیەکی گەورەی بۆ پێکدەهێنێ. سەرەنجام ئەو

چ چەمكێكی شۆڕشگێڕی لادەر پشت ئەستوورە؟ چ شۆڕشگێڕییەك دەتوانێ بزاڤێكی شۆڕشگێڕی وەك «PKK» كە هەموو هەوڵێكی خۆی داوە و بەم قۆناخە گەیشتووە، بانگ بكات بۆ ئەوەی ببێتە حیزبێكی سیاسی ڕەوا لە نێو یەكێتی میللەتی تورك و یەكپارچەیی خاكەكەیدا؟ من گومانێكی زۆرم لەم هەڵوێستانە هەیە. من ناتوانم پێیان بڵێم: ئەوانە نۆكەرن و واو وا. بەلام دەڵێم: دەبێ ئەم هەڵوێستانەیان باش شیبكرێتەوە و ڕەچاوبكرێن. من هەوڵدەدەم ئەو شۆڕشگێڕانە لەم مەسەلەیە وریا بكەمەوە كە لەم بزاڤانەدان و پێیان بڵێم: ئەوەی كە دەیكەن باش هەقی خۆی بدەنێ. ئەگەر بەرهەڵستی دەوڵەتن و بیر لەوە دەكەنەوە بەرهەڵستیتان هەڵبگێڕنەوە بۆ شۆڕش، ئەوسا پێویستە لەسەرتان بگەڕێنەوە و بە هەڵسەنگاندنی «PKK»دا بچنەوە، دەنا هەردووچاری هەڵسەنگاندنی جێی گومانی ئێمە یا كەسانی دیكە دەبن.

ی.ك: ئاپۆی برام. لەم گفتوگۆیەماندا تۆ قسە دەكەی و من گوێ دەگرم و هەوڵدەدەم هەموو قسەیەكتان لێكبدەمەوە. بەلام ئەگەر ڕێم بدەن ئەم پرسیارەتان لێدەكەم. ساڵی ١٩٩٢ ساڵێكی گرنگ بوو لە مێژووی «PKK»دا، لە كاتێكدا توانی لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست و لە ئەوروپادا خۆبسەپێنێ و كارێك بكات هەمووان بە درێژی باسی بكەن. توانیشی بەشێكی گەورەی باكوری كوردستان بخاتە ژێر دەستی خۆی، بە ڕادەیەك دەوڵەتی توركیا هەستی ون بوونی لەلا پەیدا بووە. ئایا دەتوانین بڵێین: ئەو بزاڤە چەپڕەوانەی كە لە ساڵانی شەست و حەفتاكاندا لە دەوڵەت دووركەوتنەوە و دووبارە هاتنەوە و لەگەڵ دەوڵەتدا ڕێككەوتنەوە و هێندێكی دیكەیان چوونە نێو جوغزی ئایدیۆلۆژی دەوڵەتەوە. واتە لە لایەكەوە(PKK) وەك هێزێكی بنچینەیی بوونی خۆی سەلماندووە و لە لایەكی دیكەوە چەپی تورك خربوونەتەوە و ڕوو بە دەوڵەت پێشبڕكێیانە. ئایا ئەمە لە خاسیەتەكانی ساڵی (١٩٩٢)ە؟ ئێمە ئەم بارودۆخی دوورەپەرێزی و گۆشەگیرییە ڕاستەقینەیەمان بیستووە و «HEP»یش بیستوویەتی. ئایا پێشبینییەكانتان چین كە لەوانەیە ئەم بابەتە ڕۆشن بكەنەوە؟ واتە چەپی تورك بە تێپەڕینی ڕۆژگار یا دەبێ بە تەماشاكەر یا وەك ئێوە بە نموونە ڕووناكتان كردەوە.

هەروەها هێندێك سیاسەتمەداری چەپ داوای ئەوە دەكەن (PKK) ببێ بە حیزبێكی یاسابەند. ئایا ئەمە ڕاستە؟ من ئەم داواكردنەیانم پێسەیرە!

دەوڵەتی توركیا لە مەسەلەی «PKK»دا تووشی هەژانێكی گەورە بووە و لە هەژانێكی گەورەدا دەژی نەك هەر لەم حەفتا ساڵەی دواییی، بەڵكو لە سەرتاسەری مێژوویدا بە قۆناخی عوسمانییەكانیشەوە.

س.پ: ئەمە لەگەڵ قسەكانی پێشوومناندا ناكۆك نییە. ئێمە بە گشتی بە چەپگران دەڵێین:(سۆشیالیزمی شۆڤێنی). هەرچی پێوەندی بە سیاسەتی

چەپڕەوانەی کە لە دوا دوایییەکانی ساڵانی شەستدا لە دەوڵەت هەڵبڕان، گەڕانەوە و لەگەڵیدا یەکیانگرتەوە.

س.پ: بەڵێ. ماوەیەکی کورت لێكهەڵبڕان و لێكدوورکەوتنەوە لە ئارادا بوو. بەڵام سەرکەوتنی «PKK» وای لێ کردن بە خێرایی بگەڕێنەوە نێو باوەشی دەوڵەتەکەیان.

ی.ك: لەم بارەیاندا دەتوانین بڵێین ئێمە هاتینەوە بۆ بارودۆخی پێشوو، چونکە جاران چەپ بە پێیەکی پشتی بە دەوڵەت دەبەست.

س.پ: با لەم بارەیەوە بڵێین: کەرتی چەپڕەوی دەوڵەت، چونکە لایەنی چەپی دەوڵەت وەك یەدەك وایە. حەزدەکەم باسی هێندێك ڕەنگدانەوەی ترسناك بکەم. من وای دەبینم کە هێندێك لەو لایەن و ڕێکخستنانە کە هەڵوێستی بە ڕواڵەت توند بەرانبەر بە دەوڵەت دیاری دەکەن و وا خۆ دەردەخەن کە لە ڕیزی کێشەی کورددا ڕادەوەستن، ئەوی ڕاستی بێ هەوڵدەدەن گەمە بەو دەسکەوتانە بکەن کە «PKK» مسۆگەریان دەکات. دەکرێت ئەوانە بە ڕیفۆرمیست یان سەرپەڕگری وردەبۆرژوا یان هەر ناوێکی دیکە ناودێر بکەین. ئەو شتە ئاشکرایەی کە ئێمە لێی دڵنیاین ئەوەیە ئەوانە لەگەڵ «PKK»دا ڕاستگۆنین. بەڵکو هەوڵدەدەن بنیشنە سەر دەسکەوتەکانی «PKK» و بەری کاریگەری شۆڕش بخۆن. نموونەی ئەوانە، دەیگوت: (DEV-YOL) لەبری ئەوەی بکشێینەوە بۆ نێوباوەشی دەوڵەتەکەمان. بۆچی هەنگاوێك بۆ پێشەوە نانێین ئێمە دەتوانین لە (PKK) زیاتر چالاکی بکەین و لەوان باشتر بانگهێشتن بۆ میللەتی کورد بکەین. دەیانەوێ بەمانە دەست بەسەر هێندێك جێگای پێشەوەدا بگرن. ئەگەر ئەوانە لە بانگێشتەکەیاندا ڕاستگۆ بوونایە، بە ڕاستی لایان لە مەسەلەی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) دەکردەوە. لە کاتێکدا ئەوان لە هەموو ناوەندەکان کەمتر بە ڕاستی دەڕواننە (PKK) و سەرقاڵی ئەو حساباتانەن کە چۆن (PKK) لەناوببەن. لەنێوبردنی (PKK) خزمەتی بەرژەوەندی دەوڵەت دەکات و بگرە ئامانجی یەکەمی دەوڵەتە. ئەوانە چەندە لافی شۆڕشگێڕی و چەپڕەوی لێبدەن، ئەوا بیروڕاکەیان کە مەبەستی تەگەرەنانە ڕێی کاریگەری «PKK»یە لەگەڵ ئامانجی دەوڵەتدا یەکانگیر دەبێ. دەوڵەت دەیەوێ (PKK) لە پاشکۆدا بمێنێتەوە و هەر جەنجاڵی سیاسەت بێ، ئەمەش واتە لەبەر یەكهەڵوەشان و توانەوە. بەڵام ئەمانەی دوایی دەڵێن: «چالاکییەکانی (PKK) سەرپەڕگرن». ئەوان بەم پێیە پەلامارمان دەدەن و بە خۆیان دەڵێن: «تاقمەکەمان ئاوا شۆڕشگێڕن». هێندێك چالاکیش دەکەن، تا بتوانن ئەم قسەیە دەربپەڕێنن. لە کاتێکدا دەکرێت بە شەڕێکی چەپ شێوازی دژ بە «PKK»یان دابنێین. ئەوەی لەمەوە بە ئامانجی دێنین ئەوەیە: ئەوانە هیچ شیکردنەوەیەکیان نە لەسەر کوردستان و نە لەسەر «PKK» نییە. با ئەمە بخەینە لاوە. ئەوانە تەنانەت یەك پیاوی زانستی باش و شەرمەندیان نییە، دەنا چۆن دەتوانین هەڵوێستی دژ بە شۆڕشی کوردستانیان لێكبدەینەوە و ئەم هەڵوێستە بە

پاراستنی جێ و ڕێی خۆشیانەوە هەیە لە لای دەوڵەت، ئەوە ئێمە ئەم وەزعەیان وا هەڵدەسەنگێنین کە سەلماندنی هەڵسەنگاندنەکەی ئێمەیە. ئێوە هەڵسەنگاندنێکتان هەیە تێیدا دەڵێن: تورکیا لە قۆناخێکی پاش کۆماردا ماوەیەك پێشکەوتنی بە خۆوە دی. لە ساڵانی پەنجادا پاشەکشەی کرد و لە دوادواییەکانی ساڵانی پەنجادا کەمێك پێشکەوت و لە ساڵانی شەستدا پاشەکشەی کرد. ئەو پێشکەوتنەش کە لە ساڵانی حەفتادا جێی خۆی کردەوە، لە ساڵانی هەشتادا پاشەکشەی کرد. لە ساڵانی نەوەدیشدا قۆناخی پێشکەوتن دەست پێدەکات. دەتوانن لەم لایەنەوە چاوەڕانی گۆڕانکاری پێشکەوتنخوازانە بکەن بە کاریگەری (PKK). ئەمەیان قۆناخی پێشکەوتنە. چەندین بەڵگەمان لەسەر ئەوە هەیە. لەوانەیە گەلێك گۆڕانکاری ڕادیکالی‌یانە لەو کەرتەدا ڕووبدەن کە سۆشیالیزمی شۆڤێنی کاری تێنەکردوون، چونکە نە چەپی پێشکەوتووخواز و نە هیچ هێزێکی دیکە پێی ناکرێ بە بێ کارتێکرانی بە (PKK) هیچ پەرەسەندنێك تۆماربکات. بۆیە من وای دەبینم ئەم قۆناخە تازەیە زۆر گرنگ دەبێ.

ی.ك: گەورەم.... ئەمە دەرچوون نی‌یە لە باسەکە، بەڵکو بۆ ئەوەیە چی لەسەر (PKK) هەیە بیسەلمێنم. ئێمە ئەو دۆخە بە ڕوونی دەبینین کە باستان کرد، چونکە لە ڕۆژنامە نووسیدا کاردەکەین. دەوڵەت لە ساڵانی پەنجادا زۆر ڕقی لە ستالین بوو. ئەوسا لە ئەستەمبوڵ لە دواناوەندی دەمخوێند. مامۆستایەکی بە توانامان هەبوو وانەی ئەستێرەناسی پێدەخوێندین. کتێبێکی دانا بوو. ڕۆژێکیان وێنەیەکی بە قەدەر سەری دەنکە شتارتەیەکیان لەلا دۆزییەوە. ئەو وێنەیەیان بە ستالین شوبهاند. هیچ جۆرە ئەشکەنجەیەك نەما کە ئەم داماوە بە هۆی ئەم وێنەیەوە نەیچێژێ! مەسەلەکە لەو ڕۆژانەدا ئاوابوو. ئێستا دۆخەکە لە تورکیا بەم شێوەیەی لێهاتووە: دەوڵەت دوژمنایەتی ئەو کەسە دەکات کە دوژمنایەتی (PKK) نەکات. بەو پێیە ئەوەی وا دوژمنایەتی (PKK) دەکات لەلای دەوڵەتی تورکیا پلە و پایەیەکی تایبەتی هەیە.

س.پ: ئەمە لە ئایدیۆلۆژی دەوڵەتەوە سەرچاوەی گرتووە؟

ی.ك: بەڵێ، وەك لە قسەکاندا ئاماژەتان بۆ کرد، ڕەنگە ئەگەر یەکێکی دیکە بە دیمەنی (PKK)وە دەرنەکەوێ ئەوە کاریگەری‌یەکی زۆری هەبێ. لەوانەشە ئەمە چەند نەخۆشی‌یەکی ترسناکی لێبکەونەوە. پێویستە بایەخ بەوە نەدەین. منیش هاورای تۆم.

س.پ: ڕاستە، دەوڵەتی تورکیا لە مەسەلەی (PKK)دا دووچاری چەندین هەژانی گەورە دەبێ. لە گەورەترین هەژاندا دەژی نەك هەر لەم حەفتا ساڵەی دواییدا، بەڵکو لە سەرتاسەری مێژوویدا بە قۆناخی عوسمانیەکانیشەوە. ڕاپەڕینەکانی جەلالیەکان و شۆڕشی شێخ بەدرەدین گشتیان بنچینەکانی دەوڵەتیان تووشی ئەم جۆرە هەژانە نەکرد. ئاخۆ دەبێ ڕاپەڕینەکانی جەلالیەکان و بەدرەدین چەند ساڵێ خایاند بێ؟ هیچ ڕاپەڕینێك نی‌یە توانیبێتی وەك ئێمە خۆی ڕاگرتبێ و نەیتوانیوە هێندەی شۆڕشەکەمان ببێتە موڵکی گەل.

ئیستا کە دەوڵەتی تورکیا لە سایەی هەڕەشەیەکی توندا دەژی و هەوڵدەدات لە ڕێگای هێندێك گەلەکۆمەی سیاسی و سەربازییەوە لە تەنگژەی خۆی دەربازبێ. بێلە ئەمەش بڵێم: دەولەتی تورکیا لە ساڵانی حەفتادا ـ زانیبیتی یان نا ـ هەوڵیدا قایمکاری بۆ ئەوە بکات کە ئەمڕۆ ڕوو دەدات. بۆیە لەلایەکەوە حیزبی بزووتنەوەی نەتەوایەتی (MHP)ی بەسەر کورددا سەپاند و، لەلایەکی دیکەشەوە سۆشیالیزمی شۆڤێنی، لە کاتێکدا ئەو ڕۆژانە ڕێگە چارەی سەربازی لە گۆڕێدا نەبوو. پێی وابوو دەتوانێ بە چەند پۆلیسێك مەسەلەکە نەهێڵێ، بە تایبەتی کە دەستی کردبوو بە پێوەندی کردن بە میللیگەری سەرەتاییەوە کە درێژکراوەی بارزانی بوو. دەولەتی تورکیا لەگەڵ ئەم تەوژمەدا هاوئاهەنگی دەکرد بۆ دەستگرتن بەسەر باشور و ناوەڕاستی کوردستاندا و بەوپەڕی وریاییەوە چاودێری گۆڕانکاریەکانی دەکرد. بەڵام دەولەت لە بەرەی چەپی کورددا، بە هۆی هێزەکانی سۆشیالیزمی شۆڤێنییەوە چاودێری دەکردن.(PKK) خەباتێکی لە پسان نەهاتووی دژی ئەم دوو هێزە بنچینەییە کرد. حیزب ئەوەندەی ڕووبەڕووی میللیگەری سەرەتایی بووەوە، لە ڕووی سۆشیالیزمی شۆڤێنیشدا ڕاوەستا و هەر لە ساڵی ١٩٧٥ بەدواوە خەباتێکی ئایدیۆلۆژی کرد. سەرەنجام کۆمەڵێك هەڤاڵمان لە شێوەی کۆمەڵێکی ئایدیۆلوژیدا بۆ پەیدا بوو. ئەم کۆمەڵە کەوتە ناوزڕاندن و ئاوەڕووتکردنی میللیگەری سەرەتایی لە نێو جەماوەردا. هەروەها خەباتێکی دیکەی کرد دژ بە سۆشیالیزمی شۆڤێنی کە خۆی لە حیزبی کۆمۆنیستی تورکیا (T.K.P)دا دەنواند و بەربەرەکانێی ئەو تەوژمەی سوشیالیزمی شۆڤێنی کرد کە چاوی لەم حیزبە دەکرد و پشتی پێدەبەست. ئەم کۆمەڵە ئایدیۆلۆژییە بە تێپەڕینی ڕۆژگار لە ڕادیکالیزم نێزیك دەبوەوە تا بووە بزووتنەوەیەکی ڕزگاری نیشتمانی. دەولەت بە کودەتای فاشی (١٢)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٠ بەرپەرچی ئەم پەرەسەندنەی دایەوە. سەرباری ئەوەی کە چەند هۆیەکی دیکە هەن بۆ هاتنی ئەم ڕژێمە، بەڵام هۆیە سەرەکییەکەی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان بوو. هێرشی دەولەت بۆ سەر ئەو تەوژمە کە «PKK» پێشەوایەتی دەکرد زۆر سەخت بوو. ئەو کوشتارانەی کە لە (مەرعەش) کران هەر بەڵگەیەکی ڕوونن لەسەر ئەم دڕندایەتیە. دەولەت بەم کوشتارانە وا تێگەیشت ئەو هێزەی کە دەبێ سەرکوتی بکات (PKK)یە. بۆیە وای لێکرد ئەم حیزبە بە هۆی کودەتای (١٢)ی ئەیلولی دابنێ!

بێگومان ناوەند و دەستەوتاقمەکان لە نێو چوون و سەرکوت کران و تەنیا(PKK) بەرانبەر بە ڕژێمی (١٢)ی ئەیلوول مایەوە کە هێندەی نەبرد بە قەڵەمبازی پڕ سەروەری (١٥)ی ئاب وەڵامی درایەوە! ئەم قەڵەمبازە وەك هەنگاوێکی زۆر بەجەرگانە وابوو. دوژمن لە ئەنجامی ئەوەدا واتێگەیشت کە ئیدی بوار لەبەردەم ڕوودانی گۆڕانکاری گەورەدا کراوەیە. لە کاتێکدا دەولەت پێیوابوو هەر لەساڵی ١٩٨٥ دا قەڵەمبازی (١٥)ی ئاب ناهێڵێ. ڕەنگبوو دوژمن لە پلانەکەیدا

سەربکەوێ، ئەگەر لێهاتوویی(PKK) نەبووایە بۆ خۆتازەکرنەوە کە ئەم هەڵەی لە دەست دوژمن دەرکرد، بە تایبەتی لە کاتی کۆنگرەی سێیەمدا کە ساڵی ١٩٨٦ کرا و حیزب توانی پێداچوونەوەیەکی ئایدیۆلۆژی و ڕێکخراوەیی و چەند شیکردنەوەیەکی قووڵ بکات و کەوتە خۆ کۆکردنەوە تا بە کردەوە لە ساڵی ١٩٨٧ دا جێبەجێیان بکات. ئەمە وای لە دەوڵەت کرد ڕەوشی ئاوارتە لە کوردستاندا رابگەیەنێ و پێوەندی لەگەڵ گوندپارێزاندا توندوتۆڵ بکات و جارێکی دیکە خێڵەکان پڕ چەك بکاتەوە و لە بری پاڵپشت کردنی ئایدیۆلۆژی کەمالی پشت بە ڕێبازە سۆفێتیەکان ببەستێ و هەوڵیدا گەل بە وەرزش و هونەر...هتد. سەرقاڵ بکات و لەمپەری ئایدیۆلۆژی لەبەردەم خەباتی حیزبدا دابنێ. ئەوە بوو دەستی کرد بە پێکهێنانی هێزی تایبەتی نیوە سەربازی و ڕووبەڕووی حیزبی کردنەوە. دوا نموونە لەسەر ئەوە (حزب الله) بوو کە بنیاتێکی نیوە سەربازی هەیە. ویستی لە ڕێگای ئەم ڕێکخستنانەوە لەمپەرێکی ئایدیۆلۆژی و سەربازی لەبەردەم خەباتی (PKK)دا دابنێ. دەوڵەت تا ئێستا پێڕەوی ئەم گەمارۆدانە دەکات و ئەم لەمپەرانە دادەنێ.

جا کە دەوڵەت بۆی دەرکەوت ئەم کارانە بەس نین، پەنای بردە بەر نۆکەرایەتی کوردی و پاڵی پێوەنا ڕاستەوخۆ پەلامارمان بدات، بە تایبەتی وەك ئەوەی لە باشور ڕوویدا. لە کاتێکدا بە جۆرێکی گومان هەڵنەگر ڕوون بووەوە کە نەتەوایەتی کوردی بارزانی شێوەیەکی پەرەسەندووی سیستەمی گوندپارێزانە و لەم ڕەوتەدا دەوری خۆی گێڕا. دەوڵەت پەناشی بردە بەر بەکارهێنانی (حزب الله)، بە تایبەتی لە ناوچەکانی نێزیك بە دەسڕۆیی ئێران. ئەوەش تەکانێکی خێرای بە ڕووداوەکانی ئەو ناوچانەدا. جا کە ئەم هەموو ڕێ و شوێنانە بەس نەبوون، دەستی کرد بە خستنە گەڕی گشت هێزە چەکدارەکانی لە هەموو ناوچەکاندا، هەموو ئەمانە ئاماژە هەم بۆ ئەو تەنگانەیە دەکەن کە دەوڵەتی تورکیای تێکەوتووە و هەم سەرنەگرتنی سیاسەتەکانی کە سەرنەکەوتنیان بە نسیب دەبێ.

ی.ك: باشە. ئایا ئەمە مەترسی ناگەیەنێ بۆ سەر ئەنقەرە؟ مەبەستم ئەوەیە ئەم شێوە پێوەندییە توندوتۆڵەیان لەگەڵ بارزانی و تاڵەبانیدا سەبارەت بە تورکیا گەمەیەکی ترسناك پێکناهێنێ؟

س.پ: بێگومان دەوڵەت هێزی کەمەترسی لەم چوارچێوەیەدا پێباشترە، دیارە تورکیا یەخەگیری مەترسییەکی گەورە بووەتەوە و بۆ خۆ لێدەرباز کردنی پێی باشترە پێوەندی لەگەڵ هی کەم مەترسییاندا ببەستێ. هەتا (حزب الله)ش مەترسییەکی پەنهان بۆ تورکیا پێکدەهێنێ. بەڵام مەترسی گەورەتر خۆی لە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)دا دەنوێنێ. لەبەرئەوە مامەڵەکردن لەگەڵ (حزب الله)دا دەردەبات.

ی.ك: ئەوەندەی لە دوورڕا بەدووی بابەتەکەدا چووم و بەوپێیەی کە سەرکردەی (PKK)ی، تۆ پشت بە سیاسەتێکی زۆر نەرم و نیان دەبەستی. حکومەتی

ئەنقەرەش هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە کە ڕەنگە ئێوە لەگەڵ ئەوانە و بەتایبەتی ئاڵەبانیدا لێکحاڵی ببن.

س.پ: بێگومان ئێمە گەمژە نین و دەتوانین سیاسەتەکانمان بە پێی هەلومەرج پەرە پێبدەین. دەوڵەت هەوڵ دەدات بە تەنازولی بچووك بچووك مەترسییە گەورەکان نەهێڵێ. بەڵام ئاکامەکانی ئەم سیاسەتە چۆن دەبن و زیانەکانی چین؟ بۆ دەوڵەتی بە جێدەهێڵین با بیری لێبکاتەوە.

ی.ك: بەڵام با ئەم بابەتە لە گۆشە نیگای تورکەوە بخەینەڕوو. ئەگەر لەم گۆشە نیگایەوە بڕوانین دەبینین (حزب الله) حیزبێکی ئاینی سەرپەرگرە لەلایەکی دیکەوە «PKK» بەرانبەر (حزب الله) بەرخۆدان و شەڕ دەکات. ئەمەش پرۆپاگەندەیە بۆ «PKK». ئایا گەل بەم شێوەیە لەم کێشەیە تێناگات؟

س.پ: بارودۆخی قورسی دەوڵەت زۆر ڕوونە. ئەو مامەڵە لەگەڵ حیزبێکدا دەکات کە ئەگەر کەرەستە و کارسازی تەواو ببن، لەوانەیە شەڕ لە دژی خۆی بکات. مەبەستمان (حزب الله)یە. واتە دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ ئەم حیزبەدا دەکات و هەموو پێداویستێکی دەداتێ بۆ بەرەنگاریمان. گومانی تێدا نییە کە ئێران مەترسییە بۆ تورکیا. ئێستاش دەوڵەت ناچارە مامەڵەی لە تەکدا بکات، ئەویش بۆ لەڕووودا ڕاوەستانی (PKK). ئەمە بەڵگەی ڕادەی ئەو مەترسییەیە کە (PKK) بۆ تورکیای پێکدەهێنێ. کاتێك دەوڵەتی فیدراڵی کوردییان لە باشور ڕاگەیاند، لە بەرەنگاربوونەوەماندا ڕایانگەیاند. واتە ئێمە هۆی ئەوە بووین تورکیا دەوڵەتێکی فیدراڵی کوردی لێبێ.

ی.ك: بێگومان، ئەگەر «PKK» نەبووایە، دەوڵەتی تورکیا ئەم کارەی پەسند نەدەکرد؟

س.پ: ئەمە زۆر گرنگە. دەوڵەتی تورکیا سەردەستەی داواکارانی بنیاتنانی ئەم جۆرە دەوڵەتە بوو و کۆمەکی پێشکەش کرد. ڕاگەیاندنی ئەم فیدراڵییە هاوزەمانی هێرشی هاوبەشیان بوو بۆ سەر ئێمە. واتە پێکهێنانی ئەم دەوڵەتە فیدراڵییە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە (PKK)وە هەیە. بە واتایەکی دیکە ئێمە بووین دەوڵەتی تورکیامان ناچارکرد ئەم جۆرە دەوڵەتە بخاتەوە.

ی.ك: بەڵێ. بە پێی ئەو پرنسیپەی کە باوەڕی بە «یەکێتی دژەکان» هەیە لە دیالەکتیکدا، ئێوە بوون واتان لە دەوڵەتی تورکیا کرد دەوڵەتی فیدراڵی کوردی لێ ببێ.

س.پ: (حزب الله)ش بابەتێکی هاوشێوە دەنوێنێ. ئێمەین وا لە دەوڵەتی تورکیا دەکەین پێکهاتەیەکی کوردی ئیسلامی بخاتەوە. بگرە چەند گۆڕانکارییەك لەم بارەیەوە لە ئارادان. ناڵێی هەموو ئەمانە کۆمەڵە مەترسییەکن لەسەر دەوڵەتی تورکیا؟ چەند پێمگوتن من باش دەوڵەتەکەتان دەناسم، ئێستاکە ئەو تەنازولە گەورە ناوبراوانە پێشکەش دەکات. بەڵام ئەوانە هێشتا نۆکەرن و دەتوانن لەگەڵ نۆکەرانی کورد و لەگەڵ ئەمەریکا و ئەڵمانیادا لێك تێبگەن.

هەرچۆنێك بێ ئەم گۆڕانکاریە هەرگیز لە بەرژەوەندی گەلی تورکدا نین. حیزبێکی کوردی لە شێوەی (حزب الله) یا لەشێوەی (حزبی ڕەفاه)دا لە بەرژەوەندی گەلی تورکدا نی‌یە. شۆڕشگێران و پێشکەوتووخوازە تورکەکان هەست بە هیچ بەرپرسی‌یەك ناکەن بەرانبەر بەم مەسەلە گەورەیە و گەلەکەیانیان بێچەك لە بەردەم ئەم مەترسیە گەورانەدا بە جێ‌هێشتووە.

ی.ك: باشە، بڕوانن هەموو کاتێك بیردەکەینەوە بۆ کوێ بڕۆین.

س.پ: پێویستە بیر لەمە بکەینەوە. ئەم مەسەلانە ڕۆژانە هەزار جار نەخشەیان بۆ دەکێشرێت.

ی.ك: کێ بەرهەڵستی (مسعود یەڵماز) بوو؟ (محەمەد کەچە جیلەر و عەبدولقادر ئاقسۆ) و کەسانیکی دیکە. ئەی کێ لایەنگری (مسعود یەڵماز)ی دەکرد؟ کچێکی گەنم ڕەنگ و تورگووت ئۆزال! باشە لە کۆتایی ساڵی ۱۹۹۲ دا چی قەوما؟ ئەمجارە تورگووت ئۆزال خۆی کەوتە لایەنگری کردنی (محەمەد کەچەجیلەر و عەبدولقادر ئاقسۆ)و هەوڵیدا ئەم تاقمە ئایندارە بۆ پێشەوە ببات. واتە هەوڵیدا جارێکی دیکە حیزبی نیشتمانی دایك (ANAP) بخاتە ژێردەستی نەقشبەندی. ئایا ئەمە دەچێتە نێو ئەو چوارچێوەیەی کە نەخشەم بۆ کێشا؟

س.پ: با بەشێوەیەکی زیاتر واقیع بینانە لا لەم بابەتە بکەینەوە. لەوانەیە ئەم ناکۆکی‌یە ئەنجامی جۆری پێوەندیەکان بێ لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکان و ئەڵەمانیادا. لەوانەشە بە هۆی سەرکەوتنی (حزبی ڕەفاه)ەوە بێ. من بێ ئەملاو ئەولا ناڵێم وایە. بەلام ئەمە چاوەڕوان دەکەم. ئۆزال کەسێکە مەسەلەی (PKK)ی بە قووڵی وردکردەوە و بە پێی ئەم وردکردنەوەیەی خۆشی، هەنگاو دەنێت. بۆ نموونە من ڕێگای تایبەتی خۆمم لە هەڵسەنگاندنی کادیرانی حیزبدا هەیە. ڕەنگە بە توندو تیژی ڕێیان نیشان بدەم. بەلام سەرەڕای ئەوە من لەبنچینەدا پارێزگاری‌یان دەکەم و هەمیشە وەزیفەیان پێ‌ناسپێرم. ڕەنگە ئۆزال لەبەر ئەوە ئەمەی کردبێ کە ئەو کەسانە تاقمی ئیشی خۆی دەنوێنن و لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دیکە هێندێکیان پێش دەخات و هێندێکی دیکەیان پاش دەخات و بە پێی ئەو مەترسی‌یەی کە بەرەو ڕووی دەبێتەوە هەنگاو دەنێت. پێم وانی‌یە ببڕای ببڕ دەنگی لە (مسعود یەڵماز) بڕیبێ. لەوانەیە لەبەر هۆیەکی تەکتیکی مەسعود بە تەنێ بە جێ‌بهێڵێ. پێدەچێ مەبەستی لەوە ڕاگرتنی سەرکەوتنی (حزبی ڕەفاه) یان لانی کەم سوود وەرگرتن بێ لەو لێشاوە ئاینیەی کە بەڕێوەیە.

ی.ك: بەلام لەوە دەچێ ئەوانە لێك‌هەڵببڕێن. هەموو حیزبێك لە تورکیا قۆناغێك حوکم دەکات و پاشان دابەش دەبێ. هەموو یان دابەش دەبن.

س.پ: ئێستا لاتان لە بابەتی دروست بوونی حیزبە تورکیەکان کردەوە. با لەم هەڵسەنگاندنەماندا بە کورتی بچینە سەر ئەم بابەتە. دروست بوونی حیزب لە تورکیا هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا بە پێی بەرژەوەندی دەوڵەت بووە. دەوڵەتی تورکیا بە هۆی ئەم حیزبانەوە ڕوو لە ڕاست یا چەپ دەکات بۆ پووش

بەسەر کردنی سیاسەتەکانی. ئەگەر بەرژەوەندییەکانی وای خواست بیێتە خۆرئاوایی یا بەسەر بابەتێکی دەست نیشانکراوەوە بگیرسێتەوە، ئەوسا پەنادەباتە بەر داهێنانی ئەم حیزبانە. ئەگەر بڕوانینە مێژووی تورك، دەبینین ئەم حیزبانە بنکەی کۆمەلایەتییان نەبووە و کە دروست بوون نە پشتیان بە بنچینەی چینایەتی بەستووە و نە بە قازانجی کۆمەلایەتی و دەسکەوتی چینایەتی. هەر لە (جۆن تورك)ەکانەوە بۆ (نامق کەمال) و تا دەگات بە (ئیتحادو تەرەقی)، هەموویان لە شەتلجاری دەولەتدا نەشونمایان کردووە. خۆ حیزبی کۆماری گەل (CHP) حیزبی دەولەتە و حیزبی دیموکراتی (D.P) حیزبێکی لە (CHP) هەلبراوە و ئەوی دیش لە (D.P) هەلبراوە و بەم پێیە تا بەم ڕۆژەمان دەگەین. دەبینین حیزبی نیشتمانی دایك (ANAP) سوپای فاشی ڕژێمی (١٢)ی ئەیلوولە. لێكهەلبرانی ئەم هەموو حیزبانە چی دەگەیەنێ؟ ئەمە بەلگەی ئەوەیە کە سیستەمی حیزبی بێسوود بووە و تووشی لەبەر یەكهەلوەشان هاتووە و ناتوانێ لەبەردەم سەرکەوتنی (PKK) خۆ ڕابگرێ. بۆیە ئەم حیزبانە لێكهەلدەبڕێن. واتە هەر کاتێك لە رووودا ڕاوەستانی دەولەت بەهێز بوو، سیستەمی سیاسی و سیستەمی حیزبەکان دووچاری ئیفلیجی دەبن و دەسەلاتیان بەسەر ئیشدا ناشکێ. سیاسەتەکانی دەولەت و بەتایبەتی سیاسەتی حیزبەکانی بە گشتی مایە پووچ بوون. با(ANAP) چۆنی دەوێ وا دابەش ببێ و (١٠) حیزبی ڕاستڕەوی لێببنەوە. با(SHP)یش دابەش ببێ و (١٠) حیزبی چەپڕەوی لێببنەوە. ئەم هەموو حیزبانە تووشی نابووتی دەبن. تەنانەت پەراگەندەیی و لەبەر یەكهەلوەشانی ئەم حیزبانە گرێدراوە بەمەوە. واتە حیزب لە تورکیا بە ڕاستی دروست نابێ، لە کاتێکدا حیزبی پێبەستەی چینە کۆمەلایەتییەکان و کەرتەکانی کۆمەلگا لە ئارادا نین. بۆیە ئەمانە حیزبی ساختەن و هەموو ڕۆژێك هەلدەوەشێنەوە. ڕەنگە بلێن هەلبژاردن دەکرێت! بەلێ دەکرێت، ڕەنگە بلێن شێوازی لانی کەمی دەنگەکانیش هەیە و دەولەت شتی خۆی دەسەپێنێ. بەلێ یەکێك لەو دووانە دەیباتەوە. بەلام ئەمە بە هیچ شێوەیەك وا ناگەیەنێ کە دەولەت لە دیاریکردن و دەست نیشانکردنی سیاسەتەکانیدا پشتی بە یەکێك لەو حیزبانە بەستووە. بنکەی دەولەت پەرش و بلاوبووەتەوە و کاریگەری بەسەر گەلەوە کەم بووە. بۆیە هەولدەدات لە ڕێگای ئەم حیزبانەوە کردەوە شێوێندراوەکانی خۆی بسەپێنێ.

ی.ك: بە پێی تێڕوانینی من، ئەو پیاوانەی کە ئێستا وان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا، زۆر بەم نێزیکانە لە گۆڕەپان نامێنن.

س.پ: تورکیا لە مەسەلەی سەرکردایەتیدا قەیرانێکی توندی تێدایە و سەرکردایەتییەکی گەورەی گەرەکە. چوار سالّ دەبێ ئەمەم لە چەند چاوپێکەوتنێکدا خستووەتە ڕوو.

ئەو مشتومڕانەی کە لە سەر کۆماری دووەم دەکرێن ئاکامی هەلومەرجە دژوارەکانن.

ی.ك: دیارە، گومانی تێدا نییە.

س.پ: ئۆزال وەك سەرکردەیەك جوولایەوە. لام وایە ئۆزال لە چوارچێوەی سەرکردایەتی تەکتیکی تێنەپەڕاند و سەرکردەیەك بوو لەسەر ئانیشك دەڕۆیشت. هێندێکیان گوتیان: ئۆزال بەجەرگ و سەرچڵ و سیاسەتمەدارە و سیاسەت پەرە پێدەدات. بەلام من گومانی خۆمم لەسەر ئەم مەسەلەیە پێشاندا، بە سیاسەتە کوردیەکانیشیەوە. خۆ هێندێکیان ڕەچەتەیان دەداین و ئەویش چەند شتێکی بە پێی ئەم ڕەچەتانە دەگوت.

ی.ك: ئۆزال هەل قۆزەرەوە بوو. ئەم جۆیکەرەوەیەش بەوە لێکنادرێتەوە بەجەرگی بێ.

س.پ: بەڵێ، بەلام «ئینەنۆ» فەرمانبەرێکە دەولەت ڕووتاندیەوە، چونکە ڕۆشنبیری باوکی هاوتای بەرژەوەندی دەولەتە. هەرچی مەسەلەی (دیمیریل)یشە، واتە پێبەندبوونی دەولەت بە بالی ڕاست، بەلام بە شێوەیەکی زۆر کۆنەپەرستانە. هاتنە سەر حوکمی بۆ بە جۆرێکی گونجاو ڕاکێشانی پیاو ماقوولان و بازرگانان و بەگەکانی ئەنادۆل بوو بۆ دەولەت. لەبەرئەوەی کە لە پاشکۆوە دەولەتی گرتووە، هەر لە پاشکۆوە هەلیدەسووڕێنێ. لەبەر ئەوەش کە دەولەت کەسایەتیە فێلبازەکەی ناناسێ، چەندەها جار بە کودەتای سەربازی خرایە پەراوێزەوە. ئەوی ڕاستی بێ توانای سەرکردایەتی کردنی نییە و پێم وا نییە زۆر لە مەسەلەکانی سەرکردایەتی و دەولەت تێبگات. پێی دەکرێ ببێ بە پیاوماقولێکی باشی ئەنادول. ئێستاش دەتوانێ بە شێوەیەکی هێمن و بنچینەیی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی بازرگانان و پیاو ماقوولان و ئاغاکان بکات و بنکەی میللی ئارادەیەك پەل بهاوێژێ.

ی.ك: دەست نیشانکردنەکەی ئێوە لە تێبینی شەخسی مندا هەیە ئەویش ئەوەیە سەرۆکایەتی وەزیرانی دیمیریل و سەرۆکایەتی زانکۆی ئەردال ئینەنۆ و وەزارەتی حیکمەت چەتین یەکتری تەواو دەکەن.

س.پ: دەلێن: «دیمیریل کەمێك دیموکراسی هەیە، دەتوانێ لە کۆبوونەوە گشتیەکاندا جەماوەر بوروژێنێ و ناکۆکی لەگەل دەولەتدا هەیە». بەلام من ناچمە پال ئەم ڕایە. کابرایەکی دیموکراتی نییە.

ی.ك: ئێستا دیمیریل بە تەواوکەری (عیسمەت پاشا ئینەنۆ) دادەنرێت.

س.پ: ئەگەر ئۆزال لە ئەتاتورك بچێ، ئەوا دیمیریل لە ئینەنۆ دەچێ. دەکرێت ئەم جۆرە لێکچواندنە بکەین. ئۆزال پیاوی دەولەت بوو زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە ڕاستی ئیشی دەولەتی دەزانی و دەیتوانی خێرا لەگەل ئیشەکەیدا بگونجێت. ئاوا دەتوانین هەلیانبسەنگێنین.

ی.ك: ئۆزال توانی زۆر لەو قاڵبانە بشکێنێ کە کەسانێکی دیکە پێیان نەکرا بیکەن. بەڵام نەیتوانی شتێکی دیکە بخاتە جێگایان.

س.پ: شکاندنیان گرنگ نییە. ئەو باش میکانیزمی کاری دەوڵەت دەزانێ و دەتوانێ ئەو میکانیزمانە تێکبشکێنێ کە لە کارکەوتوون و هەوڵبدات ئەم میکانیزمانە دروست بکات. بۆ نموونە، دەبینی گەلێك لە سیاسەتەکانی دەوڵەت پڕ بەپێستی سەرمایەداری نین. لۆمە دەکرێت چونکە هیچ ناکات.

ی.ك: پێم وایە ئێستا کۆڵەکەکانی ڕوو لە نەمانن و وەزعی شلوقە، چونکە زۆر کەس باوەڕی پێناکەن.

س.پ: وەك تاوێك لەمەوبەر باسم کرد، سەرکردایەتی‌یەکی تەکتیکی‌یە، تەکتیکی سوپا و تەکتیکەکانی ئەمەریکا جێبەجێ دەکات. دەستبرە خێرا گیرفان پڕکەرەکانیش لە کەرتەکانی سەرمایەدا هەن، بە پەلە لەگەڵیاندا هاوجووت بوو و توانی بەکاریان بێنێ. مەسەلەی ئۆزال وا پێلدێت. ئێستاکە ئەم قۆناخەمەمان تێپەڕکرد و (ڕیگان ـ بۆش) ڕۆیشتن و کلینتۆنی تازە هات و ئەمە تا ڕادەیەك جیاواز دەبێ. لەوانەیە سوپا بۆی دەربکەوێ پێویستی‌یەکی زۆری بە ئۆزال نی‌یە و لەوانەشە کەرتی دەستبڕان بە بەرچاوەوە نەمێنن. مەبەستم ئەوەیە ڕەنگە ئۆزال دەوری نواندنی ئەوان نەبینێ، چونکە لەلایەکەوە ئیدی بەسوود نی‌یە و لەلایەکی دیکەشەوە دیمیریل هاتووەتە ڕوو کە ڕەنگە قسە بەناویانەوە بکات و سەیر بکات ئەوانە زیاد لە پێویست دەستبڕن. بۆیە دەبێ بەربەستێك لەبەردەم (ANAP)دا دابنێ و بەوە بووە شتێکی گرنگ بۆ دەوڵەت. لەوانەیە بپرسی: (بۆچی سەرۆکایەتی وەزارەت بۆ دیمیریل گرنگە و هۆیەکانی ئەم پلەوپایە وەرگرتنەی چین؟». لە گەلێك ناوەندا بێزاری بەرانبەر بە ئۆزال و دەستبڕەکانی دەوروپشتی هەبوون، سەرباری ئەو بۆشاییەی کە بە هۆی ئێمەوە پەیدا بوو. بەم پێیە دیمیریل توانی کەڵك لەم دوو هۆیە وەربگرێ، لەبەر ئەمە گوتم: «دیمیریل نازانێ چۆن بەم پلە و پایەیە گەیشت؟». وەختێك لە کۆنگرەی حیزبی داد (AP)دا قسەی دەکرد گوتی: «چەند جار لە حوکم لایانبردم، ئەوەتا جارێکی دیکەش هاتمەوە. من ڕێزی قسەی خۆم دەگرم». هەمووان دەزانن چەند داماو و گۆشەگیرە لە گوندەکەیدا (حەمزە ناکۆی) و ئەم شێوە دەرکەوتنەوەی بە چاکەی وزە و تین‌وتوانەکانیەوە نی‌یە. ئەمەش مایەی شانازی پێوەکردن نی‌یە وەك ئەو دەیکات کاتێك ئەوە دەڵێت، ئەمە وا دەگەیەنێ کە ئەو خاوەنی یادەوەری‌یەکی بێهێز و سەرپێییە و هەوڵدەدات کەرتە سادەکان بخەڵەتێنێ. بەمە نایەوێ هۆی سەرلەنوێ بەم پلەوپایە گەیشتنەوەی تێبگات یا خۆی لێ‌گێل دەکات.

لێرەدا ڕەنگە بپرسی: «بەڵام کێ ئەم کاروبارانە هەڵدەسوورێنێ؟». ئێستا سەرۆکی ئەرکان لە بەری مەیداندا دەرکەوتووە و قسەیەك دەجوێنێتەوە. ئەم قسەیەی شایانی تێبینی کردنە و هێندێك نیشانەی لەسەر سیاسەتە بنچینەیی‌یەکان تێدایە. ئەگەر لە هێندێك هاوسەنگی نێودەوڵەتیدا خۆپارێز نەبووایە، وەك گەورەترین

مامۆستا دەکەوتەڕوو. بەڵام ئەمەش چارەسەری کێشەکە نی‌یە. کێشەی سەرکردایەتی بەم ڕێگایە چارەسەرناکرێت و پێوەندی بەمەوە هەیە: مەنتیقی کۆمار لای ئەوان ڕەگاژۆ بووە. ئەم ڕۆژانە دەم لە کۆماری دووەم دەژمێت و ئەم دەم تێژمینەش ئەنجامی چەند ناچاری‌یەکی دەست نیشانکراوە و پێوەندی بەو کۆمارەی یەکەمەوە هەیە کە بە دۆخێك گەیشتووە ناتوانێ کاروبارەکان بەڕێوە ببات و بووە بە بەلا بەسەر گەل و سەرمایەداری‌یەوە. بەڵام سیاسەتمەدارێکی لەخۆڕادیو نی‌یە بتوانێ وەلای بنێ. ئۆزال هەوڵیدا کەمێك بەربەرەکانیی بکات، بەڵام دەسەڵاتێکی پێویستی نەبوو. هەرچی چۆنێك بیگوتبایە: ئێمە کۆماری دووەم دادەمەزرێنین، من باوەڕم وابوو کە لە چوارچێوەی پرۆپاگەندە تێی نەدەپەڕاند.

ی.ك: ئۆزال کارتێکی گرنگە لە گەمەکەدا و دەکرێت گەمەی لەسەر بکرێت. ئەوەبوو دۆڕاندی. ئۆزال تاکە ڕێگایەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە جارێکی دیکە دابمەزێ و حیزبێکی تازە دابمەزرێنێ و جارێکی دیکە بەختی خۆی تاقی بکاتەوە.

س.پ: دیمیریل چارەسەرێکی ئەم قەیرانە نی‌یە. ئەوەتا(حیزبی ڕەفاه) بەربەرەکانیی دەکات. ئەگەر توانی دەستەبەری پشتیوانی ئەلەمانیا و کۆنەپەرستانی ناوچەکە بکات، لەوانەیە هەنگاوێك بنێت. بەڵام ئەمە چارەسەرێکی باشی قەیرانەکە نی‌یە.

ی.ك: ڕێ بە (حیزبی ڕەفاه) نادەن بە تەنیا حکوومەتێك دابمەزرێنێ. لەوانەیە یەكێکەوتنێك بێت لەگەڵ (SHP) یا لەگەڵ حیزبێکی دیکەدا.

س.پ: بە دڵنیاییەوە وایە. لەوانەیە وەك پێشوو بەکاری بهێننەوە.

ی.ك: متمانەیەك بە حیزبی (ڕەفاه) نی‌یە، ڕەنگە ئێوەش بڵێن کۆنەپەرستی ئەوان ڕێژەیی‌یە.

س.پ: ناتوانن هیچ بکەن، ئەوە نەبێ کە ئەم کۆمارە بکەنە داروپەردوویەکی زیاتر و ئەو تەنگانەیەش قووڵ بکەنەوە کە خۆیانی تێدان. وە هەر گۆڕانی گەورەی تورکی یان چاك کردنی دۆخەکەیان لەلا دەمێنێتەوە. ئەمەیان ئامادەکاری بۆ نەکراوە نە لە ناوەندەکانی سوپادا و نە لە ناوەندە مەدەنیەکان. دژواریەکە لەم حاڵەدا چڕدەبێتەوە. ئێمە بەو کەسانەی کە دەپرسن: «ئایا PKK گفتوگۆی سیاسی دەوێ یان نا؟». دەڵێین هەتا ئەگەر بە گفتوگۆی سیاسیش پشت ئەستوور بین، کەسێك لەلاکەی دیکە نی‌یە بتوانێ بە حیزب و سیاسەت و پیشەوایەتی و سەرکردایەتیەکەیەوە بەرپرسی دەرببات. لە ڕاستیدا کەسێك نی‌یە بتوانێ دانوستاندنمان لەگەڵدا بکات. ئەگەر یەکێکیان گوتی: «بەڵێ»، چلی دیکە پەبدا دەبن بەرهەڵستی دەکەن. ئەوی ڕاستی بێ ئەوە کوا کە ئێمە دەتوانین سیاسیانە گفتوگۆی لەتەکدا بکەین؟ واتە تورکیا سەرکردایەتی‌یەکی تێدا نی‌یە. ئەم دۆخە زیانی گەورەی هەن. پێم وایە دەوڵەت بەرانبەر بەم دۆخە دەستەپاچەیە. ئەگەر ویستی گفتوگۆمان لەگەڵدا بکات، کادێری ڕاستەقینەی نی‌یە. جا کێ ئەوە بکات؟

ی.ك: تەنانەت ئەگەر یەکێکیشیان هات و گفتوگۆی لەگەڵ کردن، چی دەگۆڕێت؟ کێ هێزی گۆڕینی هەیە؟

س.پ: لەبەرئەوەی قەیرانی سەرکردایەتی و قەیرانی حیزب و قەیرانی ڕژێمیان هەیە. هەموو ئەمانە نالەبارن.

ی.ك: ئەمە کێشەیەکی زۆر گرنگە.

س.پ: بە دڵنیاییەوە. لە کۆنەوە ئەمە تێڕوانینمە. مەبەستم ئەوەیە ئێمە بۆ گفتوگۆی سیاسی سازین، بەڵام دەوڵەت ساز نییە. بۆیە ناتوانین چەند بنچینەیەکی تازە بۆ پێوەندی کورد و تورك دابنێین. هەتا ناوەندەکانی سوپاش بارودۆخەکەیان بەدڵ نییە.

ی.ك: چونکە لایەنی تورکی ئامادە نییە. چارەسەری سیاسی ڕێگای خۆی ناگرێتەبەر.

س.پ: سوپا لە دڵەڕاوکەدایە. ئەنجوومەن و حکومەتیش لە دڵەڕاوکەدان. گەلێك ناوەندی دیکەش نیگەرانن و دەنگێکی بەهێز پەیدانابێ و ئەم دڵەڕاوکێیە نەهێڵێ. نە یەکێك دەبینین بۆمان بدوێت و نە سیاسەتی بنچینەییش، نە سیاسەتمەداری بەجەرگ و نە سەرکردایەتیش هەن. هەموو ئەمانە بەڵگەی ئەوەن کە گەلی تورك قەیرانێکی قووڵ و ئاشکرای سەرکردایەتی هەیە.

ی.ك: ئۆزال جارێکیان لە فیدڕالیزم دووا. ئەمجا هێندەی پێنەچوو قسەکەی قووت دایەوە، لە کاتێکدا قسەکەی لە ڕۆژنامەکاندا کەوتە ڕوو. ئۆزال ترسنۆکە، هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێت و پاشان پێیدا دەگەڕێتەوە. ئێستاش لافی ئەوە لێدەدات کە کوردی لە میللەتانی دیکە زیاتر خۆش دەوێ و باشترین چارەسەری بۆ کێشەی بۆسنەو هێرزەگۆڤینا هەیە. لافی ئەوە لێدەدات هەڵۆیە، بەڵام تورکیا پێویستی بە کۆترە و تورکیاش کۆتری تێدا نییە.

س.پ: ئایا دەبێتە هەڵۆ ئەگەر پلانی بۆ ڕەشەکوژی دارشت؟ ئەگەر ئەمە دەیکات بە هەڵۆ، با سوپەرهەڵۆ بێ. بەڵام ئەمە چارەسەر نییە. بە کورتی ئەوان لە قەیرانێکی ڕاستەقینەدان. حیزبێکی حازربەدەست نییە پێش ئەوەی کار لەکار بترازێت ڕێ و شوێن و چارەسەری دەست نیشانکراو دابنێ. ئەوان باسی هاوجووت بوونی نەتەوەیی دەکەن و ئەمەش شتێکی تازە نییە. بوونی ئەوان لە کۆنەوە لەسەر هاوجووت بوونی نەتەوەیی بنیات نراوە.

ی.ك: هەموو هاوجووت بوونەکان نیشانەی سەرەوتنن، وە لە ڕاستیدا ناوەندێکی سەرەوتوو هەیە، هاوجووت بوونێکیش لەسەر چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد هەیە. ئەوان باش ئەم هاوجووت بوونە دەپارێزن.

س.پ: ئایا کێشەیەك هەیە بەم بارودۆخەوە بە چارەسەر گەیشتبێ؟ چ کێشەیەك زیاتر گرێ و گۆڵاوی نەبووە؟

ی.ك: گوتی: من بانقێکی زەریایی دادەمەزرێنم و وەزیرێك بۆ ئەم مەبەستە دادەنێم. ساڵ و نیوێکە نەیتوانیوە یاسایەکی پێویست بۆ ئەوە دەربکات، سەرەڕای

ئەوە لە سێ دەقە زیاتری پێ ناوێ. باسی وەزارەتی ژینگەی کرد و ئەم کارەشی بە جێنەهێنا. ئەم ئەنجامە بەڵگەی بنبەست و کۆتاییە. کەس نەیتوانیوە ئەم دۆخەی کە باسم کرد ڕاست بکاتەوە.

ئەگەر بەرەی خۆرهەڵات پەرە نەستێنێ، بەرەی خۆرئاوا پەرە ناستێنێ. بەرەی خۆرهەڵات هەر کاتێك پەرە بستێنێ، پەرەسەندنی خۆرئاواش زیاد دەکات.

س.پ: ئێمە دەوڵەتمان هەر لە ڕووی سەربازی و سیاسییەوە نەهەژاندووە، بەڵکو پەردەمان لەسەر گەلێك مەسەلەی دیکەش لاداوە. ئێوە ئێستاکە پێملن دووبارە کەمالیزم و ڕژێمی کۆماری و سیستەمی حیزبەکان و بارودۆخی سەرکردایەتی هەڵبسەنگێننەوە و پێملن چاو بە سیاسەتە بنچینەییەکاندا بخشێننەوە کە دەکێشێتەوە نەك هەر بۆ گۆڕانکاری گەورە لە سیاسەتی کوردیدا، بەڵکو لە بواری دیموکراسی و سیاسەتی دەرەوەشدا و زۆر دەروو دەکرێنەوە و بنگە پێویستەکان دادەمەزرێنەوە و ئێوەش پێداویستیکی ناچاریتان بەوە هەیە. ئەمە ئەو ئەنجامانەن کە لە هەژانی (PKK) دەکەونەوە.

ی.ك: تێزێك یا پێشنیارێکت هەبوو بۆ کەمێك ڕۆشنکردنەوەی مەسەلەکە. ئێوە دەتانگوت: «ئەگەر بەرەی خۆرهەڵات پەرە نەستێنێ، بەرەی خۆرئاوا پەرەناستێنێ و بەرەی خۆرهەڵات هەر کاتێك پەرە بستێنێ، پەرەسەندنی بەرەی خۆرئاوایش زیاد دەکات». وە دەتوانین هەمان قسە دووبارە بکەینەوە کە باسمان لێوەکرد وە دەڵێین:«ئەگەر پەرەسەندن لەبەرەی ڕۆژئاوادا ڕوونەدات، ئەوە ناتوانین بەرەی کوردستان پەرە پێبدەین». ئایا ئەمە ڕاستە؟

س.پ: نەخێر، پێچەوانەی ئەوە ڕاستە، «ئەگەر پەرەسەندن لە بەرەی ڕۆژهەڵات ڕوونەدات، ئەوە بەرەی ڕۆژئاوا پەرەناستێنێ و هەرچەندە بەرەی ڕۆژهەڵات پەرە بستێنێ، ئەوا بەرەی خۆرئاواش زیاتر پەرە دەستێنێ»، پەرەسەندنی بەرەی خۆرئاوا دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ڕادیکاڵی زۆر گەورە لە شۆڕشدا و ڕاستی کورد زیاتر دەخاتەڕوو. ڕەنگە ئەمە شوێنەواری زۆر کاریگەری هەبن و بکێشێتەوە بۆ کێشەی کۆمارە تورك زمانەکان و کار لە چەند فیدراڵییەکی ڕیشەیی بکات. ئێمە چەندە ئەوە تێبهەڕێنین، لەوانەیە مەسەلەی(PKK) بێئەندازە ببێتە هاندەر بۆ فیدرالیزمی کوردستان و یەکگرتنی کۆمارەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕێژەیەکی گەورە. ڕەنگە کوردستان دەوری دەستەی ئەرکان لەم مەسەلەیەدا ببینێ. چارەسەری تورکی بەم حاڵەدا ڕەت دەبێ. ئەگەر باکوری کوردستان بوو بە فیدراڵی، ڕێی تێدەچێ کۆمارە تورك زمانەکان ببنە قەوارەیەکی فیدراڵی. ئەمە فیدرالیزمی قەفقاس و فیدرالیزمی ئێران و فیدرالیزمی عەرەب دەگەیەنێ. ئەمە ئەو فیدرالیزمەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە کە لێیدەدوێین. هەر لەم لایەنەوە،

ڕووداوی فیدرالیزمی کوردستان واتە زنجیرەی فیدرالیزمە تورکی‌یەکان، بەباشوریشەوە. هەروەها فیدرالیزمی قەفقاس واتە فیدرالیزمی کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و فیدرالیزمی ئێران و فیدرالیزمی عەرەب. دەولەتانی عەرەبی ئێستا لە بنەڕەتدا لە بنیاتی فیدرالیزمەوە نیزیکن.

ئەم جۆرە فیدرالیزمە فراوانە کە باسی دەکەین چەند دوورایەکی دیاری مێژوویی و جوگرافی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری دەبن و ئەم دوورایانە دەپارێزێ و ئیش بۆ پەرەسەندنیان دەکات، لە باتی شەڕی مالوێرانکەر و تێکدان و یەکتربڕاندنەوەیان. بەلکو دەبێتە سیستەمێك بۆ دەولەمەندکردنی یەکتری. ئەم سیستەمە شایانی بیر لێکردنەوە و ئیش بۆ کردنە و ئەوە بەدی دەهێنێ کە ئیسلامی‌یەکان بانگێشتیان بۆ دەکرد بەبێ ئەوەی هیچ بکەن. هەروەها ئەوەش بەدی دێنێ کە سۆڤێت بانگەوازی بۆ دەکرد بەبێ ئەوەی هیچ بنچینەیەکی بۆ دابنێ و ڕووبەڕووی ئەو ئەورووپاییانە دەبێ کە بە شوێن ئەم جۆرە یەکێتی‌یەی نێوان ولاتەکانیاندا دەگەڕێن. ئەگەر توانیمان بنیاتێکی شۆڕشگێڕانە بۆ ئەم فیدرالیزمە مسۆگەر بکەین، بگرە ئەوسا دەتوانین بە فیدرالیزمی خۆرهەلاتی ناوەڕاست بگەین کە دەبێتە هێزێکی گەورەی بەرگر و دەیکاتە یەکێتی‌یەکی مێژوویی لە پێناوی پەرەسەندندا.

ی.ك: بەلێ من بە کەفوکولەوە گوێم لێیە. هەلکشانی کورد درێژ دەبێتەوە تا دەبێتە هەلکشانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست. هەموو ئەوانەی کە چاویان پێت دەکەوێ لێت دەترازێن و ئەم بۆچوونەیان هەیە. ماوەیەك لەمەوبەر «یالچین دۆغان» دیدارێکی لەگەلّ ڕێکخستی و هەر ئەمە بۆچوونی ئەو بوو، چونکە پێی گوتم: «سەرکردەی(PKK) بیرکردنەوەی تەنیا لە بنیاتنانی کوردستاندا قەتیس نابێ، بەلکو بە دوای ڕزگاری‌یەکی گەورەترەوەیە». ئەمانە بۆچوونی من بوو هەر لە یەکەم چاو پێکەوتنمەوە بە تۆ لە سالی (١٩٨٩)دا. هەر لە چوارچێوەی ئەم باسەماندا لەسەر فیدرالیزم، ئەگەر ڕێ بدەن بۆچی لا لە ئەنجوومەن نەکەینەوە. ئەوە بابەتێکە گەلێك لە خوێنەواران بە پەرۆشن بیزانن. واتە مەسەلەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان. وەك دەردەکەوێ ئەم ئەنجومەنە سالی ١٩٩٣ دەکرێتەوە و گەلێك ئامادەکاری بۆ ئەمە لە ئارادان. ئایا هیچ ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەم ئەنجومەنە و ژمارەی ئەندامانی هەیە؟

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانە وەلامی ئەو شتانە دەداتەوە کە هێزە سیاسیەکان لە ئەنجومەنێکی نیشتمانی چاوەڕوان دەکەن.

س.پ: لە باشوور ئەنجومەنێك دامەزرا و حکومەتێك بە پێی ئەم ئەنجومەنە پێکهات. باوەڕم وایە وەلامدانەوەی ئەو حکومەتەیە کە بیر لە دامەزراندنی

دەکەینەوە لە بۆتان و بادینان. ئەنجومەنەکەش وەڵامدانەوەی ئەنجومەنە نیشتمانیەکەی ئێمەیە. ئەوان دەیانەوێ تەرزی کرێگرتە لە جێی تەرزی شۆڕشگێڕ دابنێن. تێگەیشتن لەم بابەتەش سوود بەخشە. وەك سەرنج دەدەین ئەم بزاڤانە چل ساڵە لە باشور هەن. بۆچی بە خەیاڵیاندا نەهات حکومەتێك و ئەنجومەنێك دابمەزرێنن و هەموو خەمێکیان ئۆتۆنۆمی بوو؟ وەختێك لە حکومەتی بۆتان و بادینان و لە ئەنجومەن دووایین، بە پەلە کەوتنە بنیاتنانی ئەنجومەن و حکومەت. جا کە کاریگەریمان لە رووی سیاسی و سەربازیەوە بەرەو زوور چوو، حکومەتی فیدراڵی‌یان راگەیاند. ئەم هەنگاوانە بە پشتیوانی ئیمپریالیزمی جیهانی دەنرێن و تورکیاش پاڵپشتی ئەوە دەکات.

بۆمان روون دەبێتەوە کە دەبێ شۆڕشی کوردستان روو بە حیزبایەتی‌یەکی واقیع بینانە گەشە بکات وا کە لە دەوری پارتی کرێکارانی کوردستان کۆببنەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی سوپا پێکەوەنان و دامەزراندنی ئەنجومەن و حکومەت. ئەمانە چەند هەنگاوێکی بێ گەڕانەوەن. لە لایەکەوە سیاسەتەکانی شەڕی تایبەت و ئەو هەموو شێوازانەی لە گۆڕێدان کە مەبەستیان تۆو براو کردنمانە و، لە لایەکی دیکەوە هێزە ساختەکان بە پاریزگاری هێزەکانی چەکوشی ئامادە دەخرێتە بەری مەیدان. واتە ئێمە دەتوانین بڵێین شەڕی کەنداو هێشتا بە شێوەیەکی دیکە لەکوردستاندا بەرپایە و ئەم شەڕەش بۆ ماوەیەکی کورت خایان لەگەڵ (صدام)دا بوو، لە کاتێکدا ئێستا بە شێوەیەکی سەرتاسەری لەگەڵ ئێمەدایە. پێشتر گووتومە: شەڕی کەنداو سەبارەت بە کوردستان شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە دووتوێدا هەڵدەگرێ. پاش ئەوەی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر تێپەڕێندرا، ئەم شەڕە شۆڕشێکی تازەی ئۆکتۆبەری لێ‌دەکەوێتەوە. بۆیە ئەم شەڕە بە شێوەیەکی رێکخراو دژ بە ئێمە دەکرێت. سەرنج بدەن تورکیا توانی لە رێگای شەڕی باشور هێنانیەوە بۆ سەر ئێمە، یەککەوتنێکی تەواو بە دەست بهێنێ. ئەوەبوو ئەوروپا بە کۆمەڵ قایل بوو.و ئەمەرکایش لە راگەیاندنەکانیدا پشتیوانی خۆی پێشاندا و لە تورکیاش لێکنزیکبوونەوەی نەتەوەیی بەدی هات. لە لایەکی دیکەوە، دووچاری هێرشی ناوەندە چەپڕەوەکان بووین. لەوە دەچێ ئەمەش بەشێك بووبێ لە یەککەوتنی نێو دەوڵەتی دژ بە ئێمە. چونکە هەمان زمانیان بەکار هێنا کە دەوڵەت بەکاری دەهێنا، ئەوان ناتوانن چاو لە بەرخۆدانە رەسەن و گەورەکانی «PKK» بپۆشن، ـیدی بۆچی زمانی دەوڵەت بۆ هێرش کردنە سەرمان بەکاردێنن؟ دیارە بەکارهێنانی هێندێك گوتەی شۆڕشگێرانە هیچ بایەخێکی نی‌یە. نیازەکانی دەوڵەت بەلای ئێمەوە لە هی ئەوان ئاشکراترن. چۆن چاو لە مەزنی شۆڕشگێرانە دەنووقێنن و پەلاماری دەدەن پاش ئەوە هەوڵدەدەن کارەکەتان بەهێندێك گوتەی بریقەدار پەردەپۆش بکەن. کەس باوەڕ بەمە ناکات.

پێم‌وایە هەوڵیاندا سوریاو ئێرانیش رابکێشنە نێو ئەم یەککەوتنە نێودەوڵەتیە. هەوڵی راکێشانی ئێران بێ‌ئەملاوئەولایە. دەسەلاتدارانی ئێران (١٠) هەڤاڵی

بریندارمانیان گرت که بۆ ئەوێ نێردرابوون. سووریایش هێندێك هەوڵی وەك گرتن و شتی لەم بابەتەی هەبوو.
زۆر ڕێی تێدەچێ ئەوان ئەگەر توانییان (PKK) نەهێڵن، ئەوا لە ڕێگای یەککەوتنی نێودەوڵەتییەوە دەسکەوتیان دەبێ. بۆیە ڕاستەوخۆ پەنایان بردە بەر لوتکەی سێ قۆڵی و کۆبوونەوەیەك کرا ئێران و تورکیا و سووریای تێدابوون. تورکیا ئەنجامەکان و ئامانجەکان و دوورایییەکانی هێرشەکەی لێکدایەوە و ڕاپۆرتێکی دوور و درێژی پێشکەش کردن. هەروەها تورکیا ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەو ئەنجامانە پێشکەش کرد کە ڕێککەوتنی پێشوو خستیە ڕوو. لام وابێ ڕێککەوتنەکەیان هێشتا بەردەوامە.
ی.ك: بەڵام ئەو لوتکە سێ قۆڵییە هیچ ئەنجامێکی نەخستە ڕوو.
س.پ: هەر لەسەرەتاوە ئاشکرابوو کە هیچ ئاکامێکی لێ‌ناکەوێتەوە بە هۆی ناکۆکیە قووڵەکانی نێوان ئێران و تورکیاوە کە پاشماوەی بابەتەکانی دیکەیان داپۆشی. ناکۆکی لەو چەشنە لەگەڵ سووریاشدا هەیە. ئەم ناکۆکیانە لەو جۆرەن کە بە ئاسانی لەنێونابرێن. تاکە کارکردیش کە پێکەوە کۆی کردنەوە کێشەی کورد بوو کەوا گەیەسرەوە قۆناخی پێکهێنانی دەوڵەت.
ی.ك: پێش پەیدابوونی «PKK» لە دەربڕینی (دەوڵەتی کوردی) دڵگران دەبوون، واتە هەر شێوەیەك بوو بێ فیدرالی یا هی تر. وایان دەبینی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەم مەسەلەیەوە هەیە.
س.پ: زۆر ئاساییە ئەم دەوڵەتە کار بکاتە سەر ئەم دەوڵەتانە، هەتا ئەگەر فیدرالیش بێ. کاریگەرییەکانی (PKK) لەوە گەورەترن بە یەك دانیشتن قسەیان لێ‌بکرێت. بە چارسەر گەیشتن یا نە گەیشتنیان مەسەلەیەکی دیکەیە پشت بە ڕادەی ناکۆکی نێوانیان دەبەستێ. جا چەندە لەسەر ناکۆکیەکانی دیکە یەك‌بکەون، سەبارەت بە (PKK)ش ڕێکدەکەون. چەندیش لێك دوور بکەونەوە، لەسەر (PKK) ناکۆك دەبن. ئەو یەك‌کەوتنە ناوەکی و نێودەوڵەتیەی کە کرا، نۆکەرایەتی کوردی و ناوەندە ڕیفۆرمیستە کوردیەکان و ناوەندە چەپڕەوە کوردیەکانی وەك ڕێگای ئازادی (ÖY)شی خستەلای خۆی. هەموو ئەوانەی کە چوونە پاڵ هاوپەیمانەتیەکە سیاسەتیان دەرهەق بە(PKK) و ئەو چینانەی وا نوێنەرایەتیان دەکەن دەرکەوت. ئامانجی هەموو ئەوانەی کە بەشداری هێرشەکەیان کرد نەهێشتنی پارتی کرێکارانی کوردستان و بەرخۆدانەکانی بوو لە ساڵی (١٩٩٢)دا.
بەڵام گومانی تێدا نییە کە (PKK) دەمێنێ. ئەوان تا ئێستا قسە و قسەلۆك لەسەر (فەرهاد) عوسمان ئۆجەلان دەجوونەوە و مشتومڕ لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەن و پرسیار دەکەن ئایا دیلە یان خۆی بەدەستەوە داوە؟ ئەم مشتومڕانەیان وا دەگەیەنێ ئایا فەرهاد قابیلی ئەوەیە ببێ بە نۆکەر یان نا؟ ئەگەر قابیلی ئەوە بێ، ئەوا لە ڕێگای تالەبانی و بارزانییەوە دەستەمۆی دەکەن. بە هەمان شێوە دەڵێن ئاپۆ لە سووریایە. ئایا دەتوانین سنوورێك بۆ چالاکیەکانی دابنێین یان نا؟ یان: ئایا دەتوانین وای لێ‌بکەین دەست بەرداری خەباتی چەکدارانە ببێ و ئەویش دەستەمۆ

بکەین یان نا؟ یان: ئایا پێمان دەکرێت بە هێندێك دەسکەوتی سیاسی قەناعەتی پێبکەین یان نا؟ هەموو مشتومڕەکانیان لەم چوارچێوەیەدایە. لە لایەکی دیکەوە ئەم مشتومڕانە هێشتا لەو بارەیەوەن کە ئاخۆ (PKK) هەرەسی هێناوە یان نا؟ ئایا (PKK) دەتوانێ درێژە بە خەباتی چەکداری بدات یان نا؟ ئایا چالاکی و کێوماڵەکانی ناوخۆ سەرکەوتنیان بە نسیب دەبێ یان نا؟ ئامانجیان لەم هەموو پرسیارانە بەرپاکردنی شەڕێکی دەروونی‌یە بۆ گەیشتنیان بە مەبەستەکانیان. هەوڵەکان تا ئێستا لەم ڕووەوە بەردەوامن. بەڵام خافڵگیریەکە ئەوە بوو ئێمە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو پێوەندیمان لەگەڵ ئەنجومەن و بەرەی کوردستانیدا لە باشور و پێوەندی سیاسیشمان لەگەڵ پێکهاتەی حکومەتی ئەوێدا دامەزراند. ئەم سیاسەتەمان تا ئێستا درێژەی هەیە. لە لایەکەوە پێکداهەڵپژان و لە لایەکی دیکەوە پێوەندی. ئەوان لە هەڵسانگاندن و بەخۆگرتنی ئەم گۆڕانکاریانەدا تووشی نارەحەتی‌یەکی زۆر دەبن.

ی.ك: ئایا پێکداهەڵپژان بە توندی یان بە نەرمی بەردەوامە؟

س.پ: نەخێر، بەردەوامی پێکداهەڵپژانەکان بە توندی بن یان نەرمی گرنگ نی‌یە. گرنگ پێکداهەڵپژانی سیاسەتەکانە. سیاسەت پارێزگاری جۆری پێکداهەڵپژان دەکات و هەمان کات بە دووی سادەترین خاڵی لێك‌نزیکبوونەوەدا دەگەڕێت. ئێستاکە بنکەیەکی جەماوەری و نیشتمانی فراوان بە تایبەتی لە ناوچەی (سۆران)دا هەیە بۆ یەك‌کەوتن ئامادەیە. ئێمە ناتوانین ئەمە فەرامۆش بکەین. نیاز هەبوو لەگەڵیاندا ڕێك بکەوین. با بڕوانین ئاخۆ ئەم نیازە پەرەی پێدەدرێت؟ لە لایەکی دیکەوە پێشمەرگە هێزێکی تەواوی نەبوو بچێتە شەڕی دژ بە (PKK) و بەرژەوەندیان لەمەدا نەبوو. کاتێك باسی یەك‌کەوتن دەکەین، مەبەستمان نەهێشتنی کاریگەری ئەم کارکردانەیە. هەرچی پێکداهەڵپژانەکانیش هێشتا بەردەوامن، چونکە هێشتا درێژە بە سیاسەتی جارانیان لەگەڵ تورکیادا دەدەن کە سیاسەتەکانی دوژمنە. هێزی ڕەسمی لایەکی ئەم سیاسەتەیە. بەم پێیە پێکداهەڵپژان لەگەڵیاندا بەردەوام دەبێ. ئەگەر ئەم پێکداهەڵپژانە نەگاتە ڕادەی چەك بەکارهێنان، ئەوا لەسەر پێیە لە هەر ساتێکدا بێ ئەم ئاراستەیە بگرێ و لەوانەیە ئەوە لە کاتێکی دیکەدا بێ. گەوهەری مەسەلەکە ئەوەیە دۆخی شەڕ هێشتا بەردەوامە، با بە شێوەی دیکەش بێ. تا ئێستاش کاریگەری‌یەکی گەورەمان لە بەرەی باشوردا هەیە و ئەوە تا بەدەست هێنانی چەند ئەنجامێکی باش درێژەی دەبێ. بێ‌گومان ئەم بارودۆخە وەك هێزێك وا دەبێ بۆ بەرەی باکور. ساڵی داهاتوو ئەنجامەکانی ئەوەش دەبینین.

ی.ك: ئایا ئەمە وا دەگەیەنێ کە دوو ئەنجومەن لە ئارادا دەبێ، ئەو ئەنجومەنە کە لێی دووایین و ئەنجومەنی نیشتمانیش؟

س.پ: بەڵێ، دەچمە سەر ئەم مەسەلەیە. گومانی تێدا نی‌یە کە ئەم پێوەندیانە دەکێشنەوە بۆ پێکهاتەی تازە لە ساڵی(١٩٩٣)دا. زۆر ڕێی تێدەچێ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان «ئەو ئەنجومەنە بێ کە وەڵامی ئەو شتانە دەداتەوە کەوا هێزە

سیاسیەکان لە ئەنجومەنێکی نیشتمانی چاوەڕوان دەکەن». ئەمە بە پەرەسەندن دادەنرێت. لەبەر ئەم هۆیە لەوانەیە باشور و باکور بێنە پاڵ ئەم ئەنجومەنە وا کە لە پەرلەمانی تورکیا و ئەزموونەکەی بچێ، بەڵام لەو زیاتر دیموکراتی و سەرتاسەری دەبێ. بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەکرێت چەند هەنگاوێکی باش بەم ڕێگایەدا بنێین نەك هەر لەباکوری کوردستاندا، بەڵکو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا. هەرچی ژمارەی نوێنەرانیشە گرنگ نییە. ڕەنگە ٣٠٠ یا ٥٠٠ نوێنەر بێ.

کەمێك هەڵوێستە وەرگرتن لەسەر بایەخی مێژوویی ئەم ئەنجوومەنە شتێکی بەسوودە، کورد بە قۆناخی حیزبایەتی (پێکهێنانی حیزبی سیاسی) و بە قۆناخی دروست بوونی بەرەدا تێپەڕیوە. بەڵام قۆناخی ئەنجومەن لە ڕووی ئەو قۆناخەوە کە پێیدا دەڕۆین پڕ بایەخە. کاتی ئەوە هاتووە ئەم جۆرە ئەنجومەنە بنیات بنرێت. لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیشەوە گۆڕانکاریەکان بنیاتنانی ئەم جۆرە ئەنجومەنە دەخوازن. وا پێویست بوو ئەم ئەنجومەنە لە قۆناخی حیزبایەتیدا لە شێوەی کۆنگرەیەکدا دروست ببێ کە هەموو حیزبەکانی تێدابێ. بەڵام لەبەر گەلێك هۆ نەبوو. بۆ نموونە لای میللەتانی دیکە حیزبەکان لە کۆنگرەوە بنیات دەنرێن. کەچی لای ئێمە پێچەوانەکەی ڕاستە و پێویستە کۆنگرە بە کاریگەری حیزبەکان و بەرەکان ساز بدرێت. لەهەر گۆشە نیگایەکەوە بڕوانین بۆمان دەردەکەوێ کە پێکهێنانی ئەنجومەن و کۆنگرە بۆ کورد زۆر گرێدراوی ژیانن، چونکە بۆشاییەکی سیاسی پڕدەکەنەوە. لەوانەیە کۆنگرەیەکی هاوئاهەنگ و مەزن نەبێ، بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار لە ڕووی دیپلۆماتی و ژیانی مەدەنی و سیاسییەوە دەبێتە بنکەیەکی کاریگەر و دەشبێتە ئامرازێکی کارا بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانانە کە ... سیاسیەکان دەیانئێنینەوە. لە پاڵ ئەمەدا کاریگەرییەکی تایبەتی دەبێ بۆ خەڵك ڕاکێشان بەرەو شۆڕش و مۆری ڕەوایی بە تەختی تەوێڵیەوە دەنێ. نامەوێ لەم هەڵسانگاندنەمدا بۆ ئەنجومەن زێدەڕۆیی بکەم. بەڵام من دڵنیام کە لە حاڵی نەبوودا نابێ و ئێمە تەنیا بۆ پڕوپاگەندە بنیاتی نانێین و هەر بە قسە ئەنجومەن نابێ.

ی.ك: لەو هەڵبژاردنانەی ئەوروپادا کە کران ناوی وا دەرکەوتن کە بە خەیاڵدا نەدەهاتن. مەبەست لەوە چییە؟

س.پ: بەلای منەوە ناو گرنگ نییە، بەڵام ئەرك و پێویستی خۆی زۆر گرنگن. لایەنێکی دیکەی گرنگیش هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەم ئەنجومەنە یەك ڕەنگ نەبێ، بەڵکو نوێنەرایەتی تێکڕای چینەکانی کۆمەڵگا بکات و بیرورا ناکۆکەکان و سیاسەتە جۆراوجۆرەکانی تێدابێ و ببێتە بنچینە و بلندگۆیەك حیزبەکان بە ئارامی قسەی تێدا بکەن و فرەدەنگ و هەمەشێوە و ڕوخسار بێ تا لە یەك شوێندا پێك بگەن. پێویستە هێندەی بۆ پاڵێوراوی حیزبەکان کراوە بێ، دەرگاش بۆ خێڵ و ناوەندەکانی دیکە ئاواڵە بکات و بگرە پشتیان پێ ببەستێت.

ی.ك: ئایا هەڵبژاردنی خێڵەکان بە هەمان شێواز دەبێ؟

س.پ: ئەوان پیاوی خۆیان دەدۆزنەوە و هەڵیاندەبژێرن و بۆ ئەنجومەنیان ڕەوانە دەکەن. پێم وانییە لەم خاڵەدا هەڵبژاردنێکی شێلگیر هەبێ. جا لەبەرئەوەی کە بناغەی میللی لە لای ئێمە پتەوە. دەتوانین هەڵبژاردن بکەین. بە هۆی ئەو گوشارانەشەوە کە دەیزانن، هیچ دەرفەتێك بۆ بەدیهێنانی ئەوە لە ئارادا نییە. لەبەرئەوەی کە گەل بە گشتی پشتگیری سیاسەتی حیزب دەکات، زەحمەت نییە گەل پشتگیری ئەندامەکانی ئەو ئەنجومەنانەی هەڵبژاردن بکات کە حیزب دەست نیشانیان دەکات. ئەوانەش کە ماون کاردەکەنە سەر ناوەندە خێڵەکییەکان. بۆیە دەتوانن نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن. هەروەها ناوەندە ئاینییەکانیش سەرباری کاریگەری سنووردارییان لە کوردستاندا، ئەوانیش دەتوانن نوێنەرانیان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی بنێرن. مەبەستم ئەو ئەنجومەنە کوردییەیە کە هەلومەرجی مێژوویی دەیسەپێنێ. ئەگەر بەدی هات، شتێکی باش دەبێ.

ی.ك: سەرکردەم، لە گوتاری حەفتانەمدا نووسیومە: «ئەگەر بە کوردستانی لە دایك ببومایە و ئەندامی پەرلەمانی ئێستای تورکیا بوومایە، ڕێگەی چوونە پاڵ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانم هەڵدەبژارد». ڕاتان بەرانبەر بەم بیرکردنەوەیە چییە؟

س.پ: دەمەوێ سەرنج بدەی. ئەگەر ئەنجومەنەکەمان کەوتەڕوو، ئێوەش و مامۆستا ئیسماعیل بێشکچی دەتوانن تێیدا ببنە ئەندام. گەلێك هۆ هەن. هۆی یاسایی متمانەی ئەوەت دەداتێ بە کاوەخۆ بجوڵێی و وات لێدەکات بە زمان پاراوییەکی زیاترەوە گوتار دابدەی و سیاسەت بکەی. ئێوە لە بنەڕەتدا لە ناوەندی سیاسەتدان. ئامرازە سیاسییەکان بۆ ئێوە بەس نین. گوتم ئەنجومەن ئەم لایەنانە دەستەبەر دەکات. ئەگەر کەسانێکی وەك ئێوە کە داکۆکی لە کێشەی کورد دەکەن و لە کورد خۆی پتر ڕەنج دەدەن حەزیان کرد لە ڕێگای ئەم ئەنجومەنەوە بکەونە کار، پێویستە ئەوە شتێکی سەیر نەبێ. تەنانەت ئەگەر ئەو ئەندامانە ژمارەیەك تورك و عەرەبیشیان لە نێودا بوو، پێویستە پێمان سەیر نەبێ. تێڕوانینی ئایدیۆلۆژییان هەرچۆنێك بێ، من وای دەبینم هاتنە ڕیزیان شتێکی باشە. هەوڵ بدەن و ئیش بکەن تا لەوێ پێکبگەینەوە، چونکە جیاوازی تێڕوانین لەم جۆرە ئەنجومەنەدا و بەتایبەتی لە سەرەتاکانیدا دەتوانێ بە باشی پێداویستییەکانی گەل لەو سیاسەتانە بە جێبهێنێ کە خزمەتی بەرژەوەندی دەکەن و بۆ قازانجی گەلان دەبن. هەبوونی کورد لە پەرلەمانی تورکیا لە کاتی بنیاتنانیدا شتێکی خراپ نەبوو. بەڵام پاشتر بۆ مەبەستی خراپ بەکارهێنرا. دەکرا لەم ئەنجومەنە میللییەدا نوێنەرایەتی بکات، بەڵام شۆڤێنیزم نەیهێشت ئەوە سەربگرێ. ئێستاکە کورد لە گەلێك ئەنجومەندا هەن، دەوری خۆیان ناگێڕن. دەور نەگێڕانیشیان شتێکی زۆر خراپە. من ناڵێم بوونیان لەوێ خراپە. هەر بەو پێیە، بوونی تورکی باش باشترە لە نەبوونیان و پێویستە هەبوونی نوێنەرانی تورکیش بۆ گەلی تورك شتێکی پڕ بەها بێ.

ی.ك: زۆر درەنگ پێشنیاری ئێوەم بۆ خۆ پاڵاوتنم پێ گەیشت. من بۆ ئەو متمانەیەتان سوپاستان دەکەم. من خۆم ئارەزووم دەکرد ئەو کوردانەی کە لە پەرلەمانی تورکیادان بچنە پاڵ ئەو ئەنجومەنە.

س.پ: ئەمە شیاوە، پێدەچێ ئەم جۆرە کارە پەرلەمانی تورکیا بەهۆش خۆی بێنێتەوە، چونکە نوێنەرە کوردەکان هەر بەو دوو وشەیە کە لەزاریان هاتەدەر کورسیەکانیان لەدەستدا. لەبەرئەوەش کە یەك یا دوو نیشانەیان هەڵگرتبوو، دنیایان هەڵساند و دانەنیشاندەوە. بێ گومان ئەوانە بەم ڕەفتارەیان پاڵ بەکوردەوە دەنێن ئەنجومەنی خۆیان دابمەزرێنن کە هەرچی چۆنێك بێ مافی زۆر سروشتی خۆیانە.

ئەو هەڵسەنگاندنانەی کە دەڵێن: «ئاپۆ بە ئامۆژگاریەکانی خۆی ڕێنوێنی HEP دەکات»، یان(HEP) سەر بە(PKK)یە هیچ بنچینەیەکی ڕاستیان نییە.

ی.ك: ئەوانەی وا حوکمی تورکیا دەکەن بیر تەسکییان هەیە. ئەوان وای دەبینن چوونە نێو پەرلەمانی تورکیا سەبارەت بە کوردستان و تورکیا شتێکی گرانە، یا بۆ خەبات ناچاریە، ئەم بارودۆخە پێچەوانەی ئەم چەمکەیە. وەك دەبینم حکومەت لەم قۆناخەدا لە داخستنی (HEP)دا بڕیاریە. پێشتر لەسەر داخستنی سوور بوون و ئێستاش بڕیاران. پێم وایە قسە و ڕاگەیاندنەکانیان کە لە ڕۆژنامەکاندا دەرکەوتن و باسی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کردنیان، دەوڵەتی وا لێ کرد بەم جۆرە بڕیاربێ. ئەم بڕیارییە لە لای (HEP)یش هەیە. چۆن دەڕواننە ئەم کێشەیە؟ [illegible] کوردی، دەڕوانێتە (HEP)، بۆیە وەختێك دایدەخات ئەوە حیزبێکی کوردی داخستووە.

وەك دەبینم حیزبێکی کوردی لە نێو تەکتیك و ئامانج و بەرنامەتاندا نییە، بەڵام توانیوتانە بە هۆی بوونی ئەم حیزبەوە ئەنجامی باش وەدەست بهێنن. واتە (PKK) حیزبی (HEP)ی دانەمەزراندووە. بەڵکو (PKK) ناتوانێ چاو لە بوونی (HEP) بپۆشێ. ئێوە لە گۆشە نیگای سەرجەم جەماوەری کوردستان و تورکیاوە چۆن دەڕواننە (HEP) و ڕادەی بایەخ پێدانتان چەندە و چۆنی هەڵدەسەنگێنن و ئایا توانیویەتی ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ؟ ئایا لەمڕۆ بەدواوە دەتوانێ ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ؟

س.پ: بەسەرهاتی دروست بوونی(HEP) کەمێك ئاڵۆزە. ئەوە بوو نوێنەرانی کورد ویستیان بەرهەڵستییەکی سادە لەنێو(SHP)دا پێكبهێنن. بەڵام لەبەرئەوەی کە ئینەنۆ کەسێکی زۆر شۆڤێنی بوو، لە حیزب وەدەری نان. یەکەم: ئەم جۆرە ڕەگ و ڕیشەیە لای ئینەنۆ هەیە و، دووەم: ئۆزال چرای سەوزی داگیرساند بۆ دامەزراندنی (HEP) لە پێناو بێهێزکردنی (SHP)دا و پشتیوانی دەوڵەتی بۆ حیزب مسۆگەر کرد. بۆشاییەکی سیاسی بە کاریگەری ئێمە لە ئارادا بوو، بۆیە

هێندێك ناوەند ویستیان کاریگەریمان بە خراپی بەکاربێنن. واتە دەست کرا بە قسەکردن لەسەر پێکهێنانی حیزبێکی کوردی نوێکەر و ڕەنگبوو لەم هەلومەرجەدا(HEP) بێ. بیرمان لەوە کردەوە دەست لەم مەسەلەیە وەربدەین لەو ڕووەوە نا کە «ئەمە حیزبی ئێمەیە و سەر بە PKK یە»، بەڵکو لەبەرئەوەی کە پشتی بە بنکەی سیاسیمان ئەستوور بوو. هێندێکیان نیزیك دەبوونەوە. وەك بڵێی دزی دەکەن و، هێندێکی دیکەیان وا نیزیك دەبوونەوە کە دۆست بن. بەم پێیە نەمانتوانی دەستەوەستان ڕابوەستین. واتە ناچار بووین دەست تێوەربدەین. مەبەستم لەو دەستێوەردانە دروست کردنی چەند پێوەندیەك بوو. لە ناوەوە و لە دەرەوە ڕەخنەمان لێ گرت و پشتگیریمان کرد. جا کە ڕێککەوتنیان بۆ هەڵبژاردن لەگەڵ(SHP)دا هاتە پێشەوە، پشتگیریمان کردن. چونکە ئامانجی تەکتیکەکانی دوژمن ئەوە بوو هێزی شاراوەی ئێمە بکرێتە پشتیوان بۆ حیزبی دیکەی ترسناکتر. نەمانتوانی بە تەماشەکەری بمێنینەوە و خۆدابڕین لە هەڵبژاردن، شتێکی گونجاو نەبوو. لە بارترین چارەسەر ڕێککەوتن بوو لەگەڵ (SHP) لەسەر هەڵبژاردن. وەك دەزانن یەکەم جارە ئەم جۆرە نوێنەرانەی کورد دەردەکەون و کە پەرلەمانیش بە شێوەیەکی شۆڤێنی لای لەم مەسەلەیە کردەوە، ئەوە وای لە ناوەندەکان کرد بێ‌ئەندازە بهەژێن و زەمینە بۆ مشتومڕی دوور و درێژ خۆش کرد وەك «PKK لە ناوەوە نەك لە دەرەوە. پێویستە ئەوانە دەربکەین» و ڕەفتاری دیکەی شۆڤێنی لەم چەشنە.

ی.ك: ئایا ئەم شێوە ڕەفتارەی نوێنەرانی تورك ڕەفتارێکی دەبەنگانە نییە؟

س.پ: بێ‌گومان، پێویستی نە دەکرد قیامەت هەڵبستێنن، چونکە دوو وشەیان لە دەم دەرهات یا دوو نیشانەیان دانا. سەرنج بدەن لە ئەنجومەنی هاوشێوەی وەك هی ئینگلتەرە و فەرەنسەدا دەکرێت هەموو شتێك بڵێن و، هەتا هێندێك ئەندام گوێ لەم جۆرە قسەیە ناگرن و بایەخی پێ‌نادەن و پەلپی لێ‌ناگرن. ئەم ڕەفتارە بەڵگەی ڕادەی دەمارگیری شۆڤێنیانەیە. پەلپ و بیانو پێشباندان لەسەر یەك یا دوو وشەی هاکەزایی، بەسەریاندا هەڵگەڕایەوە. ئێمە کاتی ئەوەمان نییە ئاوڕ لەم مەسەلە بچووکانە بدەینەوە، چونکە زەحمەتە (HEP) بە ئامۆژگاری ئێمە ئیش بکات و تێبگات و لە دۆخێکدا نییە ڕێ بدات ئامۆژگاریەکانم بە ڕاستی جێ‌بەجێ‌بکات. با (HEP) بخەینە لاوە، کادیرە ناوەندییەکانی (PKK)ش ناتوانن ڕێنماییەکانم بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان جێ‌بەجێ بکەن و من بە ئاشکرا سکاڵا لە دەست ئەم بارودۆخە دەکەم. (HEP)ێك کە لە دەسەڵاتی ناوەندیەوە دوور و لە توانایی جموجووڵیش بێ‌بەش بێ و ڕێکخستنەکەی هێزێکی تەواوی نەبێ، چۆن دەتوانێ ئامۆژگاریەکانم جێ‌بەجێ بکات؟ ئەم حیزبە حیزبێکی یاساییە و منیش بەرپرسی حیزبێکم شەڕ دەکات. چۆن دەتوانم ئامۆژگاری ئاشکرا بە حیزبێکی یاسایی بدەم؟ ئەمە زیندەڕۆیی تێداکرابوو. واتە ئەم پڕۆپاگەندانە بە مەبەستی ناوزڕاندن و دامالینی ئەم حیزبە دەکران. وە لەڕاستیدا هەندێك کەس لە

هەندێك مەسەلەدا ڕای منیان دەپرسی و ئێمەش ڕای خۆمان لە هەندێك ڕۆژنامەدا بڵاودەکردەوە، وە لەمەوە هەندێك پروپاگەندە بڵاوکرانەوە کە دەڵێت: ئاپۆ ڕێنمایی خۆی دەدات بە (HEP) و یان (HEP) حیزبێکی سەر بە (PKK)یە. ئەم پروپاگەندانە لەسەر خەیاڵ بنیات نراون و فریان بەسەر ڕاستیەوە نییە. بەڵام ئەوە قبوول ناکەین دەست لە (HEP) بەربدەین، چونکە ویستیان ئەم حیزبە دژی ئێمە ئیش بکات و خەباتمان پاکتاو بکات. ئێمە هێزێکی گەورەی پەنهانمان هەبوو. دیارە ئێمە ڕێ نادەین ئەم هێزە پەنهانەمان بۆ قازانجی پەرلەمانی تورکیا بخرێتە کار، بە تایبەتی ئەوان زۆریان گوتەوە کە هەتا کوردیش دەتوانن بچنە نێو ئەم ئەنجومەنە. دەبوو چەند هەنگاوێك بنێین. ئاوا ئەم گۆڕانکاریە تێکچڕژاوانە بوونە هۆی پێکهێنانی (HEP) و مەسەلەی (HEP)یش پەرەیسەند. ئەوان ئێستاکە هەوڵدەدەن بە بڕیارێکی دادگای دەستووری سنوورێك بۆ هەموو ئەمانە دابنێن و ئێوەش دەڵێن ڕاڕاییەك لەم مەسەلەیەدا هەیە. دەکرێت بیر لە هۆیەکانی ڕاڕایی بکەینەوە. ئەمە ڕاستە. ڕەنگە ئەمە هێندێك گۆڕانکاری لێبکەوێتەوە. لە ڕووی یاساییەوە دەکرێت حیزبێکی هاوچەشن بە تەواوی ئاراسی دابمەزرێت و داخستنی (HEP)ش تاو بەم جۆرە هەوڵانە دەدات و کردنەوەی حیزبێکی جێگرەوەش وا دەکات داخستنی ئەوەی یەکەم بێمانا بێ. لە لایەکی دیکەوە پەرەسەندنێکی سیاسی گرنگ لە گۆڕێدایە و دەوڵەت کردەوکۆشیەتی لەم پەرەسەندنە تێبگات و بە خۆی بگرێ و بە خۆی دەڵێت: «ئایا HEP دەوری لەم پەرەسەندنەدا هەیە». پێم وایە دەوڵەت بەم ڕەفتارە خۆ دەخاتە بەردەم نیشانەیەکی پرسیاری گەورە. لەبەر ئەم هۆیە لە داخستنیدا ڕاڕایە. لەوانەیە هۆی دیکەش هەبن. باوەڕم وایە کە ئەمەریکا و ئەورووپا ئەمەیان پێقبوول نییە و دەوڵەتی تورکیاش ئەم هەلوێستە لەبەرچاو دەگرێ. ڕەنگە بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو دەتوانێ لە ڕێگای (HEP)ەوە ئەم گۆڕانکاریانە هەڵبسووڕێنێ. ئەم هەموو کارکردانە وا لە حکوومەتی تورکیا دەکەن ڕاڕابێ.

کاتێك دادگای دەستووری بڕیاری داخستنی (HEP) دەردەکات، مەبەستی ئەوەیە هەلومەرج ماوەی بنیاتنانی حیزبێکی کوردی یاسایی نادات و ڕژێمیش ئەمە قبوول ناکات. بەڵام ئەنجامەکەی چی دەبێت؟ ئەگەر لەم ناکۆکیانە وردبوونەوە و هەڵیانسەنگاند، ئەوسا بڕیار دەدەن. دادگاش لەبەر ڕووناکی ئەم بڕیارانە و ئەو هۆ و پێداویستیانەی کە بەسەر دادگای دەستووریدا دەشکێنەوە، بڕیاری ڕەوایی داوای دەوڵەت دەدات.

ی.ك: وەك زانراوە بڕیار لە تورکیا لە لایەن دەستەی ئەرکانەوە دەردەکرێت. بەپێی گومانی منیش دادگای دەستووری چاوەڕێی ئەم بڕیارەیە. لە کاتێکدا دەستەی ئەرکان بیر لەوە دەکاتەوە کە ئاخۆ (HEP) بە لای (PKK)وە ناچاری و گرنگە و ڕادەی بایەخی چەندە و چاوەڕوانی کاردانەوەی (PKK)ش لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەن تا بە بڕیاری ڕاست و دروست دەگەن و دادگای دەستووری لێئاگادار دەکەنەوە.

س.پ: بەڵێ ئەمە ڕاستە. بەڵام ئەوەی کە دەڵێن (HEP) بە لای ئێمەوە شتێکی زۆر گرنگە و ژیانییە، ڕاست نییە. لە کاتێکدا ئەم حیزبە پێی ناکرێ سیاسەت و پێوەندی دیموکراتیانە لەگەڵ بنکە یاساییەکاندا دابمەزرێنێ و جێبەجێ بکات. پێی ناکرێت پێوەندی دیموکراتیانە پەرە پێبدات و چالاکی دیپلوماتی ئەنجام بدات و ناتوانێ نە پەرەبستێنێ و گەورە ببێ و نە ڕێکخستنەکەی بە باشی پەرە پێبدات و ناچار دەبێ یارمەتی لە لایەنگرانمان داوا بکات. ئەم بارودۆخە مایەی تەنگەتاوبوونە بۆ ئێمە و ئەوان. بۆیە ئەوەی کە گوتم ڕاستە. (HEP) بەلای (PKK)وە ئامرازێك نییە نەتوانێ دەستی لێهەڵبگرێ، بەڵکو ئەم حیزبە گەلێك نارەحەتی بۆ (PKK) پەیدا دەکات. ڕاستی ئەمەیە و دەبێ (HEP)یش ئاوا هەڵبسەنگێندرێت.

ی.ك: ئێمەش نەمانتوانی نە ئەو هەلومەرجە هەڵبسەنگێنین کە دەوڵەتی تورکیای پێداتێپەڕی و نە ئەو ڕاراییەش کە لەم ماوەیەی دواییدا بە دەستیەوە دەناڵێنێ. بەڵام دەوڵەتی تورکیا پاش هەڵبژاردنە نیوەچڵەکان کەوتە گەڕان بە شوێن ڕێگایەکدا بۆ دەرچوون، لە بری ئەوەی کە دەستەوەستان ڕاوەستێ. خۆ ئەو خوتبە باوکانەیەی کە دیمیریل دەیانخوێنێتەوە ناتوانن قەناعەت بە جەماوەر بکەن. لەوانەیە دەوڵەت هێندێك ڕۆشنبیری دەستەپاچە و چەپرەوی کۆن و ڕۆژنامە نووس قەناعەت پێبکات، بەڵام ناتوانێ کەسی دیکە قەناعەت پێبکات. دەوڵەت باش ئەوە دەزانێ، بۆیە سۆراخی دەروویەك دەکات. کێشەی (HEP)یش لە ئارادایە کە تاوێك لەمەوبەر لێی دوواین. پێویستە (PKK) لە ڕوانگەی هەست بە بەرپرسی کردنیەوە بایەخ بە (HEP) بدات. بەڵام هیچ پێوەندییەکی ئۆرگانیکی لە گۆڕێدا نییە و هەموو ئەوەی کە هەیە هەر کارتێکردنە.

س.پ: ئەوەی ڕاستی بێ دەوڵەت لە ئێمە پتر کاردەکاتە سەر (HEP) و هەوڵدەدات پتر بەکاری بێنێ بۆ کارکردنە سەر بنکەی جەماوەریمان و کە ئەوەی پێناکرێ دایدەخات.

ی.ك: بەڵام ئێستاکە ڕاراییە. ئایا ئەرکەکانی (HEP) دوایی‌یان پێهات؟ ئایا ئێمە زوڵم لە (HEP) دەکەین؟ لە ماوەی سێ ساڵدا سێ سەرۆك گۆڕدران.

س.پ: نەخێر، کێشەکە کێشەی گۆڕینی سەرۆکی حیزب نییە. چەپ بە گشتی و ڕۆشنبیرانی کورد بە تایبەتی توانایی پەرەپێدانی سیاسەتە دیموکراتیەکانیان نییە. زۆر ڕوونیشە کە (HEP) بیر لەوە ناکاتەوە کە حیزبێکی کوردییە و دەرگاکانی بۆ دیموکراتییە پێشکەوتووخوازەکانی تورك خراونەتە سەرپشت. بەڵام هیچ دەست هەڵێنییەکیان بۆ خەباتی دیموکراتی پێشان نەداوە، بەڵکو خۆیان ئەوەیان ناوێ. ئەوان سەرباری ئەوەی کە بنکەیەکی جەماوەری بەرین هەیە، ناتوانن دەیەکی ئەوە بکەن کە (حیزبی ڕەفاە) دەیکات. بەو پێیە ئەگەر ویستمان هەر ئەرکێك بە (HEP) بدەین. ئەوە بنکەی جەماوەری کورد هەیە کە بنکەیەکی دیموکراتییە. ئەگەر ئەم حیزبە توانی بنکەیەکی جەماوەری تورکی دابمەزرێنێ،

ئەو کاتە لەوانەیە دیوارێکی دیموکراتی لەمپەر بە شێوەیەکی یاسایی لە پەرلەمانی تورکیادا هەڵبچنێت و دەبێتە دەسکەوتێکی گەورە بۆ دیموکراتی. ئەمەش پشت بە تورکە دیموکراتی‌یەکان و ڕادەی هەڵسەنگاندن و ئامادەیی‌یان بۆ ئیش دەبەستێ. کورد ئامادەیی‌یەکی باشی بۆ ئەم مەسەلانە هەیە.

ی.ك: بەشە کوردەکە زۆر چالاکە. پێم وایە تەنانەت کۆنە چەپڕەوە تورکەکانیش ناتوانن بچنە نێو ئەم جۆرە پێکهاتەیەوە.

س.پ: کەمێك لەمەوپێش باسی ئەمەم کرد. ئەوان حەز ناکەن هیچ چالاکی‌یەکی یاسایی یا نایاسایی و ئاشتی‌یانە یان پشت بە زەبروزەنگ بەستوو بکەن. ئەوان مردوون.

ی.ك: دەوڵەت بە شێوەیەکی سەیر بە خۆیەوە گرێی داون. ئەگەر دەوڵەت (HEP)ی داخست یا دایبخات، چونکە بەوە زیان بە خۆی دەگەیەنێ. لام وایە دەوڵەت، ئەم جۆرە هەنگاوە دەنێت، چونکە ئێوە بە هیچیان نازانن.

س.پ: بەڵێ ئەمە ڕاستە. ئەوسا دەوڵەت حیزبێکی داخستووە کە هیچ کارێکی نی‌یە.

ی.ك: ئێوە گوێ بە ڕێ و ڕەسم نادەن. دەتوانین بڵێین ئەوەی وا ڕوودەدات ئەوەیە مەسەلەی (HEP) ڕوون و ئاشکرا بووە. مەسەلەی (HEP) وەك ئێمە بۆی دەچین ئاڵۆز نی‌یە. وەڵامەکەشتان زۆر ڕاشکاو بوو و مەبەستتان ئەوەیە ئەگەر (HEP) توانی بپێتە حیزبێك زەحمەتکێشانی گەلە جیاجیاکان بە خۆی بگرێ، ئەوە دەورێکی زۆر گەورەی دەبێ. بەڵام ئەوەی کە دەوڵەت حیزبێکی وەك (HEP) بەم وەزعەی ئێستایەوە دابخات، ئەوەیان هیچ زیان بە تێکۆشانی کورد ناگەیەنێ.

س.پ: بگرە بەردۆچکەیەکیش بەم تێکۆشانەدا ناکێشێ. ئێمە باش قایمکاریمان بۆ ئەم بابەتە کردووە. تەکتیکەکانی (PKK)ش لەسەر ئەم بابەتە یەکجار نەرم‌ونیانن. ئەوەندەی بەرەو پێشەوە بچێ، دەزانێ چۆن بە باشی بکشێتەوە. تەکتیکەکانمان لە سەروبەندی شەڕی باشوردا بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو پەرەیان سەند، (HEP) ڕووی کرایەوە و ئێمەش دەتوانین پاشەکشە بکەین و شەڕ تا دوا پلە سەربخەین. لە ڕاستیدا پێویستە باسی سیاسەتە نەرم و نیانەکانمان بکرێت و لەم گۆشەنیگایەوە تێیان بڕوانن.

ئەگەر یەکێك پێی گوتم: «زۆر بە توندوتیژی هەڵیدەسەنگێنن وا کە خیانەتکارە و، ئەمڕۆش لەگەڵیدا پێکدێن. ئەمە ناکۆکی نی‌یە؟». پێی دەڵێم: «بەڵێ خیانەتکارە، بەڵام پێوەندی ناچاری‌یە». دژ بەیەکدی نین. ئەوانەی وا دەیانەوێ بە قووڵی لە سیاسەت حاڵی ببن، پێویستە هێندێك خاڵ بە باشی تێبگەن. ئەم هەڵوێستە هاوشێوەی ڕێککەوتنی (HEP)و(SHP)یە و بەسەریدا جێبەجێ دەبێ. من لە گەلێك سیاسەتدا پشت بە هەست و نەستی خۆم دەبەستم و کۆنترۆڵی ڕاستی یان چەوتی‌یەکانی دەکەم. ئینەنۆ گوتوویەتی: «ڕێککەوتنی HEP لەگەڵ SHP دا واتە ئێمە هێزە کوردی‌یە شاراوەکان قووت دەدەین». من بە پێچەوانەی ئەوەوە

بیرم کردەوە و گوتم: «ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە هۆیەکی قووتدانی SHP». ئەگەر چی (SHP) لە حوکمدایە، بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار بەستەباڵا دەبێ.

ی.ك: باشە، سەرکردەی ئازیزم درەنگ ئەم بڕیارەتاندا. وانییە؟

س.پ: ئەم مەسەلەیە بە لای منەوە گرنگ نەبوو تا بە بڕشتی بیری لێبکەمەوە. من دەڕوانمە خەلکانی دی و چاودێرییان دەکەم تا بزانم داخۆ هیچ سیاسەتێك دەکەن یان نا، یا ئایا هیچ یارمەتییەکیان پێویستە؟ ئەگەر ئاوا بوون یاریدەیان دەدەم. دەنا ئەم بارودۆخانە هێنان و بردن و بیرکردنەوەیەکی درێژخایانیان گەرەك نییە.

ی.ك: بە قەناعەتی من هەڵوێستی (PKK) بە لای (HEP)ەوە هەڵوێستێکی زۆر دەگمەنە. جا لەکاتێکدا بیر لە بەکارهێنانی (HEP) دژی (PKK) دەکەنەوە، (HEP) دژایەتییان دەکات.

س.پ: بێ گومان. با ئەوانیش هەوڵبدەن لەم تەنگانەیە دەربچن. وانییە؟ بارودۆخی بەرەی کوردستانی و دەوڵەتی فیدراڵی کوردی کەمێك لەم بارودۆخە دەچێ کە پێکیان هێناوە. دایەمەزراند....وە ناتوانن لەم تەنگانەیە دەربچن. هەردوو بابەتەکە لێكدەچن.

ی.ك: بەڵێ، بێ ئەملاوئەولا وایە.

س.پ: دیمیریل خۆی پشتگیری دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵی کرد و ڕۆژی دووەم گوتی: «ئێمە دژی ئەوین». ئەو بەسەرپەرشتی ئێوە گەشە دەکات، ئیدی چۆن بەرهەڵستی دەکەن؟ تەنانەت بارودۆخیشیان تا ئەوپەڕی ناکۆکە.

ی.ك: سێ یا چوار هەفتە لەمەوبەر لە ڕۆژنامەی (یەنی ئوولکە)دا ئەمەم نووسی: «من باوەڕناکەم PKK یا ئاپۆ سەرپەرشتی HEP بکەن، چونکە ئەگەر ئەوە ڕاستبوایە بە شێوەیەکی زۆر باشتر بەڕێوەیان دەبرد». پێم وایە ئەم قسەیە جێیقەناعەت پێکردنە. نووسینەکانی (یالچین دۆغان) و (تەها ئاقیوول)یش ئەم ڕاستەڕێیەیان گرتبوو، لە کاتێکدا پێوەندی توندوتۆڵیان بە ئیستخبارات و دائیرەکانی نەخشەکێشانەوە هەیە. لە ئێستا بەدواوە ئیدارەی ئیستخبارات «MIT» وەك دائیرەیەکی نەخشەکێشان وا دەبێ. ئەم دەزگایە لە کێشەی کوردستاندا دەبێتە دائیرەیەکی سیاسی بۆ ئەوەی نەخشە و پلانی بۆ دابنێ. ئەوان باش دەخوێننەوە و هەڵدەسەنگێنن. ئەگەر چەپ لە بار و کارا بێ، لە ڕێگای ئەوەوە ئیش دەکەن. کارێکی زۆریان کردووەتە سەر (HEP). لە جێیەکی دیکەدا ئەمەم گوتووە و لام وایە هەموو بەرپرسییەك ناکەوێتە ئەستۆی (HEP)، چەپڕەوە تورکە پێشکەوتووخوازەکان سەریان تێنەکرد و نەچوونە پاڵی. بەڵام ئێستا جەماوەر چالاکییەکی بێئەندازەی هەیە. ئەو ناوەندانە چەندین ئارەزوویان هەیە. ئەوان ـ واتە سەرکوتکراوان و ڕۆشنبیران ـ بە لای بەهێزترینەدا دایدەشکێنن. بە پێی باوەڕی من وادەڕوانمە (HEP) وەك بلێیی (PKK) بێ. ئەوان لە (PKK)وە دوورن و نایناسن. ئەو باوەڕەیان هەڵەیە. کە گوایە (PKK) ببڕای ببڕ کاریگەری نییە. لە

ڕووی یاساییەوە بەرنامەیەکی جیاوازی هەیە، بەڵام ناکرێت (HEP) کارتێکراوی دەستی (PKK) نەبێ. خەڵك هەموویان (PKK) کاری تێ‌کردوون.

س.پ: تەنانەت هێندێك ئەندامی ڕێگای ڕاست (DYP)یش بە پشتیوانی ئێمە هەڵبژێردران.

ی.ك: بێ‌گومان. من ئەم قسەیەم لە دادگای ئاسایشی دەوڵەت (DGM)دا کرد و پێی قبووڵ بوو. هەرچی‌یەك کە ئاپۆ دەیڵێت گوناح نی‌یە، ئەگەر ووتی «ئەمڕۆ سێ‌شەممەیە» ئایا ئەمە تاوانە؟ (HEP)یش نەیتوانیوە جیاوازی بکات. هەتا ئەگەر گوتیشیان: «PKK هەیە. من لەو بارەیەوە دەخوێنمەوە و لەوانەیە کاریشم تێ‌بکات». ئەمە بە گوناح دانانرێت.

س.پ: دیارە ئەگەر گوتیان: «دروست بوونی PKK جیاواز ترە، بزافێکی زۆر جیاوازە. هەرچی کار تێ‌کردنیشیەتی لە ئێمە ئەوە زۆر ئاساییە، لە کاتێکدا ئێمە خەباتێکی یاسایی دیموکراتی دەکەین»، ئەوە پەلپیان لێ‌ناگیرێت.

دەڵێم (PKK) لە بارودۆخێکدا نی‌یە هەر کەسێك هەستا و ڕۆیشت ئەم پێوەندی پێوە بکات. ئەگەر پێوەندی‌یەکی دروست کرد، ڕەنگە درێژەی پێ‌نەدات. ئەم حیزبە پێوەندی تەنانەت لەگەڵ ئەو کادیرانەشدا دروست ناکات کە مەشقیان کردووە و لە ناوەندی ئاگرەوە دەرچوون. ئیدی چۆن پێوەندی لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا دادەمەزرێنێ کە لە ئیسکبەند دەچن. هەتا ئەگەر پێوەندیشمان لەگەڵیاندا دامەزراند، دەبنە کۆمەڵە پاشماوەیەك. ئەوانە ناتوانن سیاسەتەکانمان بەڕێوەببەن. تەنانەت دەوڵەتیش دەپرسێ ئاخۆ دەستمان لە (HEP)دا هەیە، یان پێوەندیمان پێوەی هەیە؟ و دەست بەم بێ‌عەقڵی‌یە دەکات.

ی.ك: ئاپۆی ئازیزم، چەپێکی تورکی و کوردی زۆر نین پێوەندی‌یان بە حوکمەوە هەبێ و، هەموو ئیش و کارێکیان لە حیزبی کۆماری گەل (CHP) و حیزبی سۆشیالیستی کۆمەڵایەتی (SHP)دا قەتیسە. ئەوان لەو شتانە بێ‌ئاگان کە باستان کردن و ئەمەش هەر لەبەرئەمە نی‌یە کە تەمبەڵن، بەڵکو مەشق کردنیش بەشێکی لەمەدا هەیە. جا لەبەر ئەوەی کە چەپی تورك نەچووەتە پاڵ (HEP)، ئێمە کۆمان کرنەوە و زۆرمان بۆ هێنان و خۆم ناوبژیکەری نێوانیان بووم. پاشتر ئەم پێوەندیانە لەلایەن (HEP)وە ڕاگیران. ئەگەر پێویست بێ ڕەخنە لە لایەنێك بگیرێت، ئەوە هەڤاڵانی(HEP) وا دەیانڕوانی‌یە حیزب وەك بلێتی کارگەی ناردنی نوێنەرانە بۆ پەرلەمان، بەو قسەیەی خۆیان: «ڕێژەی کەمیان لە حیزبدا دەرفەتی سەرکەوتنمان لە هەڵبژاردندا و گەیشتنمان بە پەرلەمان زیاد دەکات». بۆیە دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەبێتە دەرس‌دادانێکی (HEP).

س.پ: ئەگەر یەکێك بیر لەوەبکاتەوە (HEP) بۆ مەبەستی شەخسی خۆی بەکاربێنێ، ئەوە خۆی دەخەڵەتێنێ، چونکە (PKK) شوانێکی جەماوەری بنکەکەی خۆی بەشێوەیەکی هەرزانبەها بەکارناهێنێ و ڕێ بە خەڵکانی دیکەش نادات بەو پێ‌یە بەکاری بێنێ. ئەگەر دڵنیان و وای دەبینن (PKK) پشتیوانی و کۆمەکی (HEP) دەکات، پێویستە لەسەریان باش بزانن ئەمە چی دەگەیەنێ و

پاشان دەزانن چۆن ئەم حیزبە بەکاردێنن.

لەڕووی مێژوویی‌یەوە گوتم: دەکرێت (HEP) ببێتە «بنکەیەك بۆ چارەسەرێکی سیاسی». ئەگەر دەوڵەت باوەڕی بە چارەسەری سیاسی هەبێ (HEP) داناخات. ئەندامانی ئەم حیزبەش ئەگەر زانی‌یان چۆن کەڵك لەم بنکەیە وەردەگرن، ئەوا دەوریان دەبێ بیگێڕن. بەڵام ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بوو، واتە ئەگەر نەیانتوانی چی پێویست بوو بیکەن و هەستیان کرد لەبەر گوشار و سایەی(PKK) دان، ئەمە نیشانەی لێ‌نەهاتوویی‌یانە لەم مەسەلەیەدا.

خۆ ئەگەر دەوڵەت لەچارەسەری سیاسی دوورکەوتەوە و بایەخی بە بچووکترین ئامرازی ئەم چارەسەرە نەدا، ئەوا دەیسەلمێنێ لە سیاسەتدا نەزانە و هیچ سیاسەتێك لە خۆیدا جێ‌ناکاتەوە. ئەم هەموو گۆڕانکاریانە بەڵگەی بەردەوامی کاریگەری سیاسی لە ڕادەبەدەری ئێمەن و ئەمەش هەرگیز نابێتە کۆسپ بۆمان.

ی.ك: پاش ئەمە... ئەگەر دادگای دەستووری، (HEP)ی داخست. ئەوسا بڕیار لەسەر چۆنایەتی ئیش و کار دەدرێت. بەڵام ئەگەر ئەم حیزبە زیندوو مایەوە، ناتوانێ لە نێو کوردستاندا ئیش بکات چونکە گۆڕەپانی شەڕێکی ناوخۆیە و دەبێ لە تورکیا ئیش بکات. بە هەر ئەندازەیەکیش لە ناوەندە دیموکراتیەکاندا بڵاوببێتەوە و هێزی خۆی بسەلمێنێ، بەوە خزمەت بە پاڵپشتی خەبات دەکات لە کوردستان. لە لایەکی دیکەوە، ئایا تورك پێویستی‌یەکی زیاتری بە(HEP) نی‌یە بۆ شۆڕشی تورکیا و ئازادی تورکیا؟

س.پ: بە دڵنیاییەوە. با(HEP) ببێ بە حیزبێکی تورکی (تایبەت بە تورکیا بێ)، ئێمە پشتگیری ئەم حیزبە دەکەین ئەگەر بەم شێوەیە بێ. با حیزبێك بێ زۆربەی ئەندامانی تورك بن، ئێمە پشتیوانی و پێشوازی لێ‌دەکەین. هێندە بەسە ببێتە ئامرازێکی دیموکراتی و بتوانێ خەباتی دیموکراتی بکات. من بە تەواوی ڕاشکاوی‌یەوە قسە دەکەم و قسەکەم دیوێکی نارۆشنی نی‌یە. پاڵپشتیان دەکەین. ئەگەر تاقمێك هەبێ ڕێزی خەباتی دیموکراتی بگرێ و ئەو بڕوایەیان هەبێ کە دەتوانن ئەم حیزبە بەکاربێنن، با بفەرموون و با ئەم حیزبە بۆ ئەوان بێ!

بە ڕاستی شەڕی باشور.. شایانی ئەوەیە لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازی‌یەوە هەڵوێستەی لەلا بکەین و بە بایەخێکی زۆرەوە لێی‌بکۆڵینەوە.

ی.ك: ئازیزم سکرتێری گشتی، حەزدەکەم لا لە بابەتێك بکەمەوە کە حاڵی حازر لە ڕۆژنامەکانی تورکیادا مشتومڕێکی زۆری لەسەر دەکرێت و قسەی سەرکردەیەکی (PKK) ڕادەگوازن کە ئەمەیە: «ئەگەر PKK لەسەر شێوازی شەڕی بەرەیی سووربوو، دووچاری زیانێکی زۆر دەبێ». ئەمە دەرگای لەسەر مشتومڕکردن لە بارەی شەڕی بەرەیی و شەڕی گەریلاوە خستە سەرپشت.

بەلگەنامەیەك لە نێو ئەو بەلگەنامانەدا بوو كە هەڤالان دایانێ و گفتوگۆی ئێوەی بە بێسیم تێدابوو. لە ڕێنوێنیەكانتدا بۆ مەیدانی شەڕ لە سەرەتاوە جەخت لەسەر بەكارهێنانی شەڕی گەریلایی دەكەن و لە پەنابردنە بەر شەڕی بەرەیی ئاگاداریان دەكەنەوە. ئایا لە باشوردا شەڕی بەرەیی هەبوو؟ بەختەوەر دەبم ئەگەر ئەم بابەتە باس بكەن.

س .پ : شەڕی باشور، شایانی ئەوەیە لە ڕووی سیاسی و دیپلوماسی و سەربازیەوە هەلوێستەی لەلا بكەین و بە بایەخێكی زۆرەوە لێی‌بكۆلینەوە. ڕۆژنامەكان بایەخێكی فرەیان بەم شەڕەدا. دەستەی ئەركانیش ڕاپۆرتی هەمەجۆری لەسەر ئەم مەسەلەیە هەبوو. دەستەی ئەركان لەم بەیاننامانەدا دەلێت: (PKK) دوو هەزار كوژراو و هەمان ژمارە بریندارى دۆڕاند. من دەزانم ئەمە ڕاست نی‌یە. بەلام پاشتر وەختێك لەو ڕاپۆرتە دوور و درێژانە وردبوومەوە كە بۆم دەهاتن بۆم ساخ بوومەوە كەوا بارودۆخێك هەیە وا لە دەستەی ئەركان دەكات بەم جۆرە ژمارە زۆرەی مەزەندە بكات. بەلام بە كردەوە ئەوە بەدی نەهاتبوو. ئەوی ڕاستی بێ شەڕكردن بە شێوازێكی نەگونجاو و پێ‌لەسەر داگرتنی، بارودۆخێكی لەباری بۆ ئەگەری زیان لێ‌كەوتنێكی گەورە خولقاند.

ماوەیەكی درێژ بەر لە شەڕ و تەنانەت لە سەرەتای شەڕیشدا ڕێنوێنی پێڕەو كردنی شەڕی گەریلایی هەبوو. چەند مانگێك پێش شەڕەكە هەم لەوە ئاگادارمان كردنەوە كە لەوانەیە دەولەتی توركیا بە هاوكاری خیانەتكاران و نۆكەرانی كورد هێرش بكاتە سەرمان و، هەم لەوەش كە پێویستە بە چ شێوازێك بەرەنگاریان ببینەوە. ئەم ڕێنوێنیانە ڕوون و ئاشكرا بوون، لە كاتێكدا تێیاندا گوتم ئەگەر هێزەكانمان لە بەرەی خۆرئاوا یا لە بەرەی خۆرهەلاتدا تووشی نارەحەتی بوون، پێویستە درێژی و پانی زنجیرە چیاكان بەكاربێنن. هەروەها چەند مانگێك پێش شەڕەكە پێمانگوتن خۆ بۆ ئەم جۆرە ڕێ تێچوونە ساز و تەیار بكەن. دەمەوێ لایەنێكی دیكە لەم بارەیەوە ڕوون بكەمەوە، ئەویش ئەوەیە: دەبوو لە كاتی بەرخۆدانماندا لە (حیلوان و سویرك) بێینە سەر شەڕی گەریلایی. بەلام سووربوون لەسەر شێوازی گوندنشینان و بەسەر شەڕدا سەپاندنی ئەم تەرزە، ڕێی لەوە گرت.

ی.ك: ئایا مەبەستتان لە شەڕی گوندنشینان شێوازی شەڕی تاكتیكی‌یە؟

س.پ: نەخێر. شەڕی گوندنشینان واتە هەر لایەك بچێتە نێو سەنگەری خۆی و تا هەموو جبەخانەكەی دەبڕێتەوە لێی‌نەیێتە دەرێ. ئەم شێوازە بوو بەرخۆدانی (حیلوان و سویرك)ی خستە تەنگژەیەكەوە. دەبوو بۆ دەرهاتن لەم تەنگژەیە هەردوو زنجیرە چیاكە بگرین تا دەگەینە ناوچە شاخاویەكانی كوردستان، ئەومان نەكرد. سەرەنجام كەوتینە دۆخێكی شلوقەوە كە خەریك بوو ئاسەواری یەكەم هەنگاوی بەرخۆدانی زۆر گرنگ لە مێژووی كوردستاندا نەهێلێ و ببێتە هۆی بەزینی. بەلام لە نیشتمان چوونە دەرەوەمان و گەلەكۆمەكەمان بۆ بنیاتنانی حیزب

لەسەر چەند بنچینەیەکی تازە و جارێکی دیکە خۆ ئامادەکردنمان بۆ خەباتی چەکداری پارمەتی‌یان داین لەلایەکەوە لەم تەنگژەیە دەرباز ببین کە ئەم بەرخۆدانەی تێ‌کەوت و، لە لایەکی دیکەوە لەو دژواریانەش کە لەگەڵ (١٢)ی ئەیلوولدا هاتنەپێش. پاش ئەوە ئامادەکاری بۆ قەڵەمبازی (١٥)ی ئاب دەستی پێ‌کرد.

وەخت بوو هەمان بارودۆخ لە قەڵەمبازی (١٥)ی ئابیشدا ڕوو بدات، کاتێك هەوڵی ئەوە درا ئەم قەڵەمبازە هەر لە نێو پڕوپاگەندەی چەکداریدا بهێڵرێتەوە، بە بێ‌ئەوەی بۆ شەڕی گەریلایی پەرەبستێنێ. ئەوە کێشەیەکی زۆر گرنگ بوو. ئەوسا چەند هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەی چۆنیەتی ئاڵوگۆڕکردنمان بۆ گەریلا کرد. ساڵی ١٩٨٦ لە سەروبەندی کۆنگرەی سێیەمدا چەند ڕێنوێنی‌یەك لەسەر ئەم بابەتە هەبوون کە کێشایانەوە بۆ خۆئامادەکردنی سەرتاسەری و دواتر نزیکبوونەوە لە شێوازی گەریلایی لە ساڵی ١٩٨٧ دا، ئەویش بە کاری بێ‌وچان و پەرەپێدانی هەوڵ و کۆششەکان. وەك دەزانن گەریلا لەبەر ڕووناکی ئەوەدا دەستی بە پەرەسەندن کرد.

ساڵی ١٩٩٠ گەریلا پەرەسەندنێکی گەورەیان بە خۆوە دیو، وامان لێ‌هات سوپایەك گەریلای ڕاستەقینەمان هەبێت. وەك دەزانن هێزەکانمان گەورە دەبوون و بە فراوانی بە ناوچەکاندا بلاودەبوونەوە. باشور بۆ ئەم پەرەسەندنە زۆر لە بار بوو. بە هۆی شەڕی کەنداویشەوە باشورمان بەکارهێناو هەلومەرج زۆر گونجاو بوو. بەڵام مخابن دووچاری زەبری پڕ ئازار بووین. ئەوە بوو هێندێك لە هێزەکانمان تووشی نەخۆشی جێگیربوون لە ئیدارەکاندا بوون وەك بڵێی لە دیهاتدا جێگیر دەبن.

ی.ك: ئایا ئەم قسەیەتان تەنیا سەبارەت بە باشورە؟ یان تۆ مەبەستت بارودۆخی گشتی‌یە؟

س.پ: بە گشتی هێندێك گۆڕانکاری هەن کە بوونە هۆی گەلێك دژواری بۆ ئێمە. بەڵام ئەم پەرەسەندە لە باشوردا بە شێوەیەکی فراوانتر بوو. دیارە ئێمە وامان چاوەڕوان نەدەکرد هەڵەکان بەم ڕادەیە بکەن. بە تایبەتی کە ڕێنوێنیەکان زۆر ڕاشکاوانە بوون. حوکمێکمان هەبوو وای بڕیبوومەوە: «دەکرێت بە هۆی هێزی گەریلای بزاوتووەوە بچینە نێو شەڕی بزاوتوو. بەڵام نابێ لە هیچ هەلومەرجێکدا بچینە نێو شەڕی بەرەیی». لەو ڕێنوێنیانەشدا کە بۆمان ڕەوانەکردن گوتمان: «پێویستە بێ‌ئەملاوئەولا بە تەرزی گەریلا خۆ ڕێکبخەن». وەلامیان بۆ ئەم ڕێنوێنیانە ئەمە بوو: «باش خۆمانمان ئامادەکردووە».

بەڵام ئەو ئاکامانەی کە پاش چل ڕۆژ شەڕ بەدەرکەوتن، بەڵگەی ئەوە بوون کە دەست لە هێندێك جێگا گیرکرا، سەرەڕای ئەوەش شەڕ لەو جێگایانەدا بە سەرکەوتوویی لەگەڵ بەرەی کوردستانیدا درێژەی کێشا، بە تایبەتی لەگەڵ هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (KDP)دا کە سەرکەوتووانە پاشەکشە بە

پەلامارەکانی کراو نەك هەر تووشی زیانی گەورە گەورە بوو، بەڵکو بەزێندرا و ئەمەش حاشا هەڵنەگرە.

ی.ك: تا ئەو کاتە ئایا هێزەکانی تورکیا لەوێ بوون یان نا؟

س.پ: نەخێر. تەنیا هەلیکۆپتەر لە ئارادابوون، لەگەڵ کۆمەکی لۆجستکیدا. دوژمن هێشتا بە تانك و هێزەکانی کۆماندۆوە نەچوو بووە ناوەوە و، هێزەکانی ناوچەی سۆرانیش بەڕێوەبوون بۆ پاڵپشتکردنی هێزەکانی بەرەی کوردستانی. جا کە دڵنیابوون سەرناکەون، بارزانی خۆی بانگی تورکیای کرد، فریای بکەوێ. کە هێزەکانی پیادەش سەرنەکەوتن، تانکەکان هاتنە نێو مەیدانی شەڕ.

ی.ك: ئایا لەم قۆناخەدا لەسەر شەڕی بەرەیی پێداگر بوون؟

س.پ: نەخێر، کێشەکە کێشەی پێداگرتن نەبوو. بەڵکو هاتنی تانکەکان دۆخێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. هاتنە ناوەوەی تانکەکان و ئامادەکاری پێویست نەکردن، بووە هۆی بارودۆخێکی حسێب بۆنەکراو و دۆخێکی هاوشێوەی گەمارۆی هێزێکی گرنگ بەدیارکەوت. هێرشی چەکدارەکان لە باشورەوە و هی هێزەکانی تورکیا لە باکورەوە و پەلاماری ئاسمانی چڕوپڕ بە هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی جەنگی و هێندێك لە هێزەکانمان کە بە شێوازە کۆنەکان ڕاهاتبوون نەیانتوانی بە خێرایی بێنە سەر شێوازی شەڕی گەریلایی. ئەمەش پاڵی بە دەستەی ئەرکانەوە نا باسی ئەم بارودۆخە بکات و لافی ئەوە لێبدات کە ئەوان هێزەکانمانیان گەمارۆداوە و لە خۆکوشتن یا خۆبەدەستەوەدان زیاتر هیچی دیکەیان لەبەردەمدا نەماوەتەوە. بەو پێیە بەشێك لە هێزەکانمان کە ژمارەی دەگەیشتە سێ هەزار کەوتە نێو داوی ئەم جۆرە بارودۆخەوە. واتە هەموو هێزەکانمان لە هەمان بارودۆخدا نەبوون. ئەگەر هێزەکانی تورکیا بەجەرگی‌یەکی تەواویان هەبووایە وبە ڕێکخراوی هێرشیان ببردایە، ئەوسا لەوانەبوو زیانەکانمان گەورە بن.

بێ‌گومان لەبەر ئەوەی کە هێزەکانمان بەرخۆدانێکی دلێرانەیان پێشاندا، هێزەکانی تورکیا زاتیان نەکرد بەرەو ڕوویان بچن. لەهەمان کاتدا دۆخی یەککەوتن پەیدا بوو. بەدیهاتنی یەککەوتن لەو خاڵەدا نارەحەتی‌یەکی زۆری بۆ بەرەی کوردستانی نایەوە. ئەوە بوو بەم یەککەوتنەوە لە گۆڕەپانی شەڕ چووەدەرێ. ئەوەش کۆسپێکی دیکەی بۆ جێ‌بەجێکردنی ئەو نەخشەیەی تورکیا پێکهێنا کە ئامانجی تەفروتووناکردنی گەریلا بوو.

دەوڵەتی تورکیا دەست بەرداری گشت پرنسیپە ماف ئامێزەکان دەبێ، تەنانەت پرنسیپەکانی مافی خۆشی لە ڕووی سەربازی‌یەوە و هەولدەدات لە باشوری کوردستاندا سوپایەك لە گوندپارێزان پێکەوە بنێ.

ی.ك: ڕێککەوتن لەگەڵ (بەرەی کوردستانی)دا کرا و بەهۆی ئەم ڕێککەوتنەوە هێزەکان پێکەوە دەکەوتنە جووڵە. ئایا هێزەکانتان جبەخانەی خۆیانیان بە جێ‌هێشت؟

س.پ: نەخێر جبەخانەکانی خۆیانیان بە جێ‌نەهێشت، بەڵام هێندێك ئۆتۆمبیل و ئامێریان لە نێو برد، هێزەکانی دەوڵەتی تورکیاش دەستیان بەسەر بڕێك کەرەستەی خواردەمەنیدا گرت. هەرچی چەك و چۆلیشە، دەستیان بەسەر هیچیدا نەگرت. بەشێك لە هێزەکان بەرەو ئۆردووگای باشور کشانەوە و بەشێکی دیکەیان بەرەو باکور و، ئەو بەشەش کە مایەوە شێوەی گەریلایی وەرگرت و درێژەی بە تێکۆشانی خۆیدا. لە کاتێکدا زیانەکانمان خۆی لە نێزیکەی سەد شەهیددا. بەم پێ‌یە هێزەکانمان توانی‌یان ئەم هێرشە تێ‌بپەڕێنن و پووچەڵی بکەنەوە و لە دۆخێکی هەڵەوە بۆ دۆخێکی بگوازنەوە کە سەرکەوتنی تا ڕادەیەك گرنگی تێدا بەدی‌هات.

ی.ك: لێك‌نێزیکبوونەوە و ڕێککەوتن بەدی هاتن. باشە، سەرکردەی ئازیزم. لەمەودوا چی ڕوودەدات پاش ئەوەی حکومەتی تورکیا لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەدا بڕیاریاندا چەندین پاسگەی سەرسنوور دابمەزرێنن؟ وەك بیستوومانە پرۆژەیەك هەیە بۆ بەستنەوەی ئەو پێشمەرگانە بە مووچەی مانگانە. ئایا ئەمە پاش پاسگە دامەزراندن دەبێ؟ بە تایبەتی کە ئێوە ڕایەکتان هەبوو و دەتانگوت: «ئەگەر بەرەی باشور پەرەمەستێنی، بەرەی باکور پەرەسەندن بە خۆوە نابینێ». ئایا تورکیا بیری لەم مەسەلەیە کردووەتەوە و بڕیاری داوە ئەم پاسگانە دروست بکات و مووچە بدات لە ترسی ئەوەی نەبادا بەرەی باشور پەرە پێ‌بدەن و پاشان ڕووبکەنە بەرەی باکور؟ ئایا ئەم هەنگاوە بۆ کۆسپ خستنەڕێی ئەوە نەنراوە؟

س.پ: سوپای تورکیا لەم چەند مانگەی دواییدا لە ڕووی خڕبوونەوەوە، تووشی چەندەها گۆڕانکاری گرنگ هاتووە و بەشێکی گەورەی لێ‌کشاوەتەوە و گەلێك پاسگەی خۆی بە جێ‌هێشتووە و لە بنکەی گەورەتردا جێگیربووە. پێم وایە ئەمە گۆڕانکاری‌یەکی تازەیە لە بارودۆخی سەربازیدا ڕوودەدات، لە کاتێکدا دوژمن دەستی لە سەدان پاسگە هەڵگرتووە و هێزەکانمان لەم شوێنانەدا مانەوە و کردوویانن بە ژمارەیەك بارەگای سەرکردایەتی کردن.

ی.ك: ئایا مەبەستتان ئەوەیە لە کوردستانی تورکیادا پاسگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە هی دەوڵەتی تورکیا زۆرترن؟

س.پ: بێ‌گومان. لەبەر ئەوەی بالادەستی سەربازیمان لە هی سوپای تورکیا

فراوانتره.

ی.ك: لەم بارەیاندا پاسگەکانی سەرسنوور چ سوودێکیان دەبێ؟

س.پ: ئەوان لە هەوڵی ئەوەدان پەل بە سیستەمی گوندپارێزان بهاوێژن بۆ باشوور، بۆیە بیر لە دانانی سیستەمێکی تازە بۆ پاسگەکان دەکەنەوە. پێشتر هێندێك پێوەندی لەم جۆرەیان لەگەڵ (KDP)دا هەبوو و دەوڵەت پارەی بە سەرکردایەتی دەدا و لەو ڕێگایەوە پارە بۆ پێشمەرگە خەرج دەکرا. کەچی ئێستاکە ئەوان شێلگیرانە ناڕواننە لایەنی ڕێکخستنی (KDP) و تێدەکۆشن کاروبارەکانیان ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرۆك خێڵەکاندا هاوئاهەنگ بکەن بۆ بنیاتنانی سیستەمی گوندپارێزان کە ئاماژەمان بۆ کرد، بگرە بەشێکی گەورە لەو پێشەوایانە هەن کۆچیان بۆ تورکیا کردووە و چوونەتە ڕیزی نۆکەرایەتییەوە. ئەمان بە هۆی ئەوانەوە کارەکانیان ڕادەپەڕێنن.

پێم وایە توانیویانە گەلێك پێشمەرگە بە خۆیانەوە گرێ بدەن لەو کاتەوەی کە ئەوانە لە چادرگاکانی تورکیادا بوون. ئەوە بوو دەوڵەت توانی زۆریان لێ بکڕێ و بۆ باشووریان ڕەوانە بکات. لام وابێ مانگانە وەك گوندپارێزانی تورکیا نێزیکەی (٢٠٠) دۆلاریان دەست دەکەوێ، ئەو هەواڵانە کە لەم دواییەدا پێمانگەیشتن دەڵێن: دەوڵەتی تورکیا دەستی کردووە بە تۆمارکردنی ناوی خۆبەخشەکان تا ببنە گوندپارێز. هەواڵەکان باسی ناونووس کردنی (٧٥٠٠) کەس لەخێڵی (دۆسکی) دەکەن. ئەوانە لە ناوچەی خواکورك و حەفتانین جێگیر دەکرێن. واتە دەوڵەتی تورکیا توانیویەتی (٧٥٠٠) کەس لە گوندپارێزە چلکاوخۆرەکان بۆ خزمەتی خۆی پڕ چەك بکات و مووچەی مانگانەیان دەداتێ تا بیانخاتە پاسگەکانی سەر سنوور و ناوچەیەکی دابڕاو دروست بکات. لە هەموو ئەمانەوە ئەم ڕاستییەی خوارەوە دەردەکەوێ: «دەوڵەتی تورکیا دەست بەرداری گشت پرنسیپە مافناسیەکان دەبێ، تەنانەت پرنسیپەکانی مافی خۆشی لە ڕووی سەربازییەوە و هەوڵدەدات لە باشووری کوردستاندا سوپایەك لە گوندپارێزان پێکەوە بنێ.

ی.ك: ئێمە کە تا ئێستا باسی گوندپارێزان لە باکور دەکەین و سەرەڕای ئەوەی کوردیشن ، ئەوا دەوڵەتی تورکیا دەتوانێ بڵێت ئەوانە هاونشتیمانین لای من و دەروویەك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. بەڵام دەوڵەتی تورکیا دەتوانێ چی لە بارەی ئەوانەوە بڵێت کە لە چوارچێوەی گوندپارێزاندا لە باشووردا چەکدار دەکرێن، با بە ڕواڵەتیش بێ؟ ئەوانە هاونیشتمانی عێراقین. بەهانەی لەم مەسەلەیەدا چی دەبێ؟ ئایا دۆخێکی ناوازە نییە دەوڵەتێك هاونیشتمانانی دەوڵەتێکی دیکە لە سیستەمی گوندپارێزاندا چەکدار بکات تا خۆی پێ بپارێزێ؟

س.پ: بەڵێ ئەمە ڕوودەدات. دۆخێکی بە کردەوە ناوازەیە. من لەسەر ئەم دۆخە لە بەرپرسە سیاسیە تورکەکان دەپرسم و دەڵێم: ئەوانە با بە ڕواڵەتیش بێ بە ڕاستی هاونیشتمانی دەوڵەتێکی دیکەن و ئێوە هەزارانیان وەك هێزێکی یەدەك بۆ سوپای تورکیا لێ پڕ چەك دەکەن. ئەگەر سەرباز (پێشمەرگە)ی دەوڵەتی فیدراڵی

کوردی بن، ئەمە وا دەگەیەنێ ئێوە سوپایەك بۆ ئەم دەوڵەتە پێکەوە دەنێن. ئەم دوو دۆخەش لەگەڵ دەستوری تورکی و لەگەڵ مافەکاندا ناکۆکن. ئایا سوپای تورکیا سوپا بۆ دەوڵەتی فیدراڵی کوردی پێکەوە دەنێ؟

ی.ك: ئەوەی دەردەکەوێ دۆخەکە وا بەرێوە دەچێ وەك (جەنگیز جاندار)ی رۆژنامەنووس لەسەری نووسیوە و دەڵێت: «ئەوە دەوڵەتی تورکیایە دەوڵەتی فیدراڵی کوردی بنیات دەنێت».

س.پ: لەم بارەدا دەوڵەتی تورکیا دەوڵەتی فیدراڵی کوردی بنیات دەنێت. ئێستاش دەوری سوپای تورکیا هاتووەتە پێش تا سوپای ئەم دەوڵەتە پێکەوە بنێ.

ی.ك: سوپاکەی دابمەزرێنێ. ئەمە واتا جارێکی دیکە گران بوونی گوزەران و قەیرانێك لە دەستووردا.

س.پ: دەتوانێ بە ناوی خۆیەوە دایبمەزرێنێ، ئەوسا وای لێدێت: هەزاران کەسی لە هاونیشتمانانی دەوڵەتێکی دیکەی رێکخستووە و کردوونی بە رێکخستنێکی هاوتای سوپاکەی خۆی. ئەمە شتێکە بۆ یەکەمجار لە جیهاندا جێبەجێ دەکرێت. ئەو کاتە ئەم کێشەیە دەبێتە کێشەیەکی دەستووری و وا دەخوازێ بە پێی دەستوور روون بکرێتەوە.

ی.ك: ئەگەر مەسەلەکە پێویستی کرد لە مافناسەکانمان دەپرسم. بەڵام سەرکردەی گەورەم لەوە دەچێ دۆخێکی دیکەی شایانی بایەخ پێدان هەبێ. مەبەستم ئەوەیە ئەو زانیاریانە کە لە لاتن و ئەوانەش کە لە لای تورکیان وەکو یەك وان و بەو پێیە دەوڵەتی تورکیا پاسگەکانی لە کوردستانی تورکیا دەکێشێتەوە و پاسگەی تازە لەسەر سنوور دروست دەکات. ئایا ئەمە واناگەیەنێ: ناوەوە پاسگەی نەبێ و دەرەوەی هەیبێ؟

س.پ: ناوچەیەکی دابڕاو لە نێوان لوبنان و ئیسرائیلدا هەیە. ئەمەش ئەزموونێکی گرنگ پێکدەهێنێ، ئەم پشتێنە سنووری‌یە نموونەیە بۆ ئەوان و درێژی ئەم نموونەیە دەگاتە (٢٠ کم) و سوپای ئیسرائیل کۆنترۆڵ و سوپایەکی ساختەی لوبنانیش چاودێری دەکات. ئەم دوو نموونەیە لەم خاڵەی خوارەوەدا لێكدەچن: ئەم پاسگانە لە ژێر دەستی خودی ئەفسەرە تورکەکاندا دەبن بە قووڵایی نێزیکەی (٢٠ کم) و درێژی دەوری (٣٠٠ کم) و ئەم ناوچەیە دەکەنە ناوچەیەکی لە چەك داماڵراو و نێزیکەی (١٠٠) پاسگە بنیات دەنێن. پێویستە لەسەرمان لە گۆشەنیگای گەلی کوردەوە بڕوانینە بایەخی ئەم ناوچەیە و بزانین بۆ ئەوان چی دەگەیەنێ. ڕاستیەکەی ئەم ناوچەیە وەك خەنجەرێکی وەشێنراو وا دەبێ لە جەستەی نیشتمانداو دەیکات بەدوو بەشەوە. ئەو ناوچەیەی لوبنان کە باسمان کرد هیچ نەبێ ناوچەیەکی جیاکەرەوەی نێوان عەرەب و ئیسرائیلە. بەڵام ئەم ناوچەیەی ئێمە جەستەی گەلی کورد دەکات بە دوو کەرتەوە و ناوچەیەکی جیاکەرەوە پێکدەهێنێ.

ئێمە پێمان سەیرنی‌یە ئەم ناوچەیە بە سەرکردایەتی بارزانی دروست بکرێت. ئەگەر مێژووی بنەماڵەی بارزانی لە هەموو ڕوویەکەوە پێشان بدەین. دەبینین

ئەوانە پێوەندی لەم چەشنەیان لەگەڵ ئێرانیشدا دامەزراند و ئەمە مەترسی بۆ کوردی ئەوێ پێکهێنا و بووە هۆی کوژرانی هەزاران نیشتمانپەروەری کورد و ڕێکخستنیکیان بە سەرپەرشتی (ئیستخباراتی ئێرانی) بنیات نا چەند ساڵێك بەردەوام بوو، لە کاتێکدا زۆر ئیش و کاری لە باتی ئیستخباراتی ئێرانی دەکرد. کوڕەکەی بارزانی بە هەمان شێوە لەگەڵ (صدام)یشدا ڕێکدەکەوت، بەڵام بە زۆری وڵاتە یەکگرتووەکان کە پەلپی لەوە گرت هاتە دواوە. ئێستاکە بە هاوبەشی تورکەکان فەرمانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان جێبەجێ دەکات و لە پشتەوە خەنجەر لە گەلی کورد دەدات. واتە ئەم بزاڤە بزاڤێکە ئامانجی دووکەرت کردنی جەستەی کوردستانە. ئەمە لەڕووی مێژوویەوە گەورەترین خیانەتی بارزانیەکانە. بێ گومان (تاڵەبانی)ش داکۆکی لەم بزاڤە دەکات. ئەوەبوو چەند جارێك لەگەڵ (ئەشرەف بدلیسی)دا لە سلۆپی کۆبوونەوە. مەسەلەی گرنگ لەم بابەتەدا ئەوەیە ئەوانە هەوڵدەدەن کوردستان بە شێوەیەکی خیانەتکارانە دابەش بکەن و بناخە بۆ ئەم دابەش کردنە دابنێن. ئۆزال خۆشی ڕایدەگەیەنێ و دەڵێت: با ۳۰ـ٤٠ ملیۆن دۆلار بڕوات، ئەمە گرنگ نی یە. باوەڕم وایە ئەوان چەکیشیان دەدەنێ و مەشقیشیان پێدەکەن. ئاوا سوپایەك لە کاسەلیسان پێکەوە دەنێن. ئەمە حسێب و کاروبارییانە.

ی.ك: لێرەدا بەرلەوەی لە هەڵوێستتان بپرسم، دەمەوێ ئەو پرسیارەی خوازەوەتان لێبکەم: ئەگەر دەوڵەتی تورکیا هێزەکانی لە دیهاتی کوردستانی تورکیا بکێشێتەوە، لە تورکیا بووین زانیمان پاسگەکانی هەڵدەوەشێنێ و ڕانیاریەکانی ئێوەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، بەڵام کاسەی ئەم کارە ژێر کاسەکەی چی یە؟ کاتێك دەوڵەتی تورکیا بەم شێوەیە هێزەکانی دەکێشێتەوە، ئایا خۆی ئامادە ناکات بۆ بەکارهێنانی چەکی ئانیزامی؟ ئایا لەم بارەیەوە هیچ خەم یا نیگەرانی‌یەکتان هەیە؟

س.پ: سوپای تورکیا لە بنەڕەتەوە لە سیستەمی دەستووری چووەتە دەرێ و هەموو مافێکی مرۆڤایەتی و پەیماننامە و ڕێککەوتنێکی بنچینەیی نێودەوڵەتانی پێشێل کردووە و بوونیشی لە باشوردا بەڵگەی ئەم پێشێلکاریەیە. لەم ماوەیەی دواییدا چەندین گەلەکۆمەی چڕوپڕی کێومال کردنی کرد و کەوتە بۆردومان کردنی سێگۆشەی (دیاربەکر ـ بیسکۆن ـ مووش) و ئەم بۆردوومانە گەیشتە ناوچەکانی (دێرسیم و بۆتان)یش. ئێستاکەش دەستی کردووە بە چۆڵکردنی گەلێك گوندی ئەم ناوچانە و کوشتنی دێنشینان و ناچارکردنیان تا لە گوندەکانیان کۆچ بکەن. ئایا مەبەست لە کۆچ پێکردنی دێنشینان زەمینە خۆشکردنە بۆ بەکارهێنانی چەکی ـ لەنێودەوڵەتاندا ـ قەدەغەکراو؟ پێم وایە لە ئێستاوە ڕێ و شوێنی خۆی دادەنێت و تا ئەم ساتە ئاگامان لەوە نییە. بەڵام گومانی تێدا نی‌یە کە هێزێکی گەورەتری ئاگر بەکاردەهێنێ. دووەم ئامانجی گوند چۆڵکردن و کۆچ پێکردنی دانیشتوانەکەی لێکجوێ کردنەوەی گەریلا و دێنشینانە. بەڵام

لایەنی گرنگتر ئەوەیە سوپاکەی ناتوانێ لە ناوچە شاخاویەکان بمێنێتەوە.

ی.ك: بەلام دانیشتوانی کۆچ پێکراوی گوندەکان بۆ خۆرئاوا ناچن. هەموویان دەچنە شارەکانی کوردستان.

س.پ: بەڵێ وایە، چونکە گەل حەزناکات نیشتمانی خۆی بە جێبهێڵێ.

دەوڵەتی تورکیا کار بۆ ئەوە دەکات کە باڵادەستی خۆی بەسەر باشوری کوردستاندا لە چوارچێوەی نەخشەی(موسڵ ـ کەرکوك)دا بسەپێنێ.

ی.ك: باشە جەنابی سکرتێری گشتی بەرێز، وەك تێگەیشتووم جێبەجێکردنی پرۆژەی ئەم پاسگایانە لە بەهارەوە دەست پێدەکات. ئایا هەڵویستتان چی دەبێ؟ ئایا پەسەندی دەکەن؟

س.پ: سیاسەتمان سیاسەتێکە پشت بە یەکێتی نەتەوەیی دەبەستێ و ئەوە دەکەینە بنچینە بۆ خۆمان. بۆیە ناتوانین بە هیچ شێوەیەك ئەم پرۆژەیە قبوول بکەین کە ئامانجی دەست وەشاندنە لە هیواکانمان بۆ یەکێتی، دوژمن رەنگی بۆ دەرێژێ وە هەروەها بە هیچ جۆرێکی تریش قبوڵی ناکەین. گومانی تێدا نی‌یە کە ئێمە بە هەموو هێزێکمانەوە لە رووی ئەم پرۆژەیەدا رادەوەستین. پێشتریش حەزیان دەکرد ئەم کارە بکەن، بەلام رێمان لێگرتن و ئێستاش رێیان لێدەگرین. کێشەکە لەوەدا قەتیس نی‌یە کە لە باشوردا دەمێنینەوە یان نا. بەڵکو کێشەی خستنە کاری گەلەجاشە دژ بە گەلەکەمان لە باشور، واتە دژی گەلی کوردستان، ئێمەش دژی ئەم جۆرە کارەین، جا لە باشور بێ یان باکور، بە تایبەتی کە (٣٠) ساڵە پشتێنەی بۆتان لە لایەن (KDP) و جاشەکانی خۆیەوە لە بەرەنگاری باکوردا بەکاردەهێنرێت. خۆ سەرجەم سەرۆکانی گوندپارێزان و جاشەکان لەو ناوچەیەدا دەچنە نێو هێزەکانی (KDP).

ئەم کارەیان پەرە پێدا و(١٠) ساڵە دەستیان بە بەربەرەکانی کردنمان کردووە، ئەوسا نیشمانپەروەرەکانیان دەکوشت و ئێستاش باشور بەکاردێنن. بەم شێوەیە ئامانجیان ئەوەیە ناوچەکانی بۆتان و بادینان بخەنە نێو چوارچێوەی کۆنترۆڵ و باڵادەستی سوپای تورك. تورکەکانیش هەوڵدەدەن بە هۆی سوپایەکی جاشەوە شەڕ بکەن. ئێمە ناتوانین بڵێین ئەم سوپایە سوپای بەرەی کوردستانی‌یە. ئەمە سوپایەکی تورکی‌یە و رێکخستنێکی لاوەکی ئەم سوپایەیە. دەوڵەتی تورکیاش ئیش بۆ ئەوە دەکات باڵادەستی خۆی لە چوارچێوەی نەخشەی (مووسڵ ـ کەرکووك)دا بە سەر باشوری کوردستاندا بسەپێنێ و، دەیەوێ ئەم ناوچەیە وەك پردێك بە هۆی سوپای جاشانەوە بەکار بێنێ تا تەگەرە بخاتە بەر پەرەسەندنی هێزی میللی رزگاریخوازمان لە ناوچەی بۆتان.

ی.ك: واتە حکومەتی تورکیا ئەو ئیشە دەکات کە باپیرە عوسمانیەکانی دەیانکرد و سوپایەك لە جاش بۆ چینی دەسەلاتداری تورکیا پێکدێنێت. ئایا مەبەستەکە ئەمەیە؟

س.پ: بێگومان وەك سوارەی حەمیدی. ئەزموونی هێزە خێلەکیەکان بە درێژایی مێژووی کۆماری تورکیا بە باشی بەکارهاتووە. هەر کاتێك دەست خرابێتە بینی، پەنای بردووەتە بەر هێزی خێلەکی بە تایبەتی لەو ناوچانەدا کە هێشتا پێوەندی خێلەکی‌یان تێدا بەهێزە وەك بۆتان. بۆیە هەوڵدەدات پێکهاتەی تازە لەسەر بنچینەیەکی خێلەکی بنیات بنێت. خۆ هەموو هێزە سەربازی‌یەکان لە گشت زەمانێکدا هێزەکانی میلیشای ناوخۆیان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیسلامیەکان و ڕێگراندا بەکاردەهێنا، ئێستاش بە ڕەچاوکردنی پەرەسەندنی شەڕ هەوڵدەدەن ئەوە بکەن بە دۆخێکی گشتی و هێزێك لە میلیشیای چلکاوخۆر دژ بە ئێمە و بە گەلی کوردستان پێکەوە بنێن. گەلی کوردستانیش چونکە گەیەنراوەتە لێواری برسێتی. ئەگەر بڕێك پارەیان پێدا و لەم تەنگانە ئابووریەیدا یارمەتی‌یاندا، لەوانەیە هەموو شتێك قبوول بکات. بەو پێیە ڕەنگە سیستەمی مووچەی مانگانە بە شێوەیەکی دیاریکراو گەلەکەمان لە باشور تا ڕادەیەکی دەست نیشانکراو لە خشتە ببات. دەولەت وەختێك ڕێ بە بازرگانی سنوور دەدات، پێم وایە هەوڵدەدات لە ڕووی ئابووری‌یەوە یاریدەیان بدات. بۆیە جوولەیەکی چڕوپڕی هاتوچۆی بازرگانی لە ئارادایە و دەیەوێ بەم شێوازە بازرگانی‌یە یان هێندێك پاشماوەی بازرگانیان بۆ فڕێ دەدات تا دەمکوتیان بکات. مەبەست کردنی هێزی پێشمەرگەیە بە جاش. وەك پێشتر گوتم ئەوان بۆ ماوەیەکی درێژخایان ئەمە لە پێناوی باشوری کوردستاندا یا بۆ بەرەنگاربوونەوەی (صدام حسین) ناکەن، بەڵکو بۆ لە ڕوودا ڕاوەستانی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان و ئەو ئامانجەش کە حالی حازر لەبەردەمیاندایە (PKK)یە. ئەگەر هێزێکی تازەی جگە لەم حیزبە لە پاشەڕۆژدا سەری هەڵدا، ئەوا ئەم هێزە لە دژی بەکاردەهێنن. ئەوە هەر لە لەشکرەکانی حەمیدی دەچێ و ئێمە بەخەگیری دۆخێکی هاوچەشن بووین. وەك دەزانن ئەم لەشکرانە دژی گەلی کورد بەکارهێنراون، وە بوونەتە بەربەستێك لە بەردەم بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی ئەرمەندا. دەیانەوێ جارێکی دیکە ئەم شێوازانە بخەنەوە گەڕ و پەلی پێبهاوێژن و جێبەجێی بکەن. بێگومان دەبێ بە شەڕێکی گەریلایی هەمەلایەنە بە گژ ئەم کێشانەدا بچینەوە. دەشبێ لەم مەسەلەیەدا گەلی کورد لە باشور هۆشیار بکرێتەوە و بگرە ئەوە کارێکی پێویستە. ولاتپارێزان لەوێ وایان لێهاتووە دەتوانن ڕووداوەکانی دەوروبەریان وەربگرن و - با کەمێکیش بێ - لەم مەسەلەیە تێبگەن. پێم وایە ئەوە بە تێپەڕینی ڕۆژگار و شانبەشانی شەڕ پەرە دەستێنێ. ئەم هێزانە لە چوارچێوەی سەربازی تێپەڕ ناکەن. تورکیاش هەوڵدەدات پشت بەوانە ببەستێ و لەوانەیە بتوانێ کەسانێکی وا لە جەماوەر پەیدابکات بۆ ماوەیەکی

دەستنیشانکراو پێبەستەی بن. بەڵام ئەگەر هەلومەرج بە خێرایی گۆڕا، ڕەنگە ئەم جەماوەرە وازی لێ‌بهێنن. بێ‌گومان ئەم جۆرە پێکهاتەیە زیان بە گەلی کوردستان دەگەیەنێ. بەڵام ئەگەر بڕوانینە دەرەنجامی ڕووداوەکان و پێکهاتەکان، بە قەناعەتی من دەوڵەتی تورکیا هەوڵەکانی مایە پووچ دەبن. بارزانیەکان ئەم سیاسەتانەیان تاقی کردەوە و لە چل ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئێستا بەکاری دەهێنن. ئەگەر خەرجی ئەم سوپایە (٢٠) ملیۆن دۆلار بێ، ئەوا ئەم بڕە پارەیە دەچێتە گیرفانی بارزانی. خۆ پارەی بارزانیەکان سەرپاکی لە بانکەکانی لەندەنە و، ڤیلا و منداڵەکانیان لەوێن. بەو چەند سەد ملیۆن دۆلارەی کە خڕیانکردەوە، پاشەڕۆژی خێزانەکانی خۆیانیان دەستەبەر کرد. دیارە گەدەی پێشمەرگە کەمێك پڕ دەبێ، بەڵام کارەساتەکە بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستاندا دێت. دەوڵەتی تورکیاش ئیش بۆ پەرەپێدانی ئەم بنگە گلاوە دەکات و شەڕەکەی گەشە پێ‌دەدات. مەبەستی ئەمە زانراوە. ئەو تێدەکۆشی سیاسەتی کۆنی خۆی بژێنێتەوە بەوەی کە کورد و کورد، کورد و ئەرمەن، ئەرمەن و کورد لەیەك بکات و، بۆ کەمکردنەوەی باری سەرشانی خۆشی بوار بۆ ململانێی نێوان گەلانی کوردستان و دراوسێکانیان بکاتەوە.

ی.ك: بەڵێ سەرکردەی نازیزم. لە تورکیا باسی ئێوەم کردو گوتم: «سیاسەتمەدارێکی شێلگیرو گەورەیە، بەوە جوێ دەکرێتەوە کە هێمنە». من لە ئەنجام و پێشبینییەکانتان ناپرسم، بەڵام مۆڵەتتان لێ‌وەردەگرم ئەم پرسیارە بکەم: مادامێکی باسی (KDP) دەکەین، پرسیارەکەم لە گۆشەیەکی دیکەوە دەبێ. وام بەخەیاڵدا دێت کە ئێوە وا بڕوانن (KDP) وەك بڵێی بەشێك بێ لە دەوڵەتی تورکیا. ئایا من هەڵەم؟

س.پ: بە تایبەتی ئێستا. لەوە دەرچووە حیزبێك بێ و بووە بە هێزێکی نیوە سەربازی سەر بە دەوڵەتی تورکیا. واتە ڕێکخستنێکی میلیشیای مەدەنی‌یە و لە ڕادەبەدەر گرێدراوی دەوڵەتی تورکیایە. دەکرا ئەم پێکهاتەیە لە تورکیاشدا ڕەنگ بداتەوە. وەك «KDP.T»، بە تایبەتی ئێمە دەزانین ئەم حیزبە هەر لە ساڵی ١٩٧٢ بەدواوە لە ڕێگای (دەروێش سەعدو)وە بە ڕاوێژکاری ئیستخباراتی تورکیا (MIT)وە لە دیاربەکر گرێدرا بوو. هەروەها دەزانین ئەو ڕێکخستنە پیلانگێرە کە بە ناوی (ئەستێرەی سوور)ەوە کەوتەڕوو، هەر لە پشتی ئەم حیزبە کەوتەوە. ئەو ڕێکخستنە بوو کە بووە هۆی شەهیدکرانی هەڤاڵ (حەقی قەرار). دەشزانین ڕێکخستنی (KUK) کە لقێکی بۆ ئەوە دامەزرا تا شەڕێکی لێرە و لەوێ دژ بە ئێمە بکات. ئەمە ئەرکی بوو. ئاشکرایەکە (MIT) لەم کارانە بێ‌ئاگا نەبوو.

بەڵام ئێستا ئەوان تەنیا پەل بە پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا (KDP-T) ناکوتن. بەڵکو هەوڵدەدەن پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق (KDP-I) و هەموو ڕێکخستنەکانی سەر بەم حیزبە لە پارچەکانی کوردستاندا وا لێ‌بکەن یەکبگرن و ببنە نۆکەری دەوڵەتی تورکیا. پێشتر لە کاتی گفتوگۆکانی

بەرەی کوردستانیدا لە ئەنقەرە مشتومڕیان لەسەر ئەم باسە کرد.

گوتارێك هەیە لە گوڤاری (خاڵ)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: «HEP» لە دەست دەرچووە و دەستی کردووە بە چوونە ژێر باڵی (PKK). ئەم گوتارە لەسەر مشتومڕێك بوو کە لە نێوان نوێنەرانی بەرەی کوردستانی و بەرپرسانی ئیستخباراتی تورکیا (MIT)دا بەناوی (چۆن حیزبێکی کوردی دادەمەزرێنرێت)وە کرا. ئاشکرا دامەزراندی حیزبێکی کوردی کرێگرتە لە دۆخی لێکۆڵینەوەدا بوو. جا کە نەیانتوانی بە تەنێ ئەم جۆرە حیزبە دابنێن، پەنایان بۆ (KDP) هێنا لە بەجێهێنانی ئەم کارەدا یارمەتییان بدات. پێم وایە ئەم جۆرە پێکهاتانە لەگەڵ شەڕی ئەم دواییەی باشوردا گوڕیان تێکەوت و لەوانەیە ڕەزامەندی ئەمەریکاشیان بە دەست هێنابێ. سەرەنجام مشتومڕ لەسەر توانای سەرکەوتن و سوودی ئەو سیاسەتە کرا کە ئۆزال لە کێشەی کورددا جێبەجێی کرد. هێندێك لەم مشتومڕانەش لە ڕۆژنامە و پەرلەمانی تورکیادا ڕەنگیان دایەوە و ئاگامان لەوەیە. ئەوەی کە پێویستە تێیبگەین زانینی تایبەتمەندی کەسایەتی کوردی کرێگرتەیە کە لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە زۆر پەرەیسەندووە، هەر لە (ئیدریس بدلیسی) و لەشکرەکانی حەمیدییەوە تا نۆکەرانی مستەفا کەمال و تا بەم کارانە دەگات کە لە بارزانیەکاندا بەرجەستەبوون.

ناسینی تێکڕای ئەوانە زۆر پێویستە، هەرچی کۆتاییشیانە هەر بە دەستی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان دیاری دەکرێت. تەنانەت (تاڵەبانی)ش هەوڵیدا ئەم دەورە ببینێ، بەڵام - وای بۆ دەچم - بەختێکی کەمی دەبێ. ئێمە ئاگامان لەوەیە کە دەوڵەتی تورکیا بانگی چەند ڕێکخستنێکی وەك ڕێگای ئازادی (ÖY) دەکات. نووسینگە بۆ خۆیان دابنێن و ببنە حیزبی دیموکراتی یاسایی بە تاکە مەرجی پاکتاو کردنی(PKK). ئەورووپاش مەرجی لەم چەشنەی دەخستە بەرچاو. ئەم باسەش لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا ڕەنگی دایەوە و گەلێك هێز خۆیانیان بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کرد. ئەگەر پاکتاوی ئەو بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانییە کرا کە (PKK) ڕێبەری دەکات، ئەوسا بە ڕەسمی دان بە حیزبە نۆکەرەکاندا دەنرێت و وەك هێزێکی زیادە بەشداری سیاسەتی تورکی دەکات بۆ خزمەتکردنی ئەم سیاسەتە. لەم حاڵەشدا چەند هەوڵێك هەبوون بۆ سەپاندنی بزاڤێکی پاکتاوکەر بەسەر (PKK)دا، لەمێژە ڕەنگیان بۆ ڕشتووە و ویستوویانە جێبەجێی بکەن. دەیانویست ئەم پیلانگێرییە هەر بە تیرۆر و زەبروزەنگ جێبەجێ نەکرێت، بەڵکو بەوە کە (PKK) بکەن بە حزبێکی سیاسی و دەستەمۆی بکەن. ئەم مشتومڕانەیان لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا ڕەنگی پێدایەوە کە وای کرد هێندێك لە کەسانی نیازپاکیش تێهەڵکێشی ئەم مشتومڕانە بن. بەڵام ئەوانی دیکە نیازیان جیاواز بوو. کاك (دوغۆ پرینچەك) لەو کۆنگرەیەی (HEP)دا کە باستان کرد گوتی: «پێویستە PKK بکرێت بە حیزبێکی یاسایی». ئەمە هەڵسەنگاندنی شەخسی ئەو بوو. چەند بەڵگەیەکیش هەبوون ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە ئەوان

دەیانویست ئەم بیروکەیە بگەیەننە نێو (PKK). باوەڕم وایە کە ئێوە هەواڵی گەلەکۆمەکانی ئێمەتان بۆ سەر ئەو پیلانە ناسراوانە بیستووە کە هەوڵیان دەدا (PKK) لەشەڕی گەریلایی و خەباتی چەکداری دووربخەنەوە و بیهێننە سەر ڕێگای چالاکی سیاسی.

ئەم پیلانگێریانەش ساڵی ۱۹۸۳ لە خودی (سەمیر)ی پیلانگێڕدا بەرجەستە بوون، چونکە ئامانجی ئەو شتە بوو کە کەمێك لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد. (پیلانگێڕی پاریزەر)یش لە خودی (حسێن یلدرم)دا خۆی نواند، لە کاتێکدا ئامانجی ئەم پیلانە هەمان ئامانجەکانی پێشوو بوو. سەمیر (چەتین کونکور) دروشمێکی هەبوو دەیگوت: «پێویستە هیچ یەکێك لەو پیاوانە ڕەوانەی ناوچەی هەکاری نەکرێن». ئامانجیش کۆسپ خستنە ڕێی ئەم خەباتە چەکداریە بوو کە(PKK) نەخشەی بۆ دەکێشا بۆ ئەوەی دەست بکات بەو چالاکیە سیاسیەی کە ڕێکخراوەکانی دیکە لە ئەورووپا دەیانکرد و دیاریکردنی چالاکیش بوو لەم چوارچێوەیەدا یان مانەوە وەك تاقمێکی پەنابەر. ئەمە سروشتی ئەو کاتەی شەڕ بوو. هەرچی کابرای پاریزەریشە گوتی: «ئاپۆ ڕوو لە ئەمانە و ئێمە لە ئەورووپا دەستمان بەسەر(PKK)دا گرتووە و بۆیان زیندانی کردین و دەست بەسەر چیاکانیشدا دەگرین». بەم شێوەیە پیلانەکەی هەڵسەنگاند. ئەمجا کەوتنە باس و خواس لەسەر کودەتایەك لە ئەورووپا و هێندێك چالاکی نەخشە بۆ کێشراویان لە بەندیخانەکاندا ئەنجامدا. هەر ڕاست لەم کاتەدا ئۆزال ڕایگەیاند لەوانەیە لێخۆشبوون بۆ (PKK) دەربکرێت. ئەمەش لە ڕۆژنامەکاندا ڕەنگی دایەوە و تاکە مەرجی چەك دانان بوو.

ی.ك: بە پێی ئەوەی کە لە ئەنقەرە بیستوومە: تاڵەبانی لە کاتی گەڕانەوەیدا لە واشنتۆنەوە گوتی: «ئەگەر PKK دەستی لە چەك هەڵگرت و ڕایگەیاند حیزبێکی مارکسی ـ لینینی نیە، وەك حیزبێکی باش قبوولمانە».

نەجمەدین بیووك قایا نیشتمانپەروەرێکە بەرانبەر بە دوژمن بەرخۆدان دەکات تا لە پاڵ محەمەد شەنەردا شەهید دەبێ، لە کاتێکدا شەنەر لەگەڵ دوژمندا ڕێکدەکەوێ و هەوڵدەدات ئەم ڕێککەوتنە بەسەر پاڵەوانانی بەرخۆدانی بەندیخانەکاندا بسەپێنێ.

س.پ: ئەمە شیاوە. بانگم دەکات بۆ ئەنقەرە پاش ئەوەی(PKK) دەست لە مارکسیزم ـ لینینیزم و لە چەك هەڵدەگرێ و دەبێتە حیزبێکی کۆمەڵایەتی دیموکراتی. با لە ئەنقەرە بە ئازادی دەست بە کار بکات. گوتیشی: «دەکرێت لەسەر یەك مێز دابنیشن و پێکەوە مشتومڕ لەسەر ئەم مەسەلانە بکەن». بە توندی وەڵامی ئەم قسەیەمان دایەوە. سەرباری ئەوەی کە ئەم بابەتە چەندین دووریی هەبوو بەسەر بەندیخانەکاندا شکایەوە.

لە کاتی گفتوگۆدا کۆنفرانسی بەرخۆدانی بەندیخانانتان لێ‌پرسیم. ئەم ڕووداوە

که له ڕۆژنامه‌کاندا به «ڕووداوی محه‌مه‌د شه‌نه‌ر» ڕه‌نگی دایه‌وه‌، ویستیان دوورایی‌یه‌کی گه‌وره‌ی هه‌بێ به ڕاده‌یه‌ك هێندێکیان (PKK)ی تاوانبار کرد به‌وه‌ی که ئه‌م حیزبه پاکتاوی به‌رهه‌ڵستانی نێوخۆ ده‌کات و ماوه‌ی هیچ به‌رهه‌ڵستی‌یه‌ك نادات. گۆڤاری (به‌ره‌و ساڵی ۲۰۰۰) که (دۆغۆ پرینچه‌ك) سه‌رۆکی نووسینیه‌تی، ئه‌م باسه‌ی بڵاوکرده‌وه‌. ڕووداوی محه‌مه‌د شه‌نه‌ر به فراوانی له بنکه و ده‌سته‌کانی حیزبدا مشتومڕی له‌سه‌رکرا. جا بۆ ئه‌وه‌ی ڕۆژنامه‌کانیش باش له‌م باسه ئاگادارببن، پێم خۆشه ڕوونی بکه‌مه‌وه که پێشنیاره‌که‌ی ئۆزال بۆ ده‌رکردنی بڕیاری لێبووردن له (PKK) به چه‌ند مه‌رجێك، ئه‌م لێبووردنه و هه‌وڵه‌کانی محه‌مه‌د شه‌نه‌ر که ده‌یویست شتێکی له بابه‌تی سیاسه‌تی ئۆزال تێبپه‌ڕێنێ، جووتێك هه‌وڵی هاوشێوه و پێکه‌وه به‌ستراون. ته‌نانه‌ت له دیداری ڕۆژنامه‌نووسیشدا (محه‌مه‌د عه‌لی بیراند) پرسیارێکی لێکردم تێیدا ده‌ڵێت: «ده‌وڵه‌ت حه‌ز ده‌کات هه‌نگاوێك بنێت، ئایا ناتوانن چه‌که‌کانتان بێده‌نگ بکه‌ن؟». ئه‌وسا پێمگوت: «ناکرێت ئه‌مه له‌یه‌ك لاوه بێ». مه‌به‌ستی له‌مه ئاگربه‌سته و ئه‌وه‌ش که ئه‌وان ئاره‌زوویان بوو ئاگر به‌ست بوو له یه‌ك لاوه‌. به‌م پێیه محه‌مه‌د شه‌نه‌ر له کاتی کۆنگره‌ی چواره‌می حیزبدا ده‌رکه‌وت و بۆ ماوه‌ی ساڵێك پێوه‌ندی‌یه‌کی توندوتۆڵی پێمانه‌وه هه‌بوو. هه‌موو جموجۆڵ و هه‌ڵسوکه‌وتێکی به‌ڵگه‌ی ئه‌وه بوون که گه‌ریلای پێ‌قووت ناچێ و ڕه‌تی ده‌کاته‌وه و تێده‌کۆشێ به‌وه باروودۆخه‌که ڕزگار بکات که (PKK) به دروشمی خه‌باتی سیاسی‌یه‌وه بکاته حیزبێکی پاکتاوکه‌ر. گشت هه‌وڵه‌کانی ئاراسته‌ی ئه‌م ئامانجه کرابوون، له کاتێکدا له به‌ندیخانه ده‌رچوونی هاوجووتی یاسا نه‌بوو، ده‌بوو له ناو تاقمه‌که‌ی (باتمان)دا حوکمی له سێداره‌دانی بدرێت، به‌ڵام ئه‌م حوکمه‌یان بۆ ده‌رنه‌کرد و ماوه‌یه‌کی درێژخایانتر له به‌ندیخانه مایه‌وه تا له ساڵی ۱۹۸۸ دا به‌ره‌ڵایان کرد. به کورتی به‌سه‌رهاته‌که‌ی درێژه، ده‌بوو له مانگرتنه‌که‌ی (که‌مال پیر و محه‌مه‌د خه‌یری دورموش و مه‌زلووم دۆغان)دا له خواردن له‌گه‌ڵیاندا بێ، به‌ڵام ئه‌و پاش ٤٥ ڕۆژ له‌وه ده‌ستی به مانگرتن کرد. دیاره ئه‌وه‌ی وا له ڕۆژی (٤٥)مدا ده‌ست پێبکات ده‌توانێ (٦٠) ڕۆژ ده‌رببات به بێ‌ئه‌وه‌ی هیچی خراپی لێبه‌سه‌ر بێ. ئه‌وانی دیکه شه‌هید ده‌بن، له کاتێکدا ئه‌ویش هه‌وڵده‌دات له‌سه‌ر میراته‌که‌یان دابنیشێ. سه‌رنه‌گرتنی به‌رخۆدانی کانوونی دووه‌می ساڵی ۱۹۸٤ له ژێر سه‌ری ئه‌ودا بوو که ئامانجی ڕه‌تکردنه‌وه‌ی گوتنه‌وه‌ی سروودی نیشتمانی و له‌به‌رکردنی جلوبه‌رگی یه‌ك ڕه‌نگ بوو. ئه‌وه‌تا نه‌جمه‌دین قایا نیشتمانپه‌روه‌رێکه به‌رانبه‌ر به دوژمن به‌رخۆدان ده‌کات تا له پاڵ محه‌مه‌د شه‌نه‌ردا شه‌هید ده‌بێ، له کاتێکدا ئه‌و له‌گه‌ڵ دوژمندا ڕێکده‌که‌وێ و هه‌وڵده‌دات ئه‌م ڕێککه‌وتنه به سه‌ر پاڵه‌وانانی به‌رخۆدانی به‌ندیخانه‌کاندا بسه‌پێنێ. ئه‌مه به سه‌ر ڕووداوی تونێلی دیاربه‌کریشدا جێبه‌جێ ده‌بێ که له ڕۆژنامه‌کاندا ڕه‌نگی دایه‌وه‌، له کاتێکدا کشایه‌وه و به‌شێوه‌یه‌کی ناخافڵ بڕیاری خۆی گۆڕی و ڕازی نه‌بوو نیوسه‌عات به‌ر له‌و وادەیه بچێته ده‌ری

که بۆ بەجێهێنانی هەوڵێکی هەڵاتنی بە کۆمەڵ لە بەندیخانە دیاری کرابوو و چل کەس لە کادیرانی هەرە پێشکەوتووی حیزب خۆیانیان بۆ ئامادەکردبوو. دەورێکی سەرەکی لەم هەموو ڕووداو و مەسەلانەدا بینی، بەلام سەرباری ئەوە لە بەندیخانەی دیاربەکر مایەوە، لەکاتێکدا کادیرەکانمانیان بەسەر هەموولایەکدا دابەش کرد. هەروەها هێندێك چەمکی لادەر لە نێو بەندیخانەدا بە سەرکردەیی ئەو پەرەیان سەند. جا بە بیانووی مافی مرۆڤ و پێداویستەکانی وەك زیادکردنی بەشە خواردنەکەی و پەیداکردنی تەلەفزیۆن و ئەوەی کە پێویستە ژیان لە بەندیخانەدا ئازاد و ئارام بێ، وازی لە حیزب هێنا و پێبەندی مافی پەتی خۆی بوو. سیاسەتەکانی بە ڕێگای ئارامی شەخسیدا بۆ خۆی تێدەپەڕین.

سەرەنجام وەکو زانراوە بوو بە کابرایەك کە هیچ پێوەندییەکی بەو گیانی بەرخۆدانەوە نەبوو کەوا (PKK)ی پێ‌جوێ دەکرێتەوە و، هەوڵیدا ئەوەی کە لە نێو بەندیخانەدا دەیکرد لە دەرەوەی بەندیخانەشدا بیسەپێنێ بە سەر هەڤاڵانیدا. ئەوەی کە دەیویست، حیزبێکی لە (PKK) جیاواز بوو. پاشتر تێ‌گەیشتین هەوڵدەدات (PKK) بکاتە حیزبێکی یاسایی و بۆ گەیشتن بەم جۆرە حیزبەش شێلگیرانە و بە چڕوپڕی و بەوپەڕی نهێنییەوە ئیشی دەکرد و بە شێوەیەکی نارەوا بەربەرەکانێی دەکردین، لە کاتێکدا لە نێو باوەشی خۆماندا بوو. هەوڵێکی بێ‌وچانیدا دیاردەی حیزبایەتی(التحزب) و دەستەبەندی لە نێو حیزبدا بلاوبکاتەوە و، بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردە بەر شێوازەکانی پیلانگێرانی نهێنی. چەندین بەلگەنامەمان لە لایە جەخت لە سەر هەموو ئەوانە دەکەن. ئەمە (حسین یلدرم)ی پارێزەریش دەگرێتەوە کە خۆی خەلەتاند کاتێك گوتی: «ئێمە کودەتامان کرد». هەرچی محەممەد شەنەر بوو دەیگووت: «ئێمە دەستمان بە سەر کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا گرت» و بەم وەزعەوە قەناعەتی بە خۆی یا فێلی لە خۆی کرد.

ئەگەر هەموو ئەمانەمان لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی ئۆزالدا بەراورد کرد، ئەو قەناعەتە پەیدا دەکەین کە ئەوە نەچووە سەر لە دەرەوە دوایی بە (PKK) بهێنن، بۆیە پەنایان بردە بەر ناوەوە تا لەنێوبردن و سڕینەوەی دەستەبەر بکەن. خاوەنەکانی پیلانی پاکتاوکەرانەی ساڵی ١٩٨٨ لە ئەوروپا ئامانجیان هەمان شت بوو و دەیانگوت: «ئەوەتا دەستمان بە سەر ئەوروپاو بەندیخانەکاندا گرتووە و چیاکانمان کۆنترۆڵ کردووە». ئاوا لافیان لێدەدا، چونکە کەسانێکی وەك (هۆگرو مەتین) لەوێ کاری پاکتاوکەرانەیان جێ‌بەجێ دەکرد. هەوڵێکی یەکگرتوو لە هەر سێ گۆڕەپاندا هەبوو. ئێمەش لە حیزبدا دەمانزانی دووچاری هەوڵی پاکتاوکردن دەبین لە سێ بەرەوە. بێ‌گومان ئێمەش هەوڵمان دەدا ئەم پیلانگێرانە نەهێڵین و لە هەر سێ بەرەکەوە پەلامارماندا. وەك دەزانن گەیشتینە کۆنگرەی چوارەمی حیزب، لە کاتێکدا کۆنگرە بە پلانی بەرخۆدان و پەل پێ‌هاویشتنی هێزی گەریلا و پەنابردنە بەر سەرهەڵدان پشت ئەستوور بوو و جارێکی دیکە پێمان نایە قۆناخی

ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانەی ڕاست و دروست. لەم ئان و ساتەدا کۆتایی بەم پیلانگێڕە «محەمەد شەنەر» ناوە هێنرا و هەوڵەکانی سەریان نەگرت. بۆیە نەیتوانی کاریگەر بێ و هەر تەواو لەم مێژووەدا خۆی و چەند کەسێکی دیکەی هاوچەشنی خۆی وەك (ساری باران) بەزین و هەڵاتنە باوەشی بەرەی کوردستانی تا پشت بە تاڵەبانی و (KDP) ببەستن، چونکە لەو باوەڕەدا بوون کە ئێمە لەلایەن (KDP)ەوە سەرکوت دەکرێین و دەسڕێینەوە. تەنانەت مەسعوود بارزانی خۆشی لەم شەڕەی دوایی باشوردا ڕایگەیاند و گوتی: «PKK لە ماوەی یەك یا دوو ڕۆژدا دەبڕێتەوە». هەوڵێکی بێوچانیشیدا (PKK)یەکی ساختە لەو خۆ بە دەستەوەداو و ساختەکارانە پێکەوە بنێ، وا کە ئەم حیزبە ساختەیە حیزبێکی یاسایی و مافناس بێ. هەروەها هێندێکی دیکەیان بە بێئەوەی بزانن بە دەستیانەوە بوون بە ئامراز و ئێمەش ئاگادارمان کردنەوە. ویستیان (HEP) لەم مەسەلەیەدا بەکاربێنن، بەڵام ئاگادارمان کردنەوە و یارمەتیماندا تا (HEP) وەك دۆستێکی (PKK) بمێنێتەوە نەك ببێتە ڕێکخستنێکی ناحەز. چەپی تورکیشمان ئاگادار کردەوە و گوتمان: «وریای PKKی یاسایی و ئەوانە بن کە دەوری پاکتاوکەرانە دەگێڕن». ئەم قسەیەمان ئاراستەی (دوغو پرینچەك) کرد و پێمانگوت: «ئێوە بانگهێشتن بۆ ئەوە دەکەن بێئەملاوئەولا دوژمنایەتی ئەمەریکا بکرێت و لە پاڵ بەرەی کوردستانیشدا ڕادەوەستن کە هێزێکی ئەمەریکایی پەتییە، بگرە لە باتی پیلانگێڕەکانیش قسەدەکەن. هەتا ئێوە دەڵێن گوایە (سەلیم) و (ساکینە) زیندانی کراون یان کوژراون. ئەم قسانە تێکڕایان ڕاست نین. واز لەم شێوازە بهێنن». ئاوا (دوغو پرینچەك)مان ئاگاردار کردەوە.

ی.ك: گەورەترین هەواڵ لە بارەی (محەمەد شەنەر)ەوە بڵاوکرابێتەوە لە گۆڤاری (بەرمو ساڵی ٢٠٠٠)دا بوو.

س.پ: ئێمە هیچ بایەخێکمان بەم مەسەلەیە نەداوە. ئەگەر بە بێ هیچ مەبەستێك ئەوەیان نووسیبێ، دەبوو لێمان بپرسن تا دڵنیا ببن ئاخۆ ئەمە ڕاستە یان نا، چونکە (سەلیم جوروك کایا) ئەمڕۆ لە ئەوروپایە و بە نوێنەر هەڵبژێردراوە و (ساکینە جانسز)یش ئێستا لە گۆرەپانی باشوردایە و بەرپرسی ئۆردووگایە. پێیاندەکرا سۆراخ بکەن و لێیان بپرسن: «بۆچی کوژران؟ و بۆچی باوەڕیان بەم قسەیە کرد و باوەڕیان بە ئێمە نەکرد؟»، دەبێ ئەم پرسیارە لە «بەرمو ساڵی ٢٠٠٠» بکەین. ئەگەر ئەمە هەواڵێك بێ بڵاویان کردبێتەوە بەبێ ئەوەی لێیدڵنیا ببن، ئەوسا پێویستە لەسەریان ڕەخنە لە خۆیان بگرن. بەڵام ئەگەر ئەم هەواڵە بە مەبەستی پشتگیری کردنی ئەو هەوڵانەی کە بۆ (PKK) کردن بە حیزبێکی یاسایی دراون یان بۆ پشتگیری کردنی حیزبایەتی(التحزب) لە نێو حیزبدا بڵاوکرابێتەوە، ئەوا ئەم ڕەفتارە دوژمنکارانەیەو سیاسەتێکە لەگەڵ ئەولاف و گەزافانەیاندا جووت نایەتەوە کە گوایە ئەوان دژی سیاسەتەکانی ئەمەریکان و سۆشیالیستین.

ی.ك: باشە. ئاپۆی برام ئایا سەرنجی ئەم خاڵە وردە دەدەن؟ لەم هەموو

بەسەرهاتەدا،لەو کاتەدا (دوغو پرینچەك) دوو مانگ لە بەندیخانەی دیاربەکر مایەوە. ئایا دەبێ ئەمە بۆ پێوەندی بەستن بوو بێ؟

کۆنفرانسی بەندیخانان کردەوەیەکی دژ بەو پاکتاوکردنە سەپێندراوە بوو و ئەم کۆنفرانسە و ئەنجامەکانیشی لە سەددا سەد سەرکەوتوو بوون.

س.پ: پێم وانییە چوونیتە بەندیخانەی دیاربەکر بۆ پێوەندی کردن بە پاکتاوکەرانی ئەوێوە. لەم خاڵە خانە بەگومانم. بەڵام ئەوە سەرنجڕاکێشە کە ئەوان لەو قۆناخەدا بە کردەوە هەوڵیان دەدا دەست بۆ بەندیخانەکان درێژ بکەن. گەلێك نامە لە لایەن محەمەد شەنەرەوە بۆ بەندیخانە دەنێردران. (قەرەسو)ی هەڤاڵمان هەڵوێستی لەسەر ئەم بابەتە هەبوو و لەو کاتەوە دەیزانی محەمەد شەنەر لە چ بارودۆخێکدایە و بەو پێیە دەجوڵایەوە. هەرکاتێك بابەتەکە بهاتبایە ئاراوە هەڤاڵانمان هەڵوێستێکی بەهێزیان بەرانبەر دیاری دەکرد و بە هیچ شێوەیەك دەرفەتی ئەم پاکتاوکردنەیان نەدەدا.

ی.ك: لە باسەکەی پێشوومدا گوتبووم من هەڵوێستی ئێوەم لە کۆنفرانسی بەندیخانەدا زۆر بەجەرگانە بینی.

س.پ: کۆنفرانسی بەندیخانان کردەوەیەکی دژ بەو پاکتاوکردنە سەپێندراوە بوو و ئەم کۆنفرانسە و ئەنجامەکانیشی لە سەددا سەد سەرکەوتوو بوون. بگرە دەکرێت بڵێین ئەو دەورەی کە لە مێژووی تورکیادا بە سەر زیندانیەکانیاندا دەسەپاند بەم کۆنفرانسە تێکشکا. بەوپێیە ئەو هەوڵانە پەراگەندە بوون کە بۆ (PKK) کردن بە حیزبێکی یاسایی دەدران. پێویستە ڕوونی بکەمەوە کە هێندێك کەس بە نیاز پاکی‌یەوە لای لەم بابەتە کردەوە و پێم وانی‌یە هەموو ئەوانە پێوەندی‌یان بە دەوڵەتەوە هەبێ. بەڵام پێداگری دەکەین کە کەسانێك لە ناوەوە و دەرەوە بەشداری‌یان کرد و تەنانەت هەوڵیشیاندا لە ڕێگای بەرەی کوردستانی‌یەوە بەسەرمانیدا بسەپێنن، هەموو ئەوانە بۆ ئەوەی بمانکەنە حیزبێکی یاسایی. بەو مانایەی کە: «وەرن چەکەکانتان فڕێ بدەن تا لەگەڵ ئەنقەرەدا لێك‌حاڵی ببن». ئەوە کارێکی هەڵە و ترسناك بوو. ئەوانەی کە بە ئاگایانە بەشداری ئەم پیلانگێری‌یەیان کرد، نۆکەری دەوڵەتن. هەرچی ئەوانەشن کە بێ‌ئاگایانە بەشداری‌یان کرد سادە و دەبەنگن. سەرەڕای ئەوەی ئێمە ساز و ئامادەین بۆ هەر ئاگربەستێك، بەڵام هەلومەرج هەرچۆنێك بێ لە یەك لاوە دەست بەرداری چەکەکانمان نابین و ئامادەی ئەمە نین. وانی‌یە؟

ی.ك: قسەکەتان زۆر ڕاستە و من لە سەددا سەد لایەنگیری دەکەم.

دەمەوێ لە سەرباز و ئەفسەری تورك بپرسم: دەوڵەتی تورکیا وێرای خۆبەختکردنتان لە ئیش و کارتاندا مانگی دووسەد دۆلارتان دەداتێ؟ ئەی بۆچی دەوڵەتەکەتان هەوڵدەدات مانگی دووسەد دۆلار بەو پێشمەرگانەی(KDP) بدات کە شایانی پێنج قرۆش نین؟

س.پ: دەمەوێ هەر لەم خاڵە خۆیدا بە کورتی ئەوە ڕوون بکەمەوە کە دەبێ نۆکەرایەتی کوردی لە ڕووی مێژوویی و لە ڕووی کاری ڕۆژانەوە زۆر بە باشی بناسین. لەمڕۆژەدا هەریەکە لە تالەبانی و بارزانی و ئەنجومەن و دەوڵەتە فیدرالیەکەیان هەوڵدەدەن لەسەر میرات و دەسکەوتەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) دابنیشن و بەهۆی (PKK)وە ئەم مووچانە وەربگرن. جاران ئەوەیان لە ئەمەریکاوە پێدەگەیشت و ئێستاش لە تورکیا و دەوڵەتانی دیکەی وەردەگرن. هەموو ئەمانە مانای ئەوەن: شۆڕشی کوردستان شۆڕشێکی زۆر گەورەیە و بگرە شۆڕشی نۆکتۆبەری تازەیە و، شۆڕشێکی لەم جۆرەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ ئیمپریالیزم و سەرمایەداری. جا بۆ لە ڕوودا ڕاوەستانی ئەم مەترسییە نۆکەران ڕادەسپێرن هەناسە لەم شۆڕشە ببڕن و لەنێوی ببەن.

پێویستە لەبەر ئەم هۆیە زۆر وریای ئەو دەورە بین کە نۆکەرانی کورد دەیگێڕن. هەروەها ئەوانە وریا دەکەمەوە کە بە ناوی چەپڕەوییەوە دەچنە نێو ئەم چوارچێوەیە و دەوری دەستکێشی ئەو نۆکەرانە دەبینن و، پێیاندەڵێم ئەم کارە هەرگیز شایستەی چەپڕەوەکان نییە. ئێمە پێوەندیمان بە تالەبانی و بارزانییەوە هەیە، بەڵام ئەوان تێناکۆشن ئەم پێوەندیانە پەرە پێبدەن، بەڵکو دەڵێن ئەوانە تەسلیم بە ئێمە بوون و دیلن. ئێمەش دەڵێین ئەگەر دیل بین ئەوا باش دەزانین چۆن بەرخۆدان بکەین وەك لە بەندیخانەکانی دوژمندا دەمانکرد و، بە بەرخۆدانی خۆمان سنوورەکان و ئەو ناوچە ئارامە تێدەپەڕێنین کە بیری لێدەکەنەوە و دادڕ دادڕی دەکەین. ئەمە شتە پێویستەکانی شۆڕشی گەلی کوردستانە.

هەروەها ڕوودەکەینە چەپڕەوانی کورد و تورك تا پێیان بڵێین: فێربن چۆن پێوەندی دەبەستن و فێربن چۆن و کەی دژی دەبن. ئێمە پێوەندی بەستنمان گەرەکە، بەڵام ئەوان دەیانەوێ تەسلیمی دەوڵەتی تورکیامان بکەن یا لە بری ئەو دیلمان دەکەن. چۆن ئەمە ناوبنێین پێوەندی؟ دەیانەوێ ناوچەیەکی ئارام بە سەرپەرشتی ئەفسەرانی تورك دابمەزرێنن. بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بۆمان هاتوون هەموو پاسگەیەك ئەفسەرێکی تورکی تێدا دەبێ. ئایا ئەم کردەوەیە بۆ قازانجی گەلی کوردستانە؟ چۆن دەتوانین بەو کەسانەی کە بەشوێن پێوەندی گومان لێکراودا وێڵن بڵێین کوردن و نەتەوەیین و وەك نیشتمانپەروەر پێشانیان بدەین. پێویستە وریا بین، چونکە نۆکەرانی کورد قۆڵیان لێهەڵماڵیوە تا نەفرەتترین

تاوان لە مێژوویاندا بکەن و بەدترین گەمە ئەنجام بدەن، پێویستە ئەم گەمانە ببینین و تێیان بگەین و پەردەیان لەسەر لا ببەین بۆ رای گشتی.

لە لایەکی دیکەوە من دەمەوێ پرسیاری ئەو باجانە بکەم کە لە گەلی تورك وەردەگیرێن و لە پڕ چەك کردنی سوپادا بەکاردەهێنرێن. باشە پێوەندی بەرژەوەندییەکانی گەلی تورك بەم کارەوە چییە؟ لە لایەکی دیکەوە رایدەگەیەنن کە شەڕی باشور (١٢) تریلیۆن لیرەی تورکی لەسەریان کەوتووە. ئەگەر ئەو مووچەی ساڵانەیەشی بخەینە پاڵ کە بە سەربازان دەدرێت، ئەو کاتە دەتوانین لە هۆی گرانی گوزەران تێبگەین کە بەشێوەیەکی شێتانە بەرز دەبێتەوە بە رادەیەك گەلی تورك چیتر ناتوانێ لە ژێر ئەم بارەدا هەناسە بدات. ئایا درێژەدانی دەوڵەت بەم شەڕە بە قازانجی گەلی تورکە؟ ئێوەش باش دەزانن کە شەڕی بەردەوامی کوردستان هۆی بنچینەیی ئەم گرانی گوزەرانەیە و وا لە گەلی تورك دەکات لە ژێر قورساییدا بناڵێنێ. ئایا پێوەندی بەرژەوەندییەکانی گەلی تورك بەمەوە چییە؟ ئایا رۆژنامەکان دەوەستن تا بایەخ بەم بابەتە بدەن؟ کەچی لە پەستا دەڵێن بڕبڕەی پشتی (PKK) شکاوە. پێم وایە ئەوەی کە بڕبڕەی پشتی دەشکێت گەلی تورکە. ئەگەر راستە بڕبڕەی پشتی (PKK) شکاوە، با چۆنیان دەوێ وا بنووسن. بەڵام پێویستە کەمێك لەسەر شکانی بڕبڕەی پشتی گەلی تورك بنووسن. ئایا ئەمە شتێکی خراپە؟ من ئەم پرسیارە ئاراستەی رۆژنامەکان دەکەم: ئێوە زۆر رۆشنبیرن و شارەزاییەکی درێژخایانتان لە بواری رۆژنامەنووسیدا هەیە. ئیدی بۆچی لەم بابەتە ناکۆڵنەوە و پەردەی لە ڕوو هەڵنامالن.

ئەم سوپایە هەموو ئەو سەرچلییانە دەکات کە لەگەڵ دەستووردا هاوجووت نین و هاونیشتمانانی دەوڵەتێکی دیکە پڕ چەك دەکات و دەیانکات بە جاش. بۆچی گوێ بەم بابەتە نادەن؟ دەمەوێ لە سەرباز و ئەفسەری تورك بپرسم: ئایا دەوڵەتی تورك سەرباری خۆبەختکردنتان لە ئێش و کارتاندا دووسەد دۆلاری مانگانەتان دەداتێ؟ ئەی بۆچی دەوڵەتەکەتان هەوڵدەدات مانگی دووسەد دۆلار بەو پێشمەرگانەی (KDP) بدات کە شایانی پێنج قڕۆش نین؟ ئەگەر ئێوە بەرپرسی ئەمە نەبن، ئاخۆ دەبێ کێ بەرپرس بێ؟ ئەوانە بخەنە ڕوو.

مەبەستم ئەوەیە ئەم بڕە پارە زۆروزەبەندە نابێت بەو نۆکەرانە بدرێت. ئەگەر ئەم بڕە پارانە بۆ گەلی تورك و ئەفسەران و سەربازان و سوپای تورك بگێڕدرێنەوە، ئایا لەوە باشترنییە بۆ ئەوانە بێ؟ ئەو پێشمەرگە ساختانە تا چ رادەیەك دەتوانن گەلی تورك بپارێزن؟

مامۆستا ئیسماعیل بێشکچی هەڵسەنگاندنێکی هەبوو تێیدا دەڵێت: «پێویستە هەموومان ببینە ئاپۆچی تا بەردەوامی لە ڕزگاری نیشتمانیدا بەدی بێنین».

ی.ك: ڕۆژنامەکان لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دیکە ناونیشانی لەم شێوەیە

دەنووسن: «ئاپۆ ئارام ناگرێ و ئیش ناکات و واو وا». لە لایەکی دیکەوە ئێوە دەڵێن: من زیاد لە تێکۆشانم دژی تورکیا، دژی پێکهاتەی خۆم تێدەکۆشم. حەزدەکەم بپرسم: مەبەست لەوە چی‌یە؟ ئایا هەر یەکێك لەم حیزبەدا چاوتان لێبکات دەبێ بە ئاپۆیەکی چکۆلە؟ یان پاش ماوەیەکی کورت دەبینێ بووە بە سەرکردە؟ ئایا چی بۆ ئەوە پالیان پێوە دەنێت؟ ئەگەر لە گۆشەیەکی دیکەوە بڕوانین و وەك من تێیتان دەڕوانم: تا ئێوە هەموو شتێك هەڵبسوڕێنن خۆشەویستیتان بە تێپەڕینی ڕۆژگار زیاد دەکات و لە فەیلەسووفەکان دەچن. کەواتە ئەم هەموو کاروبارانە بۆچی؟ ئەو پیلانگێڕانەش چۆن دەردەکەون؟

س.پ: هەموو ڕۆژێك گەلێك ناونیشانی گەورە لە ڕۆژنامەکاندا دەکەونەڕوو، پێوەندی‌یان پێمەوە هەیە. لەم دوایییەدا گوتارێك بە ناویشانی «ئاپۆ دەست دەخرێتە بینی» بڵاوکرایەوە. پێم وایە ئەوەی کە نووسیویەتی (ئۆقتای ئەکشی)یە، دەڵێت: «ئاپۆ ئەمجارە بە ڕاستی لە تەنگژەیەکدایە ناتوانێ هەناسە بدات». ناونیشانێکی دیکە کەوتەڕوو باسی ئەوەی دەکرد کە: «تا چ ڕادەیەك دیکتاتۆرم و چۆن بەرهەڵستانی خۆم دەکوژم». کتێب لە دوای کتێبیش پەیدا دەبن. هەموو ئەمانە گرنگ نین. سەبارەت بەو خاڵەی کە پرسیارتان لێ‌کردم: مامۆستا ئیسماعیل بێشکچی هەڵسەنگاندنێکی هەبوو تێیدا دەڵێت: «پێویستە هەموومان ببینە ئاپۆچی بۆ بەدیهێنانی بەردەوامی لە ڕزگاری نیشتمانیدا». بوون بە ئاپۆچی چی دەگەیەنێ؟ وەك هاوبەشی‌یەك هێندێك هەڵسەنگاندنمان لەسەر ئەم باسە و لەسەر ئەوەش کرد کە ئاپۆ خۆی چی‌یە، هەوڵمدا بەوپەڕی ئاشکرایییەوە هەموو زانیاری‌یەك لە بارەی خودی خۆمەوە بدەم، هیچ سەرکردەیەك بە ئاسانی ئەمە ناکات. هۆی ئەوەش ئەوەیە تا ماوە بە هیچ کەسێك نەدەم نە قەناعەتی چەوتی لەلا پەیدا ببێ و نە هەوڵی لاساییکردنەوەم بدات. وەك دەبینن ئێوە دێنە لام و قسەم لەگەڵدا دەکەن و دەمبینن ڕێزی هەمووتان دەگرم و هەڵوێستی خۆم هەیە. نامەوێ کەس وەك مرۆڤێکی سادە لام لێ‌بکاتەوە. بە چاوی خۆتان بینیتان لە ڕاستیدا من دیکتاتۆر نیم، یا کابرایەك نیم ڕەفتارەکانم کۆنترۆڵ بکەن. دەمەوێ کورد و تورکیش باش بمناسن و من لەوە ناپرینگێمەوە بکەومە باسی هەم گشت لایەنەکانی تێکۆشانم و هەم پێوەندی ئەم تێکۆشانەش بە میللەتانی کورد و تورك و سۆشیالیزمەوە، هەموو ئەمانەم بۆ ئەوەیە ناسنامەکەم بە ڕاستی لێك‌بدەمەوە و دەرگا لەسەر حسێبکاری هەڵە دابخەم، سا ئیتر ئەم حساباتانە لە بەرژەوەندیمدا بن یان دژم. من دەمەوێ بەوپەڕی ڕوونی‌یەوە لێم تێ‌بگەن و هەڵوێستی بەرانبەریشم وەهابێ. بەمە دەڵێی کەوتوومەتە ڕاستکردنەوەی تێگەیشتنی پێوەند بە خۆم، ئێستا گەورەترین خواستم ئەوەیە بە ڕاستی لێم تێ‌بگەن و ئەمە لە زەحمەتکێشانی تورکەوە تا دەگات بە سەرکردەکانی تورك و بگرە لە هەموان داواکارم. ئەو قسەیەی کە دەڵێت: ئاپۆ پەتی خۆی پچڕاندووە و خەبات لە پێناوی گەلدا دەکات بۆیە بەم پلەیە گەیشتوە، یان گەل سەرتاسەر بروە بە ئاپۆچی و وەك

سێلاوی ڕامالکەر پشتگیری دەکەن و، پەرە دەستێنن و دەبێتە زانا. ئەم هەموو قسانە گرنگ نین. من هەست بە شانازی ناکەم و نایکەم بە هۆیەك بۆ ئەوەی کە دەسەلاتم بەسەر خۆمدا تەشکێ. بەلام ئەوە چەند ئەنجامێکی دەبێ. تەرزی ئاپۆ لە سەرکەوتن و پەرەسەندندا شتێکی بێوێنە نییە و پێوەندی بە کەسێکی دەست نیشانکراوەوە نییە. سەرکردایەتی گەلی کورد بە ڕوالەت دادەمەزرێت. هەر لە ئێستاوە ئەمە بووەتە ڕووداوێکی گرنگ و گەورە بە گشت دوورایبە ئایدیۆلۆژی و سیاسی و سەربازی و فەلسەفەیی و ڕۆشنبیریەکانیەوە. لەبەرئەوە هەموو پێبەندی تەوژمی ئاپۆچیین. دوژمن ئارامی لێبڕاوە و پیلانی ڕۆژانە سازدەکات و دەستەکانی خافلکوژکردن لە کوێ بم دووم دەکەون. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گرێدرانی گەل وەك سێلاوی ڕامالکەر زیاد دەکات. ئەوەمان لێداوا کراوە لە ئاستی بەرپرسیدا بین. جا بۆ ئەوەی ئاشکرا و جێی تێگەیشتن بم، چەندین بەرگی یەك لە دوای یەکم نووسی و هەموو بابەتێکم شیکردەوە و هەلسەنگاندن، بە ڕادەیەك هەر خوێندەوارێکی کەم یا فرە ڕۆشنبیری دەتوانێ تێبگات ئاپۆ کێیە و چی دەوێ. بەلام سەرەڕای ئەوە، دوێنێ نوێنەرێکی (PKK)یان خنکاند. من خۆم ئەم کابرایە دەناسم، نوێنەری (PKK)یە و تا سەر ئێسقان ئاپۆچییەکی پلە یەکەمە کەواتە بۆچی خنکاندیان؟ با سۆراخی ئەوە بکەین. کابرا دووزمانی بە سەر هاوڕێکانیەوە دەکرد بە بێ ئەوەی یەك زللەی لێبدرێت و لە هەموو درشت و وردێکدا سیخوڕی بەسەرەوە دەکردن. هەڤالانی هەلیانسەنگاند. پاش ئەوە چی پێویست بوو کردیان. چاوەڕوانی ئەمەمان دەکرد. ئەم لاوە چی لێبەسەرهات تا لە ئاپۆچییەکی زۆر توندوتیژەوە ببێتە نۆکەری پۆلیس؟ ئەمە وا دەگەیەنێ کە گۆرەپانەکە گەلێك ئاپۆچی ساختەی تێدان و گەلێك کەسیش لە شوێنانی دیکە هەن دەسەلات و هێزیان لە ئێمەوە وەردەگرن. یەکیان لە دلی خۆیدا دەلێت: من بەرزدەبمەوە تا ببمە پیاوی دووەم و دوا ڕێگر (ئاپۆ) لەبەردەممدا دەمێنێتەوە. ئەم کەسە هێزی خۆی لە پیاوی یەکەمەوە وەردەگرێ و ئەم پیاوی یەکەمەش ناهێلێ ئەو ببێ بە پیاوی یەکەم. جا بۆ ئەوەی ئەم کۆسپە تێبپەڕێنێ، دەست دەکات بە نەخشە کێشان بۆ پیلانگێران. من نامەوێ زۆر باسی ئەوانە بکەم، چونکە زۆرن:(شەنەر، چەتین، فلان و فلان...هتد). ئەوەی دەکرا بگوترێت لەم بابەتەدا گوترا. هەموو کەسێك دەتوانێ چۆنی دەبینێ وا هەلسەنگاندن بکات.

بە قەناعەتی من مرۆڤی ئێمە چەمکی پێبەند بوونی بە سەرکردایەتییەوە هەیە. سەدان سالە لە نێو بۆشایی سەرکردایەتیدا دەژی، بە تایبەتی لە ئاستی میللیداو تەنانەت سەبارەت بە چینە دەسەلاتدارەکانیش. هەروەها لە ژێر باری سەرکردایەتی ساختەی وەك ـ بۆ نموونە ـ سەرکردایەتی خێلەکیدا دەنالێنێ. ئەگەر لە سەرکردایەتی دوواین، ئەوا یەکەم شتێك بە خەیالیدابێ سەرخێل و ئاغای گوند و شێخ و سەرۆکی ڕێبازی سۆفیتییە و ئەم چەمکانەش بە خوا و پێغەمبەرەوە شەتەك دەدات. هێندێك چەمکی دیکەش هەن وەك مستەفا کەمال ئەتاتورك یا چەمکی

ئۆزال کە ویستیان پەل بهاوێژن. ناکرێت بیر لەوە بکەینەوە کە هەموو ئەمانە کارناکەنە سەر گەل. لەم سەروەختەدا (ئاپۆ)ش دەردەکەوێ. (ئاپۆی سەرکردە و سەرۆك). ئەم چەمکانە خەریکن پەرەدەستێنن و پەل دەهاوێژن. باوەڕم وایە کە بۆشایی مێژووی سەرکردایەتی و کاریگەری سەرکردایەتیە ساختەکان لەم ڕۆژەماندا کارێکی زۆر دەکەنە سەر گەلەکەمان. ئەم کاریگەریە پەرە دەستێنێ سەرباری هەموو کۆششێکی بزووتنەوەکەمان کە بەوە دەناسرێتەوە ڕوون و ئاشکرایە و هێزێکی گەورەی تێگەیشتنی هەیە. بەڵام سستی گەل لە ئاڵ و گۆڕی حیزبیدا و لە حالی بوون لە دەسەڵات و بە خۆگرتنی لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسیەوە و لە ئاستی کرداردا، وای لێدەکەن خۆی بە ئاپۆچی ڕابگەیەنێ بە بێئەوەی هەوڵێك بدات یا کارێکی دیار بکات. ئەوەی وا بە تەلەفۆن قسەم لەتەکدا دەکات، دەڵێت لێی‌نێزیك بوومەوە. ئەوەی وا کەمێك ئیشم لەگەڵدا دەکات، دەڵێت: وەك ئەوم لێ‌هاتووە. بە گشتی ئەو نەزانانەی کە وەك شوان لە گوندەوە هاتووە. یەکجار بەرز دەبێتەوە ، خۆ بە ئاغا دادەنێ تا هەموو گوندنشینان فەرمان بەرداری بن. ئەوەی وا دوێنێ نەیدەتوانی دوو بەرد لەسەر یەکدی دابنێ، دەبێتە سەرکردەی هێزێکی گەریلا ژمارەکەی سەدان کەسە. جا کە هەست بە هێز و تین و توان دەکات. عەقلی لە سەردا نامێنێ. لە کاتێکدا ئەگەر جاران چاوی بە پیاوێك بکەوتبایە نەیدەتوانی تەنانەت وشەی «مەرحەبا»ش بلێت، کەچی ئەمڕۆ بە وشەی «کوڕم» قسەی لەگەڵدا دەکات. گوتەیەك هەیە دەڵێت: «کردیان بە پاشا بۆ یەك ڕۆژ، چوو پێش هەموو شتێك باوکی خۆی لە سێدارەدا» ئەم قسەیە ئێمە دەگرێتەوە. ئەوانە ئامادەن لە پێناوی یەك ڕۆژی پاشایەتیدا ژیانیان بکەن بە قوربانی و ئەگەر ئەو ڕۆژەش هات لە پێش هەموویاندا باوکی لە سێدارە دەدات. هەوڵێکی بێ‌پسانەوەم داوە ئەم بارودۆخە قەدەغە بکەم و پێمگوتن: «ئاپۆ وا نی‌یە وەك ئێوە دەڵێن، ئەو پێش ئەوەی هەنگاوێکی بنێ چل جار دەیپێوێ و ، ئەوەی تا ئێستا دەیکات دەچێتە چوارچێوەی ئیشی خزمەتکارەوە. ئاپۆ ڕوو دەکاتە خاوێنترین خەڵك و لەوێڕا ڕوو بە پیسترینیان دەست پێ‌دەکات تا چەند سەعاتێکی درێژخایەن قسەی لەگەڵدا بکات و لە پێناوی ئەوەدا کە بیکات بە مرۆڤێکی سوودبەخش چی لە توانادایە بیداتێ. ئاپۆ پشتی بە کۆنترۆڵ و فەرمان ئەستوور نی‌یە تا ئیشی خۆی بکات». ئەگەر چی ئەم ڕوونکردنەوە نائاساییانە لە هەموو شیکردنەوەیەکماندا هەن و ئێوەش دەیانخوێننەوە و سەرەڕای ئەوەش تەقە لە سەریانەوە دێت.

ی.ك: بەڵێ ئەوەم خوێندووەتەوە، کرانەوەیەکی گەورە هەیە.

کاری من کاری ئەو مرۆڤەیە کە هەوڵی بەدیهێنان و پەرەپێدانی ئازادی خۆی دەدات.

س.پ: کەمێك لەمەوبەر باسی بەکارهێنانی کادیرانتان کرد. ئەوی ڕاستی بێ کادیرەکانم بە شێوەیەکی نائاسایی بەکارم دێنن.

ی.ك: ئاپۆی برام شتێکی لەوە زیاتر ئاسایی نییە، ئیدی بۆچی گلەیی دەکەن؟

س.پ: نەخێر، ئەوە سکاڵا نییە. من قسەت بۆ دەکەم بەڵکو تۆ لە هەڵسەنگاندندا یارمەتیم بدەی. ئەوان بە چەشنێکی سەیر بەکارم دێنن و من هەست بە خۆم دەکەم وەك بلیتی ئەو جەللادەم کە شەڕ دەکات. بۆیە دەیخەنە نێو یاریگایەك و ئاژەڵێکی درندەی بۆ بەرەڵا دەکەن. منیش لەم یاریگەیەدام و بیست ساڵە خەبات دەکەم و تاقەکەم یاریگەیەکیان لێپڕکردووم و هاواری وەك «براڤۆ و بژی»م لێدەکەن و چەپڵەم بۆ لێدەدەن و هێندێکیان ناوبەناو هەوڵدەدەن فریام بکەون. ناتوانم بڵێم تا ئەمڕۆ یارمەتییان داوم. ڕەنگە ئەوانە ببنە نێچیری شێر و گورگ و باڵندەی گۆشتخۆر، بەڵام شەڕی من خەباتێکی لەوە گەورەترە. ئەگەر بیرمان لە سەروبەری کێشەی کورد کردەوە، دەتوانین بەمجۆرە نموونانە شەڕ لێكبدەینەوە. من ناڵێم هەموو شتێك ئاوایە. وەك باستان کرد: «تۆ دوژمن دەخەڵەتێنی و کادیرانت بەڕێوەدەبەی». نەخێر، نەخێر من پێم خۆش نییە تەنانەت دوژمنیشم بخەڵەتێنم. ئەوەی کە پەنا بباتە بەر خەڵەتاندن دەدۆڕێنێ. زیانی کادیرانمان لە شەڕی باشوردا سەرەنجامی خۆهەڵخەڵەتاندنیان بوو. ئەوان بوون لە ڕاپۆرتەکانیاندا دەقاودەق نووسیبوویان: «ئێمە بەرخۆدانێکی کارا دژی سەرکردایەتیمان دەکەین، ئێمە سەرکردەی تەکتیکین و لەمێژە شەڕ بۆ سەرنەکەوتنی ئێوە دەکەین». ئەم قسەیە ڕاستە ئێستا سەرجەم کادیرانی (PKK) کارێکی شێلگیرانە دەکەن بۆ شکست پێهێنانی سەرکردەکەیان.

ی.ك: ئەمە شیاو نییە و پێم ناکرێت باوەڕ بکەم!

س.پ: ئێستا گوێم لێبگرە. دیارە تۆ بیر لەوە دەکەیتەوە ئەگەر ئاوابن سەرکردە چۆن لای خۆی دەیانهێڵێتەوە و چۆن بەو وەزعەیانەوە وازیان لێدێنێ. ئەمە هێزی سەرکردایەتی ڕوون دەکاتەوە. تۆ لە چوارچێوەی گشتییەوە لە مەسەلەکان دەڕوانی، خولیای ناکۆکییان لەلا بەدی ناکەی. سەبارەت بە گرێدرانیانەوە بە من، ئەوان لە خۆیان پتر بیر لە من دەکەنەوە و ئەم گرێدرانە نموونەی لە جیهاندا نییە. بەڵام سەرەڕای ئەوە من دەڵێم ئەوانە دژی منن.

ی.ك: لە ڕۆژنامە و کارەکانی دیکەدا بینیم و دەزانم هەموو ئەوانەی کە ئاپۆ دەیانڵێت جێبەجێ نابن. بەرهەڵستی دەکەن و جێبەجێی ناکەن. ئەوی ڕاستی بێ سەرباری خۆشەویستی زۆرتان لەم بزووتنەوەیەدا، پێداگرتنێك لەسەر تێڕوانینی بەرهەڵستان هەیە. ئەمە شتێکی باش و دروستە بە مەرجێك نەکێشێتەوە بۆ ئەنجامی خراپ.

س.پ: بێ‌گومان. دیموکراسی‌یه‌کمان هه‌یه زه‌حمه‌ته باوه‌ڕی پێبکرێت. کاری من کاری ئه‌و مرۆڤه‌یه که ئازادی خۆی به‌دی ده‌هێنێ و په‌ره‌ی پێ‌ده‌دات. ده‌مه‌وێ ڕاستی‌یه‌ك بزانن و ببینن: ئه‌وه‌نده هێزم هه‌یه به‌سه بۆ په‌ره‌پێدانیان به مه‌رجێك گرێدراو بن. واته پێیان وابێ ئه‌م مرۆڤه به ڕاستی په‌ره‌ی پێ‌داون و به‌م پێیه‌ش خۆیان گرێ بده‌ن.

ی.ك: ئه‌مه‌م دیوه و له ڕۆژنامه‌ی (یه‌نی ئولکه)دا نووسیومه و گوتوومه: «PKK به ته‌واوترین شێوه کادیران ده‌خاته‌کار». ئه‌وه‌ی دیومه (PKK) به‌رپرسی‌یه‌ك به کادیرێك ده‌سپێرێ، ئه‌گه‌ر سه‌رنه‌که‌وت ئه‌م به‌رپرسی‌یه‌ی لێ‌ده‌ستێنێته‌وه. به‌ڵام ناوی ناسڕێته‌وه، به‌ڵکو ئه‌رکێکی دیکه‌ی پێ‌ده‌سپێردرێت. ده‌رگای له به‌رده‌مدا کراوه ده‌بێ بۆ خۆپه‌ره‌پێدان و کاره‌کانی هه‌ڵده‌سه‌نگێندرێن.

س.پ: دیاره من هه‌ڵسه‌نگاندنێکی زۆر جیاوازم بۆ مرۆڤ هه‌یه. هه‌روه‌ها خستنه‌کاری کادیران به‌ته‌واوترین شێوه ده‌کرێت. ئه‌م هه‌ڵسه‌نگاندنه‌تان له جێی خۆیدایه، به‌ڵام هێنده‌تان پێ‌به‌سه ئه‌م مه‌سه‌له‌یه جێگیر بکه‌ن و بیڵێن. پێویسته تێبگه‌ن کادیران لای من چۆن ئیش ده‌که‌ن. هه‌وڵ بده‌ن باش له‌م خاڵه تێبگه‌ن.

ی.ك: ژیانی ڕۆژانه‌تان هیچ گرێ‌کوێره‌یه‌کی تێدانی‌یه، واته پرۆتۆکۆلی نی‌یه.

س.پ: پرۆتۆکۆل به‌لای منه‌وه قورسترین شته. ئه‌وه‌ی واته ده‌بێ دیپلۆمات و ڕه‌سمی بێ. جارناجارێك له دڵی خۆمدا بیرده‌که‌مه‌وه و ده‌ڵێم: ئایا ئه‌م خه‌سڵه‌ته‌م بۆ گه‌لی کورد به‌سووده یان زیانبه‌خشن؟

ی.ك: زۆر بێ‌گه‌ردیشن.

س.پ: به‌ڵێ من زۆر بێگه‌ردم.

ی.ك: وه‌ك ئه‌وه‌ی بڵێن: ئه‌گه‌ر داواکراو ئه‌مه بێ پێم ده‌کرێت بیکه‌م. به‌ڵام وای ده‌بینم نه‌یکه‌ن و به‌و شه‌قله بێگه‌رده‌ی خۆتان بمێننه‌وه، ئه‌وه باشتره.

س.پ: من نازانم داخۆ ئه‌مه باشه یان خراپه، چونکه هێندێکیان ده‌ڵێن: پێویسته سه‌رکرده بێگه‌رد و له‌سه‌رخۆ نه‌بێ، به‌ڵکو ده‌بێ ئاوا بکوژێ و ئاوا له سێداره بدات و ئاوا ڕه‌سمی بێ و ئاوا بایه‌خ به مه‌سه‌له ساده‌کان نه‌دات. ئه‌م هه‌موو شتانه شوێنه‌واریان له ژیانمدا نی‌یه و من بایه‌خ به‌م جۆره ڕێ و ڕه‌سمانه نادەم. به کورتی له‌وه‌دا زه‌حمه‌تی به‌دی ده‌که‌م و حه‌زناکه‌م ده‌سه‌ڵات به شێوه‌یه‌کی ڕه‌سمی یا به فه‌رمان ده‌رکردن به‌کاربێنم و ناتوانم بیرۆکراتی بم. ئه‌وه‌ی وا له ژیانمدا پێم باشه ئه‌وه‌یه بێگه‌رد و وه‌کو خۆم بم. ئه‌وه به‌لای منه‌وه باشترین ته‌رزی ژیانه. بێ‌گومان ئه‌مه ده‌رگا بۆ چه‌ند مه‌سه‌له‌یه‌کی دیکه ده‌خاته سه‌رپشت، وه‌ك ئه‌وه‌ی منداڵێك هه‌ستێ و بڵێت: ئه‌گه‌ر ئاپۆ ئاوایه، ئێمه بۆچێ ئاوا نه‌بین؟ ئه‌مه ده‌چێته چوارچێوه‌ی ئه‌و شتانه‌ی که که‌مێك له‌مه‌وبه‌ر باسم کردن. واته هه‌موو یه‌کێك خۆ به ئاپۆ ده‌بینێ و ده‌بێته هۆیه‌کی بڵاوبوونه‌وه‌ی ئه‌م تێڕوانینه. واته بڵێت: «ئه‌گه‌ر کابرایه‌کی ئه‌وه‌نده ساده و بێگه‌رد بووبێ به سه‌رکرده، ئێمه‌ش ئه‌گه‌ر هه‌وڵ بده‌ین ده‌بینه سه‌رکرده»و به‌م ته‌رزه بیر بکاته‌وه. بۆیه ئه‌ندامانی

(PKK) زۆربەیان سەرکردەن، بەڵام من وانیم. جارێکی دیکە جەخت دەکەم و بە تایبەتی کە ئێوە دەڕۆن و چیتان دیوە دەینوسن و گەلێك شیکردنەوەی لەسەر دەکەن، بە هەمووان بڵێن: «بە شێوەیەکی چەوت کارتێکراوی من نەبن و هەڵوێست لە دژم یا بۆ پشتگیریم دیاری مەکەن». من ئەم قسەیە بە هەڤاڵان و دۆستان و تەنانەت دوژمنانیش دەڵێم. ئەگەر کەمێکیش ڕێزم بگرن، تکاکارم هەوڵبدەن بە ڕاستی لێم تێبگەن. من بیر لەوە ناکەمەوە زیان بە تورکیا بگەیەنم و، پێویستە دوژمن قسە بیست بێ و کارێك بکات لێم تێبگات. هەروەها بە دۆستان دەڵێم: هەوڵبدەن کەمێك لێم حاڵی ببن. من مرۆڤێکی سادە و ئاسایی نیم، بەڵێ نامەوێ کەس لەسەر بنەمایەکی خەیاڵی هەڵمبەسەنگێنێ و بەنێو خەڵکدا بڵاوی بکاتەوە و دەرهەق بە من خۆ تێهەڵکێشی مشتومڕی درۆزنانە و چەوت بکات. ئەگەر یەکێك هەبێ و بیەوێ مشتومڕ لەسەر ئەوە بکات، دەبێ پشت بە ڕاستی ببەستێ و ڕاستی دەوری لەم مشتومڕەدا هەبێ و مشتومڕێکی هەڕەمەکی نەبێ. با لەسەر بنچینەی ڕاستیەکان چەند دەتوانن مشتومڕ بکەن. ئەگەر کەمێك ڕێزی منیان لەلایە. با باش لێم تێبگەن. گەلێك شیکردنەوە هەن، با بییانبەن و بیانخوێننەوە و وردیان بکەنەوە و لێی حاڵی ببن، ئەوسا دەکرێت پەرە بە مشتومڕ بدەن.

ی.ك: دەکرێت سەبارەت بەم بابەتە «هەموو شتێك بە کۆشش پەیدابکرێت» و ئەمە ناونیشانێکی کارەکەتان بوو.

س.پ: سەرجەمی کتێبەکان نمونەی ئەوەن. پێمگوتن: من بە جوانی پەموو چنینم کرد و پەمووم بە شێوەیەکی جوان کۆکردەوە.

بانگەوازێك ئاڕاستەی ئەدیبان دەکەم:
با لە خۆمان بپرسین، دەبێ ئەدەبی شۆڕشگێڕی کوردی چۆن بێ؟

ی.ك: ئاپۆی ئازیزم بێڵە ئەم پرسیارە بکەم: لە قسەکەتاندا سەرەداو بە دەستەوە دەدەن وەك بڵێی خەیاڵ بۆ ڕۆمانێك دادەنێن.

س.پ: ئەمجارە حەز دەکەن باسی ئەدەب بکەین؟ مەبەستم ئەوەیە دەتانەوێ سەرەداوەکە بگرن. ئەمە ڕاستە. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین گفتوگۆکەمان لە خەیاڵی ڕۆمانێك دەچێ. بە قۆناخی منداڵی دەستمان پێکرد و گەیشتینە ئەو ڕووداوە سیاسیانەی کە قەوارەی دەوڵەت دەمەژێنن. لامان لە گەلێك گۆڕانکاری کردەوە. تا گەیشتینە باری دەروونی و کەسایەتی ئاپۆ و باروودۆخەکەی و چۆنیەتی لێتێگەیشتنی. دەکرێت هەموو ئەمانە بە چاوی ئەدیبێك هەڵبسەنگێندرێن، دەنا چۆن دەتوانرێت هەڵبسەنگێنرێت؟

ی.ك: لەوانەیە خەیاڵێکی جێی قەناعەتی ڕۆمانێکی ئەدەبی بێ.

س.پ: بەڵێ، لەوانەیە ڕۆمانێك بێ بەربەرەكانێی كەڵە ڕۆمانەكان بكات.

ی.ك: ڕاستە و بەو تەرزە دەینووسم. بۆ ئەم مەبەستە پێویستیم بە پرسیاری جیاجیا هەبوو.

س.پ: من بەم بۆنەیەوە ئەم بانگەوازە ئاڕاستەی ئەدیبان دەكەم: با ڕۆمانێك لە بارەی ڕاستی كوردەوە بە گشتی بنووسین و بیكەینە دەروازەیەك بۆ ئەدەبی شۆڕشگێڕی و بزانین دەبێ چۆن بێ. با لە خۆمان بپرسین: پێوەندی ناوخۆیی لە ڕاستی کورددا چین،وە مێژوو و لایەنە هاوچەرخی‌یەكەی چین و چۆنیەتی لێ‌تێگەیشتنی. با بە چرو‌پڕی ئیش بۆ ئەوە بكەین. لینین لە ڕووسیا باسی ڕۆمانی «چی بكەین؟»ی چێرنفیسكی نووسەری كردووە. پاش ئەوەی هێندێك لە هەڤاڵان خوێندیانەوە ـ من هێشتا نەمخوێندووەتەوە ـ پێیانگوتم: ئەوەی وا لەم كتێبەدا هاتووە ئێمە لەگەڵ ئیشەكانی تۆدا بەراوردیان دەكەین، لە زۆر ڕووەوە لێكدەچن. پێم وایە ئەو ڕۆمانە ساڵی ١٨٦٠ ـ واتە لە سەروبەندی ڕزگار بوونی كۆمەڵگای ڕووسیدا لە دەست سەردەمی تێكشكان ـ نووسراوە و لام وابێ باسی كەسایەتی ڕۆشنبیری ڕووسی دەكات كە پەیدابوونی كەسایەتی دیموكراتی و سەردەمی سەرهەڵدانی ڕۆمانسیزمی ڕووسی دەستی پێ‌كردووە. هەڤاڵان دەڵێن: تۆ تا ڕادەیەك لەمە دەچی. دیارە لەبەرئەوەی كە نەمخوێندووەتەوە، ناتوانم هیچی لەبارەوە بڵێم.

ی.ك: ئەمەم پێ‌سەیر نی‌یە. ئێوە بە پێی ڕۆژگار دەبن بە كەسێكی ڕۆمانسی.

س.پ: سەربارى ئەوەی زۆر واقیعبینم. بەڵام لەوە دەچێ من بووبم بەوەی كە ئێوە دەیڵێن. لەم ماوەیەی دواییدا كەوتوومە بیر كردنەوە لە خۆم و دەڵێم: ئایا دەبمە ڕۆماننووس؟ هەروەها وشەی هونەرمەند زۆر دووپات دەكەمەوە.

ی.ك: تۆ زۆر بایەخ بە مرۆڤ دەدەی.

س.پ: بێ‌گومان. من مامەڵە لەگەڵ كچان و كوڕانی لاودا دەكەم و ئەو شتە دەكەم كە گەورەترین هونەرمەند پێی ناكرێ تا كەسایەتی‌یەكی گونجاویان بۆ پەیدا بكەم. یا بە واتایەكی دیكە بۆ ئەوەی ببمە ئەكتەری سەرەكی.

ی.ك: دەرهێنەر یا ئەكتەر؟

س.پ: من دەرهێنەر و ئەكتەریشم. من یەشار كەمال و ڕۆمانەكانیم بیر دەكەونەوە، بە لای منەوە زۆر سادەن.

ی.ك: باشە ئاپۆی برام با لە لایەكی دیكەوە بێینەوە سەری. لوتكەی ڕۆماننووسانی تورك (یەشار كەمال)ە كە ڕۆماننوسێكی توركە و بەڵام كوردە. لوتكەی شاعیرانی توركیش ماوەیەك لەمەوبەر كۆچی دوایی كرد، (جەمال سورەیا)یە و ئەویش كوردە. پاش ئەوە با بێینە سەر سینەما، دیارە لەوێ «یەڵماز گۆنای» هەبوو ئەویش كورد بوو. ئەوانە سەرجەم كورد بوون.

س.پ: (ئیبراهیم تاتلیس) لە گۆرانیدا و (هولیا ئاڤشار) لە سینەمادا دەخەمە پاڵ ئەوانە.

ی.ك: ئایا ئەوانە كوردن؟ ئەمە تورك چ دادوبێدادیێكیانە بە دەست میللەتەكەتەوە؟

س.پ: دیارە ئەمە ڕووداوێكی سەرنجڕاكێش دەنوێنێ. با ئەم بابەتە كەمێك ڕۆشن بكەینەوە.

ی.ك: ئایا (زیا گوگ ئالپ) بخرێنە پاڵیان؟

س.پ: بێگومان. خۆ (زیا گوگ ئالپ) ترۆپكی نەتەوەی تورك دەنوێنێ. من لەو باوەڕەدام كە قۆناخی ئەدەبی شۆڕشگێڕی دەبێت لە كوردانەوە دەست پێبكات و، دەستیش بە بەكارهێنانی زاراوەی دەرموشانەوەی كوردی كراوە لە ناوەندەكاندا و لەوانەیە ئەم زاراوەیە ڕاست بێ. ڕۆشنگەری كوردی بە پەرەسەندنێكی ڕاستەقینە و گرنگ دادەنرێت. ئێوە دەزانن ڕۆشنگەری سیاسی و ڕۆشنگەری كۆمەڵایەتی و فەلسەفەیی دەچنە خانەی ڕۆشنگەری كوردییەوە. بەڵام لایەنی گرنگی ئەم ڕۆشنگەریە مەیدانی ئەدەبە. من دەمەوێ باسی بایەخی ئەدەب و هونەر بە گشتی بكەم. وە بۆچی ئێمە پێویستیمان پێی هەیە. سیاسەت چالاكییەكە پشت دەبەستێ بە هێندێك ئایدیۆلۆژی و هێندێك زانستی سیاسی و، بە پەرەسەندنی ئەوان پەرەدەستێنێ. هەرچی زانستی سەربازیشن تەواوكەری سیاسەتن بە ئاگر و زەبروزەنگ. بەڵام سەیرم كرد ئەمە بۆ ئێمە بەس نییە. واتە ئێمە هەر ناتوانین ئاڵوگۆڕ لە مرۆڤدا بەدی بهێنین، وەك ئەوەی تۆ ئێسكبەندی بێگۆشت هەڵبەستێنی. وە ئەگەر گۆشتیش هەبێ، ئەوا گیان نییە. دۆخەكە تەواو هاوشێوەیە. وە بەتایبەتی لەم حاڵەدا هەست بە پێویستی هونەر دەكەین و لێرەشەوە گرنگی و پێویستی كوردان بە وێنەكێشان و ئەدیبان دەبینین. هەستم كردووە كە پەرەسەندنی ئەم لایەنە پەیوەندییەكی زۆر لە پسان نەهاتووی بە پرۆسەی شۆڕشگێڕییەوە هەیە، گۆرانیە كوردیەكان لەگەڵ پەرەسەندنی چالاكی شۆڕشگێڕانەماندا بڵاوبوونەتەوە، وەك تیپی هونەری هونەركۆم HUNERKOM و هاوچەشنەكانی. ئێستا ئەمە لە توركیاشدا بڵاوبووەتەوە. پاش ئەوە ـ وەك دەزانن ـ نووسەران و وێنەكێشانی كورد دەركەوتن و كتێب و ڕۆژنامە دەركران. هەمووشیان لەبەر پەیوەندی توندوتۆڵیان بە تێكۆشانی شۆڕشگێڕانەوە گەشە دەكەن، دیارە ئەمە بەس نییە. ئەوەی كە هەیە حاڵی حازر كەم شارەزا و پیشەدار نییە و لە جۆرە زۆر هەرزان بەهاكەیە.

ی.ك: بە لای ئاسانیدا دایدەشكێنێ.

بەشار كەمال پێبەستەی پەیمانامەی میللی بوو و چالاكی ئەدەبی لەسەر ئەم بنچینەیە بنیات ناوە.

س.پ: من وای دەبینم مەترسی ئەو ئەدەبەی كە بەرەو ئاسانی هەڵدێت زۆر

گەورەیە. بەو پێیە باشترین کەسێك بۆ دەربڕینی ئەدەبی هەر کارێك ئەوەیە کە چالاکی شۆڕشگێڕانە بکات و پێویستە لەسەری هەست بەم بەرپرسی‌یە بکات، وام‌گوت. من زۆر لەمێژە بیر لەم مەسەلەیە دەکەمەوە و چ شیکردنەوەیەك پێویست بێ دەیکەم و دەمەوێ لە شێوەی ڕۆماندا بێ. جاروبار لە ڕۆمان تێ‌دەپەڕینێ. ئەگەر خوێنەرتەوە هەستی پێ‌دەکەی وەك بلێی لە ڕۆمانەوە نێزیکە. واتە لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی سیاسی دەردەچێ. ئەگەر سەرنج بدەن هەموو هەڵسەنگاندنەکانم بۆ ئەوەن پشت بە سنووری ئەدەب ببەستن. وەك لە دەربڕینەکەتاندا ئاماژەتان بۆ کرد«ئاوا جوانە، ئاوا باشترە»و ئەم شێوەیە دووپات دەکەنەوە. ئەم وشانە دەچنە نێو دنیای ئەدەبەوە. ئێوە پەنا بۆ ئەدەب دەبەن تا ئێمە هەڵسەنگاندن بکەین. من تێبینی ئەوە دەکەم ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ڕووی سیاسی وئایدیۆلۆژی‌یەوە بەسەر مرۆڤی کورددا دێن ، بە وشە دەرنابڕدرێن. بۆیە پێویستە لایەنی ئەدەبی و هونەریش گەشەیان پێ‌بدرێت و من بە پێویستیان دەبینم.

ی.ك: من زۆر بەختیارم کە ئەم قسەیە لە ئێوە دەبیستم.

س.پ: بێ‌گومان بەرپرسی زیاد دەکات. بە تێروتەسەلی بیرم کرووەتەوە و گوتوومە: ئەگەر لایەنی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و سەربازی پەرە پێ‌بدەین و ڕێبەری ئەم هەموو چالاکیانە بکەین، ئەوسا کێ سەرکردایەتی هونەر و ئەدەب بکات؟ ئەم لایەنانە چی‌یان لێ‌بەسەر دێت؟ ئایا یەکێکی دیکەی جگە لە ئێمە ئەم کارە دەکات؟ ئەو کوردانەی کە لێ‌یان دوایین سەرکردایەتی ئەدەب و هونەری تورکی‌یان کرد. لەگەڵ خۆمدا چاوەڕێم کرد یەکێکیان یەك هەنگاو بنێت. بەڵام بینیم کەسیان لە نێودا نی‌یە ئەوە بکات. ئەگەر ڕوانیمانە یەشار کەمال بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو لە (وان)ەوە کۆچی کردووە. ساڵی ١٩١٥ کۆچی بۆ «چوقوور ئۆفە» کرد. ئەمە لە پاشماوەی کوشتارەکانە. مخابن لە بنەڕەتی مێژوویی خۆی رادەکات و هۆی سیاسیش لە پشت ئەم ڕەوشەیەتی و بەخۆدا ڕانابینێ بیرەوەریەکانی و بەسەرهاتی بنووسێتەوە و بە شێوەیەکی ئەدەبی دایانبڕێژێتەوە. تەنانەت بەرهەمی ئەدەبی بە تورکی دانانرێت، چونکە ئەم ئەدەبە هەوڵدەدات تێڕوانینی کەمالیزم گەشە پێ‌بدات. ئەم یەشار کەمالە لەو جۆرە نی‌یە کە ناتوانێ دڕندایەتی کولۆنیالیزمی تورکی و کوشتاری ئەرمەنی ببینێ، بەڵام نایەوێ لا لەو بابەتانە بکاتەوە چونکە لە چوارچێوەی پەیماننامەی میللی و لەسەر بنچینەی پێوەگرێدانی ئیش دەکات. (ئەحمەد عارف و جەمال سورەیا)ی جووتە شاعیریش، پێم وایە یەکێکیان ڕۆڵەی دیاربەکر و ئەوی دیکەیان ڕۆڵەی دێرسیمە. کوڕی دیاربەکر لە (جان کایا) جێگیر دەبێ و بیست ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە و یەك هەنگاو بەرەو (ئامەد) نانێت. هەرچی (جەمال سورەیا)شە، ئەوا ئەو لە منداڵەکانی کوشتارەکانی دێرسیمە، بەڵام لە شیعرەکانیدا یەك وشە لەسەر دێرسیم ناڵێت و باشترین شیعرەکانی بە تورکی و لەسەر بنچینەی ڕاستی تورکی دەنووسێ.

ی.ك: لوتکەیەکە لە لوتکەکانی شیعری تورکی. ماوەیەکی کورت بەر لەوەی

بمری و ڕۆژێکیان له شوێنێکدا کۆببووینەوە، له پەنامەوە دانیشت و ماچی کردم و به گوێمدا چرپاندی و گوتی: «یالچین منیش کوردم».

س.پ: بەدزی‌یەوە گوتی. وانی‌یە؟

ی.ك: با بلێین شاعیرانه گوتوویەتی!

س.پ: هەڵسەنگاندنێکی منیشی کردبوو. وەختێك گۆڤاری (بەرەو ساڵی ٢٠٠٠) دیدارێکی لەگەڵدا کردم، گوتی: ئەو دیدارە زۆر کاری تێ‌کردم. پێم وایە ئەگەر ماوەیەکی درێژتر بژیبایە، هەوڵی نیزیکبوونەوەی دەدا. پێویستە به ڕێزەوە یادی بکەینەوە. سینەماسازی (یەڵماز)یش هەیە، پێویستە کەمێك ڕۆشنی بکەینەوە. ئەوەی مەبەستمە: من یەکێکم له نێو هونەرمەندان نەدیوە به دروستی لای له ڕاستی کوردی کردبێتەوە. هەموویان هەوڵیاندا چەمکە کۆلۆنیالیەکان پووش بەسەر بکەن، یا هەقی خۆی نەدەنێ. تەنانەت ئەوانەش کە هەقی خۆیانیان دایێ هەوڵەکانیان نەڕژاندە نێو کەناڵە شۆڕشگێرەکانەوە. ڕەنگە لەبەر هۆی یاسایی یا لەبەر بێ توانایی‌یان بووبێ، چونکە دەبوو هەست بەم ڕاستی‌یە بکرێت و گەرمی تێکۆشان به گۆشت و ئێسقان بگەیەندرێت. پێم وانی‌یە ئەم هێزەیان هەبێ و ناتوانن ئەو دژواریانە تێ‌بپەڕێنن کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە.بێ‌گومان ئەم بەهانانە نە بەرپرسی لەسەر مرۆڤ هەڵدەگرن و نە کێشەکەش چارەسەر دەکەن و دەبێ چارەسەرەکەی به ڕێگایەکی شۆڕشگێرانە بێ. ئەم بەرپرسی‌یە به تێپەڕینی ڕۆژگار دەکەوێتە ئەستۆمان. به هۆی ئەم پێویستییەوە وەڵامی پرسیارێکم دایەوە دەڵێت: «ئایا هەڵوێستی چاوڕوانکراومان سەبارەت به ئەدەبی شۆڕشگێری کوردی، یا به گشتی سەبارەت به هونەر لەکوردستاندا چی‌یە؟».پرسیارەکانی تۆ له دەوری ئەم خاڵە دەخولێنەوە. پێوەندی کوردیتان لەم مەسەلەیەدا بۆ باس دەکەم. ناوبەناو له دڵی خۆمدا دەمگوت ئەگەر من بیرم له نووسینی ڕۆمانێکی کوردی کردەوە، ناوەکەی چی دەبێ؟ خۆمم دەخستە شوێنی ئەو ڕۆمانەی کە چنینەکەی لەسەر پێوەندیەکانمە و ڕووداوەکانی بەپێی ئەم شیکردنەوە و هەنگاوە گەورانە پەرە دەستێنن کە له ڕێگای ئازادی بەدی‌یان دەهێنین. جاروبار بیرم لەوە دەکردەوە ناوی ڕۆمانەکە (له ڕێگای ئازادیدا) یا(پێوەندیە ئازادەکان) بێ، ئەمجا دەهاتمە سەر ئەوەی کە بڵێم ناوی ڕۆمانەکە (گرێی کوردی) بێ، یا تاو نا تاوێك دەمگوت (کەم شەرەفی کورد)، دەکرێت هەموو ئەمانە ببنە ناوی ڕۆمانەکە. جاروبار بیر لەناوی دیکە دەکەمەوە. بەڵام ڕاستی‌یەك هەیە لەم هەموو ناوانەدا به دوویدا دەگەڕێم و ئەویش ناسنامەی کوردی‌یە یا ناسنامەی ون بوو. تۆش دەڵێی: (کورد). بەڵام شتێك نی‌یە کورد خاوەنی بێ. ئایا کورد له کەم شەرەفی و خیانەتکاری بەدەر هیچی هەیە؟ لەوە بترازێ چی دیکەی هەیە؟ ئایا بڵێین ڕۆمانی خیانەتکاری یا ڕۆمانی کەم شەرەفی ئەمە ڕۆمانێکی تازە نابێ و شایانی نووسین نییە.

ی.ك: بێ‌گومان نانووسرێت. پێویستە ڕۆمانەکە ئومێدی تێدابێ.

س.پ: بەڵێ ئەوسا دەڵێم: ڕۆمانی شەڕ دژی بێ‌شەرەفی و خیانەتکاری ڕۆمانێکی

بێ‌وێنە دەبێ. لە دەسپێکی ئەم بیرۆکەیەوە ئەو مەودا سۆزاویانەم بە خەیاڵدا دێن کە شەڕی ڕزگاری نیشتمانی بە سەرکردایەتی (PKK) لە مرۆڤی کوردda خوڵقاندوونی، دەکرێت ئەوە لە ڕێگەی پێوەندی (PKK) بە ئەدەبەوە لێکبدرێتەوە. دوورایییەکی سۆزاوی هەیە، لەوانەیە لە بنیاتی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)دا هەستی پێ‌بکەین کە لە پێوەندی گوندنشینی‌یەوە سەرچاوە دەگرێت. مرۆڤێك هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە شێوەیەکی تازەی وەرگرتووە و کەسایەتی‌یەکی پەرەسەندووە بە تەواوی کەسایەتیە کۆنەکەی ڕەتدەکاتەوە. تەنانەت چەمکی خێزان و چەمکی کۆنی شەرەف و ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی تورکیا ڕوویان لە دیاریکردنی دوورایی گەورە کردووە. بەڵام هەر ئەمە و هیچی دیکەنا. لە کاتێکدا سەدان کەس لەو کچە گوندنشینانە دێنە لامان کە خوێندنەوە و نووسین نازانن و سەر بۆ ئاسمان بڵند دەکەنەوە و کە لێیان دەپرسین ئاخۆ هیچ دەزانن؟ وەڵامەکەیان «نا»یە، واتە ڕەتکردنەوەیەکی توندی واقیع.

ی.ك: بەڵام من ئەمەم بینی و زۆر پێی دڵخۆش بووم.

س.پ: هەتا ئەو شوانەش کە کتوپڕ واز لە مەڕ و ماڵاتەکەی دەهێنێ و خێرا دێتە پاڵ(PKK)، وە ئازادی (PKK)و ئەو ئافرەت و شوانەی کە دەچنە پاڵ (PKK)و مۆرکی جۆراوجۆری گوندنشینان، وە کۆکردنەوەی ئەم هەموو خەڵکانە لە یەك سوپادا و هەزاران هەستی سەرهەڵدا و لەم سوپا پێکەوەنانە و بیری بەرهەمی شۆڕش و سەرجەم تەرزەکانی ژیانی تازە بە لایەنە تراژیدی و کۆمیدیەکانیەوە و بە خۆشی و ناخۆشی‌یەوە.... ئەم هەموو مەسەلانە بە کەڵکی ئەوە دێن ببنە ڕۆمانێك یا شانۆنامەیەك یا فلیمێکی سینەمایی.

ی.ك: ئەو جەماوەرەی کە زمان و نەتەوایەتی خۆی دەشاردەوە، بووە بە جەماوەرێك بیست وچوار سەعات بە کوردی گۆرانی دەڵێت.

س.پ: ئەوە لە کردار و ڕواڵەتی دەرەوەشیاندا ڕەنگ دەداتەوە. ئەوان لە من پتر ڕەنگی سور و زەرد و سەوز هەڵدەواسن و هۆڕا و دروشم دەڵێن، ئافرەتان هەلهەلە لێدەدەن و کوڕی پرسە بۆ شەهیدان دادەنرێت و دەڵێن: ئێمە کوڕمان یا کچمان وەك زاوا و بووك بە خاکی نیشتمان بەخشی و هەردوو زاواو بووکی کوردستانن و لەمەستی‌یەکی بێ‌وێنەدا دەژین.

ی.ك: نەریتی ڕەنگی سەوز و سور و زەرد لەگەڵ پەیدابوونی (PKK)دا دەستی پێ‌کرد.

س.پ: بەڵێ، ئەوە لە ڕۆژنامەکانیشدا ڕەنگی دایەوە. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئەو خەڵکانەی کە جاران یەکتری‌یان بۆ مریشکێك دەکوشت و نەیاندەهێشت کوڕەکانیان یەك سەعات لەگەڵماندا بمێننەوە، گەیشتە پلەیەك چەند کوڕێکیانی تێدا بە کوردستان دەبەخشن و دەڵێن: من کوڕەکەمم بە کوردستان بەخشی، یا من کچەکەمم کرد بە بووکی کوردستان و بۆ ئەمە هەلهەلە لێدەدەن. هەموو ئەمانە مزگێنی ژیانی تازەن.

دیاره ئەم گۆڕانکاریانە بە لای ئێمەوە سەرپێین. پێویستە بە شێوەیەکی قووڵتر حاڵی ببین و بۆ یەکەمجار ڕۆمان و هەروەها شیعر و گۆرانی کوردی دەربکەون، دەبێ لەو قۆناخەدا بژین و پێی بگەین. دەبێ ئەدیب و ڕووناکبیری شۆڕشگێڕ گشت لایەنێکی ئەم قۆناخە هەڵبسەنگێنێ. ئێمە لەم قۆناخەدا سەرلەنوێ مێژوومان ژیاندەوە. مێژووی خیانەتکاری تووشی نەمان دەبێ و دیسان مێژووی ئازادی سەرهەڵدەداتەوە. با بڕوانین لەناوەوە و دەرەوەدا چی بەسەر خیانەتکاراندا هاتووە. با بڕوانینە مەزنی شەهیدبوون و بەرخۆدان، لە کاتێکدا دەکرێت پێوەندی تێکهەڕیوی ئەم هەموو مەسەلانە لە ڕۆمان یا شیعر یا گۆرانییەکدا دەرببڕێت و دەکرێت ئەوە بە فلیمێکی سینەمایی ڕوون بکرێتەوە. شیکردنەوەی سیاسیم و ڕێکخراو دامەزراندنم و سوپا پێکەوەنانم لەم مەسەلەیەدا بەس نین. بۆیە دەبێ ئەدەب و هونەر لەم قۆناخەدا بچنە نێو شۆڕش. بەڵام ئەگەر تەماشای هونەرمەندی خۆمان بکەین، بۆمان جوێ ناکرێتەوە کە داخۆ هونەرمەندە یان خیانەتکارە،وە لەلایەنی پراکتیکییەوە دەرهەق بە گەل و ڕاستی خۆی دەوری خیانەتکاری دەبینێ.

ی.ك: بەشێك لەوانەی کە ناچنەپاڵ خیانەتکاران، پەنا دەبەنە بەر ئاسانی و کاتێك لاساییتان دەکاتەوە. پێیوایە بووە بە ئەدیب.

س.پ: ئەگەر بەهرەی ئەدەبیشی هێندەی دەیەکێکی ئەوەی کە من هەمە نەیبێ، خۆی بە کۆلەکەیەکی ئەدیبان لە قەڵەم دەدات. ئەدەب بەم شێوازە نابێ. با بچنەوە سەر کتێبەکەی چێرنشێسکی «چی بکەین؟»و با بڕوانە ئەو دیموکراسییە شۆڕشگێرییەش کە گەیشتووەتە کرۆکی ئێسقان و با نیشتمانپەروەرانە گوێ بگرن و دۆستۆیفێسکی بناسن و ئەوە بە کوردستان بگرن. من «تاوان و سزا لە کوردستاندا»م بە مانای سیاسی نووسی. ئەگەر ئەدیبێك لەجیاتی من بینووسیبایە، بە شێوازێکی ئەدەبی دەینووسی، دەکرێت تاوان و سزا لە کوردستاندا بکرێتە بابەتی چەند ڕۆمانێك. خیانەتکاری و بەرخۆدانی گرنگ لە کوردستاندا و سەدان وڵاتپارێزیش هەن لە نێو ڕیزەکانماندا تێدەکۆشن و ئەو هەڤاڵانەی کە دوا بۆمبیان بە خۆیاندا دەتەقێننەوە و ئەوەیان لە تەسلیم بوون بە دوژمن پێباشترە. هەر ئەم ساڵە نیزیکەی پەنجا کچی شۆڕشگێڕ دوا گوللەی خۆیانیان بە خۆیاندا تەقاند. تا خۆ بە دەست دوژمنەوە نەدەن. دەشێت هەر یەکێك لەوانە ببێتە بابەتی گەلێك ڕۆمان. هەروەها ژمارەیەك کچمان لە نەورۆزدا ئاگریان لە خۆیان بەردا. دەشێت و دەبێ هەموو ئەوانە بابەتی چەند ڕۆمانێك پێك بهێنن. نموونەی دیش هەن وەکو گەمارۆی پێنج هەڤاڵ لەلایەن ١٠ هەزار سەربازەوە بۆ چەند مانگێك و بەرخۆدانی مەزنیان لەم ئابلوقەیەدا. هەروەها سەدان هەڤاڵ لەچیاکاندا ڕەق بوونەتەوە. ئەوانەش هەن کە بە چەکی کیمیایی سووتان و گوندەکان چۆڵ کراون. بە تەنێ لە(شەرناخ) نزیکەی سێسەد ئاژەڵ لەنێوبران. ئەم هەموو بابەتانە دوورایی ئەدەبییان هەیە. گەلێك گوند چۆڵ کران و گەلێك شاری تازەش بنیات نران. دەبوو ئەم هەموو ڕووداوانە دوورایی ئەدەبییان هەبێ. بۆیە من دەپرسم: ئێوە بە ناوی ڕۆژنامەی

«ئوزگوور گوندەم»ەوە دێن. ئەی بەڕێزە گوندەمی‌یەکان: تا چ ڕادەیەك ئەم ڕووداوە سیاسی و ئەدەبیانە بڵاودەکەنەوە و لە ڕۆژنامەکەتاندا ڕەنگی پێ‌دەدەنەوە؟ هەروەها دەپرسم و لەو تورکانەش دڵگرانم کە لافی ئەوە لێدەدەن دیموکراتی و شۆڕشگێڕن. زۆرتان لەسەر ڤێتنام و سلفادۆر و نیکاراگوا نووسی و دوو بستی زەویتان لە هیچ خاڵێکی دنیادا بە جێ‌نەهێشت تا لەسەریتان نەنووسی! ئەی بۆچی لەسەر ئەو کوردستانە نانووسن کە هەزار ساڵە کۆڵەکەی بنچینەیی ئێوە پێکدەهێنێ؟ دەکرێت لەسەر ناوەکەی بنووسن... بارودۆخەکەی و شێوەکەی، بۆچی وتارێك یان دووان لەسەر کوردستان نانوسن!... کوا ڕۆشنبیری و دیموکراتیتان؟ گەلێك شاعیر و ڕۆمانووستان هەن با بە حسێبکاری خۆیاندا بچنەوە. ناڵێم هەر لەسەر کورد بنووسن، بەڵکو پێویستە لەسەر تورکیش بنووسن. ئەگەر چارەنووسی کوردو تورك پێکەوە گرێدراون، ئیتر بۆچی نانووسن؟ سیاسەتمەدارانی تورك هەموو ڕۆژێك بێ‌شەرمانە هاوار دەکەن: هەزار ساڵ پێکەوە لەسەر ئەم خاکە بە برایانە ژیاین. ئەگەر وایە، بۆچی یەکێك لە براکان بە دەست برسێتی‌یەوە دەناڵێنێ و کوا زمان و ژیان و ڕۆشنبیریەکەی؟ ئایا داروباری باشە تا بڕوانینە وەزعی؟ ئەگەر بە ڕاستی برای ئەویت و خاك و پارەی نادەیتێ، لانی کەم لە داروباری بپرسە، وانی‌یە؟ ئەمە وا دەگەیەنێ کە کارێکی دووروانە لە ئارادایە. ڕۆشنبیری تورك لە بەردەم ئەم بارودۆخەدا لە جێی گوناحباری گەورەدایە. بۆچی لە قسە دەترسێت هێندەی ئەوەی کە سیاسەتمەداران لە کورد دەدوێن؟ ئەدیب و هونەرمەند دەم هەڵناهێننەوە. هونەرمەند لەم مەسەلەیەدا لە سیاسەتمەداری تورك کۆنەپەرستترە.

ی.ك: لەم کاتەدا وایە.

س.پ: بێ‌گومان وایە. پێش هەرکەسێك.. ئەو مامۆستایانە... مامۆستاکانی زانکۆکان کۆنەپەرستی‌یەکی ترسناکیان هەیە لەهی هونەرمەند و سیاسەتمەدار تێ‌دەپەڕێنێ. سەرباری ئەوە، خۆیان بە نوێنەری زانست دەزانن. ئەوە چۆن وا دەبێ؟ ئەی مامۆستایان چۆن بەم بارودۆخە قایل دەبن؟ ئایا خیانەتکردن لە زانست دەگاتە ئەم پلەیە؟ چۆن ئەوەتان بۆ خۆتان پێ‌قبووڵە؟ من وەك مرۆڤێکی پێبەستەی زانست، ئەگەر هەزار هەر هەزار بێ من دەڵێم هەزار. چۆن وای حسێب دەکەن کە هەزار بوونی نی‌یە؟ ئەوانە بە ڕاستی بە نەبووی دادەنێن، ئەو پیاوانەی زانست بە چی ناوبنێین؟ تەنانەت پیاوانی کڵێسەش تا ئەم ڕادەیە باوەڕیان بە گەندەبێژی‌یان نی‌یە.

دەبێ بە ڕاستی لەو پێوەندیانەی کورد یا سیستەمی ئەم پێوەندیانە کە لێ‌یان دەدوێن، تێ‌بگەن. ئێوە لە پرسیارەکانی پێشوودا باسی مەسەلەی خۆشەویستیتان کرد. لەوانەیە ڕێگای ڕوو بە خۆشەویستی ببێتە بابەتی ڕۆمانێکی باش. من هێشتا لە ڕیزەکانی (PKK)دا شەڕ دەکەم تا بە چەمکێکی ڕاستی خۆشەویستی بگەم.وە شەو و ڕۆژ لەم ناوەندەدا دەژیم و ناتوانم وا لەخۆم بکەم باش لێم تێ‌بگەن.

ئەگەر توانیم، ئەوە لەسەر حسێبی ئەم دژواریانە دەبێ. گەلێك ڕووداو لەم بابەتەدا هەن ڕۆژانە لەگەڵیاندا دەژیم تا ڕێگای ڕوو بە خۆشەویستی دیاری بکەم. جا هەر چۆنێك تیۆری ئەوە دابنێم و بەکردەوە ئەنجامی بدەم، ڕۆژی دوایی سەیر دەکەم دەیانەوێ چیم کردووە لێم هەڵبگەڕێنەوە.

ئەگەر بوونی یەکێکی (ئاپۆ) ناو نەبووایە، ڕۆژی (١٠) تاوانم لە دەست دەقەوما و خەڵك خۆیانیان بزر دەکرد. لێرە دەمەوێ بۆ ڕوونکردنەوە باسی ڕووداوی (یەلماز گۆنای) بکەم. بە باوەڕی من ژن دەورێکی گەورەی لە دوایی پێهێنانی (یەلماز)دا هەیە. ئەمە بۆ خراپە کردن دەرهەق بە (فاتووش) نالێم. وەك دەڵێن (فاتووش) پێوەندییەکی بە (کەندال)ەوە هەبوو و، (یەلماز) هەوڵیدا کەندال و فاتووش و خۆی بە ڕووداوی ئۆتومبیل بکوژێ. من ئەمە دەڵێم تا ڕوونی بکەمەوە ئەوان چۆن ئەم مەسەلەیەیان کرد بە کەرەستەیەك بۆ دیماگۆگییەت. "ئەگەر دۆخەکە ئاوابێ، با بەختیاری نۆشی گیانیان بێ. بەڵام دەزانن (یەلماز) حاکمێکی لە پێناوی ئەم ژنەدا کوشت و ماوەیەکی درێژخایەن لە بەندیخانەدا مایەوە و پاش ئەوە بۆ (پاریس) هەڵات. پێم وایە ئەو نەخۆشی شێرپەنجەیەی کە تووشی بوو، سەرەنجامی بەندیخانە و ئەو بارودۆخانە بوو کە باسم کردن. بەو پێیە ئاکامەکەی زۆر تراژیدی بوو.

ی.ك: ئایا پیاوی کورد لە دۆخێکی ئاوادا خۆی دەکوژێ؟

پێویستە لەسەر مرۆڤی کورد
خێزان لە گشت لایەنێکییەوە بە باشی شیبکاتەوە.

س.پ: پێموایە ئێمە ڕووبەڕووی دۆخێکی سەیری مرۆڤی کورد دەبینەوە. (یەلماز) ئەکتەر بوو و پێوەندییەکی زۆر و زەبەندی بە ئافرەتانەوە هەبوو و دواجار کچی کابرایەکی خاوەن کارگەی هێنا. لە ئەنجامدا ژنە بارودۆخێکی قورسی بۆ خولقاند. بەڵام نەیتوانی مەسەلەکە چارەسەر بکات. لەوانەیە (یەلماز) جەربەزە و لە شۆڕشگێڕییەوە نێزیك بووبێ، کەچی زۆر دوور بوو لەوەی کە خودی خۆی شیبکاتەوە نە مەسەلەی کوردی شیکردەوە و نە توانی هونەر بە باشی شیبکاتەوە. ئەوە بوو (یەلماز) ئافرەتێکی حازر بە دەستی لەو ناوەندە دامەزراوە برد و ژیانی لە پێناوی ئەو ئافرەتەدا بە قوربانی کرد. دەری نەبرد و ڕۆیشت. واتە قوربانی دەستی ئەو بوو.

ی.ك: ئاوا ئەم مەسەلەیە هەڵدەسەنگێنن؟

س.پ: بێگومان. یەلماز ڕۆمانێکی نووسیبوو و لە گەلێك فلیمدا دەوری دیبوو. پێویستە فلیمێکی خەمناك لەسەر ژیانی بەرهەم بهێنن. دەبێ فلیمی (یەلماز) هەر خۆی شیبکاتەوە. ئەمە دەڵێم چونکە یەلماز ڕووداوێکی ناوازە بوو.

ی.ك: باشە ئاپۆی ئازیزم. ئایا ئەوە چارەنووسی ڕۆشنبیری کوردە؟ خۆ (یەشار

کەمال)یش ژنێکی جوولەکەی یەکجار کراوە و دەوڵەمەندی هێناوە کە بە چەند زمانێك دەدوێت.
س.پ: جوولەکە بە گشتی، ئەو مرۆڤانەی کە بەهرەمەندن بە ڕێگەی ژنهێنانەوە کۆنترۆڵیان دەکات.
ی.ك: (یەشار کەمال)یش لەگەڵ (تیلدا)ی ژنیدا دەچووە بۆنە نێودەوڵەتیەکان.
س.پ: هەموو کوردێك یارێدەدەرێکی لەم جۆرە و خولیایەکی واشی هەیە. باسی ئەزموونی خۆمم بۆ کردن. بەڵام بۆ ئەوەی زۆر و ستەم لە هاوڕێکەم نەکەم، زۆر بە وریاییەوە لام لە بابەتەکە کردەوە. کورد چەمکێکی تایبەتی لەبارەی ئافرەتەوە هەیە. ئەرکی ئەدەبی شۆڕشگێڕیش ئەوەیە پێوەندی شۆڕشگێڕانەی نێوان کورد و ئافرەت و خێزان ڕۆشن بکاتەوە. دەرخستنی ئەم پێوەندیانە ئەرکێکی زۆر گرنگە، پێویستە ئەدەب و هونەر ئەنجامی بدەن. لە ڕێگای ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی خۆمەوە ئەوەم بە ئەنجام هێناوە: ئەگەر خێزان و ئافرەتم شیئەکردبایەوە، ئەوسا (ئاپۆ) بەم سەرکەوتنە نەدەگەیشت، یان هەزارجار تووشی پاکتاوکردن دەبوو.
ی.ك: ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە.
س.پ: بە وورپایی و بێئەملاوئەولا دەڵێم: پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێکی کورد خێزان لە ڕووی مێژوویی و سیاسی و کومەڵایەتی و ڕۆشنبیری و جنسی‌یەوە شیبکاتەوە. شیکردنەوەیەکم لەسەر جنس هەیە، پێویست ناکات لێرەدا وردەکاریەکەی باس بکەم. وەك گوتم دەکرێت ئەمەش ببێتە بابەتی کتێبێکی ئەدەبی. شیکردنەوەی جنسی شتێکی لە خۆیدا گەورەیە. ناکرێت بە بێشیکردنەوەی بابەتە جنسیەکان، پیاو و ژنی کورد بە شێوەیەکی بنچینەیی بناسین و زەحمەتە خێزانی کوردی بدەینە ناسین. هەروەها زەحمەتە لە تاوانەکانی نێو کوردستان و خیانەتکاری و نۆکەرایەتی حاڵی بین. بەوپێیە زەحمەتە لە نۆکەرایەتی و کۆلۆنیالیزم حاڵی ببین.
ی.ك: پێم وابێ لە گفتوگۆی پێشووماندا گوتتان: پێوەندیم بە ئافرەتەوە ئەوەیە من بە خولقاندنی «هەزار گەریلا لە ئافرەتان» تۆڵەی لێدەستێنمەوە.
س.پ: ئەزموونێکی پێکەوە ژیانم لەگەڵ ئافرەتدا هەبوو. ئەو کاتە هەڤاڵانم دەیانگوت: «ئێمە زۆرمان پێسەیر بوو کە پێوەندیت لەگەڵ ئافرەتێکی لەم جۆرەدا بنیات نا، بە تایبەتی کە لە پشتی خێزانێکی نۆکەرەوە کەوتووەتەوە. گوتمان: با بڕۆین لەنێوی ببەین، چونکە سووکایەتی بە سەرکردەی ئازیزمان دەکات و بەوەش گوناحەکانی زیاد دەبن. ئێمەش بڕیارماندا لەنێوی ببەین». ئەم ئافرەتە یەکجار چەپەڵ بوو، وا خۆی دەردەخست وەك بڵێی بە پەتێك بەستوومیەوە و بە دووی خۆیدا بەکێشم دەکات. وای لە هەڤاڵان کرد بەم شێوەیە لە باروودۆخەکە تێبگەن و ئەوەش زۆر تووڕەی کردن. تەنانەت شەڕی لە دژمان دەکرد و دەیگوت: «ئەگەر مێیەتی منت دەوێ، دەبێ کوردستان و حیزب (PKK) بە منەوە گرێ بدەی». دیارە ئاشکرا بوو ئەو گرێدانە پاش ئەوە ڕووی لە چ لایەك دەکرد.

لەوانەیە ئەم خاڵە بووبێ وای لێ‌کردبم لە کاتی مامەڵەی سیاسیدا زۆر قایمکاری بکەم. ئەمەش وای لێ‌کردووم لە پیاوی ئاسایی کورد تێپەڕ بکەم. ئەوان ئەم جۆرە ئافرەتە تەلاق دەدەن یا دەیکوژن. کورد و تورك ئەمەیان هەیە. بەڵام من ئەوەم نەکرد. نە کوشتم و نە پێمگوت: «تۆ تەڵاقدراوی»و نەوام لێ‌کرد هەڵبێت و نە خستمە بەر دەرگا، بەڵکو بە پێچەوانەوە من ناو بەناو لە ماڵ هەڵدەهاتم. مەبەستم ئەوەیە من دەستم کردووە بە پەیداکردنی خاسیەتێکی باش. من ملم کەچ نەکرد و لە بارودۆخەکە ڕازی نەبووم. لەبری ئەوە، زۆر قایمکاریم دەکرد و دانم بەخۆدا گرت تا گوڕ و تینم تێ‌بێتەوە.

لە خۆمم دەپرسی: «ئەم ژنە دەیەوێ بۆ کوێم ببات؟» و «ئایا دەتوانرێت ئەم ژنە چاك بکرێت؟» و «ئایا دەتوانین ئەم ژنە لە بزووتنەوەکەماندا ڕێکبخەین؟». لەبەرئەوەی من سەرسەخت بووم بۆ ئەوەی یەکێك بێنمە ڕیزی بزووتنەوەکە، ئەویش سەرسەختانە بەرەنگارم دەبوەوە. منیش سەرسەختانە بەرانبەری ڕادەوەستام. تەنانەت ناونیشانێك لە ڕۆژنامەکاندا خرایە ڕوو دەڵێت: «پیاوەکانی فلان کەس ئاپۆیان کوشت». ئەمە دەزانن. ئەمە لە بنەڕەتدا دەمەقرەی نێوانمان بوو. پاش قۆناخێك کە ١٠ ساڵ درێژەی کێشا، لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی تووڕمان دایە دەرەوەی بزووتنەوەکە.

دیارە هەڤاڵان بە هۆی ئەو کێشە و گیروگرفتانەوە کە بۆی خولقاندین، هەزار جار داوایان کرد لە سێدارەی بدەین تا دوژمن سوودی لێ‌وەرنەگرێ و نەهێڵێت نێزیکترین کەسی خۆی لە سێدارە دەدات و ناهەقی لە خەڵك دەکات. بە جەستە لە سێدارەمان نەدا، بەڵکو لە ڕووی سیاسی و مرۆڤایەتیانەوە کردمان. گەلێك دەرسم لەم ئەزموونەوە بە دەست هێنا. ئەو بارودۆخەی کە هەڤاڵانم بۆ (٢٤) سەعات دەری نابەن، من (١٠) ساڵ دەرمبرد. ئەمە زۆر گرنگە. توانیم لە ڕێگای ئەم پێوەندیەوە شیکردنەوەی خێزان و ئافرەت بە تەواوی بە ئەنجام بهێنم. ئەم شیکردنەوانە هەزاران کچی ئازاد دەهێننە دەرێ. ئەو ئافرەتەی کە مانای نێزیکبوونەوەی نەدەزانی و ئەو کیژە کوردەی کە نەیدەتوانی دوو هەنگاو لە دەرەوەی ماڵ بنێت، بوو بە پاڵەوان و هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەم شیکردنەوانەوەیە. دیارە ئەمە پێوەندی بەو نەخشەکێشان و جێ‌بەجێکردنەوە هەبوو کە کردمن. ئەوەبوو پاشکەوتوویی بێ‌ئەندازەی ئافرەت و هەوڵی خۆسەپاندنیم لە ژێر پەردەی (ئازادی ئافرەت)دا هەڵوەشاندەوە. کارێکی گەورە و سەرتاسەریم لە پێناوی ئافرەتی ئازاددا کرد. وەك چۆن ئێوە قوتابخانەی تایبەتتان هەیە ئافرەتی پرۆتۆکۆل و خانمان و کچانی باڵادەست دەردەچوێنێ. هەروەها خانەی سینەما و قوتابخانەی هونەریشتان هەیە. ئێمە قوتابخانەیەکمان هەیە ناوی (ئەکادیمیای مەعسووم قورقماز)ە، لەوێ دەرسم دەگوتەوە. کچانی دەرچووی ئەو قوتابخانەیە بێ‌ئەملاوئەولا لە هەموو کچێك بەجەرگترن و ئەوەیان بە کردەوە سەلماندووە. وەك گوتم هەزارانیان لە گۆڕەپانی کاردان و گەورەترین پاڵەوانی‌یەتی و بەرخۆدانیان پێشاندا و سەدانیان لە ماوەی

ئەم ساڵەدا گەیشتنە قۆناخی شەهید بوون. پێمایە دەستەی ئەرکانی تورکیا دەستی کردووە بە لاساییکردنەومان، چونکە ئەم ساڵ کەوتوونەتە وەرگرتنی کچان لە کۆلیژی جەنگ. سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە ئەم بارودۆخە پێوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆی بە ئێمەوە هەیە، لە کاتێکدا دوژمن تەماشای کردین و بینی ئافرەت نەخشێکی پڕ بایەخ لە بزووتنەوەکەماندا دەگێڕێ و توانای چەك هەڵگرتنی هەیە و لەوانەیە لە خەباتی چەکداریدا و لە ڕووی سیاسی‌یەوە هاوبەشی بکات و جێ‌وڕێ‌یەکی بەرز داگیر بکات. بۆیە بە خۆی گوت بۆچی منیش نەیهێنمە پاڵ سوپا؟

ی.ك: بێ‌گومان تورك دەیەوێ لە کورد دوانەکەوێ.

لە ئێستا بەدواوە نە پیاو دەتوانێ لە کوردستاندا بە ئاسانی ئافرەت پەیدا بکات و نە ئافرەتیش دەتوانێ بە ئاسانی پیاو پەیدا بکات.

س.پ: لێرەدا سەرنجتان ڕادەکێشم. بڕۆن و وردببنەوە، بۆتان دەردەکەوێ کە دەستەی ئەرکان بیرۆکەی بە سەربازکردنی ئافرەتی لە ئێمەوە وەرگرتووە، یان دەستەی ئەرکان دەیەوێ لەم ڕووەوە هاوسەنگی‌یەکمان لەگەڵدا دروست بکات. بەڵام ئەمە گرنگ نی‌یە. پیاوی کورد ئەگەر لەگەڵ ئافرەتدا تووشی کێشە ببوایە، تەڵاقی دەدا و ژنێکی دیکەی دەهێنا یان دەیکوشت. کەچی من پەنام نەبردە بەر ئەم شێوازانە بەڵکو شێوازێکی دیکەم دیاری کرد و بیرۆکەی ئافرەتی ئازادم سەپاند. لە کاتێکدا ئەو هەوڵیدا بە شێوازی کۆن بمخات. بەڵام من بە شێوازێکی کارخولقێن وام لێ‌هات باسی ئەوە بکەم ئازادی ئافرەت چی‌یە و ئافرەتی ئازادیش کامەیە. بەوە دەستم کرد بە ئافرەت کۆکردنەوە لە خۆم. هەر کاتێك کۆم بکردایەتەوە، ئەویش هەوڵی‌دەدا پیاو کۆبکاتەوە. دیارە سەرکەوتنی لە چارە نەنووسرابوو. ئەوسا هەوڵیدا کچان کۆبکاتەوە و بیانکات بە بەرفرمانی خۆی و ئەوەشی بۆ نەچووە سەر. پاشان شێتگیر بوو، چونکە نەیدەزانی چی‌بکات و دەیگوت: ئایا ئەو حەرەمسەرا دادەمەزرێنێ و کەنیزەك کۆ دەکاتەوە؟

هەوڵیدا دۆخەکە بشێوێنێ. وەك دەزانن ئەمەش لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا ڕەنگی دایەوە. مەبەستم ئەوەیە تێکڕای پیلانگێڕەکان هەوڵیاندا سوود لەم مەسەلەیە وەربگرن. بە چەکی ئافرەتی ئازاد بەرەو ڕووی سەرپاکیان بوومەوە. ئەوانیش شێتگیر بوون. پێمگوتن: «ڕەنگە مرۆڤ پێوەندی بە یەك یا با بڵێین (١٠) ئافرەتەوە هەبێ. بەڵام چۆن دەتوانێ پێوەندی بە (٣٠) ئافرەتەوە هەبێ. ئەوەتا هەزاران ئافرەت هەن. ئایا شەرم لە خۆتان ناکەن؟». بێ‌گومان کێشەی سەرەکی لێرەدا ئەوەبوو کە من ئافرەتی ئازادم پێش دەخست و ئەوەش دەبووە هۆی شێتگیرکردنیان و پێویستیش ناکات بە شوێن بەهانەیەك یا ڕێگایەکی دیکەدا

بگەڕێین.
ئایا کەس هەیە نەزانێ کیژانی ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە چەندە پاك و ئازادن؟ وێڕای ئەوە کە قسەزانی باشن و بە باشی بەڕێ دەکەون و لای ئێمە هاوشانی مرۆڤی باشن و دەتوانن خۆشەویست بن و بە باشی خۆشەویستی بکەن. ئەم شتە مایەی شانازی‌یە. دیارە لەم مەسەلەیەدا من شارەزایانە و بە شێوەیەکی تەکنیکی جوولامەوە. بەڵام کۆنەپەرستانی کورد خەریك بوو بمخنکێنن. ئەگەر پەنام نەبردایەتە بەر ڕێگای توندوتیژی سەربازی، خولیای هۆزایەتی و چەمکی لادێیانە لەنێو (PKK)دا تەشەنەیان دەکرد و ئەوەش دەیکێشایەوە بۆ پەیدابوونی چەمکی هەڵەی یەکلایەنە لە نێوان پیاو و ژندا. ئەگەر یەك وشەمان لەسەر کێشەیەکی تایبەت بە ئافرەت بگوتبایە، دەیانگوت: «ئەمە کێ‌یە؟»و ئەوە زۆر لەسەرمان دەکەوت. بەڵام سەرباری هەموو ئەمانە بەجەرگانە هاتینە ناوەوە و شیکردنەوەی گرنگمان لەسەر ئافرەت و خێزان کرد و لە خولقاندنی کادیری ژناندا پێشکەوتنێکی بایەخدارمان بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا تۆمارکرد.
ئەمە وەکو دەستتێوەردان وابوو لە دەزگای خێزان و ئافرەتدا کە سەدان و بگرە هەزاران ساڵە بۆگەنی کردووە. ئێستا کچان و تەنانەت هێندێك ژنی شووکردووش واز لە ماڵ و کەس‌وکاریان دەهێنن و وەك لافاو دێنە پاڵ ڕیزەکانی شۆڕش. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە پێوەندی کۆنی نێوان ژن و مێرد دووچاری هەژانی گەورە دەبن و ئەمەش مسۆگەرە. هەتا پیاوانیش ڕۆژانە بەهۆش خۆیان دێنەوە. گوتەیەکم هەیە هەمیشە دووپاتی دەکەمەوە، ئەویش ئەوەیە: «لە ئێستا بەدواوە نە پیاو دەتوانێ لە کوردستاندا بە ئاسانی ئافرەت پەیدا بکات و، نە ئافرەتیش دەتوانێ بە ئاسانی پیاو پەیدا بکات». ئەمە کارێکی گرنگە. وەختێك دەڵێم: بە ئاسانی پەیدای ناکات، مەبەستم ئەوەیە کە ژن و پیاو پێبەستەی بەها بنچینەییەکان بوون و هەریەکێکیان ئیش بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان و ئازادکردنی گەلەکەی دەکات و دەبێتە کەسێکی حیزبی و ڕێکخراو. سەرەڕای هەموو ئەمانە جوان دەبێ. ئەمانە ئەو کارکرد و مەرجانەن کە بوار بۆ خۆشەویستی دەکەنەوە. ئەم مەرجانە جوانن.
بەبێ ئەمە نە نان و نەماڵ و تەنانەت نە بستەزەوی‌یەکیش بۆ گۆڕ لە ئارادا دەبێ و، زەوی‌یەکت نابێ تا بتوانی وەك باڵندە هێلانەیەکی بۆ خۆت تێدا دروست بکەی. ئەو کاتە لە کوێ خانوەکەت دروست دەکەی و لەکوێ خۆشەویستی دەکەی؟ ئەم هەموو مەسەلانە پێداویستی مێژوویین. ئەگەر یەکێك گوتی: من جەربەزەم و شۆڕشگێڕم، ئەوسا دەڵێین: ئەگەر وەهای، نیشتمان ڕزگاربکە و لە پێناویدا بەشەڕ بێ و حیزب دابمەزرێنە و، با هەموو جوانی‌یەك و پیرۆزترین پێوەندیش بۆ تۆ بێ. بەڵام ئەگەر گوتی: لە نیشتمانم هەڵدێم و گەلەکەم ناناسم و هیچ زانیاری‌یەکم لەسەر حیزب و ڕێکخستن و جوانی نی‌یە؟ ژنێك یا پیاوێکم دەوێ. ئەو کاتە پێی‌دەڵێین: گیانت بە دۆزەخدا بچێ.
ی.ك: واتە تۆ دەڵێی نە ژنێك هەیە بۆ پیاوی وا دەست بدات و نە مێردێکیش بۆ

کچی وا.
س.پ: بێ‌گومان نی‌یە. ئەمە لەم مەسەلەیەدا بیرای بیر قەدەغەیە.
ی.ك: بۆ ئەوانەش نی‌یە کە بە بارەکەی دیکەدا دەڕۆن، وانی‌یە؟
س.پ: بێ‌ئەملاوئەولا بەڵێ. خۆ مەرج و یاساکانمان زۆر ڕوونن. ئەگەر ئەرکی خۆی بە جێ‌هێنا، با مەزنترین جوانی و عەشق و پێوەندی و هەست و نەست بۆ ئەو بن. بەڵام ئەگەر بە جێی‌نەهێنا، ئەوسا کەم شەرەف دەبێ و دەبێتە هاوتای کەری کوردی. بەم واتایە مێژوونووس لە بارەی کوردەوە بۆ دەستەی ئەرکان دەنووسێ و دەڵێت: «کورد هیچ لە هونەر و خۆشەویستی و عەشق و شارستانەتی تێ‌ناگات». ئەمە وا دەگەیەنێ کە ئەو بەم شێوەیە حوکمی لە سێدارەدانی (کوردی)دا. ئەگەر بمانەوێ ئەم حوکمە لابەبەین، دەبێ ڕێگای ڕاست تاقی بکەینەوە. من ئێستاکە بەربەرەکانێی گرێی خولیا و پێوەندی کۆنەپەرستانەی ئافرەت و پیاو دەکەم. وەك ئەوەی یەکێك لەوی دیکە بتەکێنێتەوە. بەربەرەکانێی هەست و نەست و پێوەندی جنسی هەرزانیەهاش دەکەم و توانیومە وێرانیان بکەم. بۆیە من ئێستا بەهێزم.

ئەمە بەشێکی ڕۆمانێك دەنوێنێ. وەك دەزانن هەموو ڕۆمان یا هونەرەکان بە دەوری پێوەندی پیاو و ئافرەتدا دەخولێنەوە. بەڵام ئەم ڕۆمانە تەنیا تایبەت بە کوردستانە و ئەمە هێلەکانیەتی. ئەگەر بێینەوە سەر ئەزموونی (PKK) بەتاقی تەنیا، بەسە بۆ نووسینی چەندین بەرگ کتێب کە دەیان ڕۆمانیان تێدا دەبێ. ئەمە یەکێکە لەو دوورایییە زۆرانەی کە هەن.

بۆ نموونە خۆشەویستی مێژوو لای من خولیایەکە. شوێنەوارەکانی نەمروود و ئاوی دیاربەکر و حەڕان و ئوورفە و دەوروبەری نزرگەی (خلیل الرحمن) زۆر هەستم دەوروژێنن و من بە شێوەیەکی سروشتی بە هەموویانەوە بەستراوم، سەرباری بەسترانەوەم بە خاکەوە. بەسەر خاکدا ڕێ کردن بەلای منەوە شێوەیەکە لە ژیان، وەك بڵێی بۆنی ئەو خاکە دەکەم و، بۆنی شوێنەوار و ئەو گژوگیایانەی کە لەوێ نەشونما دەکەن، هەڵدەمژم. ئەو باڵندانەی کە دەفڕن ـ بەلای منەوە ـ جوانی‌یەکن، بێ‌هۆشیم دەکەن. من لەسەر ئەم بنچینەیە بە نیشتمانپەروەری گەیشتم. بۆیە کاتێك لە گوندەکەم جوێ بوومەوە، چاوەکانم پڕ لە فرمێسك بوون.
ی.ك: کە جوێ بوونەوە چاوتان فرمێسکی ڕشت، وانی‌یە؟
س.پ: بێ‌گومان، چاوم فرمێسکی ڕشت. بەڵام من هەڵبشدەگەڕامەوە. هەڵگەڕانەوە و فرمێسك هۆی خۆیان هەیە. لەوانەیە ئەم جۆرە مەسەلانە چەند دوورایییەکی ڕۆمانێك پێك بهێنن کە پاش شەڕ دەنووسرێت، لەبەرئەوەی ـ وەك دەبینن ـ من ڕووبەڕووی شەڕم و جەنجاڵی هەڵسووڕاندنیم.
ی.ك: بەڵام تۆ وا باسی جوێ بوونەوەی پاش (١٠) ساڵی خۆتت لەو ئافرەتە کرد وەك بڵێی شەڕ بووبێ.
س.پ: گوتم پێوەندی‌یەکی توندوتۆڵ لە نێوان شەڕ و سۆزدا هەیە. ئێمە لە

شۆڕشی کوردستاندا ئەگەر لامان لە پێوەندی جنسی هەرزانبەها و خێزان و جۆرەکانی پێوەندی کۆمەڵایەتی کردەوە. بۆمان دەردەکەوێ گشتیان بە شێوەیەکی سەرتاسەری دەچنە خانەی گۆڕانکاریە سیاسیەکانەوە و دەورێکی گرنگ و گەورەیان هەیە. ڕۆمان ئەم لایەنانە بە تایبەتی دەخاتە ڕوو. من ئێستا ناتوانم وەك سەرکردەیەك باسی کاریگەری خراپی پێوەندیە جنسیەکان بۆ سیاسەت بکەم و ئەوە کە چۆن دەبێتە هۆیەکی پاشکەوتن بە هەموو ڕوویەکیەوە و چوونە نێو وردەکاریەکانیشی. بەڵام ڕۆمان دەتوانێ هەموو شتێك بڵێت. من ناتوانم بە دوورودرێژی و وردی باسی ئەوە بکەم کە پێوەندی سۆزاوی چۆن کار دەکاتە سەر سیاسەت و چۆن دەگاتە بێئاگایی. بەڵام ڕۆماننووس ئەوەی پێدەکرێت. هەروەها ناتوانم خولیایەك لە خولیاکان لێكبدەمەوە و بە شێوەیەکی سیاسی شیبکەمەوە، چونکە گرنگ هەڵسەنگاندنی سیاسیە. کەچی ئەدیب دەتوانێ زۆر بە توندی ئەوە بخاتە بەری مەیدان. ئەمە ئەو ئەدەبەیە کە کەس لای لێنەکردووەتەوە و، ئەمە ئەو بارودۆخەشە کە ئەدیبە ساختەکارەکان لێی حاڵی نابن. کورد ئەو ئەدەبە شۆڕشگێڕ و ڕاستەقینەیەی گەرەکە کە بەم شێوەیە بێ. لەم ڕووەوە تێڕوانین و سامانێکی فیکریم هەن. بەڵام ئەرکی من ئەوە نییە ئێستا ڕۆمان بنووسم. بەڵام پێمدەکرێ هاوبەشی چارەسەرکردنی هێندێك کێشەی پێوەند بە ڕۆمان بکەم و شێواز و بنچینە و ئەو تەوەرانەی کە پێویستە لە دەوری بخولێنەوە دیاری بکەم و ڕوونکردنەوەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە بەرچاو بخەم. جەخت دەکەم کە سەرجەمی ئەم مەسەلانە لای من جێگیر بوون و گەشەیان کردووە و بە هۆی کاری شۆڕشگێڕانەوە پەرەیان سەندووە. ئەدەب لە کاری شۆڕشگێڕانەوە دەست پێدەکات. پێویستە ئەمە باش ببینین. بە پێی قەناعەتی من. ئەدیبی باش ئەو کەسەیە کە بە گەرماوگەرمی هەست بە پەرەسەندنی شۆڕشگێڕانە دەکات. بەڵام بەداخەوە هێندێك کەس هەن لافی ڕۆژنامە نووسی لێدەدەن و ئەوەندەی پەیامنێری ڕۆژنامەی (حوریەت) ناچنە کوردستان تا ببینن لەوێ چی ڕوودەدات. چی لەم ڕۆژنامە نووسە کوردانە بکەم؟ ئەوێ درامایەکی سەرسوڕهێنی مرۆڤایەتی لێیە. شیعر دەنووسن بەبێئەوەی بڕوانێتە ئەم درامایە. چی لەم شیعرە بکەم؟ دیارە من هەرگیزاوهەرگیز نایخوێنمەوە. ئەمجا خاوەنەکەی دێت و هاشەوهووشەی ئەوە دەکات کە هەست و نەستی هەیە و شووی پێدەکەن. دەمەوێ بەوانە بڵێم کە بەم شێوە هەرزانبەهایە ژن دەهێنن: وا تەماشایان دەکەم وەك بچنە نێو گۆڕەوە. لە منداڵیەوە ئەمە بیرکردنەوەم بووە. ئەو جلانەی کە بووك لەبەریان دەکات بە کفن دێنە بەرچاوم. ئاهەنگی بووك گواستنەوەش لەبەرچاوی من کۆڕی پرسەیە. لە منداڵیەوە ئەم هەستەم لەگەڵدایە. من ئێستا وا تێدەگەم کە ڕاست ئەمەیە.

ی.ك: هەتا بە منداڵیش دژی ئەمە بوون.

س.پ: بێگومان دژی بووم، چونکە پێم وابوو دەبێ شایی بەم شێوەیە نەبێ. من بۆم قووت نەدەچوو و وام هەست دەکرد کە شایی کردن کۆتایی پێهاتنە. ئەمە

دوا شت بوو که پێی گەیشتم. پیاو و ژنی کورد کاتێك هاوجووت دەبن دەگەنە خالی برانەوە. پێم وایە ئەمە راستە. لەوانەیە لە پاشەرۆژدا شیکردنەوەی ئەم بارودۆخە پەرە پێبدەم. ئەو ژنهێنانەی کە بەم مەرجانە دەکرێت لە کەسایەتی و بنیاتی فیزیایی و گیان و جوانیدا کۆتایی بە هەموو شتێك دەهێنێ. ئەو پێش تەمەنی (٣٠) سالی دەبێتە دایکی (١٠) مندال، بەبێ ئەوەی بڕوانێتە رەفتاری پیاوەکە. ئەمە گەورەترین سووکایەتی و هیچ و پووچیەکی نەبڕاوەیە. ئایا ئەم ژنە شتێکی تێدا دەمێنێ ناوی ژن بێ؟ دیارە هیچی تێدا نامێنێ. پیاوی کورد بۆ قوتارکردنی ژن و مندالەکانی کاری مەحال دەکات. تەنانەت بۆ ئەم مەبەستە نۆکەرایەتیش دەکات. ئەمەش بەلای پیاوی کوردەوە کۆتایی دەگەیەنێ.

ی.ك: لە کتێبەکەشتاندا ئەم ژنهێنانە بە هەلاتن هەلدەسەنگێنن.

س.پ: رژێمی(١٢)ی ئەیلوول هانی ئەم جۆرە ژنهێنانەیدا. بگەرێنەوە و لەو ژنهێنانانە وردبینەوە کە رژێمی(١٢)ی ئەیلوول هانیداون. بۆتان دەردەکەوێ کە پیاوەکە تەمەنی ١٥ سالان و کچەکەش ١٢ سالانە و تووشی ئەمەیان کردوون. ئەمە بووەتە یاسایەکی ژنهێنانەکانی(١٢)ی ئەیلوول. ئەم هەموو ژنهێنانانە بۆ بەرەنگاری (PKK) کراون، ئیدی چۆن چاوپۆشی لەم مەترسیە دەکەم؟

مخابن لەم بۆنانەدا دەلێن «شاییەکی ئاوا بوو و پیرۆزە و ئاواتی بەختیاری دەخوازین». کوا بەختیاری و کوا ئارامی؟ خۆتت هاویشتووەتە نێو گۆڕ و ئاگات لەوە نییە. پێویستە ئەمە بلێین.

ی.ك: لە ئەوروپا هەموو شاییەکی لەم جۆرە پەنجا هەزار مارکی تێدەچوو. بەلام ئەوەتی (PKK) لە ئەوروپا سەرکەوتووە. ئەم ئاهەنگانە خواردنەوەیان تێدا نابێ و پارەیان تێناچێ و بە خۆشی و شادیەکی زۆرترەوە دەکرێن.

س.پ: بەلێ، بۆ ئامانجی سیاسی بەکاردێن و دەگۆڕێت بۆ خزمەتکردنی ئەو ئامانجە.

ئەوانەی کە متمانەیان بە شارەزاییان هەیە و خۆیانیان وەك مامۆستا دێتە بەرچاو با بفەرموون و بە شێوەیەکی شایستەی هونەرمەندان مامەلە بکەن.

ی.ك: خەلك دلخۆشن بەبێ ئەوەی هیچ خواردنەوەیەك بخۆنەوە.

س.پ: ئەمە پەرەسەندنێکی ئاساییە. هەموو شوێنێك گۆڕانکاری تێدایە. ئاهەنگەکانی ژنهێنان دەبنە خۆپێشاندان بۆ قازانجی حیزب.

ی.ك: دەولەتیش دەزانێ ئاوایە. بۆیە خەلك دەستگیردەکات و دەیانخاتە زیندانەوە.

س.پ: بەلێ گەلێك شایی ئەوە ئەنجامەکەی بووە.

ی.ك: ئایا ئێستاکە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ شیعر؟

س.پ: هەموو کارێکم لە دیاریکردنی بایەخی هونەر و ئەدەب و ڕۆڵیشیان لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەدا و لە دیاریکردنی نێزیکبوونەوەی ڕاست و بەردەست خستنی پشتیوانی پێویستدا قەتیسن. وەك سەرەتا گوتم: پێویستە لەسەر ئەوانەی کە لەم بوارەدا ئیش دەکەن بە شێوەیەکی ڕاست بیزانن و دەروازەی ڕاست بۆ بابەتەکە دابنێن، چونکە زۆر گرنگە. من بە سادەیی دەستی بۆ نابەم و نامەوێ کەس وەها دەستی بۆ ببات. نە من و نە شۆڕش پێویستیمان بەو ئەدیبە دەستەپاچانە نی‌یە، بەڵکو ئەوانە زیانمان پێدەگەیەنن. ئەدەب کارێکی زۆر شێلگیرە، پێویستە بایەخی پێبدرێت. حەزدەکەم پێتان بڵێم: ڕەنگە ئەم گوڕەپانەمان ببێتە گەورەترین پاڵپشت بۆ هونەرمەند و ئەدیبی کورد و تورك. من پێم وایە ئەم گۆڕەپانە دەتوانێ ڕۆڵی گرنگ لە هەموو چالاکیە هونەریەکانی وەك ڕۆمان و شیعر و مۆسیقا و سینەما و وێنەکێشی... تردا ببینێ.

ی.ك: لەم لایەنەوە هیچ گومانێکم نی‌یە. بەڵام وێڕای ئەوە بێڵە بپرسم: کاتێك دەڵێی «ئەدەب و شیعری کوردی» مەبەستت ئەوەیە ئەمە لە لایەن کوردەوە و بە زمانی کوردی بنووسرێت. ئایا مەبەستتان ئەمەیە؟

س.پ: بێگومان. دەکرێت بە تورکیش بێ و ئەوسا بۆ گشت زمانێك وەردەگێڕدرێت. ئێمە دەزانین زۆر لە کارە ئەنجامدراوەکان بۆ هەموو زمانانی جیهان وەرگێڕدراون. بەڵام ئەمە ڕاستە پەرەسەندنی زمانی کوردی پشت بە ئەدەبێکی کوردی بەهێز دەبەستێ و نووسینی ڕۆمانی کوردیش وەك هاوبەشی‌یەکی گەورە وا دەبێ لە پەرەپێدانی زمانی کوردیدا و پەرەسەندنی زمانیش گرێدراوی پەرەسەندنی ئەدەبە. ئێستاکە ئەم مەسەلەیەش بە دەربڕینی شۆڕشگێڕانەی ئەدەبەوە گرێدراوە. بۆیە ئەوانەی کە دەیانەوێ زمانی کوردی گەشە بکات، پێویستە لەسەریان دەست بە ئەدەبی شۆڕشگێڕی بکەن کە چاوەڕوانی خاوەنەکانی دەکات و ئێمەش سەرچاوە و شێواز و بناخە و جۆرەکانیمان داناوە.

ی.ك: واتە ئێوە دەڵێن کەرەستە خاوەکان حازر بەدەستن.

س.پ: بەڵێ حازر بەدەستن با کەسانی متمانە کردوو بە شارەزایی‌یان، بە شێوەیەکی پڕبەپێستی هونەرمەند بن و ڕاستی بفەرموون. هێندێك ناو هەن باست کردن، پێم وایە داوای هێندێك هەڵسەنگاندن لە بارەیانەوە دەکەی.

ی.ك: بێگومان.

س.پ: دەمەوێ دووبارە بڵێم: من بە دوور و درێژی لام لە بابەتی (PKK) و پێوەندی بە ئەدەبەوە نەکردووەتەوە و زۆر لێکم نەداوەتەوە. هەروەها هەموو وردەکاری‌یەکم لەسەر پێوەندی شۆڕشی ڕزگاری کوردستان و بارودۆخی لەگەڵ ئەدەبدا باس نەکردووە. بەڵام هەوڵم داوە بە گێڕانەوەی چەند نموونەیەك لە چۆنایەتی نێزیکبوونەوە لەم بابەتە بدوێم. ئەوەندەی پێوەندی بەو هونەرمەندانەوە هەیە کە لە گۆڕەپانەکەدان کەمێك باسی (یەشار کەمال)مان کرد. ئەگەر ئەم نووسەرە ویستی بەختی خۆی تاقی بکاتەوە و لەسەر پێوەندی خۆی بە ئەدەبی

کوردی‌یەوە بنووسێ و هەوڵەکانی هەڵبڕێژیتە نێو ڕۆمان، یان هەتا ئەگەر ڕۆمانەکەشی بە شێوەیەکی سۆزاوی نووسی، بە پێی قەناعەتی من ئەو کاتە ناوبانگێکی جیهانی دەبوو و بەها و دەوری زیاد دەکرد. بەڵام مخابن ئەمەی نەکردووە.

ی.ك: بەڵام لەسەر (چوقوور ئۆفە)ی نووسیوە.

س.پ: بەڵام کوردی بە شێوەیەکی زۆر خراپ پێشانداوە و ئەو کوردەش کە پێشانیداوە بە باشی ڕادەی دوورکەوتنەوەی لە ڕاستی نیشتمانێتی خۆی و پێوەندی بە کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستی و جۆری ئەو پەیوەندیانە ڕوون نەکردووەتەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەو کوردەی کە لەوێ پێشانیداوە داماڵراوە. کورد لە هێندێك ڕۆمانیدا هەن. بەڵام بێدەسەڵاتن و فریان بەسەر ناکۆکیەکانی کوردەوە نی‌یە. ئەمەش گوناحێکی گەورەیە. ئەگەر دیتان یا مشتومڕتان لەگەڵدا کرد، لە زمانی منەوە پێی بڵێن: دەبوو ئەوە نەکات و ئەو گوناحەی لە دەست نەقەومێ. من هەست بە ئازار دەکەم چونکە ئەو گوناحەی کردووە.

ی.ك: وەختێك ئەم قسەیەت بڵاودەکەینەوە، داوا لە یەشار کەمال دەکەم خۆی وەڵامەکەی بنووسێ.

س.پ: بڕوانن مرۆڤی کورد خاوەنی گەلێك ناکۆکی‌یە و ئازاری گەورە گەورەی هەن بە هۆی هەوڵی نەهێشتن و ڕیشەکێش کردنی لە مێژوودا و قەدەغەکردنی زمانیەوە. وای بەسەردا سەپێندراوە نە هەست بکات و نە ئازار بچێژێ. ئەگەر ئەم هەموو لایەنانە ڕوون نەکاتەوە، چۆن بە ناوی کوردەوە قسە دەکات؟ چۆن دەڵێت من (یەشار کەمال)ی کوردم و ڕەخنەم هەیە؟ من هیچ بەربەستێك لە بەردەم ڕۆمان نووسیندا بە زمانی تورکی نابینم و ناڵێم خزمەتکارە یا کرێگرتەیە. بەڵام ئەمە ناتەواوی‌یەکی گەورەیە. ئەمە شەرەف نی‌یە بۆی و هەڵوێستی بەهێز ناکات و ئەمەم پێ‌بەسە. ناڵێم پێویستە بە کوردی بنووسێ، بەڵام دەتوانێ بەهرەکانی بۆ دەرخستنی پێوەندی بە کوردەوە بەکاربێنێ. ئەمە ڕەخنەی منە.

هەوڵمدا کەمێك باسی (یەڵماز) بکەم. یەڵماز لە دوورایی کوردی‌یەوە نیزیکتر بوو، کەچی نەیتوانی بەهۆی کەم ڕۆشنبیری و کۆنەپەرستی (یشیل جام*)ەوە ڕەخنە لە خۆی بگرێ. بەڵام لەم پێناوەدا خەباتی کردو سەرقاڵی ئەدەبی شۆڕشگێری بوو.

ی.ك: بەڵام (یەڵماز)یش بەهۆی ناسنامەی سیاسی خۆیەوە لە ناسنامەی کوردی نیزیك بووەوە، کەچی نەیتوانی بە سینەماسازی خۆیەوە نیزیك ببێتەوە.

س.پ: بەڵێ نیزیك نەبوەوە. لەم ماوەیەی دواییدا بە کردەوە حەزی لەوە کرد، بەڵام ئەوە بەس نەبوو و بە ناتەواوی مایەوە. بە کورتی کۆتاییەکەی جەرگبڕ بوو.

ی.ك: بەڵام ئەو پێشنیارەتان کە (یەڵماز) خۆی ببێتە فلیم، واتە ژیانی بکرێت

(*) یشیل جام جێگای کاری هونەری ئەکتەران و هونەرمەندانی تورکیایە.

بە فلیم، یەکەمجارە ئەم پێشنیارە دەبیستم.

س.پ: بەڵێ لە پاشەڕۆژدا ئەگەر دەرفەتی ئەوەم ببێ بە شێوەیەکی هەمەلایەنە بیر لە شیکردنەوەی (یەڵماز) دەکەمەوە، بە تایبەتی لە ڕووی خێزان و ئافرەت و سیاسەت و بارودۆخی سینەماسازی ئەوەوە. ئەوانە ناکۆکییەکی کوردانە پێکدەهێنن. دەتوانم لەسەر ئەم بنچینەیە لێکی بدەمەوە. بەڵام کابرایەکی خاوەن بەرخۆدان بوو، بە خێرایی خۆی بە دەستەوە نەدەدا.

ی.ك: مرۆڤێکی جەربەزە بوو.

س.پ: بەڵێ جەربەزە بوو. بە کورتی بە پلەیەك پێش هاوڕێ هونەرمەندەکانی دیکەی کەوتبوو.

ی.ك: لایەنێکی پاڵەوانیتی تێدابوو.

س.پ: پاڵەوان و جەربەزە و خۆگربوو. بەڵام نەیتوانی بگات بە ئەنجام. باسی شاعیریەتی (جەمال سورەیا)م کرد و لە بارودۆخی خۆی بێداربوومەوە. تەمەنی بەس نەبوو و کۆچی دوایی کرد.

ی.ك: بەڵام ئەم هەموو بێداربوونەوانە پاش ساڵی ١٩٨٤ و هاوزەمانی سەرکەوتنی کورد بوون. ئەگەر ڕوانیمانە سەرلەبەری دنیا، دەبینین باشترین ڕۆمان لەگەڵ سەرکەوتنی کۆمەڵگاکاندا دەنووسرێن.

س.پ: بەڵێ. بە کورتی دەمەوێ بێمە سەر دیاردەی (ئیبراهیم تاتلیس). لەو ساڵەدا کە (PKK)مان تێدا ئاشکرا کرد، خەڵاتی لەسەر دەنگی وەرگرت. بە تێپەڕینی ڕۆژگاریش بەناوبانگیان کرد. دەزانین ئۆزال بۆ گەلێك ئاهەنگی شەوانە بانگی کردووە و خودی خۆی ئامادەی زۆر لە ئاهەنگەکانی بووە و، هەر خۆی بانگهێشتی کرد بۆ (جان کایا)و لەگەڵیدا چوو بۆ کۆمارە تورك زمانەکان و ناردی بۆ ئەورووپا تا لەوێ چەندین شەونشینی هاوچەشن و هاوزەمانی شەونشینیەکانمان سازبکات. بە ڕای من ئیبراهیم کەسێکە ڕژێمی(١٢)ی ئەیلوول ویستی لە دەریەکێکی دیکە پتر بیخاتەکار. پێویستە بارودۆخەکەی بە پێی پێوەندی بە ئیدارەی شەڕی تایبەتەوە هەڵبسەنگێندرێت. گەل و بەتایبەتی لاوان بەهۆی ئەو مۆسیقای (ئارابیسك)ەوە بەنج دەکات کە بێ ئەژمار دەیخاتە بازاڕەوە. بەوە، ئەو لە هەموو کەسێکی دی زیاتر بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرێت. سەرباری ئەو گۆشارە سیاسیانەش کە دووچاریان دەبوو،زانیان چۆن بە باشی بەکاری بێنن چونکە خاڵەکانی بێهێزی ئەویان دیاری کردبوو. ئەویش پارمەتیدان و قسەوقسەڵۆکی لە خۆی وروژاند. ئێمە ناوبەناو ئاگادارمان کردەوە و بانگمان کرد تا لە مەسەلەی کورد و مۆسیقای کوردی نێزیك ببێتەوە. ئەوە بوو کەوتە بایەخ پێدانیان. بەڵام پێم وایە بەهۆی ئەو گوشارە سیاسیانەی کە لەسەرین زۆر ناکرێتەوە. یەکێکە لەوانەی کە گیروگرفتی گەورەی هەن، بە تایبەتی لاکردنەوەی لە مۆسیقای کوردی و ڕەوشەکەی بە کەم شەرەفی دەناسرێتەوە. ئەویش کەسایەتییەکی کوردی دەنوێنێ، بەڵام ماوەیەکی دوور لە پشت یەڵماز دەمێنێتەوە.

ی.ك: دیاره هەر چۆنێك ڕەخنە بگرنە یەلماز، ئەو ناوی خۆی بە خۆیەوەیەتی و پاشاو پاڵەوانە.
س.پ: بۆرژوازی ویستی ئیبراهیم تاتلیس بە شێوەیەکی ساختە بەکاربێنێ و بەسەر (یەلماز)یدا بسەپێنێ. واتە بەسێبەری ئەو ناوبانگی یەلماز دابپۆشێ. ڕژێم بە ئاشکرایی پشتگیری ئەوەی کرد و ئەویش بوو بە ئامراز بۆ ئەمە. ئێمە بە توندی بەئاگامان هێنایەوە. بەڵام لەگەڵیدا بە ئەنجامێك نەگەیشتین. (هولیا ئەفشار)یش هەیە و ئەویش کوردە.
ی.ك: ئەوەی کە لەم دواییەدا ناوبانگی دەرکردا
س.پ: بەڵێ. ئەوان هەوڵدەدەن بە کاری بێئابڕوویی و دیمەنی ڕووت وای لێبکەن بەناوبانگ بێ. خۆشی گوتی من کوردم.
ی.ك: میللەتی کورد بووە بە نەریتێك (تەرزێك). ئەو پێوەندی بە میللەتی کوردەوە نییە.
س.پ: بەڵێ. دەیانەوێ بەکاری بێنن، چونکە شێوەی سەرنجڕاکێشە. من پێم وایە (یشیل جام)یش لە لایەن ئیدارەی شەڕی تایبەتەوە بەکار دەهێنرێت.

باشترین ڕێبەرانی تورکی لەنێو کورددا دەردەکەون و ئەمەش پێوەندیەکی توند و بەتینی بە کوشتنی نەتەوایەتی کوردەوە هەیە.

ی.ك: هەمیشە ئاوایە.
س.پ: پێویستە شیلگیرانە هەڵوێستە لەلای بارودۆخ و دەوری (یشیل جام) بکەین، چونکە بۆ بەنج کردنی کۆمەڵگا و بەدیارخستنی کەسایەتی ساختە لە بری ئەو کەسایەتیە پایەبەرزانە بەکاردەهێنرێت کە لەوانەیە بەسەر کۆمەڵگادا باڵادەست بن. با لە ڕوانگەی ڕەخنەگرتنمەوە لەم مەسەلەیە، تێی بڕوانین و وای بۆ بچین لاپەڕەیەکی هونەر لە ڕۆژنامەی «ئوزگوور گوندەم»دا هەیە و هەموو ڕۆژێك دەنووسێ: «ئەو فلیمە هەیە و فلیمی فلانەکەس هەیە و ...هتد»و پڕۆپاگەندەی بۆ دەکات. بەڵام ئەدەبی شۆڕشگێڕی وای لێڕادەبینرێت ئاگای لەم مەسەلانە بێ و، بە گشتی دەوری سینەمای ئەمەریکایی و کارتێکردنی لە گەلان بزانێ، بە تایبەتی ئەم ئەدەبە دەبێ بزانێ دەوری (یشیل جام) چییە. کورتەیەکی مێژوویی لەسەر ئەم بابەتە هەیە. ئەم دوو بنکەیە دەیانەوێ تەرزێکی دەست نیشانکراو لە کەسایەتی و پێوەندی بخولقێنن. بەم شێوەیە گەلی ئەنادۆڵیان تواندەوە و قووتیاندا. هەمان شتیان دەرهەق بە کچ و پیاوی کورد و کچ و پیاوی تورك و تێکڕایان کرد. واتە ژیانی کۆمەڵایەتییان ژێروژوور کرد و هەموو فلیمێکیان نەخشێکی تێکدەرانەی وا دەبینێ وێنەی نییە. یەلماز ئارادەیەك لەم بنکەیەی تێپەڕاند و پێیدەکرا ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی ئەم کردەوانە بکات، وا کە ئەو

ڕەخنانە لە پێناوی سینەما و هونەری ڕاستدا بن. ئەو خۆی هاوبەشی بەدیهێنانیانی دەکرد. ئەم کارە هەر لە سینەمادا قەتیس نییە، بەڵکو ڕۆمان و شیعریش دەگرێتەوە. دەتوانن لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەتاندا ڕەخنەی لێبگرن. بەم شێوەیە هونەری تازە لە باتی هی کۆن سەرهەڵدەدات. کەس ناتوانێ لافی ئەوە لێبدات کە پێویستیمان بە هونەر و ئەدەبی شۆڕشگێڕی جێگرەوە نییە. نەخێر پێویستییەکی لە ڕادەبەدەرمان بەم جۆرە کارە هەیە. لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بۆ کاروباری خراپ دەخرێنە کار. تۆ خۆت گەلێك هەڵسەنگاندنت هەیە و دەبێ پیشان بدرێن. مەبەستم ئەوەیە بابەتەکە هێشتا ناتەواوە. زۆر نووسەری سینەما و ئەدەب هەن نەخشی خۆیان لە مەسەلەی ئەدەبی شۆڕشگێڕیدا نابینن. بە کورتی ئەو خەڵکانە تین و توانای خۆیان بەکارناهێنن.

سەبارەت بەوەی کە کورد بەرایی لقەکانی ئەدەبی گرتووە، نموونەی ئەوە «زیا گووك ئالپ»ە کە لەم باسەدا و لەناو هێنانیدا مەبەستمان هەیە. نەریتی تورك لە گشت دەورانێکدا ئەوەیە: زۆربەی ناوداران بە سەرکردایەتی سەربازیشەوە سەرجەمیان بنەچە شێوێندراون. مەبەستم ئەوەیە بە بەردێك لە دوو چۆلەکە دەدەن. ئەوانە لقێك لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵدەکێشن و لەسەر لقێکی دیکەی متووربە دەکەن. ئەمە وزەیەکی زۆری پێدەوێ، چونکە ئەم هەڵکێشراوە دەیەوێ بژی. جا لەبەر ئەوەی کە لە خێڵ و کۆمەڵگاکەی هەڵکەندراوە، ناتوانێ پشتیان پێببەستێ و سۆراخی شتێکی تازە دەکات بیکاتە پاڵپشت. بەرەو سوپای ئینکیشاری دەنێرن تا پێی پشت ئەستوور بێ و هێزی لێوەربگرێ. هەڵکەندراو پێبەپێی هەموو کۆشش و وزەیەکی خۆی لە شەڕدا خەرج دەکات. ئەو لە ڕاستی کوردی هەڵکەندراوە و لە بۆشاییدایە. لە تورکیا بەدەر شتێك نییە پشتی پێببەستێ، بۆیە ئەوە دەکات. ئەوە تورکیایە کە کۆمەکی دەکات و، ئەویش هەموو هەوڵێکی بۆ پەرەپێدانی ڕژێمی تورکیا دەخاتەگەڕ.

ی.ك: لەبەر ئەوەش کە تورکی زمانی دووەمیەتی، هەوڵدەدات زۆر بە باشی فێری بێ.

س.پ: نەخێر، ئەو لە بنەڕەتدا زمانی کوردی و میللەتی کوردی بیر چووەتەوە. ئەمە بۆشاییەکی گەورەی لەلا پەیدا دەکات. بەوپێیە ڕێبەرانی تورکایەتی و گەورەترین ئەدیب و باشترین سەرباز و شەڕکەر لە نێو کورددا دەردەچن. هەموو ئەمانە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە کوشتنی میللەتی کوردەوە هەیە. ئەگەر باسکێکت بڕی و ئەم باسکە ویستی بژی، پێویستە بە جێی باسکێکی دیکەیەوە بلکێنێ، بۆ ئەوەی ئەم باسکە زیندوو بمێنێتەوە و چالاکیە... بکات. شەڕی ژیان سەرکردایەتییە.

ی.ك: ئاپۆی برام، ئایا بەم قسەیەتان بێ هێندێك ڕێوشوێن و بنچینە بە تایبەتی بۆ توێژەرەوە کوردە لاو و ڕۆشنبیرەکان دادەنێن؟ مەبەستم ئەوەیە ئەوانەی کە خزمەتی زمان و ڕۆشنبیری تورکییان کردووە، دەمێك بۆیان دەکەوێتە ڕوو

کوردن، کت و پڕ هەست بە بایەخی خۆیان دەکەن. بۆ نموونە (عەبدوڵلا جەودەت) یەکێك بوو لەوانە و کۆمەڵەی (جۆن تورك)ی دامەزراند. بەڵام من وای دەبینم کە ئەو جاروبار کوردە و جاروباریش تورك و جاری واش هەبووە بووە بە ئینگلیز. کاتێك لە چوارچێوەی ئەو شیکردنەوەیەدا کە کردوومە دەڕوانمە ئەوانە، ئەوا ئەم بەشە ـ واتە ئەوانەی وا لەنێو کۆمەڵگای تورکیدان و لەخاك و ڕەگ و ڕیشەی کوردییان هەڵکەندراون ـ ئەم ڕێ و شوێنەیان بەسەردا جێبەجێدەبێ: کۆتایی بۆ (کمال) نییە. ئایا ئەمە ڕاستە؟

س. پ: میللەتی تورك یەکجار تێکەڵە. بە دووی مێژووی تورکە سەرپەڕگرەکاندا بگەڕێن، بۆتان دەردەکەوێ ئەوانە لە گەلانی دیکەن و تێکڕایان لە چەند مەیدانێکی دیکەوە هاتوون. پێمدەکرێت گەلێك نموونە لەسەر ئەوە بدەم. زۆربەی تورکانی بۆ میللەتی تورك دەمارگیر لە (باڵکان)ەوە هاتوون، لە کاتێکدا ڕیشەکێش کراون و بوونەتە کۆچەر و لە کۆمەڵگای ڕەچەڵەکی خۆیان هاتوونە دەرێ هەر لە مستەفا کەمالەوە تا بە کەنعان ئێفرین دەگات.

ی. ك: لە لایەکی دیکەوە ئەم مەسەلەیە لە ڕووی تیۆرییەوە ڕاستە، وەك (ئاکجوورا یووسف) و (ئاغاییف ئەحمەد).

س. پ: حالیم، تۆ مەبەستت ئەوەیە لە سیاسەتیشدا ئاوان. کێشەکە ئەوەیە ئەوانە بە کەڵکی گەلی ئەنادۆڵ نایێن. ئەمە خاڵێکی گرنگە. ئەوانە نوێنەرایەتی خاڵە توندڕەوەکان دەکەن، چونکە هەوڵی پێکەوە لکاندن دەدەن و لەبەرئەمەش پەنا دەبەنە بەر سەرپەڕگری. سەرپەڕگری هەمیشە زیان بە ڕیشەی گەلان دەگەیەنێ. ئەمە ڕاستە و لای کورد و تورکیش هەیە. تورکی ڕیشەکێشکراو لە کورد متووربە کراوە و پێچەوانەش ڕاستە. ئەو هەست بە دڵبەستەیی دەکات و دەبێ بە بەشێك بەسەر کەسانی دیکەوە. ئەمە هۆی نەخۆشی و قەیرانەکەیە. پێویستە ڕاشکاوانە بە هۆی ڕەخنەی شۆڕشگێڕانەوە ئەوانە بەدیار بخرێن. من سەرەداوەکە دەردەخەم. بێگومان ئەگەر لەسەر بنچینەیەکی مەبدەئی لەوانە نێزیك بووینەوە، گەلێك ڕاستی زۆر گرنگ دەکەونە ڕوو و کورد دەبێتە کوردێکی ڕاستەقینە و تورکیش دەبێتە تورکێکی ڕاستەقینە.

ی. ك: لەم گفتوگۆیەماندا هەردوو پرسیارم ماوە. ئاپۆی ئازیزم ئەم گفتوگۆیە کە کردمان زۆر بەسوود و باش بوو و دەبێتە مایەی بایەخی کەسانێکی زۆر و هاوبەشی پەرەسەندن دەکات. پرسیاری یەکەمم ئەمەیە: کەی نموونەی مرۆڤی کوردی تازە دەبینین؟ پرسیاری دووەمیش: ئایا باسی گەڕانەوە بۆ نیشتمانم بۆ دەکەن، جا لە ئەورووپاوە بێ یان تورکیا. ئایا ئەوەم بۆ ڕوون دەکەنەوە؟

چیرۆکی من ئەو چیرۆکەیە کە «کوردی تازە دەبێ چۆن بێ؟»

س. پ: ئێستا هەموو شتێك لە تورکیا بێئەندازە تێکەڵ بوون. هەر بە تەنێ

کەسایەتی کورد نا، پێویستە تەرزی تورکیش شیبکرێتەوە. تورکیش تووشی شێواندن بووە و ئادگارەکانی بزر بوون. سەرنجتان بۆ ئەوە رادەکێشم کە داخورانێکی زۆر لە ئارادایە و ئەمەش راستییە. با بێینە سەر پێکهاتنی کورد. چیرۆکی من ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤی کوردی تازە دەبێ چۆن بێ؟ ئەگەر بوو بە رۆمان، دەبێ کەسایەتی من پێشان بدات کە پێویستە کەسایەتی کوردی تازە وەهابێ. خۆ دەیان هەزار مرۆڤ لە شەڕێکی قورسدا خوێنیان دەڕژێت و هێشتا دەپرسین: ئایا تەرزی مرۆڤی کوردی تازە دەرکەوتووە؟ هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی پێناسینی سەرتاسەری مرۆڤایەتیدان «مرۆڤ کێیە؟»، هەر لە وەلامی ئەم پرسیارەوە تا دروست بوونی مرۆڤایەتی کە بە قۆناخەکانی خێلەکایەتی و گەلایەتی و پەرەسەندنی نەتەوەییدا تێپەڕیوە و هەمووشیان هەلوێستن. هەروەها تا پێوەندی ئەم هەلوێستانەش بە پێکهاتنی کۆمەلگاکانی مرۆڤایەتییەوە ـ مەبەستم کۆمەلگاکانی کۆیلایەتی و هۆزایەتی و سەرمایەداری و سۆشیالیستییە ـ کە تا چ رادەیەك هێز دەبەخشن و لە هێندێکیاندا وەریدەگرێ. مەبەستم ئەمەیە: خێلەکان لە قۆناخی کۆیلایەتیدا و ئەمجا نەتەوایەتی لە قۆناخی دەرەبەگایەتیدا و نیشتمانپەروەری لە قۆناخی سەرمایەداریدا. هەموو ئەمانە ناکۆکی و پێوەندییەکی سەرسوڕهێنیان هەبوو تا بەم رۆژمان گەیشتن. مێژووی دنیاش لەسەر ئەم بنچینەیە دەنووسرێتەوە و شەڕی سەربازی و سیاسیش ئاکامی ئەم ناکۆکیانەن. سیاسەت و شەڕی چەکداری کە تەواوکەرییەتی، ئامرازێکن بۆ بەرەو پێش بردنی نیشتمانی و کۆمەلایەتی یا بۆ دواخستنی پەرەسەندن و بگرە بۆ دواوە گێڕانەوەشی بەکاردەهێنرێن. ئەدەب و هونەریش دەوری خۆیان لەم شەڕەدا تازە دەکەنەوە. ئاین و ئایدیۆلۆژیەکان ئەمە دەکەن و فەلسەفەش ئەم ململانێیە دەخاتە قالبی مرۆڤایەتییەوە و زانستیش هەموو ئەمانە بە باشی دەردەبڕێ.

ئێستا با بێینەوە سەر کورد و پرسیارەکە بەم شێوەیە دووپات دەکەینەوە: جێ و ڕێی کورد لە نێو ئەم پێکهاتە و چەمکانەدا چییە؟ بۆ دیاریکردنی ئەوە بەم پرسیارەمان دەست پێدەکەین: ئایا کورد هەیە یان نا؟ ئەو تێکۆشانەی کە ساڵانێکی دوورودرێژە دەیکەم بۆ ئەوەیە بڵێم: «کورد هەیە». ئەمە وەك ئەو قسەیەمان وایە کە «خۆر هەیە»، یا ئەم پرسیارە «ئایا دنیا دەوراندەور دەکات یان نا؟» ساڵانی درێژی بەندیخانە و مرۆڤ کوشتن و هەموو ئەمانە توانیویانە تا رادەیەك ئەوە بسەلمێنن کە «کورد هەن». پرسیارەکانی دیکەش وەك: «ئایا کورد گەلە یان نا؟». قۆناخێکی گرنگیان پێچووە. تەنانەت حاڵی حازر هێندێك کەس ئەوەیان پێقبوولە کە کورد گەلە و هێندێکی دیکەش نا. وریای زمانی رەسمی بن دەڵێت: «کۆمەلگا ئەتنییەکان گەل نین». «کەمەنەتەوەی گەلان»یش زاراوەیەکی دیکەیە. گریمان ئەوان ئەو راستییەیان پەسند کرد کە کورد گەلە، ئەوسا نۆرەی ئەم پرسیارە دێت: «ئایا دەتوانێ خۆی بریاری چارەنووسی خۆی بدات یان نا؟». زۆریان پێیت دەڵێن: «لەبەر ئەوەی زۆر پارچە پارچەیە ناتوانێ. بەم پێیە

ئۆتۆنۆمی بەسە. بگرە پێویست بەوەش ناکات و سەربەخۆیی رۆشنبیری بەسە». ئاوا مشتومڕ بەردەوام دەبێ. لە کۆی ئەم پرسیارانەش: ئایا کورد پێویستی بە حیزبە یان نا؟ بە رەسمیش حیزب لە کورد قەدەغەیە. لە سەرچاوە سۆشیالیستی‌یەکانیشدا هاتووە کە: «ئەگەر رێکخستنێکی سەربەخۆ دابمەزرێت، لەگەڵ پرنسیپەکانی مارکسیزم ـ لینینیزمدا ناکۆك دەبێ». تا ئێستاش کەسانێك هەن داکۆکی لەم هەڵسەنگاندنە دەکەن. خەڵکانی سۆشیالیست و دەولەت پێکەوە داکۆکی لەم پرنسیپە دەکەن. هەڵوێستی حیزبی کرێکارانی تورکیا یان حیزبی سۆشیالیستی جاران هێشتا ئەم هەڵوێستەیە. واتە تێروانینیان دەڵێت: حیزب دامەزراندن سەرپێچی کردنە لە مارکسیزم ـ لینینیزم و دەولەتیش دەڵێت قەدەغەیە. ئیتر جیاوازی نێوان ئەو جووتە هەڵویستە چی‌یە؟ ئەمە بابەتی مشتومڕێکی دیکەیە. ئێمە حیزبمان دامەزراند، بەڵام ئەمجارە «ئایا ئەم حیزبە هیچ خەباتێکی دەبێ یان نا؟ ئەگەر دەستی بە خەباتیش کرد و چەکی هەڵگرت، چی ڕوو دەدات؟». مشتومڕەکە بە فراوانی درێژە دەکێشێ.

ئەوەی وا تا ئێستا کردوومانە وەڵامێك بووە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە «کورد هەیەو گەلێکە دەتوانێ حیزبێك دابمەزرێنێ و دەتوانێ شەڕێکی سیاسی و سەربازی بکات». شەڕمان لە پێناوی ئەوەدا کرد تا بەم قۆناخە گەیشتین. کورد چی لێ‌بەسەرهات؟ کەمێك دەرکەوت و هێندێك خەسڵەتی کەوتنە ڕوو. واتە نەختێك لە رەمزەکانی حاڵی بوون. ئەوەی بیری لێ‌دەکەمەوە ئەوەیە کە داخۆ: ئێمە کوردمان هێنایە بوون یا بەدیارمان خست یان خولقاندمان، کامیان ڕاستە؟

مشتومڕێکی دیکە هەیە دەبێ هەڵوێستەی لەلا بکەین، ئەویش ئەوەیە دەستەی ئەرکان دەڵێت: لە بنەڕەتدا کێشەیەك لەگۆڕێدا نەبووە، بەڵکو خولقێندراوە. ئەمە تێروانینە، نابێ هەڵوێستی دەستەی ئەرکان فەرامۆش بکەین. «کێشەیەك لەگۆڕێدا نەبووە، خولقێندراوە». مەبەستی لەمە ئەوەیە «کورد نەبووە، بەڵکو خولقێندراوە»، وانی‌یە؟ سەرچاوە رەسمیەکان تا ئێستا ئەوە دەجوونەوە. ئێمە ئەم هەڵوێستە پشت گوێ ناخەین. بەڵام میللی‌گەری سەرەتایی دەڵێت: «لە کۆندا کورد هەبوون و مەزن بوون». بە پێی هەڵوێستی دەستەی ئەرکانیش: «کورد نەبوون، بەڵکو خولقێندراون». دەستەی ئەرکان بەم هەڵوێستەی داکۆکی لە هەڵوێستی کەمالی دەکات کە دەڵێت: کورد هەبوون، بەڵام لە دێرسیم و ئاگری برانەوە و گۆڕبەگۆڕمان کردن و بە چیمەنتۆ شاردمانەوە. کەچی میللی‌گەری سەرەتایی دەڵێت: بە درێژایی مێژوو لە سومەریەکانەوە دەستیان پێ‌کردووە و سەدان دەولەتیان دامەزراندووە و ئێمەش نوێنەرایەتی ئەو مەزنانە دەکەین. خێڵی ئێمە لە دەولەت گرنگترە. کوردێك هەیە بەم تەرزەیە...بارزانی... چوو بۆ ئەنقەرە و پشتێنی پانی لێ‌بەست و شەڕواڵی کوردی نەخشداری لە پێ‌کرد و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەرکەوت و گوتی: ئەوەتا من «ئەو کوردە مەزنەم». ئەمەش ناساندنی کوردە. ئێستا هێندێك کەس دەڵێن: کورد نی‌یە. هێندێکی دیکە دەڵێن: هەیە.

گەورەترین وێنەکێشی کاریکاتێر ناتوانێ وێنەی شێوەیەکی لەم کوردە حازرییە باشتر بکێشێ.

بەڵام ئێستا کوردێکی تازە دەردەکەوێ ئەویش (ئاپۆ)ی کوردە دێتە بەری مەیدان. ئەم ئاپۆ کوردە کێیە؟ دەستەی ئەرکان دەڵێت: نییە و من باوەڕ ناکەم، کورد نییە. ئەوسا بارزانی بە شەرواڵە نەخشدار و پشتێنە پانەکەی و جامانەکەیەوە ڕووی کردە لای ئەوان و گوتی: «کورد ئاوا دەبێ». بەڵام کوردبوونی من هێشتا جێی مشتومڕە. هێندێك دەڵێن: ئایا ئەرمەنییە؟ هێندێك دەڵێن: بەڵکو تورکی ڕەسەنە. هێندێکی دیکەش دەڵێن: گومان لە کوردبوونی دەکرێت. واتە هێشتا لە ناسکردنم نەبوونەتەوە. وانییە؟

ی.ك: بەڵێ، بێئەملاوئەولا.

س.پ: بەڵێ، هێشتا ناسکردنم تەواو نەبووە. ئەنجامی هەموو ئەمانەش ئەمەیە: ئەو ناسنامەیە چییە کە ئەوی پێ دەناسین؟ تاوێك لەمەوبەر لە گەرمەی مشتومڕی سەرکردایەتیدا گوتم: ئاپۆچییەکی سەرسوڕهێنی لە من ئاپۆچیتر سەرهەڵدەدات و دەڵێت: من گەورەترین ئاپۆچیم. هەموو ڕۆژێك گەلێك نموونەی هاوشێوەم بە تووشەوە دەبن و وەختە بتەقمەوە. پێی دەڵێم: «کورد بوونی خۆتم بۆ بسەلمێنە لە ڕێگای ئیش و ڕێکخستن و کۆشش و خزمەتەوە». دەبینین ئەمانە هیچیان نین. بەڵام لە ڕووی ناوبانگ و ناوەوە کەس سەراوردی ناکەوێ. ئەگەر وازیان لێبێنی، هەریەکەیان لافی ئەوە لێدەدات کە چەند کەرەتێك لێمی تێپەڕاندووە. تێکڕایان لەو جۆرەن کە دەڵێن: من دەکوژم، من خەڵکی لە سێدارە دەدەم. لەو قەرەجە دەچن کە باوکی لە سێدارەداوە. چۆن ئەوانە دەبن بە کورد؟

دەتوانم گەلێك نموونە بگێڕمەوە. دەبێ ناساندنی کورد لا لە زۆر لایەنی وەك مێژوو و سیاسەت و کۆلۆنیالیزم و میللیگەری سەرەتایی و هەڵوێستی بکاتەوە. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، دەکرێت ئەم ناساندنە لە ڕێگای (PKK) و ڕاستییەکەیەوە ببینین. پێویستە هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی ئاپۆچی و کەسایەتی ئاپۆچی لەم چوارچێوەیەدا بکرێت. لەوانەیە کەسایەتی ئاپۆ جیاواز بێ کە کەسایەتییەکی زۆر ڕەتکەرەوەیە. هەوڵمداوە ڕەوشی ژیانم بە کورتی بگێڕمەوە. ڕەوشی ژیانم لە سادەوە بۆ ئاڵۆز دەست پێدەکات، لە ئاساییەوە بۆ ئەو کۆسپ و تەگەرە دژوارانەی کە لەو ڕێگا دوور و درێژەدا هەن و دڵی مرۆڤ دەرییانناباتەوە، لە چەمکی لادێیی سادەوە بۆ ئاڵۆزترین و هەمە لایەنەترین هەڵوێستی فەلسەفیی و ئەوەش هێزێکی گەورەی گەرەکە و پەرەسەندنێکی نائاسایی پێکدەهێنێ. بەو پێیە چەندین کتێب دەنووسرێن. ئەو کاتە پێویستە لەسەرمان بە شێوەیەکی سەرتاسەری و لە گەلێك ڕووەوە بڕوانینە بابەتەکە و بە باشی هەڵیبسەنگێنین. ئێستا ئاپۆی کورد و (PKK) بەلای تورکەوە شتێکی سامناکن، وانییە؟ ئەمە گەورەترین مەترسی سەر گۆڕەپانەکە پێکدەهێنێ. وانییە؟

ی.ك: بەڵێ ئاپۆ و PKK سەبارەت بە تورکیا گەورەترین تۆڵەن.

س.پ: تۆڵە. ئەمە بۆ کۆلۆنیەکانی دیکەش ڕاستە. هەروەها بۆ ئەمەریکا و ئەورووپاش. ئەوانە دەڵێن: ئێمە ئەم تەرزە کوردەمان پێ قبووڵ نییە، بارزانی کابرایەکی هاوچەرخە و بۆینباخ دەبەستێ. ڕاستیەکەی ئەو لەو شتە کۆنە لە ژێر زەوی دەرهێنراوانەیە کە چوار هەزار ساڵە ماونەوە، بەڵام بەلای ئەوانەوە نوێ و هاوچەرخە، هەرچی (تاڵەبانی)شە لە بۆینباخدا مامۆستایە و بازیداوەتە مەیدانی دیپلۆماتی. بەڵام ئاپۆ، نازانین چییە و ناودار نییە. ئاوا دەڵێن و جارانیش بە منیان دەگوت: «ئاغایەکی نەناسراوە و خێڵی نییە».

ی.ك: بەڵێ کوردێکی بێ خێڵە.

س.پ: بەڵام ئێستا ـ وەك باست کرد ـ ئەوان لە ئایدیۆلۆژیەکەی دەپرسن. ئایا کۆمۆنیستە یان نەتەوەپەرست؟ ئەم جۆرە لێکۆڕینەیان هەیە. ئەمە لە بنەڕەتدا و بە پێی پرنسیپ چۆن کورت دەکرێتەوە؟ لە مەسەلەی کورددا ئەگەر ناساندنی (PKK)و ئاپۆ ڕوون بوونەوە، ئەمە وادەگەیەنێ کە هەوڵ و کۆشش لە ئارادان بۆ سۆراخکردنی ڕاستی. ئێمە کورد نە لەسەر بنچینەی ئەتنۆگرافی و نە نیشتمانی تەواو و نە ئینتەرناسیۆنالیزم هەڵناسەنگێنین. هەروەها بە پێی فەلسەفەی تەواو یا ئەوەی کە کەسایەتییەکی خاوەن ئاینە هەڵیناسەنگێنین. لە ڕێگای ئەم بابەتانەوە دەبینین کورد لە بارودۆخێکدایە دەبێ بە شت. هەمان کات لە بارودۆخێکدایە ڕەنگە هیچ نەبێ. کورد تا ڕادەیەك لە ڕووی ئەتنۆگرافی و نیشتمانییەوە هەیە و لە دۆخی نەبوونیشدایە. بەڵام لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە کەمێك هەیە نەك زۆر. لە ڕووی فەلسەفەیشەوە زۆر کەم هەیە یا هەرگیز نییە. کەچی لە ڕووی ئاینەوە هەیە، گەرچی ناتوانین بڵێین سەرجەمی کورد لەم یان لەو ئاینەن. ئەمە جێی مشتومڕە. ناوی موسڵمانە، بەڵام لە ئیسلام نەبێ لە هەموو شتێك دەچێ. ڕاستی ئیمامەکان و ڕێبازە سۆفیتیەکان ئەوپەڕی ئاڵۆزن. لە هەموو شتێك گرنگتریش نەبوونی پاکی و پوختەییە کە بە چەند ئاستێکی پێشکەوتوو داخراون. ئەوە خیانەتکاری کوردە کە سنورێکی بۆ نییە. پێتان دەڵێم: ناکرێت لە سەرتاسەری بەسەرهاتی کورد و لە گشت بابەتە کوردیەکاندا خیانەتکارییەکی کورد نەبینی. بۆیە دەتوانین ئەم دەربڕینەی بەسەردا ببڕین: «گەلی هەرە خیانەتکار دەرهەق بە خۆی» و ئەوەی کە زۆر نەفرەت لە خۆی دەکات و ئەو کەسایەتیەی کە سەری خۆی دەخوات. ئەم هەموو سیفەتانە چۆنایەتی نیزیکبوونەوە لە ناسنامەی کوردی دیاری دەکەن و بیرۆکەیەکی لەبارەوە بەردەست دەخەن. واتە ڕێگا و شێواز دیاری دەکەن. لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین خۆ تێهەڵکێشی هەڵسانگاندنی سادە و هەرزانبەها بکەین، بەڵکو دەبێ نەڵێین نییە. کورد هەیە و هێندەی مێژووی مرۆڤایەتی دێرینە و تا مێژووی ئەمڕۆ لێکنەپچڕاوە. واتە کورد گرنگترین چیرۆکی مرۆڤایەتییە. هەموو ئەمانە لە چی دەچن، دەزانن؟ لە مرۆڤی مۆمیاکراو و مرۆڤی بەندیخانە و مرۆڤی لەدامێندا ژیاو و مرۆڤی ون و لەگۆڕنراو. بەڵام ئەو مرۆڤە ڕاستەقینەیەیە کە خاسیەتە بنچینەییەکانی مرۆڤایەتی پێوەیە و بە بارودۆخ لە مرۆڤی زیندوو

دەچێ. ئایا ئەمە ڕوونە؟
ی.ك: هەر زۆر ڕوونە..

دەکرێت ئەم مەسەلانە
بە بێ ڕشتنی خوێنێکی زۆریش چارەسەر بکرێن.

س.پ: کورد ئەمەیە. بە واتایەکی دیکە شیکردنەوەی کورد شیکردنەوەیە بۆ مرۆڤایەتی و ڕزگاری کورد، ڕزگاری‌یە بۆ مرۆڤایەتی. تۆ کوردم بە تەواوی بۆ ڕزگار بکە، من پێت دەڵێم هەموو دنیا ڕزگاری بووە. بەڵام ئەگەر کورد بەم داروبارەوە مایەوە، ئەوە ئەم دنیایە هەموو خراپی و خەوشێکی تێدا هەیە. کورد بە واتایەکی دیکە پوختەی سەرجەم لایەنە خراپەکان و ژان و زوور و مەرگەساتی مرۆڤایەتی‌یە. واتە ئاوێنەی هەموو ئەوانەیە و بەڵام هەر بە مرۆڤی دەمێنێتەوە، چونکە دەستی لەم خراپیانەدا نەبووە. خەڵکانی دیکە دەستیان تێدا هەبووە و بەسەر ئەمدا دەشکێتەوە. ئەگەر کورد ئەم هەموو دزێوی و کۆلۆنیالیزم و زەبرو زەنگ و قڕکردنەی هەبووبن، ئەوە غەیرە کورد ئەوانەی کردوون. جا لەبەرئەوەی کە هەموو ئەوانە بەدن، بۆیە غەیرە کورد دەبێتە بەدکار نەك کورد.

ئەگەر وا بە قووڵی لاتان لە شیکردنەوەی کورد کردەوە، دەتوانن پێناسینێکی ڕاستی مرۆڤایەتی بەدەست بهێنن. من ئەوە نالێم لەبەرئەوەی کە کوردم، یا لە کەسانی دیکە پتر پێوەندیم بە کێشەی کوردەوە هەیە، بەڵکو وەك ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی دەیڵێم. دەتوانن ئەنجامی زۆر گرنگ دەستگیر بکەن. مەبەستم ئەوەیە نکووڵی کردن لە کورد هەڵەیەکی قورسە. پێم وایە توێژینەوە و پەردە هەڵماڵین لە ڕووی باروودۆخی کورد زۆر گرنگە. ڕووداوی (ئاپۆ) لە ئارادایە. ئەم خاڵەش بەربەرەکانێی چارەسەر دەکات. سەرنج بدەن من مشتومڕ دەکەم و تێدەکۆشم بۆ گەیشتن بە چارەسەری ڕووداوی ئاپۆ. ئەم مەسەلەیەش پێوەندی بە گشت ڕژێم و سیاسەتە ئیمپریالیەکان و بە تەرزی کۆنی کوردەوە هەیە و لەگەڵ ئەم هەموو مەسەلانەدا لام لێ‌کردووەتەوە، سەرباری تەرزی تورکیش کە زۆر زەبروزەنگ بەکاردێنێ و هەوڵی نەهێشتنی کورد دەدات. هەروەها لەگەڵ ڕژێمی تورکیا و پێوەندیەکانیدا و لەگەڵ ئەم شەڕە سامناکەدا لام لێ‌کردەوە. هەموو ئەمانە خۆم بووم. من بووم گوتم و کردم و پەتی خۆمم پچڕاند و بەم پلەیە گەیشتم. ئایا ئەم تەرزە کوردی‌یە چۆن دەبێ و منیش چۆن دەبم؟ چۆن دەمخەنە نێو قالبێکی کۆمەڵایەتی و وەڵامم بۆ کێشەی ناسنامە چی دەبێ؟ من تەمەنم چل و چوار ساڵە و بە سەرگەرمی منداڵانەوە لە ناوەندی کاردا دەژیم و پەلەم نی‌یە و زۆر دان بەخۆدا دەگرم. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەن چرکەیەکی وەختەکەم بەوپەڕی چڕوپڕی‌یەوە تێدەپەڕێ. هەوڵدەدەین شتێکی تازە و جوان و دادپەروەرانە بخەینە ڕوو کە

هاوسانی و ئازادی و ڕێز لە کۆشش گرتنی تێدابێ و بۆ سروشت و ژینگە بێوەی بێ. لەوانەیە بڵێن تۆ ئایدیالیستانە بیر دەکەیتەوە. بەڵام ئەوی ڕاستی بێ ئێمە هەوڵی خولقاندنی شت و تەرزێکی نیزیك بە بەهەشت دەدەین.

ی.ك: بەڵام ناچێتە بەهەشت.

س.پ: ناچێتە ناوی. بەڵام وەك عەرەفات «واتە عەرەفەی بەهەشت»ی دەمێنێتەوە. هەرچۆنێك بێ ئێمە ئەو جوانی‌یە دابین دەکەین کە بۆ چوونە نێو بەهەشتی سازدەکات و وای لێدەکەین خاوێن بێ، مەبەستی ئەو شەڕەی کە دەیکەین ئەوەیە، ئەمە شیکردنەوەی مرۆڤە، ئەگەر سەرنج بدەی من هەوڵدەدەم لە چوارچێوەی شیکردنەوەی مرۆڤایەتیدا بچمە ناخی کوردەوە. ئەگەر سەرکەوتین ئەوە کارێکی باش دەبێ. من وای دەنرخێنم کە کارێکی بەهادار و مرۆڤانە و ئینتەرناسیۆنالانەیە. هەرچۆنێك کورد فەرامۆش بکەن و لەبەرچاوی نەگرن، کاری کورد هەروا ئینتەرناسیۆنالی دەمێنێتەوە و هێندەی مێژووی (مرۆڤایەتی کۆن) دەبێت و هێندەی پاشەڕۆژی مرۆڤایەتیش شتی تازە لە دووتوێیدا هەڵدەگرێ و ناسنامەکەی دەنوێنێ. ئێمە لەسەر بەجێهێنانی ئەم کارە پێداگرین.

دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە کە شیکردنەوەی ناسنامەی کوردی تا ئەندازەیەکی زۆر یارمەتی شیکردنەوەی ناسنامەی تورکیش دەدات. بەوپێ‌یە پێویستە لەسەر تورك خۆی بناسێنێ تا بتوانین پێکەوە ئیش بکەین، چونکە گەلێك شت هەن پێویستی‌یان بە یەکێتی و برایەتی هەیە. حەزدەکەم بڵێم و بانگیان بکەم بۆ بنچینەیەکی ڕاست و نکوولی یەکتر نەکردن بەهۆی شیکردنەوە و تێگەیشتنی ڕاستەوە تا بەبێ خوێنی زیاتر ڕشتن بگەینە چارەسەرێکی لەبار. لەمەوە بانگی کەسایەتی ڕەسمی و ناڕەسمی و کرێکار و بۆرژوازی و لاو و ژن و پیاو دەکەم و بە گشتیان دەڵێم: بە حسێب و حسێبکاری خۆتاندا بچنەوە دەرهەق بە بێداربوونەوە و ناسنامەی کوردی کە لەبەردڵتاندا گرانن. کورد هیچ زیانێکتان پێناگەیەنێ. ئێوە هێزتان لەیەك لاوە دەبرد. لە ئێستا بە دواوە لە دوولاوە دەیبەن. ئەمە شێوەیەکی ڕاستی هێز و توانایی‌یە. کورد هەوڵیەتی جێ‌وڕێیەکی پایەبەرزی لە نێو مرۆڤایەتیدا هەبێ.

ی.ك: بەڵێ، بە شێوەیەکی زۆر باش گوتت.

مرۆڤی ئێمە پێویستی بەوەیە بە بیر و مشتومڕ و هەڵسەنگاندن نیشتمانی خۆی بناسێ و بە گیان تێیدا بژی. کە ئەوە بەدی هات، دەتوانین باسی گەڕانەوەیەکی ڕاستەقینە بۆ نیشتمان بکەین.

س.پ: هەرچی مەسەلەی گەڕانەوەشە بۆ نیشتمان، وای تێدەگەم ئەم گەڕانەوەیە مانایەکی زۆر فراوانی هەبێ. ئەگەر بە تەنێ گوتمان گەڕانەوە، ڕاست نی‌یە. واتە وەك ئەوەی تۆ بۆ شوێنێك بگەڕێیتەوە کە پێشتر هەبوە و تۆ لێی‌دابڕاوی. ئەوی

ڕاستی بۆ دیاردەکانی ڕیشەکێش کردن و ڕۆیشتن و گەڕانەوە زۆر تێکچڕژاو و نادیارن. ئەگەر هەر دەبێ باسی گەڕانەوە بکەین، ئەوە ـ وەك کەمێك پێشتر کردمان ـ گەڕانەوە ناساندنی گەرەکە. پێویستە لەسەر سەرکردە بپرسێ: من چیم و لە چ مێژوویەکەوە هاتووم. بۆیە دەبێ لەگەڵ مێژووی خۆیدا بگەڕێتەوە. ئەمە گەڕانەوە لەگەڵ بەشێکی ئەم مێژووەدا دەگەیەنێ. ئێمە ئەم جۆرە گەڕانەوەیەمان دەوێ. ئەوەتێ هەڵکەوتووین بۆ ئەوە، لەسەر ئەم شێوازە دروستە سوورین بۆ شیکردنەوە و داکۆکی لێدەکەین و کردوومانە بە شێوازێك بۆ حاڵی بوون لە ڕاستی ڕۆژانە. ئەو ژیانەی کە کورد دەیگوزەرێنێ، لە هەردوو ڕووی ئابووری و سیاسییەوە چی دەگەیەنێ؟ پێویستە لە بارودۆخی ڕاستەقینەی ڕۆژانە تێبگەین. واتە بیکەین بە بۆنەیەك بۆ خۆناسین. دەبێ گەڕانەوە بەم شێوەیە بێ. هەر ئەمە بە کەمی ڕوودەدات. بەڵام ئەوەی کە تۆ مەبەستتە گەڕانەوەی فیزیاییە لە دەرەوەی نیشتمانەوە.

ی.ك: نەخێر، من لە چۆنییەتی ڕوودانی ئەوە دەپرسم. ئایا وەك مەشق وا دەبێ، یان لە شێوەی بەرنامەدا دەبێ؟

س.پ: لە هەموو شتێك گرنگتر گەڕانەوەیە بە گیانەوە. مرۆڤی ئێمە لە گیاندا لە نێو نامۆییەکی گەورەدا دەژی.

ی.ك: مەبەستتان گەڕانەوەیە بۆ بەهاکان؟

س.پ: نامۆییەکی گەورە لە گیاندا هەیە و ئەم نامۆییەش زۆر گرنگە. ئەو مرۆڤەی کە بە گیان ناگەڕێتەوە بۆ لای خودی خۆی، ناتوانێ بە بیر بگەڕێتەوە لای. ئاخۆ گەڕانەوە یەکەمجار لە گیاندا دەبێ یان لە بیردا؟ ئەمە گرنگ نییە. گەڕانەوەی بە گیانی و فیکری هەردوو پێویستن. ئەمە چی دەگەیەنێ؟ بیرکردنەوە و هەست کردن بە ڕاستی خۆی. ئەو لە نیشتمانەکەی هەڵدێت، چونکە ئەم نیشتمانە داروپەردووە. پێی دەڵێی: هاوڕێم نیشتمان داروپەردوو نییە، «گەنجینە»یەکی تێدایە. بگەڕێوە بۆ نیشتمانەکەت. بەڵام ئەو وا وەڵام دەداتەوە: نیشتمان و جوگرافیا بوونەتە تارمایی و ماریش هەن، هەڵدێم. ئەوە دەڵێت.

پێی دەڵێی: نەخێر، ئەوەندە خواردەمەنی و خانووبەرەی لێیە بەشی سەدانی وەك تۆ دەکات. کابرا بیر لەوە ناکاتەوە و لێی هەڵدێت و گیانی تەنگ دەبێ و درێژە بە هەڵاتن دەدات. دەبێ لەم بارەیاندا گیانی خۆی بۆ نیشتمان هەڵبگرێ. ئەمە کارێکی گرنگە. مرۆڤی ئێمە پێویستی بەوەیە بە بیر و مشتومڕ و هەڵسەنگاندن نیشتمانەکەی بناسێ و بە گیان تێیدا بژی. کە ئەوە بەدی هات دەتوانین باسی گەڕانەوەیەکی ڕاستەقینە بۆ نیشتمان بکەین. عەقڵی کوردی بە تورکی و عەرەبی و فارسی بیردەکاتەوە، یان وەك ئەو حیکایەتانە بیر لە خەڵکی دیکە دەکاتەوە. بەڵام بیر لە خۆی ناکاتەوە. لەبەر ئەم هۆیە دەبێ گەڕانەوەیەکی مەزن لە بیردا هەبێ و ئەم گەڕانەوە فیکریەش بە ئامراز و کەرەستە و هەڵسەنگاندنی ئەو بێ. ئەمە گەڕانەوە دەگەیەنێ بۆ چیاو بەرد و گورگ و باڵندە و مێژوو و زەریاچە و

دەشت و ڕۆشنبیری و زمانی -بوی و هەموو جۆرە ڕاستییەکی دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دامەزراندنی بیروڕاکانی بە ئەندازەی قەوارەی شۆڕشەکەی. بە کورتی دەبێ پێچکەی بیرکردنەوەی بسووڕێتەوە و ئەوە گرنگترین ئالوگۆڕە کە لەوانەیە ڕوو بدات. وەك گوتم: ڕەنگە گەڕانەوەی گەهانیش لەگەڵ ئەم گەڕانەوەیەدا بێ. پێویستە لە خۆی نەترسێ و بەو شێوەیە نەبێ کە دوژمنەکانی داوای لێدەکەن. قسەکردن و خۆشەویستی بە پێی خواستی دوژمنان کتومت ناموٚیی‌یە و مەترسی‌یەکی گەورەیە. کورد پێویستی‌یەکی زۆری بەم گەڕانەوەیە هەیە. مەبەستم ئەو کوردەیە کە پاشماوەی کوشتارە بە کۆمەڵەکانە. ئەگەر لێمت بپرسیبایە پێتم دەگوت: کورد پاشماوەی کوشتاری بە کۆمەڵە و لە ڕووی فیزیایی‌یەوە بە هەموو ناوچەکانی جیهاندا پەرش‌وبڵاو کراونەتەوەو بەشێکی گەورەیان بە ئەنادۆڵ و ناوەڕاستی ئێران و حەلەب و ئەورووپا و چەند ناوچەیەکی دیکەدا بڵاوەیان لێکردووە، بەشە کەمەکەیان لە نیشتماندا ماوەتەوە و چوار هێندەی خۆشی لە دەرەوەن. لە ڕاستیدا ئەوە وەك بازرگانی کۆیلە وایە. ئەوانەش کە ماونەوە سەرەتایی و پاشکەوتوون و وەك شوان بۆ کۆلۆنیالیزم کاردەکەن و زەوی بوورە دەکێڵن. ئەوان بۆ ئەم مەبەستە ـ واتە خزمەتکردنی داگیرکەران ـ لەوێ بەجێ هێڵراون. گەلێك کەس بە بازرگانی کۆیلە ڕۆیشتن. ئەوانەش کە ماونەوە شوانی و کشتوکاڵ دەستیان ماچ دەکەن و لەوێ نەهێڵراونەوە خزمەتی خۆیان بکەن. بەو پێیە پێویستە کاروبارەکانی بگێڕدرێنەوە سەر ڕاستە ڕێی خۆیان. نموونەیەکی هاوشێوە لە مێژوودا هەیە. جوولەکە بە هەموو پارچەکانی جیهاندا وەربوون، بەڵام ئێستا و پاش تێپەڕینی دوو هەزار ساڵ بۆ فەلەستین دەگەڕێنەوە و ئێوەش چرو پڕی ئەم گەڕانەوەیە دەبینن.

ی.ك: ئەرمەنەکانیش.

س.پ: ئەرمەن بارودۆخێکی هاوشێوەیان هەیە و ئەوانیش پەیبەندی گەڕانەوە بوون. وەك نموونەیەك لەسەر جوولەکە، گەلێك جوولەکە دووهەزار ساڵێك بوو لە حەبەشە بوون و کەس نازانێ چۆن گەیشتنە ئەوێ. جا کە گەڕانەوە بۆ فەلەستین و لە فڕۆکە دابەزین، خاکیان ماچ کرد و باوەشیان پێدا کرد. بەڵام کورد تا ئێستا ڕادەکات، لە کاتێکدا بازارچق و دێرسیم و بستان و بینگۆل و ئوورفە سەرتاسەر لە دانیشتوانی خاڵی کراونەوە و تەنیا هەکاری مابوو، وا ئێستا ئەویش چۆڵ دەکرێت.

هەمان کات خەڵکانی دیکە بۆ نیشتمانیان دەگەڕێنەوە و تێیدا چەقبەستە دەبن و دەست بە نیشتمانپەروەری خۆیانەوە دەگرن. کورد لە کۆچێکی بەرفراواندا دەژین. بۆیە دەتوانین لەسەر (PKK) بڵێین: بزووتنەوەی ڕاگرتنی کۆچکردنە و، ئەگەر (PKK) لەم دواییەدا نەگەیشتبایە جێ، کورد هەموویان کۆچیان کربوو و کەسیان لێنەمابووەوە. کودەتای (١٢)ی ئەیلوولیش جوڵانەوەیەکی کۆچ پێکردنی کوردە. ئەو کوردانەی کە لە قۆناخی (١٢)ی ئەیلوولدا دووچاری کۆچ پێکردن

بوون، لەو ژمارەیە زۆرترن کە بە درێژایی مێژوو کۆچیان کردووە. زۆربەی گوندە کوردنشینەکان نیوە چۆڵن. هەموو یەکێك دەتوانێ ئەمە ببینێ. بەشێکی زۆری گوندەکان لە ماوەی ۱۲ یا ۱۳ ساڵی ڕابردوودا چۆڵ کراون و ئەوانەش کە ماون یان منداڵی چکۆلەن یان پیر و پەککەوتەن. ئەگەر دواجار (PKK) نەهاتبایە ناوەوە، بڕابوونەوە. ئەو شوێنانە کە چۆڵ کراون لە بری ئەوان کۆچەرانی تورکی لە دەرەوە هاتوویان تێدا نیشتەجێن. بە تورك کردن هەمیشە بەردەوامە. چالاکی نیشتەجێ کردنی تورك هاوشانی چالاکی کۆچ پێکردنی کوردە و لەو کارانە دزێوتر و دڕندانەترە کە تورك بە ئەرمەن و ڕۆمی کردوون. هەمان شتیش بە کورد دەکرا. تووڕەیی دەوڵەتی تورکیا لە (PKK) لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرێ وەك ئەوەی بڵێت: چۆن بۆت هەیە ببیتە سۆنگەی ڕاگرتنی ئەم کارە مێژووییە گەورەیە و چۆن وەك بەربەست لە ڕووی ئەم کۆچ پێکردنەدا ڕادەوەستی؟ جا بە بێ‌ئەوەی کە هیچ چالاکیی‌یەکی سیاسی بکەن، ڕوودەکەنە گوندنشینی کورد و یەخەگیری ئەشکەنجەدانێکی ترسناکی دەکەن بۆ ئەوەی کۆچ بکات. ئەگەر سەرنجتان دابێ، ئەوان هەمان شێواز لەگەڵ گوندنشینانی ناوچە شاخاویەکاندا بەکار دێنن و ناچاریان دەکەن بچنە (شەرناخ و جزیرە و نوسەیبین)، ئەوەش لە ڕێگای تۆقاندن و ئەشکەنجەدانیانەوە. ئەو ڕاپۆرتانەی کە ڕۆژانە پێمدەگەن دەڵێن: ڕۆژانە بۆردومانی فڕۆکە و ئەشکەنجەدانی ترسناك هەن بۆ کۆچ پێکردنی دانیشتوانی گوندەکان و ئاوارە و پەراگەندەکردنیان. ئەمە تا ئەمڕۆ بەردەوامە و مەترسی‌یەکی گەورە پێکدەهێنێ.

بایەخدانی لە ڕادەبەدەرمان بە گەڕانەوە بۆ نیشتمان گرنگی‌یەکی زۆری هەیە بۆ بەرەنگاری کردنی ئەم پەرش‌بڵاوی‌یە. ئەگەر بە سوود وەرگرتن لە ڕاستی‌یە مێژووییەکان ئەم گەلەکۆمەیەمان نەکردبایە بۆ گەڕانەوە بەرەو نیشتمان، ئەوا تێکۆشان دوایی پێ‌هاتبوو و کورد تەواو بوو بوو. ئەگەر دلێرانە بەرخۆدانمان نەکردبایە، ئەوا داگیرکەر بە بەشداری خیانەتکاری میللی‌گەری سەرەتایی، کوردی دەبڕاندەوە. ئەو نۆکەرانە بۆ دوایی پێ‌هێنانی کورد لەگەڵ دوژمندا ئیش دەکەن. ئەمە لە بیرەوەری مەلا عەبدوڵڵای شێخی گەورەماندا دەڵێم کە تەمەنی خۆی لە ۹۸ ساڵ دەدا، دەیگوت: کێشەی کورد لە ساڵی ۱۹۷۵ دا کۆتایی هات. لە دواساتدا پەی بەوە برد کە «بارزانی کورد نی‌یە، بەڵکو نۆکەرە». پێویستە ببڕای ببڕ بەوانە نەخەڵەتێین کە جلی کوردی (شاڵ و شەپك) لەبەردەکەن، چونکە نۆکەرانیش جل وبەرگیان دەگۆڕن. پێویستە ئەمە بزانین. بە کورتی کورد و کێشەی کورد خەریك بوو دوایی‌یان پێ بێ. ئایا قڕتێخستنی کورد شتێکی باش دەبێ؟

وەك بۆم باس کردن، ڕزگاری کورد ڕزگاری مرۆڤایەتی‌یە. بێداری و ژیانەوەی کورد، بێداری و ژیانەوەی مرۆڤایەتی‌یە. گوتیشم: با ئەم خاڵە فراوان بکەین. بەڵام دڕندایەتی (۱۲)ی ئەیلوول و دڕندایەتی کەمالیزم کە لە ڕووی دڕندەیی و هیچ و پووچی‌یەوە لە قۆناخی عوسمانیەکانیشی تێپەڕاند، هەردوو بەرەو ڕوومان

بوونەوە. پێویستە هێندێك كردەوە لێك جوێ بكرێنەوە. عوسمانیچێتی جوولانەوەیەك نەبوو بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی گەلان و نكوولی لە زمان و نەتەوەیان نەدەكرد. بەلام مستەفا كەمال و ڕژێمی توركیا وانین. بەوپێیە ئەوانە هەقخۆر و زۆردارن.

ئاینی ئیسلام سەرباری هێرش و فتوحاتەكانی، نە هیچ گەلێك و نە ڕۆشنبیری ئاینی و نە زانستەكەی لەنێو نەبرد، كەچی ئایدیۆلۆژی نەتەوەیی كەمالی بڕیار لەسەر سڕینەوە و نەهێشتنی بێئەملاوئەولای گەلان دەدات. پێویستە لە چوارچێوەیەكی زانستیدا لا لەم بابەتە بكەینەوە.

ئەرمەن و ڕۆم و كەمە نەتەوەكانی دیكەش ڕۆیشتن و، هەر كورد مایەوە. ئێمە باش دەزانین جوولانەوەی (١٢)ی ئەیلوول لەم ڕووەوە ڕەنگی بۆچی دەرشت. هێشتا هێندێك كورد هەن بەم بارودۆخە قایلن. تەلەیەك نراوەتەوە و پیلان دەكرێت مەسەلەكە دوایی پێبێنین. لەم دەستپێكەوە دەستم بە گەلەكۆمەی گەڕانەوە كرد، لەبەر ئەوە نا كە كوردم، بەلكو لەبەرئەوەی كە كێشە و مەرگەساتێكی مرۆڤایەتییە و كوشتارێكە لە مرۆڤ دەكرێت. بۆیە پێویستە لەسەرم بەهرەكانم و بەرهەلستی و بەرخۆدان بە پێی دەسەلاتی خۆم بەكاربێنم. سەرباری دژواریە گەورەكان ئەوەم كرد و دنیا و ژیانم بۆ ئەوە ڕاگرت تا سنوورێك بۆ ئەم كوشتارە دابنێم. دیارە من شێوەكەی دیكەی ژیان و خەسلەتە كۆنەكانی خۆمم لە سالانی هەشتاوە فەرامۆش كردووە و گوتم: نابێ ئەم بەشە پڕ بەهایەی مرۆڤایەتی ون ببێ، چونكە بەلای منەوە ئەمە ون بوونی سەرلەبەری مرۆڤایەتی دەگەیەنێ. ئەگەر وەلامێكتان بۆ ئەو كەسە دەوێ كە دەپرسێ خەباتی ئاپۆ چۆنە و بۆچی ئاپۆ لە سیاسەتدا كار دەكات؟ پێویستە لەسەرتان ئەم بابەتە ببینن. ئەگەر گەردێك مرۆڤایەتیت هەیە، ئایا دەتوانی دەستەوەستان ڕابوەستی؟ من ئەم پرسیارە لە هەمووان دەكەم بە حیزبییەكانیشەوە. ئێوە لە قۆناخی قرتێكەوتنندان، بۆچی ڕازی دەبن مرۆڤایەتیتان كۆتایی پێبێت و، تەنانەت بە باشیش داكۆكی لە خۆتان ناكەن و چۆن بانگهێشتی مرۆڤایەتی دەكەن و بەهرەكانتان ناخەنە گەڕ؟ من لەوە بەقینم كە هەلوێستتان نەرمە و لە من حالی نابن و نازانن داوای چی دەكەم. با ڕێ بدەین بە كەسانی دیكە. هەتا ئەندامانی (PKK)ش لەم بارەیەوە زۆر نازانن. پێم وابوو ئەوە دەزانن. جا بۆ تێگەیاندنیان سالی چوارجار شیكردنەوە دەكەین. بەلام لە سەروبەندی شەڕی باشووردا بە بێسوودمان زانی. وە ئەگەر ئەوانەی كە لەگەلتدان ئاوا بن، دەبێ ئەوانەی دەرەوە چۆن بن؟ چۆن دەتوانن ئەم ڕووداوە گەورەیە بەخۆبگرن.

پێشتر پێمگوتن هێشتا مشتومڕ بەردەوامە لەسەر ئەوەی كە: ئایا كورد هەیە یان نا؟ ئایا نەتەوەیە یا كەمایەتی یان گەل؟ مرۆڤایەتی لەوێ دووچاری مەرگەسات و پەرتەوازەكردنێكی گەورە بووە. من نالێم وەرە و لە شەڕەكەمدا پالپشتم بە. بەلام دەلێم ئەم بابەتە زانستییە بناسینە و بیسەلمێنە. ئەگەر هەر

سەلمیاندنێکت بەردەست خست، ئایا دەبێ بە ئەندامی (PKK) یان دەبێ بە کادیرێکی (PKK)؟ بێ گومان دەبێ. پێویستە ئەم کارەت بە پێی یاسا گوناح نەبێ. وەك گوتم من لەرێگای تێگەیشتنی بنچینەیی کێشەکەوە لام لە بزاڤی ئەم گەڕانەوە مەزنە کردەوە و گەلێك گرانیم تووش هات و کۆششێکی لە وزەی خۆم بەدەرم کرد و بۆ خستنە رووی ڕاستیش نەرم و نیانیم پیشانداو لە دلی خۆمدا گوتم: ئەوە پێویستی یەکی ناچاری وەك نوستن و حەوانەوە و ژیانی ئازادە، هەموو ئەمانە بوەستێنە و کراوە و خۆڕاگربە و پێبەستەی کرۆکی کارەکە بەو، مەترسی ببینە و هەر لە سیاسەتی دارایی و ڕێکخستنەوە تا تەرزی کادیران و شێوەی شەڕ بە پێی ئەوە خۆت ڕێکبخە. هەموویانم کرد و پەیدام کردن، چونکە بە چاوی خۆم مەترسیم بینی. ئێوە ئەو دۆخی مەترسی یە دەزانن کە بە دۆخی سوپا دیاری دەکرێت. دۆخی سوپاش پێبەستەی ئاستی ئامادەییە و ئەمەش دۆخی سەربازی ڕوونی دەکاتەوە. هەموو ئەمانە لە پێناوی گەڕانەوەی تازە و ڕاگرتنی پەرتەوازەییدا بوون. ئەمە ڕوویدا. واتە ئێمە دەرکمان بە بایەخی ڕاگرتنی کرد، لە کاتێکدا زۆر کەس بەو پەرتەوازەییە نازانن کە تێیدا دەژین. دەکرێت لەسەر ئەم پەرتەوازەییە بلێین: بزاڤی مرۆڤ خستنە نێو زەوی، واتە گۆڕ کردنیەتی. لەو هاوارەم تێبگەن کە شەو و ڕۆژ نابڕێتەوە ، وە لە بانگەواز و کردەوە و شەڕیشم بگەن.... هەستم پێبکەن، شتێکتان بەسەردا دێت. ئەمە ڕاستی یەکە هەولی تێگەیشتنی دەدەن و هەموو ئەمانەش لە پێناوی ئێوەدان.

پێویستە تورك زاتی دانیشتنی لە دەوری مێزی دانوستاندندا هەبێ.

ی.ك: بەلێ وایە.

س.پ: بە قەناعەتی من خۆگرێدان بە ئاپۆوە هاوشانی چوونمە بەرەو پیری ئەم بانگەوازە و، ئەمەش گرێدرانێکی باش و گەورەیە. پێم وایە من وام لێ کردوون هەست بکەن و تێبگەن. چونکە ئێستا هەست بە گەورەیی و قەوارەی مەترسیەکە دەکرێت.

ی.ك: خۆگرێدان بە ئاپۆوە پاش هەلگەڕانەوە لە کوردستان سەری هەلدا، وانی یە؟

س.پ: بێ گومان. پێش ئەوە یەکێك پێی نەدەگوتم «مەرحەبا». مەبەستم ئەوەیە ئاپۆی یەکەم پەت پچڕێنی خۆی بوو و خەلکی بە لاڕێدا دەبرد. بەلام کە وام لێ کردن هەست بە مەترسیەکە بکەن، ئەوسا وایان لێ هات بلێین: ئای ئاپۆ پێویستیمان بە تۆ بوو و توند پێبەستەت بووین و ئێمە کادیری تۆین و زۆرمان خۆش دەوێی. دیارە هەموو ئەمانە بەلای منەوە کێشە نین. بەلام کێشەی گرنگ ئەوەیە وایان لێبکەی هەست بە مەترسی بکەن و بیانکەی بە هێزێکی بەرپەرچدەرەوە بۆ بەرەنگاری ئەم مەترسی یە. ئێستا ڕووی لە نیشتمان کردووە و

گەڕانەوەش کارێکی باشە و بە سەرگەرمی‌یەوە دەکرێت. زۆریان گوێ بە مردن نادەن و پێم وایە گەورە دەبن. جارێکی دیکەش بە گەمژەکانی کورد دەڵێم: ئێوە ناتوانن ئەم گەلەکۆمەی گەڕانەوەیە رابگرن. من میکانیزمی ئیش و کاریم دامەزراند و گرێ کوێرەکەیم کردەوە. ئەمە شەڕێکی ڕزگاری ئاسایی نی‌یە و ناکرێت بە شێوازە سەربازی‌یەکان تێی‌بگەین و ناشکرێت لە ڕوویدا ڕابوەستین. ئەوە ڕووداوێکی گیانی و مرۆڤانەیە، ئەوە شۆڕشە و چووڵانەوەی ڕۆحە. ئەم بزاڤە لە دەماخدا دەست پێ‌دەکات و دوایی دێت و، ناکرێت بە شمشێر یا چەك رابگیرێت. وەرن لە ڕاستی تێ‌بگەن. ئەوان هەوڵدەدەن بڵێن: حالی بووین و پەسندمان کرد. بەڵام نا، مەسەلەکە ئەوەندە سادە نی‌یە. هەوڵبدەن تاسەر لە ڕاستی تێ‌بگەن. ئەگەر دەتانەوێ شتێکی کەمی بەشی خۆتان لەو شێوە بنچینەییە وەربگرن، من دەتوانم بە یەك ڕۆژ شەڕ ڕابگرم، ئەگەر چی ئەوان هەموو ڕۆژێك رایدەگەیەنن ئێمە دڕندە و تیرۆرکارین. ئێوە بیوەستێنن و منیش دەیوەستێنم. ئێوە بدوێن و منیش دەدوێم، بەڵام تا کۆتایی لێمان مەدەن...ئەمە بەسە. ئەگەر ویستتان با جیهان لە نێوانماندا حوکم بدات. لە کۆتایی مشتومڕەکەماندا بڕیارەکەیان هەر چۆنێك بێ من پێی ڕازیم. با هەمووان بخەینە جێی حوکمدان و با بڕیاری خۆیان بدەن، ئەوەم بەسە بە ئازادای داکۆکی لە خۆم بکەم.

پێویستە تورك لەمە دانەچڵەکێن. بەم پێ‌یە پێویستە زاتی ئەوە بکەن لە دەوری مێزی دان وستاندندا دابنیشن. بۆچی بەردەوام لەمە هەڵدێن؟ لەبەر ئەم هۆیە نامەوێ بڵێن تیرۆرکارە و لە هیچ حالی نابێ. بە دەوڵەت و گەورەترین سەری دەڵێم: ئەگەر گەردێك جەربەزەیی شك دەبەن و هێندەی سەرە دەرزی‌یەك لە مرۆڤایەتی تێدەگەن، وەرن با بەرانبەر بە یەکدی دابنیشین و قسە بکەین. بەڵام تورکیا ئەم جۆرە کەسەی تێدا نی‌یە.

ی.ك: بەڵێ زۆر جوانە.

س.پ: بۆزمان بە جێ‌یان هێشتین، بەڵام من کەوتمە قسەکردن. مادامێکی زمانیان درێژە، با بێن قسەبکەین.

ی.ك: بەڵێ ئەم قسەیەتان باڵا دەکات. ئەو کاتە ئەو پیاوە پەیدادەبێ کە دەتوانێ قسە بکات. ئێستا ئاپۆی برام پرسیارەکانم بەم ڕوونکردنەوانەتان تەواو دەبن و سبەی بە ئامادە بوونی هەڤالان دێینە سەر دوا بەشی گفتوگۆکەمان. ئەوی ڕاستی بێ گفتوگۆکەمان زۆر جوان بوو، من ئەو پەڕی مەمنوونم.

بەشی سێیەم

بەشی سێیەم

پرۆسەی شۆڕشگێڕانە خۆی بوو ئێمەی ڕووبەڕووی ڕۆمان کردەوە.

ی.ك: ئەمڕۆ کۆتایی بەم گفتوگۆیەمان دەهێنین. بۆیە مۆڵەتت لێومردەگرم تا هەڤاڵانی لاویش بێنەپالمان. لە گفتوگۆکانی پێشوومانا باسی مرۆڤی تازە و ئیش و کارەکانی و شەڕمان کرد. بیرمە، لامان لە بابەتێکی زۆر گرنگ کردەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئێوە باسی ئەوەتان کرد کەوا ئەدەب و هونەر و ڕۆمان نەبوونایە، لە خولقاندنی مرۆڤی تازەدا ڕووبەڕووی گەلێك دژواری دەبوونەوە و، تەنانەت ئەگەر بشتانهێنایەتە بوون ئەوا هەمیشەیی نەدەبوو. ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە. ئەگەر حەز بکەن باسەکەمان بە ڕومان دەست پێبکەین، چونکە ئێمە وایدەبینین ئەگەر سەرکەوتنێك هەبێ، دەبێ ئەم کارە ڕۆمانێکی هەبێ. مرۆڤی فەرەنسی سەرلەنوێ لە دایك دەبێتەوە و ئەمجا ڕۆمانەکەی دەردەچێ. ڕۆمانی ڕووسی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە دەست پێدەکات و مرۆڤی تازە سەرهەڵدەدات و ڕژێمی کۆن هەرەس دەهێنێ و خامەی تازەی وەك دستوڤیسکی و تورجینێڤ و ڕۆمانەکەی «باوکان و کوڕان» دەکەونە ڕوو تا دەگەینە یەکێتی سۆڤێت کە ڕۆمانی ڕزگاری و ڕۆمانی بەلشەفی پەیدابوون. بە ڕای من باشترین ڕۆمانی سۆڤێتی بە ڕۆمانی دووەم شەڕی جیهانی دوایی پێدێت. دوای ئەوە (پاسترناك)مان وەك باشترین ڕۆماننووس پێشکەش دەکەن. ئەم نووسەرە (دکتۆر زیناکۆ)ی بۆ نووسین کە بە نهێنی ڕەخنە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەگرێ. پاشان (سۆلجنستین)ی قوربانی جیهانی خۆرئاوا پەیدا دەبێ کە بەرەیەکی ئاشکرای بەرەنگاری کردەوە.

بە کورتی ئەگەر بڕوانینە مێژووی ڕۆمان، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕژێمی سۆڤێتی لە سەرەتای ساڵانی پەنجا و ساڵانی شەستدا ڕاوەستاوە. بەڵام ئەگەر ڕوانیمانە تورکیا دەبینین ئەمڕۆ ڕۆماننووسێك نییە، نە لە کورد و نە لە تورك. یەشار کەمال لوتکەیەك بوو و بڕایەوە و پاش ئەو کەس دەرنەکەوت. ئەگەر ئەماشای شیعری تورکی بکەی، دەبینی باشترین شیعر لە بارەی شەڕی ڕزگارییەوەیە و نایابترین شیعری «نازم حیکمەت»یش لەسەر ئەڤین و مرۆڤایەتییە. لەوە بترازێ، لە شیعری شەڕی ڕزگاری تورکیا بەدەر شیعرێکی باش نییە. ترۆپکی شیعری تورکی لە شیعری (نازم حیکمەت)دا بەرجەستەدەبێ و هیچی دیکەنا. ئێوە بە باشی ڕەخنەتان لە شیعری ئەحمەد عارف گرت. ئایا شاعیرێکی تورکە یا کورد؟ ئایا شاعیرێکی ئەزەلییە یان نا؟ هەموو ئەمانە ڕۆشن نین. قەڵەمبازێکی باش بوو و ئیتر بڕایەوە. شیعری تورکی بە مردنی جەمال سورەیا کۆتایی دێت. ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە بڕوانین، دەبینین ئەم ڕۆژانە

ڕۆمانێکی کوردی لە ئارادانی‌یە و ڕۆمانی تورکیش ڕوو لە بڕانەوەیە و هیچ ڕۆمانێکی تازە نی‌یە.

ئەیلولی‌یەکان (پالەوانانی ١٢ی ئەیلوول) هێندێك کەسی خۆیانیان خستەڕوو. دەمەوێ لەم پێشەکیە درێژەدا بێمە سەر تێبینی‌یەکی پڕبەهای پێوەندی هەیە بە یەکێتی سۆڤێتەوە کە ئێوە سەرنجتان بۆ ڕاکێشاین. بەڵام بەلای ئێمەمانانەوە کە بەدوودا چووی ڕووداوە کوردی و تورکیەکانین کتوپڕیەکی گەورەیە. ئەویش ئەوەیە کە بەرنامەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە بنەڕەتدا بۆ پارچە پارچەکردنی یەکێتی سۆڤێت قوت کرانەوە. من لەم تێبینیەدا بەشداری ڕایەکەت دەکەم. کەچی پاشتر ئەم چەکە ڕووی کرایە هەڵگرەکەی، ئیتر تا چ ڕادەیەك؟ من نازانم. ڕۆمانی ڕووسی بە ڕۆمانی سیمینۆف لەسەر ئەو مرۆڤە ڕووسی‌یەی کە لە دووەم شەڕی جیهانیدا بەرخۆدان بەرانبەر فاشیزم دەکات، کۆتایی پێ‌دێت. ئەو ڕۆمانانەش دەرکەوتن کە لە ناوەوە تووشی داکرۆشتن بوون.

لێرەدا دەمەوێ بەو خەڵکانە بڵێم کە لە ئاستی تورکیا و کوردستاندا بەدووی هەواڵماندا دەچن: تێڕوانینتان بۆ مرۆڤ هەمە لایەنە بێ و تا چ ئەندازەیەکیش هەمە لایەنە بێ چڕوپڕ دەبێ. لە دەسپێکی ئەم گۆشەنیگایەوە ئایا دەتوانین بڵێین: هۆی هەرەس هێنانی یەکێتی سوڤێت ئەوەبوو پێی‌نەکرا مرۆڤی سۆشیالیستی ڕاستەقینە بخولقێنێ؟ ئایا خولقاندنی مرۆڤی سۆشیالیستی بەرەبەرە پاش دووەم شەڕی جیهانی وەستا؟

س.پ: پێش ئەوەی بێمە سەرباسی بێ‌دەسەلاتی یەکێتی سۆڤێت لە خولقاندنی مرۆڤی سۆشیالیستیدا، بەسوودی دەبینم هەلوێستە لەلای ڕاستی ڕۆمان و پێوەندی ئەوە بەو مرۆڤەوە بکەم کە دەمانەوێ لە ڕۆمانەوە بیهێنینە بوون، ڕۆشنکردنەوەی ئەم پێوەندیە بە کەڵك دەبێ، بە تایبەتی لە مەسەلەی کورددا کە هەموو شتێکی تێدا ئاوەژووە و لەگەڵ هەموو شتێکی سەربەرەو خواردا دەژین. ئەمە پاڵمان پێوە دەنێ باش لە ڕۆمان بگەین.

من خۆم نەمدەزانی ڕۆمانە نووسراوەکان تا چ مەودایەك بەهێزن. تەنانەت بۆ زانینی ئەوەی کە ڕۆمان چی‌یە و چۆن دەنووسرێت و چۆن گەشە دەکات، دژواریم بەدی دەکرد. بەڵام پرۆسەی شۆڕشگێڕانە خۆی ئێمەی ڕووبەڕووی ڕۆمان کردەوە. ئێستا هەڵسەنگاندنم بۆ ڕۆمان لەوەدا قەتیسە کە ڕۆمان چیرۆکی شی‌بوونەوەی سیستەمێکی پێشووە بە لایەنە ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریەکانیەوە و هاوشانی پێداویستی سەرهەڵدان و سەرکەوتنی سیستەمی تازەیە بە گشت لایەنە سەرنجڕاکێشەکانیەوە و، تۆمارکردنێکی ئەدەبی ئەم قۆناخی گۆڕانکاریەیە. مەبەست لەم ڕووداوە تەنیا حیزب نی‌یە، بەڵکو چەمکێکی بەربڵاوە. بۆ نموونە لە مەسەلەی سەرهەڵدانی ئیسلامدا شتی وا هەیە لە ڕۆمان دەچێ. بەسوود دەبێ ئەگەر باسێك بە ناونیشانی (ڕۆمان لە ئیسلامدا)وە هەبێ، چونکە لە ڕۆمان دەدوێین یەکەم شت کە بە خەیاڵماندا دێت خۆرئاوا و ڕۆماننووسە خۆرئاواییەکانە.

بایەخ لەوەدایە بگەڕێینەوە بۆ ڕاستی مێژوویی‌مان و بە دوای کتێبی هاوشێوەی ڕۆماندا بگەڕێین و بزانین دانەرانیان کێن و کەینێ هاتنە بوون. ئەگەر ویستمان بچینە نێو دنیای ڕەگەز و شوێنی سەرهەڵدانی ئەم ڕۆمانانە، دەبێ ڕۆمانە خۆرئاوایی‌یەکان نەکەینە پێشەنگی خۆمان، بەڵکو پشت بە خەسڵەتە خۆرهەڵاتیەکانمان ببەستین و هەتا ئەم ڕۆمانانە بشگێڕینەوە بۆ قۆناخەکانی مێژووی دێرینیمان. هەروەها پێویستە بڕوانینە ئەفسانە و حیکایەتە کۆنەکان. بە باوەڕی من سەرجەمی سەربردە و داستانە مێژووییەکان لە ڕۆمان دەچن. گێڕانەوەی ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلامی و عوسمانی لە ڕۆمان دەچن. بۆ نمونە گێڕانەوەی گەشتە پڕ دۆزینەوە تازەکانی (ئەولیا چەلەبی) لە زنجیرەیەك ڕۆمان دەچن. من پێم سەیرە زۆربەی ڕۆماننووسانی تورك ئەم شاکارانەیان فەرامۆش کردووە و ڕوویانکردووەتە ڕۆمانی خۆرئاوایی و شێوازی خۆرئاوایی لە هەڵبیەنگاندنی ڕۆماندا، وەك بڵێی هیچ سەروساختێکیان لەگەڵ ئەم هەموو شاکارانەدا نی‌یە. گەلێك نموونە هەن دەتوانین بیانگێڕینەوە، وەك چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەوە و چیرۆکی کەرەم و ئەسڵێ و چیرۆکی لەیلا و مەجنوون، ئەمانە تێکڕا ڕۆمانی گرانبەهای دانسقەن. بەڵام یەکێك بەم پێ‌یە بە توێژینەوە و پەردە لەسەرلادان لای لەم شاکارانە نەکردووەتەوە. گەلێك سەربردە لەسەر هێرشە ئیسلامیەکان هەن لە شێوەی ڕۆماندا دەگێڕدرێنەوە.

ی.ك ئایا ڕۆژانی منداڵیتان زۆرتان لەمانە خوێندەوە؟

س.پ بەڵێ، ئەوەم بۆ باس کردن. مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە وەختێك سوراخی سەرچاوەی ڕۆمانەکانمان دەکەین دەبێ بگەڕێینەوە لای بەها مێژووییەکانمان. پێندەچێ نەکرێت ڕۆمانە نوێ‌یەکان بەبێ ڕەخنە گرتن لەم نموونە و شاکارە مێژووییانە پەرەبستێنن. لەبەر ئەوەش کە ڕۆشنبیری تورك لە قۆناخی خۆرئاوایی بوونێکی گەورەدا دەژی ، متمانە و دەسەڵاتی ئەوەی نی‌یە ئەم ڕاستی‌یانە ببینێ. با جارێکی دیکە بێینەوە سەر مەسەلەی کورد. ئەو چەرخەی کە ئێستا مرۆڤی کوردی پێدا تێدەپەڕێ، چنینێکی مەزنی هەر ڕۆمانێکی ڕەسەنی خۆماڵی‌یە. ئەمە چەرخی وێرانکاری یا تراژیدیای وێرانکاری کۆنە - یا چی ناودەنێی بینێ - و قۆناخی هەڵکشانێکی مایەی سەرسامی و قۆناخی ڕووخانی خود و بنیاتنانی خودێکی تازە و دارزانی پێوەندیە کۆنەکان و بنیاتنانی پێوەندی تازەیە، یان تێکشکانی کەسایەتی کۆن و بنیاتنانی کەسایەتی تازەیە. هەروەها دنیای هەرەس هێنانی هەستەکۆنەکان و گەشەکردنی هەستە تازەکانە بە جۆر و شێوازی پێوەندیەکانیشیەوە. بە گشتی چۆنایەتی ژیانیەتی.

ڕۆمانیش بەش بە خۆی دەست بۆ ئەم لایەنانە دەبات. ئەمە لایەنێکی نەدەبی کەم وێنەیە و ئەو نموونانەی کە باسم کردن ئەزموونی ڕۆماننوس لەو قۆناخەدا دەگێڕێتەوە کە تێیدا دەنووسێ بۆیە ڕۆمانی فەرەنسی ڕاستەوخۆ پێبەستەی شۆڕشی فەرەنسیە و لا لە ماوەکانی پێشوو و داهاتووی ئەم شۆڕشە دەکاتەوە.

پێویست ناکات لەم لایەنەدا قووڵ ببینەوە، چونکە پێوەندیەکە یەکجار توندوتۆڵە. ئەم مەسەلەیە سەبارەت بەو هەموو دەوڵەتانەی ئەوروپا کە لە قۆناخی شۆڕشە بورژوازیەکاندا ژیان، حاشا هەڵنەگرە. هەروەها پێوەندی ڕۆمانی ڕووسی بە شۆڕشی بەلشەوی و قۆناخی پێش و پاش ئەم شۆڕشەوە ڕاستییەکی بێئەملاوئەولایە.

ی.ك: ڕۆمانی (باوکان و کوڕان)ی تورجینیڤ نموونەیەکی هاوجووتی قسەکەتانە، کەسایەتی ون لە باوکدا دەنوێنرێ و کەسایەتی پاشەڕۆژیش کوڕ دەینوێنێ. ڕۆمانەکە ناودارترین ڕۆمانی جیهانە لەسەر بناخەی ململانێی نێوان ئەم دوو کەسایەتیە دامەزرابێ. لینین ڕۆمانی (باوکان و کوڕان)ی زۆر خۆشدەویست.

س.پ: بەڵێ. نەمخوێندووەتەوە. بێگومان مەزنی ڕۆمانی ڕووسی لەو هەلومەرج و پێوەندیە هۆزایەتیە قورسانەوە دێت کە کۆمەڵگایان هەڵدەسووڕاند. هەڵوەشانەوەی ئەم پێوەندیانە و ئەو شۆڕشە ڕیشەییەش کە قەوما کێشایانەوە بۆ گەلێك زەبری کاریگەر و، پێوەندیەکانیان ناکۆك و تێکچڕژاو کرد و بوونە هۆی لە دایك بوونی سیستەمێکی تازە. جا کاتێکیش دێینە سەر ڕۆمانی تورکی، تۆ باسی بارودۆخێکی جێی واق وڕمان و دڵگوشین دەکەی.

ی.ك: دەتوانم بڵێم دەگاتە لوتکەو ئەمجا دەبڕێتەوە وەك ڕۆماننوسیی یەشار کەمال کە لوتکەیە، بەڵام دەبڕێتەوە و پاش ئەوە هیچ.

س.پ: ڕوونترین نموونە لەسەر ڕۆماننوسیی یەشار کەمال ڕۆمانی (حەمەدۆك)ەکەیەتی کە لەم ڕۆمانەدا لا لە ڕووداوێکی سەربەخۆ دەکاتەوە. بە ڕای من لاکردنەوە لە کەسایەتی ڕێگر (چەتە) بە شیکردنەوە، زانیاری زۆرمان لەسەر کۆمەڵگا و ڕاستی پێوەندیە تێیدا دامەزراوەکانی ناداتێ. لەوانەیە چیرۆکێك یا حیکایەتێك بێ، بەڵام ناتوانێ ببێتە ڕۆمانێکی کۆمەڵایەتی ڕاستگۆ. ڕۆمانی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە دەبێ پشت ببەستێت بە هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە چنراوە کۆنەکان و چنینێکی تازەی ڕێکخراو لە پەیوەندیەکان دروست بکات، ئەوسا دەتوانین حوکم بدەین کە ڕۆمانە. خۆ ئەگەر لای لە دۆخی نیوەچڵ کردەوە و سەرلەبەری کۆمەڵگای نەگرتەوە، ئەوا لە چوارچێوەی حیکایەت یا چیرۆکدا دەمێنێتەوە.

ی.ك: لەوانەیە تێبینییەك هەبێ پشتگیری ئەم خاڵە بکات کە باسی دەکەن، ئەویش ئەوەیە گەلێك ڕەخنە ئاراستەی ڕۆمانی (حەمەدۆك)ی یەشار کەمال کران چونکە ستایشی پێوەندیە هۆزایەتیە بەسەرچووەکان دەکات، ستایشی بەگەکانی (ئەدەنە) دەکات.

س.پ: دیارە ئەمە ڕاستە. تەنانەت ئەم ڕۆمانەشم باش نەخوێندووەتەوە. بەڵام بە تێگەیشتنی من لا لە نیشتەجێکردنی تورکمانە چیاییەکان لە ناوچە دەشتاییەکاندا دەکاتەوە. ئەو گوندە کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە ڕووی تێدەکات، گوندێکە ئەوەی کە لێی دەچێتە دەرێ بۆ چیا دەبێتە ڕێگر و کە لێیەوە دادەبەزێتە دەشتایی دەبێتە

بەگ. بۆیە نووسەر ناچار دەبێ پێکەوە ستایشی هەردووکیان بکات. بێ گومان ئەمە لەوەوە دوورە وێنەیەکی هەمەلایەنە و ڕاستگۆیانە لە بارەی واقیعی دامەزراوی ئەو قۆناغەوە بەردەست بخات. ئەم ستایش و گەورەکردنەی بەگ و ڕێگر ـ بە قەناعەتی من ـ دوورن لەوەی کە ببنە بابەتێکی کۆمەلایەتی فراوان، بەلکو لەوەوە نیزیکە ببێتە جۆرە حیکایەتێك یا داستانێك لە داستانە کۆنەکان.

ی.ك: ڕاستە. شێوازی داستانە و زمانی زیندەڕۆیی تێدایە.

س.پ: لە داستانە کۆنەکان دەچێ. تەنانەت من دەتوانم بلێم ئەم ڕۆمانە لە ڕاستی‌یە مێژووییەکانی قۆناغی عوسمانیەکان و تا ڕادەیەك مێژووی کۆماری تورکیاشەوە دوورە. ئەوی ڕاستی بێ یەشار کەمال حەزناکات بچێتە نێو ئەم ڕاستیانە، بەلکو لێیان هەلدێت. لەمە تێناگەم. ئەمە هەلوێستیەتی دەرهەق بە مەسەلەی کوردیش. ڕاستیەکەی یەشار کەمال لە کوردە کۆچ پێکراوەکانە بۆ ناوچەی (چوقوور ئۆفە). ئیدی بۆچی لا لەم واقیعە ناکاتەوە؟ بۆچی دەترسێ؟ هەتا دەتوانین ڕەخنە ئاراستەی ئەدیبانی دیکەش بکەین. ئەوانە قوربانی دەستی کەمالیزمن، چونکە لەو ڕۆشنبیرانەن کە لە کەمالیزمدا توێندرانەوە و هەرگیز ناتوانن باسی ڕاستیەکان بکەن و بێ‌پێچ وپەنا پێشانیان بدەن. بە قەناعەتی من ئەمە ئەو ڕەخنە سەرەکیەیە کە دەکرێت ئاراستەی یەشار کەمالی بکەین. چونکە بایەخ بە لق و پۆپ دەدات نەك ڕەگ و ڕیشە.

ی.ك: ئەمە چنینێکی گونجاوە. دەکرێت هەلکشانی کورد بە نموونە وەربگیرێت.

س.پ: هەرگیز نەیدیوە و نایبینێ. بگرە لەوەش خراپتر، حەزناکات ئەو ڕەشەکوژی و قڕکردنەی نەژادی مرۆڤ ببینێ کە دەرهەق بە کوردان دەکرێن. چیرۆکی یەکێك لەو کەسانە دەگێڕێتەوە کە لە خێلەکەی دوور کەوتووەتەوە، بەبێ ئەوەی بێتە سەر دوورایییە مێژوویی و کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی ئەم ڕووداوە و بەبێ ئەوەی ڕاستی‌یە کۆمەلایەتیە بنچینەییەکان پێکەوە گرێ بدات. دەست بۆ ئەم چیرۆکە دەبات وەك بلێی ڕووداوێکی تا ئەوپەڕی تاکە کەسی‌یە و لە دەوروبەرەکەی داماڵراوە. ئەمە کارێکی گومان لێکراوە و پێویستە لێی بپرسین: چۆن زاتی ئەم جۆرە کارەت کرد؟ ڕۆمانێکی وا دەبێتە هۆی چ شۆڕشێکی کۆمەلایەتی؟ پێم خۆشە ئەمە بپرسم. ناکرێت ئەم جۆرە ڕۆمانووسە خزمەتی هیچ شۆڕشێکی کۆمەلایەتی بکات و، هیچ کاریگەری‌یەکی نی‌یە. لەم ڕووەوە دەتوانین باسی (ئورهان کەمال)یش بکەین. ئەمە کەمێك باسی ئالوگۆڕی پرۆلیتاریایانە دەکات.

ی.ك: باسی خۆشەویستی مەزنی گەل دەکات.

س.پ: کەمێك. ئەویش چارەسەری پێ نی‌یە. هەر چاودێری پێ‌بەسە. ئەمە نابێتە هۆی چارەسەر. (خۆل) شاکارێکیەتی، خوێندمەوە و کاری تێ‌کردم. هێشتا دیمەنی (زەینەل)ی کوردم لەم ڕۆمانەدا لەبیرە کە لە (چوقوور ئۆفە) لە ناوەندی

ئارەق و خوێندا کاری دەکرد. ئەو هەر چاودێریکردنی ڕووداوەکانی پێبەسە.

ی.ك: ئۆرهان کەمال لە هەموو نووسەرانی تورك زیاتر لە خولیای مرۆڤایەتی‌یەوە نیزیکە بە ڕاستگۆیی.

س.پ: ڕێزی ئەم لایەنەیم تێداگرتووە و زۆر نرخاندوومە. بەڵام ئەمە چارەسەر نی‌یە، بەڵکو تەنیا چاودێری‌یە، ئەگەر چی چاودێری‌یەکی بەهادار و زۆر ڕاستگۆیانەیە. یەشار کەمال ئەمەی نەکردووە. هەوڵدەدات شی‌بکاتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی داماڵراو و لە بری ڕەگ و ڕیشەش بایەخ بە لق و پۆپ دەدات و ئەمجا هیچ دەروویەك لەو ناوەدا نی‌یە. تەنانەت ڕوونی ناکاتەوە چ پەرەسەندنێکی کۆمەلایەتی گەرەکە. جا لەبەرئەوەی کە ڕۆمانەکەی گەلێك ڕاستی دەشارێتەوە، بۆیە چەندین دوورایی ترسناکی هەن.

ی.ك: لەم بارەیاندا ئەحمەد عارف دەبێتە شاعیری یەشار کەمال.

س.پ: بێ‌گومان. هەمان نموونەیە. ئەویش لە دیاربەکر ڕیشەکێش کراو لە (جان قایا) دادەنیشێ. ئەمە ڕیشەکێش کرانێکی خراپ و نیشتەجێ بوونێکی خراپترە. یەشار کەمال لە (وان) هەڵکەندراوە و هاتووەتە (چووقوور ئۆفە). ئەمجا لەویش هەڵکەندرا و لە (ئاتاکۆی) دانیشت و وەك سریشی چەسپ کردن لەوێ نابێتەوە، یان کەسانێك هەن بەم جۆرە بەوێوەی نووساندوون. ئەحمەد عارف پێش ئەوەی بمرێت گوتی: «ئەمە چی لە من دەوێ؟»، لە کاتێکدا کەمێك ڕەخنەم لێ‌گرتبوو. کورەکەی ناونا (فیلینتا) و پاشتر دەرکەوت فیلینتای کوری بە کردەوە لەو بووکە باغانەی فیلینتا بەدەرنی‌یە کە لە دووکانەکان دەفرۆشرێن. زۆر خەفەتم بۆ ئەمە خوارد. ئەوەتا کوڕی شاعیری شۆڕش فیلینتایەکی باغەیە. ئەمە لە جان قایا ڕوویدا.

ی.ك: مخابن کە ئاوا بوو.

نازم حیکمەت لە دەستی کەمالیزمدا دیلە و ستایشکەریەتی ئەمەش بارودۆخێکی درامی‌یە.

س.پ: بێ‌گومان. دیارە باسی (جەمال سورەیا)تان کرد. پێم وایە ئەویش ڕۆڵەیەکی دێرسیمە. وا ناوی دێنن کە شاعیرێکی باشە. پێویستە کەمێك لە شاعیریی جەمال سوورەیا تێبگەین کە بەشێکی لە شاعیریی ڕۆڵەکانی دێرسیم پیشان داوە، بەڵام شاعیری‌یەکی نامۆیە. ئەوی ڕاستی بێ ڕۆڵەکانی دێرسیم بارێکی گیانی تایبەتیان هەیە. ئەم بارە گیانی‌یەش لەو کوشتارانەوە دێت کە کەمالیەکان دەرهەق بەوان کردیان و کێشایەوە بۆ نامۆیی گیانی‌یان لە واقیعەکەیان. بۆیە بە خوایشتی خۆیان بەم واقیعە و بە تواندنەوەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی تورکیادا قایل بوون. لەوانەیە ئەمە بەرهەمی خەمی مێژوویی یا خەفەت و شتی لەم بابەتە بێ. ئەم بارە گیانی‌یە دەبێ بە شیعر و لە زاریان دێتە

دەرێ، بەلاّم شیعرێکی نامۆیە نە بە مێژووی خۆیەوە و نە بە قۆناخەکانی دروست بوونییەوە گرێ نەدراوە و ئامانجەکانی نادیارن ، نازانین چ مەبەستێکی هەیە. پێم ناکرێت چۆنیەتی دروستبوونی شیعر و رەخنەلێگرتنی شیبکەمەوە، بەلاّم زەحمەت نی یە هەر لە یەکەم روانینەوە ئەوە ببینین کە پێشتر لێی دووام. شیعرەکانی هیچ مانایەکی نیشتمانییان تێدانی یە و ئەم لایەنەش زۆر گرنگە. ئامانجی شیعریشی تەواو ناروشنە و، تەنانەت هاندەرەکانی شیعریش لەلای ئەو نادیارن، ئەم هەموو خالاّنە راستی ناکۆکی دیترسیم و ئەو بەهایانە دەردەبڕن کە تورکەکان لەوێ تۆو چێنیان کردن، یان ئەو شێوانەی کە تورکەکان بەسەر ئەو ناوچەیەیاندا سەپاند، جەمال سورەیا لەم واقیعەوە دێت کە باسمان کرد.

ی.ك: بەلێ. تەمەنیشی کورت بوو.

س.پ: با یەك یا دوو وشەش لەمەر نازم حیکمەت بدوێین، چونکە زۆر کەس لێی دوواون، بەلاّم من تا ئێستا باسیم نەکردووە. ئەم شاعیرە کە تووشی جۆرەها ئازار بوو بە دەستی کەمالیزم و دانی بەوە دانا، کەمالیزم بە خۆی گرت. من ناچارم ئەمە بڵێم، چونکە بە خۆگرتن بەشێکە لە کەلەپووری تورکی. ئێوە لە کتێبەکەتاندا (سولتان محمد الفاتح) باسی ئەو میرە (سربی)یە دەکەن کە سولتان بە خۆی گرت و لە خۆی نێزیك کردەوە و کردی بە نۆکەرێکی کۆشکی سولتانی. ئەم چیرۆکەی خوارەوەم لەبارەی مستەفا کەمالەوە بیستووە.

جارێکیان لە شوێنێك لە دەوری خوانێکی خواردنەوە دانیشتبوو و (نازم)یش لەسەر خوانێکی دیکەی دوور لەو دانیشتبوو. مستەفا کەمال یەکێك بەدوای (نازم)دا دەنێرێ بێتە سەر خوانەکەی، (نازم)یش دەڵێت: برۆ پێی بڵێ من بوکی زەریا (ئەفتالیا) نیم. ئەم قسەیە بەڵگەی ئەوەیە کە نازم ئارەزووی کردووە ببێ بە بوکی زەریا، ئەرێ وانی یە؟ ئەمە حاشا هەڵنەگرە. بە باوەڕی من ئەو تا رادەیەك بوو بە بووکی زەریا. بەم پێ یە پێوەندی نێوان نازم و کەمالیزم ساغ دەبێتەوە. لەوانە بوو لە بەندیخانە هەڵبێت و دەرباز ببێ، بەلاّم بارودۆخی لە هی ئەو میرە سربی یە دەچوو کە پەلپی لە سولتان (محمد الفاتح) گرت و تێکشکا و هەڵگەڕایەوە. پەلپگرتنی نازم لە کەمالیزم ئەوکاتە سەری هەلّدا کە لە بەندیخانە «بەندیخانەی کۆماری»دا بوو، وانی یە؟ ئەوێ جێی مردن و تێکشکانی هیواکان بوو. سەرنج بدەن ئەو کتێبەکەی «داستانی هێزە نەتەوەییەکان» دەنوسێت و پاشتریش ستایشی دەکات.

ی.ك: بەلێ، لە ئاشکاری دەچێ.

س.پ: بەلێ، هەوڵبدەن باش لە نازم حالّی ببن، ئەو دیلی دەستی کەمالیزم و ستایشکەریەتی. ئەمە بارودۆخێکی درامی یە. لە بەندیخانە هەلاّتنی پاش ئەم بارودۆخە درامی یە بوو. هەلاّتنی زۆر گرنگە. پێم وایە نازم بە هەلاّتنی بۆ یەکێتی سۆفێت دۆڕاندوویەتی. هێندێك کەس دەڵێن بوو بە شاعیرێکی گەورە، بەلاّم من وای بۆ دەچم کە ئەوە راست نی یە. ئەو سالاّنە نەریت وابوو کەسانی

هاوچەشنی ئەو ببنە زورناژەنی پڕۆپاگەندەی سۆڤیێت. ئەوی ڕاستی بێ ئەمە باروودۆخی ڕاستەقینەی ئەو بوو. دیارە من لایەنەکانی دیکەی ژیانی فەرامۆش ناکەم. گەلێك شیعری جوان و سەرنجراکیشی نووسیون، بەڵام بەلای منەوە پێوەندی بە خاکی تورکیاوە و هەوڵی هەڵنەکەندرانی لەم خاکە گرنگن، چونکە هەموو کۆچکردنێك دەکێشێتەوە بۆ ڕیشەکێش بوون. ئەگەر ئەم ڕیشەکێش بوونە بەرخۆدانێکی بەرانبەر نەبێ، سوودی چی یە؟ بۆ نموونە دەچێتە باکۆ و باتووم و گۆرانی بۆ نیشتمان دەڵێت و بەسەریدا دەگری، بەڵام نە هیچ کردەوەیەکی لێ دەوەشێتەوە و نە کەس دەیناسێ. منیش چواردە ساڵە لە نیشتمانم دوور کەوتوومەوە باش لە مانای لە خاك هەڵکێشران و لە گەل دوورکەوتنەوە تێ دەگەم، بەڵام کەس ناتوانێ بە خیانەتکاری نیشتمان تاوانبارم بکات و کەس نی یە وەك من نیشتمانی خۆی خۆش بوێ و هەستە نیشتمانیەکانی گەشەیان کردبێ و لە ڕووی پێیەست بوونیەوە بە گەل و نیشتمانەکەیەوە شان لە شانم بدات. من نامەوێ تۆمەتی کەمتەرخەمی و پەنابەری بخەمەپاڵ هەریەکێك لە نیشتمانەکەی دوور دەکەوێتەوە. چەندەها کەس هەن لەسەر خاکی نیشتمانیانن و لە ڕاستی خۆیانەوە دوورن و لە نامۆییدا دەژین بگرە دەرهەق بە نیشتمانیان خیانەتکارن، هەرچی (نازم)ە دەڵێن لوتکەیە، بەڵام دەبێ بە شێوەیەکی واقیعبینانە ئەم لوتکەیە هەڵبسەنگێنین. گەلێك نووسەر و وێنەکێش لە تورکیا هەن هەمان ڕێچکەیان گرتووەتەبەر و دەبنە هۆی خولقاندنی قەیرانی فیکری لە بری ئاسانکردن و ڕوونکردنەوەیان. من هەرگیز بەرهەمیان ناخوێنمەوە، چونکە بەر ڕوونیم پێنابەخشن و ئەگەر خوێندمەوە بیروڕاکانم تێکەڵ و پێکەڵ دەبن.

ی.ك: منیش هەوڵی خوێندنەوەیان دەدەم بەڵام ناتوانم. هیچ شتێکیان نابێتە مایەی بایەخ پێدانم.

س.پ: بۆچی؟

ی.ك: سەرلەبەریان باسی بەزین و مردن دەکەن.

س.پ: نەك هەر ئەمە، بەڵکو لە نەبوونیش. زۆریان نازانن پێیان لەسەر چ بناخەیەك قایم کردووە، ئەوان خۆ لە بناخە دەدزنەوە. ئەمە واتە دوورکەوتنەوە لە ڕاستیەکان، ئەوان بە تایبەتی زۆر لە ڕاستیە سیاسیەکان دووردەکەونەوە و تەنانەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش بەکار دەهێنرێن. بێ گومان ناتوانی ئەم جۆرە بەرهەمانە بخوێنیتەوە. زۆریان بەم شێوەیەن، وەك (ئەتێللا ئیلهان) و هی دیکەش. ئێوە ئەم جۆرە بەرهەمانەتان خوێندووەتەوە و ڕۆشنبیرانتان شی کردووەتەوە. من حەزدەکەم کەڵك لەم شیکردنەوەیەتان وەربگرم. ئەو ئەنجامە دیارە چی بوو کە بە دەستتان هێنا؟

ی.ك: وەرزی و بەرواڵەت لە دەوڵەت دوورکەوتنەوە و یەکەم دەرفەتی ڕەخساو قۆستنەوە بۆ دووبارە گەڕانەوە نێو باوەشی دەوڵەت. سەرجەمی ڕۆماننووسانی لاوی کوردو تورك کە لەگەڵ (١٢)ی ئەیلوولدا سەریان هەڵدا، بە نووسینی،

ڕۆماننووسانەیان حوکمی لەنێوبردنی شۆڕشگێڕانیان داوە.

س.پ: تۆ مەبەستت ئەوەیە ئەوانە ئاسۆی دەوڵەتیان تێنەپەڕاندووە. وانی‌یە؟ ئەگەر ویستت ئاسۆی دەوڵەت تێبپەڕێنی و لە بیروڕاتدا سەرپەڕگربی، دەبێ نەك هەر گوێ بە چۆنیەتی تێپەڕاندنی ئەم ئاسۆیە نەدەی، بەڵکو پێویستە بنچینەکانی بەرخۆدانیش دابنێی. ئەمە لە تورکیادا نی‌یە.

ی.ك: بەڵێ... تەنیا کۆتایی هاتن هەیە.

س.پ: بێ‌گومان. دەزانم مرۆڤی تورك خاوەنی چەندین بەهرەن و کۆ لەوە ناکەنەوە هەوڵێکی زۆر بدەن. بەڵام شێواز و پایەکانیان لە واقیعەوە دوورن بە شێوەیەك ناتوانن خۆ لە هەڵوەشان دەرباز بکەن. بە باوەڕی من دەبێ چاو بە بنچینەکانی ئەو نەتەوە پەرستی‌یە تورکی‌یەدا بخشێننەوە کە لێیەوە دەستپێ‌دەکەن. ئەگەر سەرلەنوێ کەمالیزم یا عوسمانی‌چێتی هەڵنەسەنگێننەوە، ئەوا خاکی ئەنادۆڵ مرۆڤی باشی لێ لە دایك نابێ. لە سالان و هەتا لەم سەدانەی دواییشدا ئەمە ڕووی نەداوە. بەڵام ئەم خاکە پێش ئەوە لە سەدەکانی سەرەتا و ناوەڕاستدا مرۆڤی مەزنی خستەوە. خەڵکانێکی خستەوە خاوەنی گەلێك بەهای مەزن بوون بۆ سەرپاکی مرۆڤایەتی، وانی‌یە؟ هەرکاتێك ئاسۆی نەتەوەپەرستی بەرتەسك بووبێتەوە و کەمالیزم تەشەنەی کردبێ و مرۆڤی تورك چووبێتە نێو قاوغی خۆی و سوڵتان لەسەر حسێبی لات و پووت بوونی دەست و پێوەندەکانی گەورە بووبێ، ئەو کاتانە نووسەری گەورە دەرنەکەوتوون.

ی.ك: دەرنەکەوتوون. بەڵام نموونەکانی نازم و یەشار و ئەحمەد عارف لانی کەم شتێکیان دەنواند. لایەنی سەرنجڕاکێشیش ئەوەیە تەنانەت نموونەی وەك ئەوانەش لەم قۆناخەدا دەرناکەون.

س.پ: بێ‌گومان مەبەستتان قۆناخی پاش (١٢)ی ئەیلوولە.

ی.ك: بگرە مەبەستم سالانی حەفتاو هەشتایە.

س.پ: ئەمە پێوەندی‌یەکی لە پسان نەهاتووی بە ڕاستی‌یە بەرچاوەکانەوە هەیە. دەتوانم بۆتانی لێك بدەمەوە بۆچی لە سەدەکانی ڕابردوودا بەهای گەورە گەورە هەبوون؟ چونکە دەوڵەت و کۆمەڵگا تا ئەم ڕادەیە بێ‌داروبار نەبوو بوون، یان پێوەندی دەوڵەت بە کۆمەڵگا و هی کۆمەڵگاش بە دەوڵەتەوە تا ئەم ڕادەیە گەندەڵ نەبوو بوون. بەڵام ئێستا دەوڵەت کۆمەڵگا بەکاردەهێنێ و تا ئەو پلەیە کاری تێ‌کردووە کە ئیدی کۆمەڵگا ناتوانێ مرۆڤی مەزن یا هەڵکەوتوو بخاتەوە.

ی.ك: کێشەی قۆرخکردن لە گۆڕێدایە.

س.پ: بێ‌گومان. قۆرخکاری تەوەر و ناوەندی ئەم کارەیە.

ی.ك: واتە لە سالانی هەشتاوە و بە تایبەتی لە پاش (١٢)ی ئەیلوولەوە مرۆڤی تورکیان کردووە بە سیسرکێك. دیارە سیسرك نە شیعری هەیە ڕێك بخرێت و نە ڕۆمانیش بنووسرێت.

س.پ: ئەمە ڕای زۆر کەسە. ئەوان دەڵێن کەرتی لاوانی ڕۆشنبیر بە یەکجارەکی

لە خوێندنەوە و نموونەی باڵا و تەنانەت لە زیتەڵەییش دابڕاوە. ئەگەر دەتەوێ ئەوە ناوبنێی ژیانی سیسرکان یا ژیانی هەر مێروویەکی دیکە. ڕاستی‌یەکەی ژیانێکی مێروو ئاسا لە ئارادایە.

ی.ك: ئەمە تێکشکانێکە باوەڕی پێناکرێت. خۆ پڕوپاگەندەی جنسی لە چلەپۆپەدایە، جا هەر چۆنێك ناوی مێروو یا هەر شتێکی دیکە بێ. بەڵام ئەمە تەرزی ژیانیانە .

س.پ: ئەم هەڵدێرە ڕوو لە ژیانێکی ئاژەڵانەیە. ئەمە دۆزینەوە نی‌یە. با ناوی تێکشکان یا هەر شتێکی دیکە بێ. بەڵام لە گەوهەریدا ژیانی سەرەتایی تێدایە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن برەو بۆ ئەم ژیانە پەیدا دەکەن. وەك بلێی دۆزینەوەی تازەی جیهانی ئیمپریالی بن. نەخێر! هەتا ئەگەر ئێمەش پێملی پرنسیپەکانمان نەبین. بەم پڕوپاگەندە و چاوبەستانە دەخەڵەتێنرێین. بەڵام ئەمانە دەم لە چ دۆزینەوەیەك دەژەنن؟ خۆ کاتێك ساکارترین شێوەی بەرهەمهێنان بە پڕوپاگەندە دەبێتە شتێکی گەورە، ئەمە گەڕانەوە و چوونەپاڵ ژیانی سەرەتایی دەگەیەنێ.

ی.ك: ئەوە دوایی بە مرۆڤ دەهێنێ.

موسا عەنتەر درەوشانەوەیەکی لای ئێمە بینی، بۆیە لێمان نێزیك بووەوە و سەرلەنوێ ژیانی بە بەردا کرایەوە و بوو بە لاوێکی جوانخاس.

س.پ: بێ‌گومان. ئەمە لە بازاڕی ڕۆژانەدا زاڵە. ئەگەر ڕۆمانێك لەسەر ئەم بابەتە بنووسم، لەوانەیە ناوی بنێم هەڵوەشانەوە یا هەرەس هێنان یان ڕەنگە ڕۆمانی بەستەباڵا بوون بێ. دەکرێت شیکردنەوەی درێژ درێژ لەسەر ئەم بابەتە بکەین. بەڵام ئێستا کێشەکەمان ئەوە نی‌یە. ئێوە دەچنەپاڵ ئەوەی کە دەڵێت باروودۆخەکە لە کوردستان تەواو پێچەوانەیە. من ئارەزووومە ئەم لایەنە کەمێك ڕۆشن بکەمەوە چونکە ئەم قسەیە ڕاستە.

ی.ك: باڵا کردنێك هەیە.

س.پ: درەوشانەوەیەکی کوردانە هەیە، بە تایبەتی ئەگەر ئەم درەوشانەوەیە لە لای خاوەنەکانی نەبینراو و بەخۆوە نەگیراو بێ. جۆرە درەوشانەوەیەکی دیکەش هەیە، ئەم بارەیان بە ژیانەوە ناودێر دەکرێت. دەتوانم ئەم لایەنە ڕوون بکەمەوە. پێویستە ئەم ژیانەوەیە جوێنکەرەوەی خۆی هەبن.

ئێوە دەزانن بنچینەکانی درەوشانەوە یان ژیانەوە لای فەرەنسی‌یەکان لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەیەمەوە دەستیان پێ‌کرد. سەرەتا هێندێك ڕێبازی فەلسەفی دەرکەوتن، پاشان چەند ڕێچکە یا تەوژمێکی ئەدەبی‌یان بە دوودا هات و، ئەمجا هێندێك ڕێبازی فیکری گەشەیان کرد و دۆزینەوەی زانستی دەستی پێ‌کرد و

هەنگاوی شۆڕشگێڕانە گورج بوونەوە و بە بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنسە تەقینەوە. باسی سەردەمێکی مێژوویی دەکەین کە خۆ لە دووسەد ساڵ لەمەوبەر دەدات.

شۆڕشی ڕووسیاش لە ساڵی ۱۸۲۵ بەدواوە دەستی پێکرد و چەرخی ئەدەبی لە ساڵانی پەنجای سەدەی نۆزدەوە دەستی پێکرد و لە ساڵانی حەفتای هەمان سەدەدا جولانەوەی (ناردۆنیك) و لە ساڵانی نەوەدەکانیشدا جولانەوەی مارکسی پەرەیان سەند. هەر لەسەرەتای سەدەی بیستیشەوە ئالوگۆڕی شۆڕشگێڕانە دەستیان پێکرد. واتە کۆی ئالوگۆڕەکە کاتێکی پێدەچێ لە نێوان (۱۰۰-۱۵۰) ساڵدایە.

بەلام بەسەرهاتی کوردی ئاوا نییە. ئەگەر سەرکەوتبێ یا نەمابێ، ناچاری ئالوگۆڕ یا پەرەسەندن بووە لە ماوەیەکی یەکجار کورت خایاندا، چونکە جۆر و قەبارەی ئەو گوشارانەی کە خراونە سەر زمان و ژیانی کۆمەلایەتی و هەموولایەنەکانی دیکە وایان لێکردووە دەست بەستە و توند کونترۆل و چاودێریکراو بێ و لەژێر ئەم گوشارانەدا بناڵێنێ. (ئیسماعیل بێشکچی)ی مامۆستای گەورە و پایە بەرزمان لا لەم حاڵەش دەکاتەوە و دەڵێت: بارودۆخی کوردستان لە هی کۆلۆنی زیاتر بە قووڕدا چووە و پڕ مەترسییە. بە ڕای من ئەم بارودۆخە دەرەنجامی ڕەشەکوژی و قڕکردنی نەژادە. جۆرەها زەبروزەنگ هەن وەك یەك یا دوو زللە تێسرەواندن و ئەمجا مرۆڤ دەبێتە ئامرازێکی ملکەچ و بە ئاسانی بەکاردێت. جۆرەها زەبروزەنگ هەن مرۆڤ تا دوا هەناسە لەنێو دەبەن. یەکەمیان پشت بە دووزللە دەبەستێ تا مرۆڤ بکاتە ئامێرێکی ملکەچ و بە ژیان بیهێڵێتەوە. هەرچی دووەمە بەردەوام ستەم و زۆری لێدەکرێت، مادامێکی مرۆڤی کورد لە ژیاندا ماوە و پێویستە هەناسە نەدات و لە جوغزی زەبروزەنگ نەیێتە دەرێ و تەنانەت بواری نەبێت بڵێت: « ئای ... من دەمرم» و نەتوانێ مشتی بەرزبکاتەوە و کۆلەمشتەیەك بگرێتە لایەکەی دی. لە کاتێکدا لایەکەی دیکە ماوەی مرۆڤی کورد نادات بڵێت: «دەبمە کۆیلەی ئەڵقە لە گوێت، بەلام ڕێم بدە کەمێك بحەوێمەوە». ئەگەر لە سەردەمی عوسمانی و سەردەمی کۆماریش بە تایبەتی ورد ببینەوە، مەسەلەکان باشتر ڕوون دەبنەوە، ئەوەتا لە ڕووی فیزیاییەوە بەرخۆدانەکان لەنێو دەبات ونۆرەی زمان لێزەوتکردنی دێت و ئەمجا ڕوودەکاتە ناوی گوندەکان و نایانهێڵێ. ئەم هەموو کردەوانە ئەو مەودایە ڕوون دەکەنەوە کە کوشتاری بە کۆمەڵ پێی گەیشتووە. ئەمە ئەو بارودۆخەیە کە باسی دەکەم، بارودۆخێکە پڕزەت لێدەبڕێ.

ناکرێت لە بارودۆخ و پەرەسەندنێکی مێژوویی لەم جۆرەدا مرۆڤی کورد بەو قۆناغانەدا ڕەت ببێ کە لە شۆڕشەکانی دیکەدا باسمان کردن، وەك قۆناغی فەلسەفی و قۆناغی ئەدەبی و قۆناغی ناردۆنی و مارکسی.

ی.ك: ئەم هەموو قۆناغانە تێکهەڕیو دەبن.

س.پ: ئەگەر هاتنەدی... ئەوە بە یەك گەرەت دەبێ. بەلگەیەکی دیکە بۆ قسەکەی پێشوومان ئەوەیە: هەر کورتە چیرۆکێکی کوردی یا هەر شیعرێك بە

زمانی کوردی بنووسرێت، حوکمی لە سێدارەدانی لەسەر دەدرێت. ڕاست ئەمە ڕوودەدات. واتە مرۆڤی کورد ناتوانێ لە ڕووی یاساییەوە دیوانێکی شیعری جوان بنووسێ، هەتا ئەگەر بیشینووسێ نە خوێنەرێك و نە چاپکەرێك و نە فرۆشیارێکی چنگ دەکەوێ. ئیدی چۆن بتوانین باسی تەوژمێکی ئەدەبی بکەین خزمەتی شۆڕش بکات؟ لەبەر ئەوەی ئەم تەوژمە گەورەترین گوناحی سیاسییە، لێخۆشبوونی بۆ نییە، وانییە؟ نموونەی ئەوە (مووسا عەنتەر)ە کە ساڵانێکی درێژخایەن شیعر و ڕۆمان و شانۆنامەی نووسی، بەڵام سەرپاکی قەدەغەکران و ئەو هەموو شاکارانە ڕووناکییان نەبینی. دواجار درەوشانەوەیەکی لەلای ئێمە دی، بۆیە توخنمان کەوت، چونکە دەیزانی ئەو جەماوەر و سەرکردایەتییەی دۆزیونەوە کە خەونیان پێوە دەبینێ و سەرلەنوێ ژیانی بەبەردا کرایەوە و وەك لاوێکی جوانخاسی لێهات.

ی.ك: وەك منداڵ وابوو، سەرلەنوێ لەدایك بووەوە.

س.پ: بەڵێ. سەرلەنوێ گیانی بەبەردا کرایەوە و وەك منداڵی لێهات. ئەم خاڵە گەلێك مەسەلە ڕوون دەکاتەوە، بەڵگەیەکی درەوشاوەیە لەسەر ئەوەی کە پێشتر گوتم. ژیانەوەی سەرلەنوێ و تازەبوونەوە بەرەو لاوێتی و لە مەسەلەی پارتی کرێکارانی کوردستاندا هەن. کەسانێك هەن پەنجا ساڵیان لە ژیانیان بردووەتە سەر بەبێ ئاکام. ئەمە ئەو ئەنجامەیە کە حەزمان دەکرد بیگەینێ.

ی.ك: قسەیەکم هەیە (ئیسماعیل بێشکچی)ی مامۆستای گەورەمان بۆی ڕاگواستم. ئەگەر بیرم بە هەڵەیدا نەبردبم ئەمەیە: ئێمە بەر لە سەرهەڵدانی پارتی کرێکارانی کوردستان هاوبەشیشمان لە تێکۆشانی کوردیدا هەبوو، بەڵام...

س.پ: «تێکۆشانی ژێر سفر بوو. تێکۆشانێك بوو لە ژێر سفرەوە دەستی پێکرد و کێشەکەی بە سفر گەیاند». وا دەڵێت. بەڵێ لەبەرئەوەی کە ئەو لە ڕاستی گەیشتووە و خۆی دەناسێ و دەڵێت: «بەڵێ تێکۆشان گەیەندرایە ژێر سفر». ئەمە ڕاستییە و بەڵگەیە بۆ قسەی پێشووم. من دەمەوێ ئەوەی کە دەیکەین ڕوونی بکەمەوە. ئەگەر هەوڵ بدەم باسی ئەو تێکۆشانە بکەم کە لە ڕێگای فەلسەفە و ئەدەبەوە بە ناوی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە دەیکەین، پێمان دەکرێت بڵێین: ئەوەی کە دەتوانین لە ڕێگای فەلسەفەوە بە پەنجا ساڵ پێی بگەین،ناچار کرام لە درێژایی ژیانمدا بیگەمێ. ئەمە لایەنی ئاینیش دەگرێتەوە. تا بتوانین لە جێوڕێی ئاین لەلای مرۆڤی کورد و چۆنیەتی کارتێکردنی تێبگەین، پێویستە باسی ساڵانێکی دوورودرێژ بکەین. لە کاتێکدا من ناچارمام بە ماوەیەکی کورت ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەم. ئەو تەوژمە ئەدەبییەی کە پەنجا یا شەست ساڵی گەرەکە تا خزمەتی شۆڕش بکات، من وای لێدەکەم لە کاتی شۆڕشدا گەشە بکات و ببێتە بەشێك لەو شۆڕشە. لایەنە سەربازی و سیاسی و مۆسیقاییەکانیش بەم شێوەیەن. ئەو بارودۆخەی کە ئێستا دەیبینین ئاوایە: ئەو توانایانەی کە بە درێژایی چەندین سەدە و بە چەند قۆناخێك لە شێوەی چەند خولیا و تەوژمێکدا لای

هێندێك گەل پەرەیان سەند، ناچاربووین بە شێوەیەکی تێکپەڕیو لەیەك کاتدا و لە وێنەی تەقینەوەدا بە جێیان بهێنین و پەرەیان پێبدەین. هۆی پشت ئەوە جۆری گوشار و زەبروزەنگ و کەڵەکەبوونی خراپیی‌یە مێژووییەکانی سەدان ساڵ بوو. هەموو ئەمانە هەڵیان پێچاین ئەم ڕێچکەیە بگرینە بەر. لەوانەیە کەسایەتی من دەربڕینێکی ڕاستی ئەو بارودۆخە بێ.

ی.ك: ئاپۆی خۆشەویستم، تەقینەوە لە کەسایەتی جوانی ئێوەوە بە چاو دەبینرێت. بەڵام مەودای ڕەنگدانەوەی ئەم تەقینەوەیە لەو مرۆڤە کوردەدا چەندە کە بە کردەوە بوونی خۆی سەلماندووە؟

تەقاندنەوەی کەسێك کە ماوەی چوار هەزار ساڵە یەخەگیری ئازار و سەرکوتکردن بووە، ئەرکێکی زۆر گرانە.

س.پ: هەموو خەمێکم گەیشتنمە بە شیکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی. شیکردنەوەی من بۆ کەسایەتی، لە ڕاستیدا شیکردنەوەی کەسایەتی خۆمە، چونکە شیکردنەوەی کەسایەتی من کەسایەتی کوردی و پاشان شیکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی‌یە. بە واتایەکی دیکە دەڵێین: «بابەتی شیکردنەوەکە کەسێك نی‌یە بەڵکو کۆمەڵگایەکە یا چینێکی کۆمەڵایەتی‌یە و، بۆ ماوەیەکی دەست نیشانکراویش نی‌یە بەڵکو بۆ سەرلەبەری مێژوویەکە». ئەمە ڕاستە. شیکردنەوە ئەمجا تەقینەوە. سەرنجی خێرایی جموجوولەکانم نادەن؟ من تێدەکۆشم ئەم شێوازە وەك تەکتیك و تەرزێك لە ژیان بهێنمە نێو حیزب و ئەندامەکانیەوە. بەڵام تا ئێستا سەرکەتوو نەبووم، چونکە جێبەجێکردنی قورسە و حاڵی حازر لێی‌تێ‌ناگەم. تەقاندنەوەی کەسێك کە بۆ ماوەی چوار هەزار ساڵە دووچاری ئازار و سەرکوتکردن بووبێ ئەرکێکی زۆر گرانە. بە واتایەکی دیکە، من لەو کاتەوە کە تەمەنم حەوت ساڵان بوو بە ئاووتاوێکی زۆرەوە بایەخ بە تەقینەوە دەدەم. بەڵام جێبەجێ‌کردنی ئەوە لە هەڤاڵانماندا بە ماوەیەکی کورت خایان ئەرکێکی زۆرگرانە. لەوە بەدەر هیچ ڕێگاو چارەسەرێکی دیکە نی‌یە. شەڕی بەردەوام و ئەو زەبروزەنگە مێژووییەی کە هەیە دەستەبەری لەنێوبردنی هەر شێوەیەکی دیکەی بەرخۆدان دەکەن. بڕواننە شۆڕش و بەرخۆدانە کوردیەکان، بە قەناعەتی من ئەم بەرخۆدانانە خۆیان خۆیانیان لەنێوبرد. بڕواننە شێخ سەعید و سەید ڕەزا. بەڵێ ئەوانە داماون. (بارزانی)ش نەیتوانی بۆ ماوەی (٢٤) سەعات دەرببات و بەرخۆدان بکات و بوو بە نۆکەری نۆکەران و ئەمەش هیچ بەهایەکی نیشتمانی ناهێڵێ، چونکە ئەم جۆرە هەڵگەڕانەوانە لە هەلومەرج و ڕاستیەکانی کوردستاندا هەر بەزین پەرەپێدەدەن و لە دەردەسەری و ئازار بەولاوە خێریان بە نێوچاوانەوە نی‌یە. من مرۆڤێکم توانیومە بە باشی دەرس و پەند لەم ڕووداوانەوە هەڵبهێنجم، هەتاکو تایبەتمەندی‌یەکانی خۆشم لە ژیاندا وەك گوزەرانی هەنووکەم و هێزی قسە سواریم و توانایی باڵا لە چارەسەر

و جێبەجێکردنی پراکتیکی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ. دیارە من هەموو ئەمانەم دانەهێناوە. بۆم باس کردن کە من وەختێك لە دایك بووم بێهێزترین منداڵ بووم. ناڵێم ئەوە بەخششی خوایە، بەڵام پێکهاتنی لەوە بەدوای خۆم و هەوڵەکانم بۆ خۆچاککردن کەسایەتیمی وا لێکرد لە ڕێڕەوێکی سەرنجڕاکێشدا گەشە بکات. ململانێیەکی هەمیشەییم لەگەڵ خێزان و گوند و ڕۆشنبیری کەمالی و چینە کرێگرتەکاندا هەبوو. سەرەنجامەکەشی ئەم پێکهاتەیەم بوو کە بەرهەمی ئەم هەموو ململانێیانەیە. من تێدەکۆشم پارێزگاری لە خۆم بکەم و بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشیش داکۆکی لە خۆم بکەم.

ی.ك: ئایا ئەمە بە غەریزەی داکۆکی لە خۆکردنە؟

س.پ: بەڵێ بە غەریزەی داکۆکی لە خۆکردنە و هێز و پێز لە بەرخۆدان وەردەگرێ. ئەگەر بەرخۆدان بیەوێ سەربکەوێ و تێك نەشکێ، دەبێ زیرەك و پلان دارێژ بێ. ئێستا با بێینە سەر ئەوەی کە ئەم کەسایەتیە چی دەگەیەنێ و چۆن دروست دەبێ. سەرنجی واقیعی نەتەوەیی کوردستان بدەن کە قۆناخەکانی دروست بوونی شۆڕشی بە ئایدیۆلۆژی و ئەدەب و سیاسەت و سازدانی ڕێکخستنەوە تێدا تێکەڵ و پێکەڵ بوون و ئێمەش بە یەك کەڕەت و بە شێوەیەکی بە نێو یەکداچوو لە هەموویاندا دەژین. هەموو ئەمانە چارەسەری گرێ کوێرەی کوردی دادەنێن و یارمەتی دروست بوونی بەندیواری و پێوەندی کوردی تازە دەدەن و جۆر و خەسڵەتی پێکهاتە تازەکە و خاسیەتە بنچینەییەکانی کۆمەڵگا دیاری دەکەن. ئەگەر ڕۆمان و ئەدەب نەبن، زەحمەتە ڕاستی و گرێ کوێرەی کوردی و چۆنیەتی کردنەوەی ئەم گرێ کوێرەیە و چارەسەر و تەقاندنەوەی کێشەکە ئەزم بکرێن. دەنا هیچ هاوبەشییەکی لە گۆڕەپانی خەباتدا نابێ.

ی.ك: ئاپۆی ئازیزم. پێش تاوێك گوتتان: «شۆڕشەکانی شێخ سەعید و سەیدا ڕەزا خۆیان خۆیانیان تێکشکاند». هەروەها باسی (شیکردنەوە)تان کرد و من گوتم (تەقینەوە). با لە ڕووی سیاسییەوە بڕوانینە بابەتەکە، ئایا دەتوانین بڵێین ئادگارەکانی ساڵی ١٩٩٢ بەم شێوەیەی خوارەوە بوون: پارتی کرێکارانی کوردستان و ئاپۆ تەقینەوەیەکیان بەدی هێنا و تورکیا ڕاهاتووە (سەعید و ڕەزا) سەرکوت بکات، بەڵام ئێستا ناتوانێ ئەوە بکات. ئایا ئەوە تورکیایە کە سنوورێك بۆ ئەم تەقینەوەیە دادەنێت؟ مەبەستم ئەوەیە تورکیا دەڵێت: لە ئەورووپا بەهێزم و دەتوانم شۆڕشی کوردستان لەوێ هەڵبوەشێنمەوە یا سنووورداری بکەم و دیوارێك لەبەردەمیدا دابنێم. ئەمجا ڕوودەکاتە باشور و لەوێ دیوارێك بنیات دەنێ بۆ ڕێگرتن لە درێژبوونەوەی کاریگەری ئەم شۆڕشە. لەوانەیە کاریگەری ئەم شۆڕشە پەل بۆ تورکیا بهاوێژێ، بۆیە هەوڵدەدات بە دانانی دیوارێك لەوێ تەگەرە بخاتە بەر ئەوە. ئایا ئەمە بیرکردنەوەیەتی؟ یا بەو چەشنە کە گێڕاتانەوە «پێکەوەنانی ڕۆشنبیرپارێزان و سەندیکاییپارێزان... هتد» لەسەر پێوەدانگی بنگەکانی پاراستنی وەك گوندپارێزان و فراوانکردنی چوارچێوەی ئەم بنگەیە تا

باشووریش بگریتەوە تا بگەیەندریتە تورکیا. ئایا تورکیا لەم ڕێگایەدا هەوڵدەدات؟ یا بە واتایەکی سەربازی: تورکیایەك کە پێدەنێتە ساڵی ١٩٩٣ و نەیتوانیوە ئاگری ئەو شۆڕشە کوردییە خەفە بکات کە بە سەرکردایەتی ئێوە بەرپابووە، هەوڵدەدات سنوور بۆ تەنینەوەی دابنێ. ئایا لەسەر ئەم بنچینەیە تەکتیك و ستراتیژی خۆی دادەنێ و دیارییان دەکات؟ بۆ ئەوەی شۆڕش ڕوو بە باشور و تورکیا نەتەنێتەوە، هەوڵدەدات چەند بنگەیەك بۆ ئەم مەبەستە دابمەزرێنێ؟ نموونەیەکم لە ڕاگەیاندنەکانتان بە ئەنجام هێنا لەوەدەچێ کە باسم کرد. ئایا تێدەکۆشێ لە سێ خاڵدا دیاریتان بکات؟

س.پ: تورکیا لە ئاستی ڕەسمیدا لە وجودی مندا یا لە حیزبماندا لووتی بووە بە لووتی شتێکەوە کە چاوەڕوانی نەدەکرد. ئەمەش لایەنێکی زۆر گرنگە. لووتی بووە بە لووتی شتێکەوە نە حسێبی بۆ کردبوو و نە چاوەڕێی دەکرد و نە تەنانەت دەشتوانێ ڕیسوای بکات. ئەگەر لە بەسەرهاتی چل ساڵەی کورد ورد ببیتەوە، چاوەڕوانی پەیدابوونی شۆڕشگێڕێکی وەك من ناکەی و هیچ نموونەیەکی وەك منت لە هیچ کتێبێکدا بە تووشەوە نابێ و پێم وانییە تا ئێستا ئەم ڕاستییەیان بۆ ئەزم کرابێ. بەڵام ئەوەی کەقەوما قەوما و ئێستا لە تێگەیشتنی ئەم ڕووداوەدا هەست بە زەحمەتی دەکەن و کردەوکۆشیانە بەو شێوەیە ڕێوشوێن دابنێن کە لێی حاڵی بوون. ئەو ڕێ و شوێنانەش کە بیری لێدەکەنەوە بەم پێیەی خوارەوەن: ئەگەر ئەمە کورد بێ، جاران چیمان بە کورد کردووە دەیکەین و ئەم هەڵگەڕانەوەیە سەرکوت دەکەین وەك چۆن هەڵگەڕانەوەکانی پێشووشمان سەرکوت کرد. ئەوەیان تاقی کردەوە و بۆیان نەچووەسەر. بۆیە پەنایان بردە بەر حوکمی عورفی و ڕەوشی ئاوارتە و هێزی حەمیدیان پێکەوەنا و سەرنەکەوتن. ئەو شێوازانەی دیکەش کە پەنایان بردنە بەر هەمان چارەنووسیان بە نسیب بوو. گوتیان با بە تیرۆر بەرەنگاریان ببینەوە. تیرۆرەکەیان بە هۆی مشوورخۆری خۆمانەوە بە سەرکەوتن نەگەیشت. ئێستاش دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ ساڵی ١٩٩٢ دا کەوتووەتە نێو گێژاوی کۆمەڵێك قەیرانی عاسییەوە. دەکرێت لە بارودۆخێکی وا ئاڵۆزدا پەتای کوردستان بە ئاسانی بۆ خۆرئاوا بگوازرێتەوە. کەوتنە بیرکردنەوە بۆ دانانی ڕێ و شوێنی قەدەغەکردنی ئەم تەشەنەکردنە، بە تایبەتی لە ڕێگای ئەو هەستە شۆڤێنیانەوە کە بڵاودەکرێنەوە لە ناوەندەکانی هەم توێژە ڕۆشنبیرە بەیدەستکراوە و گەمارۆدراوەکان و هەم تاقمە سەندیکاییەکان و ئەو کۆمەڵە حیزبییانەدا کە پێکدەهێنرێن. سەرجەم هەوڵی گرنگن بۆ سنووردارکردنی کاریگەری شۆڕش دەدرێن. هەوڵدەدەن سەرانی پارێزگاران لە سەراوردی ئەو هەموو پێکهاتانە دابنێن کە کۆمەڵگای تورکییان لێپێکدێت. واتە دەکرێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە «پارێزگارانی ئێوە کێن؟». پێویستە ئەوە ڕوونبکرێتەوە: ئایا ئەم ڕژێمە لە ئەورووپاش نییە؟ دیارە لەوێش هەمان ڕێو شوێن هەن. ئەوان بەر لە تورکیا مشووری خۆیانیان خواردووە. هێندێك

گیروگرفت و بەدحاڵی بوون لە نێوان دەوڵەتانی ئەورووپا و تورکیادا هەبوون، لە کاتێکدا تورکیا کەمێك ڕاڕابوو و ئەمجا کەوتە نەهێشتنی ئەم گیروگرفتانە بەوەی کە هەرچی‌یەکیان دەوێ بیانداتێ. دانیمارك و سوید و سویسرە و فەرەنسە و ئینگلتەرە و ئەڵەمانیا چی‌یان لە تورکیا ویست بردیان، وردتر بڵێین ئەوانن خاوەنی تورکیان و بۆ خۆیانە.

ی.ك: بەڵێ، دەرگاکانی کردوونەوە.

س.پ: خستوونیە سەر پشت، بە تایبەتی لە ڕووی گەشت و گوزار و وەبەرهێنانەوە بەڵام لە ڕووی سیاسی‌یەوە تورکیا بووەتە بەندەی فرمان بەردار بەبێ پرینگانەوە هەر داوایەکیان هەبێ جێ‌بەجێی‌دەکات. بەرانبەر بە هەموو ئەمانە، ئەورووپا ئەوەی پەسندکرد لە بەرەنگاری پارتی کرێکارانی کوردستاندا دەوری پارێزگاری تورکیا ببینێ. بۆیە بەوە پەیماننامە و ڕێککەوتنەکانی خۆی سەبارەت بە مافی مرۆڤ و ئەو دیموکراسی‌یەی کە ئامانجێکی خۆی بوو ژێرپێی‌نان و ئەم هەموو پەیماننامانەی شکاند و بەرانبەر بەو دەسکەوتانەی کە تورکیا بەخشینی. ئەوەی کە ڕوویدا یەککەوتنێکی نێو دەوڵەتی کۆنەپەرستانەی زۆرخراپە. ئەم نموونەیە دەقاودەق یەکێتی سۆڤێتی هەڵوەشاوە و ئەمەریکا و دەوڵەتانی دیکەی خۆرهەڵاتیش دەگرێتەوە. تورکیا بەم شێوەیە ڕێ و شوێنی بۆ ڕێگرتن لە تەنینەوەی شۆڕشی کوردستان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا دانا و هەموو ئەوانەش بە کۆششی سلێمان دیمریل و عیسمەت ئینەنۆ و حیکمەت چەتین و هەروەها بە کۆششی ئەو نۆکەرانەی کورد کران کە برەویان بەم گوتەیەدا: ئەگەر کوردیتان دەوێ، نموونەی خۆرئاوایمان لەلا هەیە و ئێمە لەگەڵ تورکیا و لەگەڵ (حیکمەت چەتین)دا لێك گەیشتووین. ئەم کۆششانە لە (ڤیەننا) لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا و لە (بۆن) لەگەڵ مەسعوود بارزانیدا و لە (پاریس)یش ڕەنگیان دایەوە، تەنانەت ئێمە باش دەزانین ئەوانە بۆ ئەمەریکاش چوون. ئەم هاوجووتی‌یەیان بەهۆ و بە یارمەتی نۆکەرانی کوردەوە بەدەست هێنا. ئەم هاوجووتی‌یە نێودەوڵەتیە ئاڕاستەی پارتی کرێکارانی کوردستان کراوە.

هەرچی بارودۆخی ناوخۆی تورکیاشە تا ڕادەیەك جیاوازە. گوتیان ئەم کارانەی کە کردوومانن «یەك کەوتنی نەتەوەیی»یە لە پەرلەمانی تورکیادا. لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا ئەم شەپۆلە شوڤێنی‌یەی ئەم دواییەیان ناونا «یەکگرتنی کۆمەڵگا و ڕاوەستانی لە ڕووی تیرۆردا». ئەم قسەوقسەڵۆکانە دەستکردی ئەوانن. بە باوەڕی من ئەمە بەڵگەی ڕادەی ترسیانە لە شۆڕش. لەبەر ئەمە هەوڵدەدەن کۆمەڵگا بەرەو دواوە ببەن تا بەرەنگاری شۆڕش ببنەوە. بەڵام شۆڕش هێشتاکە بە تورکیادا بڵاونەبووەتەوە. ئێوە دەزانن چۆن چەپی تورك ماوەیەکی کەم پاش (١٢)ی ئەیلوول کوێربووەوە و لەوە دەرچوو مەترسی ببێ بۆ ڕژێمی تورکیا. بۆیە باش دەزانین ئەم ڕێ و شوێنانە ڕووبەڕووی چەپی تورك نەکراونەوە، چونکە تورکیا لەو پێکهاتانەی کە لە ساڵانی حەفتا و هەشتادا کەوتنە ڕوو و هەتا لە پێکهاتەکانی ئەم

دوایيەش ناترسێ. ڕەنگە تورکیا لە بەرەنگاربوونەوەیاندا سەرکەوتوو بێ، بەڵام ویڕای ئەوە دەترسێ. هۆی سەرەکی ترسانی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە شۆڕشەکەمان لە گۆڕەپانی تورکیادا ڕەنگ بداتەوە و ئەویش لەوە نیگەرانە. تەنانەت سەرۆکی ئەرکان و سەروەزیران و وەزیری ناوخۆش باوەڕ بەوە ناکەن کە شۆڕشێکی کوردی و کێشەیەکی کوردی هەبن و بەم پێیە ڕێوشوێنی ئەم دوایيەیان پەرە پێدەدەن. هێنانە گۆڕێی سەرانی پارێزگاران لە تورکیا سوودیان پێدەگەیەنێ. پێم وایە هەتا لە زانکۆکانیشدا ئەوانەیان داناوە. خۆ بنگەی خوێندنی باڵا ڕێکخستنێکی ئەو پارێزگارانەیە و بارودۆخی سەندیکاکانیش هاوشێوەیە. سەرباری ئەوەی کە زۆر لە سەرۆکەکانی سەندیکاکان، سەرانی پارێزگارانن. لای ئێمە تاهیر ئادیەمان ئاغا هەیە و لای ئێوەش فلان ئاغا و هەردوکیشیان بۆ بەرەنگاری شۆڕش یەکدەگرن و یەك بنیاتیان هەیە. ڕۆژنامەنووسی تورکیاش هەمان شێوەی هەیە، ئەوەی پێ بەس نییە لە ڕیزی دەوڵەتدا بێ یا شوێنکەوتەی بێ، بەڵکو ئەرکی پاراستن و بگرە سەرۆکی پارێزگارانیش لە ئەستۆ دەگرێ.

ی.ك: لەم بارەدا ئەگەر توانیان لە مرۆڤایەتی خۆیان دابماڵرێن و خۆ لە مێژوویان بدزنەوە، دەتوانین بڵێین پارتی کرێکارانی کوردستان سوودێکی گەورەی بۆ سەندیکاییەکان و ڕۆژنامەنووسی هەیە.

س.پ: «توانیان پارە پەیدا بکەن» مەبەستتان ئەمەیە. بەڵێ ئەمە بارودۆخەکەیە.

ی.ك: ئەمە بۆ هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و مامۆستایانی زانکۆکان و گەلێکی دیکەش بوو بە خێر.

هەمووان گوتیان:
مووچە زیاد کردن لە پڕۆژەی گاپ(GAP)دا بەخششێکی ئاپۆیە!

س.پ: ڕۆشنبیرانیش سەرانی پارێزگارانن. وا ئەوەتان بۆ باس دەکەم. لەوانەیە من لە ئێوە پتر ئاگام لەم بابەتە بێ چونکە ئەزموونمان بەربڵاوە. کاتێك کەنعان ئێفرین ئاوبەستی ئەتاتورکی کردەوە گوتی: «ئێمە ئاوبەستێکی مەزنتان بۆ بنیات دەنێین، ئاپۆ چی پێدان؟». هەمووان دووپاتیان کردەوە کە پڕۆژەی باشوری ئەنادۆڵ (گاپ) بەرتیل یا بەخششێکی ئاپۆیە. پاش ئەوە موچە زۆر زیادی کرد و ئەمەش بەخشینی ئاپۆ بوو. هەتا مووچەی پارێزگارانیش بەخششی ئاپۆیە! ئای لە کاری خوا! دەوڵەتێکی دەوڵەمەندتان هەیە بە ڕادەیەك بێئەندازە دیاری و بەخششی ئاپۆ دەبەشێتەوە، با بەخششی ئاپۆ خێرتان پێبکات. لێرەدا دەتوانین لە هەڵوێستی گەلێك مامۆستای زانکۆ تێبگەین. وا پێویستە ئەوانە پیاوی زانست بن و زۆر ئێش بکەن، بەڵام لە هۆی بێدەنگیان حاڵی دەبین.

هەروەها تێدەگەین بۆچی شتێك دەرناکرێت، تەنانەت فلیمێکی کورتی سینەمایی یا هەر بەرهەمێکی ڕۆشنبیرێك لەسەر ڕاستی لەم ولاتەدا، چونکە هەموو ئەوانە پێوەندی‌یان بە بەخشش یا پاداشتەکانی ئاپۆوە هەیە و هەمووان لە بارودۆخەکە ئاسودەن. وەك چۆن دەولەتی تورکیا داخوازیەکانی ئەوروپا و دەولەتانی دیکەی بەجێ‌هێنا کە بەرژەوەندی لەگەلیاندا هەیە، ئاواش دەولەت گشت داخوازی‌یەکی بنگەکان و ڕێکخراوەکانی ناوخۆی بەجێ‌هێنا و بێدەنگی‌یانی کری. من مەبەستم حیزبەکان و پەرلەمانیەکان نی‌یە، ئەوانن کە «یەك کەوتنی نەتەوەیی»یان بۆ بەدەست هێناون، بەلکو مەبەستم کەرتە کۆمەلایەتیە جیاجیاکانە بە سنووقەکانی بنگەکانی هەرەوەزی و پاداشتی بۆ ئەم مەبەستە بەخشراو بە گەلێك هەژار و داماو، باش دەزانم ئەو هەموو کارانە دژ بە ئێمە قوت کرانەوە و بەهۆی ئێمەوە دەکرێن و لەبەر ئەوەیە گەنجینە و گیرفانەکانی خۆیانیان کردووەتەوە.

ی.ك: لەم بارەدا ئەگەر چاوپۆشیتان لە شۆڕشی کورد کرد و هەلویستێکی پێچەوانەتان دیاری کرد هەموو شتێکتان چنگ دەکەوێ. جاران شانۆسازان داد و بێدادیان بوو بە دەست گەلێك دژواری‌یەوە، بەلام ئێستاکە لە ڕووی تین و توان و پارەوە لە ناز و نیعمەتدا دەژین.

س.پ: بەلێ. سەرپاکیان بەشە پاداشتی خۆیانیان وەرگرتووە و لەسەر شاشەی تەلەفزیون دەردەکەون و بوونەتە نووسەر لە ڕۆژنامەکاندا و مووچەکانیان لێشیان سەروزیادە. «هێندە بەسە گوێی خۆیان لە پارتی کرێکارانی کوردستان بخەوێنن و کێشەی کوردستان فەرامۆش بکەن، تا چی‌یان دەوێ پەیدای بکەن!». ئەمەیان جێبەجێ کرد و تا ڕادەیەك تێیدا سەرکەوتن.

ی.ك: لێرەوە دەتوانین ئەم شیکردنەوە ئابووریەی خوارەوە بکەین: خەرجی شەڕ لەگەل پارتی کرێکارانی کوردستاندا هەر بریتی نی‌یە لە مووچەی گوند پارێزان و هێزە تایبەتەکان و خەرجی سەربازی.

س.پ: بێ‌گومان نا.

ی.ك: خەرجی دەولەت بە کڕینی کەسانێکی زۆر زیادی کردووە.

س.پ: تۆ کابرایەکی ئابووریناسی و پێت دەکرێ لەسەر ئەوە هەلبدەیتێ و ڕوونتر شی‌بکەیتەوە.

ی.ك: نەخێر. من ئەوە دەزانم. بەلام ئەو ئەنجامانە کورت دەکەمەوە کە لەم مشتومڕەمان دەکەونەوە. ڕاستیەکەی چەند ئەنجامێکی باش بەدەست هێنراون.

س.پ: ئەمە زۆر گرنگە. گرانی گوزەران گرێدراوی ئەم پاداشتانەیە. شایانی تێبینی‌کردنە قەرزەکانی ناوخۆ خۆ لە (٥٠) ملیار دۆلار دەدەن.

ی.ك: جاران دەولەت لەوە دوودل بوو چەند قرۆشێك بە هەر هونەرمەندێك بدات. بەلام ئێستا ئەگەر ملیارێك لیرە لە هەقی شانۆنامەیەك یا فلیمێکی سینەماییدا بدات بە کەمی دەزانێ.

س.پ: نموونەیەکی مێژوویی‌تان بۆ دەهێنمەوە. ئێوە دەزانن (تەها ئاقیوول)

ڕۆژنامەنووس و نووسەرێکی باشی دەوڵەتە. ڕۆژێکیان چاوم بە نووسینێکی کەوت تێیدا لای لە ئێمە کردووەتەوە و لە گوتارەکەیدا دەڵێت: «جەمال پاشای سەفاح کاتێك چوو بۆ شەڕکردنی هۆزانی عەرەبی هەڵگەڕاوە لە حوکمی عوسمانیەکان لە ڕاپۆرتێکدا نووسیویەتی: ئینگلیز بە دڵفراوانیەوە زێڕی درەوشاوە دەبەشنەوە و هۆزە عەرەبەکانیش پارەیان خۆش دەوێ. بۆیە لایەنی ئینگلیز دەگرن. دەتوانین چیبکەین؟ وەڵامی بابی عالی پێدەگاتەوە کە دەست قووچاو نەبێ و، وا چەندین جانتا پارەی بۆ ڕەوانە دەکرێن. دەڵێت: لە ئینگلیز پتر پارە دەدەم». ئەم نموونەیە دەخاتە بەرچاو، بەڵکو ڕێنمایی دەوڵەت دەکات بۆ گرتنە بەری ئەو شێوازەی کە پێویستە بۆ بەربەرەکانی کردنی پارتی کرێکارانی کوردستان بیگرێتە بەر. لەمە وا تێدەگەین کە دەوڵەت دەست لە پارە ناگرێتەوە بەڵکو بە زێڕ و جانتای پڕ لە پارە بەسەر سەرانی هۆزەکانو سەرانی پارێزگاراندا دەیبەشێتەوە لەهەر کوێیەك بن.

ی.ك: ئاپۆی برام، لە ڕۆژنامەی (یەنی ئوولکە)دا گوتبووتان «بوونی تاڵەبانی گرێدراوی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستانە». ئەمە وا دەگەیەنێ کە ئێوە پشتگیری تاڵەبانی دابین دەکەن و یارمەتی دەدەن.

س.پ: بەڵێ. ئەمە ڕاستە. تاڵەبانی خۆشی ئەمە دەڵێت: «من بە سایەی ئاپۆوە دەچمە عێراق و تورکیا و سیاسەتی ئەم ساڵانەی دوایی سەرتاسەر لە سایەی پارتی کرێکارانی کورستاندا بەڕێوەدەچن». ئەمەی گوتووە و تا ئێستاش بەم باوەڕەوە دەژی.

ی.ك: ئەگەر هەر شتێك بەسەر پارتی کرێکارانی کوردستاندا هات، ڕۆشنبیری تورك دەچێتەوە دۆخی جارانی. ئایا ئەمە ڕاستە؟

س.پ: حالیم...حالیم. ئەگەر هەر ناخۆشییەك بەسەر مندا یا پارتی کرێکارانی کورستاندا هات، دەوڵەت مووچە و پاداشتەکان یەکسەر دەبڕێ!

ی.ك: واتە ئەگەر ئاپۆ ڕۆیشت، پاداشتی ئاپۆش دەڕوات.

س.پ: بێئەملاوئەولا وایە. ئەگەر بە تەنگ بەرژەوەندییەکانیانەوە دێن، پێویستە کەمێك ئێمە بپارێزن.

ی.ك: ئەمە ڕاستە.

س.پ: تاقمەکەمان ئەمە باش دەزانن. لەم ماوەی دواییدا مووچەیان بە دۆلار بە نێزیکەی (٧٥٠٠) پێشمەرگەدا، لە کاتێکدا تاقمەکەی ئێوە بە لیرە کە ڕۆژانە بەهاکەی لە دەست دەدات، دەیاندەنێ. هەمان کات بە دۆلار بە تاقمی ئێمەی دەدەن.

ی.ك: پێشمەرگە عاقڵیشن، تەنانەت لە تورکیاش کەسیان ڕازی نابن مامەڵە بە لیرەی تورکی بکەن، بەڵکو دۆلار یا مارك بەکاردەهێنن.

س.پ: بە پێی دوا هەواڵ کە پێمانگەیشتووە ئەو (٧٥٠٠) پێشمەرگەیە،یەکی (٢٠٠) دۆلاریان پێداون بەرانبەر بەوەی کە بچنە بنگەی گوندپارێزان. بێگومان دەوڵەتەکەتان دەوڵەمەندە و ڕاستیەکەی خەڵك باسی هاتوچۆی (ئیبراهیم خەلیل) دەکات. من لە لایەکەوە نوێنەرایەتی ئەم هاتوچۆیە دەکەم، وانییە؟

ی.ك: دەولەمەندی دەولەتی ئێمە لە گەشت و گوزار و لەو کرێکارە کورد و تورکانەوە دێت کە لە ئەلمانیا کاردەکەن. ئەگەر هەر ناخۆشی‌یەك بەسەر ئەو ناوچانەدا هات، ئەوا چاوگەکانی دەولەمەندی وشك دەبن و دەولەت ژێروژوور دەبێ.

س.پ: ئێمە ئەمسال تەگەرە دەنێینە بەر ئەو سەرچاوانە و وشکیان دەکەین. گوێ بەوە مەدەن. دەولەت ئەم پارە زۆر و زەبەندە لە کوێوە دەهێنێ تا بەدەست و دڵ خەرجی بکات. ئەوی ڕاستی بێ من لەوە سەرسامم و لێی تێ ناگەم. بەلام لەوەش گرنگتر ئێمە خەڵك دەولەمەند دەکەین. ئەو ڕێگایەی کە لەم مەسەلەیەدایە بەو شێوەیەیە کە ئێستا ڕوونی دەکەمەوە: شۆڕش بە کردەوە بەرهەمهێنە و زۆر دەبێتە مایەی دەولەمەندی. ئێمە و دوژمنان و ئەوانیشی دەولەمەند کردووە کە تا نیوەی ڕێگا بەرێ کەوتن. هەموو ئەمانە پێوەندی‌یەکی توند و تۆڵیان بەو گوتەیەوە هەیە کە دەڵێت شۆڕش مرۆڤ مەزن دەکات.

ی.ك: بەڵێ ئاپۆی برا و خۆشەویستم. ئێستا گەیشتینە خاڵێکی یەکجار گرنگ. ئەگەر ڕێم بدەن لە تێڕوانینی ئێوە دەپرسم؟

س.پ: درێژە بە پرسیاری خۆتان بدەن.

ی.ك: پرسیارەکانی دیکەم لەسەر کردەوە و چالاکیەکانە و پێوەندی بە شیکردنەوەی ئێوەوە هەیە هەم لەسەر سۆشیالیزمی بنیات نراو لە ڕووی مرۆڤایەتی‌یەوە و هەم ڕادەی کاریگەری‌یەکەی؟

س.پ: بەڵێ. من دیتمە سەر وەلامدانەوەی ئەو پرسیارە، هەر وەلامەکەی بە ناتەواوی ماوەتەوە. ئێوەش کتێبێکی بەهادارتان لەسەر هەرەس هێنانی سۆشیالیزمی سۆڤیێتی نووسیوە و گەلێك هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆری لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی دیکە پێشان داوە. زۆر جار لە بارەی ئەم بابەتەوە لێیان پرسیوین. سەبارەت بە ئێمە، تا ئێستا توێژینەوەیەکی قووڵم لەسەر مەودا و هۆیەکانی هەرەس هێنانەکە نی‌یە. بەلام وەك دەزانن ئەزموونی شۆڕشگێری شیکردنەوەیەکی پڕ بەهای سەربەخۆی ڕووداوەکانە.

ی.ك: بێ‌گومان. هیچ گومانێکم لەو بارەیەوە نی‌یە.

کە گۆرباچۆف دەسەلاتی گرتە دەست گوتم: «ئیدی ئەم ڕژێمە ڕووبەڕووی دۆخی داخرانێکی لە کرانەوە نەهاتوو دەبێ و دەکرێت ئەم دۆخە بە یەکێك لەم دوو ڕێگایە نەهێلرێت: یا لە سەرەوە بە هۆی سەرکردایەتی ئەوپەڕی دوژمنی ئیمپریالیزمەوە یان لە خوارەوە بە ئەنجامدانی ڕیفۆرمی پێویست.

س.پ: من لە ڕوونکردنەوەی مەسەلەکاندا پشت بە شارەزایی شۆڕشگێرانەم دەبەستم. ئێمە چاودێری هێندێك لایەنمان کردووە. باسی ئەو تەنگژەیەم کردووە

که ڕژێمی سۆڤیێتی تێ‌کەوت. ساڵی ١٩٨٥ وەختێك گورباچۆف جڵەوی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، مانگی ئاداری ئەو ساڵە باروودۆخەکەم هەڵسەنگاند. ئەم هەڵسەنگاندنە هێشتا ماوە و تێیدا گوتم: «ئیدی ڕژێم ڕووبەڕووی دۆخی داخرانێکی لە کرانەوە نەهاتوو دەبێ و دەکرێت ئەم دۆخە بە یەکێك لەم دوو ڕێگایە نەهێلرێت: یا لە سەرەوە بەهۆی سەرکردایەتی‌یەکی ئەویەڕی دوژمنی ئیمپریالیزمەوە، یان لە خوارەوە بە ئەنجامدانی ڕیفۆرمی پێویست». گورباچۆف هەولیدا بە ڕیفۆرم کردن بە دووی باروودۆخەکەدا بچێ، بەڵام ئەمە کێشایەوە بۆ قەڵەمبازێکی زۆر گەورەی ڕووە و بە ڕاست و، لەگەڵ (یەلتسن)یشدا باروودۆخەکە بە قوڕداچوو. مەبەستم ئەوەیە ئێمە گرێ کوێرە و تەنگژەکەمان دەبینی و چاودێری چۆنیەتی چارەسەرکردنیمان دەکرد. هەرچی ئەوەشە کە «چۆن ڕژێمەکە بزر بوو؟ ئەو خاڵانەی بێ‌هێزی ڕژێم چی بوون. کە بن بەستیان لێ‌کەوتەوە؟».
ئەوەیان من بە جۆرێکی جیاواز لە کەسانی دی دەمڕوانی‌یە بابەتەکە. جاران خاوەنانی تیزی سێ جیهانی لایەنگرانی تەوژمی «سۆشیال ئیمپریال» و ترۆتسکیەکان و لایەنگرانیان هەبوون. من هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە لایەنگری‌یان بکەم. چی‌یان بنووسیبایە دەمخوێندەوە. ڕەنگە لە هێندێك ڕووەوە هاودەنگی بۆچوونەکانیان بم. بەڵام سەرجەمی نووسینەکانیان بەس نەبوون بۆ وەڵامدانەوەی ئەوەی کە بە خەیاڵمدا دەهات. وێڕای ئەوە پێم وابوو ڕێبازی سۆڤیێتی هاوجووتی سوشیالیزم نەبوو. بە تێپەڕینی ڕۆژگاریش ئەم بیرۆکەیەم لەلا کوڵەپنج دەبوو. بە تایبەتی بۆم ساخ بووەوە کە حیزبی کۆمۆنیستی تورکیا ببڕای ببڕ سۆشیالیستی نەبوو و قەناعەتم بەوە پەیدا کرد. لەبەرئەوەی کە ئەم حیزبە بەرهەمی ڕژێمی سۆڤیێتی بوو، ئەمە وا دەگەیەنێ کە ئەو ڕژێمە سۆشیالیستیە گەندەکاری تێدایە. باوەڕم ئاوابوو. لە ساڵانی حەفتادا کاتێك بێ‌ئەملاوئەولا لەوە دڵنیابووم مەحاڵ بوو هەلومەرج هەرچۆنێك بێ پارتی کرێکارانی کوردستان بکەم بە حیزبێکی لە وێنەی حزبی کۆمۆنیستی تورکیا،چونکە ناکرێت ئەو مرۆڤەی کە حزبی کۆمۆنیستی تورکیا کاری تێ‌دەکات هەرگیز ئاسایی بێ. من ئەو خەڵکانە بە بچووك ناگرم، بەڵام لە ڕێبازی ئایدیۆلۆژی ئەو حیزبە دەدوێم. (حەیدەر کۆتلو)یش دانی بەوەدا نا کە لەم ماوەیەی دواییدا مرۆڤ خنکێن و خۆشی خنکێندراو بوو. نامەوێ کەس ئەمە بە سووکایەتی کردن دابنێ. من ئەوەم بەوپەڕی مایەی خنکان هاتە بەرچاو. سەرباری پێداگری توندم لەسەر دوورنەکەوتنەوە لە سۆشیالیزم، بەڵام من بە یەکجارەکی ڕازی نەبووم بچمە نێو ئەو کەشە مرۆڤ خنکێنە. بە ڕاشکاوی جەخت دەکەم پێش ساڵی ١٩٨٥ ـ واتە لە ساڵانی حەفتاوە و سەرەتای هەشتاکاندا ـ دەمگوت: «نەدەبوو سۆشیالیزم ئەو هەنگاوە بنێت یا ئەو ڕێبازە بگرێتەبەر». لەناخەوە هەستم بەوە دەکرد و بە پێی ئەوەش دەجووڵامەوە.
بەڵام ئێستا ئێمە دەتوانین ئەو ڕووداوە لە هەموولایەکەوە شی‌بکەینەوە. با

بروانینه مارکس و ئەنگلز. بە بروای من ئەو جووتە گەورەترین شیکەرەوەی زانستی ئەو کاتەن، بە تایبەتی هێندەی پێوەندی بە رەگەزی مرۆڤ و پەرەسەندنەکانی مرۆڤایەتییەوە هەبێ. لە هەموو روویەکەوە و بە شێوەیەکی زانستی بێوێنە دەستیان بۆ بابەتەکان دەبرد. هێشتا باوەڕم بەوە و بە ڕاست و دروستی شیکردنەوەکانیان لەسەر کارتێکردنی ئاین لە کۆمەڵگا و بیروڕا فەلسەفەییەکانی دیکەیان و شیکردنەوەکانی پێشوویان لە بارەی گەلێك بابەتەوە هەیە کە بە شیکردنەوەی زانستییان لەسەر سۆشیالیزمی زانستی ڕوون دەبنەوە. من هێشتا باوەڕم بەو تویژینەوانە هەیە و پێبەستەییم دەپارێزم. هەرچی هاوبەشی لینینە بریتییە لە «مارکسیزمی قۆناخی ئیمپریالیزم» و «هاوبەشییەکی ئیرادەگەری دەست تێوەردانە». وایان گوت و ئەم گوتەیە چەردەیەك ڕاستی لە دووتوێیدا هەڵدەگرێ. ئەوەبوو حیزبی شۆڕشگێڕی پێکهێنا و قۆناخی ئیمپریالیزمی شیکردەوە و توانی چارەسەری ڕاستەقینە بۆ ئەو قۆناخە بدۆزێتەوە. بەڵام دەبێ باشتر لینین ئەزم بکەین. لەوەش گرنگتر تەمەنی لینین لەوە کورتتر بوو کە ئاکامی هاوبەشیەکانی خۆی ببینێ و ئەنجامە دەرکەوتەکانی شۆڕش هەڵبسەنگێنێ و پەرەیان پێبدات. لەبەر ئەم هۆیە پێویستە بە دووی ئەوەدا بگەڕێین و باش ئەوە ئەزم بکەین کە لینین تا چ ڕادەیەك پێوەندی بەم شۆڕشەوە هەبوو و پاشتر چی لێبەسەرهات.

لینین ماوەیەکی کەم پێش مردنی چەندەها ڕەخنەی هەبوو؛ هێندێکیان ڕوو لە ترۆتسکی بوون و هێندێکی دیکەیان ڕوو لە ستالین. یەکێك لەو ڕەخنانە لەسەر کەللەڕەقی لادێییانەی ستالین و هی دووەمیش لەسەر شۆڤێنیزمی ڕووسی بوو و لەسەر ئەم بیروڕایانەی دوایی لەبارەی ئەم بابەتانەوە سووربوو. ڕەخنەکانی لە ترۆتسکی زانراون. ئەمانە گشتیان ئەندامی دەسرۆی مەکتەبی سیاسی بوون. ئەگەر ئەوانە بەم شێوەیە بووبن، ئیدی دەبێ ئەوانی دیکە چۆن بووبن. هەرچی خودی لینینە روناکبیرێکی تەرزی یەکەم و توند گرێدراوی ئازادی بوو. بەڵام لەدوا ڕۆژەکانیدا داروبارێکی وای نەبوو یارمەتی چارەسەرکردنی ئەم مەسەلانەی بدەن. واتە کردارەکانی بە ناتەواوی مانەوە. هێندە بەسە کە شۆڕش لە شاکارە فیکری و زانستیەکانی ئەون، بەڵام کاتەکەی بەشی تەواوکردنی ئەم شاکارەی نەکرد. پاشتر وا ڕاهاتن مۆری لینینیزم و سۆشیالیزم بە تەوێڵی هەموو شتێکەوە بنێن. دژواریەکان هەر لە ساڵی ١٩٢٠ بەدوا دەست پێدەکەن. دەکرێت لە هێندێك کەم و کوڕی لینین بدوێین، بەڵام پێویستە کاتێك باسی کەم و کوڕیەکانی ئەو ماوەیەی لینین دەکەین تەواو وریا بین، چونکە ئێمە ئەمڕۆ بە تەواوکەری دوێنێ دادەنێین. من قەناعەتێکی تەواوم هەیە کە ئەگەر لینین بمابایە، گۆڕانکاریەکان بە شێوەیەکی جیاواز دەبوون و پێم وانییە کارەکەی بەم تەرزە باوە پەرەی بسەندبایە.

ستالین هێندێك لەو هێڵانەی پاراست کە لە لینینەوە بە میرات بۆی مابوونەوە. تەنانەت دەتوانین بڵێین هێندێك دەسکەوتی لە لینین بۆمایەوە بەبێ ئەوەی

هاوبەشی تێدا کردبن یا تازەی کردبنەوە و، بە پێداگرییەوە چاوی لە هەموو گۆرانکارییەکی پێویست پۆشی. هەتا هێندێك تایبەتمەندی لینینی وەلانا و وەك پیاوی دەوڵەت ڕەفتاری کرد و بە تێپەڕینی ڕۆژگاریش داکۆکی لە سۆشیالیزم لە تاکە وڵاتێکدا کرد و هەموو شتێکی خستە خزمەتی دەوڵەتی سۆڤێتی. ئینتەرناسیۆنالیزمیش لەلای ئەو یەکسان بوو بە یەکێتی سۆڤێت. بۆیە دەبوو داکۆکی لە دەوڵەتی سۆڤێتی بکات. بەم پێیە گرانترین شۆڕشی جیهانی کرد بە قوربانی یەکێتی سۆڤێت بە سیاسەتی دەرەوەشەوە. ئیدی سۆشیالیزم بوو بە خزمەتکاری دەوڵەتی سۆڤێتی بە بێئەوەی سۆشیالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم لەبەرچاو بگیرێن.

ی.ك: واتە مەبەستتان ئەوەیە گەلێك تەنازولی گەوهەری لە سۆشیالیزم کرد لە پێناوی درێژە پێدانی حوکمی سۆڤێتی.

س.پ: بەڵێ. لە ئینتەرناسیونالیزم و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و لە دیموکراسی و ئازادی. واتە بە کورتی تەنازوولی گەورەی لە هەموو شتێکدا کرد. دەتوانین زۆریان بگێڕینەوە،وە بەر لەسەردەمی لینین چەندین نیشانە هەبوون، بەڵام پاش ساڵی ١٩٢٠ ـ واتە لە سەردەمی ستالیندا ـ کەوتنە ڕوو.

ی.ك: دەڵێن ئەگەر بژیبایە بارودۆخەکەی ڕاست دەکردەوە. من ئەوەم پێقبووڵە. ئایا مەبەستتان ئەوەیە هەلی ڕاست کردنەوە هەبوو، بەڵام ستالین ئەم هەلەی بەرتەسك کردەوە؟

س.پ: بێگومان. لەگەڵ پێداگری ئیمپریالیزمدا لە سەروبەندی دووەم شەڕی جیهانیدا گەلێك پرنسیپ بە ناوی تەکتیکەوە و لە شێوەی تەنازولدا بۆ ئیمپریالیزم بە قوربانی کران.

ی.ك: ئەوە چەمکێکی خۆپەرستانەیە لەشۆڕشدا تەنیا بیر لە خۆی دەکاتەوە. وانییە؟

س.پ: زۆر خۆپەرستانەیە. من بەم شێوەیە ئەو خۆپەرستییە لێکدەدەمەوە. بەرژەوەندی شۆڕشی ئینتەرناسیۆنالی واتە بەرژەوەندی سۆڤێتی و بەرژەوەندی سۆڤێتیش واتە بەرژەوەندی ڕووسی و بەرژەوەندی ڕووسیش واتە بەرژەوەندی حیزبی سۆڤێتی و بەرژەوەندی حیزبی سۆڤێتیش واتە بەرژەوەندی سەرکردایەتی ناوەندی و بەرژەوەندی سەکردایەتی ناوەندیش واتە بەرژەوەندی سکرتێر و لە دواهەمین شیکردنەوەدا هەموو شتێك دەخرێتە خزمەتی سکرتێری گشتی. ئاوا کۆتایی پێهاتنی سکرتێری گشتی بوو بە کۆتایی هێنانی سۆشیالیزم. ئەم ڕاستییە کەوتە بەرچاو. هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە لە فراوانترینەوە بۆ بەرتەسکترین کێشرایەوە بۆ دوایی پێهاتنی ڕژێم و ئەمەش بەش بەخۆی لادانێکە و دەکرێت ناوی بنێین لادانی بیرۆکراتی یا لادانی نەتەوەیی، چونکە ئەم لادانە خزمەتی میللەتی ڕووسی کرد. سەرەنجام ئەم چەمکە هەڵەیە بە شێوەیەکی بێئەملاوئەولا گرێدراوی نەتەوایەتی بەو، تەنانەت من پێم وایە ئەو

نەتەوەپەرستی‌یەی کە لە سایەی سۆشیالیزمی بنیات نراودا پەرەی سەند، لەو نەتەوەپەرستی‌یە ترسناکتر بوو کە لە ئەڵەمانیادا گەشەی کرد و گۆڕانکاریەکانی ئەم دواییەش بەڵگەی ئەوەن.

ی.ك: منیش نووسیومە: خاڵی لاوازی لە مارکسیزمی سۆڤیتیدا کێشەی نەتەوەکانە. مادامێکی ئەم نەتەوانە بە کردەوە و لە ڕووی تیۆری‌یەوە هەن، ئەمە هەبوونی کێشەی نەتەوایەتیش دەگەیەنێ.

س.پ: بەڵێ، کێشەی نەتەوایەتی لە دەوڵەتێکدا یا لە بیرۆکراسیدا دەژی و بیرۆکراسیش پێوەندی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا و لەگەڵ بەرهەمەکانی شۆڕشدا پچڕاند و لە شێوەی چینێکدا ـ لەوانەیە ئەم چینە لە حیزب پێکهاتبێ ـ مشەخۆری بەسەر ئەم بەرهەمانەوە کرد بە ڕادەیەك وای لێ‌هات بوو بە بارێکی قورسی وا دەبێتە هۆی خنکاندنی مرۆڤ. ئەمە بەدی هات. بێ‌گومان ستالین نەیتوانی ڕێ و شوێنی شێلگیرانە دابنێ. هەر ئەوەی لە دەست هات هەوڵ بدات ڕێرەوی لینینی بپارێزێ. بەڵام لەبەر بیر تەسکی خۆی نەیتوانی. یەکەم ئامانجی پاراستنی یەکێتی سۆڤیت بوو. بۆ ئەوەش هەر شتێك بەری پێ‌گرت تەفروتوونای کرد. تەنانەت ئەم شێوازەی چەوت بوو، چونکە هەر وێرانی دەکرد و نەیدەزانی لە بری ئەوە بنیات بنێ.

ی.ك: بەڵێ ئەم تێبینی‌یە زۆر گرنگە.

س.پ: بێ‌گومان. دەنا چۆن دروست بوونی (خروچۆف) لێکدەدەینەوە. هەتا ئەوانەش کە دەیانتوانی قسەبکەن لە ساڵانی چلدا دوورخرانەوە. ئەوە بووە هۆی لە دایك بوونی کەسانێکی دووڕوو.

ی.ك: گەلێك پیاوی خاوەن دوو ئاین پەیدا بوون، یان یەکێك کە کەسایەتی‌یەکی دیکە لە خودی خۆیدا دەشارێتەوە.

س.پ: لەوانەیە دەربڕینی کەسێکی خاوەن دوو ئاین ڕاست بێ. کەسایەتی ئەو گوێڕایەڵە کەوتەڕوو کە سەری دادەنەوێنێ و خۆی لە نێو دەبات. ئەم تەرزە، ئەو کەسایەتیانە لێکدەداتەوە کە لە (خرۆچۆف)ەوە تا (یەڵتسن) دەرکەوتن. ئەمە وا دەگەیەنێ ئەو گۆڕانکاریانە کە ئەمڕۆ ڕوودەدەن بەرهەمی دەستی ستالینن و پێمان تاکرێت چاوپۆشی لە پێوەندی ستالین بەم گۆڕانکاریانەوە بکەین. ڕەنگە ستالین خۆشی بەمە قایل نەبوو بێ و حەزی نەکردبێ شتێکی لەم چەشنە بکات، بەڵام ڕێ و شوێنەکانی خۆی کێشایانەوە بۆ ئەم ئەنجامە. من لە ڕێگای ئەزموونمەوە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)دا دەزانم ئەگەر کەمێك بکەوتمایە نێو هەمان هەڵەوە، گەورەترین فێڵباز و پیلانگێڕی دووڕوو لەنێوماندا پەیدا دەبوون. بەڵام من خۆم بەم سیاسەتە ناخەڵەتێنم و ناوبەناو بە ڕێ و شوێنەکانمدا دەچمەوە.

ی.ك: لێرەدا دەمەوێ بڵێم: بەوەی کە تۆ ئەوەت دی و دەترسی هەمان هەڵە بکەی، بۆیە بە سیاسەتەکانتدا دەچیتەوە و لێیان دڵنیا دەبی.

س.پ: نەخێر، کەسێکی وەك من نی‌یە دەرفەت بە بەرهەڵستان بدات تا خۆ

دەربخەن. لەبەر ئەم هۆیە هەموو کەسێك لافی ئەوە لێدەدات کە ئاپۆیە و هەر یەکێکیش لە من زیاتر توند و تیژی لە فەرمانەکانیدا دەنوێنێ.

ی.ك: خۆزگە هەموو یەکێك ببوایە بە ئاپۆ. هەمووان دەبنە ئاپۆی چکۆلە. چیاو داروبەرد گشتیان ئاپۆن.

س.پ: ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە من زۆر واقیعبینم و دەرفەت بە کەسانی دیکە دەدەم تا خۆ دەربخەن و گەورە ببن و ئەمەش ترسناك نی‌یە. هەمووان ئێستاکە لە من پتر خۆ بە کاریگەر و بە بەدەسەڵات دادەنێن. من پێ‌یان دەڵێم ئێوە ئاوا نین. لە کاتێکدا ئەوان لافی ئەوە لێدەدەن کە ئاوان. ئەم کرانەوەیە پرنسیپی دیموکراسی و جێ بەجێکردنی تەواویەتی و بووە هۆی گەلێك گۆڕانکاری گرنگ.

ی.ك: ئاپۆی ئازیزم لەوە دەچێ تورکیا لەم بارودۆخە تێنەگات، بۆیە بەردەوام هاشەوهووشەی ئەوەیەتی کە ئاپۆ و فلانەکەس جیاوازی و لێك هەڵبڕانیان لە نێواندا هەیە.

س.پ: منم ئەوانە بۆ پێشەوە پاڵ پێوە دەنێم و ئەوانە دەستکردی منن، چونکە بە کەمی لەگەڵ کەسانی دیکەدا یەك دەکەوم و کەس نی‌یە وەك من تێکۆشا بێ لەگەڵمدا یەك بگرێ و کەس نی‌یە وەك من کەڵکی لە هەڵەکان وەرگرتبێ و بۆ یەکنەکەوتن لاساری نەکردبێ. ئەو شێوازەی کە بەکاری دێنم دوو ڕووی هەن: ڕووی یەکەم ڕاکێشانی خەڵك بۆ ئەو یەکگرتنە گەورەیە و ڕووەکەی دیکە پەردە هەڵماڵینە لە ڕووی ڕاستی ئەو خەڵکانە. مادامێکی پێبەستەبوون بەم شێوازە هەیە، پێم وانی‌یە ئێمە دەکەوینە هەڵەکەی ستالینەوە.

ی.ك: بەڵێ، بەردەوام بن. من بەو پەڕی وردی‌یەوە شیکردنەوەکانتان دەخوێنمەوە و گفتوگۆکردنی ڕووبەڕوو لەگەڵتاندا تام و بۆیەکی تایبەتی هەیە. ئێوە بە مسۆگەری زۆر بیرتان لە شێوازی خۆتان و هی پارتی کرێکارانی کوردستان کردووەتەوە.

س.پ: دیارە ئێوە سەرنجی ئەوەتان داوە. ئەوانە لە تورکیا دەڵێن ئاپۆ دەکوژێ و لە سێدارە دەدات و سەردەبڕێ، بەڵام ڕاستی تەواو پێچەوانەیە.

ی.ك: من ئەوە دەزانم. قەناعەتی من وەك هی ئەوان نی‌یە.

س.پ: ئەگەر زۆر کەس لە تێگەیشتنماندا قورسی بەدی دەکەن. ئەمە گوناحی ئێمە نی‌یە. شیکردنەوەکان بخوێننەوە و بڕوانن چۆن لا لە هەموو بابەتێك کراوەتەوە.

ی.ك: لەوانەیە لێ‌تێگەیشتنتان قورس بێ.

س.پ: ئەگەر لێ‌تێگەیشتنم قورس بێ، من چی بکەم؟ من ئیش بۆ ئەوە دەکەم کێشەیەك نەدۆڕێنم و مافی ژیان بە دەست بێنم. پێویستە خوێنەر یا بەدوواداچوو بەرێزەوە وەڵامی ئەم کۆششە بداتەوە و هەوڵی تێگەیشتنی بدات نەك بیقۆزێتەوە. تورکیا لەم مەسەلەیەدا زیاتر لە وڵاتانی دیکە ئیحتیاجی هەیە. ئەی ڕۆشنبیر و لاوی تورك بفەرموو کەمێك بەدووماندا بچۆ. من متمانەیەکی تەواوم بە ڕێ و

شوێنی خۆم هەیە، چونکە (٤٠) جار پێیدا دەچمەوە و شێوەی گونجاوی دەدەمێ، ئەمجا تاقی دەکەمەوە و پاش ئەوە دەست بە جێبەجێکردنی دەکەم. هێندێك کەس پێیان وایە بزێوم و بە بێحسێب هەنگاو دەنێم. نەخێر لەوانەیە هەمووان ئەوە بکەن، بەڵام من ببڕای ببڕ نایکەم. هێندێکیان دەبنە سەرخۆش لە سیاسەتدا و پێیان وایە خۆیان هەنگاو دەنێن. بەڵام من لەوە دادەچڵەکێم و قووڵ بیردەکەمەوە و دەڵێم: ڕەنگە ئەمە جادووگەر بێ لەوانەیە بە جادووی خۆی دەستم لێبوەشێنێ. بە تین و توانی خۆمدا دەچمەوە. دیارە ناکرێت بەسەر سەرگەرمی سیاسەت یا ناوبانگدا زاڵ ببی. بەڵام خەڵکانی دیکە دەیکەن. تەنانەت ئەوانەی وا ڕۆژانە دەنووکم لەسەریانە و لەسەر دەستی من گەورە دەبن، دەبنە سەرخۆش. بەڵام من زۆر بێ فیزم و ئەمە لەسەر بنچینەیەکی فەلسەفی و ئەخلاقی هەڵدەسەنگێنم و تا ئەوپەڕی پێبەستەی ئەم بەهایانەم. من بەبێ ئەم بەهایانە ژیانم نابێ.

ڕەنگە خاڵێکی دیکەش هەبێ، ئەویش ئەوەیە کە یەکێتی سۆڤێت ماتریالیزمی پەتی لە بری مارکسیزم جێبەجێ کرد. دەکرێت سەرنجی ئەوە بدەین کە مارکسیزم دژ بە ماتریالیزمی پەتییە و خەبات لە دژی دەکات. بە ڕای من سۆشیالیستەکان و دیموکراتەکان کت و مت ماتریالیستین. سۆشیال دیموکراتەکانی ئەڵەمانیاش ڕۆشنترین نموونەی ماتریالیزمی پەتین و ماتریالیزمی پەتیش مرۆڤ بەرەو کۆمەڵگای بەرخۆر دەبات کە ئەمڕۆ دەیبینین. ئەم کۆمەڵگایانە ماتریالیستی پەتین جا پێڕەوی سۆشیالیزمی بنیات نراو بکەن یان کۆمەڵگای سەرمایەداری خۆرئاوا. کۆمەڵگا ماتریالیستییە پەتیەکانن لە ڕووی فەلسەفەییەوە جیهان هەڵدەسووڕێنن. فراوانکردنی ئەلقەکە زەحمەت نییە تا هەموو وڵاتان بگرێتەوە. بە کورتی ئەوەی تاکو ئێستا سەرکەوتوو بوو ماتریالیزمی پەتییە.

ی.ك: ئێوە دەڵێن ماتریالیزمی پەتی، نەك سەرمایەداری.

س.پ: بەڵێ، ماتریالیزمی پەتی، نەك سەرمایەداری. هەردوو شەریکەبەشن لە تاواندا. مارکسیزم لەم بابەتەدا مەترسی ماتریالیزمی پەتی بینی و ویستی خەبات لە دژی بکات، بەڵام پێم وایە سەرنەکەوت، بە تایبەتی کە گرنگترین لایەنی ماتریالیزمی پەتی جێ بەجێکردنی ئابووریە بە شێوەیەکی سەرپەڕگرانە و بایەخدانێکی زۆرە بە ئابووری. لێکدانەوەی هەموو شتێك لەسەر چەند بنچینەیەکی ئابووری ناوەکەی دیکەی ماتریالیزمی پەتییە. ئەوە کارێکی کرد زۆر لە بەها مرۆڤایەتیەکان بایەخێکی پلە دوو یا سێیان پێبدرێت و تەنانەت بە تەواویش فەرامۆش بکرێن.

با هەوڵ بدەین لە شۆڕشی ئێران حاڵی ببین کە بووە هۆی سەرکوتی کۆمۆنیستەکان بە شێوەیەکی یەکجار دزێو. دەبینین ماتریالیزمی پەتی بابەتەکەی بە شێوەیەکی ئایدیالیستی وەرگرت، واتە لەگەڵ ئایدیالیزمدا یەك کەوت. پێم وایە مارکسیزم و لینینیزم شایانی ئەوە نەبوون.

ی.ك: دەڵێن چەند ناکۆکییەکی خولقاند.

دەست بردن بۆ بابەتەکە لەسەر بنچینەی ئابووری پەتی کاردەکاتە سەر سەرخان، بە تایبەتی سەر لایەنی مەعنەوی و ئەخلاقی و، ئەوەش دەبێتە هۆی دوایی پێهێنانی بەها مەعنەویەکانی ژیان و ئەمیش پێ بە پێ دەکێشێتەوە بۆ کۆمەڵگای بەرخۆری ڕوو لە هەڵدێری ئاژەڵایەتـــی.

س.پ: بێگومان. ئەم کۆمۆنیزمە یا ئەم سۆشیال دیموکراتە هێز بە ئایدیالیزم دەبەخشێ. دەتوانین ئەوە بە درێژی لێکبدەینەوە، بەڵام ئەمە ڕاستی‌یەکەیە و ئێمە نامانەوێ ئەم هەڵەیە بکەین. گەلێك شت هەن پێویستە بگوترێن. بەڵام لایەنی مەعنەوی بابەخێکی زۆر پەیدا دەکات و دەست بردن بۆ بابەتەکەش لەسەر بنچینەی ئابووری پەتی کاردەکاتە سەر سەرخان، بە تایبەتی سەر لایەنی مەعنەوی و ئەخلاقی و، ئەوەش دەبێتە هۆی دوایی پێهێنانی بەها مەعنەویەکانی ژیان و، ئەمیش پێبەپێ دەکێشێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵگا بەرخۆرەی کە باسمان کرد و ڕوو لە هەڵدێری ئاژەڵایەتی دەکات. بوونی مرۆڤ بە شێوەیەکی بنچینەیی پێبەستەی ئابووری‌یە. لەوە بێئاگانین کە ژیانی مرۆڤ بە جادوو و ئاین دەستی پێکرد و پاشتر فەلسەفە و زانست سەریان هەڵدا. بەڵام ئەگەر لافی ئەوەمان لێدا کە کۆمەڵگا تەنیا بە زانست ڕێبەری دەکرێت، ئەوە توخمێکی خەسلەتەکانی مرۆڤایەتیمان فەرامۆش کردووە. خۆ زانست دەچێتەوە سەر تەنیا میکانیکی بوون. ئێمە کە ئەوە دەڵێین نکوولی لە زانست ناکەین و ناساندنی زانستیش بە ماتریالیزمی پەتی دووپاتکردنەوەی هەمان هەڵەیە. حاڵی حازر زانست لە تورکیا جێبەجێ دەکرێت و جێبەجێکردنی زانستیش لە کێشەی کورددا دەبێتە هۆی نکوولی لێکردنێکی مرۆڤ توقێن و بەکارهێنانی زانستیش لە ئاستی جیهاندا دەبێتە هۆی کۆتایی پێهاتنی کۆمەڵگاکان. بە باوەڕی من ئەگەر ڕەخنەیەك هەبێ ئاراستەی سۆشیالیزم بکرێت، پێویستە دەست بۆ لایەنی مەعنەوی ببات و بیخاتە نێو فەلسەفەی سۆشیالیستی‌یەوە. ئەم لایەنە لە ڕژێمی سۆڤێتیدا نەبوو، بۆیە بووە هۆی هەرەس هێنانی. ئەمەمان لە چاوی ئەو خەڵکانەدا دی کە شاڵاویان بۆ خواردن و دووکانەکان دەبرد. سەرەتا پێم وابوو گاڵتەکردنە. بەڵام پاشتر بۆم ساخ بووەوە کە ڕاستی‌یە. هەرچی بکەوتبایە بەردەستیان کراسەکانی خۆیانیان لێپر دەکرد، وەك بڵێی باوەشیان بەشی ئەوە ناکات. ئەم بارودۆخە دەرەنجامی ئەو فەلسەفەیەیە کە لێی دواین. کێشەکە لەوەدا نی‌یە کە داخۆ ئەوانە برسی بوون یان نا، بەڵکو بارودۆخیان لە برسێتیش تێدەپەڕێ و پێوەندی بە فەلسەفە و ئەخلاق و هەڵدێرانیانەوە هەیە. ئەمە بەڵگەی بێئەملاوئەولایە. ئەمە دەڵێم لەبەر ئەوەی ئێمە لە نێزیکەوە بینیمان. وەختێك باسی بەهای مەعنەوی دەکەین، مەبەستمان تەنیا ئاین نی‌یە چونکە چەمکی مەعنەوی زۆر لەوەش بەربڵاوترە، دەچێتە نێو ئەم چوارچێوە مرۆڤایەتی و ئەخلاقی‌یەوە.

ئەو مرۆڤەی کە بە چاوێکی چلێسانەوە دەڕوانێتە هەموو شتێك، شوێن غەریزەی خۆی دەکەوێ، واتە غەریزەی بەرسیتی یا غەریزەی جنسی. دەشبێتە بار و مرۆڤایەتی هەرەس دێنێ و ئیدی ڕوو بە چ هەڵدێرێك دەڕوات؟ ئەمەیان ناتوانین سەرەنجامەکەی دیاری بکەین. جا لەم دەستپێکەوە نکوولی کردن لە ئاین چارەسەر نییە و بچووککردنەوەی سەرخان ڕاست نییە. ئەگەر سەرنجتان دابێ من نالێم کۆمەڵگا وەك چۆن هەیە قبوولی بکەین. ئەم بابەتانە نامۆیی‌یەکی گەورەیان تێدا هەیە. ئەگەر بڕوانینە کۆمەڵگاکان کاتێك بە قۆناغی پێش هەرەس هێنان و وێران بوون و هەڵوەشانەوەدا ڕەت دەبن، دەبینین کۆمەڵگاکانی سۆشیالیزمی بنیات نراو بە هەمان قۆناغدا تێدەپەڕن و ئیمپریالیزمیش بە گشتی بەم قۆناغەدا تێدەپەڕێ.

ی.ك: باشە، سەرکردەی پایەبەرز، ئەم هەموو فەلسەفەیە لە شێوەی پرسیارێکدا دەخەمە بەردەمتان. گوتتان ماتریالیزمی پەتی بوو کە لە ڕژێمی سۆڤێتیدا هەرەسی هێنا منیش ئەو باوەڕەم هەیە. بەڵام وەختێك باسی ئەو مرۆڤە دەکەین کە بیر لە خۆی دەکاتەوە، ئایا دەتوانین بڵێین ئەو بارودۆخەی کە ڕژێمی سۆڤێتی تێکەوت دەرەنجامی ئەوەیە کە هەڵوێستێکی بەرگریکەرانەی دیاری کرد؟

س.پ: بێ‌گومان. ئەو قۆناغەی کە ڕژێم تێیدا پێویستی بە دیاریکردنی هەڵوێستێکی بەرگریکەرانە هەبوو ساڵانی شۆڕش بوو - واتە ساڵانی بیست. ئەمجا دووەم شەڕی جیهانی بە دووهات. هەرچی قۆناغی هەرەس هێنانیشە، ئەوە ڕژێمەکە لەوپەڕی هێزیدا و لە دۆخی هاوسەنگی‌یەکی جیهانیدا بوو.

ی.ك: بەڵام لە ساڵانی شۆڕشدا بیرۆکەی بڵاوبوونەوەی شۆڕش لە ئارادا بوو. لە ساڵانی بیستدا هێشتا دەست بەرداری بیرۆکەی شۆڕشی جیهانی نەبوو بوون وەك پرنسیپ. بەڵام لە ساڵانی پەنجا و شەستدا هەموو خەمێکیان لە پاراستنی کۆمەڵگای سۆڤێتدا قەتیس بوو. کاتێك دەڵێم هەڵوێستی بەرگریکەرانە، من لەو هەڵوێستە دەدوێم کە گشت تەنازولێکیان کرد لە پێناوی زیان نەگەیاندندا بە کۆمارەکەیان.

س.پ: ئەمە ڕاستە. پێویستە پێمان قبوول بێ کە ئەم هەڵوێستە بووە هۆی لادانێکی گەورە. بەڵام گرێدانی هەموو شتێك بەم هەڵوێستەوە بە ناتەواوی دەمێنێتەوە. لەوانەیە ئەم لادانە کاریگەری ناڕاستەوخۆشی هەبووبێ کێشابێتیانەوە بۆ دەست هەڵگرتن لە خاسیەتی سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕی و ئینتەرناسیونالیزم، لەوانەشە ئەمە هەڵوێستێکی بەرگریکەرانەی تەکتیکی بووبێ و ناکرێت بەم لادانەوەی گرێ بدەین. دەنا چۆن دەم لە سۆشیالیزمێك و لە شۆڕشگێڕی‌یەك دەژەنین خۆدەخاتە نێو ئەم هەڵوێستە بەرگریکەرانەیە؟ دەتوانین ڕەخنە لەم لایەنەش بگرین. دەکرێت ئەوە هەر بە خۆپەرستی نەتەوایەتی لێكبدەینەوە، چونکە تەنیا ڕەنگی ڕووسی بەسەر شۆڕشدا زاڵ بوو.

ی.ك: حاڵیم. پاشان ڕژێمی سۆڤێتی بوو بە کۆنەپارێز و ڕازی نەبوو هیچ شتێك تەنانەت لە ڕووی شۆڕشگێڕی‌یەوە بگۆڕێ. ئایا ئەمە ڕاستە؟

س.پ: لینین ئالای ئینتەرناسیونالیزمی لەبەر ئەم مەترسی‌یە بلند بەرز دەکردەوە. لایەنی ئینتەرناسیونالیزم لە ئەزموونی ڕووسیدا جۆرە تاقیکردنەوەیەك بوو هەوڵی‌دەدا نەتەوایەتی تێبپەڕێنێ. گەلێك زیدمڕۆیی و هەراج کردن (مزایدە) لە ڕووی ئینتەرناسیونالی‌یەوە هەبوون. ئەزموونی سۆڤێتی بەڵگەی ئەمە بوو. بە قەناعەتی من پێچەوانەی ئەمە ڕاستە. زیادەکاری و زیدمڕۆیی هەوڵێك بوون بۆ پووش بەسەر کردنی هەڵچوونی نەتەوایەتی.

ی.ك: بەڵێ. هێندێك تێز لەو بەڵگەنامانەی ئەمەریکا لە بارەی کوردەوە بڵاوکرانەوە کە ساڵی ١٩٧٩ لە باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە تاراندا برابوون و هێندێکیانم بەدەست گەیشت و هەڵسەنگاندن. لەم بەڵگەنامانەدا شیکردنەوەیەکی ئەمەریکاییانە بۆ ساڵی ١٩٧٥ بەدی دەکەین و ئاشکرا لەو شیکردنەوەوە دەردەکەوێ کە ئەمەریکایی‌یەکان بایەخ بە کێشەی کورد نادەن و سۆڤێت لێ‌یەوە دوورن و لەوانەیە قسە بکەن بەڵام هیچ ناکەن. جا لەبەر سیاسەتی کۆنەپارێزانەی سۆڤێت، ئەوان کێشەی کورد تەنیا بۆ هەڕەشەکردن لە ڕژێمی عێراق و تورکیا دەخەنە گەڕ، بەڵام لە گەوهەری کێشەکەوە دوورن.

س.پ: ئەم ڕەفتارە تایبەت نی‌یە بە ساڵی ١٩٧٥، بەڵکو - وەك دەزانن - بۆ ساڵانی بیست درێژ دەبێتەوە. زۆر ڕوونە ئەوان وەك لایەنێکی مەبدەئی ناڕوانن کێشەکان بەڵکو وەك تەکتیکێك و لە ڕووی بەرگری‌یەوە. جا بۆ حاڵی بوون لە ڕاستی هەڵوێستی سۆڤێت بەو ئەنجامە دەگەین کە سۆشیالیزمیش بەشێك بوو لە تەکتیك.

ی.ك: ئەمە زۆر سەیرە!

س.پ: من تەنیا ئاگادارتان دەکەمەوە. ئەو بەڵگانەی کە ئەمڕۆ لە بەردەستدان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەوا سۆشیالیزم تەکتیکێکی سەرمایەداری پاشکەوتووی ڕووسیا و نەتەوەپەرستی ڕووسی بوو. ئەمە زۆر جێی‌داخە، بەڵام لەوانەیە ڕاستی پێك بهێنێ. دەکرێت کێشەی کورد گەلێ گرێ کوێرە بکاتەوە. ئەگەر سۆڤێت هەر پێبەستە بوونێکیان بە پرنسیپەکانەوە هەبووایە، نەیاندەتوانی هەتا لە سەردەمی ستالینیشدا بەم شێوە ئاشکرایە پێشێلیان بکەن. ئەوەتا بۆ بەدەست هێنانی پشتیوانی کەمالیزم، چاوپۆشی لە گەورەترین شێوازی دڕندانە دەکەن و ئەمەش پێشێلکردنی پرنسیپەکانە. خۆ پێوەندی‌یان بە کەمالیزمەوە کێشەیەکی تەکتیکی‌یە و لە پێناوی تەکتیکیشدا پرنسیپەکان و سۆشیالیزمیش پێشێل دەکەن.

ی.ك: بەرانبەر بەوە پشتیوانی (مەحموود بەرزنجی) دەکەن لە سلێمانی چونکە لە ئینگلیز بەقینن و کاتێك لەگەڵ ئینگلیزدا دەگەنە لێك حاڵی بوون لە پشتیوانی پاشگەزدەبنەوە.

س.پ: ئەمە بێ مەبدەئی‌یەتە.

ی.ك: بگرە بە کردەوە جێ‌بەجێ کردنیەتی.

س.پ: بە کردەوە جێبەجێکردن یا بێ مەبدەئی‌یە. لەو نموونانە کە هێنامانەوە مەودای ئەو لادانە دەبینین کە ستالین و سۆشیالیزمی سۆڤێتی تێی‌کەوتن. تەنانەت لە ئینتەرناسیونالیزمی ئیسلامیشدا ئەم ئەندازە نەتەوایەتیە نی‌یە. با بڕوانینە لایەنی ئینتەرناسیۆنالی لە ئیسلامدا، بۆمان دەردەکەوێ لە سۆشیالیزم پتر هەمەلایەنەیە.

ی.ك: ئەگەر دەست بۆ نموونەی ئیران ببەین، سەیر دەکەین شیعە یا ئیسلام لە پێناوی پەلهاویشتندا ئایدیۆلۆژی ئەوان پێکدەهێنێ.

س.پ: بێ‌گومان. ئامرازێکە بۆ پەلهاویشتنی نەتەوەیی‌یان. ئێستا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە سۆشیالیزم وەك ئایدیۆلۆژی هێشتا بەها زانستی‌یە کۆمەلایەتیەکەی پاراستووە و نابێ سۆشیالیزم بۆ مارکس و ئەنگلس و لینین بگێڕدرێتەوە، چونکە ئەوانە لوتکەی چەند قۆناخێکن. لەوانەیە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا کە ڕوو دەدەن لوتکەی تازە پەیدا ببن. لەم چەمکەوە ئەوەی کە پاشەکشەی کرد سۆشیالیزم نی‌یە بەڵکو لادانە لە سۆشیالیزم. یەکێتی سۆڤێت هەرەسی هێنا، چونکە لە سۆشیالیزم دوورکەوتەوە و سۆشیالیزمیش بە هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤێت هەرەسی نەهێناوە.

ی.ك: بەڵێ، ئەمە سەرنجێکی بەهادارە و لە جێی خۆیدایە.

س.پ: بەم بۆنەیەوە دەمەوێ لە یەك یا دوو بڕگەدا لا لەو چارەسەرە بکەمەوە کە ئێمە لە جەنگەی ئەزموونی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)دا پێی گەیشتین. دەکرێت وا بڕوانرێتە پارتی کرێکارانی کوردستان کە ڕەخنەیە لە سۆشیالیزمی سۆڤێتی. وەك سەرنجتاندا باسی داخرانی حیزبی کۆمۆنیستی تورکیایان کرد کە پاشتر کێشایەوە بۆ تێداچوون و بڕانەوەی لەسەر دەستی (حەیدەر کوتلو). ئەمە دەڵێم لەبەرخاتری ئەوانەی وا چوونەتە نێو حیزبی کۆمۆنیستی تورکیا. وەك دەزانی ئێمە سۆشیالیزممان لە کێشەی کورددا جێبەجێ کرد و لەو هەڵوێستانەی سۆشیالیزمی بنیات نراویشەوە کە مەبدەئی نەبوون زانیمان لاف و گەزافیان بۆ سۆشیالیزم تەکتیکی بوو. لەم هەڵوێستەوە چەندەها ڕەخنە لە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە دەرچوون و ئاراستەی ئەزموونی سۆڤێتی کران. لەو ڕەخنانە: «مافی ئەوەتان نی‌یە سۆشیالیزم وەك تەکتیك بەکار بهێنن، چونکە سۆشیالیزم کۆمەڵێك پرنسیپە و ئێمەش گرێدراوی ئەم پرنسیپانەین». ئەم هەڵوێستە گەشەکردنێکی لە پارتی کرێکارانی کوردستاندا بەدی هێنا. حیزبی کۆمۆنیستی تورکیاش هاتە سەر تەکتیکێك کە بووە هۆی کۆتایی پێهاتنی. ئەگەر حەزبکەن دەتوانم لەم بنچینەیەوە مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستانتان بۆ هەڵبسەنگێنم. بە کورتی ئەوەم لێك دابووەوە کە: من حەزم نەکردووە و بە پێویستم نەزانیوە ڕێکخستنی پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر تەرزی حیزبە کۆمۆنیستە حازریەکان بێ. ئێستا پێویستی‌یەکی زۆر بەوە هەیە پارتی کرێکارانی کوردستان درێژبکرێتەوە. هیچ بنگەیەکی ئۆرگانیکی لە

ئارادا نی‌یه به سکرتاریه‌تی حیزبیشه‌وه. هێندێکیان باسی سه‌رۆك و هێندێکی دیکه‌یان باسی سکرتێری گشتی ده‌که‌ن. وه‌ك ده‌زانن ناساندنێکی جێگیر نی‌یه. ئه‌م کاره ناوه‌ندیش ده‌گرێته‌وه. ناوه‌ندی حیزب سنووری پێ‌نه‌زانراوه، نازانین له کوێوه ده‌ست پێده‌کات و تا کوێ دوایی دێت. هه‌روه‌ها نازانرێت ئه‌ندامێتی حیزبیش له کوێوه ده‌ست پێ‌ده‌کات و له کوێ کۆتایی دێت. من ئه‌م باروودۆخه به دوازده نێردراوه مژده ده‌ره‌که‌ی عیسای سه‌ردارمان (خوای لێ رازی بێ) ده‌چوێنم. ئه‌وانه وه‌ك ناوه‌ندی رێکخستن وابوون. هه‌روه‌هاش سه‌باره‌ت به محه‌مه‌دی سه‌ردارمان (درودی خوای لێ بێ) و خه‌لیفه‌کانی که کۆمیته‌یه‌کی ناوه‌ندی بوون. هه‌ر بۆ نموونه: ئایا شۆرشی فه‌ره‌نسه کۆمیته‌یه‌کی ناوه‌ندی هه‌بوو؟ ته‌نانه‌ت کۆمیته‌یه‌کی شۆرشی ئۆکتۆبه‌ریش راده‌ی شێلگیربوونی چه‌ند بوو؟ من بزانم ده‌زگایه‌کی شێلگیر نه‌بوو.

ی.ك: به‌لێ شێلگیر نه‌بوو.

س.پ: بیرۆکراسی له‌سه‌ر ته‌رزی ده‌زگای سکرتاریه‌ت و مه‌کته‌بی سیاسی ره‌گی له نێو سۆشیالیزمی سۆڤێتیدا داکوتا. هه‌موو ئه‌مانه فریان به‌سه‌ر کرده‌وه‌ی سۆشیالیستی‌یه‌وه نه‌بوو. وه‌ك پێشتر روونمان کرده‌وه حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتی هه‌لوه‌شاوه پاش دامه‌زرانی یه‌کێتی سۆڤێت له ته‌رزی سۆشیالیستی دوورکه‌وته‌وه. له‌به‌رئه‌م هۆیه پێویسته له‌سه‌رمان پارتی کرێکارانی کوردستان دژی ئه‌م نه‌خۆشی‌یه قایم رابگرین. ئه‌مه خواستێکی راسته‌قینه‌ی پێویسته، چونکه خه‌باتی راسته‌قینه راستگۆترین شایه‌تی گۆرانکاریه راسته‌قینه‌کانه. من ئه‌و ناوه‌نده‌م نه‌دۆزیه‌وه و که‌س ئه‌وه‌نده‌ی من کردوومه خه‌باتی بۆ دامه‌زراندنی کۆمیته‌یه‌کی ناوه‌ندی نه‌کردووه. به‌لام بۆم ده‌رکه‌وت ئه‌وه ناکرێت و ئه‌وسا گوتم پێویسته ته‌نگ به راستی هه‌لنه‌چنین و به‌ره‌و رواله‌تبازی دزه نه‌که‌ین.

ی.ك: ئه‌مه زۆر خراپه.

س.پ: ئه‌وی راستی بێ زۆر خراپ نی‌یه و هێشتا له قۆناخی دروست بووندایه. ئاوا بوو و ئاوای لێ‌دێت. په‌ندێکی تێدایه.

ی.ك: له کتێبێکی ئه‌م دواییه‌تاندا ده‌لێن: «من ویستم سه‌رکردایه‌تیه‌کی به کۆمه‌لمان هه‌بێ، به‌لام ئێوه داواکه‌متان به‌جێ نه‌هێنا».

س.پ: به‌لێ؛ ئه‌مه راسته. ئه‌مه نابێته به‌ربه‌ست له‌به‌رده‌م په‌ره‌سه‌ندنی پارتی کرێکارانی کوردستاندا، به‌لکو به پێچه‌وانه‌وه حیزب گه‌لێك گۆرانکاری گه‌وره به‌خۆوه ده‌بینێ. له‌م باره‌یاندا پێوه‌ندی‌یه‌ك له‌نێوان ئه‌م په‌ره‌سه‌ندنه و ئه‌م ته‌رزه دروست بوونه‌دا هه‌یه. مه‌به‌ستم ئه‌وه‌یه ئه‌گه‌ر ناوه‌ندێتی‌یه‌کی رواله‌تی ره‌ق هه‌بوایه، ئه‌م په‌ره‌سه‌ندانه‌ی پارتی کرێکارانی کوردستانمان نه‌ده‌بینی. یا به واتایه‌کی دیکه، ئه‌گه‌ر رێکخستنی پارتی کرێکارانی کوردستان هاوشێوه‌ی حیزبه کۆمۆنیسته باوه‌کان بووایه گه‌شه‌ی نه‌ده‌کرد. ئه‌و ته‌رزه‌ی که لێی ده‌دوێم گرێدراوی واقیعه. بۆیه ئێمه پشت به‌و ناوه‌ندێتی‌یه ته‌قلیدی‌یه نابه‌ستین که

باسمان کرد. پێویست ناکات بیست کەس لەوانەی کە هەڵدەستن و دادەنیشن هەموو شتێك هەڵبسوڕێنن، چونکە ناتوانن بەدووی هەموو شتێکدا بچن و دەبنە کۆسپ لەبەردەم پەرەسەندندا. هێزی گەورەی رەخنەگرتنمان پێوەندی‌یەکی راستەوخۆی بەم واقیعەوە هەیە. بۆ ئەوەی راستی‌یەکان بە ژێر لێوەوە نەکەین، من بەرهەڵستی پێکهێنانی کۆمیتەیەکی ناوەندی شەل دەکەم. چەند ئەنجامێکی پڕ بەرهەممان لەم کردارانە دەست کەوت. ئەمە کردەوەیەکی توند و تیژە دژی رەگاژۆ بوونی بیرۆکراسی. پارتی کرێکارانی کوردستان مانای راستەقینەی بنگەی سەرکردایەتی بە دەستەوەدا و لە بارترین چارەسەری بۆ مەسەلەی سەرکردایەتی دانا. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەوانی دیکە چاوی لێبکەن.

ی.ك: باشە. ئایا دەتوانین بڵێین: ناکرێت وێنەی دروست بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەر کاغەز بکێشین وەك چۆن بۆ حیزبە کۆمۆنیستەکانی دەکەین؟ تەنانەت حیزبی بەلشەویش هاوجووتی شێوە وێنە کێشراوەکەی خۆی نەبوو لەسەر کاغەز. من پشتگیری ئەم کردەوەیە دەکەم. حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤێتی هەتا ماوەیەکی کەم پێش هەرەس هێنانیشی بەو تەرزە بوو کە باسم کرد. گەرباچۆف لە یەکەم رەخنەکانیدا سکاڵای لە دەست کارانەبوونی کۆمیتەی ناوەندی کرد. بە رای من کادێران باش خرابوونەکار و، بۆ ئەوەش کە تاکرەوی باڵادەست نەبێ گۆڕین لە کەسەکاندا دەکرا. ئەوانەی کە بەهۆی خراپی‌یانەوە لە وەزیفەکانیان دوورخرانەوە، جارێکی دیکە دەرگایان لەبەردەمدا کرایەوە تا بەرپرسی خۆیان بگرنەوە ئەستۆ. من ئەمە وا دەبینم زۆر گرنگە. باشە سەرکردەی گەورەم. ئەم هەموو رێکوپێکی‌یە پشت بە خودی ئێوە دەبەستێ و تۆش یەك عەقڵ و یەك دەزگای دەماری. ئەگەر حیزب فراوان ببێ، چی روودەدات؟ ئایا ماندوو نابن؟ ئایا ئەمە نابێتە هۆی خنکان؟ کاتێك لە ساڵی ١٩٨٩ دا سەرەڵێدان لەمە دەترسام. لە کاتێکدا ئێستا لەم رۆژانەدا دەتبینم زیاتر چوست و چالاکی و کەسایەتیتان خۆشەویستە، بەڵام سەرباری ئەوە دەلەرزم، چونکە ئێوە زۆر خەریکی وردەکاری مەسەلەکان دەبن. واتە دەزگای دەمارتان بەردەوام ئێش دەکات. ئایا ئەمە ماندووتان ناکات؟ یەکەم رۆژ گوتت: «ئەگەر ١٠ ساڵی دیکە مامەوە ـ خوایار بێ دەمێنمەوە ـ چارەسەرێك بۆ ئەم هەموو مەسەلانە دادەنێم بە مەسەلەی شۆڕشیشەوە». لە کاتێکدا من لەبەر ئەم بارە قورسە دڵم لە لاتانە، چی دەڵێن؟.

س.پ: هەقتە نیگەران بی. من لەوە بە ئاگام و لە دڵی خۆمدا چاودێری گۆڕانکاری‌یەکان دەکەم. ئەم تەرزەی کار و ئەم خێرایییە دەگمەنن. واتە ئەوپەڕی خێرایی‌یە کە کەسێك ئیشی پێدەکات. ئەگەر سەرنجی رێ و شوێنە بنچینەییەکانی ژیان بدەی، گەلێك غافڵگیری چاوەڕوان نەکراو لە گۆڕێدان. هەتا ئەگەر روانیشمانە یاساکانی سروشت، کارەکە بەم پێیە بەردەوام نابێ.

ی.ك: کەس باوەڕ بەوە ناکات. ژیانتان ئاسایی و زۆر سادەیە. هیچ خۆشگوزەرانی‌یەك لە ژیانتاندا نی‌یە.

س.پ: من زۆر بیر لەم مەسەلانە دەکەمەوە و دەڕوانمە مێژوو و هەوڵی شیکردنەوەی دەدەم. هێندێك شیکردنەوەم نووسیون، چونکە ئێمە کوردستانێکی بەدەم و زمانمان گەرەکە و ئەمەش پەرەسەندن و شیکردنەوەی خۆی دەخوازێ. بێگومان تێکدانێکی دەست ئەنقەست و چەندەها زەبری گورچکبڕ هەن. ئەگەر هەموو شتێکم پێ بکرایە، ئەم تێکدانە و ئەم زەبرە گورچکبڕانە نەدەبوون. بەڵام سەرباری ئەوە، پەرەسەندنە بنچینەییەکان شێوازەکان پێشان دەدەن. وەك فەرمووتان سەرەڕای ژیانی یەکجار سادەم، هێزێکی گەورەی هەڵسوڕاندن هەیە. من لە کەسانی دیکە پتر بەرخۆدان دژی کەلەگایی دەکەم و بە تێپەڕینی ڕۆژگار دەبم بە دەسەڵات. من سەرنجی ئەوە دەدەم و هەوڵدەدەم ڕێ و شوێنی پێویست دابنێم و کاری هەرەوەزی سەقامگیر بکەم. باسی خۆمم بۆ کردن وەختێك تەمەنم حەوت ساڵان بوو و بۆم باس کردن چەند شەیدای کاری هەرەوەزی بووم و هێشتاش وەهام. بەڵام وێڕای ئەوە (من)ێك هەیە گەورە دەبێ. من لافی ئەوە لێنادەم بەهۆی منەوە کوردستان کەوتە ڕوو و گەلەکەی گەورە بوو و پارتی کرێکارانی کوردستانیش پەلی هاویشت. ئەگەر لە خۆم بەدەر لام لەم گۆڕانکاریانە کردەوە، تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبم، چونکە پێوەندیان بە شێواز و خەباتمەوە هەیە وەك پێوەندی نینۆك بە گۆشتەوە. بەم بۆنەیەوە من پێش تاوێك گوتم: «کەمالیزم پەلی هاویشتووە بەڵام مرۆڤی تورك بەستەباڵا بووە». ئەم ڕەخنەیە ئاراستەی کەمالیزم کرابوو، لە کاتێکدا بۆ من پێچەوانەکەی ڕاستە، «ئاپۆ گەورە بووە و پارتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵیدا گەورە بووە و کوردیش لەگەڵیدا گەورە بووە».

ی.ك: پێم وایە ئەمە هەڵوێستی (دۆغان گۆریش)ی سەرۆکی دەستەی ئەرکان و (ئەحمەد تورك)ی سەرۆکی حیزبی کاری میللی و تیروانینی هەموانە. دەوڵەتی تورکیا باوەڕی وابوو دەتوانێ پارتی کرێکارانی کوردستان و ئاپۆ لەیەك بکات، بەڵام بە قەناعەتی من بۆیان نەچووەسەر.

س.پ: دیارە لە یەك کردن گرانە، چونکە من هەموو کۆششێکم بۆ ئەوە کردووە ئەم جۆرە سەرکردایەتیە پەرە پێبدەم. ئەگەر ئەم سەرکردەیەش بە گەل پشت ئەستوورە و بیر لە گەل دەکاتەوە، بە گەلەکەیەوە گەورە دەبێ و لەگەڵ دەوروپشتەکەیدا تەبا دەبێ. پێملی ئەم خاڵانە بووین و نیشانەکانی بە بەرچاوەوەن. پێش تاوێك باسی پاداشتی ئاپۆمان کرد. هەر کەسێك دۆستایەتیمان بکات مەزن دەبێ. ئەمەش گرنگە. بۆ نموونە دۆغان گۆریش کە زۆر کەش وفش دەکات، هێزی خۆی لەو گەلەکۆمانەوە وەردەگرێ کە دژی ئێمە دەیانکات. وانییە؟ تەنانەت لووت بەرزی (ئۆزال)یش بە ئێمەوە بەستراوە. پێشتر ئەمەمان هەڵسەنگاندووە و پاشتر ڕاستی ساخ بووەوە. ئۆزال بوو بە هەڵۆیەك دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان و ماوەی مانەوەشی پێبەستەی ئەوەیە کە هەڵۆیە.

ی.ك: بەڵام هێندێك هەڵۆی دیکەش دەردەکەون.

س.پ: ئەمە کێشەیەکی دیکەیە. من وەك نموونە دەڵێم. بەڵام سەرباری ئەوەی

ئەو مەترسی‌یە لە ئارادایە کە باستان کرد. خۆ بنگەی خەلیفەکانی محەمەد (دروودی خوای لێ بێ) و بنگەی نێردراوە مژدەدەرەکانی عیسا (سلاوی خوای لێ بێ) بوون کە بوونە هۆی دامەزراندنی مەکتەبی سیاسی بۆ لینین. ویرای ئەوەی کە من بیر لە هەموو ئەمانە دەکەمەوە و «لاپەڕەکانیان هەڵدەدەمەوە» وای دەبینم کە هیچ یەکێکیان لەگەڵ بارودۆخی ئێمەدا جووت نایەتەوە.

ی.ك: بەلام ڕژێمێکی دەست نیشانکراوتان لێ‌پەیدا دەبێ.

س.پ: کێشەی پیاوی دووەم زۆر جار لای ئاپۆ سەری هەڵداوە. وا باستان بۆ دەکەم: ئەو هەڵەشانە هەن کە لە هەموو شتێکدا پشت بەستن بە ئێمە و تا پلەیەکی لەخۆبایی بوون گەشە دەکەن و پێیان وایە بوونەتە پیاوی دووەم پاش ئاپۆ. ئەمە نەخۆشی‌یەکی بلاوە، بەلام هێشتا پیاوی یەکەمیان لەبەردەمدا ماوە و تەگەرەیان بەردەنێ و بیر لە چۆنیەتی تێپەڕاندنی دەکەنەوە و بەم پێ‌یە پیلان دەگێرن. ئەوە بارودۆخێکی بە ڕاستی جێی داخە. بە پلەی پیاوی دووەم گەیشتن ئاسان نی‌یە. ئەگەر پیاوی یەکەم بڕۆیشتبایە، پیاوی دووەم نەدەما. ئەمەیان پێ‌دەڵێم و بگرە تکایان لێ‌دەکەم. ئەو پێی وایە ئەگەر پێوەندی لەگەڵ ئاپۆدا بەست و دەسەلاتی لێ‌وەرگرت، دەرگایەك لە دنیادا نامێنێ بە ڕوویدا نەکرێتەوە و گرێ کوێرەیەك نامێنێ بە دەستی ئەو نەکرێتەوە. لەبەرئەم هۆیە لەسەر هەڵوێستی خۆی سوور دەبێ. ئەمە فێلێکی گەورەیە و بێ‌ئاگاییەکی گەورە لە مەسەلەی سەرکردایەتیدا دەردەبڕێ. من بەو شێوەیەی کە ئەو بۆی دەچێ دەسڕۆیی و دەسەلاتەکانی خۆمم بەدەست نەهێناوە. ئەوە بەرهەمی ژیانێکی سامناکە. ئەو بەوە نازانێ و تەنیا هەوڵدەدات ئەنجامەکان زەوت بکات. کاتێك دەگەن، بە کۆسپی بەردەمیانم دادەنێن و نازانن لادانی ئەم کۆسپە با بە زیندوویش بمێننەوە دەیانبڕێنێتەوە. ئەمە خاڵە گرنگەکەیە. گرنگ نی‌یە ئەوانەم پاکتاو کردبێ یان نەمکردبێ. بەلام ئەگەر پیاوی دووەم و سێ‌یەم بەم شێوەیە بن و ئەگەر کەمێك دوورکەوتینەوە، چ بنگەیەك دەمێنێتەوە؟ لەم خاڵەدا وریای ئەوە بن کە دەیلێم. بۆ نموونە: سەرنج بدەن سێ خەلیفەی محەمەد (د.خ) کوژران و ئەو مەکتەبی سیاسی‌یەش کە چووە جێی لینین هەر ژمارەیەکی کەمی لێ‌مایەوە. ئەگەر لەم دوو نموونەیە وردببیتەوە، بۆت دەردەکەوێ ئەوە چارەسەرێکی تەواوەتی نی‌یە و پێویست بەجێ‌بەجێکردنی دەقاودەقی ئەم نموونەیە ناکات. ئەوسا دەبینین پیاوی دووەم بە بەرچاومانەوە چی بەسەر دادێت. پێمگوتن پێویستە یەکجار سادە نەبین و چیمان پێ‌دەکرێت بیکەین. من خۆم ناکەم بە ناوەند و ئەوەم ڕەچاو کردووە کە لەوانەیە ئەم ناوەندێتی‌یە لابدات. پێویستە ئەوە نەخەمە مەترسی‌یەوە. ئەگەر دەڵێن پارتی کرێکارانی کوردستان بە تۆ دەستی پێ‌کرد و ڕەنگە بە کۆتایی هاتنی تۆ ئەویش کۆتایی پێ‌بێت. منیش دەڵێم: ئەگەر پارتی کرێکارانی کوردستان دەبێتە بەلا بە بان سەری خەلکەوە، با ئەمڕۆ بەر لە سبەی دوایی پێ‌بێت.

ی.ك: ئەمە هەڵوێستێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە.

س.پ: بێ‌گومان ئەمە پرنسیپێکی ئەخلاقی‌یە و هەڵوێستی ئێمە لەم پرنسیپەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەگەر بڕوانینە ساڵی ١٩٩٢، دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە ساڵی ١٩٩٣ چۆن دەبێ. جا لە باتی ئەوەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان ببێ بە بەڵا بەسەر سەری گەلەوە، دوایی پێ‌هاتنی لەگەڵ مندا باشترە، چونکە ئەو زیانانەی کە لێی دەکەونەوە زیانم پێ‌دەگەیەنن. بۆیە باشتر وایە لەگەڵ مندا لە گۆڕ بنرێت. لەبەرئەوە من قایمکاری لەم هەڵوێستە دەکەم کە بەجێ‌هێنانی پرنسیپێکی ئەخلاقی‌یە. کەمێك لەمەوبەر باسی ئەوەتان کرد کە ئەگەر ئەم کۆشش و ئەم دەزگای دەمار و تواناییە فیکری‌یانە نەمان، چی ڕوودەدات؟ وەك بڵێی بیر لە مەترسی‌یەك دەکەنەوە هەڕەشەمان لێ‌دەکات. ئەگەر لایەنێکی باشم هەبێ و ئەگەر حیزبیش پاش من بەسوود وەرگرتن لە نموونە و دەرسە مێژوویی‌یەکان ئەم لایەنە باشە پەرە پێ‌دەدات، با چەند پێی دەکرێت پەرەی پێ‌بدات. بەڵام ئەگەر بە خراپی پەرەدەستێنێ و ڕۆشنبیریم بۆ دەست گرتن بەسەر گەلدا دەقۆزێتەوە و دەسەڵاتەکانم یا هێزی ناوەندیم بەکاردەهێنێ تا ببێتە کارەساتێك بەسەر خەلکەوە، ئەوە لە گۆڕنانی لەگەڵمدا باشترە. لینین کاتێك قایمکاری بۆ ئەمە نەکرد، بە هەڵەدا چوو. بەڵام من ڕێ و شوێنی قایمکاری خۆم دادەنێم و لەسەر ڕێگای ڕاستم ئەوەی کە پێویست بێ بژی دەژی و ئەوەی کە پێویست بێ نەژی دەڕوات. بە قەناعەتی من ئەوە جێ‌بەجێکردنێکی جوانە.

ی.ك: من دان بەوەدا دەنێم کەوا ئەم بیرو باوەڕانەت فەلسەفین.

س.پ: من لەم بابەتەدا قایمکارم.

ی.ك: ئێستا سەرکردەی گەورەم پاش ئەم خاڵە فەلسەفیانە پرسیاری لەوە بەدوام پێوەندی بە جێ‌بەجێکردنی ڕاستەقینەوە دەبێ. ئایا بارودۆخ لە ساڵی ١٩٩٣دا سەبارەت بە هاوپەیمانەتی و حیزبی کاری میللی و کێشەی ئەکادیمیەکان و چەپڕەوەکانی دیکە چۆن دەبێ؟ چۆن ئەم هەموو پرسیارانە تێ‌دەپەڕێنن و چۆن بارودۆخی هەڵدەسەنگێنن؟

س.پ: بەڵێ. گشت پرسیارەکانت کۆدەکەمەوە و بە یەك کەڕەت وەڵامیان دەدەمەوە.

ی.ك: بەڵێ. جارێکیان باسی سۆڤێتمان کرد. پاشان باسی بێ بەشکردنی تەندروستی یان ئەو پشتێنەی ئاسایشەمان کرد کە ئیمپریالیزم بەسەر یەکێتی سۆڤێتیدا سەپاند تا ڤایرۆسی سۆشیالیزم نەیێتە دەرێ بۆ ناوچەکانی دراوسێ، ئەمە شیکردنەوەی ئێوەیە. وەك ڕووداوێکی هاوچەشنیش وای دەبینن کە تورکیا پارێزگارانی تازە لە باشووردا و پارێزگارانی ڕۆشنبیران و پارێزگارانی سەندیکاییەکان لە تورکیا دادەمەزرێنێ و تەنازولی گەورەشی خستووەتە بەردەم ئەورووپا تا بۆ ئابلووقە سەپاندن بەسەر پارتی کرێکارانی کوردستان و ئاپۆدا و هێشتنەوەی لە نێو کوردستانی تورکیادا پشتیوانی بەدەست بێنێ. بە واتایەکی دیکە تا ڤایرۆسی پارتی کرێکارانی کوردستان و ئاپۆ لە بری بڵاوبوونەوەی بە

هەموو شوێنێکدا هەر لە نێو ئەم ناوچەیەدا بمێنێتەوە. ئایا ئەمە ڕاستە؟ مادامێکی زۆر بیردەکەنەوە، ئایا هەوڵدەدەن ئەم ڕێ و شوێنانە لە ساڵی (١٩٩٣)دا تێك و پێك بدەن. یەکێتی سۆڤیێت ملی بۆ ئەم پشتێنەیە کەچ کرد و بە گەمارۆدراوی لە نێویدا مایەوە.

س.پ: بەڵێ، بەڵام ئێمە ئەمەمان پێ قبووڵ نەبوو.

ی.ك: قبووڵی ناکەن. بەڵام ئامرازەکانتان چین؟ بۆ نموونە. هێندێك هاوڕێ وا دەڕوانن حیزبی کاری میللی (HEP) کە ئامێرێکە بۆ نوێنەر گەیاندن بە پەرلەمانی تورکیا. دەوڵەت پێیوابوو کە ئاپۆ زۆر بایەخی بەم بابەتە داوە. من گوتم ئەوە بە لای پارتی کرێکارانی کوردستانەوە گرنگ نیە. ئەوەم نووسی بوو بە خافڵگیری. بەڵام ئێستا حیزبی کاری میللی لە ساڵی ١٩٩٣ دا چی لێبەسەردێت و چەپی تورك چی لێڕوودەدات؟ باسی یەکێتیتان کرد، ئایا ئەم یەکێتی‌یە بە پێی تەرزی عیسایە (سڵاوی خوای لێ بێ). واتە هەمیشە پشتت پێدەبەستن؟ جاران لەساڵی ١٩٨٧ ـ ١٩٨٨ دا پارتی کرێکارانی کوردستان شەڕی پێدەفرۆشتن و لەسەر ئەوەمان دەنووسی. ئێستا حیزب گەورە بووە و ئەوان پەلامارتان دەدەن، لە کاتێکدا ئێوە ـ مەبەستم پارتی کرێکارانی کوردستانە ـ پەلپ لەوە ناگرن و بەشێك لە چەپی تورك سەرقاڵ بووە. من لە شیکردنەوەکەتاندا بۆ ستالین دیمە پاڵ ڕایەکەتان. شیکردنەوەکەتان گەلێك لایەنی ڕوون کردەوە. بەڵام سەرباری ئەوە من ستالین بە سەرکردەیەکی مەزن لە قەڵەم دەدەم و هەروەها ئەو نەخۆشیانەی تێدا هەن کە باست کردن و بینایەکی بنیات نا بەڵام....

س.پ: کە بیناکە گەیشتە قۆناخی خەڵك تێدا نیشتەجێکردن دوایی پێهات.

ی.ك: بەڵێ. من بە هەمووان دەڵێم ئەگەر حیزبی کاری میللی(HEP) داخرا، چۆن پێویست بکات ئاوا حیزبێکی تازە دادەمەزرێنرێت. دەتوانین جگە لەمە چی بڵێین؟ دەمەمان لە گەلێك بابەتی فەلسەفی و گوتەی تیۆری ژمند و چەندین بیروڕای تازەتان هێنایەوە، بەڵام خەباتی یاسایی لە کوردستانی تورکیادا وەستا و گوندەکان لە دانیشتوانیان چۆڵ کران. جەماوەر قسەکانتان دەخوێنێتەوە، چونکە وتەکانتان بایەخی ڕاپۆرتی سیاسی‌یان هەیە و پرسیارەکانیشم سەرلەبەر عەمەلی دەبن. یەکێك لەم پرسیارانە ئەمەیە: لە کاتی داخرانی حیزبی کاری میللیدا، ئایا پێکهاتەیەکی تازە دێتە گۆڕێ؟ ئەو دەرەوشانەوەیەی کە باسی دەکەن لە سایەی چالاکیە سەربازیەکاندا بەردەوام دەبێ. ئەوەتان لە گفتوگۆکانماندا ڕوون کردەوە. وە ئەگەر شیعر و زانست و ڕۆمان لە ئارادا نەبوون ئەوا ئەم دەرەوشانەوەیە پەرە ناستێنێ و بەڵام کێ پەرە پێدانی ئەم لایەنانە لە ئەستۆ دەگرێ؟ چەند هەنگاوێکت ناوە و هەمووان چاوەڕێی بیروڕای ئێوە دەکەن. بەم بۆنەیەوە ئەو چوارچێوەیە چی‌یە کە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە عەمەلیەکانم پێتان باشە؟ ڕوونت کردەوە کە هەڵچوونی کوردی دەبێتە نموونەیەکی مرۆڤایەتی. منیش پشتگیریت دەکەم و ئەوەشی لێ زیاد دەکەم کە ئەمە ڕاستە و بۆ کورد و تورکیش وەك یەك وایە. لە

شاری (بۆخن)ی ئەڵەمانیا گوتم: «ئەمڕۆکە ئاڵای مرۆڤایەتی لە دەستی کورددا دەشەکێتەوە». هێندێکیان گوتیان: تۆ زێدەڕۆیی دەکەی و بە نەتەوەپەرستی کوردی تاوانباریان کردم. بەو قسەیەی ئێوەش قەناعەتم پەیداکرد کە ئەو گوتەیە ڕاست بوو. من دەمەوێ بزانم ساڵی ١٩٩٣ لە ڕووی ڕۆشنبیری و حیزبی یاسایی و گشت مەسەلەکانی دیکەوە چۆن دەبێ و پێم خۆشە تێڕوانینتان لەو بارەیەوە بزانم.

س.پ: بەر لە هەموو شتێك دەمەوێ شتێك لەسەر تیۆری پشتێنە بڵێم کە باستان کرد. قسەکەتان ڕاستە. پشتێنەی سۆڤیێتی بووە هۆی خۆبەدەستەوەدانی سۆڤیێت و قایل بوو لە نێو ئەم پشتێنەیەدا بمێنێتەوە و ئەمجا بەیەك کەوتن گەیشت. وا دەردەکەوێ ئەوان هەوڵدەدەن پشتێنەیەکی لەو چەشنەمان بەسەردا بسەپێنن. ئینگلیز بە ڕاشکاوی باسی ئەم حاڵەی کردووە. پێم وایە ئینگلیز لەم جۆرە بابەتانەدا پسپۆڕن، چونکە لەم ڕووەوە خاوەنی گەورەترین ئەزموونن. پێش چەند ڕۆژێك وەزیرێکیان بە ئاشکرا ئاخاوت و پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)ی پتر لە تورك بە تیرۆرکاری تاوانبار کرد. نوێنەری یۆنان لەم هەڵوێستە سەرسام بوو. لەوانەیە لەبەرئەوە بوو بێ کە وەزیری ئینگلیزی لە تورك زیاتر مەترسی سۆشیالیزم لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەبینێ و پێویستی بە مشووری پێویست خواردنە و بە توندی پشتگیری بەرەی کوردستانی لە باشور و ئۆزال لە تورکیا دەکات و لە ئەورووپاش لە ڕێگای پەرلەمانی ئەورووپاوە ڕێ و شوێن دادەنێ. پێویستە هیچ شۆڕشێك بە ژمارەی ئەو خەڵکانە کە لایەنگری دەکەن و بە ژمارەی بەرهەڵستانی هەڵنەسەنگێنین، چونکە ئەمە بیرکردنەوەیەکی بەر تەسکە. وەك گوتم پێشتر هیچ نەبووم.

ی.ك: خوایە بمانبەخشن.

س.پ: نەخێر! لە کۆمەڵگایەکی ڕوو لە بڕانەوەوە دەستم پێکرد. هیچ پلەیەك نییە خوار هەڵوەشانەوەی ئێمە کەوتبێ، چونکە دوا پلە کۆتاییە. لەو حاڵەوە تێهەڵچووم و بەرێ کەوتم. ئەمە دەڵێم تا مەسەلەی پارتی کرێکارانی کوردستان ڕوون بکەمەوە. ئەو قۆناخەی کە ئێستا پێی گەیشتووین، گەلێك گۆڕانکاری زۆر گرنگی لە دووتوێی خۆیدا شاردووەتەوە. ئەمە هەڵسەنگاندنی ئێمەیە. پێکهاتەی ناوەوەی (PKK) تا ساڵی ١٩٩٢ زۆر گرنگە. ویستیان ناوی لە کوولەکەی تەڕیشدا نەهێڵن و ئەوەیان پێ بەس نەبوو لە نێو پشتێنەدا دایبنێن. کۆنەپەرستی جیهانی و ناوخۆ بە کردەوە بۆ ئەم مەبەستە و بۆ لەنێو بردنمان یەکیانگرت. بەڵام سەرباری ئەوە وای دەبینم ئێمە لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی ١٩٩٢ دا بەهێزین و ئێوەش ئەمە بەدی دەکەن.

ی.ك: ساڵی ١٩٩٢ بوو بە ساڵی پارتی کرێکارانی کوردستان.

س.پ: بەڵێ. ساڵی ١٩٩٣ش وا دەبێ. ڕەنگە بپرسن کاردانەوەتان چی دەبێ؟ ئەگەر بڕوانینە ساڵی ١٩٩٢ دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە لە ساڵی ١٩٩٣ چی دەبێ. ئەگەر توانیمان خۆمان لە ڕووی شارەزایی و تەکتیك و کارسازی

دیکەوە پەرە پێبدەین، پێمان دەکرێت گەریلا و ڕاپەڕینە میللییەکان پەرە پێبدەین و ئەو هەڵە تەکتیکیانە تێبپەڕێنین کە لە ڕێکخستندا ڕوودەدەن. ئەوسا هیچ بەربەستێکمان لە ڕێگادا نامێنێ بۆ سەرکەوتن. لەم بابەتانەدا هیچ لادانێکی گرنگ لە ڕووی ئایدیۆلۆژی یا سیاسییەوە نابینم. ئەگەر هەڵەی سادەش هەبووبن، لێرەت بوونیان ئاسانە. هەرچی کەم و کورتیشمانە لە گیروگرفتی ڕۆژانە و ڕەوشی چالاکیەکاندا قەتیسن. واتە گیروگرفتی سەرکردایەتی تەکتیکین و ئەم سەرکردایەتیە گەلێك کەرەستە و بنیاتی قوربانیدەری بە ئاسۆیی و ئەستوونی و لە ڕووی چەقبەستن و کەل و پەل و شارەزایی شەڕکرنەوە لە دەستدا هەن. واتە دەکرێت کەم و کورتیەکانی سەرکردایەتی تەکتیکی بە خێرایی نەمێنن. ڕەنگە هێندێك گیروگرفتمان لە ئاستی ناوەندێتی سەرکردایەتی تەکتیکیدا هەبن و پێویستیان بە هەژانێك هەبێ. ڕەنگە ژێرخان لە ئاستی گەل و دینشینانیشدا هەژانێکی گەرەك بێ. بەوە لە ڕێگای ئەو توانایانەوە کە باسمان کردن بە سەرکردایەتی تەکتیکی گونجاو دەگەین. ئەگەر کاروبارەکان بەو جۆرە بەڕێوە چوون کە ئێمە ڕەنگمان بۆ ڕشتن، ئەو کاتە ساڵی ١٩٩٣ دەبێتە ساڵی گەردەلوول. خۆ ئەو پەلامارانەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان لە هەموو شوێن و لایەکەوە تووشیان دەبێ، لە ناوەوە و دەرەوە بەرپەرچیان دەدەینەوە و هێرشەکانمان خێراییەکی بەرچاویان دەبێ. دەتوانم لە بارەی ئەم بابەتەوە هێندێك خاڵ ڕوون بکەمەوە. دیارە من لێرەدا نە نەخشەیەك بۆ چالاکی و نە بەرنامەیەك بۆ ئامانجەکان دادەنێم و پێویست بەوانە ناکات. ئێمە ئەو پارێزگارانە سەرانیان بە نیشانە دەنێینەوە. نموونەیەکمان لەسەر ئەم ئاراستەیە لە سەروبەندی شەڕی باشوری کوردستاندا بەرچاوخست. لە دەرەوەمرا ڕوومان تێکرد و ئەمجارە ڕاوەستاین. ئەمە وا دەگەیەنێ کە ئەم خەباتە لە ناوەوە دەکرێت، بگرە لە ناوەوە و دەرەوەشدا درێژەی دەبێ و بەم پێیە ساڵی ١٩٩٣ دەبێتە ساڵێکی یەکجار گەرم و گوڕ. باشور نۆکەرایەتی تێدایە. ئێمە ناتوانین وازیان لێبێنین و ئەوانیش ناتوانن وازمان لێبێنن. پێوەندی نێوانیشمان لە شێوەی شەڕێکی قورسدا تێپەڕ دەبێ و تێدەکۆشین بە خەباتێکی هەمەلایەنە ناچاریان بکەین بکشێنەوە و ناویان دەزڕێنین و لە کۆمەڵگایان دادەبڕین و ئەو پشتێنە سیاسییەی کە لە خۆرئاوادا بەسەرماندا سەپێندراوە دادڕ دادڕی دەکەین و پێوەندی لەگەڵ ڕۆشنبیری ئەورووپایی و خەڵکە باشەکانی ناویان بەتین دەکەین. پێویستە لەم ڕووەوە چاوەڕوانی قەڵەمبازێك بین. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر چۆنیەتی مامەڵەکردنمانە لەگەڵ سەرانی پارێزگاراندا لە تورکیا. وەك ئاماژەتان بۆ کرد گەشت و گوزار سەرچاوەی گوزەرانیانە، یەکێك دەبێ لە نیشانەکانمان. جارێکی دیکە ئەمە دووپات دەکەمەوە و دەڵێم: ئەوانەی کە تورکیا بە بەهەشتێکی گەشت و گوزار دادەنێن، پێویستە لەسەریان ساڵی ١٩٩٣ بە تەنگ خۆیانەوە بێن.

ی.ك: ئایا دەبێتە دۆزەخ؟

س.پ: ئەگەر گەشت و گوزار پالپشتێکی شەڕی نامرۆڤانەی دژ بە ئێمە بێ، ئەوا ئەمە ئامرازێکە لە ئامرازەکانی شەڕ و ئێمە پەنا بۆ هێندێك تەکتیك دەبەین بۆ نەهێشتنی ئەم ئامرازی شەڕە. هەروەها زانکۆکانیش هەن، ئەم زانکۆیانە خیانەت لە زانست دەکەن و دژ بە ئێمە بەکاری دێنن. ئەم شێوە بەکارهێنانەی زانست شیاو نییە و دەچێتە خانەی پارێزگارانەوە. دەولەت لە ژێر پەردەی زانکۆکاندا داکۆکی لەخۆی دەکات و لەوانەیە ئێمەش دژی ڕابوەستین. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر بابەتی ڕاگەیاندن و بلاوکردنەوەیە کە بۆ بەنج کردنی گەل و پەردەپۆش کردنی ڕاستییە کوردی و تورکیەکان بەکاردەهێنرین و هەمان دەور دەبینن کە کلێسە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەیبینی. تەنانەت دەوریان لەوەش مەترسیدارترە و ئامرازێکی مێشك شۆرین و چەواشەکردنی بیرکردنەوەی ڕاست و دروستە. لەم شەڕەی دواییدا زۆرجار لە ئاستی نووسەرانی گۆشە نەگۆڕەکان و هەوالە هەلبەستراوەکاندا بە نیشانە نایانینەوە، تەنانەت (دۆغان گۆریش) گوتی ئەوانە (محەمەد جیك *)ن.

ی.ك: (محەمەد جیك)ی ڕۆژنامەنووس؟

خۆ لە قەرەی چارەسەری سیاسی نەدانی دەولەت کە بالاترین جۆری مرۆدۆستانەی چارەسەرە، پالمان پێوەدەنێت و بگرە ناچاریشمان دەکات پەنا بە بەر ئەم ڕێگایە ببەین.

س.پ: بێگومان. محەمەد جیکی ڕۆژنامەنووس چیدەگەیەنێ؟ مەبەستم ئەوەیە ئەم ناونانە لە کاتی پەلاماردانماندا بەکارهێنرا. ئەگەر ئەو هەموو محەمەد جیکانە پەلامار بدەن، ئێمەش دەزانین چۆن بەرگری لە خۆمان دەکەین.

ی.ك: کاتێك دۆغان گۆریش ڕۆژنامەنووسان و نووسەران بە محەمەد جیك ناودەبات، بەوە دەیانکاتە نیشانە بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK).

س.پ: بەلێ ئەمە پێویستی بە قسە لەسەرکردن نییە، ئەوانە محەمەد جیکی ڕۆژنامەنووسن. سەرباری ئەوەی کە زۆر لە دۆستە ڕۆژنامەنووسەکانمان بە دەستی دەولەت خافلکوژکران و ڕێگا بە بلاوکردنەوەی هێندێك ڕۆژنامەی دۆستی ئێمە لە کوردستان نادرێت، بەرانبەر بەم زۆرداریە بێوێنەیە، پێمان ناکرێت ئەم بەرەی شەڕە ببینین و قڕ و قەپی لێبکەین. جا بۆ ئەم مەسەلەیە یا ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسان بە شێوەیەکی گونجاو لەگەل بەرژەوەندی گەلدا کۆدەکرێنەوە و دەبێ هێندێك نووسەر بەداد بن، یا ئەو ئەنجامانە دەکەونە سەر شانیان کە لە کردەوەکانیان دەکەونەوە، چونکە دەبێ لانی کەم بیر لە بەرژەوەندییەکانی گەلی تورك بکەنەوە و مافی ئەوەیان نییە گرانی گوزەران و ڕاستیەکانی دیکە بشارنەوە

(*) تورك بە سەربازی خۆیان دەلێن محمد جیك

و ئەم ڕاستیانە بشێوێنن و هێرش بکەنە سەر پارتی کرێکارانی کوردستان. با لە بری ئەوە هیچ نەبێ بیر لە بەرژەوەندی گەلەکەیان بکەنەوە و با لەو گوشارانە بدوێن کە ئامانجیان گەلە و با کۆلۆنیالیزم ببینن، چونکە ئەوان بەم کردوانەیان گوناحەکانیان زیاد دەکەن. ئێمە داوایان لێدەکەین ئەم بارودۆخە تێبپەڕێنن. سەندیکاکانیش هەن، ئەو سەندیکایانە لەمپەرێکیان لە نێوان چینی «زەحمەتکێش و کرێکار» و شۆڕشدا داناوە تا بیری شۆڕشگێرانە بەم چینانە نەگات. زیدەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین کەرتی کرێکاران هەرە پاشکەوتووترین کەرت پێکدەهێنن و ئاغا سەندیکاییەکانی بەر پرسی ئەم بارودۆخەن. ئەوانە پاداشتیان دەرهەق بەوە وەرگرتووە ئەم چینە لاڵ و کوێر بکەن و نەتوانێ هیچ بکات. ڕێ و شوێنی ئەو ئاغایانە لە هی گوندپارێزان جیاواز نییە و ئەوانە سەرانی پارێزگارانی چینی کرێکار دەنوێنن. لەوانەیە هێندێك چالاکیمان دژ بەوان بێ. سەرەڕای ئەوە هێزەکانی شەڕی تایبەت هەن کە ئەوانیش نیشانەیەکی ئێمەن و لەو حیزبە تورکیانە پێکدێت کە لە بواری یەك کەوتنی نەتەوایەتیدا پێشبڕکێ دەکەن، سەرانی پارێزگارانی لای ئەوانیش نیشانەیەکی بەرانبەری ئێمەن، چونکە ئەوان لە سەردەمی تورکیادا بە کردەوە یەکیان نەگرتبوو بەو جۆرەی کە ئەوان ئێستا لە دژی ئێمە یەکگرتوون. ئەوانە ڕایدەگەیەنن کە ئەوان لە بەردەم مەترسی جوێبوونەوە و پەلاماردانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)دا هاودەنگن. ئەوانەش نیشانەیەکی ئێمەن. ماوە نادەین ئەم حیزبە سیاسیانە سەرجەمیان لە لایەك بن کە ئەویش لای دوژمن بە ئێمەیە. وێڕای ئەوەی کە ئەوان لافی بەرهەڵستی حکومەت لێدەدەن، بەلام ڕەفتارەکانیان بەڵگەی ئەوەن کە لە حکومەت ترسناکترن. لە پاڵ ئەمەدا چەندین هێزی ناڕاستەوخۆی سەر بە شەڕی تایبەتی وەك (حزب الله) هەن. پێشتر کەمێك باسمان کردن. ئەوانە بوونەتە مەترسی و بە شێوەیەکی زیاتر سەرتاسەری ڕوویان تێدەکەین. گەلێك بنگەی ئاینی هاوشێوە هەن ژێربەژێر کاردەکەن و دەولەت کۆمەکیان دەکات. هەرگیز ناشێت و ڕێ نادەین ئاین بەم شێوەیە بەکاربهێنرێت و لەوانەیە بیکەین بە نیشانەیەکی خۆمان. لە پاڵ هەموو ئەوانەدا، پۆلیس لە تورکیا هەموو شتێك هەڵدەسوورێنێ. ڕەنگە دژیان ڕابوەستین، چونکە گرێدراوی مۆنۆپۆلەکانن. وەك دەزانن لە بنەڕەتدا سەرمایەداری مۆنۆپۆلی هەموو شتێك هەڵدەسوورێنێ و نوێنەرایەتی ئابووری دەکات. خاوەنانی ئەم بنگانە کەلە سەرمایەدار و گوناحباری گەورەن و کەس تا ئێستا توخنیان نەکەوتوون. ئەوانە و بنگە ئابوورییەکانیشیان دەچنە نێو پلانەکانمانەوە سەرەڕای ئەوەی کە وەرزش و سینەما و تەنانەت هونەریش سەرپاکیان دژمان بەکار دەهێنرێن. ناوی هێندێك هونەرمەند و چۆنیەتی بەکارهێنانیانم لە لایەن ڕژێمی شەڕی تایبەتەوە بۆ هێنانەوە وەك (ئیمرای دیاربەکرلی و ئیبۆی ئوورفەلی)و فلان ئەکتەر و فلان نووسەر. پێویستە لەسەریان وریای بارودۆخی خۆیان بن. ئەوانەش کەرەستەیەکی شەڕی تایبەتن کە خۆمانمان بۆ ناوەتەوە. سا یا

دەست لە هێرش کردنە سەرمان هەڵدەگرن و دەگەڕێنەوە لای گوتەی «هونەر لە خزمەتی گەلدایە»و بە پێی ئەوە دەجووڵێنەوە. دەنا بواری ئەو کارانەیان نادەین. هێزە دەست وەشێنەکانی سەر بە دەوڵەتیش هەن کە سوپایە. ئیدارە خۆجێییەکانیش ـ واتە شارەوانیەکان ـ هێزی تایبەتی دەوڵەتن و پارێزگارانن و ئێمە دەست دەخەینە بینیان. وەك دەبینین ساڵی ١٩٩٣ لە هەموو لایەکی کوردستاندا ساڵی شەڕی سەرتاسەری دەبێ.

ئەوی ڕاستی بێ ئێمە حەز بەوە ناکەین، بەڵام قەرەی چارەسەری سیاسی نەکەوتنی دەوڵەت کە باڵاترین جۆری مرۆدۆستانەی چارەسەرە، پاڵمان پێوەدەنێت و بگرە ناچاریشمان دەکات پەنا بەر ئەم ڕێگایە ببەین. ئەوان وەڵامی پێشنیارەکانمان نادەنەوە، لەوانەیە لەبەرئەوە بێ کە بە کەممان دەگرن. جاران کەس نەبوو باوەڕم پێبکات، هەتا ڕۆڵەکانی گوندەکەشم گاڵتەیان پێدەکردم و ناتۆرەیەکیان لێنابووم. بابچنە گوند و لە بارەی منەوە لە خەڵکەکەی بپرسن. ڕەنگە سبەینێ بمرم. بەڵام ئەم ئیش و کارانە بە مردنی من دواییان پێنایێت. بە ئاواتەوەم سووکایەتی بەم بابەتە نەکەن و بەو قسەیەی خۆیان کە من تیرۆرکارم و جیایی خوازم نەیشێوێنن. گەلێك ڕاستی گرنگم بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە لەم گفتوگۆیەدا بەرچاوخست. ئەگەر ئەم ڕاستی و بابەتانەیان پێقووت بچێ، بەلای گەلان و ڕژێمەکانەوە مانایەکی گەورەیان دەبێ. با تێمان بگەن و بمانناسن و ئەگەر هەنگاوێکیش بەرەو لامان بێن. ئەمە بانگهێشتنی منە بۆ ئەوان. من لە سفرەوە و بگرە لە ژێر سفرەوە لێنیشتم و بەم قۆناخە گەیشتم و دەتوانم زۆر شت بکەم. ئەگەر پێویست بکات دەتوانین مرۆڤ بکەینە بۆمبێکی ناوکدار. ئەمە دروشمی منە. تکام وایە خۆیان بە قسەی بۆش نەخەڵەتێنن وەك: ئەمەریکا پشتگیریمان دەکات و ئەورووپا لەگەڵ ئێمەدایە و دەرگاکانی باشورمان بەڕوویاندا داخستووە و پارتی کرێکارانی کوردستان حەشارگەیەکی نەماوە و ئێمە لەم ماوەیەی دواییدا تەنگەتاومان کردون. ئەم هەموو قسانە بێسوودن و کێشەکە تا ئەم ڕادەیە سادە نییە. ئێمە ڕاستە و ڕاست حەز بە چارەسەری شارستانیانەی باڵا دەکەین. لەوانەیە دەوڵەتەکەیان گەورە بێ و کەللە سەری قەوی پڕ لە مێشکیان زۆر بێ. پێدەچێ من دێنشینێکی سادەو هەژار بم، بەڵام چەند لایەنێکی گرنگ هەن جێی بایەخی مرۆڤن. من پێیان لەسەر دادەگرم. با لەوە حاڵی ببن. ئەگەر برایەتی کوردیان پێخۆشە، با برایەتییەکی بێوێنە دابمەزرێنین. ئەگەر پێیان خۆشە تورکەکان بەهێز بکەن، با پێکەوە بە ڕێگایەکی ڕاست ئەوە بکەین. سنگمان بۆ ئەم هەموو مەسەلانە کراوەتەوە.

بەڵام ئەگەر بە لاساری خۆیان سووربوون و قسەی لەم چەشنەیان کاوێژ کردەوە: «ئێمە چەندین سەدەیە وا ڕاهاتووین و وا دەستمان وەشاندووە و وا تاڵان و خراپەمان کردووە و وا یاسامان داناوە و پشت گوێمان خستووە و بەم شێوازە ئەنجامەکانمان بە دەست هێناوە و بەهەمان شێوازیش ئاپۆ و پارتی کرێکارانی

کوردستان لە نێو دەبەین». ئەگەر ئەم هەموو قسانە بجوونەوە، وەڵامی من بۆ ئەوان ناو هەزار تا دەبێ و ڕەفتارم بە پێی نازناوەکەم (ئۆجەلان) «تولەسێن» دەبێ. ئەگبیری حازربەدەستم بۆ ئەم بابەتانە هەیە و بەرخۆدانم وەك ئەوانەی پێشوو بێ ڕێکخستن و ئامادەکاری نابێ. من مرۆڤێکی لەم جۆرە نیم. بە ڕاشکاوی دەیڵێم: من شێوازێکی دیکە و جۆرێکی تازەی بەرخۆدان دەنوێنم. ئەوەی کە تا ئێستا کردوومە تەنیا ئاماژەیە بۆ ئەو زیانەی کە لە دەستم دەقەومێ یا ئەو پەرەسەندنەی کە دەکرێت بەدی بێت. ئەمە هەموو ئەوە نییە کە دەتوانم بیکەم.

من بۆ شانازی پێوەکردنم ئەوە ناڵێم، بەڵکو تا قەوارەی کێشەکەیان پێبناسێنم. بەلای منەوە گرنگ ئەوەیە یەکێکیان تێم بگات. هەمیشە ئەوە بە لایەنگرانم دەڵێم: «پێویستە تێبگەن. ئەگەر تێنەگەن خۆم دەزانم چۆن تێتان دەگەیەنم». ئەمە بانگهێشتە بۆ لێك حاڵی بوون بۆ دواجار، هەمیشە دەیڵێم من ڕقم لە زەبر و زەنگە بە شێوەیەك کەس وەك من نایبوغزێنێ و هێشتاش ئاوام. بەڵام ئەگەر چارەسەرەکە لە زەبروزەنگدا پەنهان بێ. من لێزان و فەیلەسووفی زەبروزەنگم و گەورەترین کەسم زەبروزەنگ بزانێ. هەموو ئەمانە لەسەر ساڵی ١٩٩٣ دەڵێم و بانگی هەموو ئەوانە دەکەم کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگا و گشت کەرتەکانی گەل دەکەن، بە شوێن بیروڕای پەرەسەندوودا بگەڕێن و چەند هەنگاوێك بۆ پێشەوە بنێن. ئەگەر ئەوەیان نەکرد، ئەوا زیان بەوان دەگات نەك بە ئێمە. ئێمە زیاد لە پێویست زەرمەرمەندین. ئەمە لە من زیاتر بەرژەوەندی ئەوان دەگرێتەوە. ئەمە بە هەموو نیازپاکییەکەوە دەڵێم. وەك چۆن قسەمان لەگەڵتاندا کرد و چەند ئەنجامێکی باشمان دەستگیر بوو، پێم دەکرێت قسە لەگەڵ هەمواندا بکەم بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە و گەیشتن بە چەند ئەنجامێکی باش. بەڵام ئەگەر ئەم قسەیەیان دووپات بکەنەوە: «ئێمە تەنگمان پێهەڵچنی و ناتوانی هەناسە بدات»، واتە ئەگەر تەنگەتاویان کردم و نەمتوانی هەناسە بدەم و بەم قسەیە بێزار کرام، ئەوا تەرمەکەم لەوە زیاتری پێدەکرێت کە من ئێستا دەیکەم. من قایمکاریم بۆ ئەوە کردووە. ئاواتخوازم هەڵنەپێچن پەنا بەر شێوازی دیکەی خەبات ببەم. شێوازی وامان هەیە واق وڕماویان دەکات. ئاواتم ئەوەیە ناچار نەبین پەنای بەر ببەین. لەم بارەیەوە بانگەوازێکم ئاراستەی گەل کردووە، تکام وایە گەل و ڕۆشنبیران و لاوان بە ڕاستی لێی تێبگەن. ئێمە لە بیرەوەری شۆڕشگێڕە شەهیدە تورکەکانی وەك (ماهیرو دەنیزو ئیبراهیم)دا خەباتمان سەرخست. ئەوانە لە بەرخۆدانیاندا ڕەسەن بوون. بیرەوەرییان هەر لەسەر زەوی نامێنێتەوە و خەباتمان لە پێناوی ئەوانیشدا سەردەخەین. خۆم لەو قۆناخەدا ژیاوم. هاوڕێیان بووم و خۆمم بە یەکێك لەوان دادەنا. توانیم بەم ڕۆژە بگەم و پێویستە لەسەر لاوانی شۆڕشگێڕ لە بیریان نەکەن و بۆ بیرەوەرییان بە ئەمەك بن و ئەرکی خۆیان بەرانبەریان جێبەجێبکەن. ئەوانە لەو کەسانە نین کە خێرا بیرمان دەچنەوە یا دەست بەرداری بیرەوەرییان دەبین. ئێستا هەزاران پاڵەوانی بەرخۆدانی وەك ئەوان هەن لە بەندیخانەدا ژیاون و جۆرەها

شێوەی ئەشکەنجەیان چێشتووە. ئەوانیش لەوانە نین کە بکرێت بیربچنەوە یا تووڕ بدرێن یا خێرا لە گۆڕ بنرێن. ئەم گۆڕانکاریانە زۆر قووڵن. ئەی ڕۆشنبیران، ئەی لاوان، ئەی ئەو خەڵکانەی کە بە عەقڵی خۆتان بیردەکەنەوە، چی لە گۆڕەپانەکەدا ڕوودەدات لە بیری مەکەن. فێر بن چۆن لە خاوەنی مەسەلەکان بپێچنەوە. خۆ سووك مەکەن و وزەی خۆتان لە بەرخۆداندا بخەنە کار و داکۆکی لە مافەکانتان بکەن و لە نێو خۆتاندا خۆ ڕێکخەن و پێکهاتەی تازە لە نێو خۆتان دابمەزرێنن و لەگەڵ ڕێکخستنە شۆڕشگێڕەکاندا کراوە بن و هەنگاو بۆ پێشەوە بنێن. ئێوە لە هەموو خەڵکێك پتر تاڵاوی ئەوانەتان بە قوڕگدا چووە کە بەسەرتاندا زاڵن. بێدەنگ بوون لەو کارانەیان لە بەرژەوەندیتاندا نییە. تەنانەت لە ئەفریقا و بەنگلادیش و پاکستانیش کۆلۆنیالیزمی لەم چەشنە نییە، کەچی هەر لە تورکیا بەم شێوە هیچ و پووچە گەشەی کردووە. ئەگەر حەزدەکەن کۆتایی بەم جۆرە دڕندایەتیە بهێنن، ئەوسا هەموو پشتیوانییەکی ئێمە بە خۆتانەوە دەبینن. لەم ڕووەوە شۆڕشی کوردستان بە ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان شۆڕشێکی تورکیاییە و گەورەترین پاڵپشتتانە و ئەگەر خەباتی گەورەی مرۆڤ دۆستانە بکەن ئێمە لە پاڵتاندا دەبین و بێگومان دەبینە هاوپەیمانی براتان و ئەمەش هەڵوێستە ڕاستەکەیە.

هەوڵمدا جارێکی دیکە مەسەلەکان ڕوون بکەمەوە و هەر بۆ پڕۆپاگەندە ئەمە نالێم، بەڵکو لەبەرئەوە دەیڵێم کە ڕێزێکی زۆر لەم دوو گەلە دەگرین و بایەخێکی بێئەندازەیان پێدەدەین. هێندێك ڕاستیمان خستووەتە بەرچاو. ئومێدم وایە ئەم ڕاستیانە بۆ خەباتی گەلان و ئازادی و برایەتی ڕاستەقینە بە کەڵك بن. من ئامادەم لە هەموو هەلومەرج و شوێنێکدا ئەرکی سەرشانم بەجێ بهێنم. با گەلی تورك چی دەوێ لە منی داوا بکات. ئەگەر ئەرکی خۆمم بەرانبەری بەجێ نەهێنا، ئەو کاتە با بڵێت ئاپۆ خراپە. بەڵام تکام وایە تێم بگات و پاش ئەوە چی دەوێ لێمی داوا بکات. لەوە زیاتر دەتوانم چی بکەم؟ بەڵام ئەگەر سەرەڕای ئەوە نکوولی لە بوونی کورد و هەموو مافێکی مرۆڤانەی کرد. ئەوە مرۆڤایەتیم بەرز ناکاتەوە و لەوانە نییە گەلی تورك تا ئەم ڕادەیە بێ ویژدان بێ. بۆیە پێویستە لە ئێمە و لەو کەسانە بپرسێتەوە کە بەسەریدا زاڵن. من لە ڕەفتاری خۆم بەرپرسم و بەرپرسیم دەردەبەم و تا دوا هەناسە ئەرکەکانم ڕادەپەڕێنم.

ی.ك: سەرکردەی گەورەم زۆر سوپاست دەکەم. ئێوە ئەرکی خۆتانتان بەجێ هێنا. هەوڵدەدەین قسەکانتان بگەیەنین. قسەکانتان بەئاگاهێن و ڕۆشنکەرەوەن. پرسیارەکانم تەواو بوون. ئەوی ڕاستی بێ کرانەوەیەکی جوان و لە هەموو ڕوویەکەوە پاراو بوو. جارێکی دیکە سوپاستان دەکەم.

س.پ: منیش سوپاستان دەکەم. تەنانەت پێش ئەوەش کە بتانبینم ڕێز و نرخێکی گەورەتان لای من هەبوو. شیکردنەوەکانتان بەجەرگیم پێدەبەخشن، بە تایبەتی شیکردنەوەتان لەسەر هێندێك پێوەندی گلاو. ئەم شیکردنەوانەتان

بەهایەکی گەورەی هەیە وەکو بەهای کاری شۆڕشگێڕی. ئەممان لای ئێوە بەدی کرد کە زۆر بایەخدارە.

ی.ك: لە هەلومەرجی ئەم ئیشە چڕوپڕەتاندا، بە شانازی و خۆشەویستی‌یەوە بە دووی ئەوەدا چووم چۆن ئەنجام لە کار و کردەوەکانتان هەڵبهێنجم. ڕاستیەکەی پەیدابوونی کەسێکی وەك عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەم ناوچەیەدا، بەلای منەوە شانازی‌یەکی گەورە و چلەپۆپەی بەختیاری‌یە.

س.پ: بە یەكگەیشتنی زەحمەتکێشان بەهۆی یەکێتی هەوڵ و کۆششەوە سوودێکی زۆری دەبێ و شایانی هەموو ڕێزێکە.

ی.ك: سوپاس.

بەشی چوارەم

بەشی چوارەم

س.پ: ئایا هەڤالانی لاو دەتوانن هێندێك پرسیار بكەن؟
ی.ك: لە من ناپرسن بەڵكو لە تۆ دەپرسن، چونكە من ناوبژیوانم و ئەمەش دەكەوێتە سەر هەڤالان و هەڤالانی شارەزاش چی دەبێت باسی دەكەن.

ئەوانە نوێنەرایەتی لاوان دەكەن. نەك هەر هی كورد بەڵكو هی عەرەب و توركیش.

س.پ: سەبارەت بەم گفتوگۆیەمان، ئەمە سوودی بۆ جێبەجێكردنی دیموكراتیانە دەبێ، بە تایبەتی كە ئەوانە نوێنەرایەتی لاوان دەكەن، نەك هەر هی كورد بەڵكو هی عەرەب و توركیش. یا بە واتایەكی دیكە ئەوانە نوێنەرایەتی بنكەیەكی بەرفراوانی لاوان دەكەن. من لەبەردەمتاندا هەم. ئەگەر هەر خاڵێك هەبێ شایانی رەخنە بێ یا پێویستی بە لێكدانەوە هەبێ، دەتوانن لێیبدوێن.
ی.ك: با بە هەرە لاوەكەیان دەست پێبكەین.
س.پ: لە سەرەتاوە تا كۆتایی گوێ بیستی ئەم گفتوگۆیە بوون. راتان لەسەر ئەم بابەتە چییە و ئایا پرسیاری دیكە هەن حەز بە ئاراستەكردنی بكەن؟
س.ت: هیچ پرسیارێك نییە سەرۆكم. هەموو ئەو مەسەلانەی كە باستان كردن یەكجار روون و بەسوودن و دەكرێت دەرسیان لێوەربگرین و كاریگەری و دەنگدانەوەیەكی گەورەیان دەبێ، بە تایبەتی ئەوەی پێوەندی بە ئەدەب و هونەرەوە هەبێ. ئێوەش هێندێك لەو تایبەتمەندیانەی خۆتتان خستەروو كە ناسراو نەبوون و كاریگەرییەكی زۆریان لە ناوەندی قوتابیان و لاواندا دەبێ و كەڵكێكی گەورە دەدەنەوە. هەرچی ئێمەشین گەلێك سوودمان بینی.
ی.ك: كاریگەری شێوازی سەركردە چی بوو كە برایەتی و دۆستایەتییەكی بێئەندازە لە لێكدانەوەی كێشە قورسەكاندا بەدیار دەخات؟
س.ت: پێشتر ئەوەمان لەو شیكردنەوانەوە دەزانی كە سەركردە دەیكردن و دەمانزانی كێشەكە هەر كێشەی كورد نییە، بەڵكو رستێك كێشەی جێی بایەخی سەرلەبەری مرۆڤایەتییە.
ی.ك: تەمەنت چەندە؟
س.ت: من ١٧ ساڵانم.
ی.ك: باشە. وەك كچە كوردێك، ئایا باوەڕت بەوە هەیە كە تۆ هەموو كێشە مرۆڤایەتیەكانت بەدەستەوە گرتووە؟
س.ت: بەڵێ باوەڕ دەكەم.
ی.ك: ئەو رستە رازێندراوانە كە لە زارت دێنەدەر لە تەمەنت گەورەترن. ئایا

پێش ئەوەی کە بێیتە ئێرە ئاوا بووی؟

س.ت: نەخێر، وا نەبووم. ئێمە لێرە زانیاریەکانمان چڕ دەکەینەوە و پێم وایە کاریگەری ئەوەیە.

ی.ك: وەختێك شەڕ لە دژی دەوڵەتی تورکیا دەکەی، ئایا بیر لەوە دەکەیەوە کە تۆ ئاڵای مرۆڤایەتی بە دەستی خۆت هەڵدەگری؟

س.ت: بەڵێ.

ی.ك: زۆر جوانە.

س.پ:(ڕۆژ) لایەنەکانی شایستەی تێبینی کردن کامانەن؟ بە تایبەتی ئەوانەیان کە مایەی خافلگیرین. ئایا هیچ مەسەلەیەك هەیە پێت خۆش بێ لێکی بدەیتەوە؟

ڕۆژ «ئیسیل مالکوچ، پاشتر لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٤ دا لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی تورکیاوە دەستگیرکرا و هێشتا بێ‌سەروشوێنە»: لەلای ئێمەوە گەلێك خافلگیری لە ئارادا نەبوون، چونکە سەرکردە زۆر بایەخمان پێ‌دەدات. ڕەنگە زۆر خافلگیری بۆ ڕای گشتی تورکیا هەبووبن. ئێمە لەگەڵ ئەم مەسەلانەدا پێکەوە دەژین و دەیانبیستین و دەیانبینین. تێڕوانینی سەرکردەش بۆ بابەتی پێوەندیەکان و نەتەوایەتی تورك و نەتەوایەتی کورد و ئینتەرناسیۆنالیزم و ئەدەب و هونەر و خۆشەویستی و شەڕ تێڕوانینێکی واقیعبینانە و تەواوە. جا لەبەرئەوەی کە لە تەواوی نێزیك دەبێتەوە من هیچ ڕەخنەیەکم لێی نی‌یە. پێم وانی‌یە یەکێك هەبێ بتوانێ ڕەخنەی لێ‌بگرێ، چونکە بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی‌یەوە مەسەلەکان بەرچاو دەخات و ئێستاش هیچ پرسیارێکم نی‌یە.

س.پ: ئێمە بە شێوەیەکی تایبەتی باسی مەسەلەی ئافرەتمان کرد، ئایا ئەم شیکردنەوەیە لە جێی خۆیدایە؟ ئایا دەبێتە هۆی هیچ لێکۆڕینێك بۆ ئێمە؟

ڕۆژ: ئایا سەرکردە مەبەستی لە ئێمەیە؟

س.پ: نەخێر، دەڵێم ئایا لە لایەنی جەماوەرەوە بۆ من دەبێتە مایەی لێکۆڕین؟ ئایا قسەکانم تەواو بوون؟

ڕۆژ: بێ‌گومان هێندێك لێکۆڕین دەبێ. بەڵام من باوەڕم وایە کە سەرکردە پێی دەکرێت بەرەنگاری هەموو دژواری و لێکۆڕینەکان ببێتەوە. جا وەك سەرکردە ڕوونی کردەوە، خەڵکێکی زۆر دێنە نێو ڕیزەکانمان. نێر و مێ بە هەموو ڕابردوو و خەسڵەتێکیانەوە دێن ەوە گۆڕینی ئەوانە واتە کەسایەتی‌یەکی تازە بۆ پەیداکردنیان لە باتی کۆنەکەوە،ئەمەش کۆششێکی یەکجار زۆری گەرەکە.

س.پ: لە بابەتی ئافرەتدا، ئایا وەك دەڵێی هەنگاوێکی سەرکەوتوو هەبوو؟

ڕۆژ: بێ‌گومان. هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو.

س.پ: بەم قسەیەشەوە؟

ڕۆژ: بەڵێ.

ی.ك: باشە. بەو دیتنەی ئاسابیەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) ئاناسێ، چی لە بارەی شیکردنەوەی ئاپۆی برامەوە دەڵێت سەبارەت بە ئافرەت؟

چۆن ڕووبەڕووی ئەم مەسەلەیەش دەبێتەوە؟ ئایا دەبێتە خافڵگیرییەکی گەورە بۆی؟ ئایا دەڵێت ئەمە چۆن ڕوویدا و ئایا ئەمە قسەیەکە ئاشکرا بگوترێت؟
ڕۆژ: هەموو کەسێك ئاستێکی دەست نیشانکراوی حاڵی بوونی هەیە.
س.پ: بەڵێ. ناوت چی بوو؟
ڕوو: «یاسەمین شمشەك کچێکی بە بنەچە عەرەبی خەڵکی لیوای ئەسکەندەروونەیە. لە مانگی ئابی ۱۹۹۳دا لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی تورکیاوە گیرا و هێشتا بێ سەروشوێنە»: سەرۆکم ... ڕوو.
س.پ: بەڵێ. ڕوو. بەوپێیە کە هەڤاڵێکی سەر بە کەمەنەتەوەی عەرەبی چی دەڵێی؟ ئەمە یەکەمجارە ئامادەی ئەم جۆرە گفتوگۆیەی تێدا ببی. چۆنی بۆ دەچی و ئایا هیچ ڕەخنەیەك هەیە ئاراستەمی بکەی یا مەسەلەیەك ئارەزووی باسکردنی بکەی؟ دەتوانی چیت دەوێ بپرسی؟
ڕوو: گەلێك بابەتی بەلای کەمە نەتەوەی عەرەب و ڕای گشتی تورکیاوە سەرنجڕاکێش و گرنگت بەرچاوخست. ئەمەش یارمەتی نەهێشتنی بۆچوونی پێشووی لای هێندێك کەس دەرهەق بە ئاپۆ دەدات و تێڕوانینێکی تازە جێی دەگرێتەوە. وەك لێکتان دایەوە هێندێك وشەی قووڵ و هێندێك مەسەلەی کە لاتان لێ کردنەوە دەکێشنەوە بۆ لێکدانەوەی جیاجیا. هاتنە سەر چەند بابەتێك کە ناکرێت بە ئاسانی لێیان تێبگەین و وەریانبگرین، چونکە تێپەڕاندنی ئەم مەسەلانە بە خەباتی بەردەوام و درێژ خایەن دەبێ.
س.پ: پێم وایە ئێمە تیشکمان خستەسەر لایەنە دیموکراتیەکانی کەمە نەتەوەکانیش.
ڕوو: بەڵێ. ڕاستیەکەی ئەوانە چەند خاڵێکن ئەگەر بە وردی بەدوویاندا چووی چارەنووسی گەلان دەخاتە دەست خۆیان. پارتی کرێکارانی کوردستانیش بەم پێکهاتەیەوە دەوری سەرەکی دەبینێ تا گەلان چاوی لێ بکەن.
س.پ: ئایا بەم هەڵوێستانەمان کە لامان لێ کردنەوە دان بە بایەخی ئەم بەها دیموکراتیانەدا دەنێی؟
ڕوو: بەڵێ.
س.پ: لە گفتوگۆکانماندا داکۆکیمان لە ڕۆشنبیری ئەنادۆڵ کرد. ئایا ئەمە بەلای تۆوە ڕوون و ئاشکرا بوو؟
ڕوو: بەڵێ. زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو.
س.پ: ئەمە لە خاسیەتی ئێمەیە. ئێمە تەنیا داکۆکی لە سەربەخۆیی کوردستان ناکەین، بەڵکو کۆمەڵە کەسێکی بەهێزین داکۆکی لە گەلێك ڕۆشنبیری دەکەین و ڕای ئێمە سەبارەت بە کێشەکانی ئافرەت زانراو و ڕاشکاوە، وەك چۆن لە کێشەکانی ئازادیشدا وەهایە. ئایا دەکرێت ئەم ڕایانە چەواشە بکرێن؟
ڕوو: وەك کەمێك لەمەوبەر پێشانتاندا، لەوانەیە هێندێك مەسەلە چەواشە بکرێن یان ئەرم نەکرێن و لەوانەشە هێندێك خاڵ ناڕۆشن بن.

س.پ: هەر ئەو مەسەلانە نا. گوێ بیستی گەلێك مشتومڕی دیکەش بوویت. مشتومڕی بەجەرگانە کردن لە تەك ئافرەتدا ئەرکێکی ئازادی‌یە و بە متمانەیەکی تەواوەوە دەست بردن بۆ هەموو بابەتێك پێوەندی‌یەکی ڕاستەوخۆی بە ئازادی ئافرەتەوە هەیە و کاریگەری‌یەکی زۆر دەکاتە سەر بەجەرگی و هێزی بیرکردنەوە. لەم ساتەدا تۆ متمانەیەکی تەواوت بەخۆت هەیە و بە توانایەکی لە ڕادەبەدەرەوە دەست بۆ بابەتەکان دەبەی، بە تایبەتی کە تۆ زانیوتە تیروانینی هۆزایەتی و قالبە نەگۆڕەکانی پێوەندی جنسی هەرزانبەها هیچ نرخێکیان نی‌یە.

ڕوو: بەڵێ سەرکردەم.

س.پ: تۆ ئەی «ڕ» وەك خانمێکی بە بنەچە تورکمان و بویتەتە تورك، ئەم گفتوگۆیە چۆن کاری تێ کردی؟

کە هاتمە پاڵ پارتی کرێکارانی کوردستان و بەرلەوەش بە زەحمەت تورکم بۆ ناس دەکرا و تا ئێستاش لەوەدا زەحمەتی دەبینم. جا بۆ ئەوەی ناسنامە بناسێنین پێویستە بنچینەیەکمان هەبێ لەسەری ڕابوەستین. بەڵام وای دەبینم کە باڵادەستەکان نەیانهێشت تورك و تورکمان بناسێنرێن و ئێوەش ئەم مەسەلانەتان خستەوە سەر ڕاستەڕێی خۆیان و بە ڕوونی و ڕاشکاوی بەدیارتان خستن. سەرکردایەتی بە ڕاشکاوی لای لە بارودۆخی ئەو کەمە نەتەوە و گەلانە کردەوە کە لە تورکیادا دەژین و ڕوونی کردەوە. ئەو هەڵسەنگاندنەی کە بینیمانن بایەخدارترین و هەمە لایەنەترین هەڵسانگاندنە تا ئێستا دیبێتمان. خۆ ڕەنگە شۆڕشگێرانی تورك و کەمەنەتەوەکان لەلا لێ‌کردنەوە و دۆزینەوەی چارەسەردا بۆ ئەو گیروگرفتانەی کە بەرەو ڕوویان دەبنەوە سوودی لێ‌وەربگرن و چاوی لێ‌بکەن. دیارە سوودێکی زۆری تێدایە. پێویستە لەسەریان ئەم مەسەلانە ببینن، چونکە پارتی کرێکارانی کوردستان گەلێك گیروگرفتی خستووەتە سەر ڕێگای چارەسەرو حیزبێکی ـ وەك وای دەبینم ـ ئینتەرناسیۆنالیستی‌یە.

س.پ: تۆ لەو باوەڕەدای کە ئەو شیکردنەوانەی وا پارتی کرێکارانی کوردستان دەیانکات کەلکی بۆ تورکیش دەبێ؟

ڕ: بەڵێ، بەڵام وەك سەرکردە ڕوونی کردەوە تورك لە کورد پتر پێویستی‌یان بە شیکردنەوەیە.

س.پ: ئێوە تێبینی ئەوە دەکەن، وانی‌یە؟

ڕ: بە تایبەتی من خۆم گرانی لەوەدا دەبینم و بەرپرسی ئەمەش بە درێژایی مێژوو چینی حوکمدارە. پێم وایە کاتی لێپرسینەوەی ئەوانە نێزیك بووەتەوە. هەرچی چۆنیەتی و شێواز و ئامرازی لێپرسینەوەکەشن پاش دیاریکردنی کێشەکە نۆرەیان دێت.

س.پ: مەبەستت ئەوەیە پێویستی بە پێکهاتەیەکی شۆڕشگێڕی تازە هەیە. وانی‌یە؟

ڕ: بەڵێ، ئەوە پێویستە. ئەوە بوو پارتی کرێکارانی کوردستان ئاشکرای کرد

که بە ئەزموونی خۆی خزمەتێکی خۆرایی گەلی تورکی کرد. بەڵام ئەو کۆششانەی کە لەم ڕێگایە دەکرێن، دەکرێت بەهۆی ئەوهەڤاڵانەوە بن کە حاڵی حازر هاتوونە پاڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، یا بەهۆی ئەو هێزە شۆڕشگێرانەوە کە لای گەل هەن، پاش ئەوەی لەوە حاڵی دەبن کە چیان دەوێ. لەوانەیە ئەوە ببێتە کەرانەوەیەکی بەربلاو بۆ شۆڕش.

س.پ: مەبەستت ئەوەیە پارتی کرێکارانی کوردستان بەلای گەلی تورکەوە زۆر دەگەیەنێ. ئێستا ئەمە ڕۆشنە.

ڕ: بەڵێ و بەتایبەتی بەو شیکردنەوانەی کە دوێنێ سەرکردە کردنی. ئەگەر بزووتنەوەیەکی بەرخۆدان لەسەر تەرزی پارتی کرێکارانی کوردستان لە تورکیا پەیدا ببێ، ئەوسا زۆر ئاسان دەبێ بە شۆڕشێك بگەین خزمەتی ئازادی و برایەتی گەلان بکات و زۆر خێراتر و بە ئازار و دژوارییەکی کەمتر بە ئامانجەکانی بگات. ئەمە نەك هەر ئەرکی ئەم دوو گەلەیە، بەڵکو ئەرکی مرۆڤایەتیشە. ئەگەر بڕوانینە شیکردنەوەکانی سەرکردە، دەبینین ڕاشکاو و ڕاستگۆن. لام وایە ئەوانەی کە دەیانەوێ بە چەوتی تێی بگەن ئەوەیان پێ‌دەکرێت. بە تایبەتی حەزدەکەم ئاماژە بۆ ئەو زمانە بکەم کە چەپی تورك پێی دەدوێت. ئەم زمانە بەوە جوێ دەکرێتەوە کە تەم و مژاوی و پڕ پێچ و پەناو لێوان لێوی وشەی ناڕۆشنە کە تەنانەت بۆ لایەنگرانیشی زەحمەتە لێی حاڵی ببن. بەرانبەر بەوە ئەو زمانەی کە سەرکردە بەکاری دەهێنێ ڕاستگۆ و ڕاشکاوە و هەمووان تێی دەگەن.

س.پ: با چەپڕەوەکان وریای ئەم لایەنە بن.

ڕ: پێم وایە ئەو زمانەی کە سەرکردە بەکاری دەهێنێ زۆر ڕەوان و قووڵ و هەمەلایەنەیە و چارەسەر بۆ گەلێك کێشەی ئاڵۆز دادەنێت. پێویستە سەرنجی ئەوە بدەن، بۆ چەواشەکاری و تێکەڵ و پێکەڵ کردن نا، بەڵکو بۆ چارەسەری کێشەکان.

س.پ: مەبەستت ئەوەیە بۆ چەواشە کردنی بیروڕا نەبێ.

ڕ: بەڵێ، سەرکردەم.

س.پ: ئەوی ڕاستی بێ من لە ڕێگای پێوەندی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە بە ڕەگەزی مێی تورکیاوە وای دەبینم کە هێزێکی شاراوەیان بۆ شۆڕش هەیە. بەڵام چەپی تورك بیروڕایانی چەواشەکردووە بە ڕادەیەك وایان لێ‌هاتووە لە شۆڕش هەڵدێن، وە ئەگەر توانیمان شێوەیەکی گونجاو بدەین بەم هێزە ئەوا گۆڕانکارییەکی کادێرانەی گەورە دروست دەبێت کە لەوانەیە لە هی لای ئێمە گەورەتر بێ، ئەوان ئەوەیان گەرەکە. ڕاستییەکەی تورکیا زۆر پێویستی بە پێکهاتەیەك هەیە لەسەر تەرزی پارتی کرێکارانی کوردستان بێ.

ی.ك: بێ‌گومان. دەمەوێ دڵبەستەیی خۆم بەو شێوازە پیشان بدەم کە هەڤاڵانی لاو کێشە گرنگەکانی پێ بەرچاو دەخەن. دانیش بەوەدا دەنێم کە من لە نێو هێندێك قوتابی زانکۆکانماندا تووشی ئەم شێوازە دەبم.

س.پ: دەست بردنیان بۆ بابەتەکان بەهێزە و ئاستێکی بەرزی هەیە.

ی.ك: گەورەم، لە ئاست گرنگتر گەوهەری بابەتەکەیە کە بەرچاوی دەخەن و ئەو شێوەیەیە کە پێی بەرچاو دەخەن. ئێمە لە تورکیای ئەمڕۆدا ئەو لاوانەمان گەرەکە کە دەتوانن بە ڕستەی ڕازێندراوە خۆیان دەربڕن.

س.پ: پێم وایە هۆی ئەوە شێوازی سەرەتایی پێخوێندنە کە دەبێتە هۆی چەواشەکردنی زەین و گیان.

ی.ك: ئەوانە ناتوانن یەك ڕستە ڕێکبخەن.

س.پ: ئێمەش سەرنجی ئەوە دەدەین. یەکەم شتێك بیکەین ئەوەیە فێری شێوازی قسەکردن و هێزی گەیشتن بەم کێشانەیان بکەین.

ی.ك: ئەوانە بەخێرایی فێردەبن. تۆ لە کەیەوە لێرەی؟

ڕ: دوو مانگە.

ی.ك: دوو مانگ، پەنا بەخوا. ئەمە وا دەگەیەنێ کە تورکمان توانای پەرەسەندنیان هەیە.

س.پ: بەڵێ، ئێمە بڕوا بەخۆکردنیان پێدەبەخشین. ئەوە بوو هات و پارتی کرێکارانی کوردستانی بینی. ئێوەش دەزانن لە تورکیا چۆن ئێمەیان پێناساندوون. لێرەشدا هاوڕێیانی تەواوەتی دیموکراسی و مرۆڤایەتی کردووە. ئەمە ڕاستە، وا نییە؟

ڕ: بەڵێ، سەرکردەم.

س.پ: بە تایبەتی هەڵوێستە ڕاستەکانی حیزب بەرانبەر بە ئافرەت. وانییە؟

ڕ: ئەمە گرنگترین لایەنی پارتی کرێکارانی کوردستانە. ئەوەتان لە شیکردنەوەکانتاندا دەرخستووە. پێم وایە پلەی ئازادی ئافرەت لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەڵگەی ئازادی ئەو کۆمەڵگایەیە.

س.پ: هەتا ئازادی پێوەندیەکانیش لە کۆمەڵگادا پێبەستەی ڕادەی ئازادی ئافرەتە. پێوەندی کارێکی شیاوە و ڕادەی ئازادی ئێوەش بەڵگەی ئازادی کۆمەڵگا و ئازادی حیزبە. ئەمە زۆر گرنگە، چونکە پێوەندی ئازاد لە گەڵتاندا نیشانەی جێبەجێکردنی هاوسانییە لەلای بزووتنەوەکە و لە لای کۆمەڵگاش. لام وایە ئێوە سەرنجی ئەوە دەدەن.

ڕ: بەڵێ، سەرکردەم.

س.پ: تۆ (هـ) لە کیژانی دێرسیمی، چی دەڵێی؟

هـ: پێش هەموو شتێك سەرکردەی گەورەم دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە کە ئەو گفتوگۆیەی وا لەگەڵ کاك (یالچین کوچووك)ی مامۆستاماندا دەیکەن پڕ بەها و بایەخێکی زۆری هەیە. باوەڕم وایە سەرکردایەتی حیزب گەلێك مەسەلەی وەك هونەر و شەڕ و پێوەندیەکانی بە شێوازێکی قووڵ و گرێدراوی فەلسەفەی ژیانی سۆشیالیستی ڕوون کردەوە. ئەمە بەلای ڕای گشتی تورکیاوە گرنگە، چونکە ئێمە ئەو شتانە دەخوێنینەوە کە ڕۆژنامەکانی تورکیا بڵاویان دەکەنەوە و چەواشەکاری و شێواندن و هێرشکردنە سەر سەرکردایەتی حیزب بەرچاوی ڕای گشتی دەخەن،

ئەوان وا حزب پێشان دەدەن کە هەر خەریکی سەربڕین و لە سێدارەدانە. ئەم گفتوگۆیە هەموو شتێك بەپێی فەلسەفەی ژیانی سۆشیالیستی ڕوونەکاتەوە. پێموایە ئەم گفتوگۆیە بە شێوەی زنجیرە بەرچاوی خوێنەر دەخرێت و بەدووداچوونیش ئەوەیان لەسەرە چۆن ئەنجامی لێبەدەست بێنن. جگە لەوە حەزدەکەم بێمە سەر بابەتی ئافرەت. خەباتی ڕێگای سۆشیالیزم کە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا لە چوارچێوەی ڕزگارکردنی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێ‌کردووە ئەم خەباتەش یەکەم هەنگاوە و یەکەم هەنگاوی خەباتی ئافرەتانی کوردستان پێکدەهێنێ. ئەمە پەیبەستەی هەلومەرجی مێژوویی جیهانە بەگشتی و کوردستانیشە بە تایبەتی و، پەیبەستەی ئەم ستەم و زۆرەشە کە ئافرەت بە دەستیەوە دەناڵێنێ، ئێمە دەزانین کۆمەڵگای سەرمایەداری چۆن دەڕوانێتە ئافرەت و بە یەکێك لە کاڵاکانی دادەنێت. ئەمەش مەسەلەکە ئاڵۆز دەکات. پارتی کرێکارانی کوردستان یەکەم هەنگاوی ناوە و ئەوەشی کە ماوە دەکەوێتە سەر ئافرەت خۆی. جا لەبەرئەوەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان خۆی دەستی بەم بابەتە کردووە، بۆیە بارێکی قورس دەکەوێتە سەرشانی. یەکەم هەنگاو نراو شێوەیەکی لەباری بەدەستەوەدا. بەڵام قووتاربوون لە کۆیلەتی سەدان ساڵ و گەیشتن بە کەسایەتی ئافرەت ئەرکێکی قورس و گەورەن و قوربانیدانێکی زۆر و تێکۆشانێکی سەختی مرۆڤیان پێ‌دەوێ، لەم پێناوەدا وای‌دەبینم کە پێویستە لەسەر حیزب سەرکردایەتی بەهێز لە ئافرەت دەربچوێنێ بۆ سەقامگیرکردنی سیستەمێکی دەست نیشانکراو. هەموو هیوایەکم ئەوەیە ئافرەتی تورك بایەخ بەم بابەتانە بدات و ئەنجامی گەورە دەستگیر بکات تا بتوانین پێکەوە بە ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان بگەین.

س.پ: تۆ سەرنجی ئەو ئازادی‌یەت داوە کە بۆ ئافرەتی داوادەکەین. وانی‌یە؟

هـ: بەڵێ، بە ڕوونی سەرنجم داوە. بە تایبەتی من ماوەیەکی درێژخایانە لە نیزیك سەرکردایەتیم و ئەوەش یارمەتی داین هەڵوێستی سەرکردایەتی دەرهەق بە ئافرەت و قووڵی و ناسکی ئەم بابەتە ئەزم بکەین. هەروەها ئەمە زۆر یاریدەی داین پەرە بە خۆمان بدەین.

س.پ: بێ‌گومان. ئێمە بایەخمان پێ‌داون. لەسەر ئەم مەسەلەیە گوتیان چۆن لەگەڵ کیژان و لەگەڵ ئافرەتدا دەژی؟ چۆن لەگەڵ ئافرەتدا شەڕ دەکات؟ باوەڕم وایە واقیع و ئەوەی کە فێری بوون تەواو لەو پێوەندیە کۆمەڵایەتیانە جیاوازن کە لە کۆمەڵگادا پێ‌یان ڕاهاتبوون. ئەمە دەڵێم چونکە بەلای منەوە بابەتێکی تێکچرژاوە. بە قەناعەتی من ئەو پیاوەی کە بۆ خۆی پێوەندی لەگەڵ ئافرەتدا بنیات دەنێت و بە پێی ئازادی و هاوسانی ئەم پێوەندیانە دەپارێزێ، پیاوێکی یەکجار بەهێزە و شایانی هەموو ڕێزێکە. ئەگەر توانیشی خۆشەویستی و ئەوینی خۆی بپارێزێ و ئەوە بنوێنێ، نیشانەی مەزنی ئەم پیاوەیە. پێم وایە ئێوە خۆتان ئەوە بە چاو دەبینن. لە هەمان کاتدا ئەمە یارمەتی مەزن کردنی ئافرەتیش دەدات.

ئافرەت بە تەنها گەورە نی‌یە و لە هاوسانی بەرخوردار نی‌یە و نە بەهایەکی گەورەی هەیە و نە هەرزانبەهاشە. بەڵام دەکرێت هەموو ئەوانە بە پێوەندی دیاری بکرێن. باشترین شتێك کە بتوانین بە هەر مرۆڤێکی بدەین ئەوەیە بە شێوەیەکی ڕاست پێوەندی لەگەڵدا ببەستین و ئەم پێوەندیانە لەسەر بنچینەیەکی دروست پەرە پێبدەین. ئەمەش دەچێتە نێو خانەی ئەرکی ڕۆمان. من لێرەدا هەوڵدەدەم ئەو چەند پێوەندیە وردە دابمەزرێنم کە دەکەونە نێو چنینی ڕومان. زۆریش بایەخ بە کچان دەدەم، لە ترسی ئەوە نا کە ڕەنگە خاڵی بێ‌هێزیم هەبن، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە کچان بە هەڵە لێمان تێ‌نەگەن و بە تایبەتی کە پڕۆپاگەندەی سەر ئەم بابەتە لە تورکیادا گەیشتووەتە چلەپۆپە.

ی.ك: ئەوان هەمیشە ئەوە دەڵێن.

س.پ: بە تێڕوانینی من دوورخستنەوەی ئافرەت لە کێشەکان خیانەتە لە ئازادی. ئافرەت ئاوێنەی ئازادی‌یە، چەند بایەخی پێبدەین ڕوون دەبێتەوە. ئەمە وا ناگەیەنێ کە چاوپۆشی لە لایەنەکانی پاشکەوتن و کۆنەپەرستی ئافرەت بکەین، ڕووبەڕوو بوونەوەی سۆزی نێو پێوەندیە کۆنەپەرستەکان و تەنانەت کاردانەوەی لای ئافرەتیش هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەی گەورەیە. لەلایەکی دیکەوە ئافرەت گەلێك خاسیەتی زۆر گرنگی هەن، خاسیەتی جۆرایەتی و هی دیکەی پێوەند بە ئازادی و پێوەندی هەڤاڵانە. بگرە ئافرەت کانگای نیشتمانپەروەری‌یە و لەم ڕووەوە بەهایەکی زۆری هەیە. دیارە ئەم گشت لایەنانە پێوەندی‌یان بە حیزب و گەلەوە هەیە. ئەمەش هەڵوێستێکی هەمەلایەنەیە، پێم وایە شایانی تێبینی کردنە. وانی‌یە؟

هـ: بەڵێ، سەرکردەم شایانی تێبینی کردنە.

س.پ: پێم وایە ئێوە لە تێگەیشتنی ئەمەدا دژواریتان تووش نایێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاسۆی بیرکردنەوەتان پەرەدەستێنێ.

هـ: سەرکردەم گوڕ و تینمان زیاد دەکات.

س.پ: ئایا ئەمە بێ‌ئەملاوئەولایە؟ کەشێکی خۆشویستن لە ئارادایە بەس بێت بۆ وەلانانی هەموو دژواریەکان. مەبەستم ئەوەیە ئەم کەشە وامان لێ‌دەکات لەم کاروانە پیرۆزەماندا بەنێو سەخترین هەلومەرجدا بڕۆین. پێم وایە ئەمە پەرەسەندنێکی گرنگە. ئێوە ئەمەتان لێرە بینی. وانی‌یە؟

ی.ك: بەڵێ. خاڵێك هەیە دەمەوێ ڕوونی بکەمەوە. ئەو گفتوگۆیەی کە لەگەڵ سەرکردەدا دەیکەین کاتێکی درێژخایەنی پێ‌دەچێ. درێژکردنەوەی سوودی تێدایە، چونکە دەتوانین بیکەین بە کتێب و گفتوگۆکەش بە کردەوە هەمەلایەنە بوو و چەندین بابەتی تیۆری و فەلسەفی قووڵی لەسەر کێشە بەرچاوخراوەکان گرتەوە بۆیە ڕەنگە ئەوەمان پێ بەس نەبێ مانگێ داهاتوو هەر لە ڕۆژنامەی «ئۆزگوور گوندەکەم»دا بڵاوی بکەینەوە، بەڵکو ئەم مشتومڕە شایستەی ئەوەیە بە درێژایی ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٤ ببێتە جێی بایەخ پێدان.

قسەی من تەنیا ڕووی لە کاڵفامە سادەکان نی‌یە، بەڵکو ڕووی لەوانەیە کە قووڵ دەبنەوە.

س.پ: بەڵێ، وایە. باشە (ئاف) بە ڕای تۆ ئەو خاڵانە چین کە شایانی تێبینی کردنن؟

ئاف: بایەخ و قەوارەی دیدارەکە ڕوون و ئاشکران. جیاوازی نێوان ئەم دیدارە و ئەوانی دیکە ئەوەیە، ئەمیان گشتی‌یە وتێڕوانینی حیزب لەسەر گشت کێشەکان ڕوون دەکاتەوە. بۆیە مامۆستای پایەبەرز (یالچین) بەختی هەیە، چونکە ئەم دیدارە هەمەلایەنەیەی کردووە و، هەمانکات ئەمە دەرفەتێکی گەورەیە بۆ گەلەکەمان و گەلی تورك و بۆ خوێنەران و گوێگران تا لەم بابەتانە ئاگادار بن کە ئەدەب و هونەر و ئافرەت و شەڕ و گەلێك بابەتی دیکە دەگرێتەوە. هەروەها مامۆستامان دەریخست کە ئەم دیدارە وەك ڕاپۆرتی سیاسی وایە.

ی.ك: باشە. سەرکردەی برامتان بینی چۆن باسی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات و گوێتان لێبوو دەڵێت: «ئەگەر ئەم حیزبە ببێتە بەلا بەبان سەری گەلی کورد و تورکەوە، با لەگەڵ مندا لە گۆڕ بنرێ». ئایا ئەم قسەیەتان بەلاوە ناخاڵ نەبوو؟ هەست بەچی دەکەن بەرانبەری؟ ئەم قسەیە مەبەستی حیزبێکە بەهۆیەوە ساڵانێکی دوور و درێژە چوونە نێو بەندیخانە و لە پێناویدا ژیان و خەباتتان بۆ کرد. لەسەر ئەمە چی دەڵێن؟ چونکە من باوەڕم وایە کە ئەم وشانەی لە زار هاتنەدەر، بە دڵ کردنی و هەر بۆ قسەی نەبوون.

ئاف: لەم بابەتەدا دەچمە پاڵ قسەکانی سەرکردە.

ی.ك: بیستتان، بەڵام عەقڵتان چی دەڵێت؟

ئاف: ئەوەتی هاتوومە پاڵ حیزب تا ئەمڕۆ سەرچاوەی ئومێدمان متمانەکردنمانە بە خەباتمان. ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە خەباتمان لە ژێر هیچ بارودۆخێك و لە هیچ کاتێکیشدا ڕاناوەستێ و، سەرچاوەی ئەم باوەڕەش سەرکردایەتی حیزبمانە. لەبەر ئەم هۆیە لە تاریکترین هەلومەرجی نێو زیندانەکاندا باوەڕی خۆمانمان لە دەست نەدا.

لەوانەیە هێندێکیان باوەڕیان لە دەست دابێ، بەڵام من بە حوکمی ئەوەی کە خودی سەرکردە دەناسم و پێوەندیم پێوە هەیە ئەوە باوەڕ و ورەی زیاتر کردم و بەلای منەوە بوو بە کانگای هیوا و هێزێکی گەورەی پێبەخشیم و قەناعەتی زیاد کردم بەوەی کە خەباتمان پەرەدەستێنێ و ئەوەش بەرخۆدانمانی بەتین کرد.

ی.ك: ئەو ساڵانە چی‌یان پێ‌کرد؟ دەبینم زیاتر جوان بووە. تۆ چۆنی دەبینی؟

ئاف: مامۆستا باسی جوانی دەکەن. وەك سەرکردە گوتی، جوانی بە تێکۆشان دەبێ.

ی.ك: بە کردەوە دەبێ.

ئاف: بە کردەوە دەبێ. ئەمڕۆش تێکۆشان بە کار و کردەوە لە بەرزترین ئاستیدا بەردەوام دەبێ و گەل ڕاپەڕیوە. ئەوەی کە جوانی و ورە و باوەڕ و جۆش و خرۆشی لە دڵدا بێت دەتوانێ بە بەرزترین پلە بگات.

س.پ: هەموو ڕۆژێك چەندین شەهیدمان هەن و زۆر هەن خەریکی مل شکاندنمانن. ڕاستی ئەمەیە. ئایا شەرم لە سەرکردایەتی دەکەن؟ ئایا تۆ ئەم قسەیە دەڵێی لەبەرئەوەی کە ناچارکراوی یا لەبەرئەوەی کە من پێشتر کردوومە و تۆش خۆش خولقی دەنوێنی؟

ی.ك: من پێم وایە پێچەوانەی ئەوەیە. هەر لە یەکەم جارەوە کە دیومە ئەمە باوەڕی من بووە. ڕۆژنامەنووسان لە لەندەن لێیان پرسیم. ڕاستیەکەی من پێش هەموو شتێك باسی کەسایەتی خۆشەویست و ئەوینداری ئێوەم کرد. من لەوە ڕازیم.

س.پ: ئینگلیزێکیش لێی پرسیم و گوتی خۆت بناسێنە. پێمگوت وزەی تۆ بە خۆیم ناگرێ. وەڵامەکە لە جێی خۆیدا بوو. لەم گفتوگۆیەدا چی شایستەی تێبینی کردن بوو؟

ئاف: هەڵسەنگاندنی زیندانیانی تێدابوو. هەڵسەنگاندنی کۆنفرانسی زیندانیان بەلای هەڤاڵانمانەوە هەنگاوێکی گرنگی پێکهێنا، چونکە هەڤاڵانی نێو بەندیخانەمان دووچاری هێندێك هەڵە دەبن و دەخەڵەتێندرێن. شیکردنەوەی پێوەند بە بەندیخانە و زیندانیان کارێکی زۆری کردە سەر نەهێشتنی کەم و کوڕیەکان. وای لێهات جیاوازی نێوان پێش و پاش شیکردنەوەکان گەورە بوو و ورەی هەڤاڵان پۆڵایین بوو. لەوانەیە ئەمە بۆ یەکەم جار بێ ورەی هەڤاڵان لەبەرچاوی دنیا و تورکیا و لە ڕووی گوشارەکانی تورکیا و سیاسەتی سڕینەوەدا کە دوژمن پیرەوی دەکات، هێندە پۆڵایین بوو بێ. جا هەموو زیندانیەك بەهۆی ئەم شیکردنەوانەوە توانی لە خۆی بپرسێتەوە. ئەگەر هەر یەکێك لە ئێمە ئەو شتانەی جێبەجێ بکردبایە، بێگومان ئەوە چەندین کەسایەتی مێژوویی گرنگی دەخستە ڕوو. ئەم هەڵسەنگاندنانە بەرای من و تێکرای هەڤاڵانمەوە گرنگن.

ی.ك: بەڵێ. ئەمە لەو کارە بەجەرگانەیە کە ئاپۆ باسیان دەکات. لە تورکیا بەوە تاوانبارم دەکەن کە من نەتەوەپەرستێکی کورد و سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانم. لەبەر ئەم هۆیە دەمگرن. من بە بەرزبوونەوەی گەلی کورد شادمانم، بەڵام زۆر بیر لە شۆڕشی تورکیا دەکەمەوە. بە باوەڕی من کۆنفرانسی زیندانیان سوودێکی زۆر بە شۆڕشگێڕە تورکە گیراوەکان دەگەیەنێ.

س.پ: ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە، بەڵام ئێمە بیر دەکەینەوە. ئەمە وەك ئەوە وایە: «بووکێ لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێ بێ». تکاکارم بەم پێیە لێی تێبگەن. ئەوی ڕاستی بێ ئەگەر بەڵگەنامەکانی کۆنفرانسی زیندانیان بڵاوبکەینەوە، سوودێکی زۆریان دەبێ.

ی.ك: منیش زۆر بە گرنگیان دەزانم. بەڵام مخابن ئەو کێشە و مەسەلانەی کە

بیری سەرکردەیان جەنجاڵ کردووە گەلێك زۆرن. من بە ئاپۆی برامم گوت ئەو قسە ڕەقەی کە بەو هەڤاڵە زیندانیانەت گوت قورسە. هەیانبوو (١٠) ساڵ لە بەندیخانە مایەوە و هەیانبوو (١٣) ساڵ مایەوە و هەشیانبوو (١٥) ساڵ. ئەم قسەیەیان لەبەر دڵ گران دەبێ. بەڵام پێویستە بگوترێت ئەگەر من بوومایە نەمدەتوانی بیڵێم.

س.پ: ئەو هەڵوێستە لوتکەی ڕێزگرتنە. ئەگەر وا نەبووایە کەم ڕێزی دەبوو. دیارە قسەکەم ڕوو بە کاڵفامە سادەکان نییە، بەڵکو بۆ ئەوانەیە کە قووڵ بوونەتەوە.

ئاف: گەلێك هەڵسەنگاندنی سەرتاسەری لە بابەتەکاندا کران، بە تایبەتی لە ئەدەب و هونەردا. ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەر وەك لە کۆمەڵگاکانی دیکەشدا وا بووە ناو بە ناو نەشونما ناکات، بەڵکو لەگەڵ شەڕدا نەشونما و گەشە دەکات. هەر بە شەڕ پەرەدەستێنێ. پێم وایە هەمووان ئەوە دەزانن. ئەو شیکردنەوانەش کە حیزب کردوونی وەك ڕێ پێشاندەری نووسەران و بایەخدەرانی ئەدەب وایە. ئەگەر ئەدیبان چاویان لێ کرد، ئەدەبێکی باڵا بەرهەم دەهێنن. ئەوەی وا سەرکردەش لە بارەی ئافرەتەوە گوتنی زۆر گرنگە و بگرە وەك شۆڕش وایە. ڕادەی ئازادی لە هەر حیزبێکدا گرێدراوە بە ڕادەی پێوەندی هەڤاڵانەی نێوان پیاو و ژن. ئەگەر پێوەندیەکانیان ئازاد نەبێ، ئەو حیزبە ئازاد نابێ. هەر جووڵانەوەیەکیش بە ئازادی پەرە نەستێنێ، پێی ناکرێ ڕێگای ئازادی بکاتەوە. جا لەم ڕووەوە خولقاندنی پێوەندی ئازاد، بنچینەی ئازادی حیزب و کۆمەڵگایە. بۆیە پێویستە لەسەر هەڤاڵانی نێر و مێ ئەم شیکردنەوانە بکەن بە ڕێبەری خۆیان و چی هەڵەیان هەیە ڕاستیان بکەنەوە و لە پێناوی ئازادی حیزب و کۆمەڵگادا ڕێگا بگرنە بەر. ئەمە هێزێکی پاڵ پێوەنەریان دەداتێ و پێوەندی بە ئازادییانەوە هەیە، وەك چۆن پێوەندی بە ئازادی کۆمەڵگاوە هەیە. پێویستە لەسەر هەموو یەکێکمان ئەو بابەت و شیکردنەوانە بکەین بە ڕێبەرمان کە ئەمڕۆکە بەرچاوخران تا لە ژیان و پێوەندی ڕۆژانەماندا بەجێیان بهێنین و وریایان بین بە قەناعەتی من ئەم هەموو بابەتانە گرنگن.

س.پ: «ڕێ» تۆ چی دەڵێی؟ تۆ لەوانەی کە لە سەرەتاوە بە بایەخێکی زۆرەوە بەدووماندا دێن.

ڕێ: بەڕای من ئەم دیدارە دەوڵەمەند و هەمەلایەنە بوو،وە بوو بە گێڕانەوەیەکی باشی مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان و سەرکردە. ئەگەر ئەو زانیارانە بەرچاوخراوانە بکەینە چرای ڕێمان، بێگومان گەلێك ئەنجامی باشیان دەبێ. باوەڕم وایە چەندەها دەرس و پەند هەن، دەکرێت هەردوو گەلی تورك و کورد بە دەستیان بێنن. ڕەوتی ئەم گفتوگۆیەش ڕەوان بوو. ئەو پرسیارانەی کە کران و ئەو وەڵامانەش کە درانەوە سەرتاسەری قووڵ بوون و پڕ بە پێستی ئامانجەکانیان بوون. تێڕوانینم هاوجۆری تێڕوانینی مامۆستای گەورەمانە کە بڵاوکردنەوەی ئەم

چاوپێکەوتنە لە یەك ڕۆژنامەدا بەس نییە، بەڵکو پێویستە تێی بڕوانین و بەهای ڕاستەقینەیان پێبدەین. ئەو وەڵامانەی کە سەرکردە دایئیەوە زەمینە بۆ نووسەران و سیاسەتمەداران و ئەدیبان و بایەخدەرانی هونەر خۆش دەکات تا سوودیان لێوەربگرن. ڕۆماننووسانیش پێیان دەکرێ گوتەکانی سەرکردە لەسەر ڕۆمان بکەن بە ڕێبەریان تا جۆرەها ڕۆمان بەرهەم بهێنن. ماوەکەشی بۆ ئەوە بەسە و لە ١٩٨٣ـ١٩٨٤ بەدواوە درێژ دەبێتەوە.

س.پ: ساڵی (١٩٨٣ ـ ١٩٨٤) نا، بەڵکو (١٩٨٣ ـ ١٩٩٤).

ی.ك: گەورەم لێی مەگرە، سەدان ساڵە لە بەندیخانەدایە، بۆیە دەیان ساڵ دەبڕێ و هێشتا پێی وایە خۆی لە ساڵانی هەشتادایە. چەند ساڵ بە گیراوی مایتەوە؟

ڕێ: ١٣ ساڵ.

ی.ك: ١٣ ساڵ. هێشتا پێی وایە لە ساڵی ١٩٨٠ دایە و پێی وایە ڕۆژگار ڕانەبردووە، بۆیە دەڵێت ١٩٨٣ـ١٩٨٤. گەورەم ئێمە لە ساڵی ١٩٩٣ داین، ساڵی ١٩٩٣.

س.پ: ئەو تێڕوانینێکی بەهێز بۆ تەکانێکی گرنگ بەرچاو دەخات.

ڕێ: بەڵێ، بەرچاوخستنێکی گرنگە. نەریتێکی باش لە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)دا هەیە، ئەویش ئەوەیە ناوبەناو زانیاری و ڕاستی لە شێوەی ڕاپۆرتدا بەرچاوی جەماوەر دەخات، کە زانیاری و شیکردنەوەی پڕ بەهایان تێدایە و خۆشەویستی و ڕێز و پێبەستەیی سەرکردە بە جەماوەری خۆیەوە دەردەخات. حیزب لە پێناوی برایەتی هەردوو گەلی کورد و تورکدا فێری ئەم جۆرە دەست پێشخەریە باشانە بووە. هەمیشە ئەم ئومێدەمان بە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) هەیە.

س.پ: ئەمە ڕاپۆرتی ئێمە دەبێ بۆ گەلی تورك بە بۆنەی کۆتایی ساڵەوە.

ڕێ: بەڵێ، ڕاپۆرتی سەری ساڵ. پێم وایە دەست پێشخەریەکی بەجێیە. لەلایەکی دیکەوە سەرنجیان بۆ گەلێك مەسەلە ڕاکێشام کە لێیان بێ ئاگابووم یا بە هەڵە تێیان گەیشتبووم یا هەر کەمێکم لە بارەیانەوە دەزانی. جا ئەم گفتوگۆیە هاتە سەر ئەوەی کە هەموو شتێك لە هونەرەوە تا ئەدەب و زۆر بابەتی دیکە ڕۆشن بکاتەوە.

ی.ك: بابەتی یەکێتی سۆڤێت پڕ چێژ بوو.

ڕێ: وای دەبینم گفتوگۆکە لە بارەی هەموو مەسەلەیەکی وەك هونەر و ئەدەب و ئافرەتەوە بە ڕەخنەگرتن لە کردەوەکانی سۆڤێتیشەوە ڕوون و ڕاشکاو بوون. پێویستە بەوە نیگەران نەبین کە لە بارەی مەسەلەی ئافرەتەوە بەرچاو خرا. هەموو قسەکان لە چوارچێوەی تیزی سۆشیالیستانە دەرناچن و پێم وانییە هەر کەسێك مانای پرۆلیتاریا و سۆشیالیزم بزانێ بەرهەڵستییان بکات. لەوانەیە هێزە بالادەستەکان بیروڕاکان بشێوێنن و لە نێو کۆمەڵگادا بیانخەنە ڕوو. بەڵام پارتی کرێکارانی کوردستان کە توانیویەتی بەرانبەر دوژمن و ڕەفتارە دڕندانەکانی

رابوەستێ، پێی دەکرێ لە ڕووی ئەم جۆرە پڕۆپاگەندە هەرزانبەهایانەدا ڕابوەستێ وەك ڕاوەستانێ بۆ داکۆکی کردن لە بیر و ڕەفتاری شۆڕشگێرانە. ئەو بابەتانەی کە بەرچاو خران بەلای من و حیزبەوە گرنگ بوون و چەندین مەسەلەی تازە لەدوو تویێیاندا هەلدەگرن. تەنانەت من دەتوانم بلێم خەسلەتی قۆناخێکی تازەن.

ی.ك: سەرکردەی برام ئەگەر ڕێم بدەن پرسیارێکتان لێدەکەم پێوەندی بە خودی خۆتانەوە هەیە. مادامێکی فلیمێك دەردەکەن، دەکرێت ناوێك بۆ ئەم فلیمە دابنێم. تەنیا بە لاوانی دەلێم. ئەو هەڤالانەتان لە دەرەوە وەك ئەفسانە وان لای خەلك و لەنێو چەپی تورك و چەپی کورددا شوێنێکی بەرزیان هەیە. هاتنی منیش بۆ ئێرە و چاوکەتنم پێیان شتێکە شانازی پێوە دەکەم. ئێستا دەمەوێ پرسیارێك لە (ڕێ) بکەم: زۆرت خوێندووەتەوە و لە ڕۆژنامەدا کارت کردووە و گەلێك چاوپێکەوتنت ئەنجام داوە. ئێستا لەگەلّ ئاپۆی برامدا قسەم دەکرد و لە کاتی قسەکردندا ناوی گەلێك ڕۆمانمان بەسەردا تێپەڕی. من کە لەگەلّ وەزیران و فلان و فلاندا قسەدەکەم، ئەگەر ناوی ڕۆمانێك بێتە پێشەوە کابرا سەری ڕادەوەشێنێ و وا خۆی دەردەخات کە ئەو ڕۆمانەی خوێندووەتەوە. بەلام (ئاپۆ) بە ڕاشکاوی دەلێت من ئەو ڕۆمانەم نەخوێندووەتەوە. ئەگەر هیچی نەگوتبایە وام دادەنا خوێندوویەتیەوە. ئایا سەرکردەتان لە کۆنەوە ئاوا بووە؟ ئایا هەمیشە ڕاستگۆ و سەر ڕاست بووە؟

ڕێ: پێم وایە تۆ پرسیت و منیش حەزدەکەم هێندێك شت بخەمە سەر ئەوە.

ی.ك: پێش هەموو شتێك ئایا جاران ئاوا بوو؟

ڕێ: بەلێ ئاوا بوو. بەلام پەرەسەندن زۆر لەوە گەورەترە. لە کۆنەوە بە ڕاشکاوی هەموو شتێك بەرچاو دەخات. بەلام پاش بەسەرچوونی ١٥ سالّ دەتوانم بە هەموو ڕاشکاوییەکەوە ئەمە بلێم: لە جاران زیاتر واقیعبینانە دەست بۆ بابەتەکان دەبات و خەسلەتی بابەت بەرچاوخستنی لە جاران پتر گەشەی کردووە. ئەگەر لەگەلّ ڕابردوودا بەراوردی بکەین، جاران کەمێك ڕاڕایی لە ئارادا بوو.

ی.ك: بڕوا بە خۆکردن وا لە مرۆڤ دەکات چی لە دلیدایە بەوپەڕی ئاسانییەوە بیلێت. وانییە؟

ڕێ: بە شێوەیەکی زۆر بەجەرگانە بابەت و کێشەکانی بەرچاوخستووە. دووەم جۆش و خرۆشی وەك خۆی وایە و نەگۆڕاوە. جارانیش جۆش و خرۆش و کاری وەك ئێستا پڕ بەهێز بوون، لە هەمووان بەهێزتر بوو. ئەو تێکۆشانەی کە بە (١٥) سالّ لە هەموو ڕوویەکەوە و بە هەلە و ڕاستیەکانیەوە پەرەی سەند، وزە و هیممەت و جۆش و خرۆشی بە کردەوە و لە ڕووی تیۆرییەوە زیاد کردووە و شێوازیشی لە بەرچاوخستنی کێشەکاندا زۆر پەرەی سەندووە. ئەو ڕاستەوخۆ بەبێ ئاوڕدانەوە لە ڕاست یا چەپ بەرچاویان دەخات و ڕاستەوخۆش دەچێتە نێو کرۆکی بابەتەکەوە. ئەمە پەرەسەندنێکی زۆر باشە و شایانی سەرنجدانە.

س.پ: پێم وایە ئەگەر بەراوردێکی لەم شێوەیە بکەن، کارێکی گونجاو دەبێ، ئێوە دەلێن: «وزەی کەسێك ئەوەندە و ئەوەندەیە و ناتوانێ ڕێگا لەبەردەم ئەنجامی

سیاسیدا بکاتەوە». بڕوانە کۆمیتەی ناوەندی لە حیزبی کۆمونیستی سۆڤیێتیدا، ئەم کۆمیتەیە بە بنبەست گەیشت و نەیتوانی بڕیار دەربکات و بواری هیچ خەباتێکی سیاسی نەدەدا. هەمان قسە گەلێك سەرکردەی چەپی تورك دەگرێتەوە. ئەوانە هێزێکی وایان نییە بەس بێ بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ گۆڕانکاری. گەلێك نموونەش هەن. هێندەی پەیوەندی بە خۆشمەوە هەیە، من ڕێزی خەلك دەگرم و پێم وایە پێویستە ورەی هەر کەسێك دوایی نەیێت. کاتێك مرۆڤێکی دەستە پاچە دەبینم، نا ئومێد دەبم. ئەمە ئەو لایەنە سۆزاویەیە کە لە کەسایەتیمدا هەیە. باسی جۆش و خرۆش دەکەن. ئەمە وام لێدەکات ڕێزی خۆم بگرم. هێزی چارەسەر و چۆنیەتی بەرچاوخستنی کێشەکان لە بنەماکانی مرۆڤن و ڕاستیەکەی دەرەنجامی پێبەستە بوونن. لەو دەرسانەدا کە دەیانلێمەوە، بایەخ بە شێواز و جۆش و خرۆش دەدەم، هەر بۆ پتەوکردنی ورە نا بەڵکو لەبەرئەوەی کە بەشێکی بنچینەیی ژیانی سۆشیالیستییە. وای دەبینم کە ئەم لایەنە زۆر گرنگە. لەوانەیە ئەم لایەنانە بە چەند ساڵێکی درێژخایان گەشەیان کردبێ. هەرچی چۆنییەتی کێشە بەرچاوخستنە، پشت بە خەیاڵ فراوانی لای ئەو دەبەستێ. وا هەست دەکەم من ئێستاکە لە هەر کاتێکی دیکە پتر بە تواناو بەهێزترم. سەرەتا هەر بەراگواستنی یەك یا دوو ووشە جۆش و خرۆش دەپێچامەوە و جێی قەناعەتی کەسانی دەوروبەرمان بووین. ئەو ڕۆژانە ڕۆژانێکی بێبەزەیی بوون. دەمانگوت: «کوردستان کۆلۆنییە و تۆش فلان شت بکە». واتە وەکو فەرمان وابوو. مەبەستم ئەوەیە زور کاریگەر بوو. بەلام ئێستا من گەورەترین و ئالۆزترین کێشەی تیۆری بە هەمان خرۆش و بە هەمان شێواز بەرچاو دەخەم. وەك سەرنجتان داوە ئەمە واناگەیەنێ کە من پێکهاتەی ناوخۆ و سەرتاسەری و ئالۆزی کێشەکان فەرامۆش دەکەم. ئەگەر سەرنجتان دابێ من دەیانبینم، وانییە؟ من سەرنجی تێکچرژان و ئالۆزی دەدەم، بەلام دەتوانم زور سادەی بکەمەوە تا خەلك بە ئاسانی وەریبگرن.

ی.ك: ڕەنگە بووبێتە قالبێك یا شێوازێك.

س.پ: ئاواش دەست بۆ مێژوو دەبەین. زورم تاقی کردووەتەوە. تێڕوانینی جۆراو جۆر سەبارەت بە ئافرەت لە مێژووی کۆمەلگاکاندا هەبوون. هەبووە لە پشت حەوت چیی پەردەوە دایناوە و هەبووە رووتی کردووەتەوە و هەبووە دژی تەنگە تیلکە بووە و هەبووە بەوپەڕی شاعیرییەوە قەرەی کەوتووە و هەشبووە درۆی لەگەلدا کردووە. مەبەستم ئەوەیە خۆدان لە قەرەی بابەتی ئافرەت زۆر جیاواز بووە. وام لێهاتووە ئەم هەلوێستانە لێك جوێ دەکەمەوە و ئەمە بە ئەنجام دەهێنم: «چۆن دەتوانم هەلوێستێکی بەجەرگانە و ڕاستەقینە دیاری بکەم». ئەمە ئەو هەلوێستەیە کە ئێش بۆ پەرەپێدانی دەکەم. لەبەر ئەوەیە ئەم هەڤالانە لێرە دەهێنلێمەوە. پەیوەندیەکانی ئافرەت لە بنەڕەتدا بابەتێکن. ئافرەت خۆشی بابەتێکی دیکەیە. ئەم دوو بابەتە هێشتا چارەسەر نەکراون و پێویستیان بە چارەسەرێکی دەست نیشانکراو هەیە. من وا دەڕوانمە بابەتەکە کە چارەسەری ئەم

کێشەیە ڕێزێکی گەورەیە بۆ ئافرەت، چونکە بە درێژایی مێژوو زۆر لەبارەی ئافرەتەوە گوتراوەو لەسەر ڕەدی واقیع هیچ نەکراوە، وەك بڵێی پێکهاتەیەکی نایەخی ژیانی کۆمەڵگا بێ. ئەمە هەڵەیە و پێویستە بە هەڵوێستی بەجەرگانە ڕاست بکرێتەوە و بخرێتە نێو ئەرکەکانی شۆڕش. هەوڵمانداوە بابەتەکە لە دوو لایەنەوە دابماڵین، لایەنی یەکەم ئێوە لە ناوەندێکی قوتابیانەوە دێنەلامان زۆر کارتێکراوی بوون و پڕ لە بەئیدەست بوون و سادەیی و دووڕوویی و خۆپەرستی‌یەکی ڕەهایە. هەوڵدەدەن بە ڕستەی هەرزانبەهاو ساکاری وەك «من خۆشم دەوێ» هەست و ئەستتان دەرببڕن. من کەم ئەدەبی و سادەیی و عەقڵ سووکی‌یان تێدا دەبینم. بەڵام کاتێك ئێمە باسی ئافرەت دەکەین، لە بابەتێکی گەورە دەدوێین و پێمان ناکرێت شتی سەرپێیی ناشایستە بە ئافرەت قبووڵ بکەین. هەرچی لایەنی دووەمە: پێوەندی بە ناوەندی هۆزایەتی سەرەتایی پاشکەوتووەوە هەیە. ماوەیەکی درێژخایان لەو ناوەندانەدا ژیام. ئەوان مەسەلەکە سەرپێیی و داخراو و لە دوورڕا وەردەگرن و کۆت دەخەنە سەر قسەی ئافرەت و لە هەموو شتێکی دوور دەخەنەوە. ئەمە کەسایەتی ئافرەت سەرکوت دەکات و هەڵوێستی وا پەسند ناکرێت. سەرەتا داکۆکیکەر بووم. ئەمجا تێڕوانینی خۆمم خستەڕوو و پاشان ئەم پێوەندیانەمان شی‌کردەوە و بڕیارماندا بە تەواوی بیانگێڕینەوە. دەمویست ئافرەت بەدیاربخەم، چونکە بەلای ئەوە سەدان ساڵ بوو کۆتایی پێ‌هاتبوو. هەوڵم دەدا سیستەمێك بۆ پێشاندانی دابنێم. من ئافرەت بە بچووك ناگرم و لە خۆشەویستیاندا ئەمە ناکەم. بەڵام ئەگەر ئەرکێکی شۆڕشگێڕانەمان لە بەردەمدا بێ دەسکەوتێك بۆ شۆڕش بەدی بێنێ، پێویستە بە ڕاستی دەست بۆ بابەتەکە ببەین و شەرم و دابونەریت کارمان تێ‌نەکەن. ئەم لایەنە زۆر گرنگە. جا لەبەر ئەوەی کە ئەرکێکی شۆڕشگێڕانەیە، ناتوانین بە سادەیی و بەئیدەست بوونێکی وەك «زۆر خۆشم دەوێی» لە بابەتەکە نێزیك ببینەوە. پێم وایە ئەم حاڵە لەو شتە پاشانەیە کە لە کەسایەتی مندا گەشەی کردووە. من تووشی گەلێك دژواری دەبم، بەڵام بە شیکردنەوە ڕاست و گرنگەکان دەگەم. هێندێك گۆڕانکاری ڕوویاندا. من لەسەر هەڵوێستی خۆم سوورم و لە پاشەڕۆژدا چەندین گۆڕانکاری گرنگ دەردەکەون. من هەمیشە لەبارەی ئەم پێوەندیە و ئاستەکەیەوە دەڵێم قووڵایی و یەکسان بوون و مەزنی شێوەیەکی جیاواز بە ژیان دەبەخشن. هێندێکیان زۆر ئافرەتیان خۆش دەوێ و هێندێك ژن و پیاویش پێ‌یان وایە یەکدی‌یان خۆش دەوێ. ئەمە ئەو هەڵوێستەیە کە گاڵتەم پێی‌دێت و سادە دەبینم و بگرە پەلپیشی لێ‌دەگرم. بە خۆم دەڵێم ئایا من مرۆڤێکی دڵپیسم یان زۆر دڵبەندی خۆمم. جاروبار دەڵێم ئایا من (نیتشە)م؟ و دەبینم وا نی‌یە. ئەمجا بیردەکەمەوە و دەڵێم: پێویستە ئەم پێوەندیانە ئاستێکیان هەبێ.

کەس ناتوانێ کاتێك ئافرەتێك دەبینێ پێی بڵێت: «تێر بووم و خۆ فڕێ بداتە سەر زەوی» ناتوانێ بیر لەوە بکاتەوە کە کاڵایەکی هەیە چۆنی بوێ وا بەکاری دێنێ. ئەم هەڵوێستانە هەرزانبەهان و ڕاست نین و نابێ کەس تووخنیان بکەوێ.

دەبێ ئاستێکی دیاری کراو بۆ پێوەندی بە ڕۆشنبیری و ڕەوشتی بەرزەوە هەبێ و دەبێ ئەمە هەڵوێستی مرۆڤی شۆڕشگێڕی گەورە بێ. پێویستە هەموو شۆڕشگێڕێك پێملی ئەم ئاستە بێ. من قەناعەتم بەوە هەیە کە ئەم بابەتە بە کەڵکی ئەوە دێت ببێتە کەرەستەیەکی ئەدەب و ڕۆمان تا مەسەلەکان ڕوون ببنەوە و ببێنەوە سەر ڕاستەڕێی خۆیان و کۆمەڵگا قبووڵیان بکات و ببنە کەرەستەی هونەرەکانی دیکەش. ئاواتخوازم هیچ کەسێك وە بەتایبەتی ئافرەت بە شێوەیەکی دیکە لەم هەڵوێستەم تێنەگات و بە قۆستنەوەی دانەنێت و لێمان دوور نەکەوێتەوە، چونکە ئامانج ڕۆشن کردنەوەی شێوە ژیانێکە بە درێژایی مێژوو بە لارێدا براوە و ڕاستییەکی بزر بووە. ئێستا دەمانەوێ بیخەینە ڕوو و بیکەینە شێوەیەکی گونجاو بۆ ژیان. پێویستە وریای ئەم حاڵە بین. تۆ (ك) چۆن کارت تێ کرا؟ ڕەخنە یا پرسیارێکت هەیە ئاراستەمانی بکەی؟

ك: سەرکردەم دەمەوێ لا لە گوتەکەتان بکەمەوە: «ئەگەر ئەم حیزبە بەرەنگاری گەل بووەوە، لەگەڵ خۆمدا لە گۆڕی دەنێم» کە مامۆستای گەورەمان پشتگیری تێیدا کردن. بە قەناعەتی من هەر ئەو کەسە دەتوانێ ئەم قسەیە بکات کە بووە بە نوێنەری ئیرادەی گەل و کاتێك قەوارەی ئەم کەسە لەوە گەورەتر بێ کە لە حیزبێکدا بنوێنرێت، چونکە نوێنەرایەتی ئیرادەی سەرلەبەری گەلی کوردستان دەکات. سەرکردە ئەم قسەیە دەکات بۆ ئەوەی کە کەس لە ئێمە نەبێتە دیکتاتۆر بەسەر گەلەوە. ئەو لە ئێستاوە مشوور دەخوات.

ی.ك: مارکس دەڵێت: «سەرمایە کەسایەتی خۆی لە سەرمایەدارییەوە بەدەست هێنا». من لەمەوە دەستم پێکرد و لە بارەی (لینین)ەوە گوتم: «کەسایەتی خۆی لە پرۆلیتاریاوە بە دەست هێنا». تۆش دەڵێی گەلی کورد کەسایەتی خۆی لە (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)ەوە بە دەست هێنا. ئایا ئەمە ڕاستە؟

ك: بەڵێ، ئەوە بالاترین ئیرادەیە. مەبەستم ئەوەیە پێویستە هەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان دیاری نەکرێت.

س.پ: بێگومان. پێم وایە دیاریکردنێك لە ئارادا نییە. جاروبار بیردەکەمەوە لەوانەیە پارتی کرێکارانی کوردستان بەڵایەك بێ بەسەر حوم و کەنەکەمەوە، بۆیە ناوبەناو بە حسێب و حسێبکاری خۆمدا دەچمەوە. مەبەستم لەمە ئەوەیە من حیزبێکی پیرۆز یا هەتا هەتاییم نییە. ڕەنگە ئەمە لە میللیگەری سەرەتایی کوردیدا هەبێ. وەك چۆن لە یەکێتی سۆڤێتدا هەبوو، من بیردەکەمەوە چۆن حیزبێکی ئاوا کۆتایی دێت. ئێستا ئاپۆ جێ دەستی دیارە و ئەمەش باشە. ئاپۆ دەتوانێ ناتەواوی و زێدەڕۆییەکانی حیزب بەدی بکات و ڕاستیان بکاتەوە.

ی.ك: ئەگەر سەرۆکی دەستەی ئەرکانی تورکیا گوێی لێتان بێ ئەم قسەیە دەکەن، دەڵێت ئاپۆ حیزب هەڵدەوەشێنێتەوە و ڕزگارمان دەبێ لێی.

س.پ: پێویستە ئەوە لە بیر نەکەین ئەگەر پارتی کرێکارانی کوردستان ڕۆیشت. جێگرەوەیەکی لەو بەهێزتر پەیدا دەبێ و گەلێکی دەخەینە جێ بە قەدەر سەد حیزب بێ، ئەوسا چی دەڵێن؟ ئێمە لە بیرمان نەچووە کە حیزب تەنیا

ئامرازە. ئەگەر هێزی هەر گەلێك سەد ئەوەندەی خۆی لێ بێ، پێویست بە هیچ حیزبێك ناكات. ئەو كاتە دەتوانین باسی ڕێبازێك یا ئاینزایەك بكەین. ئیدی بۆچی پێبەندی حیزب ببین؟ چونكە لەوانەیە گەل حیزب تێ بپەڕێنێ و ئەو وەختە ئەگەر چووبێتە دڵ و مێشكی خەڵكەوە، ناوم یا مردنم یا مانەوەم گرنگ نییە، چونكە ئەوسا من ئەركی خۆمم بەجێ هێناوە پێویستە لەسەر هەموو سەركردەیەك بەم پێیە خۆی هەڵبسەنگێنێ. ئەگەر گەیشتە دڵی خەڵك، پێویستە داوای زیاتر نەكات.

ی.ك: دیارە ئەمە قسەیەكی تازەیە.

ك: ئێمە قسەیەكی دیكەمان لە سەركردە بیست لەم قسەیە جیاوازە.

ی.ك: ئایا ئەمە ڕاستە؟

ك: بەڵێ، پێی دەگوتین: «ئاپۆچێتی بەش بەخۆی گیانە». گوێشمان لێبووە چەندین جار گوتوویەتی: «من كردە و كۆشمە ببنە ئاپۆچی‌یەكی باش». پێویستە وەك خۆی لەم قسەیە تێبگەین، ئەگەر بە شێوەیەكی ڕاست ئەزم بكرێت، مانایەكی گەورەی هەیە.

ی.ك: منیش هێندێك شت لە نامەدا دەڵێم. ئەم قسەیە تێڕوانینی من دەرهەق بە برا كوردەكانم پیشان دەدات و ئەمەیە: «ئەگەر گیانی ئاپۆچیتان لەوێ دەرخست، هیچ نامێنێتەوە». هەمان قسەیە كە باست كرد. من ئەمە بە مانایەكی خراپ نالێم، بەڵكو دەمەوێ گیانی ئاپۆچێتی چەند هێندەی خۆی لێ بێ.

س.پ: پێویستە وا بیرنەكەینەوە كە ئەم گیانە هەر گیانی كەسێكی دەست نیشانكراو دەگەیەنێ. من ئاوا ڕوونی دەكەمەوە: وەك كەسێك یا كۆمەڵە هێزێك تێم مەڕوانن و بەم پێیە تێم مەگەن. من جاروبار بەم جۆرە قسەیە دادەچڵەكێم. بەڵێ بیر لە مرۆڤایەتی دەكەمەوە و هەوڵدەدەم بگەمە لوتكەی ئەم بیركردنەوەیە. باوەڕم وایە كە پێویستە هەموو خەڵك بەم شێوەیە بیر بكەنەوە. پێویستە هەر كورد یا (PKK) نا بەڵكو كۆی مرۆڤایەتی لەنێو ئامانجەكانی مندا بێ. مەبەستم ئەوەیە گیانی ئاپۆچێتی یان كەسایەتی ئاپۆچێتی وەك چەمكێك گەلێك شت دەگەیەنێ. منیش بەدوای ئەم گیان و كەسایەتیەدا وێڵم. ئەگەر سەرنجتان دابێ من ژیانم تا ئێستا لە سۆراخكردنی ئەم گیانەدا بەسەر بردووە. ئەمە سۆراخی ئێوەشە. بۆ نموونە دەڵێن لینینیزم و دەڵێن ماركسیزم، بەڵام من نالێم ئاپۆچێتی، چونكە لە بنەڕەتدا هیچ مانایەك بۆ ئەم ناونانە نابینم. تەنانەت ئەگەر بشگوترێت، پێویستە تێكەڵ بە كەس نەكرێت و دەبێ ئەو كەسانە لە هەقی خۆیان پتریان نەدەیێ و هیچ لە مافەكانیشیان نەبڕین. هەروەها نابێ نكوولی لە (ئاپۆ)ش بكرێت، چونكە خاوەنی ژیانێكی گرنگە. پێویستە باش وریای ئەم خاڵە بین. هەتا بە درێژایی سەدان ساڵیش لەبەرئەوەی چەند لایەنێكی زانستی گرنگی هەن.

ی.ك: ئەگەر ڕێ بدەن پرسیارێك لە هاوڕێكەم دەكەم. تۆ بەم شێوە جوانە قسە دەكەی، لە كاتێكدا من لە توركیا بە خراپی دەدوێم. كە لێرەش دەبم بە باشی قسە دەكەم. ئەمە ناشێت، ئەگەر ئاپۆ لەگەڵ گەلی كورددا ئاوابێ، هەڵوێستی كورد

چۆن دەبێ؟ ئایا ئەمە بواری مشەخۆری دەدات؟ مەبەستم ئەوەیە گەلی کورد بیر بکاتەوە کە ئاپۆ هەیە و بوونی ئەوانەی کە لەگەڵیدان ئەرکەکان رادەپەڕێنن و گیانی ئاپۆمان هەیە و بوونی ئاپۆمان بەسە و لەوە زیاتر هیچی دیکە نەکات. هێندێك خەڵك ئاوا ئیش دەکەن و رەنج دەدەن و ئەوانی دیکەش مشەخۆرن. ئایا شتی لەم چەشنە رووی داوە؟ من پێشبینی ئەوە دەکەم.

ك: ئەم قسەیە راستە و لای ئێمە هەیە. ئێمە هەموو بارەکە بەسەر سەرکردەدا دەدەین و ئەگەر هەوڵماندا بەشێکی بارەکە لەسەر شانی ئاپۆی سەرکردە بەرزبکەینەوە، مەسەلەکان لە چارەسەر زیاتر ئاڵۆز دەکەین. ئەم گرێیەمان لەلا هەیە.

ی.ك: ئەمە وا دەگەیەنێ کە گەلێك شت هەن و سەرجەمیان بە دەوری ئاپۆدا دەخولێنەوە «لەم ناوچەیەدا پەیدا بوو و رێکخستنێکی دامەزراند و ئێستا دەزانین بایەخ بە رێکخستن نادات و گرنگ گەلی کورد و مرۆڤایەتی‌یە». بەڵام پاشتر کێ لە دوای ئەو ئیش بکات؟ بۆیە با دابنیشین و بحەسێینەوە و سوود لە تین و توانەکانی وەربگرین. من هەست دەکەم ئەم جۆرە دەست لێ‌بەردانە هەیە.

ك: بەڵێ ئەمەمان لەلا هەیە.

ی.ك: بێ‌گومان تۆ و ئەو هاوچەشنانەت کە لە ئاپۆوە نێزیکن شەو و رۆژ کاردەکەن تا سنوورێك بۆ ئەم دیاردەیە دابنێن کە خۆ لە مشەخۆریدا دەنوێنێ وەك خانە شێرپەنجەیی‌یەکان و چاوەڕێی شتی زۆر لە سەرکردە ناکەن. وانی‌یە؟

ك: هەوڵێکی زۆر دەدرێت و من لەوە دڵنیام. جا لەبەر ئەوەی کە کاری گری نەدراون بە نیازەوە، هەوڵی شێلگیرو چڕوپڕ بە بەربڵاوی دەدرێت. دەتوانم ئەمە بڵێم. ئێمە لەنێوخۆماندا مەسەلەکان دەنرخێنین. لەوانەیە ئەم کۆششانە لە داواکراو کەمتر بن، بەڵام لانی کەم هەوڵدەدەین شایستەی ئەو بەشەی بارەکە بین کە هەڵیدەگرین.

ی.ك: ئێوە لە دوایەوە دەڕۆن. بەڵام هەیشە بۆ دواوە دەڕوات. وەك جاروبار لە هێندێك فلیمی هەڵگەراوەدا دەیبینن. هیچ بڕاوتێك لەو جۆرە کەسانەدا بەدی ناکەم. من ئەم قسەیە دەکەم بۆ ئێوە نێودانت. مەبەستم ئەوەیە ئێوە سەرنج دەدەن هێندێك خراپی هەن. وانی‌یە؟

ئەم راپۆرتە وەك بانگەوازێك وایە بۆ ئەوان بە حاکمەکانیشەوە، ئێمە چی بکەوێتە سەرشانمان رایدەپەڕێنین و بەو زمانە لەگەڵ هەموو یەکێکدا دەدوێین کە تێی دەگات و کارسازیمان بۆ ساڵی ١٩٩٣ ئامادەیە و ساڵی سەرکەوتنەکان و دەسکەوتەکان دەبێ.

س.پ: من تێبینی ئەم مەترسی‌یە دەکەم و نامەوێ ببمە چاوگەی تەمەڵی، من رێ و شوێنی پێویست بۆ ئەمە دادەنێم. سەرنج بدەن من هەوڵدەدەم سادەترین دێنشین بێنمە‌پاڵ شەڕ. ئەمە رێ و شوێنێکمە. هەر ئەمە نا، سەرنج بدەن دوژمن

ئەشکەنجەشی دەدات، ئەمجا دەچێتە شەڕ و خوێنی دەبەخشێ. پیاو و ژن بەرەو ئەم کارە دەنێرین. ئەمە جۆرە گوزەرانێکە پشت بە خود دەبەستێ. ئەمە لایەنێکی زۆر گرنگە. چەند ڕێ و شوێنێك هەن بۆ ئەوەی دێنشین نەبێتە مشەخۆر، بە تایبەتی بۆ ئەو هێندەیان کە بە تەمەلی دەژین یا هەولدەدەن زور ببەن و بکرە لەوەش پتر کە پێیان دراوە. من لەو بارودۆخە فووتاریان دەکەم و فێریان دەکەم لە هەقی خۆیان زیاتر نەبەن. بەلام سەرباری ئەوەی زۆری لەم جۆرە هەن، بە تایبەتی لەوانەی کە لە ئێمەوە دوورن یا ئەوانەی لێمان حالی نەبوون بۆیە بە ئاسانی دەبنە مشەخۆر و ئێمەش چاودێری‌یان دەکەین. با هەمووان بزانن ئێمە دەسکەوتی ئاسانمان نی‌یە و ناکرێت کەس لەسەر ڕەنجی کەسانی دیکە دابنیشێ. ئەگەر ئەوە بکەن و ئەم سیفەتەیان پێڕەوکرد، ئێمە هیچ نەبێ شەڕیان دەکەین وەك چۆن شەڕی بەرەی دوژمن دەکەین. من زور سڵ لەو جۆرە کەسانە دەکەمەوە کە هەلپەی دەسکەوتی ئاسانیانە و بەربەرەکانێی چەمکەکانیان دەکەم. ئەگەر ئەوانە کەمترین ڕێزی ئێمەیان هەبێ و پێبەستی ئێمە بن، پێویستە مشەخۆریمان بەسەرەوە نەکەن و هەوڵ نەدەن لەوە زیاتر ببەن کە پێیان داوین و نەبنە دز. خۆ ئەگەر لەسەر کاری خۆیان سوور بوون، بەرەیەکی شەڕ لە دژیان دەکەینەوە و سەرەنجامیشیان خراپ دەبێ.

ك: بە کورتی دەتوانم ڕای خۆم بەرانبەر بەم چاوپێکەوتنە پێشان بدەم. ئامادەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی سەرکردە بووم. بە ڕای من ئەم چاوپێکەوتنە دەنگدانەوەیەکی گەورە دەبێ، چونکە هەمەلایەنەیە و لە هەمان کاتدا شیکردنەوەیە و وەك ڕاپۆرتی سەرکردە وایە بۆ مێژوو و مرۆڤایەتی و گەلەکانمان. ئەو لە ڕێگای ئێوەوە قسەی بۆ گەلی تورك کرد تا پێیان بڵێت: ئەی ڕژێمی تورکیا، ئەی گەلی تورك، ئەی شۆڕشگێڕە تورکەکان، ئەگەر لە دەرەوەی مێژوو ناژین و ئەگەر کەمێك ویژدانتان هەیە با وەلامتان ڕاست بێ. پێم وایە وەلامەکە ڕاست دەبێ.

س.پ: ئەمە وا دەگەیەنێ تۆ بانگی کار هەلسووڕێنان و ئەوانی دیکە دەکەی وەلامێکی بڕوا پێکراو بدەنەوە. ئەمە بانگەوازی (ك)ە. کەس هەیە پرسیار بکات؟ مامۆستا هیچ پرسیارێکت ماوە؟

ی.ك: هاتمە ئێرە بە ناوی (یەنی ئوولکەو ئوزگوور گوندەم)ەوە بەو پێیەی کە ڕوژنامەنووسم. کارێکی پڕ بەرهەمسان کرد. من سوپاسی ئەمەت دەکەم وەك کەسێك کوردی خۆشدەوێ و ئاواتی بەرزبوونەوەیان بۆ دەخوازێ. بە چاوپۆشین لەوەش کە ڕۆژنامەنووسم، من زور بەختیارم و زور سوپاستان دەکەم و خوا تەمەنتان درێژ بکات. من بە سایەی ئێوە و هەڤالانتانەوە حەفتەیەکی تێر و تەسەلم بەسەر برد.

س.پ: منیش سوپاستان دەکەم و سوپاسی کوششە مەزنەکانتان دەکەم لە پێناوی گواستنەوەی ئەم زانیاریانەدا بۆ خوێنەر ـ و بەدروود چوواسی ڕۆژنامەکەتان و بۆ هەر یەکێنێك حەز بکات لە نزیکەوە بمانناسێ. ئاواتم ئەوەیە تێ‌بگەن و هەلسەنگاندن و شیکردنەوەکانمان ئەزم بکەن چونکە شتێکی ئاسایی نین. بە بۆنەی سەری سالی تازەشەوە، ڕاپۆرتی منیان پێ ڕابگەیەنە. ئەوە بانگەوازە بۆ ئەوان بە

حوکمدارەکانیشیانەوە. ئێمە چی بکەوێتە سەرشانمان رایدەپەڕێنین و بەو زمانە لەگەڵ هەموو یەکێکدا قسە دەکەین کە تێی دەگات. ئەگەر بە زەبر و زەنگ تێ گەیشتبێ، بە زەبروزەنگ لەگەڵیدا دواوین. ئەگەر بە شێوازی مرۆڤدۆستانەش تێ گەیشتبێ، بە باشترین زمانی مرۆڤانە قسەمان لەگەڵدا کردووە. من وا قسە دەکەم وەك بڵێی ئەمڕۆ دەمرم. بۆیە مردنی من گرنگ نییە. بەم پێیە ساڵی (١٩٩٢)مان تەواو کرد. وەك بڵێی ساڵی ١٩٩٣ هەر نایێت. هەموو ئامادەکاریەکیشمان بۆ ساڵی ١٩٩٣ حازرن و ساڵی سەرکەوتن و دەستکەوتی مەزن دەبێ. داوا لە هەموان دەکەم چ کۆششێکی چڕوپڕیان هەیە لێمان نەگرنەوە، چونکە ئێمە دەمانەوێ ئەم ساڵەش ببەینەوە. سوپاسی خۆم بۆ هەمووتان دووپات دەکەمەوە.

ی.ك: باشە، سوپاست دەکەم و هەر بمێنن.

فەرهەنگۆك

هێمای دەرووکردنەوە : اشارة الفتح
مەیجوور: راشد
لەلە: مربية
سەرپەڕگر: متطرف
گووران : نشاة
لێکهەڵبڕان : انشقاق
پاسگە : مخفر
ئاوێزان بوون : تعلق
ڕووپێوان : المساحة
هەڵاواردن : استثنا
ئایەخ : ردع
ئاوبەست : سد
دارشتە : صيغة
وێناکردن : تصور
قەواڵە : سند
پەرجوو : معجزة
بەرخۆر : استهلاكي
گرگن : قزم
سابیتە : سقف
پەلهاوێژ : توسعي
مەکرۆ : ماكر
پێش نوێژ : إمام
هەواڵ گەیێن : مخبر
ئایینزا : مذهب
عەلەویگەرایی : العلوية
ڕەوشی ئاوارتە : حالة الطوارئ
شەقڵ : طابع
دەمڕاست : ستركاڵ(عراب)
پێزەی مەزنایەتی : لفظ الجلالة
کێوما ڵ: تمشيط
پاکتاوکەر : تصفوي
دەستەبەندی : تكتل
پیشەدار : محترف
هوڕیا : هتاف
کەنیزەك : جارية
ئەتنۆگرافی : الاثنية
زەوی بووره : الاراضي البور
بێداری: الصحوة
مۆنۆپۆلکردن، قۆرخ کردن :(احتكارات)
وەبەرهێنان : الاستثمار
پارێزگاران : حماة
غافڵگیری : مفاجئة
نێوه تێودان : استفزاز
لێکۆڕین : إشكال